# کاروباری گێڕانەوە

# کاروباری گێڕانەوە

زاهیر ڕۆژبەیانی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

زاهیر ڕۆژبەیانی
کاروباری گێڕانەوە – کۆمەڵە وتار
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٩٦
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٨٥ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
ڕازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: بۆکان نووری

## چاخی سەرهەڵدانی نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا

لە کوردستانی باشوور و بەتایبەت لە ماوەی (١٠) ساڵی ڕابردوودا، نۆڤلێت وەکو جۆرێکی داهێنان تەکانێکی بەخۆوە دیوە، کە دەشێ بڵێم نەک هەر سەرنجراکێش، بگرە مژدەی وەرچەرخانێکی مێژوویی گەورەشی پێیە بۆ داهاتووی جۆرێکی چیرۆک – ڕۆمان، کە لە ئەدەبی کوردیی سەردەمدا پێشتر وجوودێکی بەرچاوی نەبووە.

لەم کورتەباسەشمدا، کە کورتکراوەی پرۆژەی کتێبێکی ڕەخنەییە لەسەر ڕۆمانی کوردی، نامەوێ کاتێکی زۆر بە پێناسەکردنی (نۆڤلێت)ەوە خەرج بکەم، یەکەم: لەبەرئەوەی زۆرجار داهێنەران خۆیان ئەو ئەرکە لە ئەستۆی خەڵکی تر دەکەنەوە و لەسەر بەرهەمەکانیان دەنووسن داخۆ نۆڤلێتە یان ڕۆمان.

دووەم: ئەگەرچی کورت و درێژی دەق لە شێوە و شێواز و نەخشەی گێڕانەوەشدا کاریگەریی زۆری دەبێ، بەڵام ئەگەر ئەو پێوەری درێژ و کورتییە بۆ لێکجیاکردنەوەی چیرۆکی درێژ و کورتەچیرۆک و چیرۆکی کورت کورت ڕاست بێ، ئەوە بەهەمان پێوانە دیارە بۆ ناسینەوەی نۆڤلێت و ڕۆمانیش کورت و درێژەی و ژمارەی وشە کاریگەرییان دەبێ، بەڵام من بۆ خۆم کورتە ڕۆمانم پێ باش نییە لە جێی نۆڤێلت بەکار ببرێ وەک هیمدادی حوسێن لەسەر (ماڵئاوا گوڵی خەم)ی نووسیوە، بەڵکو لە بری (کورتە ڕۆمان) پێشنیازی (ڕۆمانی هاوچەرخ) پڕ بە واتای هونەریی نۆڤلێت دەزانم، چونکە پێم وایە ئەم کورتییەی نۆڤلێت شێوەیەکە کە چاخەکە، واتا سەردەمەکە سەپانوویەتی، کە سەردەمی خێرایی و سەرقاڵیی مرۆڤی هاوچەرخە بە وردەکارییەکانی ڕۆژانەوە کە ئیتر دەرفەتی خوێندنەوەی ڕۆمانی درێژی لە بەردەمدا ناهێڵێتەوە و، وەک چۆن ڕۆمان جێی بە داستان لەق کرد، پێم وایە نۆڤلێتیش ئاوا جێی بە ڕۆمان لەق دەکا و دەبێ بە سیمای سەردەمی عەولەمە، کە پێم وایە نۆڤلێت تێیدا نەک هەر جێی ڕۆمان، بگرە جێی

شـیـعـریش دەگرێتـەوە، بگرە شـیـعـر لە ژانرێکی ئەدەبـیـشـەوە دەکا بەجـۆرێک لە تەکنیکەکانی خۆی.

وەک مـــەهاباد قـــەرەداغی لـە (ئەڤین ئاوی ژیـانە) و جـــەمـــاڵ شـــاربازێڕی لە (ژوانگەی هەژان و ژان)دا کـردوویـانە، هەروەهـا لەبارەی چیـرۆکـیش بە کـورت و درێژەوە، کە لەگەڵ شـیـعـردا لە خـاڵی بەرجەسـتـەکردنی ساتە تـاک و تەنیـاکانـدا یەکدەگرنەوە، چونکە نۆڤلێت- ڕۆمان دەتوانێ لە جیاتی وەستان لەسەر یەک ساتە وەخت، لـەســـەر بەدواداچـوونی زنجــیــرە- ڕووبـارە ســـاتێکی یەک لە دوا یەکـدا بەردەوام بێ، کە لـەگەڵ پێداویستییەکانی چاخـە نوێیەکەی عەولەمەدا کـە جیـهانی تێدا دەبێ بە گوندە بچکۆلەکە دەگونجێ.

لەوانەیە ئـەمـەم بە چوونێکی سـەیر بۆ لە قـەڵەم بدرێ و، وام بۆ لێک بـدەنـەوە کـە زیادەڕۆیی لە لایەنگیری نۆڤلێتـدا دەکەم، بەڵام ئەمـە ڕاسـتـیـیـەکی تێدایە کـە لە واقیعی ئەمڕۆی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی نۆڤلێتی کوردیدا بنەمایەکی هەیە.

زۆربەی نۆڤـلێـتـنووسـەکـانی کـورد، مـەبەسـتم لەوانەیانە کـە نۆڤلێـتی هـونەریی دەنووسن، نـەک چیـرۆکـە حـیکایەت ئامـێـزەکـان، دەڵێم زۆربەی نۆڤلێـتنووسـانی هاوچەرخی کورد، یا لە ئەسڵدا کورتەچیرۆکنووس بوون وەک: شـێـرزاد حەسـەن، عـەبدوڵا سـەراج، مـحـەمـەد مـوکری، حـوسـێـن عـارف، کاکـەمـەم بۆتانـی، مـحـەمـەد مـەولوود، ئەحمەد مـحـەمـەد ئیسمـاعیل، ئەنوەر مـحـەمەد تاهیر، مـحـەمەد ڕەشـیـد فەتاح، حەمە کەریم عارف، ڕەئووف حەسـەن، سەلاح عومەر و غەفوور ساڵح.

یان شـاعـیـر بوون وەک: کـەریم دەشـتی، مـەهاباد قـەرەداغی، ئەحـمـەدی مـەلا، سەلاح جەمال، جەمال شارباژێڕی، بەختیار عەلی، خوسرەو جاف.

یان لە هـەردوو بـوارەکـەی شـیـعـر و کـورتەچیـرۆکـیـشـدا کـاریان کـردووە وەک: فەرهـاد پیربـاڵ، محەمەد سەعید زەنگنە، هیمدادی حوسێن.

هەشـیـانە یەکسـەر بە نۆڤلێتنووسین دەسـیـان پێ کردووە، وەک: جـەبار جـەمـال غەریب، ئیسـمـاعیل ڕۆژبەیانی، عەزیزی مـەلای ڕەش، محەمەد ساڵح سـەعید، بەڵام هەمـوو ئەمـانە لە دەقـە بەرهەمـهێنراوەکانیـاندا زمـانی شـیـعـرییـان بەکار بردووە، ئەویش نەک هـەر لەسـەر ئاسـتی مەجاز و تەشـبیه و ئیستیـعارەدا، بگرە لە زۆربەی وردەکارییە شیعرییەکاندا، ئەمەشـە مرۆڤ دەتوانێ پێی بڵێ بەکارهێنانی شیعر

وەكو تەكنیک، بە نیازی بارکردنی دەقەکان لەسەر هەرسێ ئاستی وشە، ڕستە، وێنەدا، لە واتا و بەهاگەلی فیکری و دەروونی و تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەریی جیا جیا و تەنانەت دژبەیەکی ئەم چاخە نوێیەی، کە دەتوانین بە چاخی داڕووخانی ئایدیۆلۆجیاکان و بە سەردەمی دیالۆگ و پێکەوە هەڵکردنی بۆچوونە جیاوازەکان و ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییە ئینقیلابییەکانی دابنێین.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ ئەمە بۆ ئێستا لە ئەدەبی کوردیدا ڕوو دەدا، ئاخۆ کۆمەڵگەی کوردەواری گەیشتووەتە ئەو ڕادە شارستانییەی کە وەکو هەندێ لە گەلانی تری دنیا بەسەر بازنەی شیعردا باز بدا، ئاخۆ داهێنەری کورد گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە لە شانشینی شیعر و کورتە چیرۆکەوە بێنە خوارەوە و بە دەنگ ئەو ڕووداوە گەورە و مێژووییە جیهانی و کوردستانییەوە بچن، کە لە واقیعی ئەمرۆماندا تێییاندا دەژین؟!.

وەڵامی من پاش خوێندنەوەی پتر لە (٢٥) دەقی ئەو ڕێزدارانەی کە پێشتر ناوم بردن، پۆزەتیڤانەیە، بۆیە لە سەرەتای دێری یەکەمیشدا گوتم (لە باشووری کوردستان و لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا) چونکە بۆ نۆڤلێت- ڕۆمان، شوێن و کات گرینگن، ئەگەر شیعر لە قووڵاییی زاتەوە سەرچاوە بگرێ، ئەوا ڕۆمان لە کۆمەڵگەی شارستانییەوە سەرهەڵدەدا و هەر لە کۆمەڵگەی شارستانیشدا بازاڕ و خوێنەریشی دەبێ، کە ئەوەش بوو، پێشکەوتن و پەرەسەندنیشی مسۆگەر دەبێ.

کوردستانی باشوور ئەوە (٢٠) ساڵە ئازادە، ئەوە زیاتر لە (١٩) ساڵیشە گەلی کوردستان خاوەنی نیمچە کیانێکی سەربەخۆیە و پەرلەمان و حکوومەتی خۆی هەیە، با کەموکورتیشیان زۆر و هەمەجۆریش بن، بەڵام ئەم واقیعە نوێیە بووە هۆی لەدایکبوون و خۆناسینەوەی چینی بورژوای کوردی، ئەگەر بەو تێزەی هیگڵ و بەو قسەیەی جۆرج لۆکاچ بکەین کە دەڵێ: (ڕۆمان- نۆڤلێت- داستانی چینی ناوەڕاست، چینی برژوایە).

ئیتر ئەوە بە ئاسانی لەوەش دەگەین کە بۆ ئەمرۆ ڕۆژی لەبارە بۆ سەرهەڵدانی نۆڤلێتی کوردی.

تێکدانی شار و شارۆکە و شارەدێ و گوندەکانی کوردستان، و کۆکردنەوەی خەڵک لە کۆمەڵگە زۆرەملێکان، تاڵان و برۆی سەردەمی ئەنفال و سەرەتای ڕاپەڕین -دواتر ڕووخانی ڕێژیمی دکتاتۆری و هاتنی دەیان ڕێخراوی بیانی و

ناردنەوەی پارە لەلایەن کوردە ئاوارەکانی ئەوروپاوە بۆ خێزانەکانیان لە ناوەوەی کوردستان، پرۆسەی نەوت بە خۆراک، پەیدابوونی بازاڕی ئازاد، پەیدابوونی سەدان کۆمپانیا و پرۆژەی وەهمی و ڕاست، هەموو بوونە هۆی داڕووخانی کۆمەڵگەی لادێ و کولتووری سادە و ساکاری جووتیارانەی کوردستان و دووبارە دابەشبوونەوەی سامان و پەیدابوونی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگەی کوردی، بەبێ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی ڕاستەقینە لەدایک ببێ، کە تازە خەریکە ڕوو لە پیشەسازی دەکا.

لەگەڵ ئەم هەموو ڕووداوانەشدا ژمارەی دانیشتوانی شارە گەورەکان لە ملیۆن کەسیان تێپەڕاند و ڕاگوێزراوان و ئاوارەکانی شەڕی ناوەخۆشیان بەسەردا هات، کە بەمانەش کۆمەڵگەیەکی ناموتەجانیس لە شارە گەورەکاندا هاتە کایەوە و، ئیتر ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییە گەرموگوڕانە و ئەو بەها و نەریتانە لە نێوچوون، یا بەرێوەن لەنێو بچن کە جاران خەڵکیان پێکەوە گرێ دەدا.

وەلێ چونکە لەدایکبوونی چینە بورجواکە بە کردەیەکی قەیسەری و بەهۆی هۆکاری دەرەکی و ناسروشتییەوە لەدایک بووە، بۆیە ئەو داستانەی لێیشی کەوتووەتەوە، کە لێرەدا مەبەست نۆڤلێت- ڕۆمانە، ئەویش هێشتا ناگاتە ئاستی بەدەنگەوەچوونی مرۆڤە تاکە غەریب و ونبووەکانی کۆمەڵگە ئەوروپاییە نوێیەکان، بەڵکو داستانە نۆڤلیتە- ڕۆمانە کوردییەکە هێشتا لە ناسنامە دەگەڕێ، ناسنامەی نەتەوایەتی، کە لەبەر ساغ نەبوونەوەی چارەنووسی خاک و گەلی کوردستان هێشتا لەبەر هەڕەشەیە، هەڕەشەیەکی دوو سەرەی دەرەکی و خۆیی، دەرەکی بە واتای هاتنەوەی دیکتاتۆرییەتی ناوەند بۆ هەرێمەکە و خودیش، بە واتای پەیدابوونی دەسەڵاتێکی تۆتالیتاریی کوردستانی، کە ڕێگەی ئازادی و سەربەستی فیکر و دیموکراتییەت لە خەڵکەکە بەگشتی بگرێ، ئیتر ئەو دەسەڵاتە، دەسەڵاتی حزبی تاکڕەو بێ، دەسەڵاتی ئاینی، یا داوونەریت، یا هەر هەموویان پێکەوە بێت.

بۆیە زۆربەی نۆڤلێتە کوردییەکانی گیرۆدەی دووانە- سنائیە باوەکانی پێشترن وەک:

ئێمە/ ئەوان، ڕابردوو/ ئێستا، ڕەسەن/ ناڕەسەن، خۆیی/ بێگانە، کۆن/ نوێ..و.

ئەمەش تا قۆناخێکی تر لەژێر کاریگەریی نائارامی باری سیاسی و

جێگرنەبوونی بارە ئابوورییەکە و ئازادی و سەربەستییە نەتەوایەتییە ناکاملەکەدا بەردەوام دەبێ، دیارە ڕەنگدانەوەی لە تەکنیکی گێڕانەوەشدا ڕوون دەبێ، بەڵام لەگەڵ کاملبوون و کاریگەرتربوونی چینە برژوازییەکە و، دابڕانی یەکجارەکی لە چینە هەژارەکە و فراوانتربوونی جیاوازی ناکۆکییەکاندا ئەو دەمە دوویتۆ باوەکەی (ئێمە/ ئەوان) کە وەکو (مرۆڤگەل) هەڵسوکەوت لەگەڵ جەمسەری ناکۆکییەکاندا دەکا، دەگۆڕدرێ بە دوویتۆیەکی تر کە دوویتۆی (من/ ئێوە)یە و، نۆڤلێت و، ڕەنگە ئەدەب و هونەر بەگشتیش ببنە پاڵپشتی مرۆڤی تاک لەبەرامبەر (کۆ)یەکی بێ ئاگا لە موعاناتی تاکەکەسی، ئەو دەمەش دیارە کە لە گێڕانەوەدا (دیالۆگ) جێ بەو (مەنەلۆگ)ە لەق دەکا کە کرۆکی شیعر و کورتە چیرۆکی کوردییە، ئەو دیالۆگەش پێمـوایە دیالۆگێکی شـانۆیی نێوان (منی تاک) و (تۆی تاک)ی هەردووک بێ دەسـەڵاتدا نابێ، بگرە دیالۆگ و بیرکردنەوەیەک دەبێ بەدەنگی بەرز لە نێوان (منی تاک) و (ئێوەی کۆ) دا، دیالۆگێک دەبێ لە نێوان مرۆڤی تاک و دەسەڵاتدا، ئیتر دەسەڵاتی سیاسی، یا ئابووری، یا کۆمەڵایەتی و ئاینی و یاساییش بێ.

پاڵەوانەکانیش ئەو مرۆڤانە دەبەن کە لەژێر کاریگەریی ئەم دەسەڵاتانە و لەژێر قورسایی مەقولەکانی (بەرژەوندییە گشتی)ەکان و (بەرژەوندییە باڵاکان)دا هەست بە پلیشانەوە دەکەن، کە دیارە ئەدەب و هونەرەکەش پشتیوانییان لێ دەکا و هاوسۆزییان لەگەڵدا دەنوێنێ، چونکە ئەو دەمە (بەرژەوندییە گشتی و باڵاکان) ئیتر ناتوانن گوزارە لە واتا و بەها نەتەوایەتی و نیشتمانییەکان بکەن، بگرە دەبنە ئامێر و ئامرازێک بۆ سەرکەوتکردن و داگیرکردنی ئازادییە ناتەواوەکەش لەپێناو دەوڵەمەندترکردنی چینە برژواکە و بگرە بۆ پێگەیاندنی چینە سەرمایەدارەکە، کە ئەویش لە قۆناخی سەرهەڵدان و خۆناسینەوەدایە.

وەلێ تا کوردستانی باشوور ئاوا نیمچە ئازاد و تا کوردستانی گەورە ئاوا پەرت و ژێردەستە بێت، چینە برژوا هەلپەرستەکەش کامڵ نابێ، کە ئەویش کامڵ نەبوو، ئەوا ئەو ئەدەب و هونەرەشی لێی دەکەوێتەوە، بە داستانە- ڕۆمان- نۆڤلێتەکە شێوە بە ناکاملی دەمێنێتەوە، بۆیە ئەو خانە خانەکردنەوە و پۆلێنکردنە بەو ڕوونی ئاشکراییە خۆی نیشان نادات کە من بۆ ئاسانکاری ئاوا پێشتر باسم کرد.

شێرزاد حەسەن لە (حەسار و سەگەکانی باوکم)دا کە کوڕە باوکەکەی دەکوژێ

تێدا، ئەنوەر محەمەد تاهیر لە (گەڕیان ل بابێ بەرزە)دا کە باوکەکەی تێدا بێ سەروشوێن دەڕوا، ئەم ڕاستییەیان بەرجەستە کردووە، لە هەردووکیاندا دەسەڵاتی پاتریارکی هەرەس دێنن، بەڵام تەنانەت لە (غیاب)یشدا (حوزوور)ێکی کوشەندەی بەسەر ڕووداوەکانەوە دەمێنێ.

لە (حەسار و سەگەکانی باوکم)دا کوڕەی باوک خۆکوژ ئاخرییەکەی هانا وەبەر باوکە کوژراوەکەی دەبا و دەڵێ (هاوارم وەبەر تۆ... لە سەگەکانت قورتارم کە و بمکەوە بە کوڕی خۆت... ئێستا هەموو دنیا زانی تۆ بە مردووییش لە هەموو زیندووتری.)

لە (گەڕیان ل بابێ بەرزە)شدا، هەمان کارەسات دووبارە دەبێتەوە کاتێک ڕۆمانەکە بەوەی کۆتایی دێت کە پاڵەوان/ چیرۆکبێژ دەڵێ (دەبیت بابێ بەرزە بێت و ڤی گۆلا مەند بشلقینیت... و مە ژ گێژەڤانک وسێ ڕێیانا قورتال بکەت و بێخته ڕێیا ڕاست..).

بەڵام ئەمە کۆتاییی ئەزموونەکە نییە، چونکە چینە بورژوازییەکە نەک هەر لە کاردایە بۆ پاراستنی دەسکەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی، بگرە بە هەموو تواناوە کار بۆ پەرەپێدانیشی دەکا و لەو پێناوەشدا ئامادەیە قوربانیی بە هەموو واتا و بەها و دەسکەوتەکانی غەیرە خۆی بدا، کە ئەو وای کرد و پتر پەرەی سەند، دیارە ئەوسا دوودڵی و دڵەڕاوکێی پاڵەوانە تاکە سەلبییەکانیش کۆتاییان دێت و وەچەیەکی پاڵەوانی تاکەکەسی سەرکوتکراو و ڕۆمان- نۆڤلێتێکیش پەرەدەستێنن کە ئاگای پاشگەزبوونەوە نازانن.

لە (کەمتیار)ەکەی کەریم دەشتیدا شێوەیەکی تری مەرگی پەتریارک و، مردنی باوکەی بکوژ و هەوس باز و ژن داگیرکەر و چێژ لە ئازاردانی خەڵک دیتوو، دەبینین، کە مردنێکی کارەساتاوی هەنگاو بەهەنگاو، بگرە سانتیمەتر بە سانتیمەتری مرۆڤە کەمتیارێکە، کە دەشێ بڵێم مردنێکی خودیی و ئەنجامی خۆخواردنەوە و ئازاری وێژدانێکە، کە لە کۆمەڵگەی شارستانیدا زیندوو دەبێتەوە و کەسی تێدا تاوانبار و تۆڵەسێن نابێ، بۆیە پاشگەزبوونەوە و گەڕانەوەشی لە دوو نایەت.

لێرەشەوە دەشێم بڵێم لە کۆمەڵگەی شارستانیدا چینی برژوا گەشە دەکا، کە

ئەو گەشەی کرد چنگی دەسەڵات، هەموو دەسەڵاتەکان: دەسەڵاتی سیاسی، دەسەڵاتی ئاینی، دەسەڵاتی بنیاتە کۆمەڵایەتی و تەنانەت بنیاتە تەقلیدییەکانی هونەریش لەسەر ئازادی ڕادەبڕین و داهێنان شل دەبن، کە ئازادیی هەبوو نۆڤلێت- ڕۆمانیش وەکو هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر لەدایک دەبێ و گەش دەکا.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ ئەم چینە برژوازییەی کوردسان کە لە بارودۆخی غیابی پیشەسازی و، لە کردەوەیەکی قەیسەریدا لەدایک بووە، دەتوانێ تا سەر بەردەوام بێ، ئاخۆ ئەم نۆڤلێت- ڕۆمانە کوردییەی ئێستا لە قۆناخی سەرهەڵدانەدایە دەتوانێ بەئاشکرا جاڕی مەرگی پەتریارک ڕابگەیەنێ..؟!.

یا لە دواییدا ناچار دەبین لە دووی بگەڕێین، یا وەک کەریم دەشتی چاوەڕێ دەبین ئەو باوکە بۆ خۆی بمرێ؟.

وەڵامی ئەم پرسیارانەش لای داهاتووی نۆڤلێت- ڕۆمانی کوردی دەبینینەوە، کە من پێم وایە لە کوردستانێکی نیمچە ئازاددا پۆزەتیڤانە نابێ، مادامێکی هەڕەشەی داگیرکردنەوەمان لەسەر بمێنێ، چونکە تا هەڕەشە بمێنێ پەتریارکیش بیانووی مانەوەی دەبێ.

پەراوێزەکان:

* لە سیمیناری یەکەمی ڕۆمانی کوردی- هەولێر- ٢٧ تا ٢٩ی مایسی ٢٠٠٦دا خوێندرایەوە.
* لە کۆواری نووسەری نوێ ژمارە- ٣٣-ی تەمووزی ٢٠٠٦دا بڵاو کراوەتەوە.

## لەبارەی دەربارى خوسرەو جاف

١

دەربار ڕۆمـانێکی خـوسـرەو جـافـە، (٨) بەرگـە، (١٦٣) بـەشـە، سـەرجـەم (١٦٦٣) لاپەڕەی قـەوارە ناوەندییـە، لەوەش (١٢١) لاپەڕەی فـەرهـەنگە، فـەرهـەنگی زمـان و ناوی کەسـان، کە وەک پاشکۆیەکی خراونەتە کۆتاییی بەرگەکانەوە، چاپی یەکەمی لە (٢٠٠٦)دا لە هەولێر لەلایەن دەزگای ئاراس – ەوە بڵاو کراوەتەوە.

لێـرەشـــەوە دەتوانم بڵێـژم (دەربار) لە ڕووی ڕووبەر، لـە ڕووی قـەوارە، لە ڕووی شـوێن، لە ڕووی زەمـەن، لـە ڕووی ژمـارەی کـەسـەکـان و، لە ڕووی ڕووداویشـەوە گـەورەترین ڕۆمـانـی کوردییـە تا ئامـادەکردنـی ئەم نووسـینە بەرهـەم هێنرابێ، لە ڕووی شوێنەوە لە گوندێکی کوردستـانەوە کە (کانی توو)ە دەست پێ دەکا و زمانە دەکێـشێ بۆ کرمـاشـان و تاران و سلێمـانی و بەغدا و لەندەن و ئەڵمـانیـا، تا لە پاریسدا بە کۆتا دێت.

لە ڕووی کاتەوە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەست پێ دەکا تا ناوەڕاستی هەشتاکانی هەمان سەدە و نزیکەی چارەکە سەدەیەک درێژە دەکێشێ.

لە ڕووی ڕووداوەوە، دەربار بـەسـەرهـات، یا ڕاسـتـتـریش بڵـێم کـارەسـاتی دوو پشتی دوو بنەمـاڵە و دەیان کەسی نێر و مێی تەمـەن جیاواز و فەرهـەنگ هـەمەجۆر و ئاین و ئاینزای شـیـعی و سـونی و ئەهلی هەق و نەتەوەی جـیـای کورد و فـارس و عەرەب دەگێڕێتەوە.

ڕووناکی دەخـاتە سـەر ملمـلانێ و پێکداهەڵبـژان و شـەڕ و شۆڕش و ئینقیـلاب و پیلان لـە یەکتر گێڕانی ناو خـەڵکی سادە و کۆمەڵەی جیا جیا و، تەنانەت ناو یەک ماڵ و یەک خـانەوادە، یەک دەربار و ڕێکخراوی سیاسـیش تا بە ناکۆکییـەکانی ناو دەرباری شاهـەنشـاهیی ئێران و، پیلانە ئاشکرا و نهێنییەکانی ناو خودی ڕێژیمی ئێران و شەڕی ماڵوێرانکەری هەردوو وڵاتی ئێران و عێراقدا دەگا، کە نزیکەی (٨)

ساڵی خەیاند، بووە هۆی کوشتن وماڵوێرانی سەدان هەزار مرۆڤی کورد و عەرەب و فارس.

دەربار، پانۆرامایەکە بۆ داوونەریت، بۆ ئەتەکێت، بۆ پێوەندیی کۆمەڵایەتی و خێزانی، بۆ کەسایەتی جۆربەجۆری ئاسایی، سادی، مازۆکی، هەلپەرست، بەهیوا، بێ هیوا، بە پەیام، سەرلێشێواو، تاوانبار، تاوانلێکراو، جەللاد، قوربانیی، کە هەر یەکەیان سروشت و هۆکار و ئارامانجی خۆی هەیە و بە ئەجیندایەکەوە دەچێتە هاوکێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانەوە، هەر یەکەیان لە پاشخان و زەمینەیەکەوە سەریان هەڵداوە و لە بازنەی چەپگەرایی، ڕاستگەرایی و عەبەسییەتێکدا گیریان خواردووە، تا ڕادەی پێشێلکردن و سڕینەوەی ئەوەی بەرامبەر پێ لەسەر بیر و بۆچون و خواستی خۆیان دادەگرن.

دەربار، بەوپەڕی جورئەتەوە پەردە لەسەر رووی تابۆ سیاسی و ئاینی و سێکسییەکان هەڵدەماڵێ تا دەگاتە قووڵاییی نهێنییە دەرونییە شاراوەکان، ئەو نهێنییە پەردە پۆشکراوانەی کە مرۆڤ، مرۆڤی هەموو چاخ و شوێنەکان بە هەزاران شێوە و شێواز و ماسک هەوڵی نەک هەر شاردنەوە، بگرە فێڵ بۆ جوانکردنیشیان دەکەن، ئیتر هەر لە ئیشقی مەجازی و ئەفلاتۆنیەوە پێدا وەرە تا دەگاتە سێکسی شاز، هەر لە ئیدیعای دڵسۆزی و ئەمەکدارییەوە بیگرە تا بە خیانەت دەگا، هەر لە سۆفیگەری و فەنابوونی دەروێشەوە تا کوفر، هەر لە ئیدیعای مرۆڤایەتییەوە تا سادیەت و لەزەت بردن لە ئازاردانی مرۆڤ و دیتنی خوێن و ئەتککردنی ئەوانی تر.

هەموو ئەم حاڵەتە بەرجەستە کراوانەش هۆ و هۆکار و پاشخان و پێشینە و پاڵنەر و پاساو و پاکانەی خۆیان هەیە لە دەقەکەدا، بۆیە کەسەکان لە گۆڕانی بەردەوامدان، خوێنەری ئاسایی و تەنانەت دەروونشیکاری پسپۆڕیش هەست بە سروشتی بوونی ئەو هەڵسوکەوتانەیان دەکا و هیچ پێی سەیر نایەت ئەگەر تێکۆشەرێک بە خیانەت کۆتایی بێت، دەربەگێک و خاوەن پلە و پایەیەک ئیفلاس بکا، یا ئەگەر ئیشقێک بە خیانەت و دوو فاقییەک بە خۆشەویستی تەواو بێ، یا تەنانەت ئەگەر مرۆڤێکی داهزراو و داڕووخاوی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیش بتوانێ هەردوو دەوڵەتی ئێران و عێراقیش بۆ بەرژەوەندی خۆی چەواشە بکا.

## ٢

ڕووداوەکانی دەربار لە دۆخێکدا سەرهەڵدەدەن سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەمە و بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلانی جیهان، خەباتی بەرگری لە دژی داگیرکارانی جیهانی سێیەم، تێکۆشانی کەسان و ڕێکخراوانی چەپگەرا لە هەموو دنیادا لە پەرەسەندندایە لە عێراق شۆڕشی گەلاوێژی ١٩٥٨ قەوماوە، عێراقی دراوسێی خۆرئاوای ئێران لە سیستەمی مەلەکییەتەوە بووەتە کۆماری، کۆماری هاوبەش کورد و عەرەب، بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی عێراق لەوپەڕی چالاکیدایە، کوردی ئێران چاویان لە سەرکەوتنی هاوڕەگەزەکانی خۆیانە لە باشووری کوردستان، ڕێژیمی قاسم (ناوی لە ڕۆمانەکەدا هاتووە) یاسای چاکسازی کستوکاڵی دەرکردووە، دروشمی (زەوی بۆ بکێڵانێتی) بەرز کردووەتەوە، لە بەڵێنەکانی بە کورد پەشیمان بووەتەوە و تەنگی بە تێکۆشەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هەڵچنیوە، لە چیاکانی کوردستانی باشوور (ئەشقیا) زۆر بوون، پێشمەرگە پەیدا بوون، بنکەی پێشمەرگە لە شوێنە عاسی و دوورەدەستەکان بەتایبەتیش لەسەر سنوورەکانی کوردستانی ڕۆهەڵات/ ئێران وردە وردە دادەمەزرێن.

لەناو خودی ئێرانیش، کە گۆڕەپانی سەرەکی ڕووداوەکانی دەربارە، برینەکانی کۆماری شەهیدی کوردستان هێشتا خوێنیان لێ دەتکێ، پێڕەوکارانی ڕێبازی موسەدەق چاوەچاوی هەلن، نەتەوەپارێزانی گەلانی ئێران، مەزهەبیان، چەپگەرایانی کۆسمۆپۆلیت و ڕێکخراوانیان لە گەشەکردن و چالاکی و ڕووبەڕووبوونەوەدان، پیلانەکانی ناو دەربار و ناو هەزار فامیل، تەنانەت ناو خودی بنەماڵەی شاهەنشاهی و لەناو جێی خەوتنی محەمەد ڕەزاشادا لەسەرخۆ گەرم و گەرمتر دەبێ، ئەمە جگە لە دراوسێ کۆمۆنیستەکانی باکوری ئێران و، کۆمپانیاکانی نەوت و دراوسێیانی کەنداو و ئەو گرفتە ئابووری و سەربازی و سیاسییانەی کە لە ئەنجامی داڕووخانی پەیمانی بەغداوە پەیدا بوون.

ئا لەم بارودۆخە ئاوس و کەشە بارگاوییەدا بۆ جوانکردنی چارەی ڕێژیمەکەی و، بۆ کێشانەوەی بەرە لەبن پێی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، بەتایبەتیش بزووتنەوە چەپگەراکەی، محەمەد ڕەزاشا هات و (ئینقیلابی سفید- شۆڕشی سپی) لە

ئێراندا ڕاگەیاند، شۆڕشێک بەو مەبەستەی کە چاکسازیی کوشتوکاڵی بچەسپێنێ و دروشمەکەشی هەمان دروشمی (زەوی بۆ ئەوانەیە کە دەیکێڵن) بوو و، ئەمیر ئینتیزام گوتەنی، کە یەکێکە لە دەرەبەگەکانی کوردستانی ڕۆهەڵات/ ئێران: (ئێمەی کردە خانەوادەی ڕۆمانۆف و خۆیشی کردە قوتابیی لینین).

چاکسازی کشتوکاڵی و زەوتکردنی زەوی لە ئاغا و دەرەبەگ لە ئێراندا کە ڕێژیمی قاسم بە پشتیوانی حزبی شیوعی عێراقی کردی و بەسەر جووتیارانیدا دابەش کرد، وێڕای لایەنە باشەکانی، لایەنێکی نێگەتیڤیشی هەبوو کە بووە هۆکاری لەبەریەکترازانی کۆمەڵگەی عێراق و نانەوەی هەزارەها کێشەی چارەسەر نەکراو لەناو خەڵکدا، جا چ جای چاکسازییەکی کشتوکاڵی کە ڕێژیمی شای سەرسپاردەی ئەمەریکا بیکات! کە هەر لە سەرەتاوە نیازەکانی دیار بوو و هیچێک لە هێزە جیاوازەکانی ئێرانی پێی نەخەڵتان و ئەو دۆستایەتییەشی ئاغا و دەرەبەگی ئێرانی لەگەڵ ڕێژیمی شایان هەبوو ئەوەشی لە دەست چوو و زنجیرەیەک کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیش بۆ ڕێژیمەکە زیادی کرد کە پێشتر نەبوون، یا لانی کەم ئاشکرا نەبوون.

دیارە لەباری ئاواشدا، کە گرفت زۆر دەبێ، ئۆپۆزسیۆنیش بەهێزتر دەبێ، کە ئەوەش بوو ئیتر پرۆسەی سەرکوتکردنی خەڵکیش بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پەرەدەگرێ، ئەمەش فراوان بوون و هەمەجۆرەیی دەزگا سەربازی و ئەمنی و سەرکوتکارەکان دەسەپێنێ و بەو شێوەیەش گەل و دەسەڵات دەچنە ململانێیەکی بازنەیی بێ کۆتاییەوە، سەرەتاکەی دیارە و سەرەنجامەکەشی هەردەم بە سەرکەوتنی جەماوەر و شکستی دەسەڵاتەکە کۆتایی دێت، هەموو جارێکیش ئەو دەزگا ئەمنی و سەرکوتکارانەش بۆ خۆیان دەبنە هۆکارێکی تری ئەو داڕووخانە، وەک دەزگای (ساواک)ی شاهەنشاهی، کە وەک لە ڕۆمانەکەوە دەردەکەوێ بۆ ڕێژیمەکە دەبێتە مایەی ئاڵۆزی و گەندەڵی و بنکەی تاوان و خرۆشاندنی جەماوەرەکە.

دەربار، لەسەر ئەم هاوکێشانە بەوردی دەوەستێ و دوور لە ڕاستەوخۆیی گومان ورووژێنەر، لەمیانەی کەسانی سوودجوو و ڕووداوی ڕۆژانەی هەمەجۆرەوە باری دەروونیی کەسان و توێژە کۆمەڵایەتییە زیان دیدەکان وێنا دەکا تا وردە وردە

شـۆڕش و ڕاپەڕین و بـەرگری لە ویژدانی خـەڵکە بەرفراوانەکە و لە زەینی ئـێمـەی خوێنەریشدا، شەرعییەتێک پەیدا دەکەن، کە بۆ هەندێ کار و کردەوەی نـائاسایی دەبێتە پاساو، وەک ئەو کوشتوکوشتارانەی لەنێو شەقامانی تاراندا لە ڕۆمانەکەدا ڕوو دەدەن، تەنانەت بۆ ئەو شۆڕشگێڕە نیشتمانپەروەر و ئازادیخـواهانەش دەبێتە پاکانە، کە لەو دۆخـە ناهەمـوارەدا بەناچاری ڕوو لە عێراق دەکەن و لە ڕێژیمێکی شۆڤینی و فاشـستیی وەک ڕێژیمی دیکتاتۆری سـەدام داوای پەناهەندەیی و چەک و پارە دەکەن، ئەمـانەش کارگەلێکن ڕەنگە لە کەشی ئاساییدا بە تاوان و ڕەنگە بە خیـانەتی نەتەوایەتی و نیشـتمانی لە قـەڵەم بدرێ، بـەڵام لە سیـاقی ڕۆمـانەکە و لە ڕەوتی ڕووداو و کـارەسـاتی ناو دەقـەکەوە شـەرعـیـیـەتێک پەیدا دەکـەن، کـە ئیـتـر هەموو کاردانەوەکان لەچاو کارە تیرۆرکارییەکانی ڕێژیمەوە هەڵبسەنگێنرێن، نەک لە تای تەرازووی بنەما یاسایی و ئەخلاقییە گشتییەکاندا.

٣

لە (دەربار)دا، کـە نـزیکەی چارەکـە سـەدەیەک لـە مـێـژووی هەسـتـیـاری ئێـران و ناوچەکـە و بگرە جـیـهـانیش دەگـرێتـەوە ئەگـەر وەک بەرئەنجـامـێک حیـسـاب بۆ شەڕەکانی کەنداو و ئەو سەرهەڵدانە ئیسلامییە بکرێ کە لە ئـەنجامی داڕووخانی ڕێژیمی شـاهەنشـاهی و دەسـەڵات وەدەسگرتنی ئیسـلامـییـەکانی ئێرانەوە شـەپۆل شـەپۆل بەدنیـادا بڵاوە دەکات، خـوسـرەو جاف بەزیرەکییـەکی هونەرییـەوە مـامـەڵە لەگەڵ ئەو مـێـژووەدا دەکات و دەیخـاتە دیوی پشـتـەوەی ڕووداوەکانی ڕۆژ و ژیانی خەڵک و شـەقام و کۆمەڵەوە و ئەگەر باس لـە هەندێ ڕووداوی مێژوویی گرینگیش بە ناچاری بێتـە پێشـەوە، ئـەوا وەک باکگراوندێک بۆ هـەڵسـوکـەوتی کـەسـەکان و گـۆڕانکاریی ژیانـی ئاسـاییی خـەڵکەکـە بـەکـار دەبرێ و لـە سنووری ئەو ئـامـاژە مـێـژوویـیـانە تـێ ناپەڕێ کە ڕۆمـاننـووس وەکو سـتـوونـی نیـشـانە بۆ دیـاریکردنی چوارچێوەی ڕووداو و گۆڕانکارییەکان تۆمـاریان دەکا، ڕێک وەک ئـەو ستوونانەی کـە ئەندازیار بۆ دیـاریکردن لە گـۆشـەکـانی ئەو پارچە زەوییـەدا دای دەکـوتێ کـە پرۆژەی لەسەر بنیات دەنێ.

لەو بـاوەڕەشـدام ئەگـەر لەمـە زیاتر لـە دەقـەکـەدا بایەخ و ئـەرک بە (مـێـژوو)ە ڕووتەکە بدرایە ئەوا مێژوو وەکو زانست باڵی بەسـەر دەقـەکەدا دەکێشا و لەسـەر

حیسابی (شیعرییەت) و (ئەدەبییەت)ی دەقەکە خۆی دەسەپاند، لێرەشەوەیە ڕۆماننووس دەتوانێ خۆی لە مێژوونووس جیا بکاتەوە و ڕۆمانیش لە مێژوو.

لە دەربارەدا لە ئێران یاسای چاکسازیی کشتوکاڵ و ئینقیلابی سپی ڕادەگەیەنرێ، سەرەک وەزیران و حکوومەت دەگۆڕێن، حزبی (ئێران نوین) دادەمەزرێنرێ، ناکۆکی خێزانی پەهلەوی دەگرێتەوە.

لە ئێراندا شۆڕشی گەلی کورد هەڵدەگیرسێ، قاسم دەرووخێ، زنجیرەیەک کودەتا ڕوو دەدا، بەعس و ئەحمەد حەسەن بەکر (ناوی لە ڕۆمانەکەدا هاتووە) دێتە سەر حوکم، شەڕ لە کوردستاندا پەرەدەستێنێ، پیلانی جەزائیر لە دژی کورد مۆر دەکرێ، شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردستان شکست دەخوا، ناکۆکیی ناو حزبی بەعس تەشەنە دەکا، سەدام (ئەمیش لە ڕۆمانەکەدا ناوی هاتووە) جڵەوی دەسەڵات دەگرێتە دەست، شەڕی عێراق – ئێران هەڵدەگیرسێ، بەڵام خوێنەر هەموو ئەمانە بەهۆی ڕەنگدانەوەیان لە ژیانی کەسەکانی ناو ڕۆمانەکەوە هەست پێ دەکا، لەوە بترازێ ئیتر تەفاسیلی تریان نایەنە سەر ئاستی بە دەق بوون.

ئەم خودپارێزییە لە وردەکارییە مێژووییەکان وای کردووە مێژوو بکشێتەوە پشتی کالووس و خوێنەر تەنیا کاردانەوەی دەروونی و سلووکییان لەسەر ئاستی دەقەکەدا و لە شێوازێکی هونەریی ئەدەبیدا هەست بە ئاسەواریان بکا.

لەسەر ئاستی مێژووی پاڵەوانەکانیشدا ئەم خودپارێزییە لە وردەکارییەکانی چالاکییە گشتییەکاندا کراوە، کە ئاکامی پۆزەتیڤانەی لەسەر ڕەشاقەتی دەقەکەدا کەوتووە.

فەلامەرز و یاسەمین لە ڕێکخراوێکدا کار دەکەن، خوێنەر هەر ئەوەندە لەبارەیەوە دەزانێ کە ئەو ڕێکخراوە نهێنییە، ئۆپۆزسیۆنە، چەپگەرە، باوەڕی بە خەباتی چەکداری هەیە، ئیتر تەفاسیلی دامەزرانی و ئامانج و پێڕەو و سەرکردایەتییەکەی و تەنانەت ناوی دروستی ڕێکخراوەکەش بە درێژاییی (١٦٦٣) لاپەڕەی دەقەکەدا نەهاتووە، بەمەش دەبێتە نموونە بۆ هەموو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، دیارە ئەم ناوهێنانەش بۆ خۆی گەمەیەکی هزری و هونەریی سەرکەوتووە، دەنا یا دەبووایە ناوی سەرجەم باڵەکانی ئۆپۆزسیۆن ببرایە، یا ئەوەتا ڕۆمانەکە بەو قەوارەیەوە دەبووە پڕوپاگەندە بۆ تەنیا ڕێکخراوێک، کە یەکێکە لە سەدان

ڕێکخراوی دژه سەڵتەنەتی.

بەواتایەکی تر خوێنەر لەسەر ئاستی ئەو شانەیەدا ڕێکخراوەکە دەناسێ کە یاسەمین و فەلامەرز کاری تێدا دەکەن.

فەلامەرزی پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکە دەگاتە دەربار، بەڵام خوێنەر هەر ئەوەندە لەبارەی (دەربار)ەوە دەزانێ و دەبیستێ کە (لی لی) دۆستی بە فلامەرزی دەڵێ، فەلامەرزیش هەر لە ئەو ئاستەدا، واتا لە ئاستی پێوەندییە کەسییەکەیدا لەگەڵ ئەو خانمەدا لەبارەی (دەربار)ەوە دەزانێ و قەت نابێتە دەربارێکی شاهەنشاهیی ئەوتۆ بمانباتە نێو وردەکارییەکەوە لە دەرەوەی بازنەی پێوەندیی ئەو و، ئەو ژنە دۆستەی.

شەڕی عێراق – ئێرانیش هەر ئەوەندەی لێ وەدەر دەکەوێ کە (فەرهاد) تێیدا گەمەکانی خۆی دەکا، یا یاسەمین و فەلامەرز پێشتر و پاشتر بۆ مەشق و بۆ هاتوچۆ کەڵکیان لێ دیوە، ئەویش بەشێوەیەکی لاوەکی. ئینقیلابی سپی ڕادەگەیەنرێ و وەکو ڕووداوێکی ئابووری ئەکید کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گرینگیشی بە دوای خۆیدا بەسەر کۆمەڵگەی جووتیاری ئێراندا هێناوە، بەڵام لە دەقەکەدا هەر ئەوەندەی پێ دەزانین کە لە هەڵسوکەوت و باری دەروونیی ئەمیر ئینتیزامەوە وەدەردەکەوێ.

شۆڕشی ئازادیخوازیی کورد لە کوردستانی عێراقدا بە درێژاییی ئەو چارەکە سەدەیە دەگرێ کە ڕۆمانەکە کاری تێدا دەکا، بەڵام لە کاریگەریی ئەو شۆڕشە لەسەر کوردی ئێران، خوێنەر هەر ئەوەندەی دەبینێ و دەبیستێ کە پێوەندیی بە (ئەوکە شامار)ی یاخییەوە هەیە.

ساواک، ئەو سازمانە بەدناوەی کە گەلانی ئێرانی هاوردووەتە زەلالەت، خوێنەر لە ڕۆمانی دەرباردا لە ڕێی ئەو کار و کردەوانەوە دەیناسێ کە (میهرداد و ئەرژەنگ) بەسەر ژیلایدا دێنن، یا ئەو ڕەفتارانەی کە دواتر لە بەندیخانەی قەسری قەجەر بەرامبەر بە فەلامەرز و یاسەمین دەکرێن.

هەروەها ئەوەی کە دەزگا ئەمنییەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی، ئیتیلاعات (حاجی ئاغا، قادر، شەهاب قومی) لە پاش داڕووخانی ڕێژیمی شا لەگەڵ فەلامەرز و بەندییەکانی تردا و لە هەمان زیندانی قەسری قەجەردا دەیکەن. یا ئەو

کارەساتەی لە موخابەراتی عێراقدا (نافیع و غەرگان) بەسەر ئەبوعیرفان و دڵشاد و دوکتۆر عەلی مینائیی ئازەری و یاسەمین و دایکی دڵشادیدا دەهێنن، کە خوێنەر هەر هەموویان لە دیدو زمانی قوربانییەکانەوە: فەلامەرز و یاسەمین و...هتد دەزانێ.

ئەمانە نموونەی بەسن بۆ دەرخستنی تەواوی سروشتی ئەو ڕێژیمانە و دۆزینەوە و هەڵبژاردنیشیان وشیاریی هونەری و مێژوویی دەوێ و هەروا هەرەمەکی و خودسەرانە خۆبەدەستەوە نادەن، ئەو نموونانەی کە پێشتر ئاماژەم دانێ، لەلایەکەوە گرینگیی مێژوو لە ژیانی مرۆڤدا وەدەردەخەن، لەلایەکی ترەوە حوزووری مێژوو لە دەقە ئەدەبییەکەدا کەم دەکەنەوە، لەسەرێکی تریشەوە واقیعییەتێک بەهەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و باری دەروونیی پاڵەوانەکان و مەنتیقی زنجیرەییی ڕووداوەکان دەدات، بەلام دیارە بەبێ ئەوەی کاری سلبی لە (ئەدەبییەت)ی دەقەکە بکەن و لە خانەی هونەرەوە بیگوێزنەوە خانەی زانستی مێژوو.

جگە لەمە خوسرەو شێوازێکی تریش بەکار دەبا بۆ ئەوەی هەم ڕاستگۆییەکی مێژوویی و هەم واقیعییەتێکی ئەدەبیش بەکارەکەی بدا، ئەویش ناوبردنی کەسایەتیی ڕاستەقینەی سەردەمی شایە، هەریەکە و لە جێی خۆی و لە کاتی ڕووداوێکی مێژووییدا، کە ناوبردنی ئەو کەسایەتییانە پێویست دەکەن، بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ بێنە ناو کاراکتەرە سەرەکی و تەنانەت لاوەکییەکانیشەوە وەک: عەباس هوەیدا، ئەسەدوڵلا عەلەم، عەلی ڕەزا، ئەشرەف پەهلەوی، گوگوش، هایدە، حومەیرا، ناوی جەنەڕاڵەکان، ناوی ساواکییانی وەک: مەنسووری، ئەرژەنگ، میهرداد کە هەموو ناوی ڕاستەقینەن و لە ڕۆژگاری شادا ئەو ڕۆڵانەیان گێڕاوە کە لە ڕۆمانەکەدا بینیویانە، بەلام ڕۆمانووس ئەوەندەیەی مەبەستی بووە هەر ئەوەندەیە ڕێگەی دەرکەوتنی پێ داون بەمەش ڕاستگۆییەکی مێژوویی و لە هەمان کاتدا واقیعییەتێکی ئەدەبیشی بە دەقەکەی داوە، دەنا ئەو کەسانە هەموو هەر بۆ خۆیان مەبەست نەبوون.

شوێن، گومانی تێدا نییە کە گرینگییەکی زۆری لە ژیانی مرۆڤی تاک و کۆیشدا هەیە و کاریگەرییەکی زۆریش دەخاتە سەر بیروباوەڕی ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت باری دەروونیی کەسی تاک و کۆمەڵیش، چونکە شوێنە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لە باری ئابووریی کۆمەڵی مرۆڤ دەکا و جۆری خواردن و تاوەکو دیارکردنی ڕەنگی پێست و دیزاینی ئێسکبەندو هەیکەل و شێوەی دەموچاو و کەللەسەر و جۆری تەندروستی و کورت و درێژیی تەمەن بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێ، تا بەباری دەروونی و بیر و بۆچوون و بڕوای ئاینییش دەگا، بۆ نموونە تەماشای جیاوازیی ڕەنگ و ڕوو و شێوەی دەرەوەی مرۆڤی شوێنە گەرمەکان و شوێنە ساردەکانی سەرزەوی بکە، بەراوردێک لە نێوان چوست و چالاکیی مرۆڤی کوێستانی و بیابانیدا بکە، لە نێوان خەڵکی شوێنە وشکەکان و مرۆڤی کەنارەکانی دەریادا بکە دەبینی جیاوازییەکی زۆر لە شێوەی جلوبەرگ و چۆنیەتیی خواردن و کار و کەسابەت و گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و داوونەریت و تەنانەت بیرورای ئابووری و ئاینی و کۆمەڵایەتییاندا بەدی دەکرێ، تا بە چالاکیی هونەر و مۆسیقا و سەمایان دەگات.

شوێنە پتر لە (٣٠) ملیۆن کوردی گیرۆدەی بارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کردووە کە نەتوانێ لە ژیانی ژێردەستی ڕزگاری بێ، هەر هەمان ئەو شوێنەش پێداویستییەکانی مانەوە و بەربەرەکانێ و بەرگریی بۆ دابین دەکا.

دیاردە سروشتییەکانی شوێنیشە مرۆڤی پاڵداوە بۆ میتافیزیکیا و لێکدانەوەی خورافی و ئاینی و دروستکردنی خواوەندی جۆراوجۆری ناوچەیی، بۆ تێگەیشتن لەو دیاردانەی کە لێیان حاڵی نەبووە. شوێنیشە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر باری دەروونی مرۆڤ و کەسایەتی دەکا و ڕادەی گورجوگۆڵی و تەمبەڵی و دڵتەنگی و خۆشنوودی و داهێنان و شکستییەکانی دەکا و، سیفەتەکانی ترس و جۆرەکانی فۆبیای شوێنی بەرز و نزم و تاریک و قووڵ و تۆنێل، یا ئازایەتی بەسەر مرۆڤی تاکدا دەبڕێ و لە قووڵاییی نەستێوە تەحەکوم لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی شەخسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت حەز و ئارەزووەکانیشی دەکا.

شوێن جۆری زۆرە: شوێنی شیفتیرازی و زادەی خەیاڵ، ئیتر بەهەشت بێ یا

دۆزەخ، یا هەر سەیر و عاجباتی، کە بەزۆری لە چیرۆک و بەسەرهاتدا هەن و مرۆڤ، یا پەنای بۆ دەبا یا لێی هەڵدێ.

شوێنی واقیعی و جوگرافیی ڕاستەقینەی بەربلاو، دەشت، کوێستان، شار، دێ، دەریا، ئاسمان، دوورگە... هەتا بە زێد و نیشتمان و گۆی زەوی و ئەستێرانیش دەگا.

شوێنی سنووردار، دیاری کراو، وەک ماڵ، مزگەوت، ئۆدە، گەمی، فرۆکە، شەمەنەفەر، یا هەر شوێنێکی ئاسایی تر مرۆڤ چ بەتاک و چ بەکۆ بتوانێ ژیانێکی ئاسایی تێدا بەسەر بەرێت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتییش بووە.

شوێن، لە هەمان کاتدا تۆمارگەی زەمەنیشە، زەمەن دەڕوا و ناگەڕێتەوە، شوێنە کاریگەری و ئاسەوارەکانی زەمەن لە ڕوخسار و هەناوی یادەوەریی خۆی و شارستانییەکاندا دەپارێزێ و دەیانگێڕێتەوە.

شوێن نیشتمانە، نیشتمان ناسنامە و ئیلتیزامی نەتەوەیی کۆمەڵایەتی و سیاسەت فەرز دەکا.

شوێن ئابوورییە، بژێوی ژیان و ئەمنی خواردەمەنی و جەستەیی بۆ تاک و بۆ کۆیش دابین دەکا.

شوێن زێدە، ئەمنی دەروونی دابین دەکا و سروشتی کەسایەتیی مرۆڤ دادەڕێژێ.

چیرۆکی کوردی تا ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و ئێستاشی لەگەڵدا بێ هەندێ چیرۆک و تەنانەت هەندێ ڕۆمانیش وەک (دەفر)ێک مامەڵە لەگەڵ شوێندا دەکەن کە پاڵەوانەکان لەناویدا دەژین و ڕووداوەکان بە سەرێوە ڕوو دەدەن، بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێشیش (شوێنی سنووردار – مینی شوێنی) وەک شەقامی بێ ناو، گازینۆی بێ ناو، یانەی بێ ناو، تەنانەت گوند و شاری بێ ناویش بەکار دەبرێ، نەوەک ناوهێنان و دیاریکردنی شوێنەکان لۆکاڵییەت (مەحەللییەت)ێک بەسەر بەرهەم و داهێنان و ئەزموونەکانیاندا ببرێ، غافڵ لەوەی (بەجیهانیبوونی) ئەدەب و هونەر لە ڕاستیدا لە (مەحەللییەت)ەوە دەست پێ دەکا، وەک ئەوەی نووسەرانی ئەمەریکای ئیسپانی / لاتینی بە کردەوە چەسپانیان.

ئەم کەموکورتییەی چیرۆکی کوردی ئەگەر بۆ ماوەیەک و ئەگەر تا ڕادەیەک لە

کورتە چیرۆکیشدا بەتایبەتی چاوپۆشیی لێ کرا و لێ بکرێت، ئەوا لە ڕۆماندا هەرگیز پاکانەی بۆ ناکرێ ئەگەر ڕۆڵی شوێن لە دەقدا ڕۆڵێکی سروشتی و شایستە نەبێ، تەنانەت ئەو دەقانەشی کە ئیش لەسەر دەروونی تاکەکەس و نەستی مرۆڤیش دەکەن، چونکە دەروون و نەستیش بە (مینی شوێن)ی موفتەرەز دێتە ژمارە.

پەنا بەم ڕاستییانەی سەرەوە دێمەوە سەر ئەوەی بڵێم شوێن لەسەر یەک ئاست و بەهەمان ئەو کاریگەرییەی کە کار بۆ چەسپاندنی واقیعییەتی مێژوویی دەکا هاوکات و بەهەمان هێز، بەڵام بەپێچەوانە ئیش بۆ پاراستنی واقیعییەتی ئەدەبی دەقیش دەکا و بەو شێوەیەش دەشێ هەردوو ئەو واقیعە (ڕاستیی مێژوویی) و (ڕاستیی ئەدەبی) لە دەقێکدا تەرازوو بکا ئەگەر بەشێوەیەکی هونەریی دروستانە بەکار ببرێ.

لێرەشەوە دەڵێم شوێن لە ڕۆمانی (دەربار)ی خوسرەو جافدا شوێنێکی ڕاستەقینەی بەرفراوانی کراوەیە بە ڕووبەری هەموو نیشتمان، ئەگەرچی ناوبەناو مینی شوێنی دیاریکراویش لە دەقەکەدا بەرچاو دەکەوێ وەک: کوخت – شوققە، زیندان، ئوتێل، ئۆتۆمۆبێل، ماڵ، کۆشک، ئەشکەوت، دۆڵ، گازینۆ، کاباریێ و.. هتد.

بەڵام ئەمانیش هەموو شوێنی ڕاستەقینەن و وەک ناوی دێ و گەڕەک و شار و چیا و شەقام و باخچە و کۆلێج و دانشگاکان، تەنانەت ئەو شەقام و شوێنانەی لە بەغدا و پاریس و لەندەنیشدا ناویان هاتووە زۆریان ناوی شوێنی ڕاستەقینەن جا نەک هەر ئەوانەی تاران و کرمانشان و شیراز و کاشان و سلێمانی و کەرکووک و دەربەندیخان و شارەزوور و هەڵەبجە بەتەنیا، بگرە ناوی چیاکان: ئەلبورز، داڵەهۆ، زمناکۆ، بەمۆ و.... ناوی ئاواییەکان: کانی توو، دوومیلان، تەپەسپی، بەردەڕەش، سیتەک، چوارکلاو، کێلەبەرزە، هۆبەتوو... و ناوی دۆڵ و شیو و ئەشکەوت و دەربەندەکانیش، چ لە کوردستانی ڕۆهەلات و چ لە باشوور، ناوی شوێنی ڕاستەقینەن.

هەروا بێتەوە ناوی بەندیخانەکان: قزڵ حەسار، ئەوین، قەسری قەجەر، ناو و ناونیشانی دەزگا و شوێنە فەرمییەکانی سوپا و ساواک و کۆشکەکانی شا... زۆریان ناوی شوێنی ڕاستەقینەن و لە یادەوەریی زۆربەی خوێنەرانی ڕۆمانەکەدا

حـوزوورێکی زیندوویـان هەیە و لەگـەڵ خـوێندنەوەیاندا بـیـرەوەری و شــارەزاییی خــودی خـوێنـەرەکـەش دەورووژێـن و ڕەهەندێکی تر دەخـەنـە سـەر دەقــەکـە، کـە ڕۆمـاننووس بۆ خـۆلادان لە درێژدادڕی خۆی لێ پاراسـتوون. بـە بارتەقـای ئەوەش ڕاسـتگۆیی – مـیـسـداقـیـیـەت – ێک بە دەقـەکـە دەدا کـە دەبێتـە هـۆی مـتـمـانـەی خــوێنەرەکــە و قــەناعــەت پێــهـێنانی، کــە بەتـایبــەتی بۆ ڕۆمــانێکی درێژی وەک (دەربار)ی خوسرەو پێویستە.

وەدەستـهێنانی ڕاسـتگۆیی و متمـانەی خوێنەر بوو (تۆلیسـتۆی)ی مەزنی ناچار کـرد پێش نووسـینی ڕۆمـانـی بەناوبانگی (شــەڕ و ئاشـتـی) مـاوەی (١٠) ســاڵ هاتوچۆی ئەرشیفی وەزارەتی بەرگریی ڕووسی بکا بۆ ئەوەی ڕاستییەکان بزانێ و لە ڕۆمـانەکەیدا تەوزیفـیان بکا، ئەو دەیـتوانی ڕۆمـانێکی خـەیاڵی و لە زادەی بیری خۆیەوە ڕۆمانێکی ئاوا بنووسـێت، بەڵام دەیزانی بۆ نووسـینی ڕۆمانێکی ئاوا درێژ، کـە باکگراوندێکی مـێژوویی هـەبێت دەبێ مـیـسـداقـیـیـەتێک بە دەقـەکـە بدا، ئەو میسداقییەتەش وەدەست نایەت ئەگەر هەموو شتێک لەسەر خەیاڵ بنیات بنرێ.

خوسرەو جاف ڕەنگە ئاوا ڕاستـەوخۆ و کاتێکیشی بە خواسـتی خۆی بۆ دیتنی شـوێنەکان و ناسـینی کـەسـەکانی ڕۆمـانەکەی تەرخـان نەکردبێ، بەڵام ژیانی پڕ لە ڕووداو و بەسـەرهـاتی کـەسـیی خـۆی و بنەمـاڵەکـەی و گـەڕانی گوند بەگوند و چیا بەچیــا و دۆڵ بەدۆڵ و شـــار بەشـــار و پایتـــەخت بـەپایتـــەخــتی ئەو لەو نـاوچە سنوورییـانـەی ئێـران – عێـراق و بەغدا و تاران و جیـهـان، کـە زۆرجـار بەناچاری بەسـەریدا سـەپاوە، ئەو کـارەی بۆ ئاسـان کـردووە و ئەرشـیـفـێکی مـێـژوویی و جوگرافیی کەسانیی وای بۆ پێکەوە ناوە کە ئەمیش وەک تۆلیستۆی ناچار نەبێت بگەڕێتـەوە سەرچاوە جـوگرافی و مێژووییـیەکـان کە هەندێکیـان تێیـاندا ژیاوە و لە بیرەوەرییـەکانی ئەودا بەشـێوەیەکی خودکارانە ئاوێتەی یەکتر دەبن و واقـیعی ئەو ڕۆژگارانە وێنا دەکەنەوە و بە سانایی لە (دەربار)دا ڕژاونەتە سەر کاغەز.

ئەم گـرینـگیـدانەش بەشـوێنـی بەربڵاوی کـراوە لە ڕۆمـانـی (دەربار)دا بۆ خـۆی دیاردەیەکی چاوەڕوانکراو و چاوەڕوان نەکـراویشــە، چاوەڕوان کـراوە لەبەرئەوەی بەسەرهاتی ڕۆمانەکە بەسەرهاتی هەموو گەل و نیشتمانە و نابێ و نالوێ لە تەنیا شــوێنە تـاریک و داخــراوەکــان، یـا لە دڵ و دەروونـی کــەســێک یـا کــەســانێکی

دیاریکراودا گیر بدرێن، هەر بۆیەکەش شار و لادێ، زانکۆ و شەقام و شوێنە گشتییەکانیش دەگرێتەوە.

چاوەڕوان نەکراویشە هەر هیچ نەبێ بەلای منەوە، چونکە ڕۆماننووس خوسرەو جاف و هەردوو کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکەی فەلاّمەرز و یاسەمین، هەموو ئەندازیاری بیناسازین (میعماری)، لە حاڵەتی واشدا ئەوەی پێشبینی دەکرێ ئەوەیە کە ئەم جۆرە کەسانە لە ڕووی پسپۆڕیەتیی خۆیانەوە بایەخی پتر بە تەفاسیلی بیناسازی بدەن وەک: ئەندازە و جۆری هەڵکەوتنی ژوورەکان، بەرزی و نزمیی بینایە، نەردەوان، ژێرزەمین، ڕاڕەو، کۆگا و پێچوپەناکانی وەک گەرماو و توالێت و ئاشخانە، کە هەموو لە زانستی دەروونی فرۆیدی و دوای ئەویش مەدلوولاتی دەروونیی باشلاری و سێکسییان زۆرە، بەتایبەتیش کاتێک کە لە ڕۆمان و کاری هونەریدا ڕەنگ دەدەنەوە.

یاسەمین و فەلاّمەرز کۆشک و کونج - شوققە، بەندیخانە، ریستوران، ئوتێل، مەزار و زۆر شوێنی دیاریکراوی تریش دەبینن، فەلاّمەرز تەنانەت نەخشەی کۆشکی وەلی عەهدیش دادەڕێژێ و سەرپەرشتییشی دەکا، بەلاّم بایەخدانی ئەم و یاسەمینیش لە سنووری بایەخدان بە ئاوت لاین و دیکراسیۆن تێپەڕ ناکات.

٥

لە (دەربار)دا خوسرەو وردەکاریی تری زۆری کردووە بۆ ئەوەی واقیعییەتێکی ئەدەبی بە کارەکەی بدات و لە کاری مێژوویی دووری ڕابگرێ.

٥ - ١: زۆربەی ئەو ڕۆماننووسانەی کە لەسەر زەوینەیەکی مێژوویی کاریان کردووە و ڕۆمانیان لەسەر بنیات ناوە، ناوی کەسە لاوەکییەکانیان بەخۆیان ناوناون، بەلاّم ناوی پاڵەوانە سەرەکییەکانیان ناوی ڕاستەقینەی خودی ڕووداوە مێژووییەکە بەمەش سیفەتە مێژووییەکە زرپ و زەق بەبەرهەمەکانیانەوە ماوە، بەلاّم هەرچی خوسرەوە بەخۆی ناوی پاڵەوانە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکەی ناوە و مێژووی کەسایەتییان هەر ئەوەیە کە لە دەقەکەدا بنیات دەنرێ وەک: فەلاّمەرز، یاسەمین، ڕەحمان، فەرهاد... بەلاّم ناوی کەسە لاوەکییەکانی ڕۆمانەکەی ناوی ڕاستەقینەی مێژووین، وەک: هایدە، حومەیرا، گوگوش، ستار، گوڵپایگانی،

حەسەن زیرەک، شاملۆ و، پرۆفیسۆر هشترووییان، پەروێز یاحەقی، عەهدییە و...هتد.

بنەماڵەکان: ئەفخەمی، ئەعلەم، بەگزادەخان، ئەمیر ئەقدەم، هوەیدە، ئەزهاری، عەلەم، زاهیدی، نیکخواه، فەرەیدوون، ناوی جەنەراڵەکانی، ناوی وەزیرەکانی، هەموو ئەوانە لە دەقی دەرباردا ناویان دەهێنرێن، بەبێ ئەوەی رۆڵێکی سەرەکی یا هەندێ جار تەنانەت رۆڵێکی لاوەکیشیان هەبێ، بەڵام دیارە ئەو ناوهێنانە واقیعییەتێک بە دەقەکە و متمانەیەک بەخوێنەر دەدا، کە حەزەکانی تێر دەکات.

شارەزاییەکەی خوسرەو لەم بوارەدا، بواری ناسینی کەسەکان و شوێنەکان و زانینی رووداوەکاندا گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووی ژیانی رۆژانەی راستەقینەی خۆیەتی، بۆیە بێ لە دەرگەدان دەچنە دڵەوە.

٥ – ٢: شارەزاییی خوسرەو هەر لە بواری ئەو مێژوو و جوگرافییەدا گیر ناخوا کە گۆڕەپانی رووداوەکانی دەربار پێک دەهێنن، بگرە دەگاتە ئاستی بیروباوەڕە ئاینی و مەزهەبییە هەمەجۆرەکانی ناو خەڵک و داوونەریتی کۆمەڵایەتی و شێوەی ژیانی رۆژانە و جلوبەرگ و خواردەمەنی و کاروکەسابەتی لادێی کوردەواری و گۆرانی و سرووتی ئاینی و مەزهەبیی ئەهلی حەق و ئابووریی کۆمەڵی جووتیاری سەر سنوورەکانی ئێران – عێراق، کە بەزۆری کشتوکاڵ و قاچاخچێتییە.

دەربار لە گوندی کانی تووی ناوچەی کرندی ئوستانی کرماشانی کوردستانی رۆژهەڵات / ئێران و مەزاری (باوە یادگار)ی پیرۆزی ئەهلی حەقەوە دەست پێ دەکا و لەسەر تاکە تاکەی رێورەسمی ئاینی و ژیانی رۆژانەی خەڵکەکەی و پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ململانێکان و گرفتەکانیان دەوەستێ، کە ململانێیەکی دوو سەرەیە، هەم لەگەڵ سیستەمی فیوداڵی و دەرەبەگایەتی کە (زەینەدین)ی سەرکار نوێنەرایەتیی دەکا، هەم دەسەڵاتی رژێمی ئێرانیش کە خۆی لە فەرماندەی ژاندەرمیری و دەسەڵاتە رەهاکانی پاسگەی (پاتاق)دا دەنوێنێ.

سەرێکی تری رووداوەکان دەچێتەوە کۆمەڵگەی ئەریستوکراتی تاران و ئەتەکێت و پێوەندییە هاوچەرخەکانی کۆمەڵگەی شارنشین و پایتەختنشینی دەرباری شاهەنشاهی و کۆشک و تەلاری دەوڵەمەند و ئاغا و خاوەن پلە و پایەکانی هەزار فامیل و داوونەریتی کۆمەڵایەتیی هاوچاخی ئێرانی، ئیتر هەر لە تەرزی ژیان و

بینا و کۆشک و ڤێللا و دیکراسیۆنەوە بیگرە تا دەگەیتە وردەکارییەکانی ئەتەکێتی هەڵسوکەوت و جۆرەکانی خواردن و خواردنەوە و شێوازی ڕازانەوەی و پێشکێشکردنیان و تا مۆدێلەکانی جلوبەرگ و کەرەستەکانی مکیاج و بۆن و ئەو ئاهەنگ و مۆسیقا و سەما و گۆرانییانەی کە دەیانهەژێنێ و ئەو نوکتانەی کە دەیانهێنێتە پێکەنین و ئەو قسە و باس و دڵەڕاوکێ و پێوەندییە درۆزنانەیەی کە پێکەوە هەیانە، تا بەشێوەی خۆشەویستیی موزەییەف و شووکردن و ژنهێنانی بە بەرژەوەندیدا ڕادەگەن.

هاتوچۆی پاڵەوانەکانی دەربار چالاکیی کۆمەڵایەتی و فیکری و دەروونییان لە نێوان دوو جەمسەری دژبەیەکی جووتیاری ئەتراف و ئەریستوکراتی پایتەختی سەنتەردا، لە نێوان کۆمەڵگەی بەجێماوی فیودالّی شارە دوورەکانی پەڕاوێز و کۆمەڵگەی دەسەڵاتداری ڕێژیم و بازرگان و پیشەکارانی پایتەختی ئەوروپامەشرەبدایە، دیارە وێناکردنی ئەو هەموو ناکۆکی و ناجۆری و ئەو هەمەڕەنگییە چ وردەکاری و شارەزاییەکی لە ڕۆماننووس، خوسرەو جاف، خواستووە بۆ ئەوەی ڕووداو و کەسەکانیش لەسەر زەوینەیەکی لەباری وادا هەڵسووڕێنێ کە بەشێوەیەکی سروشتی و لە واقیعی پڕ لە ناکۆکیی ئاینیی شیعە و سوننە و ئەهلی حەق و دژایەتیی چینایەتی و نەتەوەییەوە بتوانن کار بۆ ئامانجی هاوبەشی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی بکەن و پرۆژەی شارستانیی نوێ دابڕێژن، کە بەداخەوە لە دەرباردا، لە غەفڵەتێکی مێژووییدا پرۆژەی گەڕانەوە – پاشەگەردانیی ئاینزایی جێی پێ چۆڵ دەکاو بە ئاگر و ئاسن دۆخی (١٤٠٠) ساڵەی ڕابردوو لە جێیدا پیادە دەکا، بەڵام دیارە لە شێوەی مەهزەلەیەکدا.

نموونەی جوانیی ئەم دوو دنیا جیاوازەی پایتەخت و شوێنە پەڕاوێزەکان، جووتیاران و چینی هایلایفی ئێران لە دەرباردا زۆرن، کە شایەتی بۆ شارەزاییی ڕۆماننووس دەدەن لە مامەڵەکردنی لەگەڵ خوار و ژووری ئەو کۆمەڵەدا کە کاری لەسەر دەکا، لێ ئەم دوو نموونەیە بەسن بۆ مەبەستەکەی ئێمە:

بەشی چوارەم لە بەرگی یەکەم باس لە میواندارییەکی ئەمیر ئینتیزامە لە خانوو / ڤێللاکەی خۆیدا لە گەڕەکی نیاوەرانی تاران لە داوێنی چیای ئەلبورز، ئەم گرتە خێرا پچڕپچڕانەی لێ هەڵدەبژێرم:

(... مـێزەکـان بە چەرچەفی ڕەنگاوڕەنگ داپۆشـراو هەریەکە گـوڵدانێکی پڕ لە گـوڵی ڕەنگاوڕەنگ و مـۆمـێکی داگـیرسـاوی نێـو تۆپێکی شـووشـەیینـی لەسـەر دانرابوو... چەپک چەپک گوڵی نیلۆفەر و کلاویل و گەڵای سەوز بەسەر ئاوی گۆمی مەلەکەوە پەخش کرابوویەوە... سۆنە ڕەنگاوڕەنگەکانیش بێدەنگ بەدوای یەکدا... پەنجـەی زێڕینـی پەروێز ژێی کـەمـانی هێنـابووە هـەرا و هاوار... حـومـەیرا دانیشـتبوو، دەنگ و ڕەنگ و خان و مـانی بەچوار تەنیشـتا دەبیسـرا و دەبینرا... بڕێکیـان ژنەکـانیـان زۆر لە خـۆیان منداڵتر... ئافـرەتەکان یەکتـریان دەناسـی... سـەدان جـار دەبـوونە قـوربان و سـەدەقـەی یەکـتـر، سێ هەنگاو لە یەکـتـر دووركوتنایەتەوە سەد ناو و ناتۆری یەکتریان هەڵدەدا...)

حومەیرا لەپڕ دەچریکێنێ... ئەندێشـەی دانیشـتوانی شـەونشـینی سـەرمەسـتی ئەلکوول و سـەرگەرمی قسـەوباس پچڕپچڕ دەکا... لەپڕ شـڵپە شـڵپ و هاوار و قیژەیەک ئەم شەونشینییە دەکاتە کۆمیدیایەک، ژنێک دەکەوێتە حەوزەکەوە و هاوار و قیژەی ئەو و زیقەزیقی مراوی و پێکەنینی میـوانان کۆتایی بەو هەموو کەشوفشە دێنێ.

بەرامـبـەر بـە دیمەنی کـۆمـەڵگەی ئەریسـتـوکـراتی، دیمەنی لادێیی زینکردنی ئەسپیش لە لاپەڕە (١٠٣) بەشی (٤١)ی بەرگی (٤)دا هەیە:

(... ئەسپەکە ڕەحمانی دیت پڕماندی... ڕەحمان دەستی ماڵی بەسەر و یاڵیدا.. نەرمە لەبادی ژێر زینی خستە سـەر پشتی... تەکەڵتووی خستـە سەر لەبـادەکە... قـوشـقی خسـتـە بن کلکی... یەرکـێـشی لە سـینە ناو بـەسـتـێـوە بە قـەڵتـاخـەوە، تورزەنگێکانی چەپ و ڕاست دابووە سەر قەڵتاخەوە و بە لوغمەوە شۆڕ بووبووەوە، ڕەشمـووی ڕاکێشا و ئەسپی لەگەوڕ وەدەرهێنا، یەشتا لەقاوی لە دەم و کـاکییەی ئەسپ نـەنابوو... کـەفـەڵ پۆشـی دابەسـەر کـەفـەڵی ئەسـپـدا و لـەقـاوی لە دەم نا، ڕەشمووی لەسەر داماڵاند و پێچایە مێخێکەوە و لە توورەکەی ئالیکی ناو لە پشتی قەڵتاخەوە بەستی بە بەن سامۆتکەوە، ئەسپە کوێت... سەروقەپۆزی سوور دەدا... هاتە چەپۆکان..)

هاتنە جونبش و پرمـەپرم و جووڵان و سەربادان و چەپۆکان و سمکۆڵانی ئەسپە کوێت و، وەسـتـان و تاک تاک لێکردنی ئەسپاب و پارچەکانی زینـەکەی ئەگەرچی لە شـارەزاییی ڕۆمـاننووسـەوە سـەرچاوە دەگرێ، بەڵام لـە ڕاسـتـیدا پانۆرامـایەکی

دەسکرد نییە بۆ دەربڕینی ئەو شارەزاییەیە، یا بۆ بەرجەستەکردنی دیمەنێکی فۆلکلۆری سواروسوارچاکی و کەلەپووری کوردەواری وەک زۆر لە چیرۆکنووسان بەبێ پێویستییەکی هونەری، هەر بۆ ئەو مەبەستانە لە بەرهەمی خۆیانی دەئاخێن. بگرە لێرەدا حاڵەتی سایکۆلۆجیی ئەسپەکە و ئەو بزاوە سلۆمۆیشنەی کە ڕەحمان لە زینکردنی ئەسپەکەدا دەیکا، لە ڕاستیدا گوزارە لە حاڵەتی سایکۆلۆجیی پڕ لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێی زۆری خودی ڕەحمان دەکا کە لەلایەن مەلا حیلمی – ی بەرپرسی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوولی ئەو ناوچەیەوە ئاگەدارکراوەتەوە لەگەڵ ئەو کە شامار و دەستەکەیدا ئەو سەرسنوورانە بەجێ بهێڵن ئەگینا لەسەر داوای ساواک دەیانکوژێ، لەسەرێکی تریشەوە هەر لەو بارودۆخەدا ساواک دوو جار پێوەندی بەخۆیەوە (بەڕەحمانەوە) دەکەن کە پەیمانەکەی لەگەڵ ساواکدا بۆ کوشتنی سەردەستەی یاخیبووان ئەوکە شامار جێبەجێ بکا ئەگەر نا ساواک شتێکی تری لەگەڵدا دەکا. هەروابێتەوە بەر لە زینکردنی ئەسپەکە ڕەحمان بەچەند سائێک لەگەڵ سەبریی ژنیدا وەرەوردی ئەوە دەکا کە دەبێ ئەو و منداڵەکەی لە کێلەبەرزە نەمێنن و بچن بۆ لای خزمانی لە سلێمانی و نەیەتەوە هەتا ئەو ناوونیشانەی دەدەنێ کە لەگەڵ ژنەکەیدا لەسەری ڕێک دەکەون، بەڵام ئەمە هێشتا بڕیاری کۆتاییشی نییە، ئا لە حاڵەتێکی دەروونی و دڵەڕاوکێیەکی ئاوادایە ڕەحمان لە ترسی ئاشکرابوونی پێوەندییەکەی لەگەڵ ساواک و لەولاوە هەڕەشەی مەلا حیلمی بە کوشتنی و، ئەو دڵەڕاوکێیەی کە بیرکردنەوە لە کوشتنی ئەوکەی سەردەستەی تووشی دەکا، هەموویشی لە یەک ئان و ساتدا پاڵەپەستۆی بۆ دێنن و ئەوکەش ناردوویەتییە دووی بچنە دیداری مەلا حیلمی و لە هۆی نامەکەی بگەن، ڕەحمان بەپەلەپەل ژنەکەی بەجێ دەهێڵێ و دەچێتە گەوڕە تاریکەکەوە، کە گوزارە لە بەرچاوتاریکی و بێ هیواییی خۆی دەکا، دەچێت ئەسپە کوێت زین دەکا، لێرەشەوە دیارە ئیتر ئەو جووڵانەوە سلۆمۆیشنەی کە لە زینکردنی ئەسپەکەدا دەیکا بۆ پەیداکردنی کاتی فرەتر و بۆ بیرکردنەوەی زیاتر، چەند بۆ ڕەحمان پێویستە تا دوا بڕیاری خۆی بدا.

٥ – ٣: بوێریش خەسڵەتێکی تری (دەبار)ە، لە دەرباردا شوێنەواری سانسۆری خودیی ڕۆماننووس و فەرمی و یاساییی دەسەڵات هەستی پێ ناکرێ، دەربار چ بە

پانی / ئاسۆیی و چ بە ئەستوونی / شاوڵی هەرسێ تابۆ باوەکەی ئەدەبی کوردی (سـیـاسـەت، سـێکس، ئاین) دەبڕێ، کـە مـرۆڤ بۆ شـاردنـەوەی ئارەزووە ڕاستەقینەکانی و بۆ جوانکردنی کردەوە ناشرین و بنەما ئەخلاقییە بەدەکان و ڕتووشکردنی بێئیمانی لە چاویان دەکا.

لە دەربارادا (سیاسەت هەر بەڕاستی بێ داک و باب) خۆی دەنوێنێ: محەمەد ڕەزا شای ئێران بۆ ڕزگارکردنی تاج و تەختی خۆی و ڕازیکردنی نەیارەکانی، شۆڕشی سپی ڕادەگەیەنێ و زەوی دۆستە دەرەبەگەکانی، کە کۆڵەکەی ڕێژیمەکەی بوون، زەوت دەکا و بەسەر جووتیاراندا دابەشیان دەکا، گومانی ئەوەی لێ دەکرێ کە دەستی لە کوشتنی عەلی ڕەزای برایشیدا هەبووبێ.

مەلا حیلمی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولی پارێزەری باشووری کوردستان، بۆ پاراستنی باری خۆی بەڵێنی دەرپەڕاندن، یا کوشتنی (ئەوکە شامار) و ئەو ١٠ – ١٢ چەتەیە بە سـاواکی ڕێژیمی شـا دەدا کـە لەگـەڵیـدا بوون و بۆ ئەو ڕۆژانە تروسکەی هـیـوایەکی خـەڵکی ڕۆهـەڵاتی کـوردسـتـان بـوون، بەتایبـەتی لای پێڕەوکارانی ئەهلی حەق لەو سەرسنوورانەی ئێران – عێراق.

کـۆنە شـیـووعـیـیـەکان، مـارکـسـیـیـە ڕووخـاوەکان، ئـەوانەی کـە دەکـەون، کـە دەخـرچێن، سـووک و ئاسـان پشت لە پرەنـسـیپ و هاوڕێ و ئەو خـەڵکە دەکـەن، لەو جـەمـاوەر و چینە هەڵدەگەڕێنەوە کە پێشـتـر لافی نوێنەرایەتی و پێشـڕەوایەتییـان دەکـەن و ڕێکوڕەوان دەچنە خـزمـەتی دیکتـاتۆرانـەوە و دەبنە داردەسـتـیـان، بەتـایبـەتیش لـە بواری ڕاگـەیاندن و ئـەدەب و هونەرەوە، ئـەمـەمـان لـە سـەردەمی دیکتـاتۆری بەعسی عێراقیشـدا دیت و لە ڕۆمـان و ئەدەبی ئەمەریکای ئیسپـانی و ئەفریقیا و زۆرێک لە ئەدەبی جیهانی سێیەم و چوارەمیشدا خوێندەوە، کە لەلای ئۆرهان پامـوک لـە ڕۆمـانی (بەفر)دا نموونەی ئەم چەپگەرە ڕووخـاوانەن کە دەچنە ژێر ئالای ڕێژیمی کەمالییـەوە و شاری قـارس بـەسـەر خـەڵکەکـەیدا وێران دەکـەن، نموونەی تریش زۆرن.

دیارە ئـەم حـاڵـەتە لە ئێـرانی سـەردەمی شـایشـدا ڕووی داوە و خـوسـرەو لە ڕۆمانی دەربارادا وا بەناو بەرجەستەی کردوون:

ئەرژەنگ، کۆنە کۆمۆنیستە دواتر دەبێتە ساواکییەکی دڕندە بە گیان خەڵک کە

دەنگدەداتەوە، بەشداری لە ڕفاندن و ئەتککردنی (ژیلا)ی قوتابی و خەباتکار دەکا.

شەهرەیاری، کۆنە کۆمۆنیست کە دەبێتە ئەڵقەلەگوێی ساواک و دێت لە عێراق پێوەندی بە (تەیموور بەختیار)ی ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیمی شاوە دەکا هەتا غافڵی دەکا و بەختیار دەکوژێ و دەگەڕێتەوە ئێرانیش.

نیکخواە: کۆنە کۆمۆنیست کە هەوڵی کوشتنی محەمەد ڕەزاشا دەدا و دەسگیر دەکرێ و حوکم دەدرێ، لێ دواتر شا لێی خۆش دەبێ و دەیخاتە سەر کارێکی حکوومەتیش و ئیتر دەکەوێتە خزمەتی شاوە هەتا ئینقیلابی ئیسلامی سەردەکەوێ و دەیکوژن، لە ڕاگەیاندندا خزمەتی شا و ڕێژیمەکەی دەکا، ئاغای موهتەدی، کە بە پشتیوانیی شابانووەوە و، بەیارمەتیی برێک کۆنە کۆمۆنیستی ڕووخاوی ترەوە دەست بەسەر ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ئێران و ژمارەیەک دەزگای هونەری و ڕۆشنبیریدا دەگرێ و بۆ شتنەوەی مێشکی خەڵکیان بەکاردەبا، کە تیایشیدا سەرکەوتوو نابێ.

بەڵام لەگەڵ جیاوازیی ئەوەدا کە ئەو شیوعییە ڕووخاوانەی ئەوانی تر و ئەوانەی نێو ڕۆمانی عەرەبی و تورکی نموونەی ئەدەبی و کەسایەتیی ئەلتەرناتیڤی ئەوانەی واقیعین، بەڵام ئەو ناو و نموونانەی خوسرەو جاف لە (دەربار)دا ئاماژە، یا ڕۆڵی داونەتێ ناوی ڕاستەقینەن و نموونەی هەڵبژاردەی ئەو شیوعییە ڕووخاوانەن کە هاوکاریی ڕێژیمی شای داردەستی ئیمپریالییەتی ئەمەریکا بوون، ئەمەش یەکێکە لەو موفارەقە سەیرە سیاسییانەی کە پێناسەی (سیاسەت دایک و بابی نییە) پشتڕاست دەکا.

جگە لەمە تەنانەت خودی ئەو ڕێکخراوە چەپڕەوەشی کە هەردوو کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکە (فەڵامەرز و یاسەمین) کاری تێدا دەکەن ئەویش لە کۆتاییدا دەبێتە ڕێکخراوێکی توندوتیژی، نەیارانی لە پیاوانی شا تیرۆر دەکا، دوو بانک دەڕووتێننەوە، نەخشە بۆ ڕفاندنی وەلی عەهدی ئێران دادەنێن، فەڵامەرز لە وشیاربوونەوەیەکی خاودا بڕیار دەدا کە ئیتر خاوەنی کەسایەتیی خۆی بێ، بەڵام لەسەر داوای ڕێکخراو و بەئاگەداریی یاسەمینی دڵداری و بۆ مەبەستێکی ڕێکخراو و بە دەستهێنانی ناوبانگێک کە ئەندازیارانی تر ئێرەیی پێ بەرن، پرۆژەی بینای کۆشکی وەلی عەهد و لە هەمان کاتدا پێوەندییەکی ڕوحی و

جەستەیی لەگەڵ (لی لێ خان)دا دەبەستێ کە دەربارییە و (١٠) ساڵ لە خۆی گەورەترە، هەتا لە دواییدا دەبێتە خۆشەویستییەکی گەرموگوڕ.

هەر ئەو فەلامەرزە چەپڕەوە وشیار و مرۆڤدۆستەشە (!) دواتر لەسەر بڕیاری ڕێکخراوەکەی هاوکاریی گرووپێک لە ڕێکخراو دەکا بۆ ئەوەی هەر بەتەنیا لەسەر گومان هاوڕێیەکی تری ڕێکخراو لەنێو ماشینەکەی خودی فەلامەرزدا بە درندانەترین شێوە بکوژن و تەرمەکەی فڕێ بدەن.

هەر هەمان ڕێکخراوی چەپگەریشە کە بۆ ڕزگارکردنی فەلامەرز پەنا دەبەنە بەر ڕفاندنی کچێکی ١٠ تا ١٢ ساڵانەی بەرپرسێکی ڕێژیمی ئیسلامی تا فەلامەرزی پێ لە زیندان ئازاد دەکەن.

هەمان یاسەمینی (نیشتمان پەروەر)یشە لە سەردەمی شادا بە یارمەتیی ڕێکخراوی تیرۆریستی (بادر ماینهۆف)ی چەپگەری ئەڵمانی و (فەتح)ی فەلەستینی دەگاتە عێراقی سەردەمی بەعس و بەیارمەتیی چەک و پارەی موخابەراتی عێراق مەشق دەکا بۆ لێدانی (نیشتمان)ەکەی خۆی ئێران، ماوەی چەند ساڵێکیش لە ڕێگەی ڕادیۆی فارسیی بەغداوە هاوبەشی لە پرۆسەی مێشکشتنەوەی گەلانی ئێرانیدا دەکا بۆ بەرژەوەندیی دیکتاتۆرەکەی عێراق.

لە سەردەمی ڕێژیمی ئیسلامیشدا هەر یاسەمین و ئەنجا لەگەڵ فەلامەرزدا و لە سەردەمی شەڕی ئێران – عێراقدا دێنەوە عێراق و بەیارمەتیی موخابەراتی ڕێژیمی بەعس و بە پاسپۆرتی مزەوەری ئەوان عێراق بەرەو فەرەنسا بەجێ دەهێڵن. ئەمە ڕەنگە (لە ناچاریی سەر بەماڵی دوژمندا کردن) بێ، لێ دیوەکەی تری بێ ئامانی سیاسییەکان و سیاسەت دەسەلمێنێ کە هونەری مومکیناتە و لە سیاسەتدا کە (داک و بابی) نییە پرەنسیپی نەگۆڕ نییە، بگرە بەرژەوەندیی گۆڕاو هەیە و هەردەم کار بەو تێزە باوە دەکرێ کە دەڵێ: دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە و ئیتر نە دوژمنی هەمیشەیی و نە دۆستی هەمیشەیی و نە پرەنسیپی هەمیشەیی هەیە.

گەورەترین گاڵتەجاڕی سیاسیش لە دەربارەدا ئەوەیە کە فەرهادی نیمچە خوێنەواری جێکێش و پڕ بەپێستی وشە (لۆتی) براکوژ و دایک خۆکوژ بازی بە ڕیشی موخابەراتی عێراقی و ئیتیلاعاتی ئێرانی دەکا و دەچێتە خوێنی زۆر کەس

لەبەر بەرژەوەندیی خۆی.

ئەمە کردەوەکانی ڕێژیمی شا و ساواکەکەی و کەسە کۆمۆنیستەکان و ڕێکخراوە چەپڕەوەکانی ئۆپۆزسیۆن، دیارە کار و کردەوەی ئۆپۆزسیۆنە ئیسلامییە مەزهەبییەکانیش لەوان چاکتر نەبووە، ئەوانیش پێش ڕووخانی شا لە ئەباداندا سینەمای (ڕێکس) ئاگر تێ بەردەدەن کە نزیکەی (٦٠٠) کەسی بێگوناهی تێدا دەسووتێ هەر لەبەرئەوەی بیخەنە ئەستۆی ساواک و پیاوانی شا، هەر ئەوانیش بوون و هەر لە ئەباداندا بارەگای حزبی ئێران نوین، بازاڕی سەفای جەمشید و کێڵگەی بەخێوکردنی بەرازیان ئاگر تێ بەردا.

لە کات و لە دوای ڕووخانی شا و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامییەوە، زۆر کاری ناڕەوا و ناجۆر ڕووی دا، حزب و لایەنە سیاسییەکان هەموو لە گۆڕەپانەکە دەرکران بە چەپ و میانڕەو و نەتەوایەتی و لیبراڵییانەوە، خەڵکێکی زۆر بەبێ دادگایی، یا هەر بەدادگەیەکی مەیدانی خرانە زیندانەکانەوە و کەوتنە بەر ئازار و ئەشکەنجەدانی کەسانی وەک قادر و شەهاب قومی و حوکمی حاجی ئاغا و زۆریشیان لە سێدارە دران بەتایبەتیش پیاوانی شا و چەپگەرایان و کوردگەلێک کە داوای مافی نەتەوایەتییان دەکرد.

٥ – ٤: ئاین و مەزهەب لە دەربارەدا حوزوورێکی پیرۆزی نییە، بە ڕاستەوخۆیش پەلامار نادرێ، لێ لەکار و کردەوە و چاو و بۆچوونی کەسە جیا جیاکانەوە دەخوێنرێتەوە و وەکو هەر دیاردەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی هەڵدەسەنگێنرێ و هەڵسوکەوت لەگەڵ دەرهاویشتەکانیدا دەکرێ.

دەربار بە بوێرییەوە خۆی لە قەرەی بیروباوەڕ و ڕێوڕەسم و مەزار و پیرۆزییەکان و داوونەریتی (ئەهلی حەق) دەدا، لەسەر وردەکارییەکانی زیارەتی مەزارگای کەسایەتیی پیرۆزی ئەوان (باوە یادگار) دەوەستێ.

ئەهلی حەق ڕێبازی ئاینیی ئەو کوردگەلەیە کە لە خۆرئاوای شاری کرماشان و لەسەر سنوورەکانی ئێران – عێراقدا دەژین، زۆرجارانیش لەلایەن موسڵمانە کورد و فارسە سوننی و شیعەکانیشەوە دووچاری توندوتیژی دەبنەوە، ئەگەرچی لە هەندێ ڕووەوە لە شیعەشەوە نزیکن و ئیدیعای سەیدیش دەکەن، (باوە یادگار) و (سەیبراکە) لە پیرۆزمەندانی ئەوانن، گەورەترین سووکایەتیش بە ئەهلی هەق

بکرێ (سمێڵ تاشین)یانه، که له ڕۆمانی دەربارەدا سەروان عەزیزی فەرماندەی پاسگەی بەنێوبانگی (پاتاق) بۆ سووکایەتی دەیکا و سمێڵی سەی سەلمانی کانی توو و ئالانەزەری مەرەخێڵ دەتاشێ و دواتر دەبێتە هۆی کوشتنی لەلایەن ئەوکە شامارەوە کە سەردەستەی یاخیبووانی ئەهلی هەقە.

له ڕووداوێکی نائاسایی تریشدا ڕەحمانی کوڕی سەید سەلمان له کردەوەیەکی بەپێچەوانەی شێخی سەنعان، ئەم واز له ئەهلی هەق دەهێنێ و له خۆشەویستیی کچێکدا دەبێتە موسڵمانی سوننی مەزهەو بۆ ئەوەی (سەبری)ی بدەنێ.

بەڵام تالان و بڕۆ و کوشتن و بڕین و ئازار و ئەشکەنجەی ئەو تەوژمە ئیسلامە سیاسییەی کە دوای ڕووخانی شا له ئێراندا دەسەڵاتی گرتە دەست زۆر بە وردی له ڕۆمانەکەدا وێنا کراون، بە ڕادەیەک ئیتر جیاوازییەک له نێوان مومارەسەکردنی ئاین و سیاسەتدا نامێنێ.

بەڵام تراجیکۆمیدیی هەرە گەورەی ئاینی کە له ڕۆمانی دەربارەدا دەقەومێ ئەو دیمەنە پڕ له قەساوەتەیە کە ڕۆستەم زاغی ئەهلی هەقی خەڵکی کانی توو له ئەنجامی له دەستدانی وڵاخێکی بەرزەیەوە دووچاری دڵتەنگی / کەئابەت دەبێ و کەسوکار بۆ چاککردنەوە دەیبەن بۆ دێی بەرزەقەڵا بۆ لای شێخ سەفائەدینی سوننی مەزهەو، ئەویش پێی وایە جنۆکە چوونەتە گیانێوە، بۆیە دەیخاتە چاڵێکەوە و مەقاڵەیەک خەڵووز و پشکۆیشی له تەکدا دادەنێ و سەرەکەی دادەپۆشێ و ئیتر گوێ بە هاوار و ناڵەی ڕۆستەم نادات تا وەختێک دەنگی نامێنێ و بانی چاڵەکە لادەبەن تەماشا دەکەن ڕۆستەم خنکاوە و تەرمەکەی دەبەنەوە.

ئەمە ئەو دوو دیوە سلبییەیە: (سیاسەت) و (خورافەت) کە له ڕۆمانی دەربارەدا ئاینی تێدا دەردەکەوێ و هەر کە ڕەشە خەڵکەکەش باوەڕیان پێ دەهێنن ئیتر دەبنە هێزێکی مادیی لەبننەهاتوو.

٥ – ٥: ڕچەشکێنیی بەرچاوی دەربار له باسکردن و وێناکردنی سێکس و هۆکار و ئامانج و شێوە و جۆر و هەندێ جار وێنەگرتنیشێتی بە نیازی هەست بریندارکردن و سەرشۆڕپێکردنی نەیاران و ئیبتیزازکردنی خەڵکانێک بۆ کاری سیاسی و هەندێ جاریش خودبەخشانە و هەروا بۆ تێرکردنی تەوح و هەوەس.

ساواک بۆ کاری سیاسی نەخشە بۆ ئیغتیسابکردنی (ژیلا خان) دادەڕێژن و بۆ ئیبتیزازکردنی وێنەشی دەگرن و بەوە لە دژی (میهران)ی دڵداری بەکاریشی دەبەن کە تێکۆشەرێکی خەباتی نهێنییە لە دژی شا. ژیلا دەنگی (میهران) تۆمار دەکا بۆ ساواک، ئاکام میهران بەدەستی ساواکەوە تێدا دەچێ ئیتر ژیلا بەتەواوەتی تێ دەکەوێ و ئەنجام ئەم بەخۆی دوای (ئەرژەنگ) و (میهرداد) و ئاغای مەنسوورییی بەڕێوەبەریان دەکەوێ کە بە هەرسێکان فریای تێرکردنی ناکەون، ڕێک وەکو دیوی دووەمی (ئەرژەنگ)ی کۆنە کۆمۆنیست کە دەست ساواک دەکەوێ، ئیعتیراف لەسەر هاوڕێکانی دەکا تا بۆ خۆیشی دواتر دەبێتە ئەو ساواکییە بەنێوبانگەی کە هەموو تارانی هەژاندبوو.

عەباس تیغی، موجتەبا جووجە، غولام نەقشی، ئیسی مووشی، بەیارمەتیی (مەمەدی) و (سودابەخان) کە ئەو دووەش قوربانیی ئەوانن، بۆ تۆڵەکردنەوە لە ڕەحمان ملکی دێن (فەرهاد)ی کوڕی دەخەنە سەرکاری خراپ، کە گەورەش دەبێ ناتوانێ وازی لێ بێنێ و بۆ خۆی لەگەڵ نێربازێکدا (کۆرش) ڕۆڵی ژن دەبینێ و سێکسی وێکچووان دەکەن. پیاوانی ئیتیلاعاتی دەسەڵاتی ئیسلامیش لە زیندان‌دا (کوردەخان)ی ژنی فەرهاد سک پڕ دەکەن، کە لەسەر ڕاپۆرت و ئیخباری خودی فەرهادی مێردی دەسگیری دەکەن، دواتر دەردەکەوێ پێش ئەوەی ئیتیلاعات – ئەمنی ئیسلامی کوردە دەسگیر بکەن، هەر ئەو بەناو مێردە (فەرهاد) چوارمێخەی کوردەی ژنی دەکێشێ و دەیبەستێتەوە و (کۆرش)ی نێربازی تێ بەردەدا بۆ ئەوەی ڕازیی بکا و زیاتر لە خۆی بپەڕێ. بۆیە کوردە دڵنیا نییە کە زگەکەی لە کۆرشە یا لە ئیتیلاعاتییەکان.

* سێکسی خودبەخشانەی لی لی و یاسەمین لەگەڵ فەلامەرزدا کە یەکەمیان مێردی هەیە و دووەمیان هەر بۆ خۆشی و خۆشەویستی بەبێ مارە و تەڵاق و لەسەر داوای خۆی کچێنیی خۆی بە فەلامەرز دەدا، لە کاتێکدا هەردوو ژنەکە بە پێوەندیی ئەوی تریان بە فەلامەرزەوە دەزانێ و نەک هەر لێی ناتۆرێن بگرە چێژیش لەو حاڵەتە دەبینن، تەنانەت یاسەمین کاتێک حەزی دەچێتە فەلامەرز بەخۆی داوای لێ دەکات باسی لی لی – ی بۆ بکا کاتی جووتبوونیان، ئەمە پتر لە جار و دوو لە دەقەکەدا دووبارە بووەتەوە.

* سێکسی ڕەحمان، کە بە خۆشەویستی ژنی هێناوە، لەگەڵ ژنانی تر و سێکسە شازەکانی لەگەڵ کوڕوکاڵەی بەدڕەوشت، لەگەڵ دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشدا ئەویش ئەوەیە کە هەموو کات دەرپێیەکی سەبریی ژنی لە جانتایەکدا پێیە و پێش ئەوەی لەگەڵ هەرچ سۆزانییەکدا جووت ببێ لە پێشدا دەرپێی ژنەکەی خۆی پێ لەپێ دەکا و پێی دادەکەنێتەوە و ئەوجا توخنی دەکەوێ.
* سێکسی سودابە و پەری بوڵندە و هەندێکی تر لەپێناوی پارە و دابینکردنی ژیان و ژیاری، یا تێیاندا هەیە هەر لەبەرئەوەی لە ماڵی خۆیاندا تێرسێکس نابن، لەگەڵ ئەمانەدا کۆمەڵێک بەناو پیاوی وەک عەباس زەرب و عەباس تیغی و ئیسی موشی و مەمەدی هەن جگە لەوەی ژیانیان خستووەتە سەر ئەم لەشفرۆشییەی ئەم ژنانە کە جێکێشیان بۆ دەکەن و لە پای ئەوەدا لە مەترسیی کوڕوکاڵانیان دەپارێزن، بۆ خۆیشیان چێژێکی دەروونی لەو سروشتە شازەیان دەبینن.
* دیمەنی ئەو پرۆسە جنسییانەی کە لە دەربارردا تۆمار کراون هەندێ جار زۆر بێ پەردە وێناکراون، زۆرجاریش بەزەیی دەوروژێنن تا حەزی سێکس وەک دیمەنی ئیغتیسابکردنی ژیلا و کوردە، کە پێچەوانەی شەو و دیدارە پەمەییەکانی فەلامەرز و یاسەمین و لی لی دەیوروژێنن، یا ئەو حاڵەتە شازەی کە لە نێوان سودابە و فەرهاددا باس دەکرێ قێز دەهێنێتەوە.

٦

شکستی گەورە لە دەربارردا چەمکی خۆشەویستی و دەزگای خێزان دەیخوا وەک یەکەی بناخەیی کۆمەڵ.

دەربار، جۆرەها پێوەندیی خۆشەویستی و جەستەیی نێر و مێ و تەنانەت نێر و نێریش لە خۆی دەگرێ، بەلام ئەوەیان کە لە سنووری پێوەندیی شاز و ڕەوشتی باویش دەردەچێ ناگاتە ڕادەی پێکەوەنانی خێزان، بگرە بەپێچەوانەوە تێیاندا هەیە ئەو نیمچە ئارامییەش تەفروتوونا دەکا کە لە هەندێ خێزاندا هەبووە.

چیرۆکی دڵداریی فەلامەرزو یاسەمین چیرۆکی دڵداریی سەرکیی دەربارە و ئەو دوایی ڕووداوەکانی تر بەدەوردا هەڵچنراوە، بەلام ئەم خۆشەویستییە هەرگیز ناگاتە ڕادەی جێگیربوون.

یاسەمین جەستە و تەنانەت کچێنیی خۆیشی بە فەلامەرز دەدا وەلێ هەرگیز ئامادە نییە بەشێوەی باو و شەرعی شووی پێ بکا. کە زگیشی لێ پڕ دەبێ، گوێ بە پاڕانەوە و هاوار و تووڕەبوونی فەلامەرز نادات و منداڵەکەی لەبار دەبا بۆ ئەوەی کاروباری مێرد و ماڵ و منداڵ ڕێی چالاکیی حزبایەتیی لێ نەگرن.

هەر لەپێناو بەرژەوەندی و بەراوێژی حزب یاسەمین پاڵ بە فەلامەرزەوە دەنێ بۆ باوەشی ژنێکی تر (لی لی خان) کە ئەمەش قوربانیدانێکی سەرنجڕاکێشە ژنێکی دڵدار بە دڵدارەکەی بدا.

یاسەمین زۆر بەڕوونی بە فەلامەرز دەڵێ: دوای نیشتمان تۆم خۆش دەوێ، کاتێکیش یاسەمین بڕیار دەدا بۆ مەشقکردن لەسەر چەک ئێران بەجێ بهێڵێ و بڕوات بۆ عێراق و کە فەلامەرز ناڕەزایی نیشان دەدا و دەڵێ ئەگەر لەوێ یەکێک داگیری کردی، یاسەمین دەڵێ: من گیانم بەخشیوە بە نیشتمان لەش ئەوە هەر پرسیاری لەسەر نییە.

کە بەیارمەتیی ڕێکخراوی بادرماینهۆفی ئەڵمانی و فەتحی فەڵەستینیش دەگاتە عێراق و دەگاتە دەست مەخابەراتی عێراق و ناو کەسانی سەر بە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە عێراق و ئاشنایەتی لەگەڵ (دڵشاد)ی کوردی عێراقدا پەیدا دەکا، سەرەتای پێوەندییەکی خۆشەویستی لەگەڵدا دەست پێ دەکا کە دەگاتە ڕادەی ئەوەی دڵشاد رووی خواستنی لێ بنێت، لێ دڵشاد لەسەر پێوەندیی لەگەڵ پارتیدا دەست موخابەراتی عێراقی دەکەوێ و بەر لە خواستنی یاسەمین، سەری تێدا دەچێت.

دواتریش کە یاسەمین و فەلامەرز لە پاریس بە یەکتر دەگەنەوە یاسەمین چاوێکی لەدەست داوە و شێوەی شێواوە و تەمەنی لە تەمەنی زگوزا گوزەشتووە و لە ڕێی (منداڵی شووشە)وە، لە بەزری فەلامەرز و لە توخمی (ئەزیتا) ناوێکەوە کە ئەویش هەر سەر بە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانییە لە پاریس، منداڵێکیان دەبێ کە لە ڕێی کارێکی پزیشکییەوە خراوەتە منداڵدانی یاسەمینەوە.

ئەمەش ڕوونە کە کۆتاییەکی نائاساییە بۆ دڵدارییەک کە لە بارودۆخێکی نائاساییدا ڕوو دەدا و ڕەنگە هێمایەکی سیاسیشی لە پشتەوە بێت بۆ پاشەڕۆژی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی کە دەبێ لە دەرەوەی وڵات و لەسەر خاکێکی بیانی و بە

یارمەتیی بیانی بتوانێ خۆی نوێ بکاتەوە.

شیاوی گوتنە کە فەلامەرز و یاسەمین لە پاریسدا جارێکی تر (لی لی خانم) دەبیننەوە و وێڕای زانینی پێوەندیی خۆشەویستی و جەستەییی ئەو و فەلامەرز، کەچی یاسەمین داوای لێ دەکا بچێت لەگەڵ ئەو و فەلامەرزدا بژێت.

هەر لە پاریسدا منداڵی فەلامەرز و یاسەمین و منداڵی باوک نەناسراوی کوردەی ژنی فەرهادی ڕەحمان یەکتر دەبینن ئەگەرچی ساواشن و هیچ لەبارەی ڕابردووی هەردوو خێزانەوە باس نەکراوە.

پاریسیش جێی تەقلیدیی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بووە، بەتایبەتیش ئایەتوڵڵا خومەینی کە لەوێوە دژایەتیی ڕێژیمی شای کرد و ڕووخاندیشی، بۆیە گردبوونەوەی فەلامەرز و یاسەمین و ئەزیتا و کوردە و لی لی و منداڵانیان و یەکتر بینینیان بێ دەلالەتی ڕەمزی نییە. لە ڕووی تەکنیکیشەوە بۆ ئەوە دەشێ پاریس و ئەو کەسایەتییانە بکرێنە بنەمای درێژەپێدانی خودی ڕۆمانی دەربار، یا تەنانەت سەرەتای ڕۆمانێکی تریش، کە لەم کۆتایییە کراوەیەوە دەتوانێ بەسەر زۆر ئیحتیمالی تری جۆراوجۆردا بکرێتەوە، ئیتر لەلایەن خودی ڕۆماننووسەوە بێت، یا هەر لە زەینی خوێنەردا بێ.

با ئەوە ش دیاری بکەین کە حاڵەتی خۆشەویستیی فەلامەرز بۆ دوو ژن (یاسەمین و لی لی) لە یەک کاتدا و بە ئاگەداری و ڕەزامەندیشیان هەر بۆ خۆی حاڵەتێکی بێ وێنەی ئەدەبییە، یا هەر هیچ نەبێ لە ئەدەبی کوردیدا دەگمەنە.

جگە لە دڵداری و زەواجی فەلامەرز و یاسەمین و لی لی، لە دەرباردا چەندان ئەزموونی تری دڵداری و زەواج هەیە کە هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە ئەم چالاکییە مرۆڤانەیەمان نیشان دەدا کە بەتایبەتی لە ڕۆهەڵاتدا میسالییەتێک و قودسییەتێک و خەرمانەیەک لە خورافاتی لێ ئاڵێنراوە، کە زۆرجاران دەبێتە هۆی لە خشتەچوونی کوڕان و کچانی بێ ئەزموون و هەندێکیشیان هەر بەڕاستی دەچن بەسەر کارەساتدا و خەون و خەیاڵی بەختەوەرییان بەدۆزەخێکی ڕاستەقینە وەردەگەڕێ.

خۆشەویستیی ڕەحمان و سەبری، خۆشەویستیی کوڕە کوردێکی کوردستانی ڕۆهەڵاتی جووتیار و ئەهلی هەقە بۆ سەبری، سەبری کچە کوردی بە ڕەچەڵەک

خـەڵکی سلێـمـانیـی باشـوور و ئیـسـلامـی سوننە مـەزەو و کـچـە جـووتیـار، کـە لە گوندێکی ئێراندا گیرساونەتەوە و لە ڕێککەوتێکدا لەگەڵ ڕەحماندا دڵیان لە یەکتر دەچێ و ڕەحمان وەکەکەی شێخی سەنعان لە ئاین وەردەگەڕێ بۆی.

بەڵام ئاکام خێزانێکی بێ سـەروبەری لێ دەکـەوێتـەوە: کـوڕێکی شـاز، یەکێکی تری سـەقـەت، ڕەحـمـان بۆ خـۆیشـی ڕوو لـە خـواردنەوە و بەنگکێشـی و نێربازی و مێبـازی دەکا و ژیان بەهۆی کردەوەکـانـی ئەو و کـوڕە سـەقـەتەکـەیەوە لە سـەبری دەبێـتـە دۆزەخ و ئاکـامـیش بـەخـۆی و بە کـوڕە سـەقـەتەکـەیەوە بەپیـلانی کـوڕە هۆمۆسێکشوڵەکەی بەکوشت دەچێ.

خـۆشـەویسـتـیی بەرژەوەندییانەی پڕ دڵەلەرزە و نیگەرانی ئاڵەمـتـاجی خوشکی فـــەلامـــەرز و ئـەســـفـــەندیاریش کــە مـنـداڵ و پەروەردەی چـینـی دەرەبـەگ و ئوروستکراتین، بە زەواج و ژیانێکی پڕ گرفت و قاروتۆر و گێچـەڵ کۆتایی دێت و ئەوەشـی باوک و خـــانەوادە بۆیـان دابین دەکــەن ئەسـفـەندیار لە خـانمبـازی و خواردنەوە و قـومـاردا دای دەنێت، ئەگەرچی پێش گواستنەوەش بەڵێن بە ئاڵەمتاج دەدا واز لەو کردەوانەی سـەردەمی زگورتێتی بهێنێ، بەڵام هـەر مـاوەیەکی کورتە و بەڵێنەکەی دەشکێنێ.

خۆشەویستی کوردە خـانمی کوردی بـاشووری کوردسـتـان و خاوەن بڕوانامـەی مـاجـسـتـێر و کـچـە دەوڵەمـەندی کوردپەروەر بۆ فـەرهـادی (گەی) و نەخـێنەوار و کـــوردی ئاوارەی کـــوردســـتـــانی ڕۆهـەلات و خـــائین بـە وڵات و نەتـەوە و بەهـا مرۆڤـایەتییەکـان، هیـرۆئینکێش و هیـرۆئینفـرۆش و دایک و برا خـۆکـوژ و جـێکێش لەسـەر ژنی خـۆی، خـۆشـەویسـتـیـیـەکی یەک لایەنی کـچـێکی لە دایک و باوکـێکی دەوڵەمەند یاخی بـووە بۆ کورێک (!) کە وەکو (ژنێک) لەگەڵ پیـاوێکی (شـازی) تردا دەژێ، ئەم خـۆشـەویسـتـیـیـەش لە دەربـاردا بە کـارەسـاتێکی دڵتـەزێن کۆتایی دێت، فـەرهـاد خـانوو و زێڕ بە کوردە دەفرۆشێ و دەیبـاتەوە ئێران و لەوێوە بە چوار پەل بەسـتـراوەیی دەیخـاتە ژێر هـاوکـارە نێـرینەکـەی خـۆی و ئەوجـا دەیدا بە دەست دایەرەی ئەمنی ئێرانییەوە، لە زیندانیش ئیغتیساب دەکرێ، کە ئازادیش دەکرێ بە منداڵێکی زۆڵەوە لە پاریس دەگیرسێنەوە.

خـۆشـەویسـتی مـیـهـران و ژیلایش هـەر بەڕاسـتی بە کـارەسـات وەردەگـەڕێ،

ئەمانیش هەر دووک پێکەوە لە ڕێکخراوێکی سیاسی ئۆپۆزیسیۆندا کار دەکەن، ساواکی سەردەمی شا بۆ بەکارهێنانی لە دژی میهرانی دڵداری، ژیلا دەفرێنن و لە یەکێک لە خانووە تایبەتەکانی ساواکدا ئیغتیسابی دەکەن و وێنەشی دەگرن و، بەویشی ناچاری دەکەن دەنگی میهرانیان بۆ تۆمار بکا، میهران بەو بەڵگەیەوە دەست ساواک دەکەوێ و دەکوژرێ.

ژیلایش کە سەرەتا ئازارێکی لە رادە بەدەر لەو بارەی تێی کەوتووە دەکێشێ، بەڵام وردە وردە وا لەگەڵیدا ڕادێ کە ئیتر بە خۆی لە دوای موغتەسەبەکانی دەگەڕێ و کاتێک کە یەکێکیانیش داوای زەواجی فەرمیی لێ دەکات ئینجا ئەو (ژیلا) داواکەی ڕەت دەکاتەوە لەبەرئەوەی وەک خۆی دەڵێ ئیتر بە تەنیا پیاوێک تێر ناکرێ.

ئەمانە وێڕای بەسەرهاتی سودابە خانم و خیانەتی ژنان و مێردانی چینی ئوروستکرات و خیانەتی بە ئاشکرای لی لی خانم لە مێردەکەی و شابانۆ لەگەڵ شادا و شا لەگەڵ شابانودا، شابانو لەگەڵ ئاغای جەوادی، شا لەگەڵ تەلا خانم و لی لی لەگەڵ فەلامەرزدا ژیانێکی تایبەتی دوور لە خێزانی فەرمی بەسەر دەبەن.

بەمە هەموو ئەو تیۆرییانەش جێلەق دەبن کە دەڵێن سەرکەوتنی خۆشەویستی و سەرکەوتنی ژن و مێردایەتی لەوەدایە کە ژن و مێرد هاوتەمەن، هاوژین، هاوزمان، هاونیشتمان، هاوئاین، هاومەزە و هاوبیر... یا چەند هاو هاوێکی لەمانەبن.

ئەو خۆشەویستی و ژن و مێردایەتییەشی کە لە دەقەکەدا (هێشتا) دووچاری شکستی نەبوو تەنیا ژن و مێرایەتییەکەی شیرین و هەمایۆنە، کە دەڵێم (هێشتا) لەبەرئەوەمە کە ئەوان لاون و لە سەرەتای کاردان و کێ چووزانێ ئاکامیان چ دەبێ، ئەگەر ئەوانی تر هەموو فەشەلیان هێنابێ..؟!

٧

کەسایەتییەکانی (دەربار) کەسایەتیگەلێکی دینامیکی زیندوون بەتایبەتیش کەسایەتییە سەرەکییەکان و بگرە هەندێک لە لاوەکییەکانیش، زۆربەیان لە پاشخان و زەوینەیەکی ئابووری و چینایەتی و کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەوە پەیدا دەبن و وەکو هەر مرۆڤێکی ڕاستەقینە مێژووی کەسایەتییان هەیە، هەندێک لەو مێژووە هیی پێش بوونە دەقن، بەڵام لە دوای بوونە دەق و لە سەردەمی دەقیشدا

شوێنەواریان دەکەوێ و زۆرجارانیش لەسەر بنیاتی مێژووی کەسەکان لە سنووری دەقدا کاریگەریی زۆریان هەیە، ئەمەشە وای کردووە کەسەکانی دەربار کەسایەتی کۆنکریتی نەبن، یا هەر (دەمێک- زارێک) نەبن ڕۆمانووس بیروباوەڕەکانی خۆی، یا ئایدیۆلۆجیە ناکۆکەکانیان لێوە دەرببڕێ، یا بەگژ یەکتریاندا بکا، بۆیە دایالۆگی (پینگ- پۆنگ) ئاساش لە ڕۆمانەکەدا بەرچاو ناکەوێ و کەسەکانیش یەک نەفەسە و تا سەر باش، یا خراپ، سپی، یا ڕەش نین، بگرە لە مێژوویەکی دینامیکی مرۆڤانەدا دەژین و پێش دەکەون، یا شکست دەخۆن، گەشبین دەبن، سەردەکەون، ژێر دەکەون، بەهیوا دەبن، بێ ئومێد دەبن، هەندێ جار چاکە و خراپە و شەڕ و خێرەکەیش دەزانن، بەڵام پێچەوانەی ویستی خۆیان ڕەفتار و گفتار دەکەن، ڕاستییەکان دەبینن و دەزانن، بەڵام ناچارن مل بۆ ناهەق بخەوێنن، کەسەیاتییەکانی (دەربار) تێ دەکۆشن ڕۆڵی سوپەرمانانە بلەیزن وەلێ ئاکام وەک مرۆڤی ئاسایی کۆتاییان دێت.

ئەمیر ئینتیزام زیانێکی زۆر لە یاسای چاکسازی زەوی ئینقیلابی سپی شا دەبینێ، پەژارە دای دەگرێ، پێوەندی بە ئامێرەکانی ترەوە دەکا (ئەمیر ئەقدەم و ئەمیر ئەلیخان و...) و تەنانەت بە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیشەوە پێوەندی دەکا (تەیموور بەختیار) بۆ ئەوەی لە دژی ئەو یاسایە بجووڵێن، ئەو دەڵێ: ئێمە کوردین و ئێلاتی پۆ و پێوەندیمان لەگەڵ ئەو جێگە و شوێنە دایە... ئێمە ڕێز و حورمەت و نرخمان بە زەوییەکانمانەوەیە... بەڵام دواتر لەگەڵ سووربوونی شا لەسەر ئینقیلابی سپی و، لەگەڵ خوێنساردییەکەی ئەمیر ئەلیخان و ئامۆژگارییەکانی فەلامەرزی کوڕیدا ورده ورده کۆڵ بۆ واقیعەکە دەخوا، تەیمور بەختیاری پورزای شابانو سورەیا و دامەزرێنەری دەزگای ساواک و بەرهەڵستکاری ڕێژیمی شا لە عیراق، بۆ خۆیشی دەکەوێتە داوی ساواکەوە و دەکوژرێ.

فەلامەرز، کە بە قەولی مارکسیان (خیانەت) لە چینی خۆی (دەربەگ) دەکا و دەچێتە حزبێکی چەپگەرەوە، بەڵام دواتر بە ڕێککەوت و لەسەر بڕیار و پۆ بەرژەوندیی حزبەکەی دەگاتە دەرباری شاهەنشەهای و دەبێتە سەرۆکی بەشی ئەندازیاری لە دەربارد، پێوەندییەکی جەستەیی لەگەڵ ژنە دەرباریییەکدا (لی لی خانم) دەبەستێ، کە دواتر وێڕای بوونی (یاسەمین)یش لە ژیانیدا، بە خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە وەردەگەڕێ، ئەگەرچی لی لی مێردی هەیە و (١٠)

ساڵیش له فه‌لامه‌رز گه‌وره‌تره.

فه‌لامه‌رز له ڕێکخراودا کار ده‌کا، دواتر له ڕاستی و دروستی بڕیاره‌کانی ڕێکخراو ده‌که‌وێته گومانه‌وه، بڕیار ده‌دا که‌سایه‌تی خۆی به‌ده‌ست بهێنێته‌وه، به‌ڵام دواتر له چالاکی پیاوکوژیدا به فه‌رمانی ڕێکخراو ده‌کا.. له زه‌مانی شادا ده‌ستگیر ده‌کرێ، له سه‌رده‌می ئیسلامیدا زیندانی ده‌کرێ.. واتا به‌رده‌وام له بزاوتایه: ده‌گۆڕێ، پێش ده‌که‌وێ، شکست ده‌خوا... و.. لی لی خانم به خۆی ژنێکی په‌روه‌رده‌ی ڕۆشنبیریی و دیموکراسییه‌تی فه‌ره‌نسایه، به ڕێککه‌وت ده‌سته‌خوشکێکی (فه‌ره‌ح دیبا) شوو به شا ده‌کا و ئه‌میش له‌گه‌ڵ خۆی دێنێته ده‌رباره‌وه و لی لیش ده‌بێته ده‌رباریی، له دوای ڕووخانی شایش دیسانه‌وه ده‌چێته‌وه پاریس.

یاسه‌مین خانم کچی عه‌باسی خۆشنووسی ئه‌سفه‌هانییه، به ڕه‌گه‌ز لوڕه، له سه‌رده‌می شۆڕشی قه‌ده‌مخێره‌وه باپیری له خۆڕه‌م ئاباده‌وه دێته ئه‌سفه‌هان، بابی یاسه‌مین ده‌رچووی په‌یمانگه‌ی هونه‌ره جوانه‌کانه، به خۆی قوتابی کۆلێجی ئه‌ندازیاری میعمارییه، به‌ڵام له ڕێکخراودا ده‌بێته هێمای توندوتیژی و بکوژی هه‌ره ده‌ستوه‌شێنی حزب تا ده‌بێته فه‌رمانده‌ی گشتی ڕێکخراو و، ئاکام هه‌ر به خۆی ده‌ست له چالاکی هه‌ڵده‌گرێ و له‌گه‌ڵ فه‌لامه‌رزدا ده‌چنه پاریس، پاش ئه‌وه‌ی منداڵێکی به‌ری پێوه‌ندیی خۆی و فه‌لامه‌رز له‌بار ده‌با و چاوێکی له ده‌ست ده‌دا و ده‌موچاوی ده‌شێوێ و له ته‌مه‌نی زگوزا تێ ده‌په‌ڕێ ئه‌وجا به ناچاری به مناڵێکی بۆرییه شووشه‌ییه‌کان دڵ داده‌هێنێ.

ژیلا خانم، ئه‌رژه‌نگ، شه‌هره‌یاری، موهته‌دی، نیکخواه و... ئه‌مانیش پێش بوونه ده‌قی (ده‌ربار) کۆمونیست و له نه‌یارانی شا بوون، هه‌مووش که‌سایه‌تی ڕاسته‌قینه‌ن ژیلا نه‌بێ له‌وه‌ی دڵنیا نیم، به‌ڵام که ده‌ستی ساواک ده‌که‌ون ده‌ڕووخێن ده‌چنه خزمه‌تی شا و ساواکه‌که‌یه‌وه.

سه‌ید سه‌لمانی کانی توو و ڕه‌حمانی کوڕی له ته‌مووره ژه‌نین و چامه‌سروود و هه‌نگامه سروود خوێندن و خزمه‌تی مه‌زاری (باوه‌یادگار)ه‌وه به‌هۆی تاوانێکه‌وه که نه‌یانکردووه به تاوانی کوشتنی زه‌ینه‌دینه‌وه حوکم ده‌درێن، ڕه‌حمان و فه‌رهادی کوڕی ئه‌میش هه‌ر به‌جارێ شوولی لێ هه‌ڵده‌که‌ن و له خیانه‌ت و جاسوسی و

بەنگکێشان و خواردنەوە و پیاوکوژی و نێربازی و مێبازی و زوڵم و زۆر تەنانەت لە دژی ژن و منداڵی خۆیشیان کۆ لە هیچ تاوانێک ناکەنەوە.

ئەوکە شـامـار (ئەوڵکەریم ڕەزا سـەعیـد) کە لە ئەسـلا لە (گـاوارە)وە هـاتوونەتە (کـانی توو) ئەویش و چەکدارەکانی کە لەگەڵیدان لەو سـەر سنوورانە یاخی بوون، هەمـوو و هـەریەکە چیرۆکێکی هەیە کە مێـژووی تاکە کـەسیـان و، باری دەروونی و کۆمەڵایەتییان و هەڵسوکەوت و تەنانەت ئەنجام و ئامانجیشیان ڕوون دەکاتەوە.

ئەوکـە شـامـار لە قـورئەی سـەربازیدا ناوی دەردەچێ و دەکـرێتـە سـەرباز، لە سـەربـازی هـەڵدێ و دێتـەوە گوندی خـۆیان و وەک مـرۆڤـێکی ئاسـایی و بێ ئەوەی سـەرنجی کـەس ڕابکێشـێ دەژێ، بەڵام فـەرمـاندەی پاسگەی (پاتاق)، کە هـێـمـای دەسـەڵاتی ڕێژیمی شـایـە لە ناوچەکـە، دەسگیـری دەکـا و سـووکـایەتی پێ دەکـا و دارکـاریی دەکـا، ئەوکەش لە هـەلێکدا تفـەنگی پاسـدارێک دەرفـێنێ و لەو بەندییـە هەڵدێ، مـوزەفەری دوای دەکەوێ و بۆی دەسـتگیر ناکرێتەوە، بەڵام لە گـەڕانەوەیدا ئەوکە تەقەی لێ دەکا و دەیکوژێ و چەندان ژاندرمـیش بریندار دەکا، ئیتر دەبێتـە میـرکوڕی ناوچەکە و هـەر کـەسێک لە ناوچەکە لەگـەڵ حکوومـەتدا کێشـەیەکی دەبێ پێوەندیـی پێوە دەکا تا دەبنە ١٠–١٢ کـەس کە هـەر یەکە و کوڕی باکگراوندێکی تایبەتی خۆیەتی:

ڕەحمـان: کە لەسـەر تاوانی کوشـتنی کەسێک کە ئاگای لێ نییـە لەگەڵ باوکیدا دەکەوێتـە داوی سـاواکـەوە و بـۆ بەردانی باوکی بەپێی پیلانێک ئازادی دەکـەن بەو مـەرجـەی ئەوکـەیان بۆ بکوژێ، بە چەتەیی دوو جـار بریندار دەبێ، خـەڵک دەکوژێ، تاڵان دەکا، دڵداری دەکا، ژن دەخوازێ، منداڵـی دەبێ، ئاکام ڕۆژێک ئەوکە دەکوژێ و دەبێتـە داردەسـتی سـاواک لە تەواوی کرماشـاندا، تا دوای ڕووخـانی شـا کـوڕی ئەوکە لە تۆڵەی خوێنی باوکیدا دەیکوژێ و ماڵ و منداڵی سەرگەردان دەبن.

عـەلی کـەروێشک: کـەسێکی هـەردەم خـەواڵوو، دەکـەوێتـە داوی ژنی ئاغـاکـەیەوە، بەڵام عـەلی لەگـەڵی ناکا، ژنە تاوانی دزینـی زێڕ و خـشـڵـەکانی بۆ هـەڵدەبەسـتێ و مـاوەی دوو ساڵ لە بـەندیخانەی توند دەکا، کە ئازاد دەبێ دەچێتەوە مـاڵی ئاغـای (حـاجـی ئاغـا یوسـفی شـائابادی غـەرب) و ئەوجـا بەزۆری چەک لـە تۆڵەی ئەو (٢) ساڵە بەندییە بـەناهـەقەی، هـەرچی زێڕ و خشڵیـان هـەیە لێیان دەسـتێنێ و ڕاستیی

کێشەکەشی بۆ حاجی ئاغا دەگێڕێتەوە، بەڵام بە ژنەکە دەڵێ: زێڕەکانت دەبەم، بەڵام ئێستاش سوارت نابم چونکە پێت خۆشە.

مەجید باوەجانی: تاکە سوننی مەزەوی ناو دەستەکەی ئەوکە، لەسەر دزی و کوشتنی کەسێک کە لە سەلاس و جوانڕۆ و ڕوانسەر و پاوەدا دەنگ دەداتەوە، لە باوەجانەوە دێتە لای ئەوکە و پاش ساڵانێک لە کاتی کوشتنی سەروان عەزیزی فەرماندەی پاسگای پاتاقدا دەکوژرێ.

ئەسەد، لە عەشیرەتی سەگەوەندی و خەڵکی حەیدەرئابادی شائابادە، پێشتر دز بووە، چەند ژاندارمێکیش بریندار دەکا و دەچێتە ناو دەستەکەی ئەوکە، لەبەرئەوەی کەسوکاری لەنێو شاردا زۆرن و، لە دوای ئەوەی مەلا حیلمی بە ئەوکە دەڵێ ساواک پێیان گوتووە ساواک پیاوی خۆی لەناو جەماعەتێکدا هەیە، ئەوکە بە ناهەق گومانی دەچێتە سەر ئەسەد، ڕەحمانیش کە بەخۆی ئەو پیاوەی ساواکە لەلای ئەوکە و بۆ دوورخستنەوەی گومانەکە لە خۆی، ئەوەندەی تر ئەو گومانەی ئەوکە لەسەر ئەسەد زیاد دەکا و هانی کوشتنی دەدا، تا ئاکام پێش ئەوەی لەسەر داوای ساواک ئەوکە بکوژێ ئەسەد دەکوژێ.

فەرەج و حوسێن و سوبحان و سەلیم و ئەوانی تریش هەریەکەو چیرۆک و مێژووی خۆیان هەیە کە کار و کردەوەکانیان پاساو دەدا، بەتایبەتیش لەبەر هەژاری و ئەو ناعەدالەتییە کۆمەڵایەتییەی کە دارودەستەکانی ڕێژیمی شا لێیان دەکا، بەڵام دیارە کاردانەوەی هەرکەسێکیان دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندیی کەسایەتی و بەرژەوەندی و ئەقڵییەتی تاکەکەسییان، ئەگەرچی هەموویان لەسەر یاخیبوون و بەرهەڵستکاریی ئەو بارودۆخە کۆکن کە دەیانچەوسێنێتەوە و هەراسانی کردوون.

لەگەڵ ئەمەدا ڕاستییەکی تریش هەیە جگە لە زوڵم و زۆری ڕێژیمی حوکم و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی کە کاریگەریی سلبییان لەسەر مرۆڤ و چارەنووسیان دەکەوێ، ئەویش خراپیی باری پەروەردەییی خێزانە لەسەر منداڵ و پاشەڕۆژی، لە (دەربار)دا کەسانی تر بەرچاو دەکەون و کاریگەریی خراپەکارییان نەک هەر بۆ خۆ و لەسەرخۆ، بگرە بۆ خەڵکی تر و لەسەر کۆمەڵیش دەکەوێ:

میهرداد، پیاوی ساواک کە تەواوی خەڵکی تاران بە (خاقان – ئیمپراتۆر)ی

دەناسن و کاری ئەو لە ساواکدا ڕفاندن و خراپکردنی کچانی ڕووسوور و شەرەف شکاندنی تێکۆشەران و بنەماڵە نەیارەکانی شا بووە ئەو پیاوە سادیە بۆ خۆیشی دەڵێ کە ئەو نازانێ لە چ پیاوێکە، چونکە ئەو لە دایکێکە کە هەموو کات لە (سیخە) دایە و هەر یەک دوو شەوێک و لەلای پیاوێکە. ئەو لەگەڵ دیتنی خوێندا دەگاتە پۆپەی هەوەسی جینسی و بەوپەڕی دڵنیایی و لە خۆڕازیبوونەوە دەڵێ: شەرەف لە ناوگەڵدا نییە، بۆیە ئامادەیە ژنێک (ژیلا) بخوازێ و لەگەڵ ئەرژەنگ و مەنسووریدا بە شەریکی مێرداری بکەن.

سوودابە، کچی ژنێکی سۆزانییە کە لەسەر هەردەم مەستی لە مێردەکەی جیا دەبێتەوە و لەگەڵ سوودابە دەژی و بەبەرچاوی ئەوەوە هەموو بەدرەوشتییەک دەکا، تا سوودابە بە خۆیشی دەست کوڕێکی بەدنمەک دەکەوێ و کچێنیی دەپژێنێ و وازی لێ دێنێ، ئیتر سوودابەش وەک دایکی سەرگەردان دەبێ و ئەم دەست و ئەو دەست دەکا تا دەگاتە دەست عەباس تیغی، ئەویش هەم بۆ خۆی و هەم بۆ بە کرێدان و کەسابەت پێوەکردن بەکاری دەبا، تا لە کۆتاییدا بەچەقۆ دەشیکوژێ.

فەرهادی کوڕی ڕەحمان لە تۆڵەی کردەوەکانی باوکیدا بە هەرزەکاری دەست عەباس تیغی و پیاوەکانی دەکەوێ و بەیارمەتیی سوودابە و مەمەدی حیزی دەکەن و ئەوەند تێیدا نغرۆ دەبێ، کە خۆی گوتەنی قێزی لە مەمک و ناوگەڵی ژن دەبێتەوە، وەک ژن پیاو لە خۆی دەنێ، تا لە ڕووی بایەلۆجیشەوە لە پیاوەتی دەکەوێ و تەنانەت سەری کوردەی ژنیشی بۆ کۆرش دەگرێ، کە زەمانێکە بەخۆی فێر بووە.

ئیسی موشی، کە زۆر لە ڕسک - مشک دەچێ بە ئەسڵ تورکێکی دەوروبەری قەزوینە و لە بوومەلەرزەکەی (بوئین زەهرا)دا بە منداڵی هەموو کەسوکاری لە دەست دەدات و لە هەتیوخانەکاندا گەورە دەبێ، تا هەڵدێ و لە جەندەخانە و لەنێو بەنگکێش و قاچاخچییانی هیرۆئیندا پێ دەگا و تێکەڵ بە دەستەودایەرەکەی عەباس تیغی، سەردەستەی شارلاتانی کرماشان دەبێ و دەگاتە ڕادەیەک کە دەست لە هیچ خراپە و توندوتیژییەک ناگێڕێتەوە.

ئەمانە نموونەی هەندێک لەو کەسایەتییانەن کە لە ڕێز خۆشەویستیی ماڵ و خێزان بێبەش بوون و سەرئەنجام بوونەتە خۆرەی کۆمەڵگە و سەرچاوەی بەردەوامیی ئەو فەسادی و خراپەکارییەی کە هەتا دێت پتر تەشەنە دەکات.

ئەمــە تـەنیــا دیوێکی کــاریگەریـی سلبـیـی خـێــزانە لەســەر مــرۆڤ ئەگــەر لە خۆشـەویستی و چاودێریی خێـزان بێبـەش کرا، وەلێ لـە (دەربار)دا ئەم دیاردەیە دیوێکی تریشی هەیە ئـەویش بوونی کـەسـایەتیی (نازپەروەر)ی دەسـتـی دایک و باوکــە، کــە لە دەرباردا زۆرجــاران بـۆ تەوســە پـێکردن (ناسک نـارنجی)یان پێ دەگوترێ، وەکو ئـەفشینی برای فەلامەرز و ئـالەمتاجی خوشکیان و، وەکو کوردەی کچی دوکتـۆر تالیبی حەمە ڕەسـوولْ ئاغای گەورە، قوتابیی مـاجستێر، کە سواری سـەری خـۆی دەبێ و بە هەڕەشـەی ڕەدووکـەوتن و بە حـاشـالێکردن، دایک و باوکی ڕازی دەبن لەبەر حـەیای خـۆیان و بە ناچاری بـیدەن بە فـەرهادی نەخـوێندەوار و جـاسـووسـی ئێـران و عـێـراق و (گــەی) و ئەو کـارەسـاتـەی بەســەر بێت کــە لە ڕۆمانەکەدا بە دوور و درێژی بەرجەستە کراوە.

ئەم مـرۆڤـە نـازپەروەرانەش مـەترسـیـیـان ئەگـەرچی بەزۆری بۆ خـۆیـانە، بەلام پرۆژەی زۆر کاری چاوەڕوان و چاوەڕوان نەکراون، لەگەڵ جیاوازیی ئەوەیاندا کە ئەمـانە بەزۆری لە بنەمـاڵە بورژوا و سـەرقـاڵەکانـەوە سـەر هەڵدەدەن، لێ ئـەمـان و ئەوانەشی کە لە بنەماڵە هەژار و لە بێ کەسیدا دووچار دەبن هەموو لەوەدا یەک دەگـرنەوە کە مـرۆڤی نائاسـایین و بۆ کـۆمـەڵ بەگشـتی دەبنە مـایەی مـەترسی و وەکــەکــەی (یاســەمین) کــە لە بنـەمــاڵـەیەکی هونـەرپـەروەر و لـە پاشــخــانێکی نیـشــتـمـانپــەروەرییـەوە ســەری هــەڵداوە، بەلام کـە دەست ڕێکخـراوێکی چەپڕەو دەکەوێ دەبێتـە پڵینگێکی بریندار و دەست لە هیچ توندوتیـژییـەک ناپارێزێ تا بە مایەی پووچ و چاوی پووکەوە لێی دەردەچێ.

من سـەرەتا گوتم پاڵەوانەکانی (دەربار) مـرۆڤی زیندوون، زیندوون بەو واتایەی کە یەکبینە/ یەک نەمەتی نین چۆن بێنە دەقەکەوە ئاواش بەهەمان بیر و بۆچوون و باوەڕ و ئایدیۆلۆجیا و هەڵسوکەوتەوە لێی دەربچنەوە، بگرە لەمیـانەی دەقـەکەدا دەگۆڕێن.

زیندوون بەو مەبەستەی کە هەریەکەیان سەر بە پاشخانێکی تایبەتی و چینێکی کـۆمــەلایەتیـی دیار و بە بـارێکی پەروەردەیی و دەروونی و مــەبەســتـێکی زاتی و مـەوزووعییـەوە دێنە دەقـەکەوە، بەلام لەگـەڵ ڕەوتی هەڵکشـانی ڕۆمـانەکەدا زۆرێک لەو تایبـەتمەندییـانەی خـۆیان لەدەست دەدەن و لە جـێی ئەوە ئەزمـوونێکی ژیانیی

نوێیـان لـەلا کـەڵەکـە دەبێ، کـە زۆرێک لە سـروشت و تـایبـەتمەندییـەکـانیـانی پێ دەگۆڕێ، واتا دەبنە خودانی مێژوویەکی ئەدەبی.

جگە لەم سیفـەتە گرینگە، کەسەکانی (دەربار) کەسیان خـودانی کارێکتـەرێکی سـەنترالّ نین کە بتوانێ تایبەتمەندییەکانی خۆی بەسـەر تەواوی کەسەکانی تر و سـەرجـەم ڕووداوەکـانـدا بسـەپێنێ، بگرە هەر یەکـەیان ڕۆڵێکی سنووردار لە دەقەکەدا دەگێرێ، ئەگەرچی هەندێ جار ئەو ڕۆڵە گەورە، یا گچکەش بێت، بەڵام زۆرجـار ئەوەندە واقیـعیـیانـە دێتەوە کـە وەک ڕۆڵی مـرۆڤی ڕاستـەقینـە تەنانەت ناکۆکی و ناجۆریشی لەگەڵ خودی کارێکتەرەکەدا تێ دەکەوێ.

کەسـەکان هەر بە تەنیا فەلامەرز و یاسـەمین نین، بگرە ئەوکە شـامار و ڕەحـمان و ژیلا و میـهرداد و ئەرژەنگ و لی لی خـانم و فەرهـاد و کوردە و سـودابە و سەبری و شـاباز و شیرین و هـامۆن، عەباس تیـغی و... هتـد، زۆر کەسـی دیکەشن کـە هـەر یەکەیان لە کات و شوێنی خۆیاندا ڕۆڵی پێسپێردراوی خۆیان دەگێڕن.

لەوانەشـە کەسـایەتی نەگۆڕ و سـەقـامگیـر بـەهـۆی کـەمی مـاوە و- کـات-ەوە لە چیـرۆکی کـورت و، تا ڕادەیەک لە ڕۆمـانێکی کـورتیـشـدا قـبـووڵ بکرێ، بەڵام بەدڵنیـاییـیـەوە، بۆ ڕۆمـانێکی گەورە و درێژخـایەنی وەک (دەربار) کە هـەم لە ڕووی ڕووبەری شـوێن و هـەم لە ڕووی زەمـەن- کـاتیـشـەوە مـەودایەکی زۆر دەگرێتـەوە، کـەسـایەتی یـەک جـوونە پەسـەند نابێ، بگرە کـەسـایەتی وەک ئـەوانەی (دەربار) پێویستن کە لـە مێژووی ناوەوەی دەقەکەدا لە گۆڕانێکی بەردەوامدا دەژین، دەنا دەبنە مـایەی بێزاری خوێنەر، ئەگەر ناوە ناوەش بووە بە ڕەفتـاری نوێ و گفتـاری حیساب بۆ نەکراو موفاجەئەی نەکەن.

با ئەوەش بڵێم کـە نەبوونی تاک پـاڵەوانی سـەرەکی/ سـەنتـراڵ لە (دەربار)دا پاساوی فیکری و هونەریی خۆی هەیە.

لە ڕووی فیکرییەوە (دەربار) بەسەرهـاتی کەسێک نییـە بە تەنیا، بگرە خـواستی سەرجەم گەلێکە کە بە پانایی نیشتمـان و بەهەموو چین و توێژ و ئـاین و مەزەب و ئینتیمـای سـیاسی و ئایدۆلۆجییای جیـا جیـاوە، لە گـوند و شـار و لە ئەتراف و شوێنە پەراوێزەکانەوە تا تارانی پایتـەخت کەوتوونەتە جمـە و هـەر کەسـە و هـەر لایەنە بەپێی توانا و بۆچوونی خۆی کار بۆ گۆڕینی ڕێژیمی شاهەنشاهی دەکا، کە

پێیان وایە سەرچاوەی هەموو ئازارەکانیانە بەبێ جیاوازیی لە دژی ڕێژیمێک تێ دەکۆشن کە هەمووان بەشێوەی (کۆ) دەچەوسێنێتەوە، نەک لەسەر ئاستی تاک تاکی خەڵکەکە، دیارە لە دۆخی ئاواشدا لە ڕووی هونەریشەوە ناگونجێ تەنیا کەسێک گوزارە لە ئازار و ئامانج و خواستی فارس و کورد و ئازەری و هەژار و دەوڵەمەند و کرێکار و برژوازی و جووتیار و دەربەگ، شیعە و سوننەی ئیسلام و ئەهلی هەق بکا. هەر لەبەرئەوەشە کە لە شانە حزبییەکانی بەرهەڵستکاران و تەنانەت لە گرووپە یاخییەکان و، لە دەستە چەقۆکێش و قاچاخچییەکان و گرووپی وەک شارلاتیانی شارانیشدا تێکەڵییەک لە فارس و کورد و ئازەریانی شیعە و سوننە، لە کوردەکان: کوردی لوڕ و گۆران و سۆرانی، شیعە و سوننی و ئەهلی هەق وەدی دەکەین کە وێڕای هەموو ئەو جیاوازییانەی کە گوزارە لە پێکهاتەی گەلانی ئێران دەکا، کەچی پێکەوە کار دەکەن. لێرەشەوە دەگەمە بڕوایەک کە بڵێم (دەربار) سنووری (ڕۆمانی ئاسایی) دەبەزێنێ و دەپەڕێتەوە بۆ سنووری (داستان)، داستانێکی پەخشانی، چونکە (ڕۆمانی ئاسایی) ئەوەی کە جۆرج لوکاش پێی دەڵێ (داستانی برژوازی) لە سنووری پێوەندیی و ئازار و پەژارە و ئاوات و ئامانجەکانی مرۆڤی تاک و دەوروبەرە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکەیدا کار دەکا، بەڵام (داستان) بە واتا گریکییەکەی لەسەر ئاستی ئاوات و ئامانج و مان و ژیان و پەرەسەندنی گەل کار دەکا بە هەموو جیاوازییەکانیەوە، لە داستاندا گەل قارەمانە و گەل ئامانجە، ململانێییەکەش هەموو ڕووبەڕووی نیشتمان دەکرێتەوە.

(دەربار) داستانێکە ململانێی گەلانی ئێران بەرجەستە دەکا لە دژی ڕێژیمێک کە بە دەستی بیانی دەجووڵێتەوە و بووەتە کانگەی گەندەڵی و، سەرچاوەی ئێش و ئازار و چەوسانەوەی ملیۆنەها مرۆڤ، کە هەندێ جار سنووری دەوڵەت و گەلانی دراوسێش دەبەزێنێ، ڕێژیمێکی کۆنینە کە ڕێگەی ژیان و پەرەسەندن لە تەواوی گەلانی ئیران و ناوچەکەش دەبەستێ.

بۆیەکیشە خوێنەری (دەربار) لە زۆری کەسەکان بێزار نابێ، کە هەریەکە و بە بەسەرهاتی خۆیەوە بەشداری دەکا، هەروەها هەست بە غیابی ئەو (تاک پاڵەوان)ەش ناکا کە ڕاهاتووە لە (ڕۆمانی ئاسایی)دا بیبینێ.

دەربار، خەسڵەتێکی تریشی هەیە کە جێی خۆیەتی ئاماژەی پێ نەکەین ئەویش

زاڵبوونی هەستی نیشتمانییە تا هەستی نەتەوەپەروەریی وەک لە زۆربەی هەرە زۆری ڕۆمانە کوردییەکاندا هەیە، ئەمیر ئیلتیزام جارێک و فەلاّمەرزی کوڕی چەندان جار لەگەڵ (یاسەمین)ی لوڕەگەزی خۆشەویستیدا باسی لابەلای کورد و ئەسڵی کوردێنی لوڕ دەکا، بەلاّم یاسەمینی چەپڕەو زۆر بەڕوونی و یەکلاکەرەوە ناچێتە ژێر ئەوەی کە لوڕیش کوردن و بەشێوەیەکی لێبڕاوانە دەڵێ: ئەو مەسەلەیە قەت مەبەست نییە بەلایەوە، بگرە نیشتمان و تەواوی خەڵک لە سەرتاسەری نیشتماندا بۆ ئەو گرینگن.

من ئەمە بە نیشانەیەکی تری (داستان)یبوونی دەربار و، بە ڕچەشکێنییەک بۆ خوسرەو دەزانم بە بەراورد لەگەڵ ڕۆمان و چیرۆکی کوردی باودا، کە زۆر جاران تا ڕادەی نەتەوەپەرستی پێ لەسەر نەتەوەپەروەریی دادەگرن.

من ئەمە بە واقیعبینییەک بۆ خوسرەو جاف دەزانم، کە لە جیاتی ململانێی نەتەوایەتی سیزیفانە، بێت و، تەرکیز لە سەرخەباتی نیشتمانیی بکا، بەتایبەتیش لە دوو پارچەی ڕۆهەلاّت و باشووری کوردستان و، لە دۆخی گەلی کورد و کوردستانی گەورەی پارچە پارچە کراو و دابەشکراوی سەرپتر لە (٤) دەوڵەت و (٤) گەلی بیانی کە کوردستان و گەلی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، کە لەم حاڵەتە کلۆم دراوەدا ڕەنگە خەباتی نیشتمانی گەلانی ئەم ولاّتانە لە چەوسانەوەی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان ڕزگار بکا، دیکتاتۆرییەتێک کە، بەبێ جیاوازیی نەتەوەیی و ئاینی هەمووان وەکو یەک دەهاڕێت.

بە ئەزموونیش ساغ بووەتەوە ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرییانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، نەک هەر بە خەباتی نەتەوایەتی کورد نەڕووخان، بگرە سوودی پێچەوانەشیان لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوایەتی کورد دیوە بۆ توندکردنی چنگی خۆیان لە دەسەلاّت و ڕەگداکوتانی ڕێژیمەکانیان، ئەویش بە وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی ڕەگەزپەرستانی گەلانی بالاّدەستی زۆرینەی خۆیان لە دژی گەلی ژێردەستە و پەرتکراو و بێدەسەلاّتی کورد و، ئیستیغلالکردنی بەرفراوانترین ژمارەی ئەندامانی میللەتی بالاّدەستی خۆیان و پەروەردەکردنی هەستی ڕەگەزپەرستیی لەلایان لە دژی خواستە ڕاواکانی گەلی کورد، بەلاّم دیارە خەباتی نیشتمانی هاوکۆیی ئەم چەکە لە دەست ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان دەردەهێنێ،

وەک لە (دەربار)دا کاری بۆ کراوە.

ئەم ئایدیۆلۆجیا کۆسمۆپولیتییە چەپرەوی کە فەلامەرز و یاسەمین و ڕێکخراوەکەیان و، زۆرینەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەهەموو پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبی و چینییەکانیانەوە کاریان پێ دەکەن، نەک هەر لە واقیعی ئەدەبی ڕۆمانەکەدا، بگرە لە واقیعە مێژوویەکەشدا کاریگەرییەکی زۆر و ڕاستەوخۆی لەسەر ڕووخاندنی ڕێژیمی شا هەبوو، بەڵام لە ئازادکردنی گەلانی ئێراندا ئەو ڕۆڵەی پێ نەبرا و بیرێکی کۆسمۆپۆلیتی تری ڕاسترەو، کە بیری ئاینی مەزهەبی بوو، لە دەقەکە و لە ڕووداوە مێژوویەکەشدا ئەو سەرکەوتنەی لە دەست هەمووان دەرهێنا و بۆ خۆی زەوتی کرد، بیرێکی سەلەفی و دەزگایەکی مەزهەبی دێرین، کە پێشتر لە دەقەکەدا هیچ بوونێکی نییە، بەڵام دوای سەرکەوتن هەموو دەسەڵاتەکان داگیر دەکا و، لە پەنای دەسەڵاتە ئاینییەکەوە چالاکییەکی نەتەوەپەرستانە دادەمەزرێنێتەوە، بەڵام بە بەرگێکی ترەوە.

بە دزینی بەری خەبات و تێکۆشانی فەلامەرز و یاسەمین و قوربانییەکانی هەزارەهای وەکو ئەوان مەرجێکی تری داستانی گریکی لە (دەربار)دا دێتە دی، کە بۆ ڕۆمانی (داستانی برژوازی) مەرج نییە.

ئاخر لە داستانی گریکیشدا هەردەم کەس/ کەسانی سەرەکی بە ئاواتی شەخسیی خۆیان ناگەن و، بۆ ئەوەی مەرجی پاڵەوانی داستانیان تێدا بێ دەبێ بەزەیی و هاوسۆزی خەڵک بۆ خۆیان بەدەست بێنن، ئەمەش بەوە دەبێ کە سوودی شەخسیی لە قارەمانەتی و قوربانییەکانی خۆیان نەبینن.

لێرەشەوە دەڵێم (دەربار) داستانێکی هاوچاخە، نەک ڕۆمان (داستانێکی برژوازی)، داستانە لەبەرئەوەی هەموو گەل ڕۆڵی تێدا دەگێڕێ، ڕووداوەکانی هەموو ڕووبەری نیشتمان دەگرێتەوە، ئەو کەسایەتییانەشی کە ناویان هاتووە بەبێ قازانجی شەخسیی لێ دەردەچن.

٨

بەر لەوەی دەست بە خوێندنەوەی (دەربار) بکەم بە ڕاستی لە دوو شت دەترسام، لە خۆم دەپرسی کە ئاخۆ دەتوانم بە درێژاییی نزیکەی ( ١٢٠٠) لاپەڕە، کە مەتنی ڕۆمانەکەیە، لە هەڵسوکەوتی گفتار و ڕەفتاری کاراکتەرێک یا دوو بێزار نەبم،

ئاخۆ دەتوانم ئەو ماوەیە لە هەڵکشان و داکشانی ڕووداوێک، بەسەرهاتێک وردە ببمەوە، یا لە شوێنێک خۆنەویستانە کتێبەکە تورهەڵدەدەم؟.

لە خۆم دەپرسی دەبێ چەندی وەسف و شیکاری دەروونی تێدا بێت، یا دەبێ ئەم بەسەرهاتە چەند لەسەرخۆ و هیواش هیواش بڕوا، وا ئەمەندە کات و لاپەڕەی خایاندووە؟.

بەڵام کە دەستم بە خوێندنەوەی کرد هەر زوو ئەو ترسەم ڕەوییەوە.. بەچی و چۆن خوسرەو جاف خۆی و خوێنەر و بەرهەمەکەی لەو مەترسییە پاراستووە کە زۆرجار خاوەن ئەزموونی هەڵکەوتە لە نووسینی ڕۆمانی ئاوا درێژدا تێی کەوتوون؟.

یەکەم: بنیاتی بەسەرهات/ حیکائی (دەربار) بونیادێکی ئەندازیاری تایبەتە لەسەر بنەمای ژمارەیەکی یەکەی جودا جودا و لە دوو زنجیرە هاوتەریبدا ڕێکخراون: بونیادی بەسەرهاتی یاسەمین و فەلامەرز و، بنیاتی بەسەرهاتی ئەوکە و دەستەکەی، کە لە هاوشانی یەکتردا گەشە دەکەن و بەرەو کۆتایی هەڵدەکشێن، بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ تێکەڵی یەکتر ببن ئەگەرچی سێ جارانیش بە (ئاستەم) لە یەکتر دەکەون:

١- کاتێک کە ئەوکە سەرکاری گوندی کانی توو (زەینەدین) دەکوژێ کە مواشیری ئەمیر ئینتیزامی باوکی فەلامەرزە.

٢- کاتێک کە داوای چەک لە فەلامەرز دەکرێ بۆ ڕێکخراو و، فەلامەرز لە ڕێی یارۆ ریقۆی مامی ڕەحمانەوە چەک لە جەماعەتی ئەوکە شامارەوە وەدەست دێنێ.

٣- کاتێک کە فەلامەرز و یاسەمین لە ڕێی هاتنیان بۆ پەناهەندەیی لە عێراق چاویان بە فەرهادی کوڕی ڕەحمان دەکەوێ لە پێنجوێنی عێراقدا.

کە هەرسێ جار زۆر ڕاگوزارین و بەشێوەیەکی کاریگەریی وا نییە کە کاری سلبی یا ئیجابی لەسەر ڕەوتی یەکتر بکەن.

هەر یەک لەم دوو نەسەقە ڕووداوەش لە ناوەوە بریتین لە خانە خانەی سەربەخۆ، کە لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا لە ناوەخۆیاندا تابلۆیەک وێنا دەکەن، بەسەرهاتی ئەوکە شامار و دەستەکەی ژیان و گوزەرانی ناوچەکانی ئەتراف، لادێ و شارە دوورەکان بەرجەستە دەکا و بەسەرهاتی یاسەمین و فەلامەرزیش ژیان و

شارستانیەتی پایتەخت/ تاران نیشان دەدا، بە هەردوو بەسەرهاتی سەرەکی و لاوەکییەکانیشیانەوە تابلۆیەکی گشتی نیشتمان/ ئێران وێنا دەکەن.

ئەمەش تەکنیکێکی وێنەکێشانی شیعرییە لە ئەسڵدا، لە شیعردا کە وێنە دەچێتە پاڵ وێنە بەبێ ئەوەی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی ئاشکرایان پێکەوە هەبێ، دیمەنێک پێک دەهێنن، واتایەک دەدەن تەنانەت ئەگەر تەواوکەری یەکیش نەبن و دژە وێنەش بن هەر بەوەی دراوسێی یەکن، یا لە تەنیشت یەکەوە دابنرێن وێنەیەک، هێمایەکی واتادار دەگەیەنن.

لە (دەربار)یشدا ئەم دوو بەسەرهاتە جیا جیایە کە پێکەوە دەگەنە زەینی خوێنەر، لەلای خوێنەر وڵاتی پڕ لە زوڵم و زۆر و گەندەڵی و بێ یاسایی و بێ سەروبەری ئێرانی سەردەمی شا دەنەخشێن، ئێرانێک کە ڕێزی هیچ تایبەتمەندییەکی نەتەوەیی و ئاینی و ئاینزانی نەتەوە و گەلانی وڵاتەکەی تێدا ناگیرێ، حورمەتی موڵکییەتی تایبەتیی تاکەکەسی و،مافی بناخەیی مرۆڤی تێدا پێشێل دەکرێن.

بوونی پتر لە بەسەرهاتێکی سەرەکی و چەندان ڕووداوی لاوەکی، کە هەندێکیان هەر بۆ خۆیان بە تەنیاش خەسڵەتەکانی کورتە چیرۆکێکیان تێدایە، تا ڕادەیەکی زۆر لە کێشی یەک تاکە ڕووداوی دوور و درێژ کەم دەکەنەوە.

دووەم: دیارە لەگەڵ بوونی چەندان بەسەرهاتی سەرەکی و ڕووداوی لاوەکیدا، کاراکتەر و کەسانی سەرەکی و لاوەکیش زۆر دەبن، ئەو دەمە بوونی یەک پاڵەوانی سەرەکی ئەو حوزوورە سەنتراڵەی نامێنێ خوێنەر بێزار بکا.

لە دەربارردا دەیان هەڵوێست و ڕووداو و بەسەرهات هەن کە هەموو کەس و کاراکتەری تایبەتمەندیی خۆیان دەوێ و هەرگیز ناکرێ و ناشێ هەموو ئەو ڕۆڵانە بە یەک تاکە کەسێک بدرێن، یا هەموو ئەو کەسانە لە دەوری یەک بەسەرهات و یەک کەس کۆ بکرێنەوە، یا لە چاو و هەڵوێستی ئەوەوە ببینرێن.

بۆیە هەریەک لەو کەسایەتییانە لە دۆخی گونجاو و بۆ مەبەستی دیاریکراو و بە ڕێژەی تایبەتی خۆیانەوە دێنە سەر شانۆی گێڕانەوە و هەریەکەو بۆ ماوەیەک کەسایەتییە سەرەکییەکان دەدەنە دواوە هەتا جارێکی تر نۆرەیان دێتەوە، بەمەش هەردوو بەسەرهات و هەردوو ڕستە/ نەسەقە ڕووداوەکان پێکەوە هاوکات لە

پێکهاته (تەولیفە)یەکی هەمەڕەنگدا خۆیان نمایش دەکەن. دەڵێم (پێکهاتە – تەولیفە) و ناڵێم مۆنتاج، چونکە بەسەرهاتەکان لە (دەربار)دا کارلێکی ڕاستەوخۆیان لە نێواندا دروست نابێ، واتا ئەمیان نابێتە هۆکاری ئەوەی تریان، یا بەرنجامی، یا وەکی دیکە دەڵێم ڕووداوەکان بەشێوەیەکی زنجیرەیی دروست نەبوون و یەکیان ئەوەی تریان بەدووی خۆیدا کێش ناکات، بگرە لە یەک کاتدا (هاوکات – تەزامونی) یەکیان لە جێیەک و ئەوی تر لە شوێنێکی تر و لە کەسێکی تر دەقەومێ و تەنیا (لەسەر کاغەز و لە زەینی خوێنەردا) بۆ وێناکردنی وێنەیەکی گشتانی دەچنە سەریەک، بەڵام (مۆنتاج) ئەو دیمەنە لێکدراوانەیە کە (لە خودی زەینی کاراکتەر، یا لە زەینی چیرۆکبێژەکە و، هەر لە کەشی گێرانەوەی دەقەکەدا بەتەواوی تێکەڵی یەکتری دەبن)، نەک تەنیا لە زەینی خوێنەر و هەر لەبەر دراوسێتی وێنە و دیمەنەکان، لە (مۆنتاج) دا سنووری کات و شوێنیش دەبەزێنرێ، بەڵام لە پێکهاتە (تەولیف)دا هەر دیمەن و وێنەیەک لە کات و شوێنی خۆیدا ڕوو دەدات.

لە (مۆنتاج)دا دەق لەسەر گێڕانەوەی دیمەن بەردەوام دەبێ، با کات و شوێن و تەنانەت کەس و ڕووداویش بگۆڕێ، بەڵام لە (پێکهاتە – تەولیف)دا ڕووداو دەوەستێ، یا ڕادەگیرێ و دیمەنێکی تر دەست پێ دەکات بەبێ ئەوەی بە زەرورەت پێوەندییەکی سەربەبیەتیان لە نێواندا هەبێ، ئیتر هەموو شتێکیش قابیلی گۆڕانە تەنیا (کات – زەمەن) نەبێ، بەڵام دەبێ شوێن بگۆڕێ، وەکو ئەوەی لە نێوان بەشەکانی (دەربار)دا دەبینرێ.

ئەم تەکنیکی پێکهاتەیەشە، کاری بەدواداچوونی چەند ڕووداو و بەسەرهاتی جیاواز و، لە چەند شوێنێکی دوور و نزیک بۆ ڕۆماننووس و خوێنەریش ئاسان دەکا و خوێنەری دەقی وا لە بێزاری و وەرسبوون دەپارێزێ، یا هەر بەڕاستی وای تەشویق دەکا تا کۆتایی دەستبەرداری دەقەکە نەبێ.

ئەو توانای هاتوچۆ و جێگۆڕکێیەشی کە ڕۆماننووس و پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکە هەیانە و، ئەو چێژەشی کە خوێنەر لە (دەربار)ی دەبینێ بەشێکی هیی ئەم شوێن و ئەو شوێنکردنی ڕووداوەکان و کەسایەتییەکانە، کە بەکار هێنانی تەکنیکی پێکهاتە– تەولیف بە دەقەکەی داوە و وای کردووە کە ڕۆمانەکە لە شوێنێکی

داخراودا گیر نەخوات، بگرە لە پانتاییی تەواوی نیشتمانی پانوپۆڕدا لە دۆڵ و دەربەند و شاخ و شیو و لادێ و گوندەوە، لە شار و شەقامان و پایتەختەوە بۆ چوار هەرێمی دەوروبەر، عێراق و ئەوروپا، پەل بۆ پاریس و لەندەن و بەغدا و.. کەرکووک و سلێمانی و... هتد، بهاوێ.

لە ڕاستیدا گۆڕانکاری لە (دەربار)دا هەر لە ئاستی گۆڕانی (شوێن)دا نەکراوە، بگرە هەندێک جار لە یەک ڕووداو و لە یەک بەسەرهاتیشدا گۆڕان بەسەر خودی کەسایەتییەکانیشدا دێت وەک ئەوەی لە بەسەرهاتی یەکەمدا بەسەر ڕووداوی (میهران و ژیلا)دا دێت و گۆڕان دەگاتە سەر هەڵوێست و، خودی کەسایەتی (ژیلا)یش دەگەڕێتەوە. لە بەسەرهاتی دووەمیشدا چەندان گۆڕانکاریی لە ئاستی کەسایەتیی یەکەمی بەسەرهاتەکەدا دێتە کایەوە کاتێک کە لە قۆناخێکدا (ئەوکە شامار) بەدەستی ئاوەڵی خاینی (ڕەحمان) دەکوژرێ و ئیتر ڕووناکی دەچێتە سەر ئەوی بکوژ، تا لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی شادا ئەویش (ڕەحمان)یش بە دەستی کوڕی ئەوکە دەکوژرێ و ئیتر (فەرهاد)ی کوڕی ڕەحمان دەبێتە کەسی یەکەمی ئەم ڕستە ڕووداو و بەسەرهاتە، هەروەها سەبری ژنی ڕەحمان و دایکی فەرهادیش لەگەڵ شابازی کەمئەندامی برایدا دەکوژرێن و، لەوێشەوە ئیتر ڕۆشنایی دەخرێتە سەر کوردەی ژنی فەرهاد و شیرینی خوشکی فەرهاد و هەمایۆنی زاوای، بەڵام ئەو ڕستە ڕووداوەی کە لە یاخیبوونی ئەوکە شامار و کوشتنی (زەینەدین)ەوە سەرچاوە دەگرێ و هەمسوو کات بەردەوام دەبێ و تا کوردە و کوڕە باوک نەناسراوەکەی دەگەنە پاریس و تا تاوانەکانی فەرهاد و کورشیش بەهۆی نامەکانی کوردەوە بۆ دەسەڵاتی ئیسلامی تاران دەسەلمێت و لەداریان دەدەن، ئەگەرچی کەسی یەکەمی بەسەرهاتەکەش بە بەردەوام دەگۆڕێن، ئەمەش دیسانەوە خوێنەر لە یەکنەواییی ئەو بەسەرهاتە دوور و درێژە دەپارێزێ، نەک هەر ئەوە بگرە پەلکێشی بەدواداچوونی ئامانج و ئاکامەکانی ئەو گۆڕانکارییانەشی دەکا، کە هەموو لە دەقەکەدا بە وردی پاساویان بۆ هێنراوەتەوە و لە پێشینەیەک و لە پاشخانێکەوە سەرچاوە دەگرن کە گومانی کتوپڕیان لێ بەدوور بگرێ.

ئەوکە لەسەر زوڵم و زۆر زەینەدین دەکوژێ، ڕەحمان بە پاڵەپەستۆی ساواک و بە هەڕەشەی گرتنی خوشک و دایکی و بەرنەدانی باوکی لە زیندان ئەوکە دەکوژێ، ڕەحمان بە خۆیشی لە تۆڵەی خوێنی ئەوکەدا دەکوژرێ و فەرهادیش لە

سەرقاڵی و لە تۆڵەی باوکی سەرلێشێواودا دووچاری ئەو هەڵوێستانە دەبێ کە تێیان کەوتووە و ئیتر ئاوا بۆ ئەوانی تریش.

سێیەم: دەربار (٨) بەرگە و (١٦٣) بەشە و، رووبەری نزیکەی (١٢٠٠) لاپەڕە دەگرێتەوە، بەدەیان کەسایەتی سەرەکی و لاوەکی پیر و لاوی نێر و مێ و دەوڵەمەند و هەژار و جووتیار و ئەکادیمی و قوتابی و پیاوی دەوڵەت و مرۆڤی ئاگەدار و بێ ئاگای شاری و لادێی کورد و فارس و ئازەری، شیعی و سوننی و ئەهلی هەق و خەڵکی یاخی و چەپگەر و ڕاستڕەوی هەمەچیزەی تێدایە و لە کات و شوێنی جیا جیاوە ڕۆڵی ڕاستەوخۆ، یا ناڕاستەوخۆی تێدا دەگێڕن، زۆر ڕوونە کە لە حاڵەتی ڕۆمانی قەوارە گەورەی ئاواشدا هەرگیز ناشێ هەموو ئەم دەقە دوور و درێژە لە یەک گۆشەنیگا و لەمیانەی یەک جیهانبینی و، لە ڕێی یەک چیرۆکبێژ و بەتەنیا یەک تەکنیک و بەیەک شێوە و شێوازەوە بگێڕدرێتەوە، بەبێ ئەوەی قوربانیی بە بەهایەکی زۆری هونەریی دەقەکە بدرێت و بەبێ ئەوەی خوێنەر وەڕس ببێ.

دڵنیام لە هەستێکی وا و لە دیدێکی واوە بووە خوسرەو جاف ڕۆمانی دەرباری دابەشی ئەو (٨) بەرگە و ئەو (١٦٣) بەشە کردووە، کە کردوویەتی.

بەم دابەشکردنە خوسرەو جگە لەوەی هەلی ئەوەی دەسکەوتووە کە هەردوو بەسەرهاتەکە بەشێوەی تەزامونی / لە یەک کاتدا بگێڕێتەوە، لە هەمان کاتدا چانسی ئەوەشی بە خۆی داوە کە هەر بەشەو بەپێی پێداویستیی خۆی بە تەکنیکێک بگێڕێتەوە، کە لەگەڵ دۆخی ڕووداوەکە و سروشتی کەسایەتی و پێداویستیی تردا بگونجێ.

بۆ ئەو بەشانەی کە وەسفی سروشت و کەش و دیوی دەرەوەی ڕووداو و کەسایەتییەکانی گەرەکە چیرۆکبێژی ئۆلۆمپی بەکار بردووە.

بۆ وێناکردنی دیوی ناوەوەی ڕووداو و کەسایەتییەکانیش چیرۆکبێژی زاتی و تەکنیکە لاوەکییەکانی موناجات و خاتیرە و شەپۆلی هۆش و تەداعی بەکار بردووە.

بۆ دانوستان و بەراوردکاریی بیر و بۆچوون و هەڵوێستی دوو کەس یا پتری نەگونجاو، یا تەنانەت ناکۆکیش دیمەن و دیالۆگی درامی و هەندێ جاریش

چیرۆکبێژی شاهید عەیانی مەوزووعی بەکار بردووە، کە بۆ خۆیشی بەشێکە لە ڕووداو. دیارە لە هەندێ بەشیشدا سوودی لە پتر لە یەکێک لەم تەکنیکانە دیوە.

بەکاربردنی ئەم تەکنیکە سادە و خامانەشە وای کردووە خوێنەر بەبەرچاوڕوونییەوە ڕووداو و دیمەن و کەسایەتییەکان ببینێ و بەئاسانی دیالۆگەکان و هەڵوێست و بیرکردنەوە و قسەکانیان بناسێتەوە کە زۆر پێویستن بۆ دروستکردنی تەسەورێکی ڕوون لەبارەیانەوە و لە هەمان کاتیشدا بۆ لەبەرکردنی ڕووداوەکان و هەڵوێستی کەسەکان و پێکەوە گرێدانی وردەکارییەکانی ڕۆمانەکە و وێناکردنی تابلۆیەکی گشتانی دەقێک بەم قەوارە گەورەیەی کە ڕۆمانی (دەربار) تێیدا دەژێت.

با ئەوەش وەبیر بێنمەوە کە دابەشکردنی هەردوو بەسەرهاتەکە بەسەر چەند بەشێکدا هەروا لە بەلاش نییە، بگرە لە شێوازی سیناریۆیەکدا لە دەربارد دەکرێ، بۆیە کە بەشێک ڕادەگیرێ و بەشێکی تر دەست پێ دەکا هۆکاری هونەریی خۆی هەیە و لە یەکێک لەم حاڵەتانەدا ئەو پرۆسەی بڕین و دەسپێکردنەوەیە ئەنجام دەدرێ. ئەویش کاتێک کە (کات) یا (شوێن) یا (ڕووداو)، یا (کەسایەتی) یا (بابەت) یا پتر لە یەکێک لەم ڕەگەزە سەرەکییانەی ڕۆمانەکە دەگۆڕێ، زۆرجاریش هەر لەگەڵ ئەو بڕین و دەسپێکردنەوەیەدا تەکنیکی گێڕانەوەکەش دەگۆڕێ، بەڵام هەموو جارێک و هەر بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی تەکنیکی گێڕانەوەکەش نایەتەگۆڕین ئەگەر بەشەنوێیەکە بۆ خۆی پێویستی تەکنیکێکی تر نەسەپێنێ.

بۆیە هەندێک لە بەشەکان بە وەسف، یا بە موناجات، یا بە خاتیرە، یا بە دیالۆگ، یا بە بەخۆداچوونەوە دەس پێ دەکەن و هەندێ جاریش لەگەڵ کۆتایی هاتنی دیمەن، یا تەواوبوونی دیالۆگ، یا ئەگەر بەخۆداچوونەوە بێت بە ڕووداوێکی کتوپڕی لابەلا کە پێوەندیی بە ڕەوتی بەشەکەوە نییە کۆتایی دێت وەک ئەوەی لە پڕێکدا کۆترێک، پاسکیلێک، مۆتۆرسوارێک لەپڕ دێنە پێش ئۆتۆمۆبێلی پاڵەوان و زنجیرەی بیرکردنەوەی دەبڕن.

بەشی تریش هەن بە دیمەنێکی کۆمیدیی چاوەڕواننەکراو کۆتاییان دێت و بۆ خوێنەر وەک ویستگەیەکی پشوودان وان، بەشیش هەن بە کارەسات تەواو دەبن.

من پێشتریش گوتم ڕۆمانی (دەربار) پێکهاتەیەکی هونەری (تەولیفە)یەکە لە دوو بەسەرهاتی سەرەکی کە هەر یەکەیانیش بریتییە لە چەند ڕووداوی لاوەکی و، بە ڕواڵەت هیچ پێوەنییەکی ئۆرگانیکی ڕاستەوخۆیان پێکەوە نییە و کارلێکیان لەسەر یەکتر نییە، چونکە تەیمە و، شوێن و، کەسایەتییەکان و کەش و سروشتی ڕووداوەکانیان و، زۆر شتی تریان لە یەکتر جیاوازن، بەڵام دیارە دوو شتی گرینگی هاوبەش دەمێنێ کە پێکەوەیان گرێ دەدا، ئەویش ڕەگەزی زەمەنی هاوبەش و، پەیامی هاوبەشی هەردوو بەسەرهاتەکەیە.

وەک دەبینین زەمەن زەمەنی سەردەمی شا و ڕێژیمە دیکاتۆرەکەیەتی، زەمەنی نەبوونی دیموکراتییەت و، پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤی تاک و، ئەتەنیە جیا جیاکانی گەلانی ئێرانە، زەمەنی بەرەنگاربوونەوەی ئەو زوڵم و زۆر و گەندەڵییەی سەردەمی شایە لەلایەن کەسان و لەلایەن ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەرییەکانەوە، هەر لایەن و کەسەشی بە ئایدۆلۆجیا و میکانیزمی تایبەتیی خۆیەوە.

یاسەمین و فەلامەرز و هاوڕێکانیان و ڕێکخراوە چەپڕەوەکەیان لە ڕێی حزبێکی بە دەسپلین و بە ئایدۆلۆجیای شۆڕشگێڕییەوە کە بڕوای بە خەباتی چەکداری هەیە، لە دژی ڕێژیمی شا چالاکی دەکەن، ئەوکە شامار و دەستە یاخییەکەیشی لە غیابی تیۆری زانستی و، ڕێکخستن و حزبی جەماوەریدا، تەنیا بەپشتبەستن بە چەک و کوشتن و ڕێگری و تێکدان کار لە دژی ڕێژیمی شا دەکەن بەڵام بەبێ ئەوەی پێڕەو و بەرنامە و پرۆگرامێکی سیاسییان هەبێ، چونکە گردبوونەوەکەشیان لەسەر بناخەی کۆبوونەوەیە لە دەوری تەنیا تاکە کەسیی سەرکردەیەک، ڕێژیمی شا بە پیلانی سادە ئەو سەرکردەیە (ئەوکە شامار) لەنێو دەبات و دەستەکەی تونا دەکا و بگرە لە دژی میللەتیشیان بەکار دەبا بەتایبەتی ڕەحمان و دوایی فەرهادی کوڕیشی.

ڕێکخراوەکەی کە فەلامەرز و یاسەمینیش کاری تێدا دەکەن سەرەتا تا ڕادەیەکی بەرچاو کار بۆ لاوازکردن و دواتر بۆ ڕووخانی ڕێژیمی شایش دەکەن، بەڵام دیارە ئەمانیش وەک لایەنێکی تاک دید، نەیانتوانیوە نەخشەی هێز و ئایدیۆلۆجیاکانی تر بە دروستی بخوێننەوە بۆیە هەر ئەوانە لە دوای ڕووخانی

ڕێژیمی شا دەسکەوتەکەیان لێ زەوت دەکەن، ئەمانی ڕێکخراوی خاوەن حزب و تیۆری زانستیش وەکو جەماعەتە یاخییە بێ جەماوەر و بێ حزب و تیۆرەکەی ئەوکە شامار مایەپووچ لێی دەردەچنەوە و بە زەحمەت گیانی خۆیان دەرباز دەکەن و ڕوو لە هەندەران و ئاوارەیی دەکەن، ڕێکخراوە نەتەوەییە کوردییەکانیش هەر بەهەمان دەرد چوون.

لێرەشەوە هەردوو بەسەرهات: ئەوەی فەلامەرز و یاسەمین و، ئەوەی ئەوکە شاماریش لە کار و لە ئامانج و دواتر لە سەرنەکەوتنی هەردووکیشیاندا دەبنە دوو ڕووی یەک پارە و، ئەو هاوئامانجی و هاوپەیمانییە و، ئەو شکستییەشی کە بەسەر هەردوو لادا و لە یەک (زەمەن)دا بەسەریاندا دێت، تابلۆیەکی گشتی ئێرانی سەردەمی شا دەنەخشێن، کە ئیتر نەتوانین بە ئاسانی بلێین هەردوو بەسەرهاتی (دەربار) دوو بەسەرهاتی سەربەخۆن، بگرە دوو موتیفی یەک تابلۆن کە پێکەوە گوزارە لە داستانێکی نیشتمانیی گەورەی ئێران دەکەن.

من بۆ خۆم ئەزموونێکی خوێندنەوەی تریشم لە گەڵ ڕۆمانی (دەربار)دا تاقی کردەوە بۆ ئەوەی لەو بەرەنجامەی سەرەوە دڵنیابم.

لە خوێندنەوەی سێیەمی دەقەکەدا هاتم هەموو ئەو بەشانەی ڕۆمانەکەم جیا کردەوە کە باس لە بەسەرهاتی ئەوکە شامار و ڕەحمان و فەرهاد دەکەن، ئەو بەشانەی بەسەرهاتەکەی یاسەمین و فەلامەرزیشم بەجیا دانا و، ئەوجا هەر بەسەرهاتەیانەم بە جیا و وەکو ئەوەی ئەوی تریان لە دەقی ڕۆمانی (دەربار)دا نەبێ ئاوا هەردوو بەسەرهاتەکەم وەکو ئەوەی دوو ڕۆمان، یا دوو چیرۆکی جیاواز بن هەردووکم خوێندەوە و گەیشتمە ئەنجامێکی سەیر. ئەگەر هەردوو بەسەرهاتەکە، یا هەردوو مۆتیفەکە لە تابلۆ گشتییەکە دابڕین. ئەو دەمە بەسەرهاتی ئەوکە شامار و دەستەکەیم وەکو چیرۆکی جەماعەتێکی قاچاخ و لە یاسا یاخی ڕاوڕووتکاری سەرسنوورەکان و لادێ و شوێنە دوورەدەستەکان هاتنە پێش چاو کە دەسەڵات دواتر تێکیان دەشکێنێ.

بەسەرهاتی فەلامەرز و یاسەمینیشم وەکو دوو قوتابی ئاشقە و ماشقەی کەم ئەزموون دیت کە دەکەونە دوای ڕێکخراوێکی توندوتیژی دوگما و بۆ تیرۆر و بانک دزین لەژێر پەردەی حزبایەتیدا بەکاریان دەبن.

بە واتایەکی تر دەشێ بڵێم دابڕینی هەردوو بەسەرهاتەکە لە جەستەی ڕۆمانی (دەربار) هەردووکیان لەو مانا و مەبەست و بەها سیاسی و نیشتمانییانە دادەماڵێ، کە پێکەوە عەرزکردنی هەردووکیان لە یەک (زەمەن) و بۆ یەک پەیام و لە یەک دەقی زیندوودا پەیدای دەکەن، لە یەک داستانی نیشتمانیدا خۆیان نمایش دەکەن، کە هیچ کام لەم دوو بەسەرهاتانە ناتوانن بەتەنیا بیگەیەنن.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیحر و کاریگەرییەی کە تەکنیکی شیعریی، پێکەوەدانانی وێنە لێکچووەکان، یا تەنانەت دژە وێنەکانیش لە دەقەکەدا دەیانخوڵقێنێ.

یا ئەوەش بڵێم کە هەندێ وردەکاریی لە هەندێ بەشی دەرباردا هەن پێم وایە کە زیاد لە پێویست لە سەر ڕووداوێکی لاوەکی وەستاون کە هەر بۆ خۆیان پێویست نەبوون، وەک: تۆپینی هێستەرەکەی ڕۆستەم زاغی و ڕیوڕەسمی ناشتنی هێسترەکەی لە بەشی (٧)ی بەرگی (١)دا، حیکایەتەکانی عەلە تەیبی دوکتۆری عەشایەری لەبارەی چاککردنی ملی قایمەقامی هەڵەبجە و ئەوانی تر لە بەشی (٨)ی بەرگی (٢) و دواتریشدا. هەروەها بەشی (١٢٩)ی بەرگی (٨) و گفتوگۆکردنی نامەی ماستەرەکەی کوردەخان لەسەر هەجوەکەی نالی و وەڵامەکەی مەستوورەخان بۆ ئەو.

بەشی تریش هەن وەکو مردنە تراجیکۆمیدییەکەی خودی ڕۆستەم زاغی لە بەشی (٧)ی بەرگی (١)دا بە دەستی شێخ سەفائدینەوە کاتێک دەیەوێ (جنۆکە) لە گیانی دەربکا، یا وەک دیمەنی ئیغتیسابکردنەکەی ژیلا لە بەشی (٢٦)ی بەرگی (٢)دا کە جگە لە تەفاسیلی زۆر، قەساوەت و توندوتیژییەکی لە ڕادە بەدەریشیان تێدایە، کە پێم وایە وێژدانی خوێنەر بە تەواوەتی بریندار دەکەن. هەروەها دیمەن و دەسپەڕەکانی سەبری کە بۆ شەهبازی کوڕە بێ قووڵ و سەقەتەکەی دەکا، ئەگەرچی زۆریش باس لە تەفاسیلەکەی نەکراوە، بەڵام ئەوەندەی کە باس کراوە زۆر هەستڕووشێنە، هەرچەندە لە دەقەکەشدا وەکو سزایەکی خواهانە بۆ کار و کردەوەکانی ڕەحمان دێتە بەرچاو.

به بۆچوونی من یەکێک لە ڕچەشکێنییە بەرچاوی و پڕ لە بوێرییەکانی تری خوسرەو جاف لە (دەربار)دا مامەڵەکردنێتی لەگەڵ زماندا، زمان هەم لەسەر ئاستی قاموسی و هەم لەسەر ئاستی گفتار/ خیتابدا.

لەسەر ئاستی دیالێکت/ شێوەزاردا خوسرەو لە (دەربار)دا دیالێکتی سۆرانی و کەڵهوڕی و گۆرانی بەکار بردووە.

سۆرانی، کە شێوەزاری موکری و سلێمانی و دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستیشی پێ دەگوترێ و لە سەردەمی نالّی و سالم و کوردییەوە جێی دیالێکتی گۆران و کەڵهوڕی گرتووەتەوە، کە شێوەزاری کرمانجی باشووریشی پێ دەگوترێ و ماوەیەکی دوور و درێژ زمانی ئەدەبی کوردی بووە و باوە تایری عوریان و مەولەوی و بێسارانی و مەلای جەباری و سەیدی هەورامی و وەلی دێوانە و ڕەنجووری و زۆری تر شاکاری شیعریی و ئەدەبییان پێ دەنووسێ، تا شێوەزاری سلێمانی هاتوو ئەوە پتر لە (١٥٠) ساڵە لەو پایەیەی دەرکردووە، لەوسایشەوە تا بە ئەمڕۆ دەگا شێوەزاری گۆران و کەڵهوڕی ئیتر لە ئاستێکدا گیریان خواردووە، لە کاتێکدا شێوەزاری سلێمانی لە گەشەکردنێکی بەردەوامدایە و گەیشتووەتە ڕادەی ئەوەی خۆی وەک زمانی یەکگرتووی ئەدەبی بنوێنێ.

مەبەستم لە بوێرییەکەی خوسرەو ئەوەیە کە هاتووە لە دەقێکی ئەدەبی سەرەتای سەدەی (٢١)دا کار لەسەر ئەم دوو شێوەزارە دەکا کە یەکێکیان لە سەدەی (١٩)دا بەجێ ماوە. تیۆریستەکانی فەرەنسا ڕەنگە مەبەستیان لە کارێکی وا بێت کە دەڵێن (ئێمە موغامەرە نانووسین، بگرە موغامەرەی نووسین دەکەین.).

موغامەرە زمانەوانییەکەی خوسرەو لە (دەربار)دا هەر لەوێ ناوەستێ کە سەدان، بگرە هەزاران وشە و دەستەواژە و ئیدیۆم و پێکهاتەی زمانەوانی زیندوو کردووەتەوە، بەڵکو دەگاتە ڕادەی بوژاندنەوەی شێوەزارێکی لەبیرکراوی کوردی کە بە ملیۆنەها کورد لە ڕۆژهەڵات و لە باشووری کوردستان قسەی پێ دەکەن، بەڵام ناخرێتە سەر کاغەز، ملیۆنەها کورد لە هەورامان و گۆران و لەک و لوڕ کە هەندێ ڕۆژهەڵاتناس و ڕۆشنبیری گەلانی دراوسێ و تەنانەت خودی کوردیش لەبەر هەر هۆیەک بووە، گومان لە کوردبوونیان دەکەن.

پەیامی نەتەوەییی خـوسـرەو جـاف لە دەقـی (دەربار)دا بانـگهـێـشـتـێکە بۆ ئاوڕدانەوە و ئاشتکردنەوەی شـێوەزارێکی کوردی، کە جگە لەو شـوێنانەی سەرەوە هەندێ کەس شـەبەک و زازاشیان دەخـەنە سەر، شێوەزارێک کە بەشـێکی گرینگی ڕۆشنبیری و کەلەپوور و ئەدەبیاتی ڕەسـەنی کوردی پێ نووسراوە و ئەوە ماوەیەکی دوور و درێژە لەبەر بـەرچاوتەنگی ناوچەگـەریی پشـتگوێ خراوە و لە چاپەمـەنی و پرۆگـرامـەکـانی خـوێندنی کـوردیدا بەکـار نابرێ، بەڵام وا دیارە لەنـاو کۆمـەڵگەدا ئەگەر بە ڕێژەیەکیش بووە هەر لە کار و پێشکەوتندایە.

پشتگوێ خستنی شێوەزارە کوردییەکان هەر ئەوە نییە کە چەند هەزار وشەیەک و چەندان پێکهاتەی زمانەوانی لە دەست دەدەین، بگرە لە ڕاسـتیدا دەگاتە ڕادەی لە دەسـتدانی بەشـێکی گەورەی مـیللەتەکەمـان لەبەر دابڕان و لێکتێنەگەیشتن وەک ئەوەی کـە هەندێ دەنگـی نەشـاز لە ئێـزدی و شـەبـەک و لەک و لوڕ و هەورامـانەوە بانگەشـەی بۆ دەکـەن و دەڵێن گوایە ئـەوانیش نەتەوەی سـەربەخـۆن و نەفـارس و کوردیشن.

ڕەهەندی سیـاسـی و کۆمـەڵایەتـی پەیامی خوسـرەو لـە (دەربار)دا پەرچدانەوەی ئەو دەنگە گومانلێکراوانەیە و نموونەیەکی بەکردەوەیە بۆ بەیەکتر ئاشناکردنی ئەو شـێـوەزارە کـوردییـانەی کـە لەبەر نەبوونی قـەوارەی سـیـاسـی کـوردی و، بەهۆی پێکەوە پـێشنـەکەوتنی ئەو دیالێکتـانەوە، خـەریکە وردە وردە لە یەکـتـر دادەبڕێن، لەگەڵ خۆشیاندا دەبنە هۆی لە یەکترازانی گەلەکەشمان و نیشتمانەکەشمان.

خـوسـرەو لە (دەربار)دا بە کردەوە سـاغی کردووەتەوە کـە کوردێکی کـەڵهوڕ و گۆران و کوردێکی سلێمـانی زۆر بە ئاسـانـی دەتوانن پێکەوە گفتـوگۆ بکەن و لە یەکتریش تێ بگەن و، دەری خستووە کە ئەگەر جیاوازییەکیش لـە گۆکردنی پیت و وشەکان و داڕشتنی ڕسـتە و ئیدیۆمەکانی شێوەزارە کوردییـەکاندا هەیە نیشانەی لاوازیی نیـیـە، بگرە مـایەی بەهێـزی و دەوڵەمـەندی زمـانی کـوردییـە، کـە پێم وایە خـۆشەویستـی ڕەحمان و سـەبری و پێوەندییەکـەی فەرهاد و کوردەخـان باشـترین گوزارەی لێ دەکەن.

ئەو فـەرهـەنگەشی کـە خوسـرەو لە پـاراتێکسـتی ڕۆمـانـەکـەدا، لە دەرەوەی دەقی ڕۆمـانـەکـەیدا نووسـیـوێتـی، ئەویش بۆ خـۆی خـزمـەتێکی تری هـەمـەلایەنـەیە بۆ

کەسێک/ خوێنەرێک، کە جگە لە چێژی ئەدەبی لە ڕۆمانەکەدا، بە تەنگ سامانی وشە و زمانی کوردیشەوە بێ.

ئەمە لەسەر ئاستی زمانی قاموسی و پەیامی سیاسییانەی بەکاربردنی هەردوو شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی باشوور لە (دەربار)دا، بەڵام لەسەر ئاستی گفتار/ خیتابیشدا لە بەکاربردنی هەردوو دیالێکتیکەکەدا، خوسرەو زۆربەی کات بە وردەکارییەکی هونەرییەوە مامەڵە لەگەڵ پێوەندیی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە و شێوە و شێوازی قسەکردنیاندا دەکا.

ئەگەر قسە/ گفتار/ خیتاب بەکاربردنی شەخسیی زمان بێت، ئەوا زمانی قسەکردن لە (دەربار)دا زۆر بەڕوونی گوزارە لە کەسایەتی، ئینتیمای ناوچەیی/ ئاینی/ ئاینزانی/ سیاسی و حزبی، تەمەن و ڕەگەز و نێر و مێی کەسەکان دەکا، پلە و پایەی کەسایەتی و چینایەتی و، ڕادەی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و پیشەییان دەردەخا، حاڵەتی دەروونی کاتی و نەخۆشییە ڕوانییەکانیان دیاری دەکا.

زمانی ئەوکە زمانی کابرایەکی کەڵهوڕی نەخوێنەواری ئەهلی هەق و یاخییە و لەگەڵ هەموو کەسێکدا بە کەڵهوڕی دەئاخفێ و بە (سەی براکە) و (باوەیادگار)ی پیاوانی پیرۆزی ئەهلی هەق سوێند دەخوا، لەگەڵ ئەندامانی دەستەکەیدا هەر کەڵهوڕی قسە دەکا.

ڕەحمانیش هەروەها، تەنانەت لەگەڵ سەبری ژنیشیدا هەر بە کەڵهوڕی قسە دەکا لە کاتێکدا سەبری سۆرانی و خەڵکی سلێمانییە.

هەتا لە بەرگی چوارەمدا ئەوکە شامار دەکوژرێ شێوەی کەڵهوڕی لە دەقی دەرباردا باوە، بەڵام کە ئەوکە دەکوژرێ، ڕەحمانیش ئیتر هەموو کاتێک هەر بە کەڵهوڕی نادوێ، بگرە لەنێو منداڵەکانیدا و تەنانەت لەنێو هامنشینە کارماشانییەکانشیدا کە هەموو کەڵهوڕن ناو بەناو بە کەڵهوڕی دەدوێ.

فەرهادی کوڕی ڕەحمان و کورشی دۆستی کە ئەوانیش هەردووک کەڵهوڕن و کرماشانین ئەوانیش هەندێ جار بۆ قسەی پەنامەکی نەبێ لە بەرچاوی کوردەخاندا، ئیتر بە کەڵهوڕی قسە ناکەن.

لە (دەربار)دا دیالۆگ بە گوێرەی کەسەکان بە کەڵهوڕی، یا بە سۆرانییە، یا

تێکەڵەیە، بەڵام گێڕانەوە هەموو کات بە سۆرانی/ سلێمانییە.

وشە و شێوە و شێوازی قسەکردنی فەلاەمەرز و یاسەمین و لی لی خانم شێوە و شێوازی ئاشقانە و ئەدەبی و ناسک و ئەرستوکراتییانەیە، بەپێچەوانەی وشە و دەستەواژە و شێوە و شێوازی قسەکردنی ئەوکە شامار و دەستەکەی و خەڵکی گوندەکانی سەرسنوور کە جووتیاری و لادێیانەیە.

ناو و نازناوی کەسەکان: نەقشی، تیغی، جوجە، موشی و... گوزارە لە کەسایەتی خاوەنەکانیان دەکەن، هەروەها شێوەی قسەکردنیان، غولام نەقشی پیتی (ڕ) دەکا بە (ڵ)، ئیسی موشی سەرزمان دەگرێ/ زمانی تەتەڵە دەکا.

پیاوانی ساواک، پیاوانی ئیتیلاعات زمانیان پیس و جنێوفرۆشن، هەروەها ژنانی داوینپیس سودابە و ژیلایش پاش ئەوەی بە تەواوی دەڕووخێ، ئیتر هەر کەسە و بەپێی ڕادەی ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتی خۆی لە (دەربار)دا بە زمانی کوردی (سۆرانی یا کەڵهوڕی) قسە دەکەن، بەڵام دیارە بەتایبەتمەندیی کەسایەتی و پیشەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتیی خۆیانەوە.

ئەمە لەسەر ئاستی دیالۆگ و گفتار/ خیتابی کەسەکان، بەڵام لەسەر ئاستی وەسف و گێڕانەوەشدا زمانی (دەربار) زمانێکی پاراوی ئەدەبی بەرز و باڵایە، پڕ لە مەجاز و تەشبیه و ئیستیعارەی نوێی پڕ دەلالەتی ڕۆشنبیری و فەلسەفی و ئەفسانەییە، هەندێکیان لە داهێنانی ڕۆماننووسن، هەندێکیشیان لە کەلەپووری نەتەوایەتیی کوردی و ئێرانی و جیهانییەوە وەرگیراون و زۆرجارانیش بە شیعری شاعیرانی کورد و فارس ڕازێنراوەتەوە، هەندێ جاریش بەگۆرانی و هۆرەی کوردی و گۆرانیی نوێی فارسی.

بەم شێوەیەش بەدڵنیاییەوە دەشێ بڵێم لە ڕۆمانی (دەربار)دا زمان هەم وەسیلەیە، هەم ئامانج، وەسیلەیە بۆ دەربڕین و گوزارە لە کەس و ڕووداوەکان و گێڕانەوە، ئامانجیشە بۆ زیندووکردنەوەی زمانێک کە لە غیابی قەوارەی سیاسی و لە بەردەم شالاوی قەلاچۆکردنماندا، گەلی کورد و نیشتمانەکەی دەپارێزێ و بەزیندوویی دەیهێڵێتەوە. ئەمەش ئەرکێکی سیاسیی کۆمەڵاتییە کە سروشتی ژیان و ژیاری و مانەوە و بەردەوامی گەلی کورد دەیسەپێنێ نەک ئەدەب و هونەری ڕۆمان، کە وەک پێشتریش گوتوومە هونەرێکی فرەئەرکە، ئەرکگەلێک کە زۆریان

بارودۆخی مێژوویی و مەوزووعی دەیانسەپێنن، ئەگەرچی زۆر لە ڕەخنەگران و تیۆرییەکانی ڕەخنەی نوێ قایل نابن کاری هونەریی لە چوارچێوەی مێژووی بەرهەمهێنانیدا بخوێننەوە.

## ١٠

١٠ – ١: کات / زەمەن

لە (دەربار)دا کات سێ کاتی هاوشانن: کاتی فیزیکیی ڕاستەقینەی مێژوویی و کاتی دەروونی کاتی گێڕانەوە.

کاتە فیزیکییەکە زیاتر لە چارەکە سەدەیەکی بردووە، لە ڕاگەیاندنی (شۆڕشی سپیی شا)وە دەست پێ دەکا، کە هەوڵێکی چاکسازیی زەویوزاری کشتوکاڵیی مێژووداری ڕاستەقینەیە و تا ڕووخانی شا و جێگیربوونی ڕێژیمی ئیسلامی لە بەهاری ١٩٧٩ و شەڕی نێوان عێراق و کۆتاییەکانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو درێژە دەکێشێ.

ئەم (کات)ە ڕاستەوخۆ مەبەست نییە لە ڕۆمانەکەدا، بگرە وەکو چوارچێوەیەک بۆ دیاریکردنی سنووری پێشکەوتنی زەمەنی فیزیکی بەسەرهاتەکان، وەکو (ئاماژە) بەکار دەبرێ و وەدەردەکەوێ؛ ڕاگەیاندنی شۆڕشی سپی لە ئێران، تیرۆرکردنی هەندێ کەسایەتیی دەوڵەت، گۆڕانی وەزارەت و... هتد. هەندێ ڕووداوی ڕاستەقینە کە لە مێژووی ئێراندا بوونی هەیە، هەروەها هەندێ ئاماژەی تر کە بۆ هەندێ ڕووداوی ڕاستەقینەی ناو عێراق لە دەقەکەدا هاتوون وەک: ڕێژیمی قاسم، شۆڕشی ئەیلوول، وێنەی هەڵواسراوی ئەحمەد حەسەن بەکر، هاتنی ناوی سەدامی دیکتاتۆر و شەڕی عێراق – ئێران و ڕووداوەکانی، کە هەموو لە مێژوودا بوونی ڕاستەقینەیان هەیە.

وەک گوتم لە پاڵ زەمەنە فیزیکییەکەدا (کات)ێکی تریش هەیە کە کاتی گێڕانەوەیە.

لە زەمەنی گێڕانەوەکەدا ڕووداو دەخوڵقێ.. تەشەنە دەکا.. چارەسەر دەبێ. ئەوەی منداڵە گەورە دەبێ، ئەوەی گەورەیە پیر دەبێ، ئەوەی پیرە دەمرێ و ئیتر ئاوا.. هتد.

ئەم زەمــەنە هەر لە دەقــەکــەدا بوونـی هەیە، بەڵام دیارە نەپێــویســتــە و نـە بە کردەوەش دەکرێ ئەم زەمەنە دوور و درێژە هەمـوو پێکەوە، یا ئەگەر بە زنجیرەیش بووە هەمـوو بخرێتە سـەر کاغەز و گێڕانەوەکە، بۆیە لە (دەربار)دا جاری وا هەیە بۆ وەسـف، یا بۆ بەخـۆداچوونەوە، یـا بۆ بیــرهێنـانەوە (کــات) ڕادەوەسـتێ، یـا بۆ کورتـکردنەوەی زەمـەن گـێڕانەوە شـێـوەی ڕاپۆرت وەردەگرێ، لە دیمـەنی زیندووی ئانیـشـدا کـاتی فـیـزیکیی ڕووداوەکـە و گێـڕانەوەکـەی یەکسـان دەبـنەوە، هەندێ جاریش (کات) شتێکی گرینگی تێدا ڕوو نادات بۆیە تێدەپەڕێنرێ.

درێژترین (کات) یش کە تێدەپەڕێنرێ لە (دەربار)دا لە بەرگی سێیـەمدا لە نێوان هەردوو بەشی (٣١) و (٣٢)دا ڕوو دەدا کـاتێک لـە لاپەڕەیەکی سـەربەخـۆدا (لاپەڕە ١٢٥)دا تێبینییەک نووسـراوە کە ئەمەیە (چەند سـاڵێک دواتر)، ئەویش دیارە پاش دامـەزراندنی بـناخـەی زۆربەی سـەرەتاکـان و وێناکـردنی زۆربەی کـەسـایـەتیـیـە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە دێت.

لێـرەشـەوە خـوێنەر پێی وایـە، یا ڕاسـتـتـری بێژم خـوێنەر وا چاوەڕوانە لەگـەڵ دەسـپـێکردنەوەی بەشـەکـانی تردا بـەشـێکی زۆر و بنـەڕەتی لە ڕووداو و کـەس و هەڵوێستەکـان بەهۆی تێپەڕبوونی ئەو (چەند ساڵەوە) گـۆڕانی بەرچاویان بەسـەردا هـاتبێ، بەڵام کـە بەشی (٣٢) و بەشەکانی دواتر دەخوێنینەوە دەبینـین ڕووداوەکان لەسـەر هـەمـان زنجیـرە کـات و بەهەمـان ڕەزمی بـەشـەکـانی پێش تێبینیی (چەند سـاڵێک دواتر) دەڕوا و بـەشـێـوەیەکی واش دەڕوا کـە هەمــوو شـتـێک بـە ڕەوتی سـروشـتـیی خـۆیدا پەرەدەسـتـێنێ بەبێ ئەوەی هـەست بەهیچ بڕینێکی (کـات) و دووبارە گرێدانەوەی بکرێ.

من بۆ تـەئکیـدکردنـەوەی ئەم هـەسـتـەم تەنیـا چەند نموونەیـەک دێنمـەوە، ڕەنگە هیی تریش هەبن.

لە لاپەڕەکـانی (١٧٥ و ١٧٦)ی بەشـی (١٢)ی بەرگی (١)دا داوا لە فـەڵامـەرزی قوتابی (دوا) سـاڵی کۆلێجی ئەندازیاری بیناسازیی و هاوکاریانی لە نووسینگەی ئەندازیار کامەران دەکرێ کە نەخشەی کۆشکی وەلی عەهد دابڕێژن.

لە لاپەڕە (١٨)ی بـەشی (٢٦)ی بەرگی (٣)دا کـامـەرانی ئەندازیار بە فـەڵامـەرز دەڵێ: پڕۆژەکەمان ئەگەر بە ساڵ و نیوێک تەواو کەین شاکارمان کردووە.

هەر لە لاپەڕە (٢٦)ی هەمان بەش و بەرگدا ئەندازیار کامەران بە فەلامەرز و لی لی خانم دەڵێ ئەگەر: شەقوڵقەمەریش بکەین ئەم پرۆژەیە (پرۆژەی کۆشکی وەلی عەهد) هەر ساڵێک دەخایەنێ.

واتا ئەگەر موستەحیلیش بکرێ پرۆژەکە هەر ساڵێک تا ساڵونیوێک دەبا بۆ تەواوکردنی کۆشکی وەلی عەهد.

کەچی هەتا کۆتایی بەشی (٢١)ی بەرگی (٣) بۆ خۆی نزیکەی (٢) ساڵ دەبا و پرۆژەکە هەر تەواو نابێ، لە دوای ئەو بەشەش تێبینی (چەند ساڵێک دواتر)ی ل / ١٢٥ی بەرگی(٣) دەخوێنینەوە و لە بەشی (٣٢)دا دەچینەوە سەر ڕووداوەکە و گێڕانەوەکە دەست پێ دەکاتەوە دەبینین لە بەشی (٣٩) دا لی لی بە فەلامەرز دەڵێ: دوێنێ شابانۆ لە قۆناخی کۆشکی (وەلی عەهد) دەپرسی.

لەلاپەڕە (١٣٧)ی بەشی (٤٤)ی بەرگی (٤)دا دیسان گوتراوە سەرئەنجام بڕیار درا کۆشکی وەلی عەهد مودێرنکاریی تێدا بکرێ.

تا لە (ل / ١٦٠)ی بەشی (٤٦)ی بەرگی (٤)دا گوتراوە: کاری ساختمانسازیی کۆشکی وەلی عەهد تەواو بووبوو.

واتا نەک (ساڵ و ساڵ و نیو) بەڵکو تەواوکردنی کۆشکەکە لە سنووری (چەند ساڵ دواتر)یش دەپەڕێتەوە، باوەڕیش ناکەم پرۆژەی کۆشکی وەلی عەهدیش شتێک بێت ئەندازیار، یا مقاویل بتوانن گەمە بە کاتی تەواوکردنەکەی بکەن، بەتایبەتیش کە لە دەقەکەدا هیچ ئاماژەیەک بەو دواکەوتنە نەکراوە، ئەگەر ئەوەشمان زانی کە کاری (بیناسازی) ئەوەندەی پێ چووە و هێشتا کاری دیکراسیۆنیشی دەمێنێ کە لە دەقەکەدا ئەویش هەر لەسەر ئەندازیار فەلامەرزە و لە ماوەی ئەو (ساڵ تا ساڵ و نیو)ەیە کە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە.

کە ڕۆمانەکە دەست پێ دەکا فەلامەرز قوتابیی دوا پۆلی کۆلیجی بیناسازیی زانکۆیە، کە دەست بە کاروباری بیناکردنی کۆشکی وەلی عەهد دەکرێ فەلامەرز دەڵێ (٦مانگم ماوە) کۆلیج تەواو بکەم، کەچی لە پاش تێبینیی (چەند ساڵ دواتر)یش لە (ل / ١٢)ی بەشی (٣٣)ی بەرگی (٤)دا ئەوسا فەلامەرز بە ژیلا دەڵێ: کۆلیجمان تەواو کردووە و ئەمە دوو – سێ مانگە موهەندیسی موهەندیسین، واتا پاش تێپەڕبوونی (٢ ساڵ + چەند ساڵ دواتر) ئەوجا کۆلیج

تەواو دەکەن (فەلامەرز و یاسەمین) لە کاتێکدا کە ڕۆمانەکە دەست پێ دەکا ئەوان قوتابیی دواپۆلی کۆلیجن و لە دەقەکەشدا ئاماژەیەک نییە بۆ (دەرنەچوونیان).

لە ڕاستیدا ئەم تێبینیی (چەند ساڵ دواتر)ەی کە لە (ل / ١٢٥)ی بەرگی (٣)ی دەربارداا گوتراوە، هەر زەمەنی گێڕانەوە و زەمەنی ناوەخۆی ڕۆمانەکە ناشێوێنێ بە تەنیا، بگرە زەمەنی فیزیکی و مێژووی ڕاستەقینەی ڕووداوەکانی دەرەوەش لە گرێژەنە دەبات ئەگەر لەگەڵ هەردوو بەسەرهاتە تەولیف کراوەکەی ناو دەقەکەدا بەراورد بکرێ.

هەروەها ڕەحمان لە پرۆسەی کوشتنی سەروان عەزیزیدا بۆ جاری دووەم لە بەشی (٣١)ی بەرگی (٣)دا بریندار دەبێ، کەچی پاش تێپەڕبوونی (چەند ساڵ دواتر) لە بەشی (٣٤)ی بەرگی (٤)دا هێشتا برینەکەی چاک نەبووە.

هەر لە بەشی (٣١)ی بەرگی (٣)یەمیشدایەو لە هەمان شەڕدا (مەجید باوەجانی) دەکوژرێ کەچی لە بەشی (٣٤)ی بەرگی (٤)دا، واتا پاش (چەند ساڵێک دواتر) کەسوکارەکەی دێنە سۆراخێوە، ئەمە ئەقڵ نایگرێ، بەتایبەتیش لە کوردەواریدا.

دیارە نموونەی تریش زۆرن بەڵام من لەسەر هەموویان ناوەستم چونکە پێم وایە تەنیا بە لابردنی ئەو تێبینییەی لاپەڕە (١٢٦)ی بەرگی (٣)دا هاتووە و دەڵێ (چەند ساڵ دواتر)، ئیتر زۆربەی شتەکان دەچنەوە جێی زەمەنیی خۆیان و ئەو ناجۆرییانەش بەو زەقییە نامێنن سەرنجی خوێنەر بۆ بەراورد و ساغکردنەوە ڕاکێشن و لە بەدواداچوونی خوێندنەوەی دەقەکەی ڕابگرن، بۆیە پێشنیازم وایە ڕۆماننووس لە چاپەکانی داهاتوودا ئەو تێبینییە لاببات ئەگەر هاتە سەر ئەو قەناعەتەی کە لەلای من دروست بووە.

١٠ – ٢: هەڵەی چاپ و دەرهێنان.

لە (دەربار)دا هەڵەی چاپ زۆرن بەتایبەتیش لەو جێیانەیدا کە بە دیالێکتی گۆران و کەڵهوڕی نووسراون، هەڵەکان هەندێکیان دیارن و خوێنەر دەتوانێ بە خۆی ڕاستیان بکاتەوە، بەڵام هەندێکی تریان، دیسانەوە لە شێوەزارە کەڵهوڕی و گۆرانی – یەکەیدا، بە کەم خوێنەر ڕاست دەکرێنەوە و بەتایبەتیش ئەوانەیان کە لە

دەقەکەشەوە بە هەڵەیی پەڕیونەتە فەرهەنگی پاشکۆی بەرگەکان، کە لە چاپەکانی داهاتوودا ئەگەر چاک نەکرێنەوە ڕەنگە ببنە هۆی شێواندنی شێوازەکە.

لەلاپەڕە /١٢٣ی بەشی (٧٧)ی بەرگی (٦)یشدا پەرەگرافێک دوو جار لەسەر یەک چاپ و دووبارە کراوەتەوە و لە هەڵەچنەکان تێپەڕیوە.

لە بەرگی (٧)ەمدا، کە بەشی (٩٧) تەواو دەبێ، لە جیاتی بەشی (٩٨) یەکسەر بەشی (١٠٠) لە لاپەڕە / ٥٠ دا دێت، دوای ئەویش بەشی (٩٩) دێت، ئەوجا بەشی (٩٨)، دوای ئەمیش ئەوجا بەشی (١٠١) کە هەواڵی (ڕۆیشتنی شا)ی تێدا تۆمار کراوە و کورتترین بەشی ڕۆمانەکەیە کە هەر ٤ – ٥ دێرە، لێرەشەوە ئەوجا زنجیرەی بەشەکان ڕاست دەبێتەوە، بەڵام دیارە لەم پاشوپێشکردنەدا زۆرشتی تریش لە ڕووداو و هەڵوێست پاشوپێش دەکرێن، ئەگەر خوێنەر بەو پاشوپێشکردنە نەزانێ، کە لە کتێبەکەدا ئاماژەی بۆ نەکراوە، دیارە لە زۆر شتی تریشدا بە هەڵەدا دەچێت.

لە کۆتاییی (ل / ٩١)ی بەشی (٣٩)ی بەرگی (٤)دا و بەبێ هیچ پێشەکییەک یەکسەرە دیالۆگی نێوان ئەوکە شامار و ڕەحمان دەپچڕێ و دیالۆگێکی نێوان فەڵامەرز و لی لی خانم (بەبێ ئەوەی ناویان ببرێ) دێتە پێشەوە و ئیتر هەم بابەتەکە، هەم کەسەکانی دیالۆگەکە، هەم شوێنی ڕووداوەکە، هەم شێوەزاری قسەکردنەکە لە کەڵهوڕی – ییەوە دەبێتە سۆرانی، هەم زەمەنەکەیش و هەموو شتێک بە کوتوپڕی دەگۆڕێ. من خۆم ئەم دوو لاپەڕەیەم بۆ ساغ نەکرایەوە و ئەمزانی ئەم دیالۆگی لی لی و فەڵامەرزە لە چ بەشێکەوە پەڕیوەتە کۆتاییی لاپەڕە(٣٩)ی بەرگی (٤) و نەشمزانی پاشماوەی دیالۆگەکەی ئەوکە شامار و ڕەحمان چی بووە و چۆن بە کۆتاییی سروشتیی خۆی دەگا.

١٠ – ٣: غەفڵەت

دەربار، ڕۆمانێکی بە قەوارە گەورەیە، بە دەیان کاراکتەرو چەندان خێزان و کەسایەتیی سەرەکی و لاوەکی ڕۆڵی تێدا دەگێڕن، ماوەکەی دوور و درێژە، ڕووبەری ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکانی پان و بەرینە، هەموو وڵات دەگرێتەوە، دەیان گوند و شارۆکە و شار و چەندلن پایتەخت و ناوی بە دەیان شەقام و نایت کلاب و گازینۆ و چێشتخانە و جێی حەسانەوە و گەڕەکی نیشتەجێبوونی تێدا

هاتووه له ئێران و عێراق و فرەنسا و ئینگلستان.

ڕۆمانی ئاوا دەبێ سەرچەلەی خێزان و کەسایەتییەکان و نەخشەی کات و شوێنی ڕووداوەکانی له پێشدا تۆمار بکرێن، له خێزانەکاندا دەبێ ناو، تەمەن، کار، پیشە، ئارەزوو، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کەسەکان لەسەر نەخشەیەک بنووسرێن و ڕۆماننووس له کاتی ناوهێنانیان بچێتەوە سەر ئەو سەرچەلانە، نەبادا هەڵەیەک ڕوو بدا.

خوسرەو جاف له کۆتاییی بەرگی هەشتەم، واتا له کۆتایی (دەربار)دا دەڵێ: (ئەمشەو بەرەبەیانی ١٥ / ١٢ / ٢٠٠٥ دوای پێنج ساڵ ژیان لەگەڵ قارەمانەکانی ئەم ڕۆمانەدا ژیانێکی تێکەڵاوی شەو و ڕۆژی وا بەرەو لەیەک دابڕان دەڕۆین...).

بەڵام لەگەڵ ئەم (ژیانە تێکەڵاوی)ەشدا کە خوسرەو لەگەڵ کەسایەتییەکانی (دەربار)دا هەیبووە، بەداخەوە هێشتاش هەندێ حاڵەتی (غەفڵەت) له ڕۆمانەکەدا بەرچاو دەکەون کە من هەندێکیان لێرەدا تۆمار دەکەم، شایەد هیی تریش هەبن، هیوادارم له چاپەکانی داهاتوودا هەڵەچنی شارەزا ڕاستیان بکاتەوە، بەڵام دیارە له پێشدا دەبێ ڕۆماننووس قەناعەت بەم قسانەی من بێنێ:

١٠ – ٣ – ١: له (ل / ٥ی بەشی یەکی بەرگی یەکەمدا) گوتراوە:

سەی سەلمان بیزانیایە ئەمیر ئینتیزام... گەڕاوەتەوە کرند... یەک دوو ڕۆژێک بەلای ئەمیرەوە دەمایەوە تەمووڕەی بۆ فیردەوس خانمی ئەمیر لێدەدا...

بەڵام له (ل / ٦٨)ی بەشی (٦)ی بەرگی (١) بە دواوە دەردەکەوێ دەوڵەت خانمی کچی ئەمیر حسێن خانی گۆران ژنی ئەمیر ئینتیزامە نەک فیردەوس خانم.

له (ل / ٧٢)ی بەشی (٦)ی بەرگی (١)یش بەدواوە دەردەکەوێ کە (فیردەوس خانم) ژنی ئەمیر ئەقدەمی کولیایی و دایکی ئەسفەندیاری مێردی ئالەمتاجی خوشکی فەلامەرز و کچی ئەمیر ئینتیزام و دەوڵەت خانمی ژنێتی.

١٠ – ٣ – ٢: له (ل / ١١)ی بەشی (١)ی بەرگی (١)دا باس له سەید مەجیدی برای سەید سەلمان و مستەفای کوڕی سەید مەجید کراوە کە ئەویش تەمووڕەژەنە.

کەچی له (ل / ٢٨)ی بەشی (٥٢)ی بەرگی (٥)دا ناوی ئەم مستەفای کوڕی

سەید مەجیدە بووە بە (حیشمەت) و دوای ئەوەش هەر بە حیشمەت دەمێنێتەوە (بڕوانە بەشەکانی ٥٦ و ٥٩)، کەچی لە (ل / ١٠٠) ی بەشی (٧٥)ی بەرگی (٦)دا جارێکی تر ناوی حیشمەت دەبێتەوە بە (مستەفا) و ئیتر لە دەقەکەدا ناوی نایەتەوە.

١٠ – ٣ – ٣: (لەلاپەڕە – ١١)ی بەشی (١)ی بەرگی (١)دا گوتراوە سەید مەجید برابچووکی سەید سەلمانە.

کەچی لە (ل / ١٣٤)ی بەشی (١)ی بەرگی (١)دا دادوەر کە حوکم بەسەر سەید سەلمان و ڕەحمانی کوڕیدا دەدا، دەڵێ: (ئەم دادگەیە گەیشتە ئەو باوەڕە سەی سەلمانی کوڕی سەی مەجید هانی ڕێگر و پیاوکوژی.. داوە.. لەبەر ئەو تاوانە دادگا بڕیاری پانزە ساڵ بەندیی بۆ سەید سەلمان بڕییەوە و حەوت ساڵیش بۆ ڕەحمانی کوڕی...) واتا سەی سەلمان لێرەدا کوڕی سەی مەجیدە، پێشتریش گوتراوە سەی مەجید برای بچووکی سەی سەلمانە، بۆیە ئەقڵ نایگرێ سەی سەلمان باوک و براکەشی هەر ناویان سەی مەجید بێ و سەید مەجیدیش هەر کوڕی سەی مەجید بێ، تەنیا لە یەک حاڵەتدا نەبێت لە کوردەواریدا ئەویش بۆ کوڕی (پاشمەرگە)، واتا ئەو منداڵەی کە لە سکی دایکیدایە و کە پاش مردنی باوکی لەدایک دەبێ، ناوی باوکی لێ دەنرێ، بە تایبەتیش ئەگەر باوکەکە بەکوشت چووبێ، یا جوانەمەرگ بووبێ.

هەر لەم پەڕەگرافەی پێشوودا دادوەر دەڵێ: ڕەحمان بە (٧) ساڵ حوکم دراوە، ڕەحمان بۆ خۆیشی لە (ل / ١٣٦)دا تەئکید لەو (٧) ساڵە دەکاتەوە، کەچی بەرپرسەکەی ساواک (ڕەببانی) دەڵێ: (دە ساڵێکیان بۆ بڕیویەتەوە – بەشی (٩)ی بەرگی (١)، لاپەڕە / ١٣٨) هەر لە هەمان بەش و بەرگ و لاپەڕەیەدا ڕەحمان بۆ خۆیشی دەڵێ: (من وا دە ساڵیان بۆ بڕیومەتەوە) لە کاتێکدا دادوەر لە نوتقی حوکمەکەدا دەڵێ: (٧) حەوت ساڵ.

١٠ – ٣ – ٤: لە (ل / ١٢)ی بەشی (١)ی بەرگی (١)دا کوێخای گوندی کانی توو ناوی (کوێخا ئەڵماس)ە، کەچی لە (ل / ١٤٥)ی بەشی بەرگی (٤) بەدواوە بەبێ هیچ پێشەکییەک دەبێتە (کوێخا ڕەمەزان).

١٠ – ٣ – ٥: له (ل / ١٦)ی بەشی (١)ی بەرگی (١)دا فەلامەرز دەڵێ: قوتابیی دوا ساڵی (کۆلیجی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تارانم. له ل / ٢٣ی هەمان بەش و بەرگدا جارێکی تر تەئکید لەمە کراوەتەوە، کەچی لەوەو بەدوا دەڵێ: کۆلیجی ساختمانسازی – هەندەسەی میعماری) ئیتر نازانم له ئێراندا کۆلیجی هونەرە جوانەکان، کۆلیجی ساختمانسازیشی پێ بگوترێ، دەنا ناوی کۆلیجەکان جیاوازییان هەیە.

١٠ – ٣ – ٦: له (ل / ١٥٣)ی بەشی (١٠)ی بەرگی (١)دا، ئاماژە بە قوماربازی و خانمبازی و پێوەندییەکانی ئەسفەندیار کراوە، دەڵێ: (ئەو ئاماژانە ئەمیر ئەمجەدی باوکی ئالۆز و ئاشوفتە کردبوو...) بەلام له هەموو بەشەکانی تردا (ئەمیر ئەقدەم) باوکی ئەسفەندیارە نەک (ئەمیر ئەمجەد).

١٠ – ٣ – ٧: له (ل / ٩٥) و (ل / ٩٧)ی بەشی (١٩)ی بەرگی (٢)دا دوو جاران ناوی (میهرداد) له جیاتی (میهران) هاتووە.

میهران تێکۆشەرە و دڵدار و خۆشەویستی ژیلایە، میهردادیش پیاوی ساواک و موغتەسیبی ژیلایە، ئەوجا تەسەوری بکە ئاڵوگۆڕکردنی ئەم دوو ناوە چ سەرگێژکێیەک بۆ خوێنەر دروست دەکا.

١٠– ٣– ٨: له (ل– ١٤٧)ی بەشی (٢٣)ی بەرگی (٢)دا له جیاتی ئەوەی بوترێ (فەقێ ڕەشید) گوتراوە (کوێخا ڕەشید).

١٠– ٣– ٩: مارفی کوڕی کوێخا زەمان له بەشی (٣٤)ی بەرگی (٤)دا دەکوژرێ، بەلام له (ل ٢٠)دا له بری (مارفی کوڕی کوێخا زەمان) نووسراوە (مارفی کوڕی کوێخا ڕەسوڵ).

١٠– ٣– ١٠: ڕەحمان بەر لەوەی بڕوا بۆ لای ئەوکە شامار بە ١٠– ١٢ کاتژمێر ئەو (٥٠٠٠) تومەنەی کە ساواک دەیدەنێ له شوێنێکی دەوروبەری گوندەکەیان دەشێرێتەوە، کە پاشان ئەوکە دەکوژێ و دێتەوە له (ل١٨ و ل ١٩)ی بەشی (٥٠)ی بەرگی (٥)دا جارێک دەڵێ: ٣– ٤ ساڵە دایکم نەدیوە، واتا سێ چوار ساڵە گوندی

کانی تووی بەجێ هێشتووە.

کاتێکیش پارە شاراوەکەی لە کونەکۆتر لە بن خاک دەردێنێتەوە دەڵێ: (٤) ساڵ لەمەوبەر ئەمەم پێ سپاردبوو (واتا بە زەوییەکە) ئەوسا وەک خۆی دایمەوە.

بەڵام کە باس لە کوشتنی ئەوکە شامار دەکا بە سەروان جەباری دەڵێ: (٥ ساڵە ئازگارە مونتەزر تا ئەی کارە کردم، واتا تا ئەوکەم کوشت (بڕوانە ل ١٥١ی بەشی (٤٥)ی بەرگی (٤).

١٠- ٣- ١١: لە بەشی (٦٠)ی بەرگی (٥) دا و لە (ل٩٩) دا دکتۆر مینائی دڵشاد بە هاوەڵانی (یاسەمین، سیرۆس، فەرزین) دەناسێنێ و دەڵێ ئەمیش: ئاغای دڵشاد.. خەڵکی شاری سولەیمانییە.

بەڵام دواتر کە دڵشاد لەلایەن موخابەراتی عێراقەوە دەسگیر دەکرێ دڵشاد دەڵێ: ناوم دڵشادە خەڵکی شاری کەرکووک و ئێستاش نیشتەجێی شاری بەغدام. (بڕوانە ل ١٥ی بەشی (٦٦)ی بەرگی (٦)، هەر لە هەمان بەش و بەرگیشدا کە ناوی کەسانی ناو وێنەی سەیرانەکەی سەلمان پاک دیاری دەکرێ، ناوی بابەک و ئەفشین لە جیاتی ناوی سیرۆس و فەرزین دێت، واتا ناوەکان دەگۆڕێن. لێرەشەوە ئیتر ئەفشین ناو لە دەقەکەدا دەبێتە (٢) کەس و، بابەک ناویش دەبێتە (٣) کەس کە یەکێکیان ئەمەیە، ئەوی تریان برادەری فەرهادە، ئەوی سێیەمیش یەکێکی ترە شیرین نامەیەکی بۆ دەنووسێ، هەروەها موجتەبا ناو و ئینتیزام ناویش دەبنە دوو دوو.. ئەمەش لە دەقێکدا قەدەخە نییە، بەڵام جوانیش نییە ئەگەر مەبەستێکی تێدا نەدرابێتە چاو، وەک ئەمانەی ناویان لە (دەربار)دا بەبێ هۆیەکی هونەری دووبارە دەبنەوە، بەتایبەتیش (ئەمیر ئینتیزام)کە خوێنەر بە باوکی فەلامرزی دەزانێ تا لە ل ١٦ی بەشی (٤٦) ی بەرگی (٤)دا دەمرێ.. کەچی دواتر لە بەشی (٩١)ی بەرگی (٧)دا دوو جار: جارێک لە (ل ٦٢)دا ناوی (ئاغای ئینتیزام) و جارێک لە (ل ٨١)دا ناوی (ئەمیر ئینتیزام) لەنێو دەرباریانی شادا دێت کاتێک کە شا بە نیازە ئێران بەجێ بهێڵێ، لە هەردوو جاریشدا مەبەست لە ئاغای موهەندیس فەلامەرزی ئەمیر ئینتیزام، یا باوکی، ئەمیر ئینتیزامی کرند نییە کە وەک گوتم پێشتر مردووە، بە ڕاستی نازانم ئەم ناوە بۆ ئاوا کتوپڕ لەنێو دەربارییاندا دووبارە دەبێتەوە.

١٠- ٣- ١٢: له بەشی (٧٥)ی بەرگی (٦)وە دەزانین شیرین ڕەحمان و هەمایۆن خەریکی دڵداری و کاری سیاسین.

له بەشی (٧٥)ی بەرگی (٦)دا شیرین نامەیەکی دڵداری بۆ (هەمایۆن) دەنووسێ. له بەشی (٨٣) نامەیەکی تری دڵداری دەنووسێتەوە، بەڵام ئەم جارەیان بۆ (رامین)، هەر له هەمان بەرگدا، بەڵام له بەشی (٨٩)دا نامەیەکی تری لەو بابەتەی نووسیوە بەڵام ئەم جارەیان بۆ (بابەک)، کەچی له بەشی (٩١)ی بەرگی (٧)دا هەم دووبارە نامەیەکی دڵداری بۆ (هەمایۆن) دەنووسێتەوە و، دواتر شوویشی پێ دەکا. له دەقی ڕۆمانەکەشدا نەگوتراوە ئەم ناوانە هەر یەک کەسن، یا شیرینێ: کە بەوپەڕی ئازادییەوە کاری سیاسی و دڵدارییەکی ئاشکرا و له بەرچاوی کەسوکاری دەکا، بۆ ئەم (کەسانە)، یا هەر هیچ نەبێ ئەم ناوانە بۆ ئەو هێندە جارە (٣ جار) دەگۆڕێ، بۆیە بە ناچاری وەک بێ دیقەتی تەماشای دەکەم.

١٠- ٣- ١٣: له بەشی (٧٨)ی بەرگی (٦)دا جارێک ناوی (ئیسی موشی) له لاپەڕە (١٣١)دا له جیاتی (مەمەدی) هاتووە له کاتێکدا دەبوایە ئیسی بەندی بێت له زینداندا و ئەوەشی کە مەمەدی لەگەڵ فەرهاددا دەیکرد، ئیسی نایکات.

١٠- ٣- ١٤: له لاپەڕە (١٤١)ی بەشی (٢٢)ی بەرگی (٢)دا ئەمیر ئینتیزام له حاڵەتێکی هەڵچووندا بە دەوڵەت خانمی ژنی دەڵێ ئەگەر (سبەی ئەفشینی کوڕت کچەتیوەیەکی پاریسی هێنا چیت پێ دەکرێت؟!).

له (ل ٩١)ی بەشی (٣٩)ی بەرگی (٤)دا فەلامەرز بە لیلی خانم دەڵێ دایکم (١٠) ساڵە ئەفشینی نەدیوە و پەریشانی دیتنێتی، باوکم پرۆستاتی هەیە و دەبێ سەفەر بکەین، لی لی له (ل ٩٢)ی هەمان بەش و بەرگدا پێی دەڵێ، واتا بە فەلامەرز دەڵێ: گەیشتییە پاریس تەلەفۆنم بۆ بکە.. پێشتریش پێی دەڵێ لەوێرا (له پاریس) بڕۆ ئەپارتمانەکەی من. ئەو ئەپارتمانەی کە جارێکی پێشتر فەلامەرز و لی لی له سەفەرێکی دوو قۆڵیدا تێیدا دادەبەزن، کە لی لی لەو سەردەمەوە له پاریس هەیەتی کە قوتابی بووە و تێیدا ژیاوە.

کەچی فەلامەرز له (ل ٩٤)ی بەشی (٤٠)ی بەرگی (٤)دا دەڵێ دەمەوێ بڕۆم بۆ ئینگلس بۆ لەندەن ئەفشین لەوێدا چاوەڕوانمانە... دواتر دەڵێ له فرۆکەخانەی

(هیسرۆ) دابەزیون.

بەڵام دوای ئەوەی فەلاّمەرز دەگەڕێتەوە و دەچێتە سەردانی یاسەمین، یاسەمین لە (ل ١١٦)ی بەشی (٤٢)ی بەرگی (٤)دا بە فەلاّمەرز دەڵێ: (نامەرد یەک مانگی ڕەبەقە لە پاریسدا ڕادەبوێری و گیزماخ دەکەی...).

هەروەها کە باوکیشی دەمرێ، فەلاّمەرز لە (ل ١٦١) ی بەشی (٤٦)ی بەرگی (٤)دا بە تەلەفۆن بە یاسەمین دەڵێ (.. دوێنێ تەرمی بابمیان لە پاریسەوە هێنایەوە لە (ل١٦٢)ی هەمان بەش و بەرگیشدایە کە ئەم جارە بە لی لی خانم دەڵێ (.. باوکم مردووە و دوێنێ لە پاریسەوە تەرمەکەیان هێنایەوە..).

لە (ل١٦٩)ی هەمان بەش و بەرگیشدا گوتراوە: (ئەفشین ساتژمێری دەکرد کەی (ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی باوکی تەواو دەبن و کە بگەڕێتەوە پاریس..).

لێرەشەوە لێبڕاوانە دەڵێم لەم مەسەلەیەشدا ئیشکالییەتێک هەیە، چونکە هەموو ئاماژەکان بەو ئاراستەیەدان کە ئەفشین لە پاریس دەژێ نەک لە لەندەن، فەلاّمەرز و دایک و باوکیشی دەبێ بۆ پاریس چووبن بۆ لای ئەگەر دایکی مەبەستی لەو سەفەرە دیتنی ئەو (ئەفشین) بووبێ، باوکی فەلاّمەرزیش ئەگەرچی گوتراوە لە فڕۆکەخانەی (هیسرۆ لە لەندەن دابەزیون) بەڵام دواتر لە دەقەکەدا ئاماژەیەک نییە ڕوونی بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەمیر ئینتیزام لە لەندەنەوە چووبێتە پاریس و لەوێ مردبێ.

قسەکانی یاسەمین و لی لی خانمیش هەر ئەوە دەسەلمێنن کە فەلاّمەرز و دایک و باوکی لە پاریس بوون نەک لە لەندەن.

بە بۆچوونی من ئەم غەفلەتییانە هێند سادە و ساکارن کە کار لە ڕەوتی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نەکەن و لە بەهای هونەری (دەربار) وەک گەورەترین ڕۆمانی کوردی- تا ئێستا- کەم نەکەنەوە، بەڵام بوونیشیان و مانەوەشیان لە چاپەکانی داهاتوودا کارێکی باش نابێ.

بەڕای من تێپەڕبوونیشیان لەم چاپەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی جگە لە ڕۆماننووس کەسێکی تر وەک (شارەزا)، یا تەنانەت (هەڵەچنەکانیش) دەقەکەیان بە وردی و لەسەرخۆ نەخوێندووەتەوە، لەبەر شتی وایشە کە ڕۆماننووسە جیهانییەکان پێش بڵاوکردنەوەی دەقی نووسینەکانیان بە ڕەخنەگر و زمانزانانی

شارەزای دەسپێرن، ئەوجا ئەگەر ڕۆماننووسەکە خۆی ئەو کارەی کرد یا نا، بەڵام دەزگای پەخشەکە بە زەرورەت دەبێ ئەو کارە بکا، بۆ ئەوەی بەهۆی سەرقاڵی و ماندووبوونیشەوە بەسەر نووسەرەکەدا تێپەڕیوە، بەهۆی ڕەخنەگران و زمانزانانەوە ڕاست بکرێتەوە، ئەمەش دیارە بەهیچ شێوەیەک لە شان و شکۆی ڕۆمانەکە و ڕۆماننووسەکەیش کەم ناکاتەوە.

با ئەوەش بڵێم من کاتێکی خۆش و لە یادنەچوونم لەگەڵ (دەربار) و ڕووداو و بەسەرهات و کەسەکانیدا بەسەر برد و ڕێزی زۆرم بۆ نووسەرەکەی خوسرەو جاف و ئەزموونە دەوڵەمەندە هەمەلایەنە دەیان ساڵەیەکەی وای لێ کردم ئەوەندیە بە وردی لەسەر ئەم بەرهەمەی (دەربار) بوەستم.

هەولێر ٢٠٠٨/١/١

* لە گۆواری ڕامان- ژمارە (١٣١) و (١٣٢)ی مانگی (نیسان) و (مایس)ی ٢٠٠٨ دا بڵاو کراوەتەوە.

# ڕۆمانی سەرگوزشتەی مێژوویی لە ئەزموونی محەمەد ئوزوندا

## ڕۆمان وەک پەخشانە لاوکی هاوچاخ

### ١

پێناسە و یادوەری

محەمەد ئوزونی ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەکار و ڕۆماننووس و تێکۆشەری ناسراوی کوردستانی باکور– تورکیا، ساڵی ١٩٥٣ لە شاری (سیورکی) سەر بە ولایەتی (ئورفە) هاتووەتە دنیاوە و سەر لە ئێوارەی ڕۆژی (٢٠٠٧/١٠/١٠) کە دوایین ڕۆژی ڕەمەزانی ئەو ساڵە بوو دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ شێرپەنجەی ڕیخۆڵدا لە دیاربەکر، لە نەخۆشخانەی کۆلێجی پزیشکی زانکۆی دیجلە – دیاربەکر/ ئامەد کۆچی دوایی کرد. جگە لە خزم و کەس و هەڤالان و دۆستان و جەماوەرێکی زۆری کوردپەروەری شاری هەردەم لە خەباتی ئامەد و دەوروبەری کە تا دوا ساتەکانی ژیان و تا ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی تەرمەکەی ئامادە بوون. لە هەولێری پایتەختی باشووریشەوە لە ڕێی کەناڵی ئاسمانیی (نەورۆز)ی حکوومەتی کوردستانەوە من و نووسەرێکی تری ئوزوندۆستیش لە بەرنامەیەکی تایبەت و بەهۆی هێڵێکی تەلەفۆنیی گەرمی بەردەوامەوە بەشداریمان لە گواستنەوەی ئەو کۆستە گەورەیەدا کرد، کە هێشتا تەرمی خوالێخۆشبوو لە زەویدا بوو، ئەویش پاش ئەوەی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی نەورۆز وەک بەجێهێنانی ئەرکی نەتەوایەتی و نیشتمانی بەرنامە تایبەتییەکانی شەوی یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک بڕی و هەلی ئەوەی ڕەخساند خەڵکی کوردستان لەودیو و لەمدیوی سنووره دەستکردەکانەوە هاوبەشی ئەم کۆستە گەورەیەی یەکتر بکەین. حکوومەتی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٥)دا محەمەد ئوزونی بانگهێشتی هەولێر کرد و خەڵاتی شایستەی کرد، پاشتریش لە مانگی (١٢)ی ساڵی (٢٠٠٦) دا

شـاندێکی تایبـەتی لە وەزارەتی ڕۆشنبـیریی کـوردسـتـان و یـەکـەتیی نووسـەرانی کـوردی هەنارده دیاربـەکـر بـۆ سـەردانی ئـوزون، منیش وەکـو جـێگری سـەرۆکی یەکەتیی نووسـەرانی کورد لەگەڵ شـاندەکەدا بووم، دیدارەکەمـان لە میوانسـەرای فـەرمـیی شـارەوانیی دیاربەکـر و بە ئامـادەبوونـی جێگر و یاریدەدەری سـەرۆکی شـارەوانی (خـەزاڵ خـان) و (شـێخ نەخـشـی) و دەیان کـوڕ و کـچی ڕۆشنبـیـری شـارەکە بـوو، ئەوەندەش گـەرمـوگـوڕ و سـۆزاوی بوو کە کـەم کـەسـمـان بەرگـەی فرمێسکی دەگرت، بەتایبەتیش ئوزون بـەخۆی، کە خۆی لە کەشێکی نەتەوایەتیی دەگمـەندا دەدیت و لە وتارێکی گەرموگوڕدا هەست و سۆزی بێ سنووری خـۆی بە سـەرمـاندا باراند و گوتی ئەگەر ئیتر بشـمرێ بە ئاسـوودەیی سـەردەنێتـەوە، بۆ ئێوارەیش مـیوانی سەرۆکی شارەوانی (وەسـمان بایدەمیر) بووین کە بەداخەوە بۆ خـۆی لە سـەفـەردا بوو لە ئەڵمـانیا و لـە جێی خـۆی خـەزاڵ خـانی بریکاری و شـێخ نەخشـیی یارمەتیدەری چوسـتـوچالاک و موتەوازیعی ئامادەی خوانەکە بوون لەگەڵ ژمارەیەک ئەدیب و ڕۆشنبیر و بەرپرسـی ئیداریی ئامەد.

بۆ ڕۆژی دواتریش لـە کـاتی سـەردانی شـارەوانیـدا کـۆمـەڵێک خـەڵاتیـان بەسـەر ئەندامانی شـاندەکەماندا دابەش کرد، ئەوجا سەردانی زۆربەی دەزگا ڕۆشنبیرییە کـوردییـەکـانـی دیاربەکـرمـان کـرد وەکـو بارەگـای ڕۆژنامـەی (ئازادییـا وەلات) ی کوردی کە ڕۆژانە بە کـوردی بەپیتی لاتینی و بە تیراژی (١٠) تا (١٥) هەزار دانە چاپ و بڵاو دەبێـتـەوە، هەروەها سـەردانی بارەگـای ئەنسـتـیـوتی کـوردی و کـۆڕی زمـانەوانیـشـمـان کـرد و پێشـوازیی گەرموگوڕیـان لێ کـردین، ئەوانیش هەریەکەو ژمـارەیـەک چاپەمـەنیی خـۆیان بە کـوردی پێـشکێش کـردین، لەو سـایشـەوە ئیـتـر پێوەندیم لەگەڵ محەمەد ئوزوندا بەردەوام بوو تا کۆچی دوایی ناوەختەی.

لە سـەردەمی دەسـەڵاتی عەسکەرتاریا و لـە پۆپەی چەوسـانەوەی گـەلی کورد بە دەسـتی ڕێژیمی ڕەگـەزپەرسـتـیی تورکـیـا، ئـوزونی ڕۆشنبـیـری شـۆڕشگێـڕ و خـەباتکاری چەپڕەو و کوردپەروەر لە هەڕەتی لاوی و لە گـەرمەی خـەباتی بەرگریی نەتەوایەتیدا بوو و سـەرەتا وەکو تێکۆشـەرێکی سـیاسـی هـاتە گۆڕەپانەکـەوە، لە دوای کودەتاکەی ١٢ی ئاداری (١٩٧٧) کە هێشـتا لە تەمـەنی (٢٤) ساڵیدا بوو، لەگەڵ ژمارەیەک لـە نیشتمانپـەروەرانی کورددا لە دیاربـەکر دەستگیر کرا و بە (٨) سـاڵ زیندانـی حـوکـم درا، بەڵام دواتر بـەر لێـبـووردنـی گـشـتـی کـەوت و پاش

ئازادبوونیشی بووە سەرنووسەری گۆواری (ڕزگاری)، کە نەیتوانی لەسەری بەردەوام بێ و لەبەر ڕاوەدوونانی بەردەوام ناچار بوو هەر لە ١٩٧٧دا تورکیا بەرەو سوید بەجێ هێڵێ تا لە (١٣ / ٧ / ٢٠٠٦)دا گەڕایەوە دیاربەکر. لە سویدیش بووە سەرنووسەری گۆواری (ڕزگاریا کوردستان)، لە (١٩٨٥)یشەوە ڕووی لە جیهانی ئەدەب، بەتایبەتیش ڕۆماننووسین کرد و نزیکەی (١٨) کتێبی لەم بوارەشدا بەرهەم هێناوە، کە بە زۆری ڕۆمانن، کە یەکەمیان ڕۆمانی (نۆ)یە و دواییینیشیان ڕۆمانی (پەلکەزێڕینەی ڕۆح – ٢٠٠٥)ە.

ئوزون ئەندامی یەکەتیی نووسەران و یەکەتیی ڕۆژنامەنووسانی سوید و ئەندامی یەکەتیی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی و ئەندامی ژمارەیەک دەزگای ڕۆشنبیریی ئەوروپایی و کوردییش بووە و چەندان خەڵاتی ئەدەبیی سویدی و ئەوروپایی و کوردییشی وەرگرتووە، کە دوایینیان خەڵاتی حکوومەتی کوردستان بوو لە ساڵی (٢٠٠٥)دا.

بەرهەمەکانیشی وەرگێڕاونەتە سەر زمانەکانی تورکی، سویدی، ئەڵمانی، نەرویجی، ئینگلیزی، ئیتاڵی و عەرەبیش.

بەکورتی محەمەد ئوزون سەرەتا وەکو خەباتکارێکی سیاسیی چەپڕەو دەست پێ کردووە، پاشان چووەتە بواری ڕۆژنامەنووسین، ئەوجا هاتووەتە سەر ئەزموونی ڕۆماننووسی و پڕبەپێستی واتای وشە کوڕی ڕۆژگار و سەردەمێکی مێژوویی گەلی کورد بووە و چەند لە ڕاستیی ژیان و ئەو زەوینەیە و ئەو پاشخانە تێ بگەین کە تێیدا گەورە بووە، هێندەیش لە ڕاستیی بەرهەم و کەسایەتی و ئەو ڕووداوە مێژووییانە تێ دەگەین کە لە ئەزموونە هونەرییەکەیدا ڕەنگیان داوەتەوە.

## ٢

دوای بڵاوبوونەوەی ڕێژەیەکی بەرچاوی بابەتی ڕەخنەییی پراکتیکی و تیۆری لەبارەی گێڕانەوەوە، بەتایبەتیش لەلایەن ڕۆماننووسە نوێیەکانی فەرنساوە وەک: ئالان ڕۆب گریێ، جان ریکاردۆ، میشال بۆتۆر و هەندێ تیۆرکارانی وەک: ڕۆبەرت هەمفری، پۆل ویست، فرانک ئۆکۆنۆر، برنار دی فۆتۆ، پیرسی لۆبۆک و کەسانی تریش، گێڕانەوە لای کوردیش گۆڕانکارییەکی چۆنایەتیی باش و هاوچاخانەی بەخۆوە دیتووە، بەتایبەتیش لەسەر ئاستی بەکاربردنی هەردوو ڕاناوی کەسی

یەکەمی تاک و کۆ (من) و (ئێمە) و کەسی دووەمی تاک و کۆ (تۆ) و (ئێوە)دا، بە زۆریش ڕاناوەکانی کەسی یەکەم و دووەمی تاک، کە لەسەر ئاستی زەمەنی کرداریشدا، بواری بەکاربردنی کرداری زەمەنی ئێستا و داهاتوویش، خۆش یا زۆر جار پێویستیش دەکەن، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدابێ هێشتا ڕاناوەکانی کەسی سێیەمی تاک و کۆی غائیب کەسی سەرەکیی دەقی گێڕاوەی کوردین، بەتایبەتیش لە ڕۆمانی تازە سەرهەڵداوی کوردیدا، ڕێژەی هەرە زۆری کرداری بەکاربراویش فرمانی ڕابردووی خەبەرییە بە هەرچوار جۆرەکەیەوە: ڕابردووی نزیک، ڕابردووی تەواو، ڕابردووی بەردەوام، ڕابردووی دوور، ئیتر هەر یەکەو بە ڕێژەیەک دێن، لە هەندێ حاڵەتی کەمتریشدا ڕابردووی ئینشائی / دانانی – ش بەکار دەبرێ، بەتایبەتیش لەو دەقانەدا کە لەسەر ئەگەر و گریمانە ڕۆ دەنرێن.

ئەم جیاوازی و ڕێژانەش تا ڕادەیەکی زۆر لەو ڕێژانە نزیکن کە لە ئەدەبی گێڕانەوەی جیهانیدا باون، چونکە (گێڕانەوە) خۆی لە جێی خۆیدا پێوەستییەکی زۆری بە ڕووداوی ڕابردووەوە هەیە، ڕووداوێک کە لە زەمەنی ڕابردوودا تەواو دەبێ و ڕەهەندەکان کاتی تێچوون و بەسەرچوونی، ئەگەر تا ڕادەیەکیش بووە بەدەرکەوتن، بەتایبەتیش لە سەرەتای پەیدابوون و گەشەکردنی هونەری گێڕانەوەدا، کە من پێم وایە پێش پەیدابوونی شیعر و تەنانەت پێش پەرەسەندنی زمانیش دەکەوێ، چونکە گێڕانەوە بە ئاماژەیش ئەنجام دەدرێ، کە لە هونەری پانتۆمایمدا دەگاتە ئاستی زمانێکی جەستەیی هونەری کە بتوانێ پەیامێک بگەیەنێ.

بەڵام ئەم جۆرە گێڕانەوەیە کە پتر ڕاناوی کەسی غائیب، کەسی سێیەمی تاک و کۆ و فەرمانی ڕابردووی تێدا بەکار دەبرێن ڕووبەرێکی زۆرتر لە ئەدەبی گێڕانەوەی کوردی داگیر دەکات، ئیتر لە کولتووری نووسراو و سەرزارەکی، لە بەیت و لاوک و حیکایەتەوە پێیدا وەرە تا دەگەیتە ئەدەبی گێڕانەوەی هاوچاخیش وەک: چیرۆک و ڕۆمان، بەتایبەتیش ڕۆمان، کە پێم وایە جگە لە کاریگەریی بنەما کەلەپوورییەکەی هۆیەکی گرینگی تریشی لە پشتەوەیە ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی تێکستی گێڕانەوەی کوردی کار لەسەر بابەتی مێژوویی دەکەن، ئیتر ئەگەر مێژووی دێرین بێ، وەک ئەوەی عەرەبی شەمۆ لە ڕۆمانی (قەڵای دمدم)دا کردوویەتی، یا ئەگەر مێژووی سەردەم بێ، وەک ئەوەی برایم ئەحمەد لە ڕۆمانی

(ژانی گەل) و حوسێن عارف لە ڕۆمانی (شار) و خوسرەو جاف لە ڕۆمانی (دەربار)دا کردوویانە، بەڵام ئەوەی لە هەمووان پتر ڕۆمانی کوردیی بە ئاراستەی مێژوودا بردبێ ڕۆماننووسی باکوری کوردستان محەمەد ئۆزونە، بەتایبەتیش ڕۆمانی (سەرگوزەشتەی مێژوویی – التاریخیة السیریة).

٣

پرسیارەکە ئەوەیە ئەم ڕوو لە مێژووکردنەی هونەری گێڕانەوە، لە چیرۆک و لە ڕۆمانی کوردیدا، بۆ بەم ڕێژەیە و بۆ بەم شێوەیە سەرنجڕاکێشە لەلای چیرۆکنووس و ڕۆماننووسانی کورد، بەتایبەتیش لە کن محەمەد ئۆزون؟.

ئاخۆ لەبەرئەوەیە کە مێژوو ڕووداو و گرێچن و کاراکتەری حازری تێدایە؟ یان لەبەرئەوەیە کە مێژوو دەتوانێ بابەتێک بۆ ڕابواردن و کات بەسەربردن بۆ خوێنەران فەراهەم بکا؟.

یا ئاخۆ کارێکە بەنیازی بە ئەرشیفکردنی ڕووداو و دووبارە خوێندنەوە و، بە مەبەستی وانەکردنەوە و بەرهەمهێنانی پەند و ئامۆژگارییەوە دەکرێ؟.

یا هەڵاتنە لە ئێستای دژوار و نەویستراوەوە بۆ ڕابردوویەکی خۆشتر و گەشتر و خوازراو؟ یا گەڕانەوەیەکی ڕۆمانتیکییە لە ئێستای پڕ نەهامەتی و دەردەسەری و کوێرەوەرییەوە بۆ ڕۆژگارێکی لەبارتر؟ یا بۆ شکۆدارترکردنی پاڵەوانێکی ڕزگارکەری فریادڕەس و دروستکردنی پەیکەرێکی جاوید بۆی و دانانی لەسەر بنکەیەکی زێڕین وەک لۆکاش گوتەنی؟.

ڕەنگە نووسەرانی هەندێ لە گەلانی تر بەم نیازانەوە مێژووی میللەتی خۆیان و قارەمانانی نەتەوایەتیی خۆیان لەبەر ڕۆشنایی دەرهاویشتە نوێیەکانی سەردەمی خۆیاندا دووبارە بخوڵقێننەوە و گیانێکی هاوچەرخانەیان بخەنەوە بەر، بەڵام ئاخۆ مێژووی پڕ لە ژێردەستەیی و شکستی درێژخایەنی گەلی کورد پەناگەیەکی لەبار بۆ ئەو خەوبینینە ڕۆمانسییانەی خوێنەرانی کورد دابین دەکات، بۆ ئەوەی دوور لە واقیعی تاڵی ئەمڕۆ بتوانن سەرخەوێکی ئارامی تێدا بشکێنن؟.

ئاخۆ مێژووی کورد بە درێژاییی خۆی توانیوێتی پاڵەوانێکی نەتەوایەتیی فریادڕەس و ڕزگارکەر بخاتەوە بۆ ئەوەی بۆ خوێنەری ئەمڕۆی کورد ببێتە

سومبول و مایەی هیوا و چاولێکردن، یا هەموو پاڵەوانانی ڕابردووشمان هەموو هەر هەموو وەکو پاڵەوانانی تراجیدی بە ناکامی سەریان ناوەتەوە؟.

مەبەستیشم لە پاڵەوانانی تراجیدی ئەو کاراکتەرانەن کە بەر لە گەیاندنی پەیامی نەتەوایەتی خۆیان لە بارودۆخێکی نالەبار و لە بەرامبەر هێز و تەوژمێک کە لە ڕادەی ئەوان مەزنتر بووە شکستیان خواردووە و بوونەتە قوربانی و وەکو پاڵەوانێکی تراجیدی کۆتاییان هاتووە، کە مێژووی کورد پڕە لە نموونەی ئەم جۆرە پاڵەوانەی کە پتر نەک هەر بۆ خۆیان و بەس، بگرە بۆ تەواوی نەتەوە و بۆ چەندان وەچەیش بوونەتە مایەی کارەساتی گەورەو بێهیواییی کوشندە. دیارە لێرەدا پرسیارێکی گرینگی تریش خۆی دەسەپێنێ ئەویش ئەوەیە: کەسانی ئاوا بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆمانی سەرگوزشتەی مێژوویی سەرکەوتوو لەبارن، یا دەبێ پشتگوێ بخرێن، یا ئاخۆ ئەگەری چارەسەرێکی تر هەیە وەک ئەوەی ئوزون لەم چوار ڕۆمانەی بەردەستماندا کردوویەتی؟ کە ئەم باسە دەیانگرێتەوە ئەوانیش ئەمانەن:

١ – ڕۆمانی ڕۆژێک لە ڕۆژانی عەڤدالی زەینەکێ، کە ئوزون لە (٢٠٠٣)دا نووسیویەتی و پێشکێش بە هەردوو خوالێخۆشبوو د. نوورەدین زازا و شەهید د. قاسملوی کردووە و لە (٢٠٠٠)دا محەمەد نوورحوسێنی لە حەڵەب، لە سووریا کردوویەتییە عەرەبی و کتێبخانەی خانی چاپ و بڵاوی کردووەتەوە، منیش لەبەر دەستنەکەوتنی دەقە کوردییەکەی لەم باسەمدا پشتم پێ بەستووە.

٢ – ڕۆمانی سایەی ئەڤین، کە مێژووی نووسین و چاپ و بڵاوکردنەوەی پێوە نییە، تۆفیق حوسێنی وەری گێڕاوەتە عەرەبی و چاپ و بڵاوی کردووەتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ مێژوویەکی پێوە بێ، یا گوترابێ کەی و لە کوێ چاپ کراوە، ئەگەرچی پێ دەچێ ئەمیش هەر لە سووریا بڵاو کرابێتەوە، ئەمەشیان دیسانەوە لەبەرئەوەی دەقە کوردییەکەیم دەست نەکەوت پشتم بە دەقە عەرەبییەکەی بەست بۆ ئەم باسە.

٣ – ڕۆمانی بیرا قەدەرێ، ساڵی (٢٠٠٤) دەزگای ئاراس لە هەولێر چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.

٤ – ڕۆمـانی هـاوارا دیجلـەیێ، ئەمـیش کـە دوو بەرگـە سـاڵی (٢٠٠٤) لە لایەن دەزگای ئاراسەوە لە هەولێر بڵاو کراوەتەوە.

بڕواشم وایە کـە خـوێندنەوەی ئـەم چوار بەرهـەمـە سـەرەکییـە زۆر لە بۆچوون و لایەنە تیۆری و هونەرییەکانی ئوزون لە بارەی ڕۆمانی سەرگوزەشتەی مێژووییەوە لای ئەو ڕوون دەکەنەوە.

٤

ڕۆژێک لە ڕۆژانی عـەڤداڵی زەینـەکێ، سـەرگـوزەشـتـەی دەنگـبـێژی نێـوداری ناوچەی سـەرهـەدی باکوری کـوردستانـە، لە دەیەی کۆتاییی هەژدەیەمدا لەوێ لە دایک بووە یو لە دەیەی سـەرەتای سـەدەی بیستەمدا و پاش پتر لە سەد سـاڵی تەمەن و دیتنی یەک سـەدەی تەواو لە کـارەسـاتی قۆناخـی پاش داڕووخانـی دوا ئیمـارەتی کوردی، ئیـمـارەتی بۆتان ژیاوە و شـایەت عـەیانی زۆر لەو ڕووداو و مـەرگـەسـاتـانەی ئەو قۆناخە بووە کە لە هەردوو دیوی سنوورە دەستکردەکانی نێوان کوردستانی باکور ڕوویان داوە، کارەسـاتەکانی بگرەوبەردەی نێـوان هەرسێ ئیمپراتۆرییـەتی فارسی و عـوسـمـانی و ڕووسـیـای قـەیسـەریی دیتـووە کـە لەسـەر سـاغکردنەوەی دەسـەڵاتەکانیـان لەسـەر ئەو سنوورانە بەرپایان کـردووە و وەکو هەمـوو تاکـێکی کوردی ئەو سـەردەمە، باجی پیلان و زوڵم و زۆر و ناعەدالەتیی کۆمـەڵایەتیی ئەوان و ئەو گـۆڕانکارییـە نالەبارە سـیـاسی و ئابووری و کـۆمـەڵایەتیـیـانەی داوە کـە دەسەڵاتی عوسمانی و جەنەراڵەکانی: (کوێر ڕەشید پاشا) و (بەلا عوسمان پاشا) لە ناوچەکەدا بەرپایان کردووە، بەتایبـەتیش پاش ئەوەی عـەگید بەگ بە هاندان و یارمەتیی جـەنەراڵ کوێر ڕەشید پاشا لە شەڕێکی نەگریسی براکوژیدا لانە و بانە و مـاڵ و مـوڵکی تاهیـر خـانی برای و مـەملەکـەتە سنووردارە بـچکۆلەکـەی وێران دەکـا، کە تورکـان وەکو هەڕەشـەیەکی بانەڕۆژ بۆ دەسـەڵاتی عـوسـمـانی تەماشـایان کردووە، تاهیـر خـانـی دۆستی عـەڤداڵی زەینەک و خـاوەن دیوەخـان و هونەردۆست لەو ململانێ نـابەرابەرەدا تێدا دەچێ و بە دیلکراوی ڕەوانەی ئەسـتـەمبـوڵ دەکرێ و پاش (٣) سـالان لەوێ لـە غوربەتدا دەمرێ.. عـەڤـداڵی زەینەکێ و مـاڵ و منداڵی و قوتابییان و دۆسـتـانی بە جەماوەری ڕوو لە چیای سیپانی خـەلاتێ دەکەن، سیپان هێـمـای خـۆشـەویسـتـیی لای ئوزون و مـەڵبـەندی دڵداری و ڕاز و نیـاز و جـێی

کارەساتی خەج و سیامەند لە کەلەپووری کوردیدا.

عەگید بەگیش جڵەوی دەسەڵات دەگرێتە دەست و بە ڕاست و چەپدا دەکەوێتە وێزەی جەماوەری ناوچەکە کە بە زۆری دۆستی تاهیر خانی برای بوون و ژیانیان لێ دەکا بە دۆزەخ و دەست لە کاروبار و سەروەت و سامانیان وەردەدا و حەزی تۆڵەسەندنەوە لە ئەنجامدا دەگەیەنێتە ئەو ڕادەیەی کە جارێکی تریش پشت بە جەنەراڵ کوێر ڕەشید ببەستێتەوە و بۆ دۆزینەوە و کوشتنی دوو لاوی ئاشق (مەیرۆ) و (بەنگین) لەشکرکێشی بکاتە سەر ناوچەی شەنگار و دەستدرێژی بکاتە سەر پیرۆزییەکانی ئێزیدییانیش.

مەیرۆ، کچە ئەرمەنییەکی مەسیحییە لە شالاوێکی قەلاچۆکردنی ئەرمەنییەکاندا، لە تەمەنی ٣ تا ٤ساڵیدا دەبێ، دایک و باوکی و هەرسێ برای دەکوژرێن، عەڤداڵی زەینەکێ بە منداڵی دەیگرێتە خۆ و لەبەر خۆشەویستیی نازناوی (تاڤبانوو)ی لێ دەنێ کە ناوی خوشکێکی (ستێربانوو) و (هەیڤبانوو)وە لە داستانی مەمی ئالاندا.

بەنگینیش کوڕی برۆی دەنگبێژی برادەری عەڤداڵە، کە برۆی باوکی دەمرێ کەسی نامێنێ بە خێوی بکا، عەڤداڵ ئەمیش دێنێتە ناو ماڵ و منداڵی خۆی و ئەمیش بەخێو دەکا تا گەورە دەبێ و لەگەڵ مەیرۆدا حەز لە یەکتر دەکەن و لە یەکتر مارە دەکرێن.

ڕێککەوت وای دەهێنێ چەتۆی کوڕی عەگید بەگ چاوی بە مەیرۆ دەکەوێ و دەنێرێتە داوای، بەڵام کە دەزانێ مارەبڕە دەکشێتەوە و نەک هەر وازی لێ دێنێ، بگرە واز لە خەو و خواردن دێنێ تا پاشماوەیەک لە بێهێزیدا لە ئەسپەکەی دەگلێ و دەمرێ، بەدکاران ئەوە دەخەنە ئەستۆی مەیرۆ و بەنگین، عەڤداڵ بۆ ئەوەی لە عەگید بەگیان بپارێزێت، ڕەوانەی لای دۆستانی ئێزدیی خۆیانی دەکات لە چیای شەنگار، بەڵام جاسووسان کریان هەڵدەکەن و عەگید بەگ بە هاندانی جەنەراڵ کوێر ڕەشید و سوپایتورک لەشکریان دەنێرێتە سەر، تا هەردوو لاوە ئاشقەکە (مەیرۆ و بەنگین) دەسگیر دەکەن و بەزۆری زۆرداری ژەهریان دەرخوارد دەدەن و دەیانکوژن، بەڵام لەو ساتانەدا کە مەیرۆ و بەنگینی ئاشق لە چیای شەنگار دەکوژرێن هاوکات هەر لەو ساتانە و لەگەڵ شەفەقی شەوی ئەو ڕۆژەدا کە

ڕۆمـانەکـە لە ژیانی عـەڤـدالّی زەینەکێ وێنا دەکـا، زەینێـی ژنی تەمـۆ لە چیـای سـیـپـانـی خـەلآتێ کـوڕێکـی دەبێ و ناوی دەنـێ (بەنگـین)، لێـلآییـی سـەرچاوی عـەڤدالّیش لادەچێ و جـارێکی تر دەبینـێ، قـولّینگە بالّشکاوەکـەی تەمـۆیش بالّی چاک دەبێتەوە و لە شەقەی بالّ دەدا.

تەمـۆی هـێـرِ و مـەنگۆلی کـوڕی تـاقـانەی عـەڤـدالّی زەینـەکێ و گـولّێی ژنـێـتی، گولّێیش مەسـیحییە و کچی قەشـەی گوندی خامـوورە، ئەمیش هـەر دەنگبـێژە و لە زەماوەندێکدا دەکەونە کێبـرکـێیـەوە و دواتـر حـەز لە یەکتـر دەکەن و گولّێ واز لە مارەبرِە مـەسـیحییەکەی خۆی دێنێ و شـوو بە عەڤدالّی کوردی موسلّمـان دەکا، لە منداڵیش تەنیا تەمۆی مەنگۆلییـان دەبێ، کە پێ دەچێ لەم دەقەدا هێمایەک بێت بۆ پێوەندیی سیاسیی نەوەکانی کورد و ئەرمەن و موسلّمان و مەسیحییان.

با ئەوەش لە بیر نەکەین کە عەڤدالّی زەینـەکێ بەر لە کـارەسـاتی تاهیـرخـان لە دیوەخـانی ئەودا لەگـەلّ دەنگبـێـژێکی تازە پەیدابوودا، کـە نـاوی (شـێخ سـلـی)یە دەچێتـە کێبـرکـێیـەکی دوور و درێژەوە کە عـەڤدالّ تیـایدا هـەردوو چاوی لە دەست دەدا، بەلآم گـولّێی ژنی جـێی دەگرێتـەوە و مـاوەی دوو رۆژان بەرامـبـەرکێ لـەگـەلّ (شێخ سلی)دا درێژە دەکێشێ.

من ئەم ڕووداوە کە ڕۆڵی ژنی زۆر تێدا ڕاگیـراوە، وەکو نوقـلآنەیەک دەبینم بۆ لە ناکاو پەیدابوونی عەگید بەگ و غافلّبوونی تاهیرخان لە پیلانەکەی ئەو و جەنەراڵە تورکەکان و پاشان ئەو کارەساتەشی کە بەسەر خۆی و خەڵکی تری ناوچەکەیشدا دێت.

شیاوی ئاماژەیە کە گێڕەرەوەی ئەم ڕۆمـانەش ئەحـمەد فـەرمان کیکی، ئەمـیش دەنگبـێژێکی تری نـاسراوی مـالّبـاتـی (ئازیزان - بەدرخـانییـان)ە و لە شـام لەگەلّ مـیـر جـەلادەت و مـیـر کـامـەران ئەمـین عـەلی بەدرخـانی کـوڕەزای دوامـیـری بەدرخانییاندا دەژێ و هەر لەسـەر داوای ئەوانیش ئەم سەرگوزەشـتەیەی عـەڤدالّی زەینـەکێ دەنـووسـێـتـەوە، کـە ئـەمـە و زۆر ڕاسـتـیـی تری مـێـژوویـشـی لە پاراتێکستەکەی بەراییدا تۆمار کردووە، ئەگەر وەک پاراتێکست ئەو بەشـە تەماشا بکەین کە لە سـەرەتای ڕۆمـانەکـەدا و لەژێر ناوونیـشـانی (گـوتەی من) دا تۆمـار کراوە، کە لە ڕاستیدا دەشێ وەکو بەشێک لە ڕۆمانەکەیش بیخوێنینەوە کە ئەوسا

وەكـو بۆنـەيەک، يا پاسـاوێـک، يا چيـرۆكی نووسـينی ڕۆمـانەكـە (لە شـێـوەيەكی مۆباسـانيدا) دەچێتـە سـەر تێكستی ڕۆمـانەكە، نەک وەكو پێشـەكيـيەک لە دەرەوەی دەقـەكە، ئەمـەش ديارە سـروشتـی (ميتـاڕۆمان)ێک بە دەقـەكـە دەدات، ئەويشـی ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەكا ئەوەيە ئەم ئەحمەد فەرمـان كيكييە دەنگبێژ و وەرگێڕەی ڕۆمـانـی (ڕۆژێک لە ڕۆژانـی عـەڤـدالّی زەينـەكێ) وەكـو كـارەكـتـەرێكی لاوەكـيـی ڕاسـتـەقـينە جـارێكی تريش لە ڕۆمـانـی (بيـرا قـەدەرێ)ی ئـوزوندا وەدەردەكەوێ و لەگەڵ ميـر جەلادەت و مير كامەران بەدرخـاندا باس دەكرێنەوە، بەڵام پێ ناچێ ئەو (برۆ) دەنـگـبـێـژەی (بـابـی بەنـگين)ی ئەم ڕۆمـانـە هـەمـان ئـەو (برۆ) دەنگـبـێـژەی كـاراكتـەری سـەرەكی و گێڕەرەوەی ڕۆمـانـی (هـاوارا ديجلـەيێ) بێ، كـە ڕۆمـانێكی تری ئوزونە، بگرە تەنيا لێكچوونی ناوە.

٥

وەک دەبينين لەم ڕۆمـانـی ڕۆژێک لە ڕۆژانی عەڤدالّی زەينەكێدا ڕووداوگـەلێكی زۆر لەسـەر يەكتر كەڵەک كراون: چيرۆكی گێڕانەوەی ڕۆمانەكە لەلايەن ئەحمەد فەرمان كيكييەوە، ڕووداوی دڵدارييەكەی عەڤدالّ و گوڵێ و كوڕە مەنگۆلييەكەيان و قوڵينگە باڵ شكاوەكەی كـە خووی پێوە گرتووە، ڕووداوی كێبـەركێيـەكەی عـەڤدالّ و شـێخ سلـی و كـوێرايی داهـاتنی عـەڤـدالّ، دڵداريـيـە نەوەكـامـەكـەی بەنگين و مـەيرۆ و ڕووداوی مـردنەكـەی چەتـۆ و كوشـتـنەكـەی هـەردوو ئاشـقـەكـە (بەنگين و مـەيرۆ)، تێكەڵكێشكردنی ڕووداوی دڵدارييـە بە ئەنجام نەگەيشـتـووەكەی خەج و سيامەند و سـەرنانەوەيان، ڕووداوی ڕەوكردنی عەڤدالّ و ماڵ و منـداڵ و موريد و قوتابييەكانی عەڤدالّ بۆ چيـای سيپانی خـەلاتێ و چاكبوونەوەی پەرجوو ئاسـای چاوانی عەڤدالّ و باڵی قوڵينگەكە و لەدايكبوونی بەنگينی دووەم، كە هـەموو بەسـەر خودی عەڤدالّدا نەهاتوون، ئەگەرچی زۆريشيان لە دەوروبەری ئەودا قەوماون.

بوونی چوار چيـرۆكی دڵداری لە يەک بەرهـەمـدا بە زۆر دەزانم، ئەوجـا ڕووداوی شـەڕی براكوژيی تاهيرخان و عەگيدبەگی برای و دەستتێوەردانی سوپای دوژمن و تێـداچوونی دەسـەڵاتـی تاهيـرخـان و دواتر پـەلامـاردانی نـاوچەی شـەنگار و ئێزديانيشی بە سـەردا دێت، كە دووەم ڕووداوی مێژوويی ناو دەقەكەيە و سيـفەتە مێژووييەكە بە سروشتی ڕۆمانەكە دەدا.

بەلزاک لە نووسینە ڕەخنەییەکانیدا ئەم جۆرە ڕووداو لەسەریەک کەڵەکەکردنە دەگێڕێتەوە بۆ دەستکورتیی نووسەرەکە، کە ڕاستیش دەکات، بەتایبەتیش لە ڕۆمانێکی کورتی وەک ڕۆژانی عەڤداڵی زەینەکدا کە قەبارەکەی تەنیا نزیکەی (١٣٠) لاپەڕەی گچکەیە.

بەبۆچوونی من ئەوەی تێکستەکە لە داڕووخانی یەکجارەکی دەپارێزێ چەند هۆکارێکن، ئەوەیشیان لە هەمووان بالکێشترە ئەوەیە ڕووداوە مێژووییەکە، کە براکوژی و لەنێوبردنی دەسەڵاتی تاهیرخان و مەملەکەتە گچکە خێڵەکییەکەیەتی، پڕ بە بۆچوونی (هیگڵ) ڕووداوێکی مێژووییە.

هیگڵ ئەو ڕووداوە بە مێژوویی دەزانێ (کە تا حاڵی حازر کاریگەریی بەردەوامی هەبێ و لە ژیانی خەڵکدا ڕەنگدانەوەی هەبێ، کاری سلبی یان ئیجابی لە ژیانی ڕۆژانەو چارەنووسیان بکا). ئەگەر لەم ڕوانگەیەشەوە بڕوانین ئەوا ڕوونە کە زۆربەی کارەساتەکانی (ڕۆژێک لە ڕۆژانی عەڤداڵی زەینەکێ) بەرئەنجامی ڕووداوی داڕووخانی دەسەڵاتە سنووردارەکەی تاهیرخان و دەسەڵات وەدەستهێنانی عەگید بەگە، عەگید بەگ دیوەخان و وەجاخی هونەرپەروەری تاهیرخان کوێر دەکاتەوە، ئەوە دەستی سوپای تورک ڕادەکێشێتە سەر ناوچەکەو ژیانی خەڵکەکە دەشڵەژێنێ، ئەوە لە شکرکێشی دەکاتە سەر چیای شەنگار و پیرۆزییەکانی ئێزدییان و تایبەتمەندییەکانیان پێشێل دەکا، ئەویشە ئاگای سۆز و عیشق و بەزەیی نازانێ و تۆڵەکردنەوە دەکاتە دروشم و دەستی دەچێتە خوێنی لاوانی ئاشق و دەستی دوژمنان ڕادەکێشێتە سەر برا و کەسوکار و لەپێناوی دەسەڵاتدا خیانەت لە ویژدان و هاوخوێن و هاونەتەوە و هاوزمانانی خۆی دەکا، ئەگەر بە بۆچوونەکەی هیگڵیش بکەین، ئەوا لەم ڕووداوە نەک هەر بۆ ساتی ڕووداوەکە لە ڕابردووی دوور، یان بەرهەمهێنانی تێکستەکە لە ڕابردووی نزیک، تەنانەت بۆ ساتی ئێستای خوێندنەوەی دەقەکەش ڕووداوەکە مێژووییبوونی خۆی لە دەست نەداوە، ئاخر ئێستاش عێڵجاڕی و دەسەڵاتخوازی و خیانەت لە بەها نەتەوەییەکان و پشتبەستن بە سوپای دوژمن لە دژی یەکتر بۆ خۆسەپاندن و براکوژی، هەڕەشە لە بوون و چارەنووس و داهاتووی کورد دەکەن.

ئێستاش، واتا پاش تێپەڕبوونی نزیکەی دوو سەدەیش لە داڕووخانی ئیمارەتی

بۆتان، هێشتایش سەپای داگیرکارانی کوردستان لە باکور و لە باشوور و ڕۆهەڵات و لە ڕۆئاوا ئامادەن دنەی شەڕی براکوژی بدەن، هێشتایش ئامادەن کۆمەکی بێ مەرج و بێ سنوور پێشکێش بە خائینانی دەسەڵاتخوازی ناوخۆی کورد بکەن، بۆ گەمارۆدانی شۆڕش و سەرهەڵدانی کورد و لەگۆڕنانی خەونە ڕەواکانی کورد، لە هەموو دۆخێکیشدا ئامادەن جیاوازی و ناکۆکییەکانی نێوانیان وەلاوە بنێن لەپێناوی سەرکوتکردنی گەلی کورددا، وەک دواتر لە ڕۆمانی سایەی ئەڤینیشدا دەیبینین، سوپای عوسمانی و سوپای شاهەنشاهی ئێران و سوپای ڕووسیای قەیسەری هەمەئاهەنگی بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی ئەرارات – ئاگری دەکەن، لە (١٩٧٥)یشدا لە دژی شۆڕشی ئەیلوول و، ئێستاش لە گەمارۆدانی قەندیلدا هەمان سیناریۆ دووبارە دەبێتەوە، بەڵام ئەم جارەیان لە جیاتی ڕووسیا، ئەمەریکا هاتووەتە کایەکەوە و عێراقیش چووەتە پاڵیان.

لە ڕاستیدا ئوزون لە ڕۆمانی (هاوارا دیجلەیێ)، کە باس لە کارەساتی داڕووخانی دوا میری بۆتان و ئیمارەتەکە دەکا، دەیەوێ بڵێ مێژووی کارەساتەکانی کورد هەر لە ڕۆژی ٢٠ی تەمووزی ١٨٤٧ی زاینەوە دەست پێ ناکات، کە ڕۆژی خۆبەدەستەوەدانی میر بەدرخانە، بگرە پێش ئەوەش هەر وا بووە کە لە سەردەمی تاهیرخان و عەگیدی برایدا و تا ئێستایش هەیە، ئاخر مێژوو دەڵێ میر بەدرخانیش کە (عەبدوڵا بەگ)ی باوکی دەمرێ حوکمی ئیمارەتەکە بە میر سەیفەدینی ئامۆزای دەکەوێ بەڵام گوایە کارەکە بە باشی ناکات، بۆیە پاش ماوەیەکی کورت بە کۆمەکی عەشایەر لای دەبەن و ساڵح بەگی برای میربەدرخانی لە جێ دادەنێن، بەڵام ئەویش زۆر لەو جێیە نامێنێ و بە بیانووی ئەوەوە کە سەرقاڵی خواپەرستییە، لای دەبەن و میر بەدرخان ئەگەرچی لاوەو لەویش منداڵترە لە جێی ئەودا بە حاکمی ئیمارەتەکە دادەنرێ. پێ دەچێ ئەم کارە هەروا بە ئاسانی نەبووبێ بۆیە درزێکی گەورە دەخاتە نێو ماڵباتی (ئازیزان)ەوە، ئەوەیشی کە درزەکە گەورەتر دەکا ئەوەیە کە ساڵی (١٨٣٨) بە یارمەتیی سوپای عوسمانی، میر بەدرخان هێرش دەکاتە سەر یەکێکی تر لە میرانی کورد کە سەعید بەگی خودانی قەڵای گورگیل بووە و قەڵاکەو دەسەڵاتەکەی وێران دەکا، هەتا بە تەواوەتیش دەستی لە حوکمی ئیمارەتەکە گیر دەبێ لە ساڵی (١٨٣٩)دا بە (١٠٠) هەزار شەڕەوانەوە یارمەتیی سوپای عوسمانی دەدا لە دژی برایم بەگی

محەمەد قەواڵی، هەر لەو ساڵانەیشدایە کە لە دژی شۆڕشی بەدووەکانی عێراق بەرگری لە والیی بەغدا دەکا و بەدووەکان دەشکێنێ. هەر وەک ئێستای پێشمەرگەی کورد دەسەڵاتی ڕێژیمی بەغدا دەپارێزێ.

لە ساڵی ١٨٤٣ی زاینی بەدوایشەوە بە فیتی بەرپرسانی عوسمانی میر بەدرخان هێرشێکی قەلاچۆکردنی دەستەجەمعی دەکاتە سەر نەستوورییەکان و گوند و شار و تەواوی ناوچەکەیان وێران دەکا و هەموو سەروەت و سامان و تەنانەت لە هەندێ شوێندا ژن و کچیشیان بە تاڵان دەبەن. (برۆ)ی دەنگبێژ و کەسی سەرەکی و گێڕەرەوەی (هاوارا دیجلەێ) لە ئەنجامی ئەو شاڵاوەوەیە کە (ئەستەر) – (ئەستەرا فەلە، ئەستەرا کلدان، ئەستەرا نەستووری – ی دەست دەکەوێ و دەیکاتە ژنی و تەنانەت ناوە نەستوورییەکەشی پێ ڕەوا نابینێ کە لە "ئەستەر"ەوە دەیکاتە "ستێر"ی کوردی)، ئەگەرچی ئەو سەرەتا بە نیازێکی پاک و مرۆڤدۆستانە و لەسەر داوای برای ئەستەر و بۆ پارێزگاریکردنی خێزانی ئەستەر دەچێتە دەڤەرەکەیان، بەڵام دواتر وەک دەسکەوت مامەڵە لەگەڵ ئەستەردا دەکا.

ئەم شاڵاوە مێژوویییەی میر بەدرخان بۆ سەر نەستوورییەکان، کە هەندێ سەرچاوە پێیان وایە (١٠ تا ٢٠ هەزار) نەستووریی تێدا کوژراون، وا دەکا سەفارەتەکانی بەریتانیا و فرەنسا و دنیای مەسیحی لە دژی میر و ئیمارەتەکەی بوەستن و جیهانی مەسیحییەت ببنە دوژمنی کورد و وەکو گەلێکی ناشارستانی تەماشای بکەن و دواتر و ڕەنگە تا بە ئەمڕۆش دەگا لە دژی خواست و خەونە نەتەوایەتییە ڕەواکانی کار بکەن، تەنانەت خودی دەوڵەتی عوسمانی و بەرپرسەکانیشیان لە کاردانەوەیەکی هەڵپەرستانەدا ئەم کارەی بەدرخانییان بە هەڵقۆستەوە لە دژی، ئەگەرچی سەرەتا بە فیتی خۆیان کرا، بەڵام دواتر لەسەر داوا و بۆ ڕازیکردنی بەریتانیا و فرەنسا دەستیان کرد بە هەنگاونان بۆ داگیرکردنی ئیمارەتەکە و دەستگیرکردنی میر بەدرخان، بۆ ئەمەش لە پێشدا کۆنە دوژمنەکانی، لە خزمانی سەعید بەگی گورگیلی و ئێزدییەکان، کە میر تەنگی پێ هەڵچنیبوون، هەروەها نەستوورییەکانیشی لێ هان دەدەن و، نامەکەی والیی مووسڵ بۆ (مارشەمعوون) بۆ هاندانیان بۆ تۆڵەکردنەوە، باشترین بەڵگەیە بۆ ئەو سیاسەتە دوودیوە هەڵپەرستانەیەی کە سەرانی عوسمانلی لە دژی میر بەدرخان بەکاریان دەهێنا.

بەرامبەر بەم پێوەندییە توندوتیژەی لەگەڵ نەستوورییەکاندا، بەپێچەوانەوە میر بەدرخان لەگەڵ ئەرمەنییاندا دۆستایەتییەکی بەهێزی دامەزراندبوو و سێ لە گەورە ڕاوێژکارانیشی (ستیفان مانۆلۆگیان، ئۆگانیس چالکتریان و میر مارتۆ) لە ئەرمەنییە ناسراوەکان بوون، کە دوای داڕووخانی ئیمارەتەکە و دەستگیرکردنی میر بەدرخان دەوڵەتی عوسمانلی لێیان خۆشنابن و وەک لە ڕۆمانەکەدا گوتراوە بەردی زلەیان بە پێوە دەبەستن و لە ئاوی مەرمەڕە لە ئەستەمبوڵ دەیانخنکێنن، شیاوی گوتنە کە ئەرمەنییەکانیش هەر مەسیحی بوون، بەڵام چونکە ئەرسەدۆکس و سەر بە کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی بوون و سەر بە ڤاتیکان نەبوون، ئەو دۆستایەتیکردنەیان لەلایەن میر بەدرخانەوە نەبووە مایەی چاکبوونەوەی پێوەندیی نێوان کورد و مەسیحییەکانی جیهان، کە تا بەمڕۆش دەگا هەر ئاسایی نەبووەتەوە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە هەندێ لە سەرخێڵەکانی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەم و دەستپێکی دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیای نوێدا ئەم جارەیان بەشدارییان لە شاڵاوەکانی قەڵاچۆکردنی ئەرمەنییەکانیشدا کرد.

مەسەلەی قەلاچۆکردنی نەستوورییەکان وردە وردە لەسەر ئاستی نەتەوەیی و ئاینیی ناوەخۆ و نێودەوڵەتی و، بڵاوبوونەوەی کۆڵێرا لە کاتی شەڕوپێکدادانەکانی نێوان سوپای هێرشبەری عوسمانلی لە لایەک و هێزە نیزامی و عەشایەرییەکانی میر بەدرخان لەلایەکی ترەوە، بوونە دوو هۆی سەرەکی لە هۆکارەکانی شکانی بەدرخانییان، بەڵام هۆکاری کوشندە خیانەتی گەورە لێپرسراوانی سەربازیی میر بوو بەتایبەتیش (یەزدانشێر)، کە هەم خزمی میر و باوەڕپێکراوی بوو، هەم خوشکەزای میر سەعید بەگی گورگیلی بوو، کە میر بەدرخان بۆ دڵنەوایی و بەنیازی ئاشتەوایی ماڵباتی لە خۆی نزیک کردبووەوە و کاروباری گرینگی سوپایی پێ سپاردبوو، بەڵام یەزدانشێر دیارە ئەو کارەساتەی لە بیر نەکردبوو کە میر بەدرخان بەسەر سەعیدی خاڵیدا هێنابووی، بۆیە لە ناسکترین هەلومەرجدا دەستی لەگەڵ عوسمانلیدا تێکەڵ کرد و خیانەتی مێژوویی لەو ئەمانەت و باوەڕە کرد کە میر بەدرخان پێی دابوو، بەو شێوەیەش هەموو بەها ئەخلاقی و نەتەوەیی و بەرژەوەندییە باڵاکانی کردە قوربانی تۆڵەسەندنەوەیەکی عەشایەری.

لێرەشەوە دەشێ بڵێین میر بەدرخان بە چ شێوە و شێواز و ڕێگەیەک حوکمی ئیمارەتی دەستگیر بووبوو، بەهەمان شێوە و ڕێگەیش لە دەستیان دەرهێنایەوە،

بەڵام دیارە نەک هەر بە زیانی خۆی و کورسییەکەی، بگرە بە داڕووخانی ئیمارەتەکەوە، کە جێی هیوای هەموو کورد بوو، بەتایبەتیش پاش ئەو دەستکەوتە مەزنە ڕۆشنبیری و ئابووری و سەربازی و سیاسییانەی میر بەدرخان لە سەردەمی خۆیدا وەدەستی هێنابوون، ئاخر ئەو سوپای دامەزراند، سکەی پارەی لێ دا، لە خوتبەی هەینیدا وەکو سوڵتان ناوی دەبرا، بۆ پێگەیاندنی کادیرانی دواڕۆژ قوتابخانەی دادەمەزراند، بۆ وەدەستهێنانی پسپۆڕی قوتابییانی دەناردە دەرەوە، لە سەردەمی ئەودا لە سەرتاسەری ئیمارەتەکەدا هێمنی و ئارامی بەرپا بووبوون، دزی و ڕێگری بە تەواوەتی بنەبڕ بووبوو، لە شاری جەزیرەدا دوو کارگەی بۆ دروستکردنی چەک و باروت دامەزراند، لە دەوروبەری دەریاچەی واندا دەستی کرد بە دروستکردنی گەمی و پاپۆڕ، هەندێ سەرچاوە دەڵێن ئاڵای کوردستانی هەڵکردووە، کۆچێرا دەڵێ قەڵەمڕەوی بەدرخان لە مووسڵ و شەنگار و وێرانشار و سیورک و دیاربەکرەوە تا سعر و شنۆ و وان و ورمێ و مەهاباد بڕی دەکرد. م.م. ڤرایت و برێس کە دوو موبەشیری ئاینیی ئەمەریکی بوون و ساڵی ١٨٤٦ چووبوونە جەزیرە، بە شانازی و شکۆوە باسیان لە وڵاتی میر بەدرخان کردووە.

پێ دەچێ میر بەدرخان چاوەچاوی هەلی لەبار بووبێ بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتە نەتەوایەتییەکەی، بۆیە شکانی سوپای عوسمانلی بە سەرکردایەتیی برایم پاشا لە بەرامبەر هێزە میسرییەکان وەک ئاماژەیەکی لەبار دەزانێ و ئیتر حیساب بۆ دەسەڵاتی عوسمانلی ناکات، لە ڕۆمانی (هاوارا دیجلەیێ)دا ئاماژە بەوە کراوە کە میر بەدرخان ئیتر ئامادە نابێ باج و خەراج بدا و ڕێگەش نادات ئیتر لاوانی وڵاتەکەی سەربازی بۆ دەوڵەتی عوسمانلی بکەن.

لە ڕۆمانی (هاوارا دیجلەیێ) ئۆزون لەسەر زاری (برۆ)ی گێڕەرەوەی ڕۆمانەکەوە پێمان دەڵێ: تەنانەت جارێکیان گەشتیارێکی بیانی دەچێتە خزمەتی میر بەدرخان و پێی دەڵێ: سوڵتان منی ناردووەتە کن تۆ.. میر بەدرخانیش بە نارەزاییەکەوە پێی دەڵێ: هاتی بەخێربێی، بەڵام من هیچ سوڵتانێک ناناسم... نازانم سوڵتان کێیە، دیارە دەوڵەتی عوسمانلی، ئەگەر شکستییەکیش لە وڵاتێکی دەوروبەری وەک میسر قبووڵ بکەن، بەڵام بە دڵنیاییەوە بوونی میرێکی وەکو میر بەدرخان و مەملەکەتەکەی لە بن دەستی ئەستەمبوڵ، لە جەزیرەی بۆتانیان پێ

قووت ناچێ، دیارە کە لێرەشەوە ئیتر پیلان و خۆئامادەکردنی دەوڵەتی عوسمانلی لە دژی میر بەدرخان دەست پێ کردووە.

مالمیسانژ لە کتێبە بەهاکەیدا (بەدرخانییەکانی جەزیرەی بۆتان)، کە محەمەد ئوزون لە ڕۆمانی (هاوارا دیجلەیێ) دا زۆر سوودی ڕاستەوخۆی لێ دیوە، ئەم وردەکارییانەی بە دوور و درێژی باس کردووە و ئەو گوتوویەتی ئەو گەشتیارە بیانییە (ڕیچ) بووە.

من ئەو ئینکارکردنەی سوڵتانی عوسمانلی لەلایەن میر بەدرخانەوە بەجۆرێک لەو زەللانە دەزانم کە مکیاڤیللی لە (موتارەحەکان)دا نەهیی لێ دەکا و دەڵێ: نابێ پێش تەواوکردنی ئامادەییی تەواو دەستبەکاربوون هیچ شتێک بدرکێنیت کە پێشوەختە نەیارەکانت لە خۆت ئاگەدار بکەیتەوە، بەڕای من خوێندنەوەی میر بەدرخان و ڕاوێژکارەکانی بۆ شکستی عوسمانلییەکان لە میسر و جیاوازی نەکردنیان لە نێوان دۆخی ستراتیجیی شوێن و توانای خۆیان و میسرییەکاندا، یەکێکە لەو هەڵە سیاسییانەی کە کارەساتی بەدرخانییان و دەوڵەتە چاوەڕوانکراوەکەیانی لێ دەکەوێتەوە. لە (هاوارا دیجلەیێ)دا ئوزون ئەم نکوولیکردنەی میر بەدرخان لە سوڵتانی عوسمانلی وەک (غرور)ێک نیشان داوە و وەک یەکێک لە سیفەتە سایکۆلۆجییەکانی میر وێنای کردووە، کە من بەپێچەوانەوە وەک هەڵەیەکی سیاسی – سەربازی لێی دەڕوانم، کە هەر بە تەنها خودی میر بەدرخان لێی بەرپرسیار نییە، بگرە ڕاوێژکاران و ئەنجوومەنی شووراکەیشی ڕۆڵی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆیان تێیدا هەبووە.

٦

ڕۆمانی (بیرا قەدەرێ)، کە کاراکتەرە سەرەکییەکەی میر جەلادەت بەدرخانی نەوەی بەدرخانە، ئەویش لە دەوری ڕووداوێکی مێژوویی هەڵچنراوە، کە سەرجەم ژیان و بیر و بۆچوونەکانی میر جەلادەتی خەباتکار و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەکار دەگۆڕێ و دەیخاتە سەر باوەڕێک کە دەست بە کاری سیاسی و کارکردن لە حزبی (خۆیبوون) و هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکداری هەڵبگرێت و خۆی بۆ ژیانی خێزانی و کاروباری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی تەرخان بکا، ئیتر ئەوە بوو لە (١٥)ی گولانی ١٩٣٢ دا یەکەم ژمارەی گۆواری (هاوار) دەرکرد، دوادوایی

ژیانیشی لەسەر پارچە زەوییەک کە حوسێن ئاغای ئیبیش دەیداتێ (کێڵگەیەک)ی پەموو و بیرێک لێ دەدات، وا دەزانم تا بە ئەمڕۆش دەگات زۆربەی سیاسییە کوردەکان کە لە کاری سیاسی و حزبی بێهیوا دەبن، ئەو ڕێچکەیەی میر جەلادەت بەدرخان دەگرنە بەر، واتا ڕوو لە ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری دەکەن و زۆرجاریش لەسەر زەویی خەڵک مەزرەعە و بیر لێ دەدەن، وەلێ بەوەی جیاوازن کە ئەمانەی ئێستا وەک جەلادەت بیر بە سەریاندا داناتەپێ و نامرن وەک ئەو مردنەی کە لە (١٥)ی تەمموزی ١٩٥١دا کۆتاییی بە ژیانی پڕ لە خەبات و کوێرەوەریی کاراکتەری سەرەکیی ڕۆمانی (بیرا قەدەرێ) هێنا، ژیانێک کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ لێواری بیرێکی تر لە ماڵی بابی لە ئەستەمبوڵ.

ڕووداوە مێژووییەکەشی کە خەباتی سیاسی و چەکداریی لە ژیانی میر جەلادەت دوور دەخاتەوە، کە لە ڕاستیدا چیرۆکی سەرهەڵدانی شۆڕشێکی تری هاوکاتی شۆڕشی ئاگری – ئەراراتە، کاتێک کە کوردانی ئەمبەر و ئەوبەری سنووری دەستکردی نێوان سووریا – تورکیا بۆ کردنەوەی بەرەیەکی دیکە، بە نیازی کەمکردنەوەی پاڵەپەستۆی سەربازیی عوسمانلی لەسەر شەڕوانەکانی ئەرارات و جەنەراڵ ئیحسان پاشای سەرکردەی شۆڕشی ئاگری، بە دەستپێشکەریی حزبی خۆیبوون و لەسەر داوای جەنەراڵ ئیحسان و بە هاریکاریی هەردوو نیشتمانپەروەری کوردی دیاربەکری قەدری بەگ و ئەکرەمی جەمیل پاشا کە تازە لە دەست ڕژێمی عوسمانلی ڕزگاریان بووبوو و گەیشتبوونە ناوچەکانی (ژێر خەت)، واتا خەتی سنووری نێوان تورکیا و سووریا بەرپای دەکەن، هەروەها لەبەری کوردستانی سووریاش کۆمەڵێک ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕی نەتەوەپەروەر لە پیاوانی ناوداری خەباتکاری عەشایەری کوردانی سووریاش کەسانی وەک (حاجوو ئاغا) بەخۆی و کوڕانیەوە، نەخشە بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێکی تر و پلانی کردنەوەی بەرەیەکی شەڕ دادەڕێژن و شەوی (٢٠)ی تەمووزی ١٩٣٠ لە ناوچەی (هەسچێ)ی کوردستانی سووریاوە هێرش دەکەنە سەر سنوورەکانی تورکیا لە مەرزی (ماردین)ەوە، بەڵام دەردەکەوێ کە خائینان پێشتر تورکیایان لە هەموو وردەکارییەکانی هێرشەکە ئاگەدار کردبێتەوە، بۆیە پەلامارەکە تێک دەشکێ و زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی بە شۆڕشگێڕان و خەڵکی ناوچەکەش دەکەوێ، واتا دیسانەوە شۆڕش و خیانەت و شکستی و بەرپابوونی نائومێدی.

جەلادەت لەبارەی ئەم شۆڕش و شکستییەوە دەڵێ: (وەختا ئێریشێ نەد جیھ دن بوو.. مە وەختەکە شاش، گەلەکی شاش هەڵبژارت.. بریارا پارتیێ ب لەز بوو.. ئیشێ مە کوردان هەر وەهایە، ئاقڵێ کوردان پاشی تێ سەر وان.. ئێدی من سەرێ هەسپێ خوە کۆ د مەیدانا سیاسەتێ دە تاو ددا، کشاند و ژ وێ مەیدانێ ب دوور کەتم..). بیرا قەدەرێ ل / ١٧٦ تا ١٧٨ز

هاجۆ ئاغای کوردپەروەریش پێشوەخت بە جەلادەت دەڵێ: (میرێ من، تو هێ کوردان ناس ناکی.. تە هێ تشتەکی وان نەدیتییە.. ل / ١٦٨

کورد یەکتری ناناسن، سروشتی خەڵک و خاکی خۆیان ناخوێننەوە، هەتا لێیان نەقەومێ ئەقڵیان نایەتەوە سەرخۆ، کاتێک کە شەڕ و شۆڕش پیویستە، کورد دانوستان دەکات، کاتێکیش کە وتوویژ پێویستە کورد شەڕوشۆڕ دەکات.

بەهەرحاڵ ئەم پەلامارەی بەرەی تخووبی سووریاو تورکیا، شکستی شۆڕشی ئاگری – ئەراراتی نەک هەر ڕانەگرت، بگرە بەپێچەوانەوە خێراتریشی کرد.

لەوێیش هەڵەی ئەم و ئەون ناکۆکیی نێوان عەشرەتەکان، نەخوێندنەوەی ڕاست لە دروستی باری ناوەخۆی شۆڕش و هێزە نەیارەکانی دەوروبەر و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پێش شەڕی جیهانیی دووەم، توندوتیژیی سوپای تورک و وێرانکردن و سووتاندنی پێکەوەی تەڕ و وشک، قەلاچۆکردنی وەک یەکی شەڕوانان و خەڵکی سڤیلی کورد، بەجێنەهێنانی بەڵێنەکانی هەندێک لە دۆستانی بیانی، سەرهەڵدانی خیانەتی ئەم و ئەو، خۆبەدەستەوەدانی هەندێکیان، لە هەمووشی گرینگتر هەماهەنگیی سوپای تورک و ئێران و سۆڤیەتی جاران و تەنازولکردنی تورکیا لە هەندێک زەوی لە ناوچەی (وان) بۆ ئێران، ڕێک وەک ئەوەی کە عێراق بۆ تواندنەوەی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥دا تەنازولی لە ئاو و زەوی کرد بۆ ئێران، بوونە هۆی شکستی شۆڕشی ئەرارات و پەنابردنی جەنەڕاڵ ئیحسان پاشا بۆ ئێران و دەستبەسەرکردنی لەوێ و گەڕانەوەی مەمدووح سەلیمی تێکۆشەر و ڕۆژنامەکار بە ناچاری بۆ شام و کشانەوەی لە ڕووداوەکان، کە کاراکتەری سەرەکیی ڕۆمانی (سایەی ئەڤینێ)یە و، ئەو بابەتە مێژووییە پێک دێنێ، کە لە ڕۆمانەکەدا تەواوی سەرگوزەشتەی ئەوی لە دەور چنراوە.

له کەلەپووری ئەدەبی جیهانی و کولتووری خۆماڵیی کوردیشەوە، محەمەد ئۆزون بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوە واقعییە مەزنەکانی کورد و کوردستاندا تەنیا دوو ڕێگەی لە بەردەمدا بووە بۆ ئەوەی یەکێکیان هەڵبژێرێت: ڕۆمانی مێژوویی، یان ڕۆمانی سەرگوزەشتەی مێژوویی، کە دووەمیانی هەڵبژاردووە، بۆ داڕشتنەوەشی دیسان دوو بابەتی لە بەردەمدا هەبووە کاریان لەسەر بکا؛ یا ئەدگار و کردەوە و ژیانی ئەو پاڵەوانە مەزنە جیهانییانەی کە هەموو کات بە کامڵی دێنە ناو دەقەوە و ڕێگەی داهێنەر و خوێنەر نادەن بە سایکۆلۆجییەت و مێژوو و پلیکانەکانی ژیانیاندا بچنەوە و لە دەقدا خۆ وەکو حاڵەتێکی جێگیر و ڕەنگە پیرۆزیش بسەپێن، ئەم جۆرە پاڵەوانانەش دیارە بۆ ڕۆمانی مێژوویی بە کەڵکترن، مەبەستیشم لە ڕۆمانی مێژوویی ڕووتە کە وەکو ڕاستییەکی ڕەها هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەکەن، ئۆزون یان دەبووایە ئەم جۆرە ڕۆمانە بەرهەم بهێنێت، یان جۆری دووەم کە ڕۆمانی سەرگوزەشتەی مێژووییییە، ڕۆمانی سەرگوزەشتەی مێژووییش، هەڵسوکەوت لەگەڵ پاڵەوانە مەزنەکانی مێژوودا ناکات، بگرە لەسەر کاردانەوەو ڕەنگدانەوەی سەرکەوتن، یان داڕووخانی ئەوان لەسەر ژیانی ڕۆژانە و بیر و هۆش و ڕۆشنبیریی جەماوەریی میللەت کار دەکات، بەتایبەتیش داڕووخانی پاڵەوانە مەزنەکان، کە بارگرانییەکەشی بەزۆری، یان هەر ڕاستەوخۆتر دەکەوێتە سەر چینی ناوەڕاستی کۆمەڵ بەتایبەتیش کۆمەڵی جووتیاری و سیستەمی فیوداڵیی خێڵەکی کە ئیحتیمالی بە هەڵەداچوون و لەخشتەبردن و ڕکابەری و بەگژداکردنی یەکتر و خیانەتی زۆر تێدا زیاترە، کۆمەڵی کوردەواریش نەک لەو سەد ساڵەی ڕابردوودا کە ئۆزون لە ڕۆمانەکانیدا کاری لەسەر کردوون، بەڵکو تا ئیستاشی لەگەڵدا بێت کۆمەڵگەیەکی خێڵەکییە و دیارە کە لەو نەخۆشییە کۆمەلایەتی – سیاسییانەش بەدوور نییە کە ئۆزون وەک سیمای سەرەکیی کۆمەڵگەی کوردستانی تەماشایان دەکات.

لەم تێگەیەشەوە دەتوانم بێژم هەڵبژاردنی کەسانی سەرەکیی ڕۆمانەکانی ئۆزون لە چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگەی کوردستانی بە ڕێککەوت نییە و بەرئەنجامێکی سروشتی بزاڤی مێژوویی کۆمەڵگەی کوردەواری و پێویستییەکی هونەری سەپاندوویەتی.

هەر لەو چوار ڕۆمـانەی ئۆزوندا: ڕۆژێک لە ڕۆژانی عـەڤداڵی زەینەکێ، سـایەی ئەڤینێ، بیرا قەدەرێ و هاوارا دیجایێ، ڕووداوی گەورەی مێژوویی دەبینین وەلێ نەک لە شێـوەیەکی دۆکیـومـێنتاریدا، پاڵەوانی مـەزنی مێژوویـیش وەدی دەکەین، بەڵام تەنها لەو ساتانەدا کە بە مەزنی وەدەر دەکەون، لە ڕۆژێک لە ڕۆژانی عەڤداڵی زەینەکێدا تـاهیـر خـان، لە سـایەی ئەڤینێ جـەنـەراڵ ئیحـسـان پـاشـا و، لە بیـرا قـەدەرێ و هـاوارا دیجـایێ میـر بەدرخـانی گەورە دەبینین، بەڵام بە تەنیـا لەو سـاتە گـرینگەدا وەدەر دەکـەون کـە خـاوەن شکۆ و دەسـەڵات و بڕیارن، یـان لەو سـاتە تراجـیـدییـە هەست وروژێنەرانـەدا کە وەکـو قـوربانیـیـەک بەوپەڕی ئـارامیـیـەوە بەرگـەی زوڵمی زاڵمـان و ئێش و ئازاری شکستی و بە ئامانج نـەگەیشتن دەگرن و ڕێگەی ئاوارەیی و چارەنووسی نادیاری خۆیان و خێزان و گەلەکەیان دەگرنە بەر و بە ژان و ناسۆری ناکامییەوە سەردەنێنەوە، ئەمانە پاڵەوانی سەرەکیی ڕووداوە ڕاسـتەقینە مێژووییـیەکانن بەڵام کاراکتـەری سـەرەکیی ڕۆمانەکانی ئۆزون نین، کـاراکتـەری تەوەرەیی، یان سـەنتراڵ کەسـایـەتییـەکانی ڕۆمـانی سـەرگوزەشـتـەی مێژوویی، وەک لۆکاش دەڵێ: (پاڵەوانی ناوەڕاستی ڕێن)، واتا کەسانێکن لە چینی ناوەڕاست، نە لە چینی باڵادەستی حوکمن، نە لە چینی چەوساوەی ڕەشـوڕووت، بگرە ئەوانن کە دەکەونە بەر کاریگەریی ڕاسـتـەوخۆی داڕووخـانی پاڵەوانە مـەزنە مێـژووییـیـەکـان و قـورسـاییی سـەروبنبـوونی دۆخەکەیان دەکەوێتە سـەر، نەک هـەر ئەوەندەیە، بگرە هەستی پێ دەکەن و بەرەنگاریشی دەبنەوە، (پاڵەوانی ناوەڕاستی ڕێگە) کە کەسایـەتیی هەڵبـژاردەی ڕۆماننـووسی سکۆتلەندی - ئینگلیـزی (والتـەر سکۆت)ی داهێنەری بەرچاوی ڕۆمـانی مـێـژوویـین، نەک هـەر لەسـەر ئـاسـتی چینـایەتیی سـەر بـە چینی نـاوەندن، بگرە لـەسـەر ئـاسـتی بیـر و بۆچوون و کـردەوەشـدا بەزۆری (مـیـانـڕەو)ن، مـیـانـڕەو بە واتای قـبـووڵکردنی ئـەوانی تر و ڕێزگرتنی بەرامبەر.

کاراکتەری سـەرەکیی هەردوو ڕۆمانی (ڕۆژێک لە ڕۆژانی عەڤداڵی زەینەکێ) و (هاوارا دیجلەیێ) هەردووکـیـان دەنگبـێـژ - هونەرمـەندن، خۆیان بە دەنگبـێـژی (کورد و ئەرمەن و کلدان و نەستووری و..) و (موسڵمان و مەسیحی و ئێزدی و..) دەزانن، ژنی هـەردووکـیـان مـەسـیـحین، ژنـی عـەڤـدالێ (گولێ) ئەرمـەنـە، هیی برۆ (ئەستەر) نەستوورییە، هەردووک مەسیحین.

کاراکتەری (سایەی ئەڤینێ) مەمدووح بەگیش رۆشنبیرێکی شۆڕشڤانە، رۆژنامەنووسە لە (١٩١٨ – ١٩١٩) بەرێوەبەری کۆواری (ژین) بووە لە ئەستەمبوڵ، ئەمیش سەرەتا لەگەڵ شۆخێکی چەرکەسی (فەریحە خانم)دا پێوەندییەکی توندوتۆڵی خۆشەویستی پێکەوەیان دەبەستێ و دەگاتە رادەی خواستن، بەلام مەمدووح بەگ، کە لەناو شۆڕش و خۆییبووندا بە (ئەسکەندەر بەگ) دەناسرێ، بەدەم بانگەوازی شۆڕشی ئاگری – ئەراراتەوە دەچێ و لەسەر فەرمانی حزب (خۆییبوون) فەریحە بەر لە گواستنەوە بەجێ دەهێڵێ، فەریحەش کە بە هەڵە هەواڵی شەهیدبوونی پێ دەگا و لە گەڕانەوەی بێئومێد دەبێ، شوو بە یەکێکی ئوردنی دەکا و لە ئەنتاکییە دەژوات، بەلام مەمدووح بەگ لە چەند ساڵی کۆتاییی ژیانیدا ئاخری بێوەژنێکی چەرکەسی دەخوازێ و ئاکام لە ئاوارەییدا بە وەجاخکوێری سەردەنێتەوە.

هەر لەم رۆمانەشەوە دەردەکەوێ، کە هاوسەری جەنەراڵ ئیحسان پاشای سەرکردەی شۆڕشی ئەرارات – ئاگریش ژنێکی تورکە (یەشار خانم)، کە بەوپەڕی دڵسۆزی و بە زەحمەتێکی زۆر خۆی دەگەیەنێتە شۆڕشگێڕانی کورد لە چیای ئەرارات و لەوێ لەگەڵ ئیحسانی مێردیدا لەنێو ئاگری شەڕدا لەگەڵی دەژی و کە شۆڕشیش شکست دەخوا، لەگەڵ مێردەکەیدا ئاوارەی ئێران دەبێ.

راستە کەسی سەرەکیی (بیرا قەدەرێ) میر جەلادەت نەوەی میر بەدرخانی گەورە و لە بنەماڵەیەکی ئەروستۆکراتیی دەوڵەمەند بووە، بەلام لە ژیانی خۆیدا هەژاری و نەداریی زۆری دیوە و تەنانەت جارێکیان لە برسان جلوبەرگەکانی خۆی دەفرۆشێت لە ئەڵمانیا، کە دێتە شامیش ئەوە بە کۆمەک و یارمەتیی کوردە دەوڵەمەندەکانی ئەوێ دەژی و سەرئەنجام لەسەر زەویی خەڵک دەست دەداتە کشتوکاڵ و ئاکام وەک زۆر کرێکاری کشتوکاڵ لە کاتی کاردا لە رووداوی داتەپینی بیرێک بەسەریدا کۆتایی بە ژیانی دێت، واتا ئەمیش بە کردەوە (پاڵەوانێکی نیوەی رێ) بووە وەکو کاراکتەرانی تری رۆمانەکانی تری ئوزون، بەتایبەتیش لەوەیدا کە کاری رۆژنامەنووسیی کردووە و لە ١٩٣٢ دا دامەزرێنەر و سەرنووسەری کۆواری (هاوار) بووە لە رۆژئاوای کوردستان لە سووریا.

هەروەها ئەوەش راستە کە ئەم زۆر بە درەنگەوە رەوشەن خانمی دۆتمامی خۆی

به بێوەژنی دەخوازێ پاش ئەوەی لە مێردە هونەرکارە عەرەبەکەی جیا دەبێتەوە، بەڵام زڕدایکێکی جەلادەت چەرکەسی بووە کە یەکەم خۆشەویست و ئەڤین و ژنی ئەمین عالی بەدرخان بووە، هەروەها نەنکی جەلادەت لە دایکیشییەوە دیسانەوە چەرکەسی بووە و لەمانە هەمووشی گرینگتر ئەوەیە کە دایانەکەی جەلادەت و زۆربەی منداڵانی تری بەدرخانییان پەروەردەی دەستی (ئامۆژنە ستێ) ژنێکی کوردی بۆتی ئێزدی بووە کە لە سەردەمی بەدرخانی گەورەوە. لەگەڵیاندا دەژی و منداڵانیان بە زمانی ڕەسەنی کوردی و بە چیرۆک و سەرگوزەشتە و لۆرین و ستران و کولتوورێکی ڕەسەنی کوردی پەروەردە دەکات.

منداڵێکی ئاوا وەک جەلادەتیش، کە چاو دەکاتەوە بە دەوری خۆیدا خەڵکانی سەر بە نەتەوە و ئاینی جیاواز و کولتووری جیاواز دەبینێ، دیارە بە گەورەیی مرۆڤێکی لێبووردەی لێ هەڵدەکەوێ، جا نەک هەر کەسە سەرەکییەکان لە دەقەکانی ئۆزوندا، بگرە هەندێک لە کەسە لاوەکییە پیاوەکانی تریش دۆست، یان دڵداری تریان لە نەتەوە و ئاینەکانی تر هەبووە، وەک بەنگین و مەیرۆی کچە ئەرمەنی و دیان لە ڕۆمانی ڕۆژێک لە ڕۆژانی عەڤدالێ زەینەکێ و، وەک پێوەندیی بەلکان و سەفتەر بەدرخان. بەلکانی بە ڕەگەز ئەڵمانی و بە ئاین مەسیحی و زۆری تریش لەوانەی کە پەراگەندەی فرەنسا و میسر و شوێنانی تر دەبن و لەو وڵات و گەلانە دۆست دەگرن یان ژن دێنن. یان پێوەندیی تر دروست دەکەن، وەک پێوەندیی خۆشەویستی و جەستەیی خودی جەلادەت لە ئەستەمبوڵ لەگەڵ (جانان)ی کچە (ئەرنائوت)، کە باوکی بە بنەچە (کۆسۆڤی)یە و دایکی خەڵکی بۆسنیاو هەرزەگۆڤینە و بە ئاین موسڵمانن، لە میوەنیخ - ئەڵمانیاش لەگەڵ مۆنیکای مەسیحیدا.

با ئەو ئەگەرەیش لە لێکدانەوە بە دوور نەگرین کە ئەم دیاردەیە، دیاردەی ژنهێنانی کاراکتەرە سەرکییەکانی ڕۆمانە مێژووییەکانی ئۆزون، زادەی خەیاڵی ڕۆمانسییانەی ڕۆماننووسەکە خۆی نییە، تا شرۆڤەیەکی سیاسییانەی بۆ بکەین، بگرە ڕاستییەکی واقیعی مێژووین، تەنانەت لە ڕۆمانی سایەی ئەڤینیشدا ئەو پرسیارە کراوە، کە بۆ پیاوانی کورد هێندە ئاشق بە کیژانی چەرکەسین؟. وەڵامەکەیشی ئەوەیە کە بەخت و چارەنووسە.

لەوانـەیە جگە لـە کــاریگـەریی پـەروەردەیی هۆکــارێکی تریش بـۆ ئەم کــرانـەوە نەتەوەیی و ئاینییـەی پیاوانی کـورد - یان بەشـێوەیەکی گشـتی گەلی کـورد هـەبن، ئەویش ئەوەیە کـە کـۆمـەڵگەی کـوردەواری کـۆمـەڵگەیەکی بـاوکسـالارییـە و لە کۆمـەڵگەی باوکسالاریشدا منداڵ نە لە خوێن و نە لە ئینتیمای نەتەوایەتی و نە لە ڕێچکەی ئاینی و ئاینزانیدا ناچێتەوە سەر دایک، بگرە دەچێتەوە سەر ئینتیمای نەتەوایەتی و ئاینیی باوکی.

ئەمە ڕەنگە تا ڕادەیەک وەکو هۆکارێکی پلە دوو ڕاستبێ بۆ لێکدانەوەی خولیای ژنهـێنانی کـاراکـتـەرە سـەرەکـیـیـەکـانی ڕۆمـانی ئۆزون لە دەرەوەی ئینتـیـمـای نەتەوایەتی و ئاینی، بەڵام ئەوەی ئەم فاکتەر و لێکدانەوەیە لاواز دەکات ئەوەیە کە پیاوانی کورد لە ڕۆمـانەکانی ئۆزوندا پێوەندی و دۆستـایەتی و برادەری و تەنانەت کـارکـردنیـشـیـان لەگـەڵ پیـاوانی کلدانی و ئاشـووری و ئەرمـەنی و ئەرنـائوتی و کۆسـۆڤی و... لەگەڵ ئێزدی و مـەسـیـحی و خەڵکانی تریشـدا هـەر ئاوا بە تین و بە تەسـامـوحـە و ڕاوێژیان پێ دەکـەن، سـەردانیـان دەکـەن، لەسـەر خـوان لـەگـەڵیـان دەخـۆن، بۆ زۆر کـاری ڕۆژانـە پرسـیـان پێ دەکـەن، سـوود لە توانایان وەردەگـرن، بۆیە ئـەم تەسـامـوحـەی کـورد بەگـشـتی ئەوەیە کـە ئاینەکـەی (مـوسـڵـمـانی) بە دەمارگرژییەک وەرنەگرتووە و وەک ئاینێکی نەتەوایەتی سەیری ناکات، بگرە وەکو پێـوەندییـەکی مـرۆڤی تـاک و خـواوەنـد پرۆسـێسـی دەکات. ئـەمـە تـا ئـەمـرۆیش لە کوردستـاندا هـەر وایە، بۆیـە کوردسـتـان بووەتە پەناگە و جێگەی بڕوا و متـمـانەی زۆرێک لـە نەتەوەکـانـی تریش، وەکـو تورکـمــان و ئاشــووری و عــەرەب، لە ئاینە جیاوازەکانیش جگە لە موسڵمانانی شیعە و سوننە، مەسیحی و ئێزدی و گرووپی ئەتنیی تریش هەن، کە کـورد هاوچارەنووسـیـیـەکی سیـاسی و نەتەوایەتیـشـیـان لەگەڵدا دەبینێ، کە لەگەڵ نـەتەوە باڵادەسـتـە داگـیرکـەرەکانی فـارس و عارەب و تورکدا هەستی پێناکات.

ئەم لەخـۆبوردەییـەی مـرۆڤی کـورد لە دەقی ئۆزونیـدا ڕوویەکی تریشـی هـەیـە کە تەئکیـد لە کــراوەیی دەکــاتەوە، ئـەویش بەکــاربردنـی زمــانی غــەیرە کــوردیی، بەتایبەتیش تورکی لە ڕۆمانی (بیرا قەدرێ) لە کاتی گفتوگۆی کەسە کورد و تورک و غەیرە کوردەکانی تردا، ئەمەش موفارەقـەیەکی سەیر دروست دەکات، چونکە لە ڕۆژگارێکدا بووە کە ڕێژیمی تورکیـای کەمـاڵی زمـانی کوردی نەک هـەر لە شـوێنە

گشتی و قوتابخانە و نێوان کوردێک و تورکێک و تورکێکدا قەدەخە کردووە، بگرە لە نێوان کوردێک و کوردێکی تریشدا غەرامە و سزای یاسایی بۆ داناوە.

جگە لە تورکی، دیالۆگ و وشە و ڕستەی ئەڵمانی و ئینگلیزی و فرەنسیش لە تێکستی ئۆزوندا بەرچاو دەکەن، کە هەر لە سەردەمی میر بەدرخانی گەورەوە لەسەر ڕووداوی نەستۆریان دوژمنایەتی کورد و خواستەکانیان کردووە.

هەر لە بەرهەمەکانی ئۆزوندا گوێت لە ئاواز و گۆرانیی گەلانی جیهان دەبێ و هونەری ئەوان دەبینێ، بەتایبەتیش هونەری فۆتۆگراف لە ڕۆمانی (بیرا قەدرێ)، کە مەسیحییەکی ئەرمنی و جوولەکەیەک بۆ یەکەم جار دەیهێننە ئەستەمبوڵ و هەردووکیشیان دۆستی ماڵباتی بەدرخانیانن.

جەلادەت بەدرخان لە ڕێی کتێبخانە دێرین و دەوڵەمەندەکەی (سینور)ەوە لە ئەستەمبوڵ پردێکی بەتینی لەگەڵ کولتوور و ئەدەب و ڕۆشنبیریی گەلانی ئەورووپیشدا هەبووە و تەنانەت پێش سەفەرکردنەکەی خۆی و کامەرانی برای بۆ ئەڵمانیاش، هەروەها مەمدوح سەلیمی کەسی سەرەکیی سایەی ئەڤینێ، ئەویش بەهۆی کاری ڕۆژنامەوانی و لە ڕێی خوێندنەوەشەوە شارەزاییەکی چاکی لە ئەدەب و ڕۆشنبیری ئەورووپاییدا هەبووە، کتێبخانەکەی ئەوە دەردەخات.

(برۆ)ی کەسی سەرەکیی ڕۆمانی (هاوارا دیجلەیێ)، ئەویش هەروەها لە ڕێی خوێندنی لە قوتابخانەی سوور و بەهۆی کتێبخانە دەوڵەمەندەکەی مام سەڤۆ لە شاری جەزیرە چاو بە ڕۆشنبیریی یۆنانی و فارسی و عەرەبی و تەنانەت فرەنسیشدا هەڵدێنێ، ئەمە وێڕای ئەوەی کە خۆیشی بە بنەچە ئێزدییە، پەروەردەی هونەری دەستی هاپۆ خەڵەفی بلوێرژەنی ئێزدییە و، بە دوای زانین و فێربوونیشدا بە لاوی گەشتێکی شارستانییەکانی سەر ڕووباری ئەزەلی دیجلەیش دەکات و چاوی بە نەینەوا و بەغدا و بابل دەکەوێ.

عەڤدالێ زەینەکێ کەسی سەرەکی ڕۆمانی (ڕۆژێک لە ڕۆژانی..) ئەویش بە پتر لە سەد ساڵ تەمەنەوە لەنێو گوندان و عەشایەری سەر هەردوو سنووری کوردستانی باشوور و کوردستانی ڕۆهەڵاتدا دەبێتە شایەت عەیانی سەدان ڕووداو و کارەسات و سینەی دەبێتە ئەرشیفی دەیان و سەدان ئەزموونی تاڵ و شیرین و خەزێنەی سەدان ئاواز و گۆرانی سەرگوزەشتەی پڕ لە پەند و حیکمەتی

ڕەســەنـی کـوردەواری و گـەلانـی تری دەوروپشــتـیـشـی، ئەو وێژدانی بـە سـوێ و، دەنگبێـژی کورد و ئەرمـەن و ئاشـووری و ناسـتۆری و مـوسـڵـمـان و مـەسـیـحی و ئێزدییانە.

کەسانی ئیجابیی ڕۆمانەکانی ئوزون کەسـانی وشیاری میللی و نیشتمانپەروەر و نەتەوەپـەروەر و مـرۆڤـدۆسـتین، وەکـو مـرۆڤی ڕاسـتـەقـینە چاکـەیش دەکـەن و خراپەیش دەکەن، ڕاستیش دەکەن هەڵەیش دەکەن، سەریش دەکەون و شکستیش دەخۆن، تورە دەبن، پێ دەکەنن، دەگرین. خـودان بڕوا و خاوەن پەیامی کۆمەڵایەتی و نەتەوایـەتین و لەپێناوی هـەقدا ئـاوارە دەبن، برسـی دەبن، نەبـوو و نەدار و هـەژار دەکــەون، قــوربانی دەدەن، لـەگـەڵ مــیللـەت و لەنـاو مــیللـەتدا دەژێن، بەتونـدی بە زەوییـەوە دەنـووسـێن، قـەتیش بەئەنجـامی ڕەوا نـاگـەن، بـەڵام ناشکێن، نادۆڕێن، دەستبەردار نابن، سەنگەر چۆڵ ناکەن.

کوڕی بە ئەمـەکی میللەت و خاکن، خـاک لە کن ئوزون هێـمـا و واتا و چەمک و پیرۆزی و بەهای هەیە:

ئاگری، مەڵبەندی هێز و شکۆ و هێمای برایەتیی کورد و ئەرمەنە.

نەمرود، لانکەی شارستانییەکانە.

جودی و هوکول، شوێن و شایەتی مێژووی دێرین و پەند و وانە و حیکمەتن.

سیپانێ خەلاتێ، مەزاری سیامەند و خەجێ و، هێلینی دڵداران و ئاشقانە.

دیجلە، یادەوەری مـێژووی سـەردەمی و شـارەگـی شـارسـتـانییـەکانـی نەینۆڤا و بەغـدا و بابل و هەڵگری ڕاز و نهـێنی و بەسـەرهـاتـی کـورد و ئاشـوور و ئەکـەد و سـۆمـەر و کلدان و ئەرمـەنە، دیجلە ڕووباری پیـرۆزی هـەمـیشـەیی و هـۆ و هۆکار و سەرچاوەی شارستانییەتیی میزۆپۆتامیایە لەکن ئوزون، گەلانی میزۆپۆتامیا دەبێ پێکەوە لە دەوری بژێن.

گـوێی بۆ ڕادێرن، بە پیــرۆزی ڕای بگرن، وەک چۆن هینـدییــەکـان دەڕوانـنە ڕووباری کـینگ و، میـسـرییـەکان دەڕوانـنە نیل و چینەکـان بە پیـرۆزی تەمـاشـای ڕووباری زەرد دەکەن.

لە ڕۆمــانە ســەرگـوزشـتـە مـێـژووییـەکـانی مـحـەمـەد ئوزوندا (ئـەم چوارەی بەردەستمان)، هەر بـەتەنیا کـەسایەتیی میللی کاراکتەرە سـەرەکییەکانی نین، کە

هونەرەکەی بەتوندی بە جەماوەری بەرفراوانی گەلەوە دەبەستن، بگرە دوو فاکتەری بە هێزی تریش ئەو ئاراستەیەی بۆ دەچەسپێنن:

١- موتربەکردنی دەقە داهێنراوەکە لەگەڵ چەندان مۆتیڤی باوی میللی لە ڕووداو و چیرۆکی فۆلکلۆری وەک:

(خەج و سیامەند) لە ڕۆمانی (ڕۆژێک لە ڕۆژانی عەڤداڵی زەینەکێ) و، وەبیرهێنانەوە و گێڕانەوەی لەگەڵ کارەساتی دڵدارییە گەرموگوڕەکەی (بەنگین و مەیرۆ)ی جوانەمەرگدا، کە بە کوشتن کۆتایی دێ، یان وەک بەسەرهاتی (بەنفشانارین) لە داستانی (بەنفشا نارین و جەمیل هەرکی) کە (مەمدوح سەلیم بەگ- ئەسکەندەر بەگ) لە ڕۆمانی (سایەی ئەڤینێ) بۆ (فەریحە)ی چەرکەسی خۆشەویستی دەگێڕێتەوە، کە دواتر مەمدوح بەگ بەهۆی فەرمانی حزبی و ئەرکی نیشتمانی و نەتەوایەتییەوە بەجێی دەهێڵێت و بە یەکتر ناگەن.

ئەمە وێڕای تێکەڵکێشکردنی دەیان پارچە شیعر و ڕووداو و کارەساتی مێژوویی دێرین و نوێی نووسراو و سەرزارەکەی، کە کورد لە غیابی مێژووی زانستی نووسراو و بۆ ئەوەی لە یادەوەری نەوەکانی داهاتوودا بمێنن، لە شێوەی بەیت و لاوک و حیراناندا تۆماری کردوون و دەنگبێژانیش شار بەشار و گوند بەگوند بۆ نەوە نوێیەکانی دەڵێن و دەڵێنەوە، بەشێوازێکیش دەیڵێنەوە کە لەبەرکردن و دووبار بەرهەمهێنانەوەیان لە کات و شوێنانی جیا جیادا سووک و سانا بێت، ئاخر نووسین و خوێندنی مێژووی کورد نەک هەر قەدەخەیە لەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان بەسەر خۆیاندا دابەش کردووە، بگرە بەپێی بەرنامەیش بۆ خۆیانی زەوت دەکەن، یان دەیشێوێنن.

پێ دەچێ لەبەر هۆیەکی ئاواش بێت کە گەلانی ژێردەستە بۆ تۆمارکردن و پاراستنی مێژووی خۆیان پەنا وەبەر هونەر و ئەدەب دەبەن، بەتایبەتیش گەلانی ئەمەریکای ئیسپانی- لاتینی کە لە زۆر لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەوە لە کوردەوە نزیکن.

نووسەری ئەمەریکای ئیسپانی (فرناندۆ ئاینسا) ئێژێ: (دۆشداماویی هەندێک "مێژوونووسان" هەلی بۆ هەندێکی تر "ڕۆماننووسان" هەڵخست موغامەرەی داهێنانەی خۆیان بکەن).

ئەلیخو کاربنتیر دەڵێ: هەرگیز ناتوانم جیاوازگەلێک لە نێوان مێژوونووس و ڕۆماننووسدا ببینم، ئاخر پێش ئەو ڕۆمانەی کە ئێستا دەیزانین هەواڵ هەبووە.

لەوانەشە فاکتەرێکی سەرەکی لەوانەی پاڵی بە دەنگبێژانی کورد و هەندێک چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووسیشەوە نابێ بۆ ئەوەی هونەر و ئەدەب لە خزمەتی مێژوودا بەکار بەرن، وەک چۆن ڕۆماننووسی عەرەبی (جۆرجی زێدان)یش لەمیانەی (٢٣) ڕۆمانەوە بە کردەوە و بە بانگەشەش بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد، ئەوە بێت کە دەبێ لە ڕێی ئەدەبەوە خەڵک بۆ خوێندنەوە و شارەزابوونی مێژوو رابکێشرێن، (هاینە)ش لەم بارەیەوە دەڵێ: (ئارەزووی خەڵک سەیرە!، خەڵک دەیانەوێ مێژووی خۆیان لە شاعیرەوە ببیستن، نەک لە مێژوونووسەوە، ئەوان ڕاپۆرتێکی ئەمینیان لەبارەی ڕاستییە ڕووتەکانەوە ناوێ، بگرە ئەو ڕاستییەیان مەبەستە کە داوەشاوە و بووەتەوە بەو شیعرە ئەسڵییەی کە لێیەوە هاتووە).

لۆکاشیش دەڵێ: (ئەو شیعرە "ئەوەی هاینە مەبەستێتی" بەشێوەیەکی مەوزوعی پێوەستە بە داڕووخانی کۆمەڵگەی خێڵەکییەوە) - (الرواية التاريخية- ل٨٦).

محەمەد ئوزون هەموو کات وەک ڕۆمانی هاوچاخی نوێ پێویست دەکا مێژووی لە خزمەتی ئەدەب و هونەردا بەکار بردووە نەک پێچەوانەکەی، ئەمەش لەو بۆچوون و ڕێبازەوە نزیکە کە ڕۆماننووسی ئینگلیزی - سکۆتلەندیی بەنێوبانگ (والتەر سکۆت - ١٧٧١ تا ١٨٣٢) سەرەتای ڕۆمانی مێژوویی لەسەر دامەزراند و دوای ئەویش کۆمەڵێک ڕۆماننووسی هەڵکەوتە لەسەری ڕۆیشتن وەکو ئەلیکساندەر دۆماسی باوک و مانزۆنی، هەروەها ڕێبازی پەسەندی پۆشکین و بەلزاک و فلۆبیر و تۆلستۆیش بوو.

ئاخر تۆلستۆی هەرگیز پشتی بە (سەرکردە فەرمییەکان) نەدەبەست، بگرە هەردەم لە پەیدۆزی پاڵەوانی میللیدا بوو، پاڵەوانی میللی بە واتای (پاڵەوانی ناوەڕاستی ڕێ) ئەوانەی بە ئیجابی، یان بە سلبی، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ قورسایی سەرکەوتن، یان داڕووخانی (سەرکردە فەرمییەکان) دەکەوێتە سەریان، ڕێک وەک کاراکتەرە سەرەکییەکانی ئەم چوار ڕۆمانەی ئوزون؛ ڕۆژێک لە ڕۆژانی عەڤدالێ زەینەکێ، سایەی ئەڤینێ، بیرا قەدەرێ، هاوارا دیجلەیێ؛ عەڤدالێ زەینەکێ، مەمدووح سەلیم، میر جەلادەت بەدرخان و برو، کە لە خاڵێکی تریشدا

یەک دەگرنەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم پاڵەوانانەی ناوەڕاستی ڕێگەش وەک پاڵەوانە فەرمییەکانی ئوزون: تاهیرخان، جەنەراڵ ئیحسان پاشا و میر بەدرخان شکست دەخۆن و بە ئامانج ناگەن، بگرە ئەمانیش سەرئەنجام وەکو پاڵەوانە فەرمییەکان دادەڕووخێن و لە دوای خۆیشیانەوە کۆمەڵێک قوربانی و دنیایەک لە بێهیوایی بەجێ دەهێڵن.

لەم چوار ڕۆمانەی ئوزوندا کارەساتەکان، گرفتە مێژووییەکان، هۆکار و فاکتەرەکان، زەمەنی فیزیک و شوێنی ڕووداوەکان، تەنانەت ناوی کاراکتەرە سەرەکییەکانیش، جەلادەت و کامەران، مەمدووح سەلیم و هاجۆ ئاغا و زۆرانی تریش وەک ئەحمەد فەرمان کیکی، لە پتر لە دەقێک و دواندا بەهەمان ڕۆڵی خۆیانەوە دووبارە دەبنەوەن بۆیە دەتوانم بڵێم: هەرچوار ڕۆمانە مێژووییەکەی ئوزون لە ڕاستیدا یەک ڕۆمانی مێژوویی گەورە پێک دەهێنن، ئەگەرچی لە هەر ڕۆمانێکدا ڕووناکیی خستووەتە سەر یەکێک لەو کاراکتەرانە کە کەسانی ڕاستەقینەی مێژووین، بەتایبەتیش هەرسێ ڕۆمانی: سایەی ئەڤینێ و بیرا قەدەرێ، هەروەها هاوارا دیجاەیێ، کە بە درێژی لەسەر ئەو کەس و کارەساتانە دەوەستن کە لە ئەنجامی داڕووخانی دوا ئیمارەتی کوردی، ئیمارەتی بۆتانەوە بەسەر ئەندامانی ئەو خێزانە و دۆستانی نزیکییانەوە، لە ژن و لە پیاو، هاتووە، هەرچەندە دووبارەبوونەوەی دەرکەوتنی جەلادەت و کامەران بەدرخان و ئەحمەد فەرمان کیکیی دەنگبێژ لە هەردوو ڕۆمانی (بیرا قەدەرێ) و (ڕۆژێک لە ڕۆژانی عەڤدالێ زەینەکێ) ئەم ڕۆمانەی چوارەمیش بە سێیەکەی پێشووەوە گرێ دەداتەوە.

من ئەمە بە خەوشێک بۆ ئەزموونی محەمەد ئوزون نازانم، ئاخر ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی ئەمەریکای ئیسپانیشدا، کە پێشتریش گوتم، لێکچوونێکی لەگەڵ ئەدەبی کوردیدا هەیە، نەک لە ئەزموونی تاکە نووسەرێکدا، بگرە لە کۆی تێکستەکانی سەرجەم ڕۆمانەکانی ئەو ئەدەبەدا هەستی پێ دەکرێ، ئاماژە بەو دیاردەیەشە کە گابرێل گارسیا مارکیز لەبارەی ڕۆمانی ئەمەریکای ئیسپانی ئێژێ: هەموو ڕۆماننووسە هاوچاخەکانی ئەم گەلانە، گەلانی ئەمەریکای ئیسپانی بەبێ ئاگەداریی خۆیان یەک ڕۆمانی مەزنیان دەنووسی کە هەموو ڕۆمانە تاکە کەسییەکانیانی لەخۆ دەگرت.

٢ – جگە لە بوونی دەیان کاراکتەری سەرەکی و لاوەکی مێژوویی و ئینتیمای چینایەتی و نیشتمانی و نەتەوایەتییان و وێڕای سروشتی بابەتە مەوزووعییەکان و تێکەڵکێشکردنی ژمارەیەکی بەرچاوی مۆتیڤی باو لە کەلەپووری میللیی کوردییەوە، تەکنیکی گێڕانەوەی ڕۆمانە سەرگوزەشتەییە مێژووییەکانی محەمەد ئوزون تەکنیکی میللین و سیمای حیکایەتی کەلەپوورییان زۆر ڕوون و زاڵن ئەمەش هەر بە تەنیا لەوەوە نەهاتووە کە ئوزون دەنگبێژان – حیکایەتخوانان و گوێگرانی شێوەی دیوەخانان بەکار دەبا لە گێڕانەوەدا، بگرە زمانەکەشی زمانێکی شیعریی ئەوتۆیە کە سروشتێکی لیریکی – غینائی – لاوک ئامێز بەسەر دەقەکانیدا دەبرێ و ڕێگە خۆش دەکا کە دەنگبێژ بەدەنگەوە، بەئاوازەوە بیانچڕن، لە هەمان کاتدا پێکهاتەی ناوەوەی ڕۆمانەکانیشی لەسەر ئاستی ڕووداوەکان و پێکەوە تێکەڵکێشکردنیشیان هەندێک جار شێوەی گێڕانەوەی حیکایەتە دێرینەکانی وەکو (هەزار و یەکشەوە) و (کەلیلە و دیمنە) لەخۆ دەگرێ.

لە ڕۆمانی (ڕۆژێک لە ڕۆژانی عەڤدالێ زەینەکێ) دا ڕاستە مامەڵەیەکی هونەریی هاوچاخانە لە تەک کاتدا کراوە و تەمەنی زیاتر لە سەدەیەکی کاراکتەری سەرەکیی دەنگبێژ و ئەزموونی هونەریی و ژیانی لە تەنیا یەک شەو و یەک ڕۆژدا پەستێنراون، کە جووڵەی خۆر لە هەرچوار بەشی سەرەکیی ڕۆمانەکەدا (شەبەق، دوای چێشتەنگاو، شەو، شەبەق) چوارچێوەی دەکێشێ، کە لە هەمان کاتدا ئاماژەشن بە قۆناخەکانی ژیانی عەڤداڵ و ناونیشانی بەشە گشتییەکانی ڕۆمانەکەشن، بەڵام نەخشەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە نەخشەیەکی سەر بە کەلەپووری میللیی نەتەوایەتییە و سروشتی حیکایەت و حیکایەت لەناو حیکایەت و، جێگۆڕکێی زەمەن و کاراکتەر و گێڕەرەوەکانی پێوە دیارە.

لە ڕۆمانی (ڕۆژێک لە ڕۆژانی عەڤدالێ زەینەکێ)دا ئەحمەد فەرمان کیکیی دەنگبێژ – حیکایەتخوان وەکو (حیکایەتخوانێکی زاتی) لە زەمەنی ڕابردووی نزیکدا چیرۆکی نووسینی ڕۆمانەکە بۆ خوێنەری ئێستا دەگێڕێتەوە، کە چۆن لەسەر خواستی جەلادەت و کامەران بەدرخان بۆ ئەوەی لە بیر نەچێتەوە، ئەم ڕۆمانەی نووسیوە. ئەوجا دەگەڕێتەوە زەمەنی ڕابردووی تەواوو لەوێوە، بەڵام ئەمجا وەکو (حیکایەتخوانێکی مەوزووعی) سەرگوزەشتەی دەنگبێژێکی تر

(عەڤدالێ زەینەکێ) وەکو کاراکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە، پاشتر ئینجا عەڤدالێ زەینەکێ، بەڵام ئەم جارەیان نەک وەکو کاراکتەری سەرەکی، بگرە وەکو (دەنگبێژ – حیکایەتخوانێکی شایەت عەیان) لە ڕابردووی دوور و لە کەلەپووری کوردییەوە حیکایەت – بەیتی خەج و سیامەند بۆ ئەو مورید و قوتابییانەی خۆی دەگێڕێتەوە کە لە چیای سیپانی خەلاتێ لێی گرد بوونەتەوە.

وەک دەبینین لەم ڕۆمانەدا زەمەن لە نێوان کاتی ئێستا و ڕابردووی نزیک و ڕابردووی تەواو و ڕابردووی دووردا دێت و دەچێ، حیکایەتخوانەکان وەکو کەس و وەکو جۆریش جێگۆڕکێ دەکەن، کیکی وەک (حیکایەتخوانێکی زاتی) دەست پێ دەکات، ئەوجا دەبێتە (حیکایەتخوانێکی مەوزووعی)، ئینجا عەڤداڵ وەکو کاراکتەری سەرەکی دێتە پێشەوە، پاشان سەری گێڕانەوە لە دەست کیکی وەردەگرێ و لە کەسی سەرەکیی ڕۆمانەکەوە دەبێتە (دەنگبێژ – حیکایەتخوانێکی شایەت عەیانی زاتی)، دواتریش دەبێتە (دەنگبێژ – حیکایەتخوانێکی شایەت عەیانی مەوزووعیی فرەئاگا) و لە ڕابردووی دوورەوە حیکایەتی کەلەپووری کوردی تێکەڵی سەرگوزەشتەی خۆی دەکا، وێڕای ئەمانە لەم تێکستەدا ئەوانەش دەگۆڕێن کە ڕۆمانەکەیان بۆ دەگێڕدرێتەوە، کیکی بۆ خوێنەری ئێستا ڕۆمانەکەی دەنووسێتەوە، بەڵام عەڤدالێ زەینەکێ لە کاتی ڕابردووی دووردا بۆ مورید و شاگردانی دەور و زەمانی خۆی بە سەرزارەکی و بە ئاوازەوە دەیگێڕێتەوە.

وەک دەبینین پلانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە نەخشەیەکی کۆمپلێکسی سەر بە دنیای حیکایەت و حیکایەتخوانییە تا تەکنیکی گێڕانەوەی ڕۆمانی هاوچاخ، کە من پێم وایە ئوزون بەنیازی بەرهەمهێنانی (پەخشانە لاوک)ی سەردەم پێڕەوی لێ کردووە و وەک ئەلتەرناتیڤێکی هاوچاخانە بەرامبەر بە (لاوکی شیعری) کەلەپووری کوردی دای هێناوە.

نەخشەی گێڕانەوەی ڕۆمانی (هاوارا دیجلەیێ)ش هەر لەسەر هەمان گۆشەنیگایەو جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ نەخشەی گێڕانەوەی (ڕۆژێک لە ڕۆژانی عەڤدالێ زەینەکێ)دا نییە.

(هاوارا دیجلەیێ)ش بەسەرهاتی دەنگبێژ – حیکایەتخوانێکی تر (برۆ)یە، کە هەر بەخۆی جارێک وەکو (دەنگبێژ – حیکایەتخوانێکی زاتی) و هەندێک جاریش

وەک (دەنگبێژ – حیکایەتخوانێکی مەوزووعی) و هەندێک جاری تریش وەکو (شایەت عەیانێکی فرەئاگا) ڕووداوەکانی دەگێڕێتەوە، کە دەشڵێم (دەیگێڕێتەوە) پڕبەپێستی وشەکە مەبەستم لە (گێڕانەوەی سەرزارەکییە)، ئاخر برۆی دەنگبێژ لەم دەقەی (هاوارا دیجلەیێ)دا بە تەواوی ممارەسەی دەنگبێژیی خۆی دەکات، ئەم ڕۆمانی سەرگوزشتەکەی خۆی بە نووسین نانووسێتەوە، بگرە لە ماوەی (٧) شەوچەرەدا بۆ (٧) هەفت گوێگری حازری هەڵبژاردەی دەگێڕێتەوە، واتا لە دانیشتنی گوێگرتندا دەیڵێتەوە وەک ئەوەی حیکایەتخوانانی جاران لە دیوەخانان و لە سەردەمی پێش پەیدابوونی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا دەیانکرد، ئاوا بە زار و دەنگ و ناوە ناوە ڕەنگە بە ئاوازیشەوە بەتایبەتی پارچە شیعرەکانی ناو دەقەکە بۆ گوێگرانی ئامادەبووی شەوچەرەکانی دەچڕێ، یان دەیگێڕێتەوە، نەک ئەو خوێنەرە هاوچاخە ڕۆشنبیرانەی کە ڕۆماننووسانی سەردەم هەر یەکەو بە مەبەست و ئارەزووی خۆی و خۆیان موخاتەبە دەکەن و پەیمانێکی وەهمی لە ڕێی تێکستەوە بۆ بەستنی پێوەندی و لە یەکتر تێگەیشتن پێڕەو دەکەن.

کاتیش لەم ڕۆمانی (هاوارا دیجلەیێ)دا دیسانەوە لەسەر یەک کێرڤی هەڵکشان، یان داکشاندا ناڕوا، بگرە لە هاتوچۆیەکی بەردەوامدایە لە نێوان زەمەنی ئێستای گوێگرتن – خوێندنەوە و ڕابردووی نزیک و تەواو و دووردا.

ئۆزون ڕۆمانی (هاوارا دیجلەیێ)ی پێشکێش بە زەریای کچی و ئالانی کوڕی کردووە، لە پێشەکییەکدا کە ناونیشانی پێوە نییە باس لە مێژوو و هۆ و مەبەستی ڕۆمانەکە دەکات. بۆ ناوی (برۆ)ی کەسی سەرەکیی ڕۆمانەکەش دەڵێ: برۆ کورتەبڕی ناوی هەزرەتی ئیبراهیمە و بە واتای براو برادەریش دێت و ناوی پشتی چوارەمیشم (برۆ درێژ) بووە کە دەنگبێژێکی ناسراوی سەردەمی میر بەدرخان بووە دیارە دوای داڕووخانی میرایەتیی بۆتانیش کەمالیستەکان (درێژ)ەکەیان بۆ کردبێتە (ئۆزون)ی تورکی، وەک چۆن ناوی (بنەماڵەی ئازیزان)یانیان کرد بە (چنار).

جگە لە بەشی قەندیلی سەرەتا و بەشی قەندیلی کۆتایی، ڕۆمانەکەش بریتییە لە (٧) شەوبوێرک – شەوچەرە، هەر یەکەشیان ناوی بوونەوەرێکی سەرەکیی گەردوونی لێ ناوە: شەوبوێرکی یەک = ئاسمان، دوو = هەیڤ، سێ = ڕۆ / هەتاو،

چوار = ئاخ / زەوی، پێنج = ستێر / ئەستێرە، شەش = بهوشت / بەهەشت، حەوت = دۆژەه / دۆزەخ. ئەو گوێگرانەشی لەو شەوبوێرکانەدا ئامادە دەبن (٧) کەسن. بۆ حەوت کەس؟! بۆ حەوت شەوچەرە؟!، برۆ خۆی لە دوا دێرەکانی رۆمانەکەدا دەڵێ: (هەفت، ژمارا مقەدەسە.. ل گۆرا قەولێ ئێزدیان خوەداڤەندێ رەحمان دنیا د هەفت رۆژان دە، ب هەفت مەلەکان ئەفراند، پێشی ئاسمان ئافری، ب دوورە هەیڤ، رۆ، ئاخ، ستێر، بهوشت و دۆژەه، ئافرین..) لێرەشەوە خوێنەر تێ دەگات ئوزون بۆ ئەو ناوانەشی لە بەشەکانی رۆمانەکەی ناوە، بەڵام ئەو لەسەری دەڕوات تا زۆربەی حەوتحەوتە پیرۆزەکانی زۆربەی ئاین و گەلانی تری جیهانیش دەژمێرێ.

بەڵام کە دێینە سەر تەکنیکی گێڕانەوەی رۆمانی (سایەی ئەڤینێ) دەبینین بە تەکنیکێکی جیاواز دەگێڕدرێتەوە ئەگەرچی بە بەراورد لەگەڵ رۆمانی جیهانی هاوچاخدا کلاسیکترە، ئەم رۆمانەیان لە شێوەی رۆمانی پۆلیسیدا لە کۆتاییەوە دەست پێ دەکا و کە دەست بە گێڕانەوەی دەکرێت – تەرمی پیاوێکی بەساڵاچوو لەناو ئۆدەی کتێبخانەی ماڵێکدا ڕاکشێنراوە کە تەرمی مەمدووح سەلیمی تێکۆشەر و رۆژنامەنووسە و ژنێکی بە تەمەن (ولدان خانم) بە دیارێوە درژانگەی داداوە، ئەمە لە شام و لە رۆژێکی بەهاریی ساڵی (١٩٧٦)دا دەقەومێ، بەڵام (وەگێڕێکی فرەئاگا) وردە وردە بە کێرڤی ژیانی پڕ لە خەبات و پڕ لە کوێرەوەری و ئاوارەیی و سەردەمی شۆڕشی ئاگری و رۆژانی دڵداریی ئەو و (فەریحە خانم)دا کە ئەو نازناوی مامز – ئاسکی لێ ناوە دەڕوا و دەگاتە سەر باسوخواسی دامەزراندنی حزبی (خۆیبوون) و سەردەمی ئەستەمبوڵ و دەرکردنی کۆواری (ژین) و دامەزراندنی کۆمەڵەی (هێڤی) و... لە شێوەی شیوەنێکدا تەواوی وێستگە گرینگەکانی مەمدووح سەلیم بەگی وانلی باس دەکرێ کە پاش نزیکەی نیو سەدە ئاوارەیی بە وەجاخکوێری سەردەنێتەوە.

رۆمانی (بیرا قەدەرێ)ش کە پێشکێش بە رەوشەن بەدرخانی ژنی کاراکتەری سەرەکیی رۆمانەکە (میر جەلادەت بەدرخان) کراوە، ئەمیش تا ڕادەیەک لە سەرەتایەکی وەکو سەرەتای رۆمانی (سایەی ئەڤینێ) دەست پێ دەکات، وەلێ لە (بیرا قەدەرێ)دا هەفتەیەک بەسەر کۆچی دواییی کاراکتەری سەرەکیدا تێ پەڕیوە و کات شەوی (٢٢ / ٧ / ١٩٥١)ە و شوێن دیسانەوە شامە، رەوشەن خانمی ژنی

جەلادەت لەنێو کۆمەڵێک شتی بەجێماوی مێردەکەیدا دانیشتووە: چەند لاپەڕەیەک لە ڕۆمانێکی تەواونەکراو کە جەلادەت بەر لە مردنی دەستی دابووە نووسینی، دوا نامەی بۆ ژنەکەی، کاغەز و دەفتەر و کۆوار و نامەو ڕۆژنامە و پێنووس و وێنەی پەرش و بڵاو، بەتایبەتیش وێنە، وێنەگەلێک کە هەریەکەیان بەهای تایبەتیی خۆیان لە دیاریکردنی ڕەوتی ژیانی پڕ لە بەخشش و قوربانیدانی ئەو پیاوە نیشتمان پەروەر و مرۆڤدۆست و ڕۆژنامەنووسە پەیامدارەدا هەیە.

ڕۆمانەکە بریتییە لە بەشێک بەناوی (ئیدی فۆتۆگراف ئێ بپەیڤن..)، لەگەڵ خوێندنەوەی (١٦) فۆتۆگرافی هەڵبژاردە لەو وێنە پەرشوبڵاوانەی کە باسمان کردن، ئەوەی فۆتۆگرافەکان دەخوێنێتەوە (وەگێڕێکی فرەئاگا)یە، مێژووی وێنەکە، بابەتی وێنەکە، بۆنەی وێنەکە، شوێنی وێنەکە، کەسانی ناو وێنەکە، جلوبەرگیان، حاڵەتی دەروونییان، هەندێک جار ئەو کەسەشی کە وێنەکەی گرتووە و شتی تریشیان دەخوێنێتەوە، وەک وەرزی گرتنی وێنەکە و تەنانەت تەرزی ئەندازیاریی ئەو بینایانەشی کە لە وێنەکەدا دەردەکەون، وەگێڕە فرەئاگاکە لە خوێندنەوەی وێنەکەدا ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک (ئەو) و ڕاناوی کەسی سێیەمی کۆ (ئەوان) بەکار دەبات، بەڵام بۆ زەمەن، زەمەنی حازر – ئێستا بەکار دەهێنێت، ئەویش بەو حیسابەی کەوێنە هەمیوو کات بەرجەستەکردنی (زەمەنی ئێستا) یە با لە ڕابردوویشدا گیرابێت، ئەو حازرە نەگۆڕە و گۆڕانی زەمەنی فیزیایی لە دەرەوەی ئەو ساتە بەرجەستەکراوەدا بەسەر ئەودا ناشکێت.

بەڵام لەو شوێنانەدا کە پێویست دەکات وەگێڕە فرە ئاگاکە ڕێ بۆ دەنگی خودی کاراکتەری سەرەکی میر جەلادەتی خوالێخۆشبوو چۆڵ دەکا کە بەشداری لە پرۆسەی وەگێڕانی تێکستی ڕۆمانەکەدا بکا، بەڵام دیارە ئەم وەکو وەگێڕێکی زاتی بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک یا کۆ (من) یا (ئێمە) و بە کاتی ڕابردووی نزیک دەقەکە دەگێڕێتەوە، چونکە باس دێتە سەر باسی خۆی و کەسانێکی تر، کە لە ڕووی کات و شوێنیشەوە لەوەوە نزیکترن، بەڵام مخابن لە هەندێ شوێندا پێڕەوی ورد و دروست لەم ڕاستییانە نەکراوە لە دەقەکەدا.

هەرچی چۆنێک بێ بەکاربردنی ئەم تەکنیکە ئازادی و دینامیکییەتێکی بێ سنووری بۆ ڕۆماننووس و بۆ وەگێڕی دەقەکەیش دەڕەخسێنێ کە بەگوێرەی

ئارەزوو، یا پێویست ژمارەی وێنەکان بگۆڕن، هەروەها سەربەستییەکی زۆریش بۆ کورتکرنەوە و درێژکردنەوەی ماوەی نووسین و گێڕانەوەی تێکستەکە و تەنانەت ماوەی خوێندنەوەی دەق بۆ خوێنەرەکەش دەهێڵێتەوە کە بە چ ماوەیەک بیخوێنیتەوە، ئەگەرچی ماوەی خوێندنەوەی دەقی نووسراو هەردەم لە ماوەی دیتنی وێنە، دەقی بینراو، درێژتر دەبێ، چونکە وەک چینییەکان دەڵێن: وێنەیەک بە هەزار وشە دەشێ.

ماوەتەوە بڵێم: بەهای دەقی محەمەد ئوزون هەر بە تەنیا بەهای فیکری و هونەریی نییە، بگرە بەهایەکی سیاسیی نەتەوایەتیشیان هەیەو، ئوزون لە کاتێک و لە شوێنێکدا ڕۆمانی بە کوردی نووسیوە کە نەک هەر خوێندن و نووسین، تەنانەت بەکارهێنانی وشەیەکی کوردییش باج و سزای لەسەر بووە.

لە کۆتاییشدا دەگەڕێمەوە پرسیارەکانی سەرەتا و دەڵێم: گەڕانەوەی محەمەد ئوزون بۆ مێژوو گەڕانەوەیەکی ڕۆمانسییانە نییە بۆ شکۆدارکردنی ڕۆژانێک و کەسانێک، یان بۆ شین و شەپۆڕکردن بۆیان، بگرە بۆ چەسپاندنی ڕاستییەکی تاڵە ئەویش ئەوەیە کە گەلی کورد لە ڕابردوویەکی بەردەوامدا دەژێ.

هەولێر – ١٠ / ١٠ / ٢٠٠٨

یادی یەک ساڵەی کۆچی دواییی ئوزون

* لە مانگی ١١ی ٢٠٠٨، لە میهرەجانی دوازدەمینی ساڵانەی بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ – لە سلێمانی خوێندرایەوە.

* لە کۆواری ئاینده – ژمارە (٨٥)ی تەمووزی ٢٠٠٩ دا بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوەکان:

١ – محمد اوزون، يوم من ايام عفدالي زينكي، ترجمة: محمد نور الحسيني، الطبعة الاولى – حلب، ٢٠٠٠ / ١٩٩٣، منشورات مكتبة خاني.

٢ – محمد اوزون، ظل العشق، ترجمة: توفيق الحسيني.

٣ – مەهمەد ئوزون: هاوارا دیجلەیێن جلدێ یەکەم و دووەم، چاپی یەکەم – هەولێر، ٢٠٠٤، دەزگای ئاراس.

٤ – مەهمەد ئوزون، بیرا قەدەرێ، چاپی یەکەم – هەولێر، ٢٠٠٤، دەزگای ئاراس.

٥ – ماليسانز: بدرخانيو جزيرة بوتان، ترجمة: شكور مصطفى، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل – ١٩٩٨.

٦ – احسان نوري باشا، مذكرات، ترجمة: عبدالستار قاسم كلهور، الطبعة الاولى، مطبعة خاني، دهوك – ٢٠٠٨.

٧ – جورج لوكاش، الرواية التاريخية، ترجمة: د. صالح جواد الكاظم، الطبعة الثانية – ١٩٨٦، وزارة الثقافة، بغداد.

٨ – داريو بيانوبيا و خ. م. بينيالستي، مسار الرواية الاسبانو امريكية، ترجمة: محمد ابو العطا، المجلس الاعلى للثقافة – المشروع القومي للترجمة – ١٩٩٨

٩ – والتر الن: الرواية الانجليزية، ترجمة: صفوت عزيز جرجس، مراجعة: د. مرسي سعدالدين، دار الشؤون الثقافية العامة (افاق عربية)، بغداد.

١٠ – ارنولد كيتل، مدخل الى الرواية الانجليزية، م١ و م٢، ترجمة: هاني الراهب، وزارة الثقافة – دمشق، ١٩٧٧.

١١ – د. عبدالله ابراهيم، السردية العربية الحديثة، الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربي، ٢٠٠٣ – بيروت.

١٢ – زاهير ڕۆژبەیانی، شیعرییەت لە دەرەوەی شیعر، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٨ – هەولێر.

## خوێندنەوەیەک بۆ
## ئەزموونی ڕۆماننووسیی فەتاح ئەمیری

١

خوێندنەوەیەکی موزیکانە بۆ ڕۆمانی (هاوارەبەرە) بیستن بە چاو.. خوێندنەوە بە گوێ.

لە مێژووی دوور و درێژی هونەردا پێوەندی نێوان موزیک و شانۆ (بەتایبەتی گریکی) پێوەندییەکی ئۆرگانیکی بەرچاوی درامییە، بۆ پێوەندیی نێوان موزیک و شیعریش هەم دەتوانین بێژین پێوەندییەکی دیالکتیکی توندوتۆڵە، چونکە هەردووک (موزیک و شیعر) هونەری (زەمەن- کات)ین و، ڕەنگە بڵێم میلۆدییەک، ئاوازێک نییە (بەتایبەت لە فۆلکلۆر)دا کە لەسەر وشە (شیعر)ێکی پێشوەختە دانەهێنرابێ، هەتا ئەم دواییانەی مێژووی مرۆڤ و موزیک، کە لە پێشدا بالسترینا، مونتفردی و، دواتر بتهۆڤن، هەندڵ، باخ و، پاشانیش شوبرت و شومان و براهمز و ئیتر خەڵکی تریش لە دوای ئەوانەوە پەیدا بوون کە وردە وردە توانیان موزیک لە پاشکۆیی شیعر دەربکەن و (وشە) و (دەنگ) لە یەک ئاستدا، لە پێوەندییەکی هونەریی و لە یەک بەرهەمدا پێکەوە (بە تەرازوو) کاری ئۆرگانیکی بکەن. پێوەندی نێوان موزیک و سەمایش، کە لە (باڵی)دا دەگاتە پۆپە، لەوە ڕوونتر لێرەدا قسەی لەسەر بکەین.

وەلێ پێوەندی نێوان موزیک و ڕۆمان ئەوندە ڕوون نییە وەک لە کەیسی موزیک و شیعر، یا موزیک و شانۆدا دیتمان، کە ئەمیان لە ئۆپێرادا گەیشتە قۆناخێکی لە پێشتر. ئەگەرچی ئەمە نابێ وامان لێ بکا وا بزانین کە پێوەندییەک لە نێوان ڕۆمان و موزیکدا نییە، یا ناشێ دروست بکرێ.

لە مێژووی نزیکدا هەوڵی زۆر لەم بوارەدا دراوە و، هەندێکیشیان بەرهەمی (ڕۆمان)ی سەرکەوتووی لێ وەبەر هاتووە، لەوەشدا مەبەستم هەر لەو دەقانە نییە

کە ئاواز، یا گۆرانی، یا سەما و هەڵپەرکێیان تێکەڵکێش کراون، بگرە پتر ئەو ڕۆمانە مەبەستن کە لە ڕووی بنیاتەوە سروشتێکی (پۆلی فۆنی – POLY PHO- NY) ، یا (کانون – CANON)، یا (ڕۆندۆ – RONDO)، یا (فیوگ – FUGUE)... هتد لە خۆ دەگرن، کە هەموو زاراوەی موزیکین و گوزارە لە چەمک و تەکنیکی دەربڕینی موزیکی دەکەن، بەڵام لە هونەری (گێڕانەوە)شدا، واتا لە دنیای ڕۆمان و چیرۆکیشدا بەکار دەبرێن، با ناوەکانیشیان بگۆڕدرێن.

پۆلی فۆنی = پۆلە دەنگی، کە دەکاتە (فرەدەنگی)، وەک لەلای (دۆستۆیفسکی) و ئالیوت) و خەڵکی تریشدا هەیە. کانون، کە شێوازێکی موزیکی باروکییە بە واتای دووبارەکردنەوەی ئاوازێک بەهەمان پێکهاتەی خۆیەوە، بەڵام بە پتر لە ئامێر– دەنگێک.

ڕۆندۆ= بە واتای بابەتێکی سەرەکی و، هەندێ بابەتی لاوەکی کە ئەو بابەتە سەرەکییە لە شێوەی شەپۆلانێکدا پێکەوەیان دەبەستێتەوە، بەبێ ئەوەی سروشتی ئاوازە سەرەکییەکە بشێوێ.

گەورەترین کاری ڕۆندۆ، کە وا باشە تا دۆزینەوەی زاراوەیەکی لە بارتر (هەڵگەڕانەوە– هەڵسووڕانەوە)ی پێ بێژین، ئەوەی کە سروشتی (ئیحای) بێکۆتاییبوونی دەق دەدا، ڕێگە بۆ هێشتنەوەی دەق بە کراوەی و، تێهەڵچوونەوە و سەرەتای دەسپێکێکی تر خۆش دەکا. لە گۆرانیدا وەک (سەربەستە = لازیمە) وەدەر دەکەوێ، لە هونەری گێڕانەوەشدا (هەزار و یەکشەوە) نموونەی بەرچاوی ڕۆندۆ = هەڵگەڕانەوەیە، کە وا دەکا دەقەکە شێوەی (٨) سەرەتا + لەتکە + کۆتایی وەرنەگرێ، بەڵکو لە شێوەی (شەپۆلان)ێکی بەردەوامی بێکۆتاییدا بەردەوام بێت و، پتر لە لووتکەیەکی تێدا بەدی بکرێ، نەک یەک لووتکە وەک لە چیرۆک و ڕۆمانی کلاسیکیدا باوە.

"فیوگ"یش، ئەوە بە واتا دەرکەوتن و ونبوون، دووبارە وەردەرکەوتنەوەی ئاوازێک لە موزیکدا بەکار دەبرێ، کە دەشێ لە ڕۆماندا بۆ دەرکەوتن و ونبوون و، دەرکەوتنەوەی کەسێک، بابەتێک و کێشەیەکیش بەکار ببرێ. فیوگ باڵاترین سیستەمی (کۆنتەربۆنت)ی پۆلیفۆنییە لە دانانی موزیکدا.

ئەم تەکنیکە سەرەکییانەی موزیک بەتایبەتی، وێڕای هەموو ئەو تەکنیکە هاوبەشانەی تریش کە لە نێوان ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکاندا هەیە و، بە

مۆڵكییەتێكی موشاع دەژمێردرێن و هەر هونەرە و بۆ سوودی خۆی كەڵكیان لێ وەردەگرێ، بەلام دیارە هەر یەكەو بەپێی تایبەتمەندی خۆی، وەك بنەما گشتییەكانی: سەرەتا، لووتكە كۆتایی، یا عەرز= نمایش، پەرەپێدان، ئەنجام، نەسەق و سیاق و، ڕەزمی دەرەكی و ناوەكی و، تەنازور و تەقابول و تەقاسیم و تەنویعات و لە دویەكترهاتن= تتابع و...هتد دەشێ لە هەندێ دەقی ئەدەبیدا بەبێ ویست و مەبەست هەروا لە هەنا– خۆڕایی بخرێتە ناو دەقەوە،

دەڵێم هەندێ دەقی نووسراو، چونكە لە دەقی ئەدەبیدا– لە ڕۆمان و چیرۆك– دا لەوانەیە ئەمە وەك ئیحتیمالێك ڕوو بدا بێ ئەوەی نووسەر بە وشیارییەوە زەینی بداتێ، بەلام لای موزیككار و لە دەقی موزیكدا ئەم ڕەگەزانە پێویستن و بە حیساب دەكرێن و ناهێڵرێنەوە بۆ ئیحتیمال.

بەلام هەموو ئەو ڕۆمانانەی لەسەر بنیاتی كارێكی كامڵی موزیكی وەك سۆلۆ و سۆناتا و سەمفۆنیا و كۆنشێرتۆ ڕۆنراون هەموو هەر بە ڕێككەوت، لەسەر كەرەستە هاوبەشە گشتییەكان بنیات نەنراون، بەڵكو هەندێك ڕۆمان بەوپەڕی وشیاری و بە مەبەستی پێشوەختەوە لەسەر تەكنیك و شێوە و شێوازی موزیكی كلاسیكی بەرهەم هێنراون، وەك ئەوەی ڕۆماننووسی ئەڵمانی (هێرمان هیسە) لە ڕۆمانی (گەمەی هەڵماتە شووشەییەكان)دا كردوویەتی، كە تا ڕادەیەكی هەست پێكراوە كاریگەریی سیمفۆنیای نۆیەمی بیتهۆڤنی پێوە دیارە، ئاخر هیسە بۆ خۆیشی كەمانژەنێكی شارەزا بوو و، لە كاتی نووسینەوەی ئەم ڕۆمانەشیدا موزیكی خوێندبوو.

ئەندرێ جید – ی فرەنسیش لە ڕۆمانی (ساختەكارانی پارە)دا سوودێكی زۆری لە شێوازی پۆلیفۆنی– گەلە دەنگی= پۆلەدەنگی= فرەدەنگییەكەی (باخ) و، تەنانەت لە موزیكی هاوچەرخیش سوودی لە شێوازی (سترافنسكی) دیوە.

مارگریت دۆرا لە (مودیراتۆ كانتابیلە)، كە تەنانەت ناوەكەیشی بریتییە لە زاراوەیەكی موزیكی، مارسیل پرۆست لە (گەڕان لە دوی كاتی لە دەستچوو)، كە لەژێر كاریگەریی هكتۆر برلیۆز نووسراوە و ئەندرێ مۆروا بە ڕاشكاوییەوە دەڵێ (سیمفۆنیایەكی مەزنە)، هەروەها جبرا ئیبراهیم جبرایش لە ڕۆمانی (گەڕان لە دوای وەلید مەسعوود) و، ڕەنگە ڕۆمانی تریش هەبن ئاوا بە مەبەستەوە، بە لێبڕانی پێشوەختەی نووسەرەكانیانەوە لەسەر شێوازی موزیك بنیات نرابن،

یەکێک لەوانەش هەردووک جمکە ڕۆمانی کوردی (هاوارەبەرە- ١٩٩٠) و (میرزا- ١٩٩٣)ی نۆبەرەی یەکێک لە پێشەنگانی ڕۆمانی نوێی کوردی (فەتاح ئەمیری)ە لە ڕۆهەڵاتی کوردستان= کوردستانی ئێران. کە هەردووک لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی/ ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی-ن. یەکەمیان بە تێراژی (٣٠٠٠) دانەو (١٩٤) لاپەڕەی قەوارە گەورە و، دووەمیشیان هەر بەهەمان تیراژ، بەڵام بە (٢٣٥) لاپەڕەی هەمان قەوارەی ئەوەی پێشووە، هەردوو ڕۆمانیش بە فەرهەنگۆکەیەکی چەند لاپەڕەیی کۆتاییان دێت کە بە پیتەکانی ئەبجەدی لە ئەسڵی دەقەکە جیا کراونەتەوە، هەروەها ئەم دوو ڕومانە جمکە کە لە بەراییی (میرزا)کەیاندا نووسراوە (بەشی دووەمی هاوارەبەرە)، لە سەرەتای یەکەمیاندا وەکو پاراتێکست شیعرێکی پێداهەڵکەوتنی (عەباس حەقیقی) و دێرە شیعرێکی (هێمن) و پێشەکییەکی خودی ڕۆماننووس بڵاو کراونەتەوە، لە دووەمیشیاندا پەیامێکی تری بێ ناونیشانی ڕۆماننووس دەبینین کە ئەمیش بە دێرە شیعرێکی (هێمن) دەست پێ دەکات. ڕۆمانی یەکەمیشی بە ڕەوانی باوکی و هیی دووەمیشیانی بە ڕەوانی دایکی پێشکێش کراون.

جگە لەمانە لە (٢٠٠٣)شدا دەزگای ئاراس لە هەولێر، چاپی یەکەمی ڕۆمانی (زیندەخەو)ی بۆ فەتاحی ئەمیری، لە (٤٦٤) لاپەڕەی قەوارە ناوەندی چاپ و بڵاو کردووە، کە پێشکێشی (گەلی مەزلوومی کورد)ی کردووە.

ئەمیری، لە پێشەکیی (هاوارەبەرە)دا بەوپەڕی لەخۆبوردەیییەوە باس لە پارچە موزیکی کولتووری (هاوارەبەرە) دەکا و دەڵێ (هاوارەبەرە، ئاهەنگە، ئاهەنگێکی ڕەسەن و لەمێژینە، ئاهەنگێکی هەڵقوڵاو لە دڵی خەڵکدا، ئاهەنگێکی قووڵ و کورتە، ئاهەنگێکی شەمشاڵە... ئاهەنگی هاوارەبەر، بۆ من بووە بە سووژە و هاندەرێکی باش، لەو ئاهەنگە ئیلهامی ئەو چیرۆکەم وەرگرت... ئەو فکرە لە پێشدا بووە و ماوە، من بەو جۆرە دروستم کردووەتەوە، لەوانەیە ڕۆژگارێکی بەیت بووبێ یا، چیرۆک و بەسەرهات و سەرگوزشتە).

لێرەشەوە ئیتر ڕوونە کە ئەمیری بە وشیاری و بە مەبەستێکەوە، یا ڕەنگە بڵێم بە پتر لە مەبەستێکەوە ئەم پارچە موزیکە فۆلکلۆرییەی کردووەتە هەوێنی ئەم ڕۆمانە. ئەو لەبارەی پەیامەکەیەوە دەڵێ: هاوارەبەرەی من، هاواری لە گەروودا خنکاو، هاواری ڕووتی و نەداری و تەنیایی و بێ دەسەڵاتی، وشیاری و بێدەنگییە،

هاوار لە دەس داب و ڕەســمـی غــەڵەتی کـۆمــەڵایەتـی، هاوار لە دەس فــەرق و جیاوازییە.

لەبارەی شـێـوازی نووسـینەوەشـێوە دەڵێ: لەو نووسـراوەدا، حـەولم داوە وشـەی ڕەسـەنی کـوردی، ئیسـتـیـلاحی باش لە قـالبی چیرۆکـێکی سـوننـەتی کوردەواری دارێژم، حـەولم داوە ئـەو شـتـانەی لەبیرچوونـەوە (...) بێنەوە کایە (...) پێـویسـتـە بڵێم تەواوی ئەو چیرۆکە خەیاڵییە (...) حەولم داوە چیرۆکەکە نەبێتە بازاڕی ولک و پۆپی لێ نەبێتەوە.

لەبارەی کـەسـەکانـی ڕۆمـانەکـەشـەوە گوتوویەتی: پاڵەوانەکـانی ئەو چیرۆکـە، نیـشـاندەر و نموونەی کـۆمـەڵێکی کـوردەوارین، زۆربەیان (لە ڕاسـتـیـدا هەمـوو) موسڵمانن "... " شەیتان و شۆفارێکیش (بلە چەرچی) پێویست بوو "... " میرزاش پیاوێکی لەسەر دڵانە "... " بۆ پاڵەوانی چیرۆکەکەم ڕێز و حورمەت قایلم...

من هەمـوو کـات وتوومـە ڕاست و ڕەوا نییـە نووسـەر لەبارەی بەرهـەمی خۆیەوە بدوێ، دەنـا تەنیـا یەک واتا و لێکدانەوە بەســەر نووسـینەکـەیدا دەبڕێ و ڕێگەی لێکدانەوەکانی تر لە خوێنەر دەبەستێ، نەک هەر ئەوەندە، ئەوەشم لا دروست نییە نووســەر قــســە لە بەرهەمی نووســەرانی هـاوپیــشــەی خــۆی بکا، وەک ئەوەی چیـرۆکنووسـێک لەسـەر چیـرۆکی خـەڵکانی تر، یا شـاعـیـرێک لەسـەر شیـعـری شاعیرانی تر بنووسێ، چونکە نەرگسیـەتی خۆی ڕێگە نادات بەرهەمی خـەڵکی تر بە مـەوزووعـیـیـانە هەڵبسـەنگێنێ و لە باشـترین حـاڵتیـشـدا کە چیرۆکنووسێک چیرۆکی چیرۆکنووسێکی تر دەنرخێنێ دیت ئیسقاتاتی خۆی دەخاتە سەر و وەک ئەوە وایە بڵێ ئەم چیـرۆکـە ئەگـەر من خـۆم بمنووسـیـبـایە ئەوهـام نـەدەنووسی و ئەوهـام دەنووسی، بەم کـارەشی ئەوەندە باس لە خۆی دەکا و نـهێنی بەرهـەمـەکانی خـۆی ئاشکرا دەکـا، ئەوەندەیە باس لە بابـەتە هـەڵسـەنگێنراوەکـەی ئـەوەکـەی تر ناکات.

فەتاح ئەمیری (بەداخەوە) هەر خـۆی بەخۆی بارودۆخی نووسینی بەرهەمـەکەی، پەیامی نووسـینەکەی، سروشـتی کاراکتـەرانی بەرهەمەکەی، تەنانـەت شـێوازی نووسین و سـروشـتی ڕۆمـانەکـەیشی پێناسـە کردوون، بەم کـارەشی وا دەکـا کـەم خـوێنەر بتـوانێ بیر لە ئەودیوی ئەو پێناسـانە بکاتەوە، ئەمیری دەڵێ (حـەولم داوە وشــەی ڕەسـەنی کـوردی ئیـسـتـیـلاحی باش لە قـالبی چیـرۆکـێکی سـوننـەتی

کوردەواری دارێژم..) یا لەبارەی پەیام / مەبەستی ڕۆمانەکەیەوە دەڵێ: (حەولم داوە ئەو شتانەی لەبیرچوونەوە... بێنەوە کایە...).

من وەکو خوێنەرێک لێرەدا ناتوانم بەو قسەیەی ئەمیری قایل بم کە گوایە ئەم ڕۆمانە (چیرۆکێکی سوننەتی)یە، ئاخر ئەو لە (١٩٩٠ ز - ١٣٦٩ ک. ھ) دا هاوارەبەرەی بڵاو کردووەتەوە، تا ئەو دەمەش ڕۆمانی (هونەریی) کوردی لە هەرچوار پارچەی کوردستان لە ژمارەی پەنجەی دەست پتر نەبووە، ئیتر کامە ڕۆمانی (سوننەتییە) ئەگەر سوننەتی بە واتای دێرین و کلاسیکییەت بێت وەک من لێی تێ دەگەم؟.

هەرگێز ناتوانم باوەڕ بەوەش بێنم کە فەتاح ئەمیری هەر بۆ ئەوە ڕۆمانی نووسیوە تا (ئەو شتانەی لەبیرچوونەتەوە بیانهێنێتەوە کایە) و بۆ ڕۆژی ئەمڕۆی نیشتمان و نەتەوەکەی، مەبەست و هیوا و ئاوات و خۆزگەیەکی نەدابێتە چاو، نیشتمان و نەتەوەیەک کە فەتاح جگە لە دەقەکە، لە پاراتێکستەکەشدا شەتاوی سۆز و خۆشەویستی و دڵسۆزییان بۆ هەڵدەڕێژێ.

هیچ بە دووریشی نازانم خوێنەرێکی تر بێت بە من بڵێ: تۆ دەتەوێ چیی تر بخەیتە سەر دەقەکەی، ئەو نووسەرەکەی بۆ خۆی وای گوتووە و هەر ئەوەندەیەی پێ ڕەوا دیوە؟.

لە وەڵامی وەها پرسیارێکیشدا هەرگێز دانامێنم و دەڵێم: باوەڕ بە دەق بکە، نەک بە دەقنووس.

دەقنووس بۆی هەیە بۆ خۆلادان لە سانسۆری ئاینی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و بۆ ڕێگومکێ ئیددیعای هەندێ شت بکا، بە دڵنیاییشەوە هەر دەقنووسێک ئامانجێک، پەیامێک، مەبەستێکی سادە، یا چەند لایەنەی لە نووسینی دەقێکدا هەیە و، زۆرجارانیش شتێکی دیاریکراوی مەبەستە، بەڵام هەرگیز ئەوە گرینگ نییە کە دەقنووس بۆ خۆیی دەداتە چاو، بگرە ئەوە گرینگە کە بە کردەوە دەگاتە خوێنەر.

لێرەشەوە ئیتر منی خوێنەر ئەو بازنەیە دەبەزێنم کە فەتاح بە دەور بەرهەمەکەیدا کێشاویەتی و، لەو ئاستە واتایەشدا گیر ناخۆم کە ئەو لە پێشەکییەکەیدا بۆ کارەکەی دیاری کردووە، بگرە کار بۆ ئەوە دەکەم لەو بازنەیە دوورتر و لەو ئاستە قووڵتر، هەتا بڕشتی دەقەکە مەودا دەدا و، توانای تێگەیشتنی

منی خوێنەر هەتەر دەکا بڕۆم و، لەو تخوبە نەگەڕێمەوە کە دەقنووس بۆ خۆی و کارەکەی دیاری کردووە. بڕشتی هەموو کارێکی ئەدەبی و هونەری ئەگەر هەر ئەوە و ئەوەندەیە بووایە کە داهێنەرەکەی دەیڵێ، دیارە ئەو دەمە نە لێکۆڵینەوە، نە لێکدانەوە، نە ڕەخنەی ئەوانی تر لەسەری پێویست دەبوون، ئەڵبەتە ئەو دەمە هەموو دەقەکانیش (باش) و (جوان) و (سەرکەوتوو) و ... دەبوون، مادامێکی بەرهەمهێنەرانیان بەس بوون بۆ هەڵسنگاندنیان، کە دیارە کەسیشیان کەموکورتیی کارەکانی خۆیانیان لێوە دیار نییە.

ئەگەر ئەوش ڕاست بێ کە هەموو بابەتێک شێوەی خۆی دەسەپێنێ، دەبێ ئەوەش بەڕاست بزانین کە هەموو شێوەیەکیش میتۆدی هەڵوەشانەوەی خۆی دەسەپێنێ. لەم ڕوانگەیەشەوە دەڵێم ڕۆمانی هاوارەبەرە بە هەردوو بەشەکەیەوە (هاوارەبەرە + میرزا) بە تەنیا بەهیچ یەکێک لە میتۆدە باوەکانی ڕەخنە: ئەخلاقی، سایکۆلۆجی، سۆسیۆلۆجی، نموونەیی، ئەفسانەیی و، شەکلانی، بنیاتگەرایی، ناخوێنرێتەوە، بگرە دەبێ بەپێی ئەو شێوە و شێوازە بخوێنرێتەوە کە پێی بەرهەم هێنراوە، بە واتایەکی تر هەم بە چاو ببینرێ و، هەم بە گوێیش ببیسترێ. ئەمەش بۆ (وەرگر)ێکی گوێی هەستیاری موزیکی هەبێ و هەست بە ڕیتمی ناوەکی و دەرەکی بکا و بتوانێ پێکەوەیان جووت بکا، کارێکی مەحاڵ نییە.

هاوارەبەرە تاکە موزیکێکی فۆلکلۆری نێو ڕۆمانەکە نییە، بگرە لە زۆر شوێنی تریشدا ئاماژە، یا تەنانەت گۆرانی باو و، بەیت و، لاوەکگەلێک تێکەڵکێشی/ تەناسی دەقەکە کراون لەوانەی کە بە ئاوازەوە دەگوترێن، گۆرانی و ئاوازگەلێکی ستاندارد کە هەموو خوێنەرێکی کورد لەگەڵ دیتنی/ خوێندنەوەی وشە/ شیعرەکانیاندا، یا تەنانەت هەر بەدیتنی ناوەکانیان، ئاواز و ڕەزمەکانیشیانیان دەزێتە هەست و ناویستانەش بێت ئاوێزانی دەقە نووسراوەکە دەبنەوە و، پاش ئەوەی دەق و ئاواز لە هەست، یا لە نەستی وەرگردا دەچنەوە سەریەکتر، کەشێکی ئاهەنگئامێز دێننەوە کایە کە وێنە ئەسڵییەکەی لە یادوەری خوێنەرە کوردەکەدا دەسازێنێ، دەڵێم خوێنەرە کوردەکە چونکە لای خوێنەرێکی کوردینەزان، کاتێک کە دەقەکە وەردەگێڕێتەوە سەر زمانێکی تر، ئەم دیاردەیە کاریگەریی نامێنێ، لەبەرئەوەی شیعرەکە لای دەقەکەوە دێت و، ئاوازەکەش لەکن خوێنەرە کورد، یا کوردیزانەکەوە دێت و ئەو فەزایە ئاهەنگئاماڵە ساز دەکەن، کە بەبێ ئەو خوێنەرە

تایبەتییە کوردە مەحاڵە هەستی پێ بکرێ.

لە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا بەشێک لە بەیتی (لاس و خەزاڵ – ل٢٠) و، بەشێک لە گۆرانییەکی فۆلکلۆری– هەرکەس یارەکەم– ل٣٩) و، بەشێک لە بەیتی (قەڵای دمدم– ل٦٩ تا ٧٠) و، بەشێک لە داستانی (لەیلا و مەجنون– ل١١٥) تێکەڵکێشی گێڕانەوەکە کراون. لە بەشی دووەمدا: لە (ل–١٠، هەوای ژیان بەیتی باوە ئادەمە) و لە (ل–٥٢، گۆرانی فۆلکلۆری فاتمۆکێ..) و، لە (ل–٦٦دا گۆرانی فۆلکلۆری گەوهەرێ) و، لە (ل٨٩–گۆڕانی فۆلکلۆری: ڕێگای دارستان...) و، لە (ل–١١٤ گۆرانی فۆلکلۆری: دارە بەرزەکەی...) و، لە (ل–١١٨ بەیتی لەشکری) و، لە (ل–١٩١ لاوکی گەنج خەلیل) لەگەڵ گێڕانەوەکەدا ئاوێزان کراون، ئەمە جگە لە چەندان ئاماژەی تر کە بۆ هەندێ بەیت کراون وەک ئەوەی لە (ل–١٨٠)یدا دەبینین، کە کۆپلەیەکی بەیتی (کاکە میر و کاک شێخ) تۆمار کراوە و، لە (ل–٢٢٤)دا کۆپلەیەکی (بەیتی سوارۆ) هاتووە، کە هەموو لە زەینی خوێنەری کورددا حوزووری بەردەوامیان هەیە و، چ وەکو گۆرانی و ئاواز و، چ وەکو بابەت و، چ وەکو ئاماژە و پەیام دەچنەوە سەر دەقەکە، بەتایبەتیش لەو شوێن و هەڵوێستانەدا کە ئیتر قسەی ئاسایی دەرۆستی کارەسات نایەت، یا نابێ، یا ناکرێ گوزارە لە ناخی کەسەکان بکا، ئەمەش ئەرکێکە لە ئەرکەکانی تری ئاواز و گۆرانییەکان، کە دەچێتە سەر ئەرکی سازدانی پانتاییە موزیکئامێزەکە، کە هەندێ جار بەبێ (وشە/ شیعر)یش هەر بە شمشاڵەکەی (یارە) بەرهەم دێت وەک خودی پارچە موزیکی (هاوارەبەرە) و، ئەو ئاهەنگانەی لە ماڵ و گوند و دەشتودەر و لە کاتی شوانی و لەنێو بەندیخانەدا دەیانژەنێ.

ئەمە لەسەر ئاستی ڕاستەوخۆی موزیک و گۆرانی و بەیت و لاوک، بەڵام لەسەر ئاستی شێوازی نووسینیش پەخشانی فەتاح ئەمیری پەخشانێکی ڕیتمداری هونەرییە، ڕستەکانی خێرا و کورت و ڕوونن، هەندێ جار سەرواى سەرەتایان هەیە (... یای ناز، شێت و شەیدا، شێواو شڵەژوا، بە ناو ماڵدا دێ و دەچێ.. میرزا ل–٨٨).

جاری وایش هەیە ڕستەکانی بە سەروا کۆتاییان دێت (.. ڕۆڵەگیان، قزڵباش و ڕۆم، گۆشتی شایەت خۆم، دەبەر ئەو چاوانەت مرم، باوانەکەم، لە جێی گۆڕی هەموانم، کوڕی ئازا و ڕەشیدم، ڕەش و برشەی بەری بای، لە خەرمانان بەجێ

مای، دایکی چوو بۆ خۆی هێنای... هاوارەبەرە، ل-٨٩).

یا وەک ئەم پەخشانەی کە لە پەسنی (ناز)دا گوتراوە: (.. دڵی بزوێنی لاوکوژ، تا بڵێی تەرز و بەرز و شیرین و مەزەدار، نەرم و نۆڵ و ناسک و نازدار... هاوارەبەرە، ل-٩٢).

هەندێ جاران هەڵسوکەوت و جووڵەی کاراکتەرەکانیش تەنانەت بەپێی ڕیتمێک وێنا کراون، تۆ تەماشای ئەم کۆپلەیە بکە کە لە دێرەکانی سەرەتای ڕۆمانەکەدا وەسفی (یارە) دەکەن.

(... دەڕوا، هەر دەڕوا، قوت و سڵ، قیت و قۆز، توندوتۆڵ، گورجوگۆڵ.. ڕێگا دەپێوێ، حندرحۆ دەکا، جارجار لاباز داوێ، بە حەقلەمەقۆ و، هەنگڵەشەلەش دەڕوا).

ئێمەی کوردیش دەزانین ڕۆیشتن بە (حندرحۆ) و (لاباز) و(حەقلەمەقۆ) و (هەنگڵەشەلە) ڕۆیشتن، بەڵام ڕۆیشتنی ئاسایی نین، بگرە ڕۆیشتن هەریەکە و لەسەر ئاوازێک- ڕیتمێک، ڕیتمێک کە لە ناخی پڕ لە شادی و خۆشیی (یارە)ی ڕێبوارە و هەڵدەقوڵێ لە شێوەی جووڵەی دەست و پێ و تەواوی جەستەی ئەودا وەدەردەکەوێ، ڕیتمێکی خێرا، کە ئێمەی تەماشاوان، ئێمەی خوێنەر هەرگیز نایبیستین، بەڵام لە بزاوی جەستەی ڕێبوارەکەدا دەیبینین و، لە ڕێی ئەزموونی خۆمانەوە، لە گەنجینەی کەلەپوورو، لە یادەوەری دوور و نزیکمانەوە دەتوانین بیهێنینەوە بەرزەین، لەوێشەوە بۆ بەرگوێ و هەستی بیستن، تەنانەت وتنەوە و سەماکردن و بە حەندەرحۆ ڕۆیشتنیش لەگەڵ ئەو ئاواز و ڕەزمە شاراوەیەدا کە لەوانەیە وشە- شیعرەکەی بگۆڕین، لێ ڕیتمەکەی لای هەمووان هەریەکە، ئەم جۆرە پەسنە، کە دەشێ پێی بێژین (پەسنی ئەفرێنەر= خوڵقێنەر)، یا (پەسنی بزۆز)، چونکە گوزارە لە حاڵەتە نەوەستاوەکان دەکا، وەسفی بزووتنەوەی فیزیکی کاراکتەر لە شوێنێکی گۆڕاو، لەناو دەوروبەرە سروشتییەکەی، یا لە بەردەم باکگراوندە کۆمەڵایەتی و دەروونییە ناجێگیرەکاندا، یا بە واتایەکی تر بیڵێم وەسفێکە نابێتە هۆی ڕاگرتنی ڕووداو، یا تەنانەت خاوکردنەوەشی، بگرە بەپێچەوانەوە هەردەم بەرەو پێشی دەبا، لە کۆتایی نزیکی دەکاتەوە. ئێمە (یارە) بە وەستاوی نابینین سەرنج لە سروشت بدا و، خۆی، یا وەگێڕێکی فرە ئاگا هەستی ڕاستەوخۆی ئەومان بۆ وەگوێزێ و وەگێڕی، ئێمە ئەو بەدەم ڕێکردنەوە

دەبینین، ڕێکردن بەپێی ئیقاع= ڕەزمێک، کە لە هەڵسوکەوت و جوڵەی لەشیدا وەدەر دەکوێ و، خێراییەکی لە ڕادەی ڕۆیشتنی ئاسایی پتری دەداتێ بۆ ئەوەی زووتر بە کۆتایی قۆناخی یەکەمی بەسەرهاتەکەی بگا، کە گەیشتن بە ئاوەدانییەک و ئەنجام دۆزینەوەی کارە. هەروەها حاڵەتی بەختەوەری و گەشبینی (یارە)ش دەردەخا. پەسنی بزۆز لە پەخشانی فەتاح ئەمیریدا زۆرن. لەم ڕۆمانەیدا جگە لە پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و ئیدیۆمی باوی کوردەواری، ژمارەیەکی بەرچاوی نەقڵ و نەزیلە و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی لە دەقەکەدا تێکەڵکێش کراون، لە بەشی یەکەمدا (هاوارەبەرە) وەک: حیکایەتی (سوڵتان مەحمود و هەیاسی خاس ل-٧١) و: (هاواری نانی سووتاو ل-٩٠) حیکایەتی (گوڕنە تەڵە ل-٩٦) و (سوارەی مەندی ل-١٣٤) و، مۆتیفێک لە ئەفسانەی (یاجوج و ماجوج ل-١٢٨) و،قورنجیک گرتن بۆ ئەوەی چەقوی دەستت تیژ بێت ل-١٢٩، خێوداری و جنۆکە ڕاگرتن لە خزمەتی خەڵک.

کە هەندێک لەمانە لە بەشی دووەمیشدا واتا لە (میرزا)یشدا دووبارە کراونەتەوە وەک: حیکایەتی سوڵتان مەحمود و هەیاس و، ڕەندە و مەندە و مامەندە لە ل-٦ و ٧، ئەمە جگە لە تێکەڵکیشکردنی هەندێ حیکایەتی تری وەک: حیکایەتی خەڕەکە نارنارم، لە (ل-٧ و ٨) و- حیکایەتی (پیرەژن و ڕێوی و کلکەقوڵە و داشیردا.. لە ل-١١٢ تا ١١٤) و، دووبارەکردنەوەی پێوەندیی ڕەشەدز و دۆستایەتییەکەی لەگەڵ جنۆکاندا، کە لە بەشی هاوارەبەرەدا جنۆکە و خەزاڵ و دایکی بوو.

هەروەها هەندێک داوونەریت و کاری لادێیش لە هەردوو بەشی ڕۆمانەکەدا تێکەڵ کراون وەک: ڕێکخستنەوەی کاروباری جووتکاریی و دابینکردنی پێداویستییەکانی گاسن و هەوجاڕ و... هتد، پاش مردنی دایەپیرە و، بەخۆ کەوتنەوەی سۆفی ئەحمەد بۆ گەڕانەوە بۆ سەر کاری جووتکاری- پاری ٨ی هاوارەبەرە.

یا وەک دیمەنی خوری شیکردنەوە و، کاروباری ڕستن و تەون لە (ل-١٣٣-١٣٤ی هاوارەبەرە) و، ڕێوڕەسمی بووکگواستنەوە و، نەریتی (گیسکە کوڕانە) و شەڕەدار و جلیتبازیی لە (ل=١٥٩ تا ٢٦٧ی هاوارەبەرە) و، هەندێ ئاماژەی تریش، بەو وردی و درێژییەی کە لەگەڵ دەقی ڕۆمانەکەدا ئاوێزان کراون، کە زۆریان پرۆسەی

گێڕانەوەکە پەک دەخەن و زۆریشیان ئەگەرچی ئاماژەیەکیان تێدایە بە ڕۆتینیەت و، وەک خـۆ دووبارەبوونەوەی ژیانی کـۆمـەڵایەتی و ئابووری و دەروونـی و ڕوحی چەن پشـتــەی کـۆمــەڵی کـوردەواری وەک دووبـارەبوونەوەی ئـەو حـیکایەتانـەی کـە بۆ پەروەردەکردنی نەوەی پێشوو (بۆ میـرزا) گوتراون، بۆ نەوەی نوێش (بۆ وەتمان)ی منداڵیش هەر ئەوانەنە دەگوترێنەوە، بەڵام لە پشت ئەم بۆرە هۆیەوە، بۆ هەندێکیان، یا ڕاسـتـتـر بێژم بۆ تۆمـارکردنی زۆربەی ئەم نەقلّ و نەزیلە و حیکایـەت و پەندانە هۆیەکی زەقتر دەبینم ئەویش حەزی بەئەرشیفکردنی ئەم دەقە کەلەپورییانەیە، نەک بەدەنگەوەچوونی پێداویستییە هونەرییەکانی دەقی ڕۆمانەکە.

سـوودوەرگـرتن، بەکـاربردنـی کـەلتـووری نووسـراو و سـەرزارەکی و، خـومـاڵی بیـانی، بەتـایبـەتیش لە دوای بڵاوبوونەوەی چەمکی تێکەڵکێش= دەقـئـاوێزان= تەناسسەوە، مافێکی ڕەوای نووسەرە، هەتا لە ئاستی ئامـژەدا بێت زۆر باشـە و، هەتا لە سنووری مۆتیڤدا بکرێت پەسەندە، بەڵام کە لەوە تێپەڕی و گەیشتە ئاستی وەرگرتنی دەقێک و دووان و... ئیتر ڕەنگی دەقە نوێیـەکە دەباتەوە سـەرخـۆی، لە ئەنجـامی تێکەڵکردنـی دەقی فـۆلکلۆری زۆریشـەوەیـە کـە ڕۆمـانی هـاوارەبـەرە لە هەندێ شـوێنیـدا سیـمـای حـیکایەتی زۆرتر پێوە دەبینـرێ تا ڕۆمـانێکی هونەری هاوچاخی توکمە، لە هەموو حاڵەتێکیشدا ئەرشەفاندن کاری ڕۆمان نییە.

فـەتاح ئەمـیـری ئەڵی یەکـەم جـار ئاهـەنگی/ ئاوازی هـاوارەبـەرەم لە (هەمـزەی حەسـەنە پیـر)ی خەڵکی گونـدی حاجی لـەکی چۆمی مـەجید خـان و، پاشـتـریش لە بەهەشـتی قـالەمـەڕی بیسـتـووە و، هەردوو ئاوازەکەش وەکـو یەکتـر بوون. ئەوەی ڕاســــتی بێت من خــــۆشم ئەم ئـاوازەم لـە ١٩٧٣دا لـە بـلـوێرژەنی بەنـاوبـانگ خوالێخۆشبوو ئەحمەد داودە، لە کەرکووک بیستووە، هەروەها لە هەشتاکانیشدا، لە بەرنامەیەکی کەلپووریی تەلەفزیۆنی کـەرکووکدا، بلوێرئەنگێوێکی هەولێریم دیت ئەم ئاوازەی هاوارەبـەریەی پێشکێش دەکرد، بـەڵام ئەو پێی دەگـوت (هاوارەبەلۆ)، نازانم بۆ؟.

لێـرەشــەوە دەتوانین بڵـێین هـاوارەبەرەش وەکـو ئـاوازی بووک و خــەسـوو، کـە دایالۆگـێکی مـوزیکیـیـە و بـە دوو تۆنی جـودا دەژنرێ، هەروەهـا ئاوازی چەمـەری تایبـەت بە پرسـە و ئاوازی مـەڕ لە کەڵدان و ڕەنگە هـی تریش هەبن، ئاواز گەلێکی میللین و لە هەموو کوردستاندا ناسراون.

هاوارەبەرە، ئاوازێکی تیژ، بڵند و کورتە، لە موزیکدا پێی دەگوترێ conforza، فۆرزا واتا (زۆر بە توندی.. ئەوپەڕی توندی) و گوزارە لە لێقەومان و ڕووداوی نا ئاسایی و کەم دەرفەتی و پەلەپەل دەکا، پەیامێکی شیفرە ئامێزە بۆ حاڵەتێکی ئیمرجنسی و فریاکەوتن، ئەوانەی گوێیان لێ دەبێ دەتوانن هێماکانی بخوێننەوە کار و کاردانەوەیان بۆی هەبێ. فۆرزا بە شێوەیەکی گشتی بۆ سەرنجڕاکێشانە.

ئاوازی هاوارەبەرە مۆتیڤێکی بوئرەییە لە ڕۆمانەکەدا، بە بۆچوونی من وەک ئاواز و گۆرانی و بەیتەکانی تری نێو دەقەکە کارکردی هەر لەسەر ئاستی ڕووکەشدا نییە، بگرە خوارتر لەوە ڕۆ دەچێ و لەسەر ئاستی بنیات کار لە شێوە و لەسەر ئاستی گێڕانەوەش کار لە شێوازی دەقی ڕۆمانەکە دەکا، وەکو (تەنویعات– variation)ێکی موزیکی دای دەڕێژێ، ئەگەرچی بۆ خۆی سۆلۆیەکی– تاک نەوایە.

لە تەنویعاتی موزیکدا موزیکوان ئاوازێک هیی خۆی، یا زۆربەی کات ئاوازی داهێنەرێکی تر وەردەگرێ کە پێی جوان و چاکە، لە ڕێی تەکنیکی تەنویعەوە بە موتیڤگەلێک لە داهێنانی خۆی دەوڵەمەندی دەکا، بەمەرجێک لە گەوهەری ئەسڵیی پارچە موزیکە وەرگیراوەکە دەرنەچێ. ئەمە، یا بەشێوەیەکی نزیک لەمە لە شیعری کوردیشدا وێنەی هەیە و، لای هەندێ لە شاعیرە کلاسیکەکانی کورد چوارخشتەکی، یا پێنج خشتەکییەک لەسەر شیعری شاعیرێکی تر دەبینین کە لەسەر هەمان (کێش) و (سەروا)ی دەقە وەرگیراوە ئەسڵییەکە دەهۆنرێتەوە.

لە تەنویعەی موزیکیدا ئاهەنگسازی دووەم، بەمەرجێک ڕوحی پارچە ئاسڵییەکە بپارێزێ، بۆی هەیە ئاوازە نوێیە داهێنراوەکەی خۆی لەسەر ڕیتم و هارمۆنییەکی نوێ بنیات بنێ، یا دەوتوانێ ڕیتمی ئاهەنگە ئەسڵییەکە بپارێزی، بەڵام ئاوازە نوێیەکەی خۆی لەسەر پەیژەیەکی موزیکی تر بنیات بنێ، یا دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر ئاهەنگە ئەسڵییەکە، بەڵام هارمۆنی و دابەشکردنەکەی بەسەر ئامێرەکاندا بگۆڕێ و بە ڕەهەندی نوێ و دەنگی تر فراوانتری بکا.

ئەو تەنویعە موزیکییەی کە لە ڕۆمانی هاوارەبەرەدا بە هەردوو بەشەکەیەوە (هاوارەبەرە و میرزا) هەستی پێ دەکرێ، ئەم جۆری سێیەمی تەنویعەیە، کە بابەتە سەرەکییەکەی تێدا پارێزراوە، بەڵام بە دابەشکردنەوەی بەسەر چەندان حاڵەتی جیای لێکچوو و گۆڕینی کارەکتەرەکانی (لێرەدا ڕۆڵی ئامێرە موزیکییەکان دەبینن)، ڕەهەندی جیاوازی کۆمەڵایەتی و دەروونی دەخرێتە سەر و،

وا بەربڵاو دەکرێ کە هەموو لایەنەکانی ئەو بابەتە بگرێتەوە.

لە هاوارەبەرەدا (مەبەستم هەردوو بەشی ڕۆمانەکەیە)، میرزا کاراکتەری سەنترالّی کاریزما و تەوەری سەرەکییە، ئەگەرچی پاش پتر لە (٤٠) لاپەڕە لە دەسپێکی بەشی یەکەمەوە ئەوجا ناوی دێت، هەتا کۆتاییی بەشی (هاوارەبەرە)ش هەر وەکو کەسایەتییەکی (یارمەتیدەر= لاوەکی) ڕۆڵ دەگێڕێ، ئەمەش لەگەڵ پێناسەی کەسایەتی تەوەرەییدا کورت دەهێنێ. میرزا لە کتێبی یەکەمدا ڕۆڵی باوکی ڕوحی وەتمانی منداڵ و بێ باوک دەگێڕێ و، هەستێکی شاراوەی حەزلێکردنیشی بۆ دایکە بێوەژنەکەی (=ناز) هەیە، وەکو (کەسایەتی یارمەتیدەر)یش ئاسانکاریی بۆ سەرخستنی خۆشەویستییەکەی (یارە و خەزاڵ) و، بەیەکتر گەیاندن و شادکردنیان دەکا، ئەگەرچی یارە هەر زوو لە کاردانەوەی ئەو یارمەتییەدا خۆی لەسەر میرزا دوچاری چورتمێک دەکا و دەکەوێتە بەندیخانەوە و ئەو شادییەی لێ دەشێوێ، بە درێژاییی کتێبی دووەمی ڕۆمانەکە دەرناکەوێتەوە، تا دێرەکانی کۆتاییی ڕۆمانەکە، کە بە دەستێوەردانی میرزا بە کەفالەت ئازاد دەکرێ.

لە بەشی (١)ی بەرگی دووەمی ڕۆمانەکەدا، بە قەولی موزیکوانان، کە میرزا (سۆلۆ) یەک وەردەگرێ و، بە فلاشباکێک سەردەمی منداڵی و، هەرزەکاری و، باکگراوندی کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردەیی و ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیمان بۆ وێنا دەکا و دەزانین ئەو هەر کەسایەتییەکی یارمەتیدەر نییە، بگرە لە ڕاستیدا کەسایەتییەکی سۆسیۆ- سیاسی مەزن و کاریگەرە، ئەو دەسەڵاتەی ئەو کە لەنێو دڵ و هزر و هۆشی خەڵکەکەدا پەیدای کردووە، دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەیە و، خەڵکەکە خودویستانە ڕێزی دەگرن و، لە خزمەتی خۆڕێکخستنەوە و گۆڕاندا کەڵکی لێ دەبینن.

لە ڕۆمانی هاوارەبەرەدا (هەردوو بەشەکەی) ئەوەی ڕوو دەدا، یا لە میرزا ڕوو دەدا، یا لە دەوروبەرەکەی، ئەم ڕۆڵەشی ئەگەرچی درەنگ لە دەقەکەدا وەدەردەکەوێ، ئەوە هیی سروشتی کار و، باری ژیان و، پەیامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەیەتی، کە تا خاڵی تەقینەوە نهێنی پارێزی و نا ڕاستەوخۆیی و خۆ شاردنەوەی دەوێ لە ترسی ڕێژیمی دیکتاتۆری شاهەنشەهای ئەو سەردەمەی ئێران، کە بە بەرنامە و بە ئاگر و ئاسن کاری بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی

و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی کوردەواری دەکرد. لێرەشەوەیە میرزا سەرەتا وەکو کەسێکی نەناسراو، بێ ماڵ و خێزان، بێ ئەرک و فەرمان دەردەکەوێ کە تەنانەت پرسیار دەخاتە سەر سەرچاوەی بژێوی و شێوازی ژیانی و مانەوەی بە ڕەبەنی وەکو قەیرەکوڕێک، ئەگەرچی دەیان کچ حەزی لێ دەکەن و دەیان خێزان هیوای خزمایەتییان پێیەتی.

وەکو گوتم میرزا وەکو کەسایەتی، بابەتی سەرجەم ڕۆمانەکەیە، بەڵام (هزری= بیرۆکەی نەگۆڕ= idee fixe)ی زاڵی ڕۆمانەکە، وەک موزیکوانان دەیڵێن، خۆشەویستییە: خۆشەویستی بەهەموو جۆرەکانێوە، کە تەنویعەکی لەسەر کراوە:

خۆشەویستی سۆفی ئەحمەد و دایە پیرەی درێژەخایەنی ژن و مێردایەتی، خۆشەویستی و ئەوینی یارە و خەزاڵ، دڵداری و پێکگەیشتنە پڕ سەرسوڕمان و بە گرفت و ئاکامە کارەساتاوییەکەی ڕەشەدز و زەڵخا، ئەڤینە نەوەکامەکەی حەسکۆ و کەژێ، خۆشەویستییە بێ بەرەکەی سەردەمی هەزرەکاریی خودی میرزا و گەلە و، عیشقە شەرمێونەکەی میرزای گەورە= قەیرەکوڕ و نازی بێوەژن، کە بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و ئەوانی تر لە چێوەیدا وەبیر دەهێنرێنەوە، هەندێ جۆری تری خۆشەویستی هەڤاڵێنی و دۆستایەتی تریش دەبینین لە دەقەکەدا کە ڕووی تری ئەم هەستە مرۆڤانەیە دەردەخەن: خۆشەویستی سۆفی ئەحمەد و دایەپیرە بۆ (یارە) ی شەوانە وێڵە هەر لەبەرئەوەی لە تەمەنی کورە تاقانە جوانەمەرگەکەیاندایە، خۆشەویستی وتمانی بێ باوک بۆ میرزای باوەپێرەی، خۆشەویستی ڕەشیدەدز بۆ میرزا لەبەرئەوەی شێوەی لە شێوەی حەسکۆی هاوڕێ چەتەی دەچێ، کە پێشتر لە شەڕێکدا کوژراوە، تەنانەت پێوەندی شەرمئاوەرەکەی خدر ئاغا و زەڵخا کە ئاکام دەبێتە پێوەنییەکی سێکسی ناشەرعی و نایاسایی دەچێتە خوێنی هەردووکیان، ئەویش هەر خۆشەویستییەک بووە و دواتر بووەتە حەز و مایەی شەرمەزاری خدر ئاغا و پەژیوانبوونەوەی زەڵخا.

من هەموو ئەم جۆرە بەسەر هاتە کورت و درێژە جیاوازە وەکو تەنویعەیەکی موزیکی دەبینم لەسەر چیرۆکی خۆشەویستی میرزا و یای ناز کە بیرۆکەی نەگۆڕی ڕۆمانەکەیە، بەڵام دیاریشە کە هەر یەک لەم بەسەرهاتانە لە گۆشەنیگایەک، یا لەلایەکی دیاریکراوەوە دیاردەی مرۆڤانەی خۆشەویستی دەردەخەن، ڕێکوپێک وەک چۆن تەنویعە لە موزیکدا کار بۆ بەرفراوانکردن و،

فرەدەنگی ستوونی (هارمۆنی) میلۆدیەکە دەکات.

بەڵام گرفتی پەخشان لە ڕۆماندا ئەوەیە کە وەک موزیک توانای خوڵقاندنی هارمۆنیای نیە تا بەشێوەیەکی ستوونی پەرەبگرێ و خۆی نمایش بکا، بگرە بەشێوەیەکی ئاسۆیی پەل دەهاوێ و بڵاوە دەکا، بۆ پڕکردنەوەی ئەم کورتییەش پەنا وەبەر تەکنیکی (پۆلیفۆنی) و (هاوسایەکاری) دەبرێ، کە دوو زاراوە و، دوو چەمک و، دوو تەکنیکی سەر بە جیهانی موزیک و، ساڵانێکە لە گێڕانەوەشدا بەکار دەبرێن، ئەگەرچی نووسین ڕێگەی ئەوە نادات دوو دەنگ، یا زیاتر پێکەوە و لە یەک کاتدا (هاوکات) وەدەر بکەون، بەڵکو بە حوکمی سروشتی (دێر)ی نووسین دەبێ (دەنگەکان بەپێی تەتابوعی زەمەنی) یەک لە دووی یەکتر بێن، بەڵام لە موزیکدا (کۆنتربۆنت) توانای ئەوە فەراهەم دەکا کە دوو دەنگ پێکەوە (گۆ) بکرێن، ئاخر دێری نووسین موخاتەبەی چاو دەکا، بەڵام موزیک هیی گوێ.

ئەمە لەگەڵ جیاوازییەکی گرینگی تریشدا، کە لە نێوان سروشتی تەنویعەی موزیک و، تەنویعە لە هونەری نووسیندا هەیە. لێرەشەوەیە کە ڕادەی کامڵبوونی هارمۆنی دەقی نووسراو هەرگیز ناگاتە ڕادەی کامڵبوونی هارمۆنیای دەقی بیستراو (= موزیک).

موزیکوان لە تەنویعەی موزیکدا سەرەتا ئاوازە سەرەکییەکە پێشکێش دەکا ئەوجا بە تەنویعە پەرەی پێ دەدا، بەڵام ڕۆماننووس بەپێچەوانەوە سەرەتا بیرۆکەی سەرەکی نادرکێنێ، بگرە بە مەبەستی وروژاندنی خوێنەر (تەشویقکردن) لە پێشدا هەندێکی (مۆتیفێک)ی لێ وەدەردەخا و ئەوجا لە هەر بەشێک و لەگەڵ هەر تەنویعەیەکدا دیوێکی تر، لایەنێکی تری لە گۆشەنیگایەکی ترەوە، لە هەلومەرجێکی تر و لە کات و شوێنێکی تردا لێ پێشکێش دەکا، هەتا وێنە گشتییەکە لە زەینی خوێنەردا دەچێتەوە سەر یەک و شتەکان وەکو نووسەر گەرەکێتی، یا وەک خوێنەر لێکیانداوەتەوە و لێیان تێ دەگا، یا وەک هەردوو لا دەخوازن، واتا و مەبەستێک پێک دێنن.

ئەم جیاوازییەی تەنویعەی موزیک و ڕۆمانە لە هەردوو بەشی (هاوارەبەرە)ی فەتاح ئەمیریدا بە ڕوونی دیارە و هەتا هەموو پارچە و مۆتیفەکان نەچنەوە سەریەکتر لە کەسایەتی و لە پەیام و خەم و خواست و ئەنجامی کار و کردەوە و ڕۆڵی کاریگەریی کاریزمییانەی میرزا تێ ناگەین، ئەو میرزایەی سەرەتا تا دوای

لاپەڕە (٤٠)ی ڕۆمانەکەش وەدەر ناکەوێ و هەتا کتێبی یەکەمی ڕۆمانەکەش تەواو دەبێ بە ڕواڵەت وەکو کەسایەتییەکی لاوەکی یارمەتیدەر، پچڕپچڕ وەدەر دەکەوێ، بەڵام کە هەموو ڕووداوەکان بە یەکتردا دەچن و پێکەوە جۆش دەخۆن، ئەوجا ساغ دەبێتەوە کە بەسەرهات لە ڕاستیدا بەسەرهاتی میرزایە و ئەگەرچی ئەوانی تریش دەبزوێن و دەڵێن، بەڵام کە دەبزوێن بەخواست، یا بۆ ڕازیکردنی میرزا دەبزوێن، حاجی محەمەد لەسەر داوای میرزایە داوونەریتە کۆمەڵایەتی و عەشایەرییەکان پێشێل دەکا و خەزاڵی تاقانەی خانەدانی دەدا بە یارەی شوانە وێڵەی ڕەچەڵەک گوم، یارە پێی وایە میرزا ڕازی دەکا کە ئاگر لە ماڵ و ئاشیانەی بلەچەرچی بەردەدات، مەولوودی کەوان لەسەر ئەوەی ئامادە نییە زانیاری لەسەر شوێنی میرزا بدا، دارکوژ دەکرێ. ڕەشیدەدز لە بەرگریکردن لە میرزا لە شەڕدا دەکوژرێ، میران بە تفەنگ پارێزگاری لە ژیانی میرزا دەکا و لە ماڵی خۆی برینی تیمار دەکا و ئەوجا یارەی نازی خوشک و ئەسپ و تفەنگیشیان پێ دەدا و بەرەو داهاتوو، ڕووەو پاشەڕۆژ بەڕێیان دەکا، پاشەڕۆژێکی کراوە، کە لە ئێستای ڕۆمانەکەدا دیار نییە، بەڵام خوێنەر دەتوانێ مەزەندەی جۆراوجۆری لێ بدا، پاشەڕۆژێک کە ئەمیری ڕۆماننووس دەیتوانی، یا ئێستاش دەشێ بەشێکی تر، بەشی سێیەمی ڕۆمانەکەی لەبارەوە بەرهەم بێنێ.

کاتێک ئەو کەسانە، کە قسەش دەکەن، کە بەسەرهاتی خۆیان دەگێڕنەوە، بۆ میرزای دەگێڕنەوە، لەژێر کارتێکردنی ئەوە ژیانی ڕابردووی خۆیان هەڵدەسەنگێننەوە، وەک نموونەی باڵا، وەک ڕزگارکەر، وەک تەواوکەری ئەزموونی خۆیانی دەخەنە بەردەست، بە خۆیان و بە میرزاش کارەساتی گەلێک وێنا دەکەن کە (نائیب) و (وەکیل)ی بێگانە بۆیان دەرەخسێنن، کەسانێک هەر بۆ هەوا و هەوەس، بۆ وەدەستهێنانی کەمترین دەسکەوت، مافەکانیان زەوت دەکەن، ئازار و جەزرەبەی زیندانی قەسری قەجەریان پێ دەچێژن، وڵاتیان لێ تەنگ دەکەن، هەراسانیان دەکەن، شاربەدەر و وڵاتبەدەریان دەکەن، کار و پیشەیان لێ قەدەخە دەکەن، تا دەگاتە ڕادەی ڕووکردن لە قاچاخچێتی و کاری یاساغ و ئەوجا تفەنگ هەڵگرتن، تەنگاویان دەکەن، وەک میرزای هەردەم دژە توندوتیژی، هەردەم ئاشتیخواز و دەزگیرانەکەی، کە لە پۆپەی ڕۆمانەکەدا لە جیاتی جیازی بووکێنی و پێکەوەنانی ماڵ و کەژاوەی زاوا و بووکێنی و کار و کەسابەت و زگوزا ناچار دەبن

پەنا وەبەر چەک بەرن و ڕوو لە نادیاری بکەن. ئەمـــەش ئەو گـــۆڕانکارییـــە دراماتیکییە گرینگەیە کە لە لووتکەی ڕۆمانەکەدا بەسەر کەسایەتیی بساز و ئاشتیخوازی میرزادا دێت، کاتێک کە لە هەموو هیوایەک بێ ئومێد دەبێ.

لێرەشەوە دەڵێم میرزا (ئاوازی سەرەکییە)، بەڵام میرزا لە لووتکەی ڕۆمانەکەدا دەوەستێ، نەک لە کۆتاییەکەیدا، لە موزیکدا تەرازووبوونەوەی (قەرار) و (جەواب) هەیە، بەڵام مـــیـــرزا ئاوازێکە لە کـاتـی (قـــەرار) دا دەوەســـتێ، قـــەراری چەک لەشانکردنی خۆی و خۆشەویستەکەی، کە (جەواب)ەکەی دیار نییە، ئەمەش هەم دەرچوونە لە سێ یەکـــەی باوی ڕۆمـــان (ســـەرەتا - لووتکە - کـــۆتایی)، هەم ڕەچاونەکردنی هاوسەنگبوونەوەی قەرار و جەوابە موزیکییەکەشە، بۆیە هەست بە پێویستی هاتن / نووسینی بەشی سێیەمی ڕۆمانەکە دەکەین، بۆ ئەوەی ببێتە سێیینەیەک و خوێنەر دڵ بە کۆتاییەکەی دابێنێ، ئاخر وەستان، یا ڕاگرتنی کاراکتەری سەرەکی، یا بەسەرهات لەسەر لووتکەی (قەرار = بڕیار) بڕی خوێنەر ناشکێنێ، ئیتر ئەو لووتکەیە هیی موزیک بێت، یا هیی ڕۆمان.

شیاوی ئاماژەیشە کە ئەم (لەسەر لووتکە وەستانە) ئەوە نییە کە (کێتس) پێی ئێژێ (توانای سەلبییەت - القدرة علی السلبیة) یا ئەوەی کە (جۆیس) پێی دەڵێ (مەنگەسۆز - Statik) و پێی وایە هونەری ڕەسەن کاری پێ دەکا و سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ (ئەفلاتوون) و (تۆمای ئەکوینی)، کە پێیان وایە هونەری ڕاستەقینە (بەپێچەوانەی بزۆزە سۆز - Kinetik)ەوە خەڵک بۆ هەڵویست وەرگرتن پاڵ نادات. ئەوەی ئەمان مەبەستیانە لایەنی ئەخلاقی (چاکە و خراپە) یا (جوانی و دزێوی)یە، بەڵام ئەوەی لە ڕۆمانی (هاوارەبەرە)ی ئەمیریدا دەبینرێ پێرەوینەکردنی سێیەی یەکە باوەکانی پەرەسەندنی ڕۆمـــان - چیـــرۆکە، لە سەرەتاوە بۆ لووتکە و لە لووتکەوە بۆ کۆتایی، بگرە ڕاگرتنی (گێڕانەوە)یە لە سەر لووتکەیەکی وەهمی، لووتکەیەک کە ڕێگە بۆ سەرەتایەکی تر خۆش دەکا، لووتکەیەک بۆ دەسپێکێکی تر دەشێ.

ئەمـــەش لە جـــێی خـــۆیدا تەکنیکێکی تری هونەری مـــوزیکە پێی ئێـــژین (هەڵسووڕانەوە).

ڕۆندۆ = Rondoلە موزیکدا واتا بابەتێکی سەرەکی و هەندێ بابەتی لاوەکی کە دەرکەوتنەوەی ناوەناوەی بابەتە سەرەکییەکە پێکەوەیان گرێ دەداتەوە و

سرووشی (ئیحای) بێکۆتاییبوونی دەقی موزیک دەدات و ڕێگە بۆ هێشتنەوەی دەق بەبێ کۆتایی و بە کراوەیی خۆش دەکا و بواری تێهەڵچوونەوە بە داهێنەر دەدات.

ئەم تەکنیکە موزیکییە لە ڕۆمانی (هاوارەبەر)ش لە زۆر شوێندا کاری پێ کراوە و زۆرجـار خـوێنـەر وا هـەست دەکـا گـەیشـتـووەتە کـۆتـایی بەرهـەمـەکـە، بەڵام (هەڵسووڕانەوە) یەک دێتە پێشـەوە و سـەرەتا خۆی وا نیشـان دەدات کە کۆتایی کـارەکـەیە، بەڵام دواتر هـەر ئەو لووتکە وەهـمـیـیـەیە دەبێـتـە سـەرەتا و بنـەمـای ڕووداوێکی تر و لە شـێـوەی شـەپۆلانێکدا درێژە بە بـەسـەرهـاتـەکـە دەدات، بەرچاوترین نموونەیش کۆتایی بەشی یەکەمە (کتێبی هاوارەبەر) کە ئیتر (یارە) و (خـەزاڵ) بەیەکتر دەگەن و ئاهەنگ و شـایلۆغـان کۆتایی دێت، خـوێنەر ئیدی دڵ بەو کـۆتاییـیـە دادەهـێنێ، کەچی وا ناکەوێتـەوە و ئەم بەشی یـەکەمی ڕۆمـانەکە بە سووتانی ماڵی بلە چەرچی کۆتایی دێت.

ئەم سووتانی مـاڵی بلە چەرچییەیە لە بەشی دووەمی ڕۆمانەکەدا (بەشی مـیرزا) دەبێتـە فـاکتـەری سـەرەکیی سـەرجـەم ڕووداوە هـەنووکـەیـیـەکان و بیرکـەوتنەوە و لێکگرێدانی ڕووداوە کـۆنەکـانیش لـە نێـوان یەکـتـر و لەگـەڵ ئەوانـەی سـەردەمی ئێسـتای ڕۆمـانەکەشدا، کۆتایی بەشی دووەمی ڕۆمـانەکەش هەر ئاوا کراوەیە و بوار و ئەگـەری تر دەخـوڵقـێنێ، کـاتێک مـیـرزا و ناز (ژن و پیـاو) تفـەنگ لـە شـان دەکەن. ئاگر تێبەردانەکەی کۆتایی بەشی (هاوارەبەرە) و ئەم دەستدانە تفەنگەش لە کۆتایی بەشـی (میرزا)شدا دوو دیوی یەک پرۆسـەن، کە شۆڕشە.

لە ئەنجـامی ئەم فرەلووتکەیی، یا دەشـێم بڵێم بەهۆی ئەم وردە لووتکانەوەیە کـە ڕۆمـانی هـاوارەبەرەی ئەمـیری بە هـەردوو بەشـەکەیـەوە شـێوەی شـەپۆلان (تموج)ی وەرگرتووە نەک شێوەی باوی ڕۆمان کە (٨)ە.

لە هـاوارەبـەردا ئەگـەرچی پـارچە = مـۆتیـفی (سـۆلۆ) دەنگی تاک دەبیـسـترێ کـاتێک کە یارە لە بـەشی یەکەمـدا لە میـرزا و لە بەشی دووەمـدا میـرزا لـە خـۆی دەدوێ، یا کـاتێک کـەمـال لە (گـەلـە) دەدوێ، یا کـە ڕەشـیـدەدز بەسـەرهـاتی خـۆی و خـدرئاغـا و زەڵـخـا دەگێڕێتـەوە، وەلێ بەهـەمـان شـێوە دەنگی (کـۆنشـێرتۆ)یش لەم ڕۆمانەدا بیستراوە وەک لە دیمەنی داخـوازیکردنەکەی خـەزاڵ و، خوری پشکنینەوە و، شاییـیەکەی یارەو خـەزاڵ و، ڕمبازێن و ڕەسـمی گیسکـەکوڕانەو، دیمەنی یارە و هاوەڵانی لە زینداندا و تەنانەت شـەڕە تەقەکەی ڕەشـەدز و میرزا و پیاوانی نائیب و

وەکیل و... هیتریش هەن، کە مەودای باسکردنی هەموویان نییە وەک شەڕی ژن و پیاوی ناو ئاوایی، کە دەشێم بڵێم کۆنشێرتۆیەک پێک دەهێنن تا سۆلۆ، کاتێک هەرکەس بە نەبرێک و ئاوازێک و تۆنێک گوزارە لە خۆیان دەکەن.

پارەکانی هەردوو بەشی ڕۆمانەکەش، وەکو نەریتی باوی موزیک، بە ژمارە (١، ٢، ٣ ...) دابەش کراون نەک بە ناونیشانی لاوەکی.

بینا لەسەر ئەم قسانەی پێشوو دەڵێم پارچە موزیکی فۆلکلۆری کوردی (هاوارەبەرە) هەر بە تەنیا پارچە موزیکێکی تێکەڵکێش کراو / ئاوێزان کراو نییە لە دەقی ڕۆمانەکەدا، بگرە شێوازی بینای گێڕانەوەی ڕۆمانەکەش شێوازی بینای کۆنشێرتۆیەکی موزیکی هەیە. چونکە پرۆسەی گێڕانەوەکە لەگەڵ ڕووداو و، دەرکەوتن و کشانەوە و دووبارە هاتنەوەی کاراکتەر و تێکەڵکردن و تاکبوونەوەی دەنگەکان و بەرز و نەویبوونیان، شێوەی پارچە موزیکێک بە دەقی ڕۆمانەکە دەدا، کە لە هەمان کاتدا دەشێ بڵێم بابەتیشە، لەبەرئەوەی سەرجەم دەقی ڕۆمانەکە بۆ خۆی هاوارێکی مەزنی سەرکردەیەکە (میرزا) بۆ ڕزگارکردنی گەلێک، وەک چۆن ئاوازی هاوارەبەرە هاواری شوانێکە کە (یارە)یە لەپێناوی پارێزگارکردنی مێگەلێک، پێشم وایە ڕۆماننووس فەتاح ئەمیری زۆر بە سەرکەوتوویی توانیویەتی ئەم شێوەیە بەرهەم بهێنێ و، ئەم ئامانج/ مەبەستەش وەدی بێنێ.

وەلێ سێ حاڵەتیش لە هەردوو بەرگی/ بەشی ڕۆمانی هاوارەبەرەدا شک دەبەم، کە هەڵوێستەیان دەوێ:

یەکەم: لە هەندێ شوێندا وا نیشان دراوە کە (یای ناز) بە خۆی و هەردووک منداڵەوە (وتمان و ئەستێ) لە هەمان ئاوایی سۆفی ئەحمەددا دەژین، بە بەڵگەی ئەوەی کە وتمانی خوردساڵ دەتوانێ هاتوچۆی ماڵی سۆفی بکا، لە کاتێکدا لە سەرەتای بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا گوتراوە ئاواییەکە تاکە ماڵەیە و، بە تەنیا ماڵی سۆفی لێیە. کەچی لە هەندێ بەشی ترەوە تێ دەگەین، کە ناز لە گوندی حاجی محەمەد دادەنیشێ، کە گوندێکی ترە.

دووەم: ئەمیری لەم ڕۆمانەیدا زۆری بایەخ بە ژیانی سوننەتی (ئەگەر دابێ) وەک خۆی لە پیشەکییەکەیدا دەیڵێ، ئەی چۆنە خانەوادەی دەسرۆی یای ناز و جوان و لاو ڕێیان داوە لە گوندێکی دوور بە تەنیا و بێ پیاو بە دوو منداڵەوە بمێنێ؟.

لە ژیانی کوردەواریدا ئەمە ڕێ نادرێ، ژن کە بێوەژن کەوت، مەگەر منداڵی خۆی لە کوڕان لە تەمەنی بلوغ تێپەڕیبن، دەنا کەسوکاری لێ ناگەڕێن تەنانەت لەگەڵ ماڵە خەزوورانیشدا بژێت، چ جای بۆ ژنێکی گەنجی وەک یای ناز، جوان و تەنیا و، بۆ بنەماڵەکەی، کە لە کۆتاییی بەشی دووەمدا (میرزا) دەردەکەوێ کە خوشکی میرانە و، میرانیش کوڕی مەحموود بەگە و، مەحموود بەگیش یەکە پیاوی دەڤەرەکە بووە.

سێیەم: لە (ل-٩٠)ی بەشی یەکەمەوە (هاوارەبەرە) تێ دەگەین کە یای ناز بێوەژن دوو منداڵی هەن: ستێی شەش حەوت ساڵ و وەتمانی خوردساڵ، کە هێشتا زمانی پاک نەبووەتەوە و (ڕ) وەک (ل) گۆ دەکا و بە میرزا دەڵێ (میلزا) و، لە کاتێکدا ئەم هێشتا هەر بەو شێوەیە ناوی میرزا گۆ دەکا، تا کۆتاییی بەشی دووەمی ڕۆمانەکەش هێشتا هەر زمانی پاک نەبووەتەوە، واتا نەبووەتە دوو ساڵ، کەچی (ستێ)ی خوشکی کە دەبێ ئەو دەمە (٨ - ٩) ساڵ بووبێ، گەورە بووە و لەگەڵ (حەسکۆ)ی خاڵۆزایدا دڵداری دەکا و مارە دەکرێ و مێردیش دەکا...! بەڵام وەتمان لە دوا دێرەکانی بەشی دووەمی ڕۆمانەکەشدا هێشتا هەر بە (میرزا) دەڵێ (میلزا).

لە بینای گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا من ئەمانە وەک کەلێن دەبینم کە لەوانەیە لە سۆنگەی غەفلەتەوە هاتبن.

ئازارەکانی ڕوح لە بەر زەبری جەستەدا

وەک دیتمان لە ڕووی شوێن و کەش و سروشت و، کار و پێشە و باری ژیان و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کاراکتەر و سروشتی ململانێ و پێوەندی و گرفت و تەواوی کولتوور و زمانیشەوە ڕۆمانی هاوارەبەرە بە هەردووک بەشەوە ڕۆمانێکی لادێییانەیە، ئەمیری بە شارەزاییەکی سەرنجڕاکێشەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەو کەرستانەدا کردووە. وەلێ ئەمە هەموو شارەزایی و کۆتاییی توانای ئەمیری نییە، شارەزایی ئەو دەشێ لە لادێوە دەستی پێ کردبێ، بەڵام هەر لەوێ تەواو نابێ، بگرە هەتا نێو شار و نهێنییەکانی ژیان و گوزەرانی شار بڕ دەکا و، لە سروشتی مرۆی لادێشەوە تا ڕاز و نیازەکانی خەڵکی شار پەلدەهاوێ و، دەگاتە کار و پیشە و تەرزی داوونەریت و سروشتی دەروونی چینی برژوا و ئورۆستکراتی

و تەنانەت جلوبەگ و جۆری بۆن و میکیاج و خواردن و خواردنەوە و، ڕابواردن و کەرەستەی ناومال، شێوەی هەڵسوکەوتی ڕەفتاری نێوخۆ و خەڵکیشیان، وێڕای پێوەندی و بەرژەوەندییان لەگەڵ دەسەلاتیشدا، هاوڕا لەگەڵ زۆر دیاردەی تری تایبەتمەندی شارنشینان.

ئەگەر بشێ (هاوارەبەرە و میرزا) وەکو دوو ڕۆمانی سەربەخۆ بژمێرین، ئەوا فەتاح ئەمیری لە ڕۆمانی سێیەمدا (زیندەخەو) بە گواستنەوەی مەیدانی کاری ڕۆمانی کوردی لە لادێوە بۆ شار زۆرێک لەو مەبەست و دیاردە و تایبەتمەندییانە بەرجەستە دەکا، کە لە ڕۆمانی لادێدا بوونێکیان نییە.

زیندەخەو، فەنتازیایەکی بەرچاو و سەرنجڕاکێش و هەڵقولاوی ئەقلییەتێکی خەیالبلاو و واقیعێکی نامەعقوول و ئەفسووناوییە، کە ئەگەر ڕوویش نەدا، ڕێی تێدەچێ. تیمەی سەرەکی کارەکە لەسەر بنەما، یا وەکی تر بلێم لەسەر (بڕوا – ئیمان)ی دۆنادۆن= تەناسوخی ڕوح بنیات نراوە، کە ئەگەرچی هەندێ کەس نایسەلمێنن، بەلام بە ملیۆنەهاش هەن وەکو ڕاستییەکی ئاینی حاشا هەڵنەگر بڕوای پتەویان پێ هێناوە، تەنانەت لە کۆمەڵگەی کوردیی خۆیشماندا پێڕەوەکانی هەندێ ئاین و ئاینزا هەن، کە وەکو ڕاستییەکی ڕەها دەڕواننە دۆناودۆن.

لە نێوان ئەم بڕوادارانە و، ئەوانەی بڕوای خودی ئاینیان دۆناودۆن ناسەلمێنن، فەتاح ئەمیری ڕۆماننووس بۆشاییەکی واقیعی ئەفسووناوی دۆزیوەتەوە کە بواری ئەفراندنی کارکتەرێکی هونەری و ژیانێکی خەیال و دوو دیوی بۆ ڕەخساندووە، کە جارێک وەکو قوربانی و جارێکی تر وەکو جەللاد وەدەر دەکەوێ.

بنیاتی ڕووداوی زیندەخەو بریتییە لە دوو ڕووداوی سەرەکیی پەلکەوەن ئاسای تێکئالاوی سەربەخۆ بەهەموو ڕەگەزەکانی کات و شوێن و کەش و کارەکتەرەکانەوە، هەردوو ئەو ڕووداوانەش لە کاتی (ئێستا)وە دەست پێ دەکەن، بەلام یەکیان لە ئێستاوە بۆ (ڕابردوو) و، ئەوەی تریان لە ئێستاوە بۆ (داهاتوو) و، خالی بەریەکتر کەوتن، یا یەکانگیریشیان کە سایەتی خودی کاراکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، کە لە ڕووداوی یەکەم و لە ئێستادا ناوی (ئازاد)ە و، لە ڕووداوی دووەمیشدا لە (ڕابردوودا) ناوی (حوسێن)ە، کە لە کۆتاییی ڕۆمانەکەدا لە دیمەنێکی پەرجوو ئاسادا لە یەکتر ئاشکرا دەبن و بەشێوەیەکی ڕەمزی لەگەڵ

یەکتر یەک دەگرنەوە.

کاراکتەری سەرەکی لە ئێستادا هەتا وشیار و بە ئاگایە (ئازاد)ە، بەڵام لە ڕابردوو و لە بێئاگایی و لە کاتی خەوندیتن و لە زیندەخەودا (دەبێ جیاوازی خەون و، زیندەخەویش بەوردی لە بەرچاو بگیرێ) ئەوا (حوسێن)ە، یا ڕوونتر بڵێم ئازاد لە ڕابردوودا (حوسێن) بووە و، حوسێنیش لە ئێستادا (ئازاد)ە و، هەریەکەشیان لەسەر زنجیرە ڕووداوێک وەستاون، کە کۆمەڵە دەوالیزمێک پێکیان دەگەێنێ و لێکیشیان جیا دەکاتەوە:

ئازاد کوردە، حوسێن ئازەری بووە. ئازاد سوننەیە، حوسێن شیعە بووە. ئازاد خەڵکی مەهابادە، حوسێن خەڵکی ورمێ بووە. ئازاد قوتابیی ئامادەییی (دەبیرستان)ە، حوسێن ئەفسەر بووە. ئازاد کوڕی دووکاندارێکی سەر بەچینی برژاوی بچووکە، حوسێن کوڕی بنەماڵەی ئەفسەرێکی ئەرستوکراتی بووە، ئازاد نەتەوەپەروەرێکی چالاکوانی کوردە لە دژی ڕێژیمی حەمەڕەزا شای ئێران، حوسێن ئەفسەرێکی چالاکوانی دەزگای سەرکوتکاری (ساواک)ی شاپارێز بووە. ئازاد هێشتا بریاری کۆتاییی خۆی لەمەڕ هاوسەرگیرییەوە نەداوە، حوسێن ژنی هەبوو (زەڕی) و، کچێکیشی لێ هەیە (ئیلاهە).

ئازاد لەسەر کاری سیاسی بەندە دەکرێ و ئەشکەنجە دەدرێ، حوسێن لە زینداندا زیندانی سیاسی ئەشکەنجە کردووە، ئازاد لە (١٣٣٧/٢/١٠ ه = ١٩٥٩ ز) لەدایک دەبێ، حوسێن لە هەمان ڕۆژدا خۆی کوشتووە. کە ئاماژەیەکی گرینگە لە دەقەکەدا بۆ دۆناودۆنکردنی (ڕوحی) حوسێن لە جەستەی ئەوەوە بۆ جەستەی (ئازاد)ی ساوا.

خۆکوشتنەکەی حوسێن بەژێر زەبری ئازاری ویژداندا بووە بەرامبەر بە خۆڕاگری و ئارامی و مەنتیقی کوڕە کوردی زیندانی بێ تاوان (ئەمیر) کە قوتابیی خوێندنی باڵا و لێکۆڵەرەوەیەکی کۆمەڵایەتی بووە و، بەبێ ئەوەی هیچ چالاکی و ئینتیمایەکی سیاسی هەبووبێ دەست ساواک دەکەوێ و ئەشکەنجەدانی دەکەوێتە ئەستۆی حوسێن. حوسێنیش کە دیارە خاوەن وێژدانە و، هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە، لە وەزیفەکەی ناقایل بووە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی لە وانەی ئیتیلاعدا نومرەی تەواوی هێناوە، ساواک هەڵی دەبژێرن بۆ کارکردن لە

ڕیزەکانیاندا، گەورە ئەفسەرێکی کۆنە برادەری بابیشی چ بە هەڕەشە و ترساندن، چ بە هاندان لەبەر بەرژەوندیی خۆی بۆ ئەو کارەی ئاراستە دەکا، دیارە ئیتر پێوە دەبێ، تا لە نێوان ئازاری وێژدان و پاڵەپەستۆی ئەفسەرانی لە خۆبڵنتردا خۆی دەکوژێ و بەو چارەنووسە دەگا کە ڕێککەوتی کۆی نەمرەی باڵا بۆی دیاری کردووە.

خۆ کوژییەکەی حوسێن پێشتریش داوای لێبووردنکردنی لە (ئەمیر)ی زیندانی و قوربانی بەردەستی، دەکرێ وەکو (خۆپاککردنەوەیەک) لەو تاوانەی کە بەرامبەر ئەمیری بێ تاوان و سەرجەم زیندانییە کوردەکان و تەواوی گەلی کوردیشی کردووە بخوێنرێتەوە.

لێرەشەوە دەڵێم حوسێن بە تەواوی لێوەشاوییەوە، مافی خۆیەتی ئەگەر بە ڕوحێکی پاک و بێگەردەوە لە سووڕی دووەمی ژیانیدا بچێتە جەستەی منداڵێکی کوردی بێگوناهی وەک (ئازاد)ی ساواوە کە لە هەمان ڕۆژی خۆکوشتن= خۆڕزگارکردنەکەی حوسێندا دێتە دنیاوە و، لە جەستەی ئەو= ئازاددا درێژە بە ژیانی ئازادانەی خۆی بدا و، لە قۆناخی لاوێتی و لە سەروبەندی پێش ڕووخانی ڕێژیمی شادا لە ١٩٧٩دا وەکو (ئازاد)ی کوڕە کوردی ئازادیخواز و نیشتیمانپارێز و نەتەوەپەروەریش جێگۆڕکێ بکا و لە حوسێنی جەللادی ئەشکەنجەدەری زیندانیانی کوردەوە، ببێتە (ئازاد)ی قوربانی و، ئەمجا بەخۆی لەسەر کوردایەتی بەکردەوە و، بە تاوانی دژایەتیکردنی هەمان ڕێژیمی شاهەنشاهی، کە لە سەردەمی (حوسێن)ی بوونیدا بەرگری لێ دەکرد، دەسگیر بکرێ و ئەمجا، واتا لە سەردەمی (ئازاد) بوونیدا، بە خۆیشی لەلایەن دەستە و وەچەیەکی تری ئەفسەرانی ساواکی ئازەرییەوە ئەشکەنجە بدرێ. کە دەشێ ئەمەش وەک پلەیەکی تری پێشکەوتووتری (پاککردنەوە)ی خوایانە، یا قەدەری بۆ حوسێن لە قەڵەم بدەین کاتێک لە جەستەی منداڵە= لاوە کوردێکدا ڕوحێکی دووبارە ئۆقرە دەگرێ و ئەو ئێش و ئازارانە ببینێ کە بە خۆی بە کوڕانی کورد (ئەمیر)ی دەچێشت. ئەم (پاکبوونەوە)یان سزایەکی قەدەرییە و جیاوازی زۆرە لەگەڵ (خۆپاککردنەوە) یەدا کە ئیرادەی حوسێن خۆی لەسەری بووە، کە (خۆکوژییە)کەیە.

ئەم خۆپاککردنەوە و پاککردنەوە قەدەرییەکەش دیارە بەسن بۆ ئەوەی قبوول بکرێن و حوسێن لە تاوانەکانی دابماڵرێ و پاداشتیش بکرێ لە سۆنگەی ئەو پەشیمانییە ڕاستگۆیانەیەیدا، ئەو پاداشتە گەورەیەش ئەوەیە کە حوسێن، لە سەردەمی ژیانی (ئازاد)ی بوونیدا و بە جەستەی ئازاد-ەوە زەڕیی ژن و خۆشەویستی و، (ئیلاهە)ی شۆخ و شەنگی کچی لە ماڵ و حاڵی خۆیاندا، لە ورمێ دەبینێتەوە و، لە دەربازبوونیشیان بۆ ئەورووپا، لە دوای رووخاندنی ڕێژیمی شا دڵنیا دەبێ. زەڕی و ئیلاهەش لە (ئازاد)دا وێنەیەکی لاوێتی و گەنجبوونەوەی (حوسێن) دەبیننەوە و، لە ئەنجامی لێکچوونی هەردووکیانەوە (حوسێن و ئازاد) پێوەندییەکی ڕوحی لەگەڵ ئازاددا دەبەستن و، کاتێک کە ئازادی قوتابیی زانکۆی ورمێ لەسەر بڵاوکردنەوەی بەیاننامە دەسگیر دەکرێ، ئەوان بە جووتە (زەڕی و ئیلاهە) بە سوودوەرگرتن لە کاری پێشووی حوسێن لە ساواک، لە ئازار و ئەشکەنجە و کارەساتێکی ڕاستەقینەی بکوژی ڕزگار دەکەن بە دەستی ساواکەوە هەلێکی تری ژیانی (بۆ ئازاد) بۆ دەستەبەر دەکەن، وەلێ ئەم جارەیان نەک وەک کوڕە ئازەرییەکی داردەستی ڕێژیم، بگرە وەکو کوڕە کوردێکی تێکۆشەر لە دژی زوڵم و زۆریی دەسەلات و، لەپێناوی ئازادیدا دەجەنگێ و گیانبازی دەکا، ئازادی بۆ تەواوی خەڵکی وڵات بە هەموو نەتەوە و ئاین و ئاینزاکانییەوە، نەک بۆ بەرژەوندیی تاکە کەسی، یا کەمینەیەک.

لە جیهانی سیاسەتدا چەمکێک، یا قسەیەک هەیە دەڵێ: کەمینەکان، ئاینی بن، یا نەتەوەیی سروشتێکی هەڵپەرستانەیان هەیە، بۆیە هەردەم لەگەڵ دەسەڵاتدان و زۆرجاریش کە پتر لە کەمە نەتەوەیەک، یا کەمینەیەکی ئاینی، یا ئاینزایی لە وڵاتێکدا دەکەونە ژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریانەی نەتەوەیەک، یا زۆرینەیەکی ئاینییەوە، یەکێکیان، واتا یەکێک لەو کەمینانە خۆیان دەخەنە خزمەتی هێزە باڵادەستە دیکتاتۆرەکەوە و لەسەر حیسابی بەرژەوندیی کەمینە، یا کەمینەکانی تر نەک هەرخۆیان و بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەپارێزن، بگرە دەسکەوتی مادی و، پلە و پایەی فەرمی و، تەنانەت زەوی پتریش وەدەست دەهێنن، وەک ئەوەی چەندان دەیە، یا ڕەنگە چەندان سەدەیشە کە لە ڕۆهەڵاتی کوردستان- کوردستانی ئێران سیاسەتمەدارانی ئازەری و، لە باشووری کوردستان- کوردستانی عیراق کاربەدەستانی هەڵپەرستی تورکمان لە دژی کورد و بەرژەوندیی مان و بوونی

نەتەوییی کوردی دەکەن لەپێناوی بەرژەوەندیی هەردوو گەلی بالادەستی (فارس)ی ئێران و (عەرەب)ی عێراقی دەکەن بەرامبەر هەندێ دەسکەوتی ڕۆژانەی تەکتیکی خۆیان کە بە دڵنیاییییەوە لەسەر ئاستی ستراتیجی بە خراپ بەسەریاندا دەشکێتەوە، وەک ئەوەی لە عێراقی سەدامدا لەگەڵ تورکماندا کرا، کاتێک پێویستی پێیان نەما و وێرای لەنێوبردنی زۆرێک لە سەرانیان نکووڵی لە بوونی نەتەوەیی تورکمانیش کرد لە عێراقدا و، تەنانەت لە سەرژمێرییە فەرمییەکانیشدا هەمووتورکمانیشیان بە (عەرەب) ناونووس کرد، هەتا لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١، کە حکوومەتی ناوند لەبەر هەمان هۆ و بۆ لێدانی بەرژەوەندیی کورد هەمان ڕۆڵی پێشینەی بە هەندێک لە سەرانی کورتبینی تورکمانی عێراق دایەوە، دڵنیام ئازەریانی ئێرانیش هەمان ڕۆڵ و هەمان مێژوو دووبارە دەکەنەوە بەبێ ئەوەی لەسەر ئاستی دوور و ستراتیجی هیچ دەسکەوتێکی ڕاستەقینە بەدەست بێنن وەک ئەوەی لە سەردەمی شاهەنشاهی و، لە ڕۆژگاری شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا کردیان و دیتیان، ئەگەرچی لەسەر ئاینزایانی (شیعە)ی گەلی بالادەستی ئێرانیش بوون، بەڵام دەسکەوتەکانیان ڕووکەش و ڕۆژانە پتر نەبوون و ناشبن، هەرچەندە لە سەردەمی شاهەنشاهیدا خاڵوانی وەلی عەهد بوون، لە شۆڕشی ئیسلامیشدا خودانی ئایەتوڵلای مەزن و کاریگەری ڕۆژانی هەڵگیرساندن و سەرکەوتنی ئینقیلابی ئیسلامیش بوون. من بۆ خۆم لە ئازەربایجان و لە کەرکووکیش ژیاوم و بەداخەوە ئەم هەڵسوکەوتەم لە ئازەری و لە تورکمانیش دیوە.

پەیامی فەتاح ئەمیری لەم ڕۆمانەدا (زیندەخەو) پەیامێکی ڕوون و بەهێزە، لەوانەیە زۆریش کاریگەر بێت لە دژی ئەم دیاردە سیاسییە- ئابوورییە خۆپەرستی و ڕەگەزپەرستی و هەڵپەرستییە کوشندەیەی کە لە (خۆکوشتن)ی حوسێندا خۆی دەنوێنێ و، هەردەم لە دژی گەلانی ژێردەستە و لە بەرژەوەندیی گەلانی بالادەست تەواو بووە و تەواویش دەبێ.

زیندەخەو، بانگەوازێکی ڕاستەقینەیە بۆ دۆستایەتی و ئاشتەوایی و هاوچارەنووسی گەلانی ژێردەستی ستەمدیدەی هاوخەم و هاوهیوا و هاوچارنووس، هاوارێکە بەوەی بەرامبەر دەڵێ ئەوەی تۆ لە دژمی دەکەی و لەگەڵمی دەکەی سبەی بەرخۆشت دەکەوێ وەک چۆن لە ساتەوەختێکدا حوسێن

جـێگۆڕکـێی کـرد و له جـەللادێکەوه بـوو به قـوربانی. لـه ئەفـسـەرێکی ئازەری ساواکییەوه کە کوردی ئەشکەنجە دەدا، له پرۆسـەیەکی موحـتەمـەلی ڕۆڵگۆڕکێدا بوو به کوردێک که ئەفسەرێکی تری ئازەری ساواکی ئەشکەنجەی دەدات. له یەک حاڵەتیشدا نەبێ کە سەرکار وەکیلی ئازەری ئازاد له دەستگیرکردن ڕزگار دەکا، دەنا ئـیـتـر ئەوەی ئازار دەدات ئازەرییـه و ئـەوەی ئەشکەنجـه دەکـێـشێ کـوردە، ئەگەرچی جـەسـتـەکانیش دەگـۆڕێن و ڕوحـەکە (ڕوحـە مـرۆڤـایەتییـەکـە) جێگر و نەگۆڕە، کە دەلالەت له برایەتی و یەکسانی و یەکەتی گەوهەری مـرۆڤ دەکا، بەڵام دیاریشـه لەگەڵ ساتی یـەکەمدا کامڵی، یا ناکامڵی جـەسـتـە، جۆری جینسـی (نێر، یا مێ) جـەسـتـە و کـات و شـوێنی لەدایکبـوون و، دەوروبەر (سـروشت و ژینگەی کۆمەڵایەتی) ناسنامەی نەتەوەیی و ئاینی و کـۆمەڵایەتی و سیاسـی و پەروەردەیی و ڕۆشنبـیری و کولتـووری بۆ دیاری دەکەن و دەبنه مـایەی جیـاوازی نـەتەوایەتی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سـیاسیی تاک، لەسەر ئەو ئینتیمـایانەی کە خۆی دەسـتی له هـەڵبـژاردنیـاندا نیـیـە، ئەو ڕووحـە گشـتـییـەی، کە هەمـووان شـەریکین تێیدا، دووچاری دۆخی جیا جیای ژیانی بەکردەوە و چارەنووسی جیاواز و ئازار و چەوسانەوە، یا پێچەوانەکەی دەکەن.

زیندەخەو، وەکو هزر سـەر بەجیهانی میـتافیزیکە، وەکو هونەر فـەنتازیایە، وەکو سیاسـەت واقیعییە، وەکو کۆمەڵایەتی (دادپەروەری ئەدەبییە)، دادپەروەری ئەدەبی به واتای ئەوەی کـە لە دەقی ئەدەبیدا دەبێ چاک به پاداشـتی خۆی بگا و خـراپیش به سـزای خـۆی، هەرچەندە لە جـیـهـانی واقیـعـدا ئەم بنەمـایەی سزا و پاداشـتـە هەمـوو جـارێک بەجێ نایەت و، زۆرجـار چاکـە و تەنانەت ئەوانیـشی کـە خـراپە و تاوان دەکـەن بەبێ سـزا دەردەچن، بەڵام ژیانی ئەدەبی بەبێ (دادپەروەری ئەدەبی) پەسـەند نییە.

تێکەڵکێشبـوون و بەیەکداچوونی مـیتـافیـزک و فەنتـازیا و واقیـعییـەت و، ئاکام بەجـێـهـێنـانی دادپەروەری ئەدەبیش لە دەقی (زیـندەخـەو)دا، سـروشـتـێکی درامـیی هارمـۆنی به ڕۆمـانەکە داوە، کە پتر لە کانگایەکی ڕەنگاوڕەنگی (واتا گەیێنی) بۆ خـوێنەر دروست دەکا، لە یەک کاتدا، واتا بەشـێوەیەکی هاوکـات/ تەزامـونی دوو کـەسـایەتی: یەکیان زیندوو، یەکیـان مـردوو. دوو ڕووداو: یەکیـان واقیـعی، یەکیـان زیندەخەو. دوو گیان یەکیان کۆتاییی دێت، یەکیان دەست پێ دەکا، پێشکێش دەکا.

ئەویشی ئەم دوو ئەزموونە هارمۆنییە ستونییە بە بارەی ئاسۆیشدا فراوان دەکا گەنجینەی لەبن نەهاتووی فۆلکلۆری و کولتووری و کەلەپووری و ئەزموونی خودی دایە خەیاڵ و سەرگوزشتە و شێوەزارە لۆکاڵییە مەنگورییەکەیەتی، ململانێی کاریکاتۆری (مەلی) و (فەوزیە)یە لەسەر وەدەستهێنانی دڵی ئازاد، کۆمیدیای شێوازی کوردی قسەکردنەکەی (ئەشرەف)ی ژنە ئازەری هاوسەری نایب و هاوسێی بەرپەنجەرەی ئازاد و حەزەکەیەتی بەرامبەر ئەو. شێوازی قسەکردنی کوردی بە ئاواز= گۆکردنی وشەی ئازەری کە فەتاح ئەمیری لە بەشی دووەمی هاوارەبەرەدا، واتا لە (میرزا)شدا بە زمانیی (ئەمی حوسێن)ی ئازەرییەوە کاری لەسەر کردووە. هەروەها شێوازی قسەکردنی مندالانەی (وریا)شە، کە جگە لە شێواندن و جێگۆڕکێی پیتەکان، هەڵوێست و قسەکانی (مەلی)ش ئاشکرا دەکا، کە ئەمیری لە هەردوو بەشی ڕۆمانی هاوارەبەرەشدا کەڵکی لێ دیوە، کاتێک دیالۆگەکانی (وەتمان) دەگێڕێتەوە.

ئەم مۆتیفانە تێیاندا هەیە وەک ڕووداوی لاوەکی یارمەتیدەر، یا ڕوونکەرەوە، یا وەک یەکەی واقیعییەت بەخش، یا وەک وێستگەی پشوو، یا وەک زیادە زانیاری بەخشین لەناو دەقی ڕۆمانەکەدا کار دەکەن و زۆربەی جار لە کاتی (زەمەنی ونبوو)دا لەو سەرچاوانەوە دەرژێنە (ڕۆخانە= مەجرا)ی گێڕانەوەی ڕووداوە سەرەکییەکەی زەمەنی ئێستاوە، بە تایبەتیش دیارە لەو ساتانەدا کە وەگێڕی سەرەکی ڕۆمانەکە، کە هەر بەخۆیشی کاراکتەری سەرەکییە، لە کاردا نییە، بە واتایەکی تر لەو حاڵەتانەدا کە:

١- ناتوانێ، ٢- یا ناوێرێ (بۆ خۆی) شتێک بەکردەوە بکا، بۆ ئەوەی هەلی ساغکردنەوەی دوودڵی و، نیگەرانییەکانی بۆ هەڵبکەوێ و، (وەرگێر)یش لە چاوەڕوانیدا ڕانەگرێ، ڕێگە بە (وەرگێڕە لاوەکییەکان)ی وەک مامە حەسەن و دایە خەیاڵ دەدا (بلێن= وەگێڕن)، یا هەل بۆ (کاراکتەرە لاوەکییەکان)ی وەک فەوزییە و مەلی و ئیلاهە و سەرکار نایب هەڵدەخا کە ئەوان (بکەن).

لەسەرنیی ئەم هۆکارانەشەوەیە دەکارم بێژم هەر بە تەنیا بینای ڕووداوەکەی نییە، بگرە لە ڕاستیدا بینای گێڕانەوەی ڕۆمانی زیندەخەویش بینایەکی هونەری و مۆدێرنانە = ناکلاسیکی گێرانەوەیە.

گێڕانەوە لە زیندەخەودا لەسەر زمانی کاراکتەری سەرەکییەوەیە و بە ڕاناوی کەسی یەکەم (من) دەگێڕدرێتەوە، هەندێ جار بە فەرمانی ڕابردوو و هەندێ جار بە فرمانی زەمەنی ئێستا = حازر. جاری وایش هەیە شێوازی فەرمانی داهاتوو وەردەگرێ و وەک گریمانەیەک دێتە چاو.

بەو شێوەیە وەگێڕ، یا وەگێڕەکان بەبێ ڕەچاوکردنی شێوازی گێڕانەوەی زنجیرەیی لە نێوان کاتی ئێستا و ڕابردوو و داهاتوو و زەمەنی ئوستووریدا دێن و دەچن، جارێک داهاتوو، جارێک خەون و جارێک سەرگوزەشتە و جارێک ئەفسانە و جارێک کەلەپوور لە دەقی ڕووداوەکەی ئێستا تێکەڵکێش دەکەن و ڕەهەندی جیا جیای دەدەنێ. وەک بەسەرهاتەکانی: سوڵتان ئاغا، لە مێژووی هاوچەرخا خ – ل / ٤٥، کارەساتی بنەماڵەی تێکۆشەری ئاغا میرزا فەتاح، لە مێژوویەکی کۆنتر = سەرەتای سەدەی بیستەم – ل / ١٣٢ و پاشتریش.

ئەفسانەکانی دەوری (حەولای مارف هەمزەی دەوەشار) و جنۆکە هاوەڵەکانی – ل / ٢٠٥و ٢٠٦، کە لە (میرزا) یشدا وێنەیەکی لای ڕەشەدزە هەیە. خەونەکانی کاراکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە و زۆر وردە ئاماژەی تریش، کە هەموو پێکڕا کار لەسەر پتەوکردنی ڕووداوی سەرەکی و دەوڵەمەندکردنی دەقەکە دەکەن، بەبێ ئەوەی باڵی بەسەردا بکێشن، یا پەکی بخەن.

زیندەخەو، تێکەڵکێشییەکی هونەریی خەیاڵ و واقیعە، ئاوێتەیەکە لە خەون و مێژوو، لە مادە و ڕوح، لە ڕێککەوت و هەڵبژاردن، لە ڕووبەڕووبوونەوە و هەڵاتن، لە جیابوونەوە و یەکگرتن. بانگەوازێکە بۆ، هاوارێکە لە تاک، لە کۆ بۆ یەکگرتن لە دژی دیکتاتۆر، لە دژی دەسەڵات، دەسەڵاتێک کە هەموان وەکو یەکتر دەهاڕێ، وەکو یەکتر پێشێلیان دەکا، بەڵام ڕەنگە لە کاتی جیا جیادا، لە شوێنی جیاوازدا، لێ ئاکام ئەوەی دەگۆڕێ لەوانەیە هەر قوربانییەکان بێت هەتا نۆرەیان دێت و دەکەونە بەر بەرداشەکە و بەرەودوا مایەپووچ لە پرۆسەکە تاک تاک دەردەکرێن، ئەگەر لەکاتی پێویستدا لەسەر هیوا و ئاواتی هاوبەش، لەسەر بنەمای هاوچارەنووسی یەکنەگرن و لە ڕووی دیکتاتۆرییەتی گەلی باڵادەست نەوەستن، کە بەپێی بەرنامە کار بۆ سڕینەوەی شوناسی نەتەوایەتی و زەوتکردنی چارەنووسی کەمینە نەتەوەیی و ئەتنییەکانی نێوخۆی ئیمپراتۆرییە گەورە، یا بچووکەکانیان

دەکەن، ئیتر هەر لە باوکێکەوە کە سوود لە ناکۆکیی نێوان ئەندامانی خێزانەکەی دەبینێ بیگرە تا دەگاتە ئەو قەڕاڵ = دیکتاتۆرەی کە بە بنەمای: (پەرت بکە و زاڵ بە) و (پەرت بکە و سوودمەند بە) کار دەکا.

پەیامی (زیندەخەو) پەیامێکە بۆ دۆستایەتی و برایەتیی ڕاستەقینەی هەردوو گەلی هاوکێشە و هاودەرد و هاوچارەنووسی ئازەر و کورد، نەوەک بە نۆرە هەر جارەی یەکێکیان ڕۆڵی جەللاد و قوربانیی پێ بگێڕدرێ و لەو دوو ڕۆڵەدا تا برستیان لێ دەبڕێ وەک (حوسێن) و (ئازاد) ڕۆڵگێڕکێ و جێگۆڕکێی بێکۆتایی سیزیفییانەیان پێ بکرێ.

سەرچاوەکان:


١ – اسعد محمد علي – بين الادب والموسيقى – بغداد ١٩٨٥

٢ – د. حسام يعقوب اسحق – الفبراتو كواسطة فنية تعبيرية في العزف على الفلوت – بغداد ١٩٨١

٣ – علي الشوك – الموسيقى بين الشرق والغرب – منشورات الجمل ١٩٩٧

٤ – كورت زاكس – تراث الموسيقى العالمية – ت: د. سمحة الخولي – دار النهضة – القاهرة.

٥ – جابر عصفور – زمن الرواية – دار المدى – ط ١ – ١٩٩٩

٦ – جان – ايف تادية – الرواية في القرن العشرين – ت: د. محمد خير البقاعي – الهيئة المصرية للكتاب – ٢٠٠٦

٧ – مالكولم برادبري – الرواية اليوم – ت: احمد عمر شاهين – الهيئة المصرية للكتاب – ١٩٩٦

٨ – فەتاح ئەمیری – هاوارەبەرە – چاپی یەکەم – ١٣٦٩ ی هەتاوی.

٩ – فەتاح ئەمیری – میرزا – چاپی یەکەم – هەولێ ١٣٧٢ ی هەتاوی.

١٠ – فەتاح ئەمیری – زیندەخەو – چاپی یەکەم – هەولێر ٢٠٠٣.


* لە کۆواری ڕامان – ژمارە (١٤٩)ی (تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩)دا بڵاو کراوەتەوە.

# سۆبارتۆ.. له یادەوەریی حەلیم یووسف- دا

دارمانی سلێمانی (نا) حەکیمی سەردەم

ساڵی ٢٠٠٦ له سیمیناری دووەمی ڕۆشنبیری دهۆکدا (حەلیم یووسف)ی چیرۆکنووس و ڕۆمانووسم له نزیکەوە ناسی کاتێک که باسێکی لەسەر ڕەوشی چیرۆکی کوردی پێشکێش کرد، ئەگەرچی پێشتریش له ڕێی خوێندنەوەی سێ کۆمەڵە چیرۆکیەوە دووراودوور ئەوم دەناسی.

حەلیم ساڵی ١٩٦٧ له شاری ئامودەی باشووری بچووک- کوردستانی سووریا هاتووەتە دنیاوە، له تەمەنی ٢٤ ساڵیدا، واتا له ١٩٩١ دا یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی خۆی به زمانی عەرەبی له دیمەشقی پایتەختی سووریا و به چاپێکی تایبەت و به ناوی (الرجل الحامل)ەوە بڵاو کردەوە، که دواتر له ساڵی ١٩٩٧دا خانەی ئاڤێستا له ئەستەمبوڵ، به زمانی کوردی و به پیتی لاتینی، له وەرگێڕانی خودی حەلیم به ناوی (مێردی ئاوس)ەوە بۆی بڵاو کردەوە.

کۆمەڵە چیرۆکی دووەمیشی به ناوی (ژنێن قاتێ بڵند) له ساڵی ١٩٩٨دا لەلایەن هەمان دەزگای چاپەمەنی ئاڤێستاوە له ئەستەمبوڵ، له وەرگێڕانی خودی حەلیم به کوردی و به پیتی لاتینی بڵاو کرایەوە، پاش ئەوەی بۆ یەکەم جار له بەیروتی پایتەختی لبنان به زمانی عەرەبی و بەپیتی عەرەبی بڵاوی کردبووەوە.

بەڵام کۆمەڵە چیرۆکی سێیەم که (مری رانازین- مردوو نانون)ی ناوە، هەر یەکسەر به کوردی و به پیتی لاتینی له خانەی ئاڤێستا له ئەستەمبوڵ، ساڵی ١٩٩٦ چاپ و بڵاو کردەوە، پاشانیش ئەم کۆمەڵەیەشی وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی و به ناوی (ئوێلیلەر ئۆیۆماز)ەوە، له ساڵی ١٩٩٨دا دەزگای ئاڤێستا بۆی چاپ و بڵاو کردووە.

چوارەم کۆمەڵە چیرۆکیشی که (مەم بەبێ زین)ە له ساڵی ٢٠٠٣ به زمانی تورکی و بەپیتی لاتینییە، دیسان له خانەی ئاڤێستا له ئەستەمبوڵ به چاپ

گەیەنراوە و بڵاو کراوەتەوە.

دوا کاریشی، کە خۆی لەگەڵ کۆ چیرۆکەکانیدا پێشکێشی کردووم، ڕۆمانی (سۆبارتۆ)یە، کە دیسانەوە لە چاپەمەنییەکانی دەزگای ئاڤێستایە و، ساڵی ١٩٩١ لە ئەستەمبوڵ، بە زمانی کوردی و بەپیتی لاتینی چاپ و بڵاو کراوەتەوە، بەڵام دواتر حەلیم هەر بەخۆی (بە دەسکارییەکی کەمەوە) وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، ساڵی ٢٠٠٤ لە هەولێر- پایتەختی باشوور، لەلایەن کۆمەڵەی کاوەی ڕۆشنبیریی کوردییەوە (٥٠٠) دانەی لێ چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

ڕۆمانی دووەمیشی (ترسا بێ ددان)ە کە لە ٢٠٠٨دا لقی دهۆکی یەکەتی نووسەرانی کورد چاپ و بڵاوی کردەوە.

لێرەشەوە خوێنەر دەشێ وەکو نووسەرێکی لاوی چالاک لە حەلیم یوسف بڕوانی کە بەم تەمەنەوە کۆمەڵێک بەرهەمی بەرچاوی لە چیرۆک و ڕۆمان بەرهەم هێناوە و بە بەراورد لەگەڵ ئەو قسەیەدا کە دەڵێ (هەتا تەمەنت لە پەنجا ساڵی تێپەڕی نەکرد ڕۆمان مەنووسە) ئەوا حەلیم هێشتاش بەو تەمەنە نەگەیشتووە و کەچی لەوپەڕی بەخشش و داهێناندایە، توانای بەسەر زمانی جیا جیادا دەشکێ و پێیان دەنووسێ، بەرهەمەکانی خۆیشی بۆیان وەردەگێڕێ و بەدوای بڵاوکردنەوەدا سەرێکی دیمەشق و لبنانە و، سەرێکی ئەستەمبوڵ و هەولێرە و ئەوەندەی من بزانم ئێستا لە ئەوروپا دەژێ و بەشداری چالاکانەش لە کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرە و کۆنفراساندا دەکات.

بەڵام بەداخەوە هێشتا لە باشووری کوردستاندا وەکو پێویست نەناسراوە، ئەگەر ناسراویشە ئەوە بەگوێرەی پلە و پایەی داهێنانەکانی، مافی خۆی و، گرینگی پێویستی پێ نەدراوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆی بێ بایەخ، کە جیاوازیی دیالێکت و، جیاوازی پیتی نووسینە لە نێوان باشووری بچووک و باشووری گەورە و ڕۆژهەڵات، هەروەها کەمتەرخەمی دەزگاکانی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوە، بەتایبەتیش وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستانی باشوورە کە تا ئێستا نەیتوانیوە ببێتە ئامرازێکی سنووربەزێن و، پردێک بۆ بە یەکتر ناساندنی نووسەران و داهێنەرانی کوردی جیهان و، لە یەکتر گرێدانەوەی ڕۆشنبیریی کوردی پارچە پارچەکراوەمان، کە سالانێکە هەر بەشەی و لە سایەی

ڕۆشنبیرییەکی باڵادەستی داگیرکەردا بە جیاواز لەیەکتر گەشە دەکەن.

ئەزموونی حەلیم یوسف بەڕاستی ئەزموونێکی دەگمەنە لە بڵاوەکردنەوەدا، ئەو بە زمانی زگماکی کوردی دەنووسێ و وەری دەگێڕێتە سەرزمانی ئەو گەلانەی کە کوردستانیان داگیر کردووە، بە زمانی ئەوانیش دەنووسێ و وەریشی دەگێرێتە سەرزمانی کوردی، ئەو بەوپەڕی بوێرییەوە هەتا نێو ماڵ و کتێبخانە و، سەرجەم پرۆسەی ڕۆشنبیری ئەو گەلانەش دەڕوا کە ئازادی و سەربەستی و خاک و چارەنووس و ڕۆشنبیری نەتەوایەتییان لە کوردان زەوت کردووە و بە زمانێکی بەرز و هونەریی دیالۆگیان لەگەڵ دەکا.

بوێریی حەلیم هەر ئەوە نییە کە بە زمانی کوردی لە وڵاتێکدا دەنووسێ، کە زمانی کوردی تێدا قەدەخەیە و لە قوتابخانە ناخوێنرێ، هەر بەتەنیا ئەوەش نییە کە پەیامێکی مرۆڤدۆستانە ئاراستەی گەلانی دراوسێی کورد و موخاتەبەی ڕۆشنبیری نەتەوەکانی تری جیهان دەکا، بگرە بوێرییەکەی دەگاتە ڕادەی ئەوەی کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەی تیژەوە دەڕوانێتە نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە موزمینەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و تەنانەت بزاڤە ڕزگاریخوازەکەی و لەپێناوی هەژاندنی ئەو کۆمەڵگە پەنگخواردو و چەقبەستووەدا سنووری ئەو تابۆ باوە نەگریسانەش دەبەزێنێ کە ئەقڵی کوردییان تێدا ئابلوقە دراوە.

ئامرازەکانیشی بۆ گەیاندنی ئەم پەیامەی وردەکاری هونەریی و قووڵی تێگەیشتن و ڕاستگۆیی دەربڕین و بوێریی وێناکردنی خەوشە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاینی و سیاسی و ڕەوشتییەکانی مرۆڤی تاکی کورد و، کۆمەڵگەی کوردستانییە، کە لە ئەنجامی ژێردەستەیی درێژخایەنی سەربازی و سیاسی و ڕۆشنبیری و ئاینی و ئابوورییەوە تایبەتمەندییەکانی تاکەکەسی و، خەسڵەت جڤاکییە دەستەجەمعییە نەتەوایەتییەکانی خۆی لەدەست داوە و، نەیارانی وەکو مێگەڵ هەڵدەسوڕێنن.

حەلیم ئەم ڕاستییانەی لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا بەشێوەی تراجیدیا و بە شێوازی کۆمیدیاش بەرجەستە کردووە، بەڵام لە یەکەم ڕۆمانیدا (سۆبارتۆ) ئەم شێوە و شێواز و پەیامەی گەیاندووەتە پۆپە.

سۆبارتۆ، وەک لە (پاراتێکست)ی ڕۆمانەکەدا هاتووە، شوێنێکی جوگرافییە لای

ڕۆهەڵاتی چیای زاگرۆزە و لای ڕۆئاوایشی چۆمی خابوورە.

بە واتایەکی سەردەمانە بەشێکە لە کوردستانی گەورە، کە ئێستا ڕووبەرێکی بە خاک و خەڵکەوە، لە پرۆسەی پەرتکردنی خاکی کوردستاندا بەر سووریا کەوتووە.

وەلێ ڕۆمانی سۆبارتۆ لە ڕاستیدا رۆمانی شوێن نییە وەک لە یەکەم بیستن و دیتنی ناوەکەیەوە خۆی بەر زەین دەخا، بگرە کارەساتی ڕاستەقینەی نەوەی نوێی دانیشتووانی سۆبارتۆ– شوێنەکەیە، کە کوردن، کوردگەلێک کە لەگەڵ و خاکی دایکی نیـــشـــتـــمـــان دابڕاون و سنووری دەسکردەی ســـیـــاسی بارودۆخ و ڕۆشنبیرییەکی نامۆی بەسەردا بڕیون، لە وەهم و خەیاڵ و واقیعێکدا دەژین کە ڕۆژانە ناسنامەی مرۆڤانە و نیشتمانی نەتەوەییان تێدا بەر شاڵاوی بە بەرنامەی شێواندن دەکەوێ، کە لە ڕاستیدا بەرنامەگەلێکی چەند سەرەن و، یەکیان ئەوی تریان تەواو دەکا، بە هەموان لە بەهای مرۆڤانەی خەڵکە سەرکوتکراوەکەی سۆبارتۆ، بەتایبەتیش لە نەوە نوێیەکانی کەم دەکەنەوە لەوانش:

بەرنامەی پیاوانی دەجەلی ئاینی و ڕوحی:

شێخ عەفیفی حوسێنی و شێخی ئۆتۆمۆبێل سپی کە لە پێش موریدەکانیەوە دەڕوا و دەستی درێژ دەکا بۆ ئەوەی خەڵکی ڕیزگرتوو هەلی ماچکردنیان بۆ هەڵبکەوێ، یا (فەلک)ی پیرەژنی جادوکار کە هەر ڕۆژەی لە کاژێکدا خۆی دەنوێنێ و داهاتوو و فاڵ و قاوە بۆ خەڵک دەگرێتەوە و، دوعای چاوەزار و جادوو بۆ بە یەکتر گەیاندنی نێر و مێیەکانی سۆبارتۆ و، پێشبینی داهاتوو بۆ خەڵک دەکا و ئاگای لە ورد و درشتی شارەکە هەیە، لە کوختێکی وێرانەدا دەژێ کە ناهێڵێ کەس پێی پێدا بکا ئەوانەی نەبێ کە دواتر دەردەکەوێ بۆ سێکس لەوێ پێکیان دەگەیەنێ، پیرە فەلەکێک کە خەڵک پێیان وایە لە خودی خاکی سۆبارتۆ کۆنترە و، بەبێ سەرچاوەیەکی دیاریکراو و زانراو ژیانێکی پڕ لە نهێنی بەسەر دەبا و ناو بەناویش ماوەیەک خۆی بزر دەکا و پاشان بە بەرگ و ڕەنگێکی نوێ و کۆمەڵێک باسوخواس و نهێنیی نوێوە دەگەڕێتەوە بەبێ ئەوەی کەس زات بکا لەو بارەیەوە لێی بپرسێتەوە.

یاخۆ وەک ئەو شێخ موسایەی (گوایە) لە کۆڕی دیوەخاندا هێلکە بە پیاوان دەکا و بەوە شەرمەزاریان دەکا، یا باڵ بەکتلی و قوریە چای دەگرێ، یا ترێ لە

دەمی پیاوانی مەجلیسدا دەکا بە تاکە پێڵاو.

ئەم دەجاڵ و قوڵبڕانە هەریەکە و بەشێوە و شێواز و بەپێی تەریقەتی خۆیان گوێی خەڵکەکە لە باسی پووچ و بێ بنەما پڕ دەکەن و ترس و لەرزیان لە ناخدا دەچێنن و بە زیندوویێتی ئازار و ئەشکەنجەی گۆڕ و (ئینکیر و مینکیر)یان پێ دەچێژن، بۆ مەبەست و بەرژەوەندیی خۆیان بێت، یا بەپیلانی دەسەڵات بێت لە ژیانی ئاسایی مرۆڤ و کاروباری دنیا بێبەش و ڕەشبینیان دەکەن و دەیانخەنە سەر ئەقڵ و فکر و فام و بیرکردنەوەیەک کە بە ژیانی ژێردەستەیی و برسێتی و نەخۆشی و مافخوراوی ڕازی بن و بیر لە تێکۆشان و گۆڕانکاری و وەدەستهێنانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان نەکەنەوە و کاری بۆ نەکەن و، بەو ژیانە پڕ لە کوێرەوەرییە ڕازی بن.

هەر لەسەر هەمان هێڵ، بەڵام بە گوشەی (١٨٠) پلە و لە جەمسەرەکەی بەرامبەری ئەم گرووپە دەجاڵەدا، گرووپێکی تری کۆسمۆپۆلیتی تر لە وڵاتی سۆبارتۆدا کار دەکا، کە ڕێبازەکەی تەواو بەپێچەوانەی گرووپی پێشووە، بەڵام بۆ هەمان ئامانجی سڕکردن و چەواشەکردنی خەڵکەکە کار دەکا، ئەویش گرووپی شیوعی و لایەندارانی سۆڤەتی جارانە، کە لە ڕۆمانەکەدا لە گەمەیەکی زمانەوانی سرنجڕاکێشدا هاتووە (یەکەتی سۆفی- یەت) نەک (یەکەتی سۆڤیەت). ڕابەری ئەم گرووپەش (مەروان)ە، مەروانی مێردی (خانم)ی مامۆستای قوتابخانەکە خانمی کچی هاوڕێی خوالێخۆشبوو، هاوڕێ (سالار سۆباری) و دایکی بەلقیسی دڵبەری سلێمان و دایکی فاروق- بسکویتۆ و زەنوبیا و دیانا کە هەموو ناوی مەلەکییانە و، شیوعیەتیان لە دایک و باوک و هەردوو باپیرەگەورەوە بۆ ماوەتەوە.

مەروانێک کە زمانی دایکی (مەبەست لە زمانی کوردییە) نازانێ و هەر بە زمانی فەرمی قسە دەکا (مەبەست لە زمانی عەرەبییە) و، هەموو ڕۆشنبیرییەکەیشی لە (پراڤدا)وە سەرچاوە دەگرێ، کە سلێمان سەرەتا پێی وایە ناوی کچێکی ڕووسییە، مەروانێک ئەوەندەی لەبارەی وڵاتی پراڤداوە (پراڤدا زمانحاڵی حزبی شۆڤیتی بوو) دەیزانێ ئەوەندە لەبارەی سۆبارتۆی نیشتمانیەوە نازانێ و، ئەوەندە سەرسامی وڵاتی پراڤدایە تا ڕادەی ئەوەی کە ئەگەر یەکێک لەوێ نەخۆش بکەوێ ئەم (مەروان) لە ئامووده حەبی بۆ دەخوا، کەچی هیچ هەست

و سۆزێکی بۆ سۆبارتۆ نییە و هەردەم وێڵی دوای ئەو پلە و پایە حزبییەتی کە هەلپەرستێکی تر لە حزب لێی زەوت کردووە و سەرزمانی و بن زمانی باسوخواسی خەبات و قوربانیدانی حزبەکەیەتی لە ساڵانی چلەکان و پەنجاکاندا و چۆن ئەم و باوک و خەزوور و کەسوکاری کردوویانە، خەڵکانێکی تر هاتوون بە حازری لێیان داگیر کردوون.

کۆمەڵەی سێیەمی دانیشتووانی سۆبارتۆ، ستافی کارگێڕی و پەروەردەکاران و پیاوانی پۆلیس و ئاسایشن، ئەو پیاوانەی کە چاو و گوێ و ئەقڵ و، جێبەجێکاری سیاسەتی دەوڵەتن، ئەوانەن کە (باوکی حەمزۆ) لەسەر قسەیەکی حەمزۆی قوتابیی خوردساڵ و وێنەیەکی مەلا مستەفای بارزانی بێسەروشوێن دەکەن و دواتر تەرمە شێوێنراوەکەی دەدەنەوە و ئەوەندە خێزانەکەشی دەچەوسێننەوە تا شەوێک سەری خۆیان هەڵدەگرن و خۆیان دەکەن بە کوردستانی باشوور – کوردستانی عێراقدا، ئەوانەن کە قسەکردن بەزمانی زگماک لە قوتابییە منداڵەکانی سۆبارتۆ قەدەخە دەکەن و زمانی فەرمیی (عەرەبی) یان بەسەردا دەسەپێنن و ئەوەشیان کە سەرپێچی بکا فەلاقەی دەکەن.

ئەو پیاوانەن مەلا لە مزگەوت ناچار دەکەن کە هەتا لەسەر مینبەر و لەناو میحرابە بە زمانی فەرمیی (عەرەبی) قسە بکا با خەڵکی ئامووده‌ش هیچی لێ تێ نەگەن، وەک لە داودی باوکی سلێمان دەقەومێ کە هەموو هەینییەک دەچێتە نوێژی جومعە بەبێ ئەوەی عەرەبی بزانێ و هیچ شتێک لە بابەتی خوتبەکە تێ بگات.

ئەم سێ هێزە خورافی و هزری و ڕووحییە نهێنی و ئاشکرایەیە، کە لەگەڵ نەخۆشییە باوە هەمیشەییەکانی خودی سیستەمی فیوداڵی کۆمەڵگەی عەشایەریی کوردی سۆبارتۆدا وردە وردە و لەسەرخۆ مرۆڤی تاک و کۆمەڵگەی سەرکوتکراوی دەڤەرەکە لە ناوەوە دەهاڕن و دەیخەنە سەر بارێک کە بەردەوام لە پانتاییی خورافەت و غەیبانییەت و وەهمدا بژێت و هەموو توانای ئەفراندن و داهێنانی خۆی لە پرۆسەی زگوزا و سێکسدا چڕ بکاتەوە بەتایبەتیش سێکسی گەی (شاز): نێر و نێر، نێر و ئاژەڵ، کە تا ڕادەیەکی بەربڵاو لەنێو منداڵ و مێرمنداڵ و هەرزەکاراندا پەرەدەستێنێ و دووچاری جۆرەها نەخۆشیی کۆمەڵایەتی و دەروونی کۆمپلیکسیان دەکات و لەبەر کاریگەریی وەهمە ئاینییەکەدا

بۆ هەتایە بەدەم ئازاری ویژدان و گریی خۆبەکەمزانینەوە بناڵێنن. شێرۆ، ڕەشۆ، بابی عەمشە، فارووق – بسکویتۆ، هۆقۆ، سابیرۆ – جواڵە پەتاتە، سدیقۆ – مەلا... و زۆری تریش لە منداڵانی قوتابخانە، تەنانەت سلێمان بە خۆیشی گرفتاری ئەم دەردە ناهەمووارە کۆمەڵایەتییە دەبن، کە دیارە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرکوتکردن و چەپاندنی چالاکیی سێکسی ئاسایی، کە لە کۆمەڵگەی ئاسنینی ئاوادا بەشێوەیەکی نا ئاسایی و نا یاسایی گوزارە لە خۆی دەکات و کەسانێکی زۆر بە بکەر و بەدەرەوە باجە گرانەکەی دەدەن.

لە ڕاستیدا تراجیکۆمیدیی خودی سلێمانی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانی سۆبارتۆ خۆی بۆ خۆی دووبارە وێناکردنەوەیەکی کاڵی خورافەتێکی چەند هەزار ساڵەی لەمەوبەرە، کە چیرۆکی سلێمان پێغەمبەرە، کە باپیری سلێمان ماوەیەکە لە پشتەوە نەخشەی دووبارە وەبەرهەمهێنانەوەی دادەڕێژێ و نەوەکانی بەڕێوەی دەبەن.

باپیری سلێمان ناوی کوڕەکەی دەنێ (داود)، داوا لە داودیش دەکا کە ئەگەر کوڕێکی بوو ئەویش ناوی بنێت سلێمان، ئەم نەخشە چەند پشتییە درێژخایەنە بە وردی جێبەجێ دەکرێ و، کە سلێمانی شاعیر، سلێمانی کوڕی داودیش ئاگای نێرینەیی خۆی دەزانێ، ئەویش لەوانەیە لەپێناوی تەواوکردنی وێنە گشتییەکەی ئەفسانە چەند هەزار ساڵییەکەدا – ڕەنگە بەبێ ویست و ئاگەداریی وشیارانەی خۆیشی بێت – دڵی لە (بەلقیس)ی کچی مامۆستا (خانم)ی قوتابخانەکەیان دەچێ، کە پێوەندییەکەیان بە ئاسانی دادەمەزرێ – کە دەشێ ئەمیش لە وەحیی ئەفسانەکەوە سەرچاوە بگرێ – سلێمان (پەپلە سلێمانی)یەکی فەنتاستیکیش بۆ هێنان و بردنی پۆستی نێوان خۆی و بەلقیس هەر و بۆ کۆکردنەوەی دەنگوباسی دەوروبەریش دەئافرێنێ و ئیتر هەموو ڕەگەزە زانراوەکانی ئەفسانە دێرینەکەی سلێمان پێغەمبەر دێنەوە کایە، بەڵام دیارە ئەم جارەیان ئەفسانەکە لە شێوەی ئەم تراجیکۆمیدیایەدا خۆی وەبەرهەم دەهێنێتەوە کە حەلیم یووسف لە ڕۆمانی سۆبارتۆدا ئەفراندوویەتییەوە و بە شکستی سلێمانی هاوچاخ کۆتایی دێت، پاش ئەوەی خۆشەویستییەکەیان لەگەڵ بەلقیسدا بێ ئاکام دەبێ و هەردووکیانیش بە زنجیرەیەک خیانەت و خیانەتکاریدا تێ دەپەڕن و سەرئەنجام بەلقیس دەگاتە خەڵوەتخانە سێکسییەکەی (پیر فەلەک) و لەوێ ئیتر سلێمان هیچ هیوایەکی پێ

نامێنێ و لەوپەڕی بێئومێدیدا نەخشە بۆ سووتاندنی ئامووده و تەواوی خەڵکی شارەکە و دووبارەکردنەوەی کارەساتی ڕاستەقینەی ساڵی ١٩٦١ی ئامووده دادەڕێژێ، کە ئەوسا لە سووتانی تاکە سینەمای شارەکەدا پتر لە (٢٠٠) قوتابیی منداڵ تا مردن دەسووتێن و نزیک بەو ژمارەیەش بە نیوەسووتاوی دەرباز دەبن، یەکێک لە مردووەکانیش برایەکی لە خۆ گەورەتری سلێمانە، کە بەخۆیشی بەپەرجوو لە مردن ڕزگاری دەبێ.

ئەم ڕووداوە ڕاستەقینەیەی کە بۆ خەڵکی ئامووده دەبێتە مێژوویەکی یەکلاکەرەوە (پێش ڕووداوەکە) و (دوای ڕووداوەکە)، کاتێک ڕوو دەدا کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە نزیکەی (٥٠٠) قوتابی بەزۆری زۆرداری لە بینایەی سینەماکە دەپەستێ کە خۆی هەر (٣٠٠) کەسێک دەگرێ، ئەویش بۆ تەماشاکردنی فیلمی (تاوانێک لە نیوەشەودا) کە قازانجەکەی بۆ یارمەتی و باربووکردنی شۆڕشی ئەلجەزائیر تەرخان کراوە، بەڵام تەنیا پاش یەک چارەکە سەعات لەدوای دەسپێکی نیشاندانەکە، واتا لە کاتژمێر حەوت و چارەکی سەرلەئێوارەدا سینەماکە بەخەڵکەکەوە گڕ دەگرێ و بۆکڕووزی گۆشت و ئێسکی سەدان منداڵی ناسکی وردساڵ کە نەک هەر خۆیان، بگرە باوک و دایکیشیان نازانن جەزائیر چییە و لە کوێیە، ئاسمانی ئامووده دەتەنێت و لەوساوە تا بە ئێستا دەگا هەر کەسێک ڕێی بکەوێتە گۆڕستانی پاینی گردی (شەرمۆڵە) کۆمەڵێک گۆڕی بەریزی ئەو منداڵە قوربانییانە دەبینێ، کە محەمەد ڕفعەتی ڕۆژنامەنووس لە ڕیپۆرتاجێکی بە وێنەدا لە کۆواری (ئەدەب و هونەر)ی کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا لەژێر ناونیشانی (ئامووده نەوەیەک لە ڕۆڵەکانی بە جەزائیر دەبەخشێ) دا لە ١٩٦١ دا بڵاو کردووەتەوەو تێیدا قسەیەکی باوکی سلێمان، داود کراوەتە مانشێت کاتێک کە دەڵێ: (هەموومان بە قوربانی جەزائیر دەبین) کاتێکیش لەبارەی هەستی خۆیەوە پرسیاری لێ دەکەن بەهۆی مردنی کوڕەکەیەوە لەو ڕووداوە دڵتەزێنەدا، کارەساتەکەش لەوەدایە کە ئاپۆ داود نازانێ (ئەلجەزائیر) چییە.

لێرەشدایە حەلیم بەوپەڕی وشیارییەوە مەهزەلەی ئەو برایەتییە ناتەبا و ناتەرازووە تۆمار دەکا، کە گوایە لە نێوان برا بچووکی ژێرچەپۆکە (کورد) و برای بالادەستی زۆردار و داگیرکەر (عەرەب)دا هەیە و برای گچکە بەردەوام قوربانی بۆ

دەدا و برای گەورەش هیچ کاتێک هەست بە ئازارەکانی ناکات، ئەو براگەورەیەی کە قوتابیی منداڵ (سلێمان) لە بەشێکی تردا بە سەرسامییەوە دەپرسێ: نازانم بۆچی دێنە ئامووده و لەنێوماندا نیشتەجێ دەبن لە کاتێکدا ئەوەندە بەسووکی لە باوک و باوان و زمان و داوونەریتی خەڵکی سۆبارتۆ (کورد) دەڕوانن، تۆ بڵێی بۆ ئەوە نییە دێن تا فێری ڕق و کینەمان بکەن..؟.

ئەم قوربایدانەی خەڵکی سۆبارتۆ بۆ خەڵکی جەزائیر لە ڕووی زەمەنەوە، واتا لە بینای ڕووداوی ڕۆمانەکەدا زۆر پێش زەمەنی گێڕانەوەکەی دەکەوێ، لێ حەلیم لە دەسپێکی ڕۆمانەکەیدا، کە کۆتاییی بەسەرهاتەکەی سلێمانە دەیگێڕێتەوە، بەمەش شێوازێکی بازنەیی پۆلیسی بە بنیاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەدا، کە گوزارە لە بەردەوامی و خۆدووبارەکردنەوەی کارەساتەکانی ئەو برایەتییە ناتەباییە دەکا کە هەر کورد تێیدا بە سەخاوەتەوە باجی دەدا. بەتایبەتیش کە لە تێکستەکە و لە قۆناخێکی تری گێڕانەوەکەدا، جارێکی تر ناوی (ئەلجەزائیر) دێتەوە نێوان، بەڵام ئەم جارەیان لە باسی ئەو پیلانەی ١٩٧٥دا کە جەزائیر تێیدا وەکو پاخەسوویەک لە نێوان عێراقی سەردەمی بەعس و ئێرانی ڕۆژگاری شاهەنشاهیدا ڕۆڵی گێڕا بۆ تواندنەوەی شۆڕشی باشووری کوردستان و خەفەکردنەوەی کێشەی ڕەوای گەلی کورد، کاتێک کە مامە نەزۆکە پێشمەرگەکەی سلێمان بەپێی پێشینە شوومەکەی (پیرە فەلەک) بە کوێری و بە نائومێدی لە کوردستانی عێراقەوە دەگەڕێتەوە کوردستانی بچووک – سووریا.

لێ مەرگەساتی سلێمان هەر ئەوە نییە کە لە قۆناخێکی زۆر منداڵیدا نەک بە باوەڕ، بگرە لە ترساندا خوو بە کاروباری ئاین و هاتوچۆی مزگەوت دەدا و ڕۆژانێکیش پێی وایە هەقی پەیامبەرێتیی هەیە، چونکە وەک زۆرێک لە پەیامبەران بەکاری شوانییەوە خەریکە، یا ئەوەی کە لە قۆناخی هەرزەکاریدا بە ئەقڵییەت و بە پێی پیلانی باپیری تەقەمموسی ڕۆڵی سلێمان پێغەمبەری مەلیک دەکا و دەکەوێتە داوی بەلقیسی کچی مەروان و (خانم)ی مامۆستایەوە، بگرە کارەساتی ڕاستەقینەی سلێمان لەوەوە دەست پێ دەکات کە ماڵباتی بەلقیس پشتاوپشت لە هەردوو سەری باوک و دایکییەوە مارکسی و کۆمۆنیستی دۆگمان و لە دەرەوەی ئەو جیهانبینییە گشتگیرەدا هیچ ڕاستییەکی تر نابینن و نابیستن و نازانن و وەرناگرن.

سلێمان له خێزانێکی جووتکار و له پاشخانێکی ئاین و خواناسەوه دێت و له پرێکدا و بەبێ هیچ بەراییـیـەکی ڕۆشنبـیـریی ئەوتۆ و، هەر بە تەنیـا لەبەر خۆشەویستیی بەلقیس دەکەوێتە بەر شالاوێکی کتوپڕی مێشکشۆرینەوه و چەمکگەلێکی مارکسـیـیـانەی وەک (کۆمەڵگەی بەختـەوەر) و (بەهەشتی بێ چینایەتی) و زاراوه سەرنجڕاکێشەکانی وەک (برجوازی) و (پرۆلیتاریا) و... هتد، ئەویش لەلایەن کەسێکی وەکو خانمەوه کە هەم دایکی بەلقیسە و هەم له قوتابخانەشدا مامۆستایەتی، کە له هەردوو سەرەوه کاریگەرییەکی زۆری لەسەری هەیە. ئەمەش له دۆخێکدا دێت کە داودی باوکی سلێمان بۆ ڕزگارکردنی ماڵ و منداڵ له دووپشک و ماری خانووه گڵینە کۆنەکەیان، خانوویەکی تر بە کەرەستەی نوێ له تەنیشت خانووه کۆنەکەیانەوه دروست دەکا، ماڵباتی بەلقیس ئەم کارەی بە هەڵسوکەوتێکی (برجوازییانە) بۆ له قەڵەم دەدەن و هەرچی گوناه و خەوشی (برجوازیی بچووک) و (برجوازیی گەورە) و (ئیمپریالییەتی جیهانی) هەیە هەمووی لەکن سلێمان دەدەن بەسەر بابی سلێماندا و بەڕادەیەک هەستی تاوانباریی باوکی له دڵ و دەروونـدا دەوروژێنن کە نەک هەر خانووه نوێیەکەیانی له بەرچاو بکەوێ و وەکو (مۆنۆمێنت)ێک بۆ بەرجەستەکردنی تاوانەکانی باوکی و سەرجەم چینی برژوازی تەماشای بکا، بەڵکو تەنانەت باوکیشی لەسەر ئەو کارە ببوغزێنێ و وەک تاوانبارێک لێی بنوارێت، بەمەش سلێمان له ناخەوه دووچاری ئازارێکی ویژدانی دەبێ، یا ڕاستتر بڵێم تووشی لێکترازانێکی دەروونی دەبێ، بۆیە گوتیشم کارەساتی ڕاستەقینە، چونکە کاریگەریی لێکترازانی دەروونی لەسەر خودی مرۆڤ زۆر لەوه مەزنترە کە له ئەنجامی دابڕانی کۆمەڵایەتی و ململانێی دەرەکییەوه تووشی دەبێ.

بەڵام گورزی گورچکبڕی سلێمان ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ له بەلقیسی دڵخوازێوه بەری دەکەوێ کاتێک ئەو حەزلێکردن و خۆشەویستیی خۆی بۆی دەردەبڕێ و بەلقیس بە خوێنساردییەوه پرسیارێکی نامەسئوولانەی پۆلیسی ئاراستە دەکا و دەڵێ: دەبێ له حزبەکەی باوکم بیت.؟.

سلێمان بەم قسەیەی بەلقیس تەرازووی دەروونی و بەلانسی کەسایەتیی له گرێژەنە دەچێ و له ساتەوەختێکدا وەک ئەو نەریتە عەشایەرییە کوردەوارییەی دێتە پێش چاو کە کاتێک کوڕێک دەچێتە داخوازیی کچێک و لێی دەپرسن: ئەرێ

چ کـەسی: میـرسنی، مللـی، کیکی، گـاباری، بادینـی، ئۆمـەری، بۆتـی، هـەفیـرکی، بوبلانی، کۆچەری یا هیی تر...؟!. لێرە و لەم خاڵەی ژن و ژنخوازی و ڕەنگە لە زۆر شـوێنی تریشـدا تاکی کورد بگەڕێنەوە سـەر سـیسـتەمـی فیوداڵی و عـەشـایەری و ئیـتـر جـیـاوازیـیـەک لـە نێـوان جـوتیـارێکی نەخـوێندەواری خـێڵـەکـیی کـورد و عـەلمانـیـیـەکی (!) پۆپەی مـارکسـیسـتـدا نەمـێنـێ، کە لە بوارەکانی تردا پێی وایە دەتوانێ سیستەمەکانی حوکم و سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاینیی گەلان و وڵاتان بگۆڕێ و بەهەشـتـی بێ چینـایەتی و کـۆمـەڵگەی بەخـتـەوەر لە جـێـیـان دابمەزرێنێ.

کەچی لە یەکەم تاقیکردنەوەی مرۆڤانەدا هەمـوو بنەماکـان ژێر پێ دەنێت، بەڵام ئەمجا لە جێی ئینتیمای عەشرەتی لە ئینتیمای حزبی دەپێچێتەوە..!.

لە دیمەنێکی تریشـدا ئەم سـروشـتـە عـەشـایەرییـە ڕەگداکوتاوەی ناو ڕیزەکـانی حزبی شـیووعیی سۆبارتۆ پشـتڕاست کراوەتەوە کاتێک کـە لیژنەیەکی (١٠ تا ١٢) کـەسـیی لە کوڕانی حزب، سلێمان سـەبارەت بە دڵدارییـەکـەی لەگـەڵ بەلقیـسـی بە فـامـیل شـیـووعی بانگ دەکـەن و خـۆشـەویسـتـییـەکـەی بۆ بەلقیـس بـە (پیـلان)ێکی ئیمپریالی و نەخشـەیەکی (CIA و پنتاگۆن) بۆ لە قەڵەم دەدەن، بۆ سووکایەتیکردن و ناوزڕاندنی حزبی شیووعی لە ڕێی لەککەدارکردنی کچەکانیەوە بۆی دەژمێرن.

لیژنەکە پێی وایە سێ جۆر خۆشـەویستی هەیە: ١ - خۆشەویستی بۆ ڕابواردن. ٢ - خۆشەویستیی ڕاستەقینەی پرۆلیتاری. ٣ - خۆشەویستیی تاوانکاری.

بە سلێـمـانیش دەڵێن خـۆشـەویسـتـییـەکـەی تۆ بۆ بەلقیس لە جـۆری سـێـیـەمـە و دەبێ دەسـتبەجێ وازی لێ بهێنی، چونکە شـەرەف و نامووسـی حـزبی پێ لەککەدار دەبێ و ئەمەش لە ئێوەی نەتەوەپەروەر و برجوازی قبووڵ ناکەین.

سـەرنجراکێش لە ڕۆمـانی سۆبارتۆدا ئەوەیە کە پیاوان و ژنانی بەتەمەن و گەورە بەرپرس و دەسـەڵاتداران ڕۆڵێکی لاوەکی و ناڕاسـتـەوخـۆی تێدا دەبـینن، یا وەکـتـر بێژم لە پشـتـەوە کـاریگەریی دەخـەنـە سـەر ڕەوتی ڕووداوەکـان، بەڵام ڕۆڵی بەرچاو ئەوەیە کە نەوەیـەکی هـاوتەمـەنی مێردمندالّی بەزۆری نێرینە، بەڕاسـتـەوخـۆیی لە بەسـەرهـاتەکەدا دەیگێڕن و لە هەمان کـاتیشـدا بە شێـوەیەکی ڕاسـتـەوخۆ دەکـەونە بەر کاریگەریی سەرجەم پێوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان.

سۆبارتۆ بە تەنیا بەسەرهاتی سلێمان و خۆشەویستییە ناکامەکەی ئەو نییە لەگەڵ بەلقیسی بە بنەماڵە کۆمۆنیست، کە بە زنجیرە خیانەتی جەستەیی و سۆزگۆڕین لە سلێمانی ئاشقی ڕۆمانسی دەکا تا وای لێ دێت خەونی ئاجروباجرِ ببینێت و کائیناتی عاجباتیی جۆراوجۆری بێتە پێش چاو و بیاندوێنێ و وەکو مرۆڤی ڕاستەقینە متمانەیان پێ بکا و دەردەدڵیان بۆ هەڵبڕێژێ، بگرە لەگەڵ سلێماندا کۆمەڵێک مێردمنداڵی تر هەن کە ڕۆمانەکە ڕووناکی دەخاتە سەر ڕەوتی ژیان و هەست و نەستیان و سەرئەنجامەکانیان ساغ دەکاتەوە، کە هەموو پێکەوە و لەگەڵ بەسەرهاتی سلێماندا وێنەیەکی هەمەلایەن و فرەڕەهەندی گشتی بۆ ژیانی ڕوحی و مادی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری نەک هەر خودی ئەو نەوەیەی کە لە دەقەکەدا دەکەونە بەر ڕووناکی، بگرە بۆ سەرجەم نەوەکان و تەواوی خەڵکی سۆبارتۆ دەنەخشێنێ.

مێردمنداڵانی سۆبارتۆ، هاوتەمەنانی سلێمان لە قۆناخێکی داهاتووی تەمەنیاندا هەریەکەو بەجۆرێک دووچاری سووکایەتی و ڕیسوابوون دەبن و هەریەکەو بەهۆیەکەوە فاشیل دەبن و لە ژیان بێ ئومێد دەبن:

* دینۆ، کە بەمێردمنداڵی تەقەمموسی کەسایەتیی (تەرەزان) و دواتر (بیلێ) ی یاریزانی تۆپی پێ دەکاتەوە لە قۆناخێکی تری تەمەنیدا دەکەوێتە خۆشەویستییەکی (نەخۆشانەی) یەکلایەنەی کچەی چاویلکە لە چاوەوە و مایەپووچ لێی دەردەچێتەوە، کچەی دڵخوازی شوو بە سایەقەکەی باوکی دەکا، ئاکام وەکو سیاسییەکی نەتەوەپەروەر لە داخ و کەسەری (ئینشیقاقی) بەردەوام و لەسەریەکی ناو حزبە کوردییە نەتەوەییەکانی سۆبارتۆدا دووچاری وڕێنە و سەراسیمە دەبێ تا دەست دەزگا سەرکوتکارییەکانی ڕێژیم دەکەوێ و بۆ ماوەیەکی زۆر سەرگوم دەکرێ.
* ئیبراهیم، یامەلێکی شەراب، برۆ – ی برای دینۆ خوو دەداتە هونەری موزیک و یەکلایەنە دەکەوێتە خولیای نەسرین، نەسرینیش ئاکام شوو بە ئامۆزایەکی خۆی دەکات، برۆیش دەبێتە پێشمەرگە.
* ڕەشۆی منداڵباز، دەکەوێتە خولیای سێکسی مەحرەم و لەگەڵ خوشکێکی دایکیدا تێوەدەگلێ، کچە کە بۆ خوێندن هاتووەتە ماڵی خوشکی / دایکی

ڕەشۆ، لە ئامووده، لەگەڵ ڕەشۆی خوشکەزایدا هەرچی خوا و خەڵک پێیان خراپە دەیکەن، تا کچە دوو ساڵ لە خوێندن دەکەوێ و قەتابخانە بەجێ دەهێڵێ و دەگەڕێتەوە ماڵە باوان و ئەوانیش بەشووی دەدەن، بەڵام پێش گواستنەوەی سەری خۆی هەڵدەگرێ و دواتر ڕەشۆ دەیدۆزێتەوە و بەدوایدا سەرهەڵدەگرێ و پاشان لە ئوستراليا یەکدەگرنەوە و لەسەر تاوانی خۆیان بەردەوام دەبن.

* هۆڤۆ، هۆڤۆی گەمژە کە بە مێرمنداڵی منداڵانی لە خۆ وردتری قوتابخانە بە پاسکیلەکەی دەڕفێنێ و بۆ خۆی و کەسانی تریان دەباتە دووری ئاوەدانی، بەهەرزەکاری تەڕکی خۆی لە پارچە بۆڕییەک دەکوتێ، کە ئاسێ دەبێ دوکتۆر ئامادە نییە بۆی دەربکا، ڕیسواییەکی وا لە سۆبارتۆدا دەنێتەوە کە خەریکە وەکو سووتانی سینەمایەکە ببێتە مێژوو و خەڵک زەمەنی بۆ بکەن بەدوو کەرتەوە (پێش بۆڕییەکە) و (پاش بۆڕییەکە).

* بابی عەمشەی کۆنەنێرباز، بەگەورەیی بەگەوادی دەژی و لەشفرۆشی بە خوشکی خۆیەوە دەکا و بەوە دەژین، بەو پارەیەشی کە بەرامبەر بە سواربوونی لە (حەمیدە)ی گەورە کچی وەردەگرێ، کە دواتریش بۆ دینۆ و برۆ و سلێمان و خەڵکانی تری دێنێ بەرامبەر بە پارەیەک هەم لە حەمیدە و هەم لە هەرزەکارەکانیشی وەردەگرێ، بەڵام سەیر لەوەدایە کە بابی عەمشە نەک هەر ئاشکرا گەوادی دەکا، بگرە (تیوریزە)شی بۆ دەکا..!.

* سافۆی بێوەژن کە کوڕەکەی پیاوانی بۆ دێنێتە ماڵەوە.

* شێرۆ، شێرۆی منداڵباز، دواتر خوشکێکی لەسەر بەدڕوشتی دەکوژێ، ئەوجا باوکیشی دەکوژێ لەبەرئەوەی کچێکی خۆی خراپ دەکا و پەلاماری کچێکی تریشی دەدا کە خوشکی شێرۆیە، ئەمە وێڕای بازرگانیکردنی بە تلیاکیشەوە، شێرۆ دواتر بە خۆیشی لەسەر تۆمەتی بازرگانیکردن بە ئەفیوون و پارچەی ئاسەواری مێژوویی لەگەڵ حکوومەتدا دووچاری ڕاوەدوونان دەبێ تا ئەوەی کە بۆ یۆنان هەڵدێت، بەڵام پاشان دەچێتە حەج.

* فاروق، بسکویتۆی پاشەڵ پیس بە حوکمی ئەوەی کە کوڕی گەورە حزبییەکی شیوعییە، زەمالەیەکی بۆ سۆڤیەتی جاران دەدرێتێ و دواتر بە دوکتۆری دەگەڕێتەوە سۆبارتۆ..

* سابیرۆ، سابیرۆی جواڵە پەتاتە، کە بە مێرمنداڵی لە پاش و لە پێشەوە دەیکرد و دەیدا، لە سێکسی مەڕەوە دەست پێ دەکا و دواتر لە کۆلێجی ئاداب وەردەگیرێ ئەگەرچی وەک خەباتکارێکی حزبی شیوعی خۆی لە فارووق لەپێشتر دەزانێ بۆ وەرگرتنی زەماڵە، بەڵام دیارە مەحسووبییەت ئەو مافەی لێ زەوت دەکا، ئاکام زەنووبیای خوشکی فارووق و کچی مەروان و خانم بەبێ خواستی ئەوان دەخوازێ.

* سدیقۆ، سدیقۆ کە بە مێرمنداڵی لە سواری ماکەر و بزن و مەڕەوە دەست پێ دەکا و دواتر لەژێر کارگەریی پەرجووەکانی (شێخ مووسا) دا (!) تەوبە دەکا و ڕۆڵی لەخواترسی و شارەزای ئاین لەنێو هاوتەمەنەکانیدا دەگێڕێ تا نازناوی (مەلا)ی لێ دەنێن، مەلایش دوای تەواوکردنی ئامادەیی، خۆی دەگەیەنێتە ئەڵمانیا و هەر لەوێش دەبێتە مەلای مزگەوتێک و ژنێکیشی لێ دەخوازێ و لەو تاکە نامەیەیدا کە بۆ سۆبارتۆی دەنێرێتەوە ئامارێکی ورد بەناو و ژمارەی مزگەوتەکانی ئەڵمانیاوە دەنێرێتەوە و ئیتر دەنگی نامێنێ.

* سلێمانیش لە کۆلێجی فەلسەفە وەردەگیرێ، سەرەتا زۆر لە سوود و کاریگەریی فەلسەفە و خوێندنی و خۆشەویستیی فەلسەفە و کاروباری هاتوچۆ و پەیداکردنی جێی نیشتەجێبوون و جیاوازیی شار و جادە و بینایەکانی لەچاو سۆبارتۆ و خانووە گڵینەکانی ورد دەبێتەوە و بەو گرفتانەوە گیر دەخوا، بۆشی دەردەکەوێ کە لە زانکۆیشدا ئینتیمای حزبایەتی ڕۆڵی زۆری لەسەر پێکەوە نیشتەجێبوون و هاوڕێ گرتنی قوتابییان و پێوەندییان هەیە. لەوێش کۆبوونەوەی حزبایەتیی کۆسمۆپۆلیتەکان هەراسانی دەکەن، تا ئەمیش لەگەڵ (برۆ)ی سۆبارتی هاوبیری نەتەوایەتییدا پێکەوە ژوورێک دەگرن.

ئەمە سەرتا، لێ زۆری پێ ناچێت دەکەوێتە بەر پیلانی کچانی زانکۆ، لەپێشدا سەلمای قوتابی لە کۆلێجی کشتوکاڵ، ئەوجا فریالی لەشفرۆش کە بەهۆی کوڕ و کۆبوونەوە ڕۆشنبیرییەکانەوە دەیناسێ، پاشانیش نێرگز، نێرگزی دەمەوچاو بەلقیسییانە، نێرگزی بە ڕەچەڵەک سۆبارتی، کە پاشتر لەسەر چالاکیی سیاسیی نەتەوەپەروەریی (کوردایەتی) دەسگیر و بێسەروشوێن دەکرێ، بەڵام سلێمان لەم قۆناخەدا دەست بە هۆنینەوەی شیعر دەکا و لەژێر کارگەریی کەسایەتیی

عەشایەری خۆی و خۆشەویستی بەلقیسدا خۆی بە (پاک)ی ڕادەگرێ ئەگەرچی هەندێ جار لە لێواری خیانەتیش دەگەڕێتەوە، لە هەمان کاتیشدا لە دڵسۆزیی بەلقیسیش دەکەوێتە بیر بیرە و گومانیشەوە.

سلێمان خۆشەویستیی سەلما ڕەت دەکاتەوە، لەسەر نێرگز لەگەڵ برۆدا ساردی دەکەوێتە نێوانیانەوە، سەلما بە ئاسانکاریی خودی سلێمان و دواتر لە ڕێی زەنوبیاشەوە کە دێتە زانکۆ، دەستی بە بەلقیس دەگا، وەک تۆڵەکردنەوەیەکیش بۆ کەرامەتی خۆی شوویەکی کتوپڕ دەکا و بەپێی پیلانێکیش بەلقیس لە (سەفەر)ی برای مارە دەکات، کە بە کەچەڵەکە ناودەبرێ و لە کەنداودا کار دەکا. بەم شێوەیەش سلێمان دووچاری هەناسەساردی و بێهیواییەکی بێپایان دێت، خەونە دێرینەکەشی بەکردەوە دێتە دی، کە لە منداڵییەوە هەراسانی دەکا و بە درێژایی تێکستی ڕۆمانەکە وەکو (سەرەبەستە - لازمە)یەک دووبارە و دووبارە دەبێتەوە و بریتییە لە دیتنی ژنێکی سپی، کە گەڵی دادەچرێت، لە توێی هەردوو ڕانێوە (پەترۆل) دەڕژێ و دەڕژێ...

ئەم گۆڕانکارییە گەورانە لەسەر ئاستی باری سایکۆلۆجی و پێوەندییە سۆسیۆلۆجییەکاندا لە ژیانی تاکەکەسیی کارەکتەرەکاندا، لێ لەسەر ئاستی نەتەوەیشدا کە ڕەنگدانەوە و کاردانەوەشی لەسەر ئاستی تەواوی گەلی سۆبارتۆدا هەبوو و هەیە، هەر لەو سەروبەندەشدا گۆڕانکاری و ڕووداوی مەزنی سیاسییش ڕوو دەدەن کە لە ناخەوە کار لە پێکهاتەی کەسایەتی و دەروونی و سەرجەم باری سیاسی و کۆمەڵایەتیی تاک تاکی خەڵک و تەواوی میللەتی سۆبارتۆ دەکا و سەرلەبەری پێوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و تەنانەت باری دەروونی و کارەکتەرەکانیش سەرلەنوێ لەسەر دەرهاویشتە و پێوەندییە نوێیەکان دووبارە ڕێک دەخاتەوە:

* لە بەهاری ڕەشی ١٩٧٥دا پیلانی شوومی جەزائیر لە نێوان عێراق و ئێراندا مۆر دەکرێ و شۆڕشی نەتەوایەتیی کورد شکست دەخوا و سەدان هەزار پێشمەرگە و خانەوادەی کورد بە ناکامی ڕوو لە ئێران و ئەورووپا دەکەن.
* لە ١ / ٣ / ١٩٧٩ دا بارزانیی نەمر لە ئەمەریکا، لە مەنفا کۆچی دوایی دەکا و بۆشاییەکی سیاسیی گەورە لەسەر ئاستی بزاڤی کوردایەتی دروست دەبێ.

حزبە نەتەوەپەروەرە گەورەکانی کوردستان دووچاری ئینشیقاق دەبن، حزبی گچکە گچکە دادەمەزرێن، شەڕی براکوژی و... شتی نامۆی تر پەیدا دەبن، فرەکوێخایی و ڕاڕایی و دوڕدۆنگی جێی خەباتی ناوکۆیی و یەکڕیزی دەگرێتەوە و ململانێی خود بە خود بەشێوەیەکی ئەستوونی – شاولی کۆمەڵگەی کوردستانی لەت دەکا. بێئومێدی جێی هیوا دەگرێتەوە، کە لە تێکستەکەدا بەوە گوزارەی لێ کراوە کە هەردوو نەتەوەپەروەر باوکی برۆ و دینۆ (محەمەدی سیتی) و باوکی سلێمان (داود) هەردووک ڕادیۆکانیان بە دیواردا دەدەن و وەک هێمایەک بۆ ئەوەی کە ئیتر ئێزگەی دەنگی کوردستان و هیچ هەواڵێک نەماوە بۆ کورد گوێی لێ بگرن ڕادیۆکانیان دەشکێنن.

* کچە خەباتکاری قوتابیی کۆلیجی پزیشکیی نەمر (زەکیە ئاڵکان) وەک نارەزاییەک لە هەڵوێستی گشتی ڕای جیهانی و سەرنجراکێشانی دنیای مەدەنییەت بۆ دۆزی کورد، گڕ لە جەستەی خۆی بەردەدا، نەک هەر کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە، بگرە بە ملیۆنەها کورد و دۆستانیان لە جیهاندا دەهەژێنێ. ئیبراهیم محەمەدی سیتی، برۆی سۆباری، مەلیکی مەی و خواردنەوە و یەکێک لە کەسەکانی ڕۆمانەکە بەم قارەمانەتی و لەخۆبوردەیییەی شەهید زەکیە وەک مرۆیەکی سەروبن بووبێ و دواتر بکەوێتەوە سەرپێیان، ئاوا بەم ڕووداوە ڕاست دەبێتەوە و دەست لە مەی و خواردنەوە هەڵدەگرێ و هۆشی دێتەوە بەر.

* هەر لەو دۆخە ناهەموارەدایە، کە سۆبارتۆ پاش (٢٥) ساڵ لە ڕووداوی سووتانی سینەماکە (١٩٦١)، ئەمجا لە بارودۆخێکی نادیاردا بەندیخانەکەی گڕ دەگرێ و بۆنی سووتانی مرۆڤ و بەتانیە و پەڕۆ کۆن جارێکی تر ئاسمانی سۆبارتۆ دەتەنێ، کە دکەڵ و تەمومژ دەنیشێتەوە ئەم جارەشیان تەرمی سووتاوی (٦٠) یەکە پیاوی سۆبارتۆ بۆ ئامووده دەبرێتەوە کە ماوەیەک پێشتر لە کاتی چوونیان بۆ پرسەی شەهیدێکی نەتەوەپەروەر، لەلایەن دەزگا سەرکوتکارەکانی ڕێژیمەوە، بەخۆیان و تەنانەت شۆفێری سەیارەکانیشەوە، کە ئاگایان لە هیچ نییە دەزگیر دەکرێن و لە بەندیخانە توند دەکرێن تا ئەو ڕۆژەی هەموو پێکەوە دەسووتێنرێن و شەهید دەبن، کە یەکێکیان (محەمەدی سیتی) باوکی برۆ و دینۆیە. ئا لەم هەڵوێستەشدایە کە برۆ بە پیرە فەلەکی جادووکار

دەڵێ: ئەگەر ئاگر نەفسێک پاک بکاتەوە ئەوە نەفسی منە. لێرەشەوە ئیتر بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆی دەدا و بە نیازی شۆڕش و پێشمەرگایەتی ڕوو لە چیا دەکا، چیای دۆستی هەمیشەیی و پەنای هەمیشەیی کوردانی بێ پەنا.

ڕەنگە لە زانستی فیزیک و ئەوانی تر و لە جیهانی مادییاتدا ئەو ڕێسایە ڕاست بێت کە دەڵێ: هەموو کارێک پەرچەکارێکی هەیە کە بە هەمان ڕادەی کارەکەیە، بەڵام بەپێچەوانەی ئاراستەیەوە. ئەمە تەنانەت لە ژیان و بڕیاری بڕۆشدا هەر ئاوا کەوتەوە، بەڵام مەرج نییە بۆ سلێمانیش هەر ئاوا بێ، بەڵکو سلێمان کاردانەوەیەکی تری دەبێ کە بەهیچ شێوەیەک بەڕادە و، لە دژی کارەکەی ڕێژیمدا ناشکێتەوە..! بگرە بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە، کە وێڕای هەموو نەهامەتییەکان هێشتا چاوی هەر لە دووی بەلقیسە، بەلقیسێک کە دوای شووکردنی بە کوڕە کەچەڵە و چوونی بۆ سعوودیە، بۆ سلێمان و خەڵکی تریش دەردەکەوێ کە جگە لە سلێمان چەندان کوڕی تریشی بەتەما و دەسخەڕۆ کردووە.

سلێمان لە خوێندنی زانکۆییش دوا دەکەوێ و سێ ساڵی لەسەر یەک مۆڵەت وەردەگرێ و لە کاتێکدا ئیبراهیم - برۆ دەچێتە چیا و دەبێتە پێشمەرگە ئەم سلێمان - لە دەرەوەی سۆبارتۆ دەبێتە سەرباز، بەڵام بەکۆمەک و ئیفلاس پێکردنی باوکی، واتا بە ڕەشوەت لە جێیەکی وای دادەنێن کە وەکو فەرمانبەرێک دەوامێکی هاکەزایی بکات. لە ماڵی مستۆ قۆپ - شەلیش، ژوورێک بەکرێ دەگرێ.

ئیتر واز لە خوێندنەوە و هەموو شتێک دێنێ، بەڵام هەرگیز ناتوانێ ئازارەکانی ئەو ئەزموونەی خۆی لەگەڵ بەلقیسدا لە بیر بکا و دەبێتە گوێگرێکی شەوانەی مستۆی قۆپ، کە ئەویش کۆنە سۆبارتییەکی خاوەن ئەزموونی خۆشەویستییەکی یەکلایەنەی بێ ئاکامە و ئەویش هەر لەو جوغزەدا دەخولێتەوە.

مستۆ ئەوەندە سۆبارتۆچێتی دەکا بەڕادەیەک وەخت و ناوەخت دەرگەی ماڵی بۆ هەر سۆبارتییەک کراوەیە کە ڕێی بکەوێتە ئەو شارە، تا ڕۆژێکیان یەکێک لەو سۆبارتییانە بەسەر ژنەکەیەوە دەگرێ، کابرا دەرباز دەبێ و ژنەش خۆی لە قاتی پێنجەمی ماڵەکەیانەوە بەردەداتەوە و دەمرێ و مستۆش بە لێقەوماوی بەخۆی و هەردوو کچەکەیەوە (هەمرین) و (لەیلا) و بە یەکجاری دەگەڕێتەوە سۆبارتۆ.

سلێمان پێش ئەو کارەساتەی مستۆ بە ماوەیەکی کورت ئەسکەرییەکەی تەواو

دەکا و دەگەڕێتەوە سۆبارتۆ، وەلێ پێش ئەوە بە ڕێکەوت فریالی کۆنە سۆزانی لەگەڵ مێردە نوێیەکەیدا دەبینێتەوە و لە ڕێی ئەویشەوە لەگەڵ (سیلڤا)ی کچە مەسیحیدا شوناسی پەیدا دەکا، دواتر دەردەکەوێ سیلڤایش قوتابییەکی تری فاشیلی کۆلێجی فەلسەفەیە و کاتی خۆیشی لە زانکۆ دووراودوور حەزی لە سلێمان کردووە، بەڵام سلێمان هەستی پێ نەکردووە.

سیلڤا و سلێمان لەو ماوەیەدا کە سەربازە، پێوەندییەکی جەستەیی گەرموگوڕ دادەمەزرێنێ و سیلڤا بە تکا و پاڕانەوە (!) کچێنیی خۆی بە سلێمان دەدا بەبێ هیچ بەرامبەرێک، دواتر سکیشی لێ پڕ دەبێ، بەڵام سلێمان ڕازی نابێ باوکاریی ئەو منداڵەی بکا و سیلڤا لەسەر داوای سلێمان لەباری دەبا و بۆ خۆیشی دەچێتە ئەمەریکا بۆ لای کەسوکاری و ئیتر ناگەڕێتەوە، سلێمانیش کە لە ئەسکەری دەبێتەوە دەچێتەوە سۆبارتۆ و بۆ ساتەوەختێکیش ناتوانێ لە خولیای بەلقیس خۆی دەرباز بکا.

لەو سەروبەندەدا بەلقیسیش بە تۆراوی دێتەوە سۆبارتۆ و لە کەچەڵەی مێردی دادەبڕێ، لەگەڵ سلێمانیشدا مەیل نوێ دەکەنەوە و ئەمجا پێوەندییەکی جەستەیی گەرموگوڕیشی لێ دادەمەزرێنن و لە سەری بەردەوام دەبن.

ڕۆژ بە خەیاڵ و فەنتازیا، شەو بە خەونی ئەرخەوانی و دەسلەملانێ و ماچ و ڕاز و گلەیی و خۆشاوی ئۆخەی لە یەکترکردن بەڕێ دەکەن، سنووری هەرچی داوونەریت و ڕەسم و یاسا و حەڵاڵ و حەرام و ئاسایی و نائاسایی و نهێنی و ئاشکرایی و پەسەند و ناپەسەند و جوان و ناشرین، دەبێ و نابێ هەیە، هەمووی پێشێل دەکەن.

حورمەتی پەرژین و دەرگە و دیوار و پیرۆزیی ماڵ و تایبەتمەندییەکانی خێزان و بنەماڵە و واقیع و هەموو هێڵە سوورەکان دەبەزێنن.

پاساو بۆ تاوان و خیانەت و جەور و جەفا دەکەن. دەروونشیکاری و سۆسیۆتوێکاری بۆ هەڵسوکەوت و بڕیار و کردەوە شیرین و ناشیرینەکان دەکەن.

پەیمانی دڵسۆزی و خۆشەویستیی هەمیشەیی و بەڵێنی ڕاستکردنەوەی چەوتییەکان و پڕکردنەوەی کەموکورتییەکان و بەرەودواگێڕانەوەی مێژووی لەدەس چوو و سڕینەوەی ئەزموونی ڕابردوو و سەرەتایەکی نوێ و دووبارە تێهەڵچوونەوە

بۆ یەکتـر دووبارە و سـەدپات دەکـەنـەوە. بەڵام هـەر کـە دەگـەنە تـەزووی ئارامی و پۆپەی کـار، سلێمـان بیری بۆ ئەو سـاتـە هـاوچەشنانە دەچێ کـە لەگـەڵ سیلڤـادا جـووت دەبوو و بەبەراوردی خـێرای بـرووسکەیی و لەگـەڵ تەزووە خـۆشـەکـەدا، یا ڕاسـتـر بڵێم لەویش خێراتر بۆی دەردەکەوێ بەلقیس لە ژنداریدا ناگا بە سیلڤا. بەلقیسیش لە گەرمـەی هـەڵچوونی لافـاو و کەفوکوڵی خۆشیدا خـەریکی بەراوردی دەمـوپل و چاو و برۆ و پرچ و کـەچەڵی و تەمـەن و توانای سـەفـەری مـێـردی و سلێمانی دۆستی دەبێ..!. بەلقیس بیری بۆ لاوی و کچێنیی لەدەستچوو و تەنیایی و ژیانی پەراوێز و ساردوسڕیی کەچەڵەی مێردی دەڕوا و سلێمانیش بیر لە ژنێکی تر دەکاتەوە، کە هەردوو سیلڤا و بەلقیسیشی تێدا بێت..!.

لە ڕاستیشدا ئەو لاپەڕانەی کۆتاییی دەرگەی پێنجەمی ڕۆمانی سۆبارتۆ، کە لە چاپەکوردییەکەدا لە پایینی (ل /١٧٢) دەس پێ دەکا و لە چاپە عەرەبییـەکەشدا لە (ل / ١٩٥)ەوە، کـە درێژترین گـفـتـاری بەلقـیـسـە لە دەقـەکـەدا و بە نامـەکـانەوە نزیکەی (١٠) لاپەڕەی کتێبەکە دەکێشێ و ئەمەش لە سنووری ئاسایی دایالۆگی ناو ڕۆمـان تێ دەپەڕێنێ، بەڵام بەڕاسـتی شـاکـارێکی بێ وێنەیە لە مـورافـەعـە و داکـۆکی لەخـۆکردن، تۆمـارێکە بۆ دەروونشـیکاری و توێکاریی سـۆسـیـۆلۆجی و سایکۆلۆجی کچێکی لەخشتەبراوی دەستی دایک و باب و برا، لەژێر پاڵەپەستۆی کۆمـەڵایەتی و داوونەریت و ئاین، کـچێکی بێ ئەزمـوونی ژێر پاڵەپـەسـتۆی حـەز و ئارەزووی سـێکسی و هـەڵوەدای دوای زێڕ و سـامـان و مـۆدێلی جلوبـەرگ و خـۆشگوزەرانیی ژیان. پاکـانەیەکی پەسـەندە بۆ هەڵخـەڵەتان و لەخـشـتـەچوونی کـچـێک و خـیـانەتکردنی لە سلێـمـانی دڵداری نەدارا و هێـشـتـا قـوتابی، کـە بۆ خـوێندنی زانکۆیی دەڕوا و بە جێی دەهێڵێ، سلێمـانێک کە دایک و باوک و برای کچـە بە زاوایەتی ئەو نـاڕازین.. لە هەمـان کاتدا پاسـاوە بۆ خیـانەتی بەلقـیس و پێـوەندییـەکـانی پاش شـووکـردنی لەگـەڵ (مـورادی یەکـەم) و (مـورادی دووەم) ئەگەرچی ناشگەنە ئاستی پێوەندیی ڕاسـتـەوخـۆی جـەسـتـەیی و، یەکەمـیـان کـە دەگـاتە ڕادەی (سێکسی تەلەفـۆنی) ڕادەوەسـتێ، بەڵام لەگـەڵ سلێمـاندا هـەمـوو سنوورێک دەبەزێنێ.

پاکانە و پاساوەکانی بەلقیس، ئەگەر هەڵسوکەوتەکانی سلێمانیشیان بچێتە سـەر لەگەڵ ژنانـی وەک سەلما و فریال و نێرگز و دواتر سیلڤاش، ئەوا بۆ خوێنەر

کە تا دەگاتە کۆتاییی دەرگەی پێنجەم و دەرگەی شەشەمی ڕۆمانەکە هێند ڕاستگۆیانە و مەنتیقییانەن، کە ئیتر باوەڕ بە قسەکانی بەلقیس و بێگوناهی و بێتاوانیی ئەو و لێبوردەییەکەی سلێمان و دووبارە تێهەڵچوونەوەیان بێنێ و سەرجەم پرۆسەکەی لەلا ئاسایی و پەسەند بێ.

لەسەر ئاستی گێڕانەوەش ئەم دیالۆگە درێژەی سەرەوە، وردەکارییەکی هونەریی گەورەیە و وا دارێژراوە کە خوێنەر هەست بە بێزاری و درێژیی دیالۆگەکە نەکات کە بەخوڕەم و بەبێ برین و بەبێ پرسیار و وەڵامی سلێمان بەردەوام دەبێ و ڕێک وەکو (مورافەعەی پارێزەرێکی بەرگریی) شارەزا خۆی دەنوێنێ کە بەرامبەر قازییەکی تاوانبار بەرگری لە خودی پارێزەرێکی گوناهبار بکا، نهێنیی جوانی و سەرکەوتوویی ئەم دیالۆگەیش لەوەدایە کە (دیالۆگێکی بنیادنەر)ە و ڕەوتی بەرەوپێشچوون لە گێڕانەوەکە ناگرێ، بگرە بەپێچەوانەوە بەهۆی ئەوەوە کە نهێنییەکانی ئەو ڕۆژانە ئاشکرا دەکا کە سلێمان و بەڵقیس و تەنانەت خوێنەریش ئاگایان لێ بڕاوە، بەردەوام ڕووداو و پرۆسەی گێڕانەوەکەش بەرەوپێش دەبا.

ئەمە لەسەر ئاستی وەزیفە و سروشتی دیالۆگی سەرکەوتووی نێو ڕۆمان، لەسەر ئاستی وردەکاری و جوانکاری و جوانناسی و ئیستیعارە و مەجاز و لێکچوواندن و تەنانەت ڕێنووس و ڕستەسازی و وشەڕۆنان و بەکارهێنانیشدا، ئەم دیالۆگە درێژەی کۆتاییی دەرگەی پێنجەمی ڕۆمانی سۆبارتۆ نموونەیەکی باڵا و زیندووی بەبڕشتی و بەپێزیی دیالێکت / شێوەزاری کرمانجیی ژوورووە، ئەگەرچی سەرجەم پەخشانی حەلیم یووسف و هەروەها کارەکانی (محەمەد ئۆزون)یش سەرنجڕاکێش و هونەرین و بەڵگە و گەواهی زیندوویی و هاوچاخی شێوەزاری کرمانجی باکور دەدەن و دەیسەلمێنن کە گەنجینەیەکی نەتەوەیی گرنگە و تا زووترە لە هاوشانی کرمانجی خوارووودا بخرێتە کار هێشتا درەنگە. وەک چۆن شارامی قەوامی لە ڕۆمانی (پیربا و، سوەیلا) و، فەتاح ئەمیری لە ڕۆمانی (زیندخەو)دا و (خوسرەو جاف)یش لە ڕۆمانی (دەربار)دا مامەڵەیەکی ئاوای بە مەسئوولییەتیان لەگەڵ شێوەزار / دیالێکتی (جیا جیای کوردیدا)دا کردووە، کە لە تەک کرمانجیی خوارووودا لەو تێکستانەدا بە سەرکەوتوویی بەکاریان بردوون.

ئەمە لەوانەشە ئەرکی ڕاستەوخۆی (ڕۆمانـنووس) نەبێ، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەڵێم (ڕۆمـان) باشـترین و لەبارترین شـوێنێکە ئەم هەوڵەی تێدا بدرێ، ئەگەر پەرەوەردەکاران و زمانزانزانان و کۆڕی زانیاری و سەرجەم دەسەڵاتی سیاسی ئەو هەستە نەتەوەییەیان نەبوو و ئەو ئەرکە پیرۆزەیان بەجێ نەهێنا. پێشموایە ئەوەی دیالێکت، یا زمان بەگشتی بەزیندوویی دەهێڵێتەوە و گەشەشی پێ دەکا ئەوەیە کە پێی بنووسرێ، نووسینیش پیشەی تاکە کەسیی نووسەرانە نەک داوودەزگاکان.

با لەمە زۆرتریش دوور نەکەوینەوە، هەر ئەم (موراڧەعە)یەشە، کە لەسەری وەستاوین، وا دەکا سلێمان متمانە بە بەلقیس بکاتەوە و لەسەر داوای ئەو جارێکی تر بچێتەوە بەر خوێندنی زانکۆیی، لێ لە گەرمەی دوا تاقیکردنەوەکاندایە کە بەلقیس بەشێوەیەکی کتوپڕ و بۆ جاری دووەم و لێ دەکاتەوە و بەدەستێکەڵکردن لەگەڵ (فەلەک)ی ڕەموزندا، فەلەکی هەردەم لە شێوەیەک و هەر کات لە بەرگێک و هەر وەخت لەسەر سەودایەک، سلێمان نائومید دەکاتەوە لە خۆی و لە مەملەکەتە پڕ لە نهێنی و عەجایەبەکەی فەلەکدا دەبێتە (شاژنی ڕابواردن)، سلێمان کە لەم دۆخە نوێیەدا دەبینێ و کە مردنی دایکی و مستۆ شەلیشی بەسەردا دێت، ئیتر حیکمەتی خۆی لەدەست دەدا و پێی لە زەویی واقیع دەبڕێ و لە فەنتازیایەکی کاریکاتێرییانەدا دەچێتە کراسی (سلێمانی حەکیم)ەوە و هەموو هێزە نهێنی و سروشتی و کەرەستە و ئامرازەکانی ئەو، لە (پەپلە سلێمانی) و (ئەنگوستیلە) و (دێو و درنج) و (پەلەوەر) و (جنی) و (تاج و تەخت و عەرش)، بۆ خۆی دنیایەکی فەنتازی بۆ تۆڵەکردنەوە و چەسپاندنی دەسەڵات دادەهێنێ، تووڕە دەبێ، گەف دەکا، بڕیار دەدا، فەرمان دەردەکا، بەڵام دەخوڕێ و نابڕێ، هێزێک لەو هێزە ئەفسانەییانەی سلێمانی حەکیم، سلێمانی پێغەمبەری دێرین بەدەنگ سلێمانی هاوچاخی سۆبارییەوە ناچێ، دێو و درنج، پەپلەسلێمان، تەیروتوور و هێزە پەنهانە ئەفسانەییەکان هیچ کامێکیان بەگوێی ناکەن و ئامادە نین هەتا سەر لە کەوتنە بەردەوامەکانیدا باربووی بکەن.

ئاکامیش خۆی لە ڕاڕەوەکانی خەڵوەتخانە هەزارلۆغانە و پڕ لە نهێنییەکەی (فەلەک)ی جادووکار و لە دەروازەی کابینە تایبەتییەکەی بەلقیسی شاژنی ڕابواردندا دەبینێتەوە، کە بەجەستەی ڕووت و گەڵی داپچڕاوەوە پێشوازیی لەو

شەواڵپلیتە دەسڕۆیانە دەکا، کە ڕیزیان بۆ گرتووە.

سلێمـانی (نا) حـەکیـمی هاوچاخی سـۆبارتی ئیـتـر لێـرەدا کۆتـایی دێت و لە سـرووتێکی (نێرڤانا) ئاسـادا دەسـووتێ، بابی عـەمـشـەی شـاخـداری جـێکێشـیش لەسـەر فەرمـانی بەلقیس خۆڵەمێشەکەی گەسک دەدا، کە بێدەربەسـتانە بەلقیس گازی لێ دەکا:

(– وێ مێرێ دەرباس بکە، ئەڤـ هەفتـەیەک قەدیا کو ئەڤـ پەپوک ل بەر دەرێ، ل سەر دۆرێ یە.).

واتا ئەو پیـاوەم بۆ بکەرە ژوورەوە کـە ئەوە هـەفـتـەیەکە لە سرەدایـە ئیتـر کـابرای ناوداری خاوەن پێکەنینە ناسـراوە سەر لاکێشـەییەکە خۆی بـە ژووردا دەکا، کە لە زەینی هـەموو سـۆبارتییەکدا وێنەی (شـێرێکی !) دەموچاو درێژی لاکێشـەیی، بەڵام بە سروشت ڕێوی وێنا دەکا. سلێمـانی سـۆبارتی ناحـەکیـمی هـاوچاخ لێرەدا لە کـۆتایی دەرگـەی شـەشـەمی ڕۆمـانەکـەدا کـۆتایی دێت، بەڵام ڕۆمـانەکـە بەخـۆی کۆتاییی نـایەت، بگرە حـەلیم یووسف لە هـەنگاوێکی داهێنەرانەدا ئـێمـەی خـوێنەر دەباتـە بەردەرکـەی دەرگـەی حـەوتەمی ڕۆمـانەکـە و بەپێـچـەوانـەی حـیکایـەتی کـەلەپووری کـوردییـەوە، کـە هـەردەم کـردنەوەی (دەرگـەی حـەوتەم) لە پاڵـەوانی حیکایەت قەدەخە دەکا، حەلیم بە ئێمەی خوێنەر دەڵێ:

(.. ژ بەر کو ئەز وە ل بەر دەرێ هـەفتـان بهێڵم، لێـبووریێنێ دخـوازم، هێڤیا من ئەوە کو هوێن بخوە دەرباس ببن.. فەرموو!.

واتا بە داوای لێبووردنەوە من بەجێتان دەهێڵم، ئەوە دەرکەی هەفتەم و بۆ خۆتان وەژوورکەون... دەفەرموون).

لێرەشـەوە ئیـتـر دەرگـەی فەنـتازیـا و خـەیـاڵی بڵاو بۆ وێناکردنی ئەودیوی دەرگە زۆرە داخـراوەکـانی تر و کـونج و شـوێنە تاریکـەکـانی تری ئـێـسـتـا و داهاتووی سـۆبارتۆ لـە بەردەم خـوێنەری داهێنـەردا دەکـرێتـەوە، بۆ ئەوەی مـەزەندەیەک لە داهاتووی بدا.

لە ڕاسـتـیـشـدا حـەلیم یووسـف لە گـێـڕانەوەی سـۆبـارتۆدا ئەگـەر بشـێ دەڵێم تەکنیکی (گـێـڕانەوەی هەمـەلایەنەن)ی بەکـار بردووە، ڕۆمـانەکـە بەشـێـوەیەکی سـەرکی بە ڕاناوی کەسـی یەکەمی تاک (من) دەگێڕدرێتەوە، وەگێڕەکەشی خـودی

کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە (سلێمان)ە، لێ سلێمان بەتەنیا شێوەی گێڕانەوەی زاتی پێڕەو ناکات، بگرە هەندێ جار وەک (وەگێڕی شایەت حاڵ) و هەندێک جار وەکو (وەگێڕی ئۆڵۆمپی)یش گێڕانەوەکە ڕادەپەڕێنێ.

یا وەکو تر بڵێم لەسەر سێ ئاست و لە نێوان سێ گۆشەنیگای جیا جیاوە ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە: وەک وەگێڕێکی زاتی کاتێک کە باس لە خۆیەتی، وەک وەگێڕێکی شل یەت عەیان کاتێک باس لە دەوروبەرەکانی دەکا و وەک وەگێڕێکی فرەئاگایش کاتێک باس لەوانەی دوورتر دەکاو، نەک هەر وەسفی دیوی دەرەوەیان بگرە لە ڕووی دەروونیشەوە هەڵیان دەسەنگێنێ و لە چاوی ئەوانیشەوە شتەکان دەبینێ.

سلێمان هەر بەتەنیا باس لە زاتی خۆی و ئەو ڕووداوانە ناکات کە بەسەر خۆیدا هاتوون، یا بەخۆی بیریان لێ دەکاتەوە، بگرە باس لە مەوزووعی ساتی ئێستای (ئەوانی تر)یش دەکا کە (دەیانبینێ) وەک ئەوسای کە بەسەرهاتی برۆ و شێرۆ و بابی عەمشە و فاروق و ڕەشۆ و هاوتەمەنەکانی تری خۆی دەگێڕێتەوە، هەروەها باس لە مەوزووعی غائیبیش دەکا، ئەوانەی کە خۆی تێدا کارانییە و ناشیان بینێ واتا هاوچاخیان نییە، بگرە (دەیانبیستێت) وەک ئەوەی کە لەبارەی مستۆ شەلەوەی دەگێڕێتەوە.

ئەوەیشی ئەم هاتوچۆیەی نێوان ئەم سێ گۆشەنیگای گێڕانەوەیەی بۆ سلێمان ئاسان و لای خوێنەر پەسەند و بێگرفت کردووە، ئەگەرچی وەگێڕ و لەپشتی ئەویشەوە حەلیمی ڕۆماننووس هیچ ئاماژەیەکی چاپەمەنی وەک کەوانەی گەورە و داش و جووتەکەوانە و هیی تریش بەکار نابەن بۆ جیاکردنەوەی ئاست و جۆر و سەرچاوەی گێڕانەوە جیا جیاکان، ئەوەیە کە لە سەر ئاستی (شێواز – ئسلووب)دا حەلیم بۆ گێڕانەوەی زاتی (قسەی ڕاستەوخۆ –diret speech ) و بۆ گێڕانەوەی مەوزووعی (قسەی ناڕاستەوخۆ – indirect speech) بەکار دەبا و ئەم شێوازەیەش ڕێگە بە (وەگێڕە زاتییەکە – سلێمان) دەدا بەبێ ئاماژەی چاپەمەنی قسە و بەسەرهات و دیالۆگی ئەوانی تر بۆ خۆی داگیر بکا و پاش تێپەڕاندنیان لە فلتەری خۆیەوە بە (زاتییەتێکی) خۆیەوە بیانگێڕێتەوە، بۆیە ئیتر پێویستیان بەوە نییە بە ئاماژەی چاپەمەنی – ئیشاراتی تیباعی وەک کەوانە و شتی تر لە

قسەکان – گفتار – خیتابی خۆی جیا جیا بکاتەوە و ئەم دیاردە لە زۆر بەشی ڕۆمانەکەدا هەستی پێ دەکرێ، بەتایبەتیش لە شەش شەوبێرییەکەی مستۆی قۆپدا، کە خوێنەر ڕاستەوخۆ لە مستۆوەی نابیستێ، بگرە لە پاش تێپەڕبوونی بە فلتەری سلێماندا پێی دەگا، کە ئەم بە خۆی لە ڕووداوەکانی پێش ناسینیدا نائامادەیە و بەخۆیشی نەیدیون، بگرە لە مستۆیان دەبیستێ و دەیانلێتەوە.

ئەم تەکنیکە لەلایەکی ترەوە ڕووبەرێکی فرەوانی زۆری بۆ ڕۆماننووسەکەش هەڵخستووە کە لە نێوان شوێنی جیا و، کاتی جیادا سەربەستانە بێت و بچێت، لە ڕووی بەکارهێنانی زانیاری و کەرەستەکانی تریشەوە ئازادانە سوود لە مێژوو و ئەفسانە و کەلەپوور و کولتووری خۆماڵی و بیانی و زانستەکانی سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی و ئەنتەرپۆلۆجیا و ئەتنۆگرافی و زۆر بواری تریش لە ئەدەبی نووسراو و سەرزارەکیش ببینێ و لەگەڵ ڕۆشنبیری و داهێنانی خۆی و ئەوانی تردا تێکەڵیشیان بکا، واتا بە (تەناس) دووبارە بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێ و بەو مەبەستەی خۆی گەرەکێتی دووبارە بیانئافرێنێتەوە.

ئەوەیشی کە جگە لە سلێمان لە ڕۆمانی سۆبارتۆدا گوێمان لە دەنگی ڕاستەوخۆی دەبێ بەلقیسە لە کۆتایی دەرگەی پێنجەمدا کاتێک کە بەسەرهاتی خۆی لە شێوەی مورافەعەیەکدا بۆ پاکانەکردن بۆ سلێمان باس دەکا.

وەلێ ئەوەی بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و کتوپڕ دێتە پێشەوە و ڕاستەوخۆ قسە بۆ خوێنەر دەکا خودی حەلیم یووسف – ی ڕۆماننووسە، کە لە ئەنجامی سووتانی بەندیخانە و مردنی نزیکەی (٦٠) پیاوی یەکی یەکی ئامووەدەدا، ڕاستەوخۆ و بەناوی خۆیەوە لە (ل ١١٤) دا دەکەوێتە ئاخاوتن:

(.. ئو تو ئەی حەلیم یووسف چی ئیشێ تە پێکەتییە؟ تو چما دەنڤیسێنی؟ گاڤا خەلک دشەوتین، جەهـ دشەوتین، سلێمانی داوێ دشەوتی ئو هەزار گرێی دی دلێ تە دە دشەوتین ئو تو کەس نابینی، تو کەس نابیستی، تو کەس پێ هەست نابە، ئو تو کەس بێهنا شەواتا ڤێ گۆشتێ چار هاوێر ل بەر دەست و ئاگری نەکە، ما گەلو نڤیساندن ژی بو چی یە؟ (...) ما نەچێترە پێنڤیسا خوە ژی باڤێژی ناڤ ئاگر و بشەوتینی؟!..).

ئەمــە دەشــێ وەک قــســەی خــودی حــەلیم یووسف تـەمــاشــا بکەین کــە لـەژێر کاریگەریی ڕووداوی سـووتانی بەندیخانەکە و لەدەسـتدانی ئازیزانیدا لە ئەتەکێتی باوی نـووسـینـی ڕۆمـان و لە کـۆنتـرۆڵ و فلتـەری کـارەکتـەری سـەرەکی و هەم ڕۆمانبێژی سەرەکی (سلێمان)یش خۆی دەرباز دەکا و بەجێگۆڕکێکردن بە ڕاناوی (من) و (تۆ) واتا گـۆڕینەوەی کـەسی یەکـەمی تاک بە کـەسی دووەمـی تاک خـۆی قـسـە بۆ خـودی خـۆی دەکـا، ئەمـیش شـێـوەیەکـە زمـانـی کـوردی ڕێی پێ دەدات بەتایبـەتیش لە کـاتی سـەرزەنشـتکردنی خـۆدا وەک ئەوەی یـەکێک بەخـودی خـۆی بڵێ: (کورە نامـەردت نەکەن تۆ کەی ئەوەندە ترسنۆک بووی؟!)، ئەگەرچی (ڕۆبەرت هەمفری) لە کتێبەکەیدا (تیار الوعی) و لە کاتی دیاریکردنی شوێن و کات و دۆخی جێگۆڕکێ پێکردنی (ڕانـاوەکـان) دا هەسـتـی بەم جـۆرە جـێگۆڕکـێکردنەی (من) و (تۆ) نەکردووە، کە لەوانەیە لەو زمانەدا نەبێ کە ئەو پێی دەئاخڤێ! وەک لە زمانی کوردیدا بواری پێ دەدرێ.

یا لەوانـەشـە دایالـۆگەکـە هەر ئـەسـڵـەن هیی کـارەکـتـەرو وەگـێڕی سـەرەکـیی ڕۆمــانەکــە بێت، کــە ئەویش لە ســاتەوەخــتــێکی هەڵچــوونی دەروونـیـدا و لـەژێر قـورسـایی و تیـژیی گڕتێبـەربوونی زیندان و سـووتـانی ئەو (٦٠) کەسـایەتیـیـەدا ئەویش (سلێـمـان) لە داهـێنەرەکـەی (حـەلیـمی ڕۆمـاننووس) یاخـی بووە و وەک نـاڕەزایی دەربڕینێک لـەو هـەموو کـارەسـاتەی کە لە تێکستەکەدا بەسـەری دەهێنێ بەگژیدا بچێت و لە ڕووی بوەستێ و لێی هەڵگەڕێتەوە، هەردوو ئەگەرەکە ڕێیان تێ دەچێت و بۆ ڕۆمـانی نوێ لەبارن، بەڵام بەدڵنیـاییـیـەوە دەڵێم حوزووری ڕۆمـاننووس ئاوا بەناوی خۆیەوە لە تێکستدا بۆ خوێنەری ڕۆمانی کلاسیکی کارێکی نائاسایی دەبێ، چونکە ڕۆماننووسی کلاسیکی هەردەم لە هەوڵی خۆشاردنەوەن لە خوێنەر.

لێـرەدا با ئـەوەش بڵـێم کـە حـەلیم یووسف لـە ڕۆمـانـی سـۆبـارتۆدا لانی کـەم دووچاری غـەفـڵـەتێک بووە ئـەویش کـاتێک لە لاپـەڕەکـانی (١٥٣ و ١٥٤) دا هەردوو کـەسـایەتیی (سـدیقـۆ) و (هۆڤـۆ)ی وەک یەک کـەس لە ڕووداوی مـانگاکـەدا باس کردووە، بەڵام لەلاپەڕە (٣٠) دا لەسـەر فرەژنی و فرەمێردی ئەم دوو کەسـایەتییـە (ســدیقــۆ) و (هۆڤــۆ) دایالۆگ و گــەنگەشــەیان هەیە. جگە لەمــە هـەرگـیــز لە تێکستـەکەدا ناوی فەرمیی (هۆڤۆ) نەهاتووەو هەر لە سەرەتاوە بە (هۆڤـۆ – گەوج) باسـی هـاتووە، بەڵام (سـدیقـۆ) نـاوی سـدیقـە و دواتر نازنـاوی (مـەلا)ی بەسـەردا

دەبڕدرێ، چونکە دەم لە کـاروباری ئاین و شـەرع وەردەد او قـەتیش بە درێژاییی تێکسـتی ڕۆمـانـەکـە پێی نـەگـوتراوە (هۆڤـۆ)، کـەچی ئەم غـەفـڵـەتیـیـە لە دەقـە عارەبییەکەشدا بەسەر حەلیمدا تێپەڕیوە کە بەخۆی وەری گێڕاوەتە عەرەبی.

پاش ئەم گەشتەم بە نێو (٢٠٣) لاپەڕەکەی ڕۆمـانی سۆبارتۆی حەلیم یووسفدا بەدڵنیـایی و بە شانازییەوە دەڵێم شـاکارێکی داهێنـەرانەی ئەقڵێکی ناوازەیە، هەر بەتەنیـا کـارەسـاتی سلێمـانی هـاوچاخی سـۆبارتی – ئامـوودە نییـە، بگرە تۆمـاری مـێژووی پڕ لە نهێنی و خـەفەکراوو لەبیرکـراوی تەواوی خـاک و گـەلی سـۆبارتۆ / کوردستانە. هەر بەتەنیا تراجیدیای پیاوان (نێرینەکان)ی سـۆبارتۆیش نییە، بگرە مێژووی سەرکوتکردن و پەڕاوێزخستنی تەواوی ژنانی ئیرادە زەوتکراوی سۆبارتۆ / کوردسـتانە، کە ئەمـان بەدەسـتی پیـاوانی خـۆیـانەوە و پیـاوانیشـیـان بەدەسـتی دەسەڵاتی داگیرکار و سەرکوتکارەوە ژیانێکی کۆیلەیی و پڕ لە کوێرەوەریی بەسەر دەبەن.

سـۆبـارتۆ پەیامـی مـرۆڤی ڕۆشنبیـری کـوردە بۆ جیـهـانـی شـارسـتـانی، دیاری و بەشـداریکردنی داهێنەری تاکی کـوردە لە دەوڵەمـەندکـردنی کەلەپوورو کـولتووری مـرۆڤـایەتیـدا، بەتایبـەتیش لە بـواری ڕۆمـانـدا، سۆبـارتۆ لە بیـرەوەری و لە ویژداندا دەمێنێ.

* لە کۆواری ئایندە – ژمارە (٨٠) ی (ئەیلوول) ی ٢٠٠٨ دا بڵاو کراوەتەوە.

## ڕۆمانە شیعریی..

## "ئەڤین ئاوی ژیانە"ی مەهاباد قەرەداغی

(ئەڤین ئاوی ژیانە)، ڕۆمـانـی شـیـعـریـی (مـەهـاباد قـەرەداغی)یە، لە چاپەکـەی بەردەستی مندا نەنووسراوە کەی و لە کوێ و چ دەزگایەک چاپی کردووە و بڵاوی کـــردووەتـەوە، ئـەم ڕۆمـــانـە لە مـــاوەی ٢٠ / ٤ / ٢٠٠٤ تا ٣٠ / ٤ / ٢٠٠٤ لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد نووسراوە. دیارە نووسینەوەی ڕۆمانێکی شیعریی ئاواش لە مـاوەی تەنیـا ١٠ دە ڕۆژدا خـۆی لە خـۆیدا جـێی سـەرسـوڕمـان و پرسیارێکی گەورەیە، بەڵام مەهاباد لەبارەی میکانیزمی نووسینی خۆی بەگشتی و ئەم ڕۆمـانی (ئەڤین ئاوی ژیانە)شـەوە بەتایبـەتی لە لاپەڕە (١٦)ی بەشی یەکـەمی بیرەوەرییەکانی خۆیدا کە بەناوی (ساڵێک لە دۆزەخ)ەوە بڵاوی کردووەتەوە دەڵێ:

(ســاڵانێک بـوو ڕووداوەکـانی لەناو مـێـشکمـدا دەســووڕانەوە و کـە دەهاتم بیاننووسـمـەوە و چەند دێرێک یان لاپەڕەیەکم دەنووسی و ئیدی بەجێم دەهێشت (...) بەڵام کـە کـاتی هات ئیـدی (...) دانیـشـتـم و یەک هەناســە نووسـیـمـەوە، نووسـینەوەی ئەم ڕۆمـانە، یان ڕاسـتـتـر بڵێـم ژانی لەدایکبـوونی ئەو بەرهەمـە دە ڕۆژی خـایاند.)، بەمـەشـدا دەردەکەوێت کە داڕشـتنی ئەڤین ئاوی ژیانە لە (زەینی) مـەهاباددا سـاڵانێکی خـایاندووە، بەڵام نووسـینەوەی لەسـەر (کاغەز) تەنیـا ١٠ دە ڕۆژی بردووە، لێرەشـەوە سـەرسـوڕمـانەکەشـمـان دەڕەوێتـەوە و وەڵامی پرسـیـارە گەورەکەشمان چنگ دەکەوێت.

بڕوای تەواویشم بەوە قـایمە کە دەزگاکەی چاپی کردووە لە بیری نەچووە ناوی خـۆی بخـاتە سـەر کتـێبـەکە، بەڵام نەیویسـتـووە خـۆی بخـاتە بەر کاردانەوەی ئەو بوێرییــەی کــە مــەهاباد لـە بواری باسکردنـی ئاین و ئەڤـیندا لە ڕۆمــانەکــەدا نواندوویەتی.

ڕۆمانەکە ١٢٤ لاپەڕەی قەوارە ناوەندییە و بریتییە لە پێشەکییەکی پەخشان کە بە نامەی هەزار و یەک ناوزەد کراوە، هەروەها سێ وێستگەی یەکەمی لەژێر ناونیشانی (ژووانێک لە دۆزەخ) دایە و وێستگەی دووەمی بە ناونیشانی (کەناری دۆزەخ)ە و دوا وێستگەشی بەناوی (دوورکەوتنەوە لە هەسارەی دۆزەخ)ەوەیە.

لە بەرایی و لە سەرەتای وێستگەکان و لە لاپەڕەکانی کۆتاییشدا وەکو پاراتێکست هەندێ وتەی هەڵبژاردە لە وتەکانی چەند شاعیر و فەیلەسووف و ڕۆشنبیرێکی کورد و بیانی تۆمار کراون، کە دیارە ڕووناکییەکی بەرچاو دەخەنە سەر نێوەڕۆکی ڕۆمانەکە، لەو نووسەرانەش: فلۆرەنس ئەلسبۆرن، ڕینهۆڵد نایبوور، مەستوورە کوردستانی، نالی و نیتچە، لە دوای تەواوبوونی دەقەکەیش، واتا لە دەرەوەی دەقەکەشدا وتەکانی ستانسلاڤ جێرسی لێک، گ. وێنەر، ئێکەلویڤ، هێنری تۆرۆ، ئێریک نیوومان، نالی، پاول مۆکسنێکس، مەسیح، بودا، ئاراگۆن و قسەیەکی خودی پاڵەوانێکی ڕۆمانەکە (سێوە)ش تۆمار کراوە لەژێر ناونیشانی (سێوە... پێغەمبەری هەسارەی ڤینۆس) کە لە دەقی ڕۆمانەکەدا نییە و دەڵێ: (مرۆڤ پێویستی بە ئاوە، ئەڤین ئاوی ژیانە.) کە پیاوە بووەتە ناونیشانی ڕۆمانەکە، ڕۆمانەکەش پێشکێش بە (عاشقانی ئەنفالکراو) کراوە، لێرەشەوە خوێنەر دەتوانێ تێمەی سەرەکیی ڕۆمانەکە لە زەینی خۆیدا بەرجەستە بکا و سەرتاسەری مەبەست و ئامانج و نێوەڕۆکی ڕۆمانەکەش بهێنێتە بەرچاو.

(ئەڤین ئاوی ژیانە) لەسەر بەرگەکەی نووسراوە (ڕۆمانی شیعر)، بەڵام لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین لە ڕووی هونەرییەوە تێکەڵەیەکە، یا پێکهاتەیەکی هونەری موعەقەدی هەر سێ ژانرە سەرەکییەکەی ئەدەبە کە (شیعر و دراما و ڕۆمان)ن. بەزاندنی سنووری ئەم ژانرانە و تێکەڵ کردنەوەیان بەڕای من گەڕانەوە، یا گێڕانەوەی ئەدەبە بۆ ڕۆژانی سەرەتای پەیدابوونی ئەم داهێنانە مەزنەی مرۆڤ و ڕای منیش لەبارەی تێکەڵکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان لەو بابەتەدا بەڕوونی باس کراوە کە هەر لەو کتێبەدا بە ناوی (شێرکۆ بێکەس و ون بوون لە نێوان داستان و درامای شیعریدا)، بۆیە بە پێویستی نازانم لێرەشدا بە دوور و درێژی دووبارەی بکەمەوە ئەوەنەی نەبێ کە کارێکی ناپەسەندە، چونکە هەر ژانرێکی ئەدەبی بۆ خۆی ناسنامە و کەرەستە و تەکنیک و تەنانەت ئامانجی جیاوازیشیان هەیە کە نابێ و ناکرێ لەیەک بەرهەمی ئەدەبیدا هەموو بسڕدرێنەوە.

دەقەکە بە زمانێکی ناسک و شیعریی نووسراوە، هەندێ جار تەنانەت کێش و سەروایشی تێدا ڕەچاو کراوە وێڕای ڕەزم و ئەو زاتیەتەشی کە بۆ دەقی شیعریی پێویسترن تا ڕۆمان.

بەڵام وێڕای ڕاستیی ئەم زاتییەت و زمانە شیعرییە بەرزەش، بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین (ئەڤین ئاوی ژیانە) ڕۆمانە، چونکە بەسەرهاتە، بگرە بەسەرهاتی هەزارەها کەپڵی ئاشق و ماشووقی قوربانییەکانی پرۆسەی ئەنفالی قەڵاچۆکردنی توخمی کوردن، کە بەبێ ئەوەی تەرەف بن لە هیچ ململانێیەکی توندوتیژیدا ڕاپێچی تونی مەرگی بەکۆمەڵ کراون و لە هاوکێشەیەکی لاسەنگدا گیانیان لەدەست دا بەبێ ئەوەی هیچ کەرەستەیەکی، یا هیچ مافێکی بەرگری لەخۆکردنیان هەبێ.

وەکو ژمارە و وەکو ئینتیمای ئەو هەزاران مرۆڤە و وەکو ڕووبەری شوێن و قەوارەی کارەسات و بابەت و کەرەستەی تاوانەکەش بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین (ئەڤین ئاوی ژیانە) ڕۆمانە، بەڵام ڕۆمانێکی نوێی هاوچاخ کە لە دەرەوەی لۆجیکی ئاساییدا ڕوو دەدا و بە زمانی شیعر و پەخشانەشیعر نەبێ تەعبیری لێ ناکرێ.

وێڕای ئەم شیعرییەت و ئەم ڕۆمانییەتەش کە باسمان کرد، دەشێ وەکو بەرهەمێکی درامیش تەماشای (ئەڤین ئاوی ژیانە) بکرێت، کە ئەمەش هەر لە دێرەکانی سەرەتای پێشەکییەکەیەوە بەدەر دەکەوێ کاتێک (کات) و (شوێن)ی ڕووداوەکە، لە شێوەیەکی شانۆگەریی ئاوادا تۆمار کراوە:

" شوێن: ئۆرانۆس.

کات: کە بیر لە تۆ دەکەمەوە، هەموو کاتێک."

لەبەر ڕۆشنایی ئەمەشدا ئەوجا دەتوانین پێشەکییەکە و هەرسێ بەشەکەی تر وەکو چوار (دایالۆگ)ی درامیی درێژ مامەڵە بکەین، کە پێشەکییەکە و بەشی یەکەمی و سێیەمی حیواری خەزاڵن و بەشی دووەمیش حیواری (لاس)ە.

هەرچەندە ڕۆماننووس لە سەرەتا و لە کۆتاییی دەقەکەشدا وای دەربڕیوە کە هەرچوار بەشەکە پێکەوە نامەی (هەزار و یەک)ەمی خەزاڵ پێک دێنن بەتایبەتیش لە کۆتاییدا کە دەنووسێ: گرینگە کە فریاکەوتم نامەی هەزار و یەکەمینیش تەواو بکەم."، ئەوە بوو لە سەرەتاشدا لە پێناسەی دەقەکەدا نووسیویەتی: " نامەی

ژماره: هەزار و یەک." دەڵێم وێرای ئەو دوو تەئکیدکردنەوەیەش، لەوەی کە دەقەکە نامەی هەزار و یەکی خەزاڵە، بەڵام زۆر بە ڕوونی دیارە کە بەشی دووەم، یا وەک ڕۆماننووس خۆی پێی دەڵێ:" وێستگەی دووەم " سەرلەبەر حیوار، یا نامەی (لاس)ە، کە ئاوا دەست پێ دەکات:

" خەزاڵەکەم،

هەر لە یەکەم دڵۆپی ئەو بارانەوە

هۆشم گەیشتە دۆزەخ و،

هەستم لای دەنگت مایەوە.."

لە دێرەکانی دواتریشدا هەر ئاوا (لاس) بە ناو گازی (خەزاڵ) دەکاتەوە و بە ڕاناوی کەسی دووەمی تاک قسەی بۆ دەکات، بەشێوەیەک کە گومان لەوەدا نامێنێ دەقەکە دیالۆگی نێوان دوو کەسە، نەک مەنەڵۆگی تەنیا کەسێک.

با ئەوەش لەبیر نەکەم کە شانۆی شیعری و ڕۆمانی شیعرییش پێش (ئەڤین ئاوی ژیانە) لە ئەدەبی جیهانی و لە کولتوور و تەنانەت لە ئەدەبی هاوچاخی کوردیشدا هەبوون و هەن و لەم دوو بوارەشدا بۆ نموونە دەشێ بەهەردوو شانۆی شیعریی (کاوەی ئاسنگەر) و (ئاسک) ی (شێرکۆ بێکەس) و ڕۆمانی شیعریی (ژوانگەی هەژان و ژان)ی جەمال شارباژێری بدەین. دیارە لە لاوک و حەیران و بەیت و بەندی کوردیشدا بناخەیەکی بەرچاوی ئەم شیعرییەت و حیوارییەت و ئەم جۆرە گێڕانەوانە لە یەک دەقدا پێکەوە هەن.

بۆ بەکارهێنانی تەکنیکی (نامە)ش ئەوە دەتوانین ئاماژە بە کۆنترین ڕۆمانی ئینگلیزی (بامیلا – یا پاداشتی چاکە)ی ڕیچاردسۆن بکەین کە لە ساڵی ١٧٤٠ لە لەندەن چاپ و بڵاو کرایەوە و وەک ئاگرێک لە پووش بەربێ ئاوا هەموو بەریتانیای گرتەوە و هەر زوویش پەڕییەوە ئەم بەری ئەوروپا و وەرگێڕدرایە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکان، بەڵام دیارە نامەکانی بامیلا کە لەماڵێکدا کارەکەریی دەکرد بۆ کەسانێکی دیاریکراو (دایک و باوک)ی پاڵەوانەکە بوون و بابەتەکەشی ئەو بارودۆخە بوو کە لە ماڵی خانەخوێیەکەیدا دووچاری دەهات و باسی لە حاڵی حازر و داهاتوو دەکرد، واتا نامەگەلێک بوون نێرەر و بۆ نێردراو، یانی نووسەر و خوێنەریان هەبوو، بەڵام نامەکانی خەزاڵەکەی (ئەڤین ئاوی ژیانە) کەی مەهاباد،

نێرەریان هەیە، کەچی مەرج نییە خوێنەریان هەبێ و زۆرتر لەو نامە هاوچاخانە دەچن کە ئێستا هەندێ دەزگای ئاسمانیی سەر زەوی بۆ گیانلەبەرە موفتەرەزەکانی هەسارەکانی تری دەرەوەی زەوییان دەنێرن، کە مەرج نییە بگەنە جێ و وەڵامیان بدرێتەوە، خەزاڵ لە پێشەکیی نامەکەیدا بۆ لاس دەنووسێ:

"نازانم دەتوانم ئەم نامەیە تەواو بکەم یان نا، تەمەن مەودا دەدا یان نا، نازانم دەتوانم بۆتی بنێرم یان، ئەگەر بینێرم دەگاتە دەستت یان نا، ئەگەر بگاتە دەستت کاتت هەیە بۆ خوێندنەوەی یان نا، ئەگەر خوێندتەوە کاتت هەیە بۆ وەڵامدانەوەی یان نا، ئەگەر وەڵامت دایەوە دەگاتە دەستم یان نا، بەڵام من دەینوسم..."

بەڕاستی لەلایەکەوە بێهیواییەکی ترسناک و لەلایەکی تریشەوە سووربوونێکی بوێرانەیە بەم خواستە بتەوێت نامە و پەیام ڕەوانە بکەی کە بە دەیان (ئەگەر) و (نازانم) دەوری تەنراوە، ئەمەش ڕەنگە جیاوازی کات و بارودۆخی نووسینەوەی (بامیلا) و (ئەڤین ئاوی ژیانە) هێنابێتە کایەوە و، دەرهاویشتەی هەرە دیاریشی ئەوەیە کە مرۆڤ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەست بە تەنیایی و بێ هاودەنگی و نەبوونی گوێگر دەکات لە دەوروبەری خۆی. لە سەرێکی تریشەوە پاڵەوانی بامیلا لە نامەکانیدا باسی بارودۆخی ئەو شوێنە دەکات، بەڵام بەپێچەوانەوە خەزاڵ زۆر کەم باسی ئەو شوێنە دەکا کە نامەکەی لێوە دەنووسێ، ئەویش هەر لە پێشەکییەکەیدا، کەچی زۆرتر باسی ئەو بارودۆخ و ڕووداو و یادگارە تاڵ و شیرینانە دەکا کە لەگەڵ لاسدا پێکەوە لەسەر زەوی و پێشتر دیویانن، دیارە ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر ڕیتمی ڕووداوەکانی (ئەڤین ئاوی ژیانە) خاو دەکاتەوە، کە ئەویش بە دەوری خۆی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕادەی تەشویقی خوێنەر، ئەمەش پێوەندییەکی توندوتۆڵی هونەری بە (زەمەن)ی ڕووداو و گێڕانەوەکەیەوە هەیە، کە لە ڕاستیدا لە زەمەنی فیزیکی ڕووداوەکەدا، کە خەڵکە ئەنفالکراوەکە دەدرێنە بەر ڕێژنەی گوللە لە چەند ساتێک تێ ناپەڕێت و، بەخێرایی دەرچوونی ئەو گوللانەیە کە لە لوولەی تفەنگەکانەوە دەردەپەڕن تا دەگەنە جەستەی قوربانییەکان، بەو خێراییە هەموو شتێک لە ڕووداو، و لە گێڕانەوەکەشی کۆتایی دێت، دیارە ئەم خێراییەش کە لە خێرایی دەنگ پترە بەشی ئەو گێڕانەوە ئاساییە ناکات کە لە ڕۆمانی کلاسیکیدا باوە، بۆیە گێڕانەوەی (سلۆمۆشن) لێرەدا وەکو پێویستییەکی هونەریی خۆی دەسەپێنێ، ئەویش بە گۆڕینی خێرا خێرای بابەتەکان و بە بەکاربردنی وشەی

ئاوسی پڕ دەلالەت و ڕستەی کورت و، بەدوای یەکداهێنانی دیمەنەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو، کە بەو موغامەرە شیعرییە نەبێ ئەنجام نادرێ، کە ڕۆماننوس لە بەرهەمهێنانی دەقەکەدا بەکاری هێناوە.

دوای هەموو ئەم تاوتوێیانە ئێستا بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم بەهەموو پێوەرە باوەکان ڕۆمانەشیعری (ئەڤین ئاوی ژیانە) بە ڕۆمانێکی ئاسایی دانانرێ، چونکە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوێکی واقیعی، بەڵام نامـاقـوڵدا دەکات و، لەبەرئەوەی پاڵەوانەکانی کەسی کارا نین لە ململانێکەدا، بگرە قوربانین، بۆیە نابەجێ دەبوو ئەگەر بە کەرەستەی ماقوڵ و ئاسایی و تەکنیکە باوەکانی ڕۆمانی کلاسیکی بنووسرایەتەوە، یا وەکی تر دەشێ بڵێین ڕۆماننووس بە دەستی ئەنقەست نییە ئەو تەکنیک و پێکهاتەیەی لە نووسینەوەی ڕۆمانەکەدا بەکار بردووە، بگرە خودی بابەت و تیمەی ڕووداوەکەیە ئەو شێوە و شێوازە تێکەڵەی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە و سەپاندوویەتی.

(ئەڤین ئاوی ژیانە) فەنتازیای کەسێک، خێزانێک، یا تەنانەت میللەتێکیشە کە لە مەرگەساتێکی بەکۆمەڵدا چاوی بریبێتە لوولەی تفەنگێکی مەرگپڕێن، کە لە چاوترووکانێکدا دەتوانێ کۆتایی بە ژیانی سەدان هەزار و هیوای هەزاران کوڕ و کچ و خێزانی ئاسوودە بێنێ و خەون و خەیاڵیان زیندەبەگۆڕ بکا..

لە هەمان ساتیشدا بەرەنگاربوونەوە و، فەنتازیای تەحەدای مەرگێکی سووری موحەقەقە کە بە خێراتر لە خێرایی دەنگ لە لوولەی تفەنگێکەوە ڕوو لە قوربانی دەکا و هەر بەهەمان ئەو خێرایی لە دەنگ تیژترە هەموو شتێک دەبڕێتەوە بۆیە دەبێ جیاوازییەک لە نێوان کاتی فیزیکی ڕووداوەکە و، کاتی هونەریی گێڕانەوەکەیدا هەبێ، ئەڤین ئاوی ژیانە کارەسات و فەنتازیای ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤە لەگەڵ مردنێکی ناسروشتی و، خەونی کەسێکە بە ژیانی هەمیشەییەوە، با لە دنیایەکی تر و تەنانەت ئەگەر لە ئەستێرە و لە هەسارەیەکی فیزیکی تری ڕاستەقینە ، یا میتافیزیکی ناڕاستەقینەش بێ.

(ئەڤین ئاوی ژیانە) ڕاکردنی مرۆڤی زوڵملێکراوە لە دۆزەخی زەوی و دنیای فانییەوە بەرەو دنیای هەمیشەیی و ئازادی و ڕووناکی، دنیایەک کە ئیتر مرۆڤ تێیدا هەست بە سەربەستی بکا، چەوساندنەوەی تێدا نەبینێ، خەون و

خەیاڵەکانی بێنێتە دی، بەهەشتێک بێت پڕبەپێستی وشە.

با وەبیریشی بێنێتەوە کە دنیای جاویدانی پاش مردن و پرەنسیپەکانی سزا و پاداشت و بەهەشتی کامەرانی و یەکسانی لە داهێنانی مەهاباد قەرەداغی نین، بگرە پێش ئەو هەموو ئاینەکان، زۆربەی ئەفسانەکانی گەلانی میزۆپۆتامیا و، میسر و هیند و گریک و ئەوانی تریش بۆ کەمکردنەوەی ئاسەواری مردن بەڵێنی ژیانی دووەم و بەهەشتیان بە مرۆڤ داوە، دوای ئەوانیش داستان و دەقی داهێنراوی زۆر بەم ئاراستەیەدا بەرهەم هێنراون لەوانە: باس و خواسی فیردەوس لە کن زەردەشتییەکان و پایە و پێتەختی ئاورمازدا لە مەملەکەتی ڕووناکی لە ئاسمان، کە لەوانەیە ئەم (مەملەکەتی ڕووناکییە) ئەوە بێ کە خەزاڵ لە ئۆرانووس تێیدا دەژی، هەروەها سەفەرەکەی (ئەرداویراف) کە بە نیازی خاوێنکردنەوەی ئاینی زەردەشتی بەنوێنەرایەتی گەورەموغان دەچێتە مەلەکوتی ئاسمان و لە سەفەرێکی ڕوحی حەوت ڕۆژەدا کە بە جەستە بە خەوتوویی لە جێی خۆی لەسەر زەوی دەمێنێتەوە، بەڵام بە ڕۆحیانەت دەچێتە دیوانی ئاهورامەزدا و بیر و ڕاسپاردەی ڕاست و ڕەوانی ئاینی زەردەشتی دەهێنێتەوە. بۆ زەوی و بۆ پێڕەوکارانی ئاینی زەردەشتی.

لە ئاینە هیندییەکانیشدا (ئەرجنا)ی قارەمان دەچێتە دیوانی خوا لە ئاسمان و، (یودیهشتریا)ش دادەبەزێتە قووڵاییی دۆزەخ.

هۆمیرۆس لە (ئیلیادە) باس لە دەروازەکانی ئاسمان و بەهەشت و دۆزەخ دەکات، لە (ئۆدیسە)یشدا بەهەمان شێوە باس لەوەی دەکا کە چۆن (ئەولەسیس) سەردانی دنیای ژێرەوەی کردووە و مەرگەساتەکانی دۆزەخی دیووە، لە ئینجیل و تەورات و قورئانیشدا زۆرتر و بە وردتر باس لەو دنیا و سزاکانی دۆزەخ و پاداشتەکانی بەهەشت کراوە، هەڵکێشانەوەی حەزرەتی عیسا بۆ ئاسمان و ڕووداوی ئیسرا و میعراجی پێغەمبەری ئیسلامیش بە وردی باس لەو دنیا و بەهەشت و دۆزەخ دەکا و لەم بوارەشدا دەتوانین دەقی ئەو مەولودنامەیە کوردییەش وەبیر بهێنینەوە کە تێکەڵەیەکی سەیرە لە زۆربەی ئەفسانەکانی ڕۆهەڵات.

لە ئەفسانەی (ئینانا) و (دەموزی) سۆمەریشدا باس لەوە دەکرێ کە چۆن

ئینانای خواوەندی ئاسمان دێتە خوارەوە بۆ جیهانی ژێرەوە کە (ئیرشیخیکال)ی خوشکی حوکمی دەکا.

دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحیش لەبارەی ئەو دنیا و بەهەشت و دۆزەخەوە بەرهەمی زۆری ئەدەبی بڵاو بوونەوە لەوانە: نووسینەکانی قەشە براندانی ئێرلەندی و قەشە ئەلبیرگۆ دی مۆنتی کاسینۆ کە باسی پردی میعراج دەکا بۆ ئاسمان، هەروەها بۆنڤیزین داریڤا، لە ئیتاڵیاش نووسینەکانی ماتیلدا دی ماگدبورگ و ماتیلدا دی هاکنبۆرن و جرتورد دی ئیسلیبین و زۆری تریش کە لە ژمارە نایەن.

بەڵام لە هەموو ئەمانە نزیکتر بۆ (ئەڤین ئاوی ژیانە) و سەفەرکردنی (خەزاڵ) بۆ هەسارەی (ئۆرانووس) و (سێوە)ی کچی بۆ هەسارەی (ڤینۆس)، ئەو شاکارەی (دانتی)یە کە بە (کۆمیدیای ئیلاهی) ناسراوە. دانتی ئەو شاعیرە مەزنەیە کە بەهەشت و دۆزەخی لە جیهانی غەیب و میتافیزیکاوە هێنایە سەر هەسارەکانی دەوری خۆر، کە بریتین لە: عەتارد-میرکوری، زوهرە-ڤینۆس، زەوی، مەریخ-مارس، موشتەری-جوبیتەر، زوحەل-ساتۆرن، ئۆرانوس، نیبتۆن و پلۆتۆ، ئەوە بوو لە بەهاری ٢٠٠٥دا هەسارەی دەیەمینیش دۆزرایەوە کە تا نووسینی ئەم بابەتەش هێشتا هیچ ناوێکی لێ نەنراوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دانتی هەر بە سەلیقەی هونەریی خۆی هەستی کردبوو کە هەسارەی ئاسمان دە دانەن کە ئەو دەیەمیانی بە (ئەمپریۆم)ی ناوزەد کردووە و بە (ئاسمانی ئاسمانکان)ی دەزانی و، پێی وابوو کە لە دەرەوەی (کات) و (شوێن)دایە و جێی خوا و گەورە پەیامبەر و نزیکەکانی خوایە و لە شێوەی گوڵێکی مەزن، لە نوور پێک هاتووە، بەڵام دیارە دانتیش لەسەر بۆچوونەکەی بەتلیمۆس پێی وابووە (زەوی) مەرکەزی ئاسمانە و ئەو هەسارەکانی دیکە بە پێی دوورییان لە زەوییەوە هەر یەکەیان بە خێراییی تایبەتیی خۆی بە دەوری زەویدا دەخولێتەوە.

بەڵام لە کن مەهاباد زەوی خۆی لە خۆیدا دۆزەخە و، لە ناونیشانی سێ لە بەشەکانی (ئەڤین ئاوی ژیانە)دا وشەی (دۆزەخ) بەم شێوازە دووپات بووەتەوە.

(ژووانێک لە دۆزەخ، کەناری دۆزەخ، دوورکەوتنەوە لە هەسارەی دۆزەخ) لە هەر سێ شوێنەکە و لە چەندان شوێنی تریشدا کە وشەی (دۆزەخ) دێتە بەکارهێنان

ڕێک و ڕەوان لە جێگەی وشەی (زەوی)، یان وەک موورادیفی ئەو بەکار براوە، یا تەنانەت بە خراپتریش لە دۆزەخ تەماشای زەوی کراوە، وەک ئەوەی لە پێشەکییەکەدا خەزاڵ بە لاس دەڵێ: (تێگەیشتنم هەیە بۆ ئەو دۆخە دۆزەخییەی کە تۆی تێدای، ئاخر تۆ لەسەر زەویت و زەویش جەنجاڵترە لە دۆزەخ).

لە ڕاستیدا ئەم تێزە بۆچوونەی مەهاباد لەبارەی بەدۆزەخ دیتنی زەوییەوە بێ بناخە و هەروا لە خۆڕا دروست نەبووە، بگرە بەرهەنجامی خودی ئەو دۆخە ناهەموارەیە کە خودی ڕۆماننووس و پاڵەوانەکانیشی تێدا لەدایک بوون و ژیاون.

مەهاباد قەرەداغی ساڵی ١٩٦٦ لە گەرمەی شەڕی شوومی قەلاچۆکردنی گەلی کوردستان و شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و، لە سەرەتاکانی شەڕی براکوژی کورد لەدایک بووە، لە پیلانەکەی جەزائیری ١٩٧٥ و سەرەتای بەعەرەبکردنی گەرمیان و کەرکووکدا هەرزەکار بووە. لە ساڵی ١٩٨٠دا ساڵێکی ڕەبەق زیندانی کراوە و، لە هەموو جۆرە ئازار و ئەشکەنجە دەروونی و ڕۆحی و جەستەییەکانی چەشتووە کە ڕێژیمی دیکتاتۆری سەدام لە چوار ئیقلیمی دنیایەوە بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان دەیهاوردن.

مەهاباد کارەساتەکانی شەڕی عێراق- کوێت، عێراق- ئەمەریکا و هاوپەیمانەکان ژیاوە، کیمیابارانی هەڵەبجەی دیوە، لەگەڵ مەرگەساتەکانی ئەنفالدا سووتاوە و برژاوە، کە زۆربەی خەڵکی گەرمیان و کفری گرتەوە، کە زێد و ژینگەی مەهابادە، بۆیە بە دۆزەخ دیتنی زەوی لەلای ئەو و لەلای قارەمانەکانی ئەو، لە بەرهەمەکانی تری ئەویشدا سەیر نییە، هەرچەندە ئەو لە (هۆشداری)ەوە هەوڵی ئەوە دەدا خۆی لەو بارە ناهەموارە دەروونییە ڕزگار بکا. چەند مانگێک پێش بڵاوکردنەوەی (ئەڤین ئاوی ژیانە)، مەهاباد لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٥دا بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانیشی هەر بەناونیشانی (ساڵێک لە دۆزەخ) بڵاو کردەوە و لەوێشدا وەک شارەزایەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی زۆر بە وردی بۆ ئەم مەبەستە چووە کە دەنووسێ: (لەم ڕۆژانەدا ژانێکی سەخت و خەستی وا بوون بە سۆنگەی لە دایکبوونی ڕۆمانێک "ئەڤین ئاوی ژیانە" ڕۆمانێکی شیعری کە ئەویش سەرچاوەکەی دۆزەخە و، ڕووداوەکانی لە کارەساتەوە هەڵدەقوڵێن.). (ل١٦-ساڵێک لە دۆزەخ).

لێرەشەوە خوێنەر ئیتر دەزانێ بۆ مەهاباد هێندە لە پەسنی (دۆزەخ)دا کارامە و وردەکار و هونەرکاری دەنوێنێ، بەڵام کە دێتە سەر وەسفکردنی بەهەشتەکەی سەر ئۆرانووس و ڤینۆس ئەو بڕشتەی نامێنێ و، وشە و ڕستەکانی لە کورتی دەدەن، لە کورتی دەبڕدرێنەوە.! چونکە ئەو لەسەر زەوی بە کردەوە دۆزەخی بەچاو دیوە، بەڵام بەهەشت نا..!.

هۆی ئەم دیاردە دۆزەخییەی زەویش بەلای دانیشتوانی هەسارەی ڤینۆس و (سێوە)وە کە پەنای بۆ ئەوێ بردووە پاساوێکی سەیری هەیە کە لە (جوانی باییز-حوسنی تەعلیل) و چارەسەری ئەدەبی دەچێ تا چارەسەری لۆجیکی. خەزاڵ لەم بارەیەوە لە پێشەکییەکەدا بۆ لاسی نوسیووە و دەڵێ:

"سێوە ئێستا لە گەورەترین زانکۆی هەسارەی ڤینۆس بەشی ئەندازەسازیی گەردوون خوێندکارە، ئەوان پێیان وایە فۆرمی تۆپ ئاسای زەوی خەوشێکی گەورەیە و زەوینە بۆ خلیسکان خۆش دەکات.

ئەوان بە بەرئەنجامێکی گرینگ گەیشتوون و پێیان وایە ئەگەر زەوی تۆپ ئاسا خڕ نەبووایە ئەو هەموو فتبۆڵێن و بالەیەی پێ نەدەکرا. ئەوان لە ئەزموونکارییەکی بەردەوامدان و هەموو جۆرێکی فۆرمە ئەندازەییەکانیان تاقیکردووەتەوە بۆ گۆڕینی نەخشەکە، چوارگۆشە، لاکێشە، قۆقز، لوولەی، لەولەبی، بەڵام لەسەر هیچ کام لەمانە کۆک نین و ئێستا لەسەر پێشنیازی سێوە و بە یارمەتی بیرۆکەکانی ئەو، خەریکن بیر لە سێگۆشە دەکەنەوە، وێنای بکە زەوی سێگۆشە بێ؟"

ئەم دەقە وەرگیراوە پێویست دەکا زۆری لەسەر بوەستین جارێ بەر لە هەموو شتێک ئەو پەیامە دەردەخا کە خەزاڵ و سێوە بۆ زەوی و خەڵکی زەوی پێیانە، ئەمانە هەردووک وەک ئەوانی پێشتر بۆ ئاسمان هەڵکشاون، بۆ پاداشتکردن، یا بۆ سزادانیان بانگهێشتی بەهەشت یان دۆزەخ نەکراون، بگرە خەزاڵ لەسەر دەستی (ئیڤا و ئادەم) لەسەر هەسارەی ئۆرانوس و لە قوتابخانەی (هەتاو) کە کینایەیە لە (ڕاستی) فێری (زمانی ڕووناکی) و (ئاینی ئەڤین) دەبن و وانەی (لۆجیک و ڕەوانبێژی عەشق) دەخوێنن.

گەڕانەوە بۆ (ئادەم و حەوا- ئیڤا) کە ڕۆماننووس بە مەبەستەوە پاشوپێشی زنجیرە باوەکەی ناوەکانیانی کردووە و کردوویەتی بە(ئیڤا-حەوا = ئادەم) واتە

حەوایەکەی پێش ئادەم خستووە، گەڕانەوەیە بۆ سەرەتاکان و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو شتانەیە کە زەوییان کرد بە دۆزەخ و، خۆئامادەکردنەوەیە بۆ دەستپێکردنەوەیەکی نوێ، کە لەسەر بناخەی لۆجیک و ئەڤین-خۆشویستی بنیات بنرێ.

کە دێینە سەر (سێوە)ی کچیشیان دەبینین ئەویش لەگەڵ هاورێ نوێیەکانی ئەوێیدا لە هەسارەی (ڤینۆس) سەرقاڵی گۆڕینی نەخشەی زەوی و دووبارە بنیاتنانەوەیەتی، لێرەشەوە مرۆ دەتوانێ بڵێ خەزاڵ و سێوە بۆ ئەوە زەوییان بەجێ نەهێشتووە بچن لە بەهەشدا پاداشت بکرێن، یا لە دۆزەخ سزا بدرێن وەکو هەموو ئەوانی تر کە لە کارە ئەدەبی و ئاینییەکانی پێشتردا باس کراون، بەڵکو ئەمان بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤی سەرزەوی و دابینکردنی پاشەڕۆژێکی باشتر بۆ زەوی کار دەکەن.

نەخشە و بەجێگەیاندنی پلانی گۆڕینی شێوەی زەوی لەلایەن (سێوە) و هاوەڵەکانی دیارە لەسەر هەسارەی (ڤینۆس)ەوە دەکرێ، بەڵام بۆ (ڤینۆس) و هەسارەکانی تر نا.. بۆ لە (ئۆرانس)ەوە ناکرێ کە (خەزاڵ)ی پاڵەوانی سەرەکی، خۆی لەوێ پەناهەندەیە..؟.

ڤینۆس، هەسارەی دووەمی دەورەی خۆرە و پتر لە شەش هەزار ساڵە لەلایەن مرۆڤەوە وەکو هێمای خواوەندی مێینە و ڕەمزی (خۆشەویستی) و (ئەڤینی گیانیبەگیانی) نێر و مێ تەماشا کراوە و، جارێک وەکو خوای خۆشەویستی پەرستراوە و، جارێک وەکو پێتەختی خوای ئەڤین بە پیرۆزی ڕێز گیراوە، لە هەمان کاتیشدا چوار هەزار ساڵ پتر پێش زاین، ئادەمیزدا زانیویانە گشت چوار ساڵ جارێک (ڤینۆس) لە شێوەی ئەستێرەیەکی (پێنج)گۆشەدا خۆی نیشانی دانیشتوانی سەر زەوی دەدا، هەر لەبەرئەوەش گریکی کۆن چوار ساڵ جارێک یارییەکانی ئۆڵۆمپیادیان ئەنجام دەدا و، ئێستاشی لەگەڵدا بێت مرۆڤ لەسەر ئەم پێڕەوە دەڕۆن، بەمەش (ڤینۆس) جگە لە ڕەمزی ئەڤین، واتا و هێمایەکی تر لە خۆی دەگرێ، کە ڕوحییەتی وەرزشییە، ئەو ڕوحییەتەی کە دەبێتە مایەی دۆستایەتی و خۆشەویستی و دڵگەورەیی و لە خۆبوردەیی و، لە یەکتر بوردنی مرۆڤ و پێکەوەژیان و یەکتر قبووڵکردن و، مەزنبوونی گیانی مونافەسەی شەرەفمەندانە و، پەسەندکردنی سەرکەوتن و پێشڤەچوونی ئادەمیزاد هەریەکەو بە

گوێرەی توانا مادی و مەعنەوی و خودیە تاکەکەسییەکان.

ماوە ئەوەش بڵێم کە ڕەمزی ڤینۆس (ئەستێرەی پێنج گۆشە)یە کە هێمایەکی دێرینی بزاڤی ماسۆنیەتە و، لە چاخی نوێدا بووەتە ڕەمزی شۆڕش و شۆڕشگێڕیی و ڕادیکاڵیەت و چەپڕەویی، دارشتنەوەی نەخشەی هەسارەی زەوی لەسەر (ڤینۆس)ەوە کە ئەم هەموو واتا و هێما پەسەندانەی خۆشەویستی و ئەڤینی گیانیبەگیانی و، بەم هەموو ڕوحە ڕیازییەوە دیارە ڕەمزیەتێکی قووڵ بە چوونی (سێوە) بۆ (ڤینۆس) دەدا، (سێو)ەیەک کە خۆی بۆ خۆی هێمای نەوەکانی بێ گرێوگۆڵی داهاتووی مرۆڤە.

بەڵام ئەوان بۆ ئەو پاشەڕۆژە پرشنگدارەی زەوی لە شێوەی سێگۆشەدا دەبینن و، بۆ سۆنگەی مەرگەساتەکانی زەوی دەخەنە ئەستۆی شێوە ئەندازەییەکەی ئێستای کە (گۆ)یە، یا وەک خەزاڵ دەڵێ: (تۆپ ئاسایە)؟! ئاخۆ هەر لەبەرئەوەیە کە تۆپ (گۆ)یە و هەڵپەرستە و بەهەموو لایەکدا دەسووڕێ، یا وەک کورد دەڵێن تۆپ ڕوو و بەروپشتی بۆ نییە و کە ڕووی نەبوو ڕووگەشی نییە؟.

باوەڕ ناکەم بۆ بەرهەمێکی جیدی و مەرگەساتی وەک (ئەڤین ئاوی ژیانە) نووکتەیەکی کاڵوکرچی ئاوا خۆی لە خۆیدا مەبەست بێت.

ئەڵتەرناتیڤەکەشی کە سێگۆشەیە، باوەڕ ناکەم وەک شێوەیەکی ئەندازەیی کلیلی ئەفسوناوی چارەسەری ئەو هەموو مەرگەساتە بێ کە خەزاڵ و سێوە و لاس و خەڵکانی دەوروبەریان لەسەر دۆخی زەوییان بەجێ هیشتووە، بۆ دەرچوونیش لەم توێژە واتا ڕووکەشە کۆمیدییە نەویستراوە ماتماتیک و ئەندازەسازییەش، پێویستە زیاتر ڕۆبچین و لە هێما ئەدەبی و هونەری و شێوەکاری و ئاینییەکاندا بۆ بەها ڕاستەقینەکانی سێگۆشە و تۆپ/ گۆدا بگەڕێین.

بەپێی ئەندازەسازی شیکاری پلیکانەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە زنجیرە ڕوو دەدەن بۆ ئەوەی (خاڵ) ببێتە (گۆ)، دەشێین بڵێین غایەتی هەموو (خاڵ)ێک ئەوەیە کە ببێتە (ڕاستەهێڵ). هەموو ڕاستەهێڵێکیش غایەتی ئەوەیە ببێتە (گۆشەدار) کە یەکەم پلەی بە (سێگۆشە) دەست پێ دەکات و دوای ئەویش ئیتر (چوارگۆشە) و (پێنج گۆشە) و گۆشەدارەکانی تریش لە دوای یەکتر دێن و لە (مالانیهایە-ئینفینیتی)دا دەبێتە (بازنە) واتا غایەتی هەموو گۆشەدارێک ئەوەیە کە لە بێکۆتادا

ببێتە بازنە و غایەتی هەموو بازنەیەکیش ئەوەیە لە مالانهایەتدا ببێتە (گۆ-تۆپ)، کە لە دنیای شێوەکاری و ئەدەب و ئایندا بە پۆپەی گۆڕانکاری تەماشا دەکرێ، کە کۆتاییی کەماڵی موتڵەقە و لەوێدا هەموو شێتک مادی و مەعنەوی دەگاتە ڕادەی پیرۆزیی و قودسییەتێک کە ئیتر ڕێگەی ڕای جیاواز و دژ و تەنانەت ناکۆکی و گومان و خورەیەکیش بەوەی بەرامبەری ڕەوا نەبینرێ.

من پێم وایە مەهاباد بە دۆزەخبوونی زەوی دەخاتە سەر ئەو بنیات و ئەو بەها تۆپ ئاسایانەی کە حوکمی ژیانی سەرزەوی دەکەن و، ئەوەندە موتڵەقن کە ڕێگەی گۆڕین و پێشکەوتن لە مرۆڤ دەگرن و، ئەقڵە داهێنەرەکان پەک دەخەن و تەنیا، تێکدانی ئەم تۆپە موتڵەقە و لەبەریەکترازاندنی بنیاتە تۆ پئاساکانە کە ڕێگەی گۆڕانکاری لە ڕێی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا دەکاتەوە و، زەوی دەکا بە شوێنێک کە کەماڵی موتڵەقی تێدا نەمێنی و، هەموو بەهاکان وەک یەک جێی گومان و هەڵسەنگاندنەوە و ڕاستکردنەوەی بەردەوام بن. لێرەشدا سەدایەکی کۆجیتۆ بەنێوبانگەکەی (دیکارت) دێتە گوێ کە دەڵێ: من گومان دەکەم کەواتە هەم. لەم بانگەشەیەشدا هیچ (کەماڵ) و هیچ (موتڵەق)ێکی نەبواردووە.

بەلام بۆ مەهاباد لە جێی (گۆ) شێوەی (سێگۆشە)ی بۆ زەوی پێ باشترە لە گۆشەکانی تر؟.

بەر لەوەی لە وەلامی ئەم پرسیارەدا هیچ بڵێم ئەم چەند دێرە لە کۆتاییی ڕۆمانەکە هەڵدەبژێرم کە ڕووناکی زۆر دەخەنە سەر بۆچوونەکانی دواترم، خەزاڵ لە دوا دێرەکاندا بۆ لاس دەنووسێ:

"گرینگە کە ئیدی ژینگەی ئێمە خڕ نییە وەکو تۆپ، فتبۆڵێنی پێ ناکرێ.
ژینگەی ئێمە وایە،
ژوانگەیەکی سێگۆشە لە ئۆرانووس، یان لە ڤینۆس.
...
گرنگە لە شوێنێکی ئەم گەردوونەدا سێوێ هەیە و،
هێدی هێدی پێ دەگات و، گەورە دەبێ
دەبێتە پێغەمبەرێک و،
فریای ئاوەزمان دەکەوێ، بیرێکی نوێ، پەیامی نوێ"

دەســتــەواژەی (ســێــوێ هەیە و هێـدی هێـدی پێ دەگـات) دەســتــەواژەیـەکی (تەوریـە)ی دوو دیوە، هەم ئامــاژەیە بـۆ(ســێــوە)ی کــچی (خــەزاڵ) کــە وردە وردە (گەورە دەبێت و دەبێتـە پێغەمبـەرێک) و، زەردەشت ئاسـا بە (بیـرێکی نوێ) و بە (پەیامی نوێ) دەبێــتــە (فـریاد)ڕەس، هەم لە هـەمـان کـاتدا ئامـاژەیـەکە بـۆ ئەو (سێوە)ی کە حەوا و ئادەمی لەسەر خۆشەویستیی سێکس و زگوزا و پێکەوەنانی خێزان پێک هێنا و بووە هۆی لە بەهەشت دەرکردنی خۆیان و نەوەکانیـان، کە لە سەرەتای ڕۆمانەکەشدا دیارە ئاماژەیان بۆ کراوە کە لەسەر ئورانۆس وانەی ئەڤین بە خەزاڵ دەڵێنەوە.

ئەم تەوریە جوانە و ئەم هەموو واتایەش لە گەمەیەکی زمانەوانی ورددا هاتووەتە بەرهەم کە لەگەڵ وشەی (سێو)دا کراوە. چونکە ئەگەر پاشگری (ەیەک)ی لەگەڵ بایە بە تەنیا مەبەستی ناوی کچەکە (سێوە)ی لە خۆ دەگرت، ئەگەر پاشگری (ێک)یشی بخرایەتە سەر ئەوسا هەر واتای یەتاکێکی نادیاری (سێو)ی دەدای وەکو ناوی میوە ناسراوەکە، بەڵام مەهاباد هیچ کام لەم پاشگرانەی نەخستووەتە سەر، بگرە (ێ)یەکی قەڵەوی بۆ کردووەتە پاشگر کە هەردوو واتاکە پێکەوە دەدا.

دووبارە دەگەڕێمەوە سەر کۆپلەکە و سەرنج بۆ ئەم وشە و دەستەواژانە ڕادەکێشمەوە: (ژوانگەیەکی سێگۆشە)، (سێوێ دەبێتە پێغەمبەری بیری نوێ و پەیامی نوێ)، سێوێ (فریا)مان دەکەوێ..!

لێرەشەوە بە ڕاشکاوی دەشێم بڵێم (سێگۆشە) لەم دەقەدا هەر بە تەنیا هێمای بەشێک نییە لە کۆئەندامی زاوزێی نێر و مێ، ئەگەرچی تا ڕادەیەکیش مەبەست بێ، یا لە مەوروسی ڕۆشنبیریی میللیماندا ئەو ئاماژەیە بدا، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم (سێگۆشە) کە لە هەرکوێی دەقی (ئەڤین ئاوی ژیانە)دا هاتبێت، وەک ئاماژەیەکی بەهێز بۆ (سالوسی موقەدەس)ی مەسیحی هاتووە، بەڵام (سیانە یان سێگۆشە)یەکی پیرۆزی نوێ، کە ئەم جارەیان (ژن) دوو لەسەر سێینەی دەگرن.

لە سالوسی مەسیحیدا پلە و پایەی مەریەم سڕدراوەتەوە و باوکسالاری زۆر بە ڕوونی پێوە دیارە (باوک-کوڕ-ڕوح ئەلقودس)، بەڵام لەم سالوسە نوییەدا، لەم سێینە ئەڵتەرناتیڤەی (ئەڤین ئاوی ژیانە)دا کە مەهاباد پێشنیازی دەکا سالووسەکە سەروبن دەبێ و دەبێتە: (دایک-کچ-باوک) واتە دایک جێی باوک و،

کچ جێی کوڕی تێدا دەگرنەوە و لە جیاتی ئەوەی (کوڕ) ڕۆڵی فریادڕەسی تێدا ببینێت (کچ) ئەو ڕۆڵە دەگێڕێ و، (ڕوح ئەلقودس)ە، میتافیزیکییە میساللییەتەکەش بە تەواوەتی دوور دەخرێتەوە و دەدرێتە (باوک)ێک، کە لە هاوکێشە و سێینە نوێیە پێشنیازکراوەکەدا، بە پلەی سێیەم دێت و، پاشکۆیەتییەک بەسەر (پیاو)دا دەبڕێت، کە ئیتر باوکسالاری پێ نەکرێ. ئەمەش دیارە پەیامی کۆمەڵایەتی و سیاسی مەهاباد قەرەداغییە، ئەگەر وەک چالاکێکی بواری مافی ئافرەت تەماشای بەرهەم و نووسینە کۆمەڵایەتییەکانی بکەین. ئەوەش ئەم بۆچوونەمان لەلا دەچەسپێنێ، ئەم پەرەگرافەیە کە لە سەرەتای پێشەکییەکەی ڕۆمانەکەدا هاتووە و خەزاڵ بە زمانی (سێوە)وە بۆ (لاس) دەنووسێ و دەڵێ:

(سوپاس بۆ نیگا نیانەکانی لاس، کە ئەوەندە بە سلیقە و سۆزەوە ڕژاوەتە ناو نیگا نەرم و گەرمەکانی تۆوە و من دروست بووم.)

لێرەشەوە ئیتر هێمای نێر (٨) و هێمای مێ (٧) هەردووک ڕاست دەبنەوە و، بەهای سەرمەدیی و لە مێژینەی پێش سەردەمی باوکسالاریی خۆیان بەدەست دەهێننەوە. دیارە ئەم ئاماژەیەش چەند لە ڕووداوی سکپڕبوونی مەریەمی پاکیزە و، لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیحەوە نزیکە، کە لە ڕێی ئەندامەکانی زاوزێی ئاسای مرۆڤەوە نەبووە، لەگەڵ جیاوازی ئەوەشدا کە مەسیح لە ڕێی نەفخی ڕوحەوە کەوتووەتە سکی مەریەمەوە، بەڵام خەزاڵ لە ڕێی (نیگا)وە سکی لە (لاس) پڕبووە و، (سێوە)ی کەوتووەتە سک، واتا ئەمیش بە شێوەیەکی نائاسایی وەکو پەیامبەرێک (عیسا ئاسا) و بە پەرجوو هاتووەتە دنیاوە بۆیە لە دەقەکەشدا بە ناوی (لاس)ەوە باس لە باوکی دەکا و وشەی (باوک)ی بۆ بەکار نابا.

بۆ ئەفراندنی ئەفسانەی تایبەتمەندی خۆی، مەهاباد خان دەیتوانی لە جێی بەکاربردنی ناوی (خەزاڵ) و(لاس) و (سێوە) کە پاڵەوانی سێینەی ڕۆمانە شیعرییەکەین، دەڵێم لە جێی بەکاربردنی ئەو ناوە کەلەپورییانە، مەهاباد دەیتوانی ناوی هاوچەرخی کوردی بەکار ببردایە و ئەو مۆرکە فۆلکلۆرییەی لە دەقەکە دوور بخستایەتەوە، بەڵام پێم وایە مەهاباد بە هەڵبژاردنی ناوی (لاس و خەزاڵ) لە بەیتی بەناوبانگی (لاس و خەزاڵ) و، (سێوە)ش لە بەسەرهاتی (کوێخا سێوە)وە، کە عەزیزی مەلا ڕەش وەکو ڕۆمان دای ڕشتووەتەوە، دوورییەکی تری بە دەقەکە بەخشیوە، چونکە خەزاڵ ژنە قارەمانێکی سەردەمی دایکسالاری نێو کۆمەڵگەی

کوردەواریی بووە و ئەوەندەش دەسڕۆ و، دەسەڵاتدار و سەربەست بووە کە بتوانێ (مێرد) بۆ خۆی هەڵبـژێرێ و لە جیاتی ئەوەی پیاو داوای بکا ئەو بۆ خۆی داخوازی (پیاو) بکا و، داوای خۆشەویستی لێ بکا، ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر خزمەت بە دەقی ڕۆمانەکە و، بیر و بۆچوون و چالاکییە فیمنستی و کۆمەڵایەتییەکانی خودی مەهابادیش دەکا لە بواری خەبات بۆ سەربەستی و وەدەستهێنانەوەی مافی ئافرەتدا.

جگە لە ناوی قارەمانەکان، ڕۆماننووس لە زۆر جێگەی تردا سوودی لە کەلەپوور و، فۆلکلۆر دیوە کە ناکرێ تاک تاک لێرەدا هەمووی بژمێرین و بیانگەڕێننەوە سەرچاوەکانی خۆیان، دیارترینیشیان خودی ناوی ڕۆمانەکە و دەستەواژەی (ئەڤین ئاوی ژیان)ەیە، کە دەستەواژە و چەمکێکی زۆر زۆر کۆنی سۆمەرییە و لە ژینگەی پڕ لە ئاو و زۆنگاوی خۆیانەوە وەریان گرتووە و گەیشتوونەتە بڕوایەک کە (هەموو شتێک لە ئاوەوە پەیدا بووە و پەیدا دەبێت). ئەو بیرۆکەیەی کە ئێستاش تایفەی سائیبەی مەندائی بڕوای پتەویان پێی هەیە و، خواش لە قورئانی پیرۆزدا تەئکیدی لێ دەکاتەوە کە دەفەرمووێ (و جعلنا من الما ٔ کل شي حي).

پرسیارێکی تریش هەیە کە بە زۆر خۆی لە زەینی خوێنەری ڕۆمانی (ئەڤین ئاوی ژیانە) دەکوتێ، ئەویش ئەوەیە (خەزاڵ) و (سێوە) خۆیان بۆ ئاسمانی پڕ ڕووناکی و ئازادی و داهێنان و ئەڤین و خۆشەویستی هەڵدەکشێن، بەڵام (لاس)ی پیاو و مێرد و باوک لە (دۆزەخی زەوی) بۆ چارەنووسێکی نادیار بەجێ دەهێڵن؟.

بەبۆچوونی من ئەم پرسیارە سەرسوڕهێنەرە وەڵامی نییە، ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ ئەفسانەی سۆمەری (ئینانا) خوای ئاسمان، کە بۆ سەردان و دەستبەسەراگرتنی (ئەو دنیا) دێتە دنیای ژێرەوە، بەڵام لەوێ دەسبەسەر دەکرێ و دواتر بەپێی یاسا دنیای ژێرەوە = دۆزەخ، بەمەرجێک ڕێگەی گەڕانەوەی دەدرێ کە یەکێک لە (وێنەی-شەبیهی) خۆی لە دۆزەخ بەجێ بهێڵێ و لەگەڵ چەند جنۆکەیەکدا بۆ ئەو مەبەستە دەینێرنەوە سەر زەوی بۆ ئەوەی شەبیهەکەی خۆیانی بەدەستەوە بدا و خۆی ئازاد بکەن، ئەویش پێشنیازی خودی جنۆکەکان بۆ دەستگیرکردنی سێ کەسی تر ڕەت دەکاتەوە، چونکە زۆر بەڕێزەوە پێشوازی لێ دەکەن، بەڵام کە دەگەنە (دموزی) مێردی و، دەبینێ بەخەمساردی و

بێحورمەتییەوە پێشوازی لێ دەکا، وەکو بەدیلی خۆی تەسلیم بەجنۆکەکانی دەکا، ئەو بۆ دەزەخ دەبرێ و (ئینانا)ش دەگەڕێتە تاج و تەختی خۆی لە ئاسمان.

پێم وایە لەبەرئەوەی (لاس)یش وەکو پیاو (!) و، بەگوێرەی پێویست لە دژی ئەنفالی بەرگری لە خەزاڵ خانی (ژن) نەکرد، بۆیە ئەویش لە (دۆزەخی) زەوی بەجێی هێشتووە، ئەگەرچی هێشتا دڵسۆزی بۆی ماوە و لەگەڵ (سێوە)دا بۆ گۆڕینی ئەو دۆزەخە کار دەکەن. ئەمەش لە دەقی ڕۆمانەکەدا پەیمان و پەیامە ئەگەرچی هێشتا (لاس) لە دۆزەخەکەدایە و زەویش لە دۆزەخییەتی بەردەوامە.

٢٠٠٥/٩/١٥

* لە ٢٠٠٥/١٢/١٠ لە یادی ٢٠٠ ساڵەی لەدایکبوونی مەستوورەی ئەردەڵان خوێنرایەوە
* لە کۆواری ڕامان–ژمارە (١٠٩)ی (حوزەیران)ی ٢٠٠٦دا بڵاو کراوەتەوە.

## پێشەکی بۆ ڕۆمانی بەهاری ڕەش

بەهاری ڕەش، کارەساتی هەرە ترسناکی کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمی مێژووی مرۆڤایەتییە، کە نزیکەی (٢٠٠) هەزار قوربانیی لێ کەوتەوە، بەبێ ئەوەی بزانن بکوژەکانیان چیان لێیان دەوێ و لەسەر چی و لەپێناوی چیدا کۆمەڵکوژیان دەکەن.

بەهاری ڕەش، ئاه و نزا و هەناسەی ساردی سەرەمەرگی ئەو هەزارەها ئافرەتە ڕووسوور و منداڵە بێ گوناه و کوڕە دڵ پڕ لە ئاوات و ئارەزووی ژیان و ئەو بەساڵاچوو پەککەوتە کوردانە تۆمار دەکات کە بەهاری ساڵی ١٩٨٨ لە ناکاودا بەر بەڵای ناگەهانی (ئەنفال)ی ناو زڕاو کەوتن.

لە کارەساتەکانی بەهاری ڕەشدا هەزارەها مرۆڤی بێ تاوان ڕاپێچی مەرگ دەکرێن، هەزارەها ئاوایی وێران دەکرێن، هەزارەها باخ و ڕەز دەسووتێنرێن، هەزارەها کانی ڕوون کوێر دەکرێنەوە، بەری ڕەنجی ملیۆنەها کورد و شاکار و دەستکردی پڕ لە داهێنانی چەندان پشت و وەچە خاپوور دەکرێن، داوونەریت و فۆلکلۆر و کەلەپووری هەزاران نەوەی یەک لەدوای یەکی کوردستان دەسڕدرێنەوە، هەزارەها مزگەوت و وەجاخ و کوانوو کوێر دەکرێنەوە، بەڕاستی لێقەومانێکی بێ وێنەی ئەوتۆ دەخوێنینەوە کە لە ئەنجامدا گومان دەخاتە سەر مرۆڤایەتی خودی مرۆڤیش.

لە بەهاری ڕەشدا مرۆڤی بێ دەسەڵاتی کورد بە تینووکردن و برسیکردن، بە تاقیکردنەوەی چەکە قەدخە کراوەکانی کیمیایی و بایەلۆجی شەهید دەکرێن و کار دەگاتە ڕادەی ئەوەی کە تەرمە بێ نازەکانیشیان فڕێ بدەنە بەردەم سەگ، کە هیچ یاسا و ڕێسایەکی زەوی و ئاسمانی قەبووڵی ناکات.

بەهاری ڕەش پانۆرامایەکی ترسناکی پێشێلکردنی هەموو ماف و بەهاکانە و دڕندەیی مرۆڤی دەسەڵاتدار و دەستڕۆ و، لێقەوماویی مرۆڤی بێ دەسەڵات بەرجەستە دەکات.

کە دەڵێم مرۆڤ، مەبەستم لە تاک و کۆشە، کارەساتی ئاوا لە مێژوودا هەر بەسەر کەسێک یا چەند کەسێکی دیاریکراودا هاتووە و، مرۆڤ ئەگەر لە تەنیایی و تاکەکەسیشدا دووچاری زوڵم و زۆریی گەورە و کردەوەی دڕندانە هاتبێ، بەڵام کە (کۆ) بووە، هێزێکی لەو (کۆ)ییەی خۆی پەیدا کردووە و توانیویەتی لەگەڵ هاومالاّندا لە هەمبەر ڕووداوی گەورەی سروشتی، شەڕوشۆڕی بێ ئامان بووەستێ، لێ پێ دەچێ تەکنەلۆجیا، بەتایبەتیش (تەکنەلۆجیای شەڕ) و پەیدابوونی چەک و دەزگاکانی کۆمەڵکوژیی ئەو ماف و ئەو خەسڵەتەشی لەدەست مرۆڤ (هەر هیچ نەبێ لە دەست مرۆڤی هاوچاخی کورد) دەرهێنابێ، کە بەبەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، لە بەهاری ڕەشی ١٩٨٨ و لە کرداری ناوزڕاوی (ئەنفال)دا جینۆساید دەکرێ و تەنیا تاوانیشی هەر ئەوەندەیە کە نەوت لە نیشتمانەکەیدا هەیە و لە دارشتنەوەی جوگرافیای سیاسی پاش هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانیدا قەوارەیەکی بۆ نەڕەخساوە و نیشتمانەکەی بووەتە سەربەشی گەلانی دراوسێی و ئەوانیش بە تەماحی نیشتمانەکەی و سامانە نەتەوایەتییەکەیەوە خەڵکەکەی قڕ و ڕەشەکوژ دەکەن. چەک و جبەخانەی خۆیانی پێ تاقی دەکەنەوە، لە قەرەبووی شکستییە مێژووییەکانی خۆیاندا، (خود سەلمێنی) خۆیانی پێ ئەنجام دەدەن.

قوربانییەکانی بەهاری ڕەش، توێژ و چین و ئاین و مەزهەب و بیر و بۆچوونی سیاسی و تەنانەت سەروسیمای تاکەکەسی و زۆرجار تەمەن و حەز و ئارەزوو و تاقیکردنەوە و شتەکانی تریشیان پێوە دیار نین، چونکە لە ڕاستیدا پێویستیان بەوە نییە، ئەوان کە ڕووبەڕووی ئەو چارەنووسە ڕەشەی ئەنفالکردنە دەبنەوە لەبەرئەوە نییە کە سەر بە توێژ و چینێکی کۆمەلاّیەتی و ئاین و مەزهەبێک، یا هەڵگری بیروڕایەکی تایبەت، یا خاوەنی کەسایەتییەکی دیاریکراو، یا خاوەن حەز و ئارەزووی تایبەتن، بگرە تەنیا و تەنیا لەبەرئەوەی کە (کورد)ن، کە نەک هەر تەنیا بۆ خۆی تاوانە (!)، بگرە دایکی تاوانەکانیشە بەلای داگیرکارانیەوە، ئیتر مەبەست نییە، ئەو کوردە نێر بێت، یا مێ، گەورە بێ یا منداڵ، چەکداربێ یا بێ چەک، گوناهێکی کردبێت یان نا.. بگرە ئەوەندەی بەسە (کوردە) بۆ ئەوەی بە دڕندانەتریی شێوە بکوژرێت.

پاڵەوانانی بەهاری ڕەش خەڵکێکی سادە و ساکاری یەک دیوی لادێینو بەبێ

ئەوەی هیچ پەلەقاژێیەکی شیاو بنوێن، بەوپەڕی واق ورماوی و ئارامیشەوە خۆیان داوەتە دەست مردنەوە و لە بارودۆخێکدا کە هیچ مەرجێکی ژیان و مانەوەی تێدا نییە، چاوەڕێی مەرگێکی سەیر و نامۆ دەکەن و شوکری خوا دەکەن.

زمانی قسەکردنیشیان وەکو خۆیان سادە و ساکارە و لە ئاستی بەرجەستەکردن و دەربڕینی ئەو کارەساتە گەورەیەدا نییە، کە چاوەڕوانیان دەکا و لێی تێ ناگەن.

کە دەڵێم پاڵەوانەکان سادە و ساکار و یەک دیون، مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە ئەوان چ لە ناوەخۆیاندا و چ لەگەڵ بکوژانیشیاندا ململانێیەکیان نییە، ئەوەی کە تێیشی کەوتوون تەنیا هەڵوێستێکە و بەس، خۆیان نە دەستیان تێدایە و نە ڕەهەندەکانیشی دەزانن و نە دەشتوانن ڕای بگرن، یا تەنانەت لە دژیشی بۆستن، ئەوەی لە بەهاری ڕەشدا ڕوو دەدات (شەڕێکی یەک لایەنەی نا بەرابەرە) ئەو دوژمنە دەرەکییە بەسەر ئەو کوردە لێقەوماوانەدا سەپاندوویەتی و لە هەموو ڕوویەکی چۆنیەتی و چەندایەتیشدا تێدا باڵادەستترە.

بێگوناهی و بێ تاوانی قوربانییەکانی ئەنفالیش لە دەقی ئەم ڕۆمانەدا لەوێوە سەرهەڵدەدات کە هیچ حەز و ئارەزوو، دەسەڵاتێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و داوایەکی نابەجێ و نایاسایی و ناشەرعییان نییە، جگە لە بیرکردنەوە لە مافی ژیان و بەردەوامی ئەو ژیانە کولەمەرگییەی کە لەسەر خاکی باو وباپیرانی خۆیاندا بە ئارەقی نێوچەوان و بە ڕەنج و بە نینۆک ڕۆژانە بانیاتی دەنێن، لە کاتێکدا وڵاتەکەیان بەسەر دەریایەک نەوتەوە مەلە دەکات، ئەو نەوتەی کە ژیانی کۆمەڵگە پێشکەتووەکانی لەسەر بەندە و پێی هەڵدەسووڕێن، ئەو نەوتەی کە دوژمنان تالانی دەکەن و خۆیانی پێ دەوڵەمەند و دەسترۆی ئابووری و سیاسی دەکەن، بەڵام بۆ کوردەکەی کە خودانێتی بووەتە مایەی مەرگی بە کۆمەڵ و قەلاچۆکردن و ڕاگواستن و نەهامەتی.

لە بەهاری ڕەشدا هەست بە مەرگی لەسەرخۆی هاوڕەگەز و هاوئاین و هاوولاتییە بێ گوناهەکانمان دەکەین، لە زمان و قسە و حەز و ئارەزووەکانی سەرەمەرگییاندا هەست بە سادەیی ژیان و خواست و بیر و بۆچوون و کوێرەوەریی ئەو مرۆڤە بێ دەسەڵاتانە دەکەین، کە بەخۆشیان نازانن لەبەرچی

کەوتوونەتە ئەو هەڵوێستەوە و تەنیا ئاوات و خواستێکیان ئەگەر مابێ، هەر ئەوەیە کە شەرەف و کەرامەت و نامووسیان پارێزراوبێ، هەتا دەشمرن و تەرمەکانیان لە پاڵ دیوارە بێ هەست و سۆزەکانی بەندینخانەدا فڕێ دەدەن، چاویان لە گەڕانەوەیانە بۆ زێدی خۆیان، لێرەشەوە زنجیرە پێوەندییەکانی مرۆڤ-خاک، مرۆڤ- ژینگە دەست پێ دەکەن، کە هەست و نەستی مرۆ لە تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونیان پێک دێت، لێرەشەوە تێ دەگەین "دوورخستنەوە" ڕاگواستن" بۆ بووەتە مەزنترین و کاریگەرترین سزا بۆ مرۆڤ و بۆ (نەفی).

دابڕانی مرۆڤ لە زێدی خۆی، وا دەکا مرۆڤ وردە وردە خۆی بەدەست مردنەوە بدات و مردن بە(ڕزگار)بوونی خۆی بزانێ.

لەلای لێقەوماوانی بەهاری ڕەش مردن چارەسەری کۆتایی هەموو کێشە دیار و نادیارەکانە، بۆیە بە بێدەنگی دوور لە ئێمەی خوێنەر دەمرن، بەبێ ئەوەی وەکو هەموو مرۆڤێکی تری ئەم سەرزەمینە، ئامۆژگارییەک، یا وەسیەتنامەیەک بەجێ بهێڵن، ئەمەش ئاماژەیەکی هونەرییە کە ئەم لێقەوماوانە هیچ کێشەیەکیان لە شوێن بەجێ نامێنێت، لە سەروەتی دنیا و لە کوڕ و کچ و دۆست و برادەر و یادگاری و کێشە و خۆشی و ناخۆشی هیچیان لە دوا بەجێ نامێنێ قسەی لە بارەوە بکەن، گەورەیی کارەسات و کۆمەڵکوژییەکەش لێرەدا بەرجەستە دەبێ و یەکسانی (ڕزگاریی) و (مردن)ەکەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ئەو کۆمەڵگەیەی بەر ئەنفال کەوتووە هەر لە بیرەوەرییەکانی مرۆڤە تاکەکاندا بوونی ماوە و بە (مردن)ی ئەو مرۆڤە تاکەش هەموو گرفتە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و ئەزەلییەکانیش پێکەوە کۆتاییان دێت، بۆیە بەبێدەنگیش دەمرن و لە شێوەی تارماییەکی سپی بێ ڕەنگ و بێ دەربەستی ئەوتۆدا دێنەوە بەرچاو کە هیچ سنوور و دیوار و تەلبەندێک ناتوانێ ڕێگەی سەردانەوە و بەسەرکردنەوەی هاوەرگەکانی وەک خۆیان لێ بگرێت.

دەستخۆشانە لە (ئەحمەد) دەکەم و هیوادارم بەم بەرهەمەی دەرگە لەسەر قۆناخێکی تری ئەدەبی ڕەسەنی کوردی کردبێتەوە کە لێقەوماویی مرۆڤی تاک و کۆی کورد بەرجەستە بکا و دۆست و هاوسۆزی لە جیهاندا بۆ زۆر بکا.

هەروەها دەرگەی لەسەر ئەدەبێکی ڕەسەنی کوردانەی دوور لە ئیدیعا و

خۆهەڵکێشان و هەڕەشە و ئەو وێنە دەست هەڵبەستانە کردبێتەوە کە کورد بە بکوژ و ببڕ و فسفس پاڵەوان لە قەڵەم دەدەن، لە کاتێکدا کورد بێ پشت و پەنا و بێدەسەڵاتترین مرۆڤی سەر زەوییە، کە وڵاتەکەی بەش بەش دەکرێتەوە و خۆی کۆکوژ دەکرێ و شوێنەوارەکانی دەشێوێنرێن و کەلەپوور و کولتوورەکەی زەوت دەکرێن.

نووسەری دەست ڕەنگین، تەنانەت ئەگەر بە تاکە سوارەش بووە دەتوانێ بەرگری لە میللەتێک بکا، بەڵام دەبێ ڕاستگۆ و واقیعبین بێ و بوێرانە ببینێ و بنووسێ.

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لەم بەرهەمەیدا ڕەچەیەکی واقیعییانەی گرتووەتە بەر و ئەوەی سەلماندووە کە کورد لە کۆتایی سەدەی بیست و لەگەڵ هاتنی سەدەی بیست و یەکەمدا حیسابی ئەو گیانلەبەرانەشی بۆ ناکرێ کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ (تۆو) دەیانپارێزێ، بگرە لە جیاتی هەندێ گیانلەبەر موختەبەرەکانی چەکی کیمیاویی و بایەلۆجی و شێوە نوێیەکانی تری کوشتن و بڕینیان پێ تاقی دەکەنەوە.

بەهاری ڕەش، کارەساتی مرۆڤی هاوچاخی کوردە، کە دەبێ بخوێنرێتەوە.

هەولێر-٢٠٠٣

## زمانی لۆکاڵی له ڕۆمانی کوردیدا

بەکارهێنانی زاری ناوچەیی لە ڕۆمان و چیرۆکدا بابەتێکی هەستیارەوە، زمان لەسەر ئاستی فۆنیم و مۆرفیم و وشە و تەنانەت ئیدیۆم و تا دەگاتە بنەماکانی ڕێزمانیش سامانی نەتەوایەتی و مۆڵکییەتی گشتی/موشاعن، بەڵام لەسەر ئاستی گفتار/ خیتاب ئیتر زمان دەبێتە بابەتێکی بەرهەمهێنراو کە لەو کەرەستە خاوانەی سەرەوە و شێوە و شێواز و چۆنەتیی بەکابردنی تاکە کەسیی مرۆڤێک پێک دێت، سیمای هونەریی و ڕەهەندی تایبەتمەندانە بەخۆیەوە دەگرێ تا ڕادەی ئەوەی بەرهەمی مرۆیەکی پێ لە بەرهەمی مرۆیەکی تر جیا بکرێتەوە.

هەروەها دەبێ جیاوازیی وردی نێوان هەردوو زاراوەی (شێوەزار= لەهجە= دیالێکت) و زاراوەی (زاری ناوچەیی= بێچووە زاراوە)ش لە بەرچاو بگرین، بۆ نموونە جیاوازییەکی ڕەوا/ مەشروع لەوەدا دەبینم کە محەمەد ئوزون، یا حەلیم یووسف ڕۆمانێک، یا هەر دەقێک بە کرمانجی سەروو دەنووسن و محەمەد موکری و غەفوور ساڵح بە کرمانجی ناوڕاست ڕۆمان دەنووسن، ئەمەیان بۆ زمانی کوردی زۆر تەندروستە کە هێشتا زمانێکی ئەدەبی ستاندەری تۆکمەی نییە، بەڵام ئەوەی کە یەکێک بێت و لەناو دیالێکتی کرمانجی سەروودا دەقێک بە زاری ناوچەیی هەوارمی و یەکێکی تریش بە زاری ناوچەییی زەنگنە بنووسێت، ئەمەیان بەدڵنیاییەوە دەڵێم هەڵوێستەیەکی دەوێ، چونکە لەلای سیاسی و پەروەردەکارانی نەتەوەش فرە دیالێکتێکی و فرە شێوازی ناوچەیی دەبێتە هۆکارێک بۆ پەرتبوونی یەکەتی نەتەوە و، لای پەروەردەکارانیش دەبێتە مایەی سەرقاڵی و سەرلێشێواندنی منداڵانی خوێندکار، بۆ بەدبەختیش ئەوەی پلانی خوێندن و پەروەردە و پەرەپێدانی زمانیش دادەڕێژن و جێبەجێشی دەکەن سیاسەتمەدار و پەروەردەکارانن نەک دەقنووسەکان.

بەڵام من بەشبەحاڵی خۆم ئەم بۆچوونە بە هەڵەیەکی سیاسی و باو دەزانم، بۆیە

هەر سەرکێشییەک نووسەرێک بەپێچەوانەیەوە بیکات، بە ڕاست و باش دەزانم بەتایبەتی لەسەر ئاستی دوور و ئیستراتیج و سیاسیش، چونکە کارکردن لەسەر شێوەزار و، زاری ناوچەیی لەسەر ئاستی دوور لە دژی ناوچەگەریی خودی دیالێکتەکە کار دەکا کاتێک لە ڕێی بەکاربردنی وشە و پێکهاتە زمانەوانییەکانەوە بە دەیان و بە سەدان وشە و پێکهاتەی زمانەوانی نەزانرا و نەبیسترا و لە بازنەی شێوەزاری ناوچەیی ئازاد دەکا و، فرێی دەداتە ئۆقیانووسی زمانە ئەدەبی و فەرمییە باوەکە، کە سیاسەتمەداران و پەروەردەکاران هەردەم پارێزگاری لێ دەکەن و، وەک بەهایەکی پیرۆزی نەتەوایەتی هەوڵی مۆمیاکردنی دەدەن، نموونەی زیندوو نویشمان بۆ ئەم بۆچوونە، بڵاوبوونەوە و ئاشناکردنی سەدان وشە و پێکهاتەی زمانەوانی شێوەزاری ناوچەیی موکریانە، کە لە دوای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لەسەر دەستی چەند نووسەر و شاعیرێک (هێمن و هەژار وزە، بیحی و قزڵجی) بە نووسەر و خوێنەرانی کورد ئاشناکران و تێکەڵ بە سامانی ئەدەبی و فەرمی زمانی باوی کوردی بوون، دیارە شێوەزار و زارەناوچەییەکانی تریش هەمان کەڵک و برشتیان دەبێ لە بارودۆخی لە باردا.

لێرەشەوە دەڵێم بەکارهێنانی وشەی زاری ناوچەیی دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگ/قاموسی زمانی نەتەوەیی و، بەبرشتبوونی زمانەکە و، دەرخست پتری نهێنییەکانی زمان و ڕوونکردنەوەی، مێژووی زمان لە ڕووی گۆکردنی وشە و ڕێزمان و تەنانەت دۆزینەوەی پێوەندیی خودی زارە ناوچەییە جیا جیاکان خۆشیان، کە بە قازانجی یەکەتیی زمانی نەتەوەیی دەشکێتەوە، نەک پەرتبوون، ئەمە لە ڕووی سیاسییەوە، لە ڕووی هونەریشەوە بەکاربردنی شێوەزاری ناوچەیی بۆ زمانێکی چەند دیالێکتی جیا جیای ناوچەیی و، زمانێکی ئەدەبی لە حاڵەتی سەیرورەی وەکو زمانی کوردیدا، دەشێم بڵێم هەموو جارێک هەر بۆ مەبەستی سیاسی ناکرێ، بگرە هەندێ جار پێویستی هونەریش دەیسەپێنێ و زۆر مەدلولی هونەری و واتای زۆر گرینگ بە دەق دەدا وەک: دەرخستنی باری دەروونی، ئینتیمای ناوچەیی، کار و پیشە، ئینتیمای ئاینی و ئاینزایی، باری کۆمەڵایەتی، تەنانەت هەندێ جار ناتەواوییە خوڵقییەکانیش لەلای کارەکتەر وەدەر دەخات وەک ئەو کەسانەی (س) دەکەن بە (ش) یا بە (پ)، یا (ر) دەکەن بە (غ)، یا وەک (ڵ) یا بەپێچەوانەوە گۆی دەکەن.

بەپێی شارەزاییی من (خوسرەو جاف) لە زۆر لە ڕۆمانەکانیدا زۆرێک لەم مەبەستانەی ڕەچاو کردووە، بەتایبەتیش لە (دایالۆگ)دا، کە ڕوونە بە وشیاری و بۆ دەرخستنی باری کۆمەڵایەتی و سروشتی دەروونی و تایبەتمەندییەکانی کارەکتەرە تاکەکان بەکاری بردووە، نەک بەنیازی پاراستنی شێوەزارە ناوچەیی و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ/قامووسی زمان و ڕێزمانی کوردی کە پێم وایە لە ڕۆماندا ئەرکێکە بە پلەی دووەم دێت لە چاو ڕەچاوکردنی وێناکردنی هونەری باری تاکەکەسی کارەکتەرەکاندا.

بەڵام بەکاربردنی زاری ناوچەیی لای عەزیزی مەلای ڕەش بە نیازی ڕزگارکردنی هەندێ وشەیە لە مەترسی لە بیرچوونەوە و بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ/ قاموسی زمانی کوردی وشەی زاری ناوچەیی بەکارەبرێ، نەک بۆ وێناکردنی باری کەسایەتی و کۆمەڵایەتی، کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکان/ بەڵگەشمان ئەوەیە کە ئەم زۆرجار ڕوو دەدا وشەیەکی عەرەبی بەو پیتانەشەوە، بەکار دەبا کە لە ڕێنووسی کوریدا ددان بە بوونیاندا نانرێ وەک (غ، ع، ق، و....) و هەر ئەوەندەییەیان بەسە کە لە ناوچەی دەشتی هەولێردا باون، هەروەها هەندێ وشەی کوردی ڕەسەنی کوردیش هەر بەو شێوەزارە ناوچەییە بەکار دەبا، کە لە دەشتی هەولێردا گۆ دەکرێ لە کاتێکدا وشەکە لە ناوچەکانی تر و تەنانەت لە زمانی نووسینیش بە لەفزی دروستی خۆیەوە بەکار دەبرێ، بەڵام عەزیزی مەلای ڕەش بە لەفزە شکستەکەیەوە بەکاری دەبا.

لە هەمووشی گرینگتر ئەوەیە کە خوسرەو جاف وەک داڕشتنی هونەریی ڕۆمان پێویست دەکا ئاوا زاری ناوچەیی بە تەنیا لە دایالۆگدا بەکار دەبا، بەڵام عەزیزی مەلای ڕەش بەبێ جیاوازی و ڕەچاوکردنی پێداویستی هونەریی زاری ناوچەیی لە دایالۆگ و، لە پڕۆسەی گێڕانەوە (سەرد)یشدا وەکو یەک بەکاری دەبا.

لێرەشەوە دەشێ بڵێین خوسرەو جاف لەبەر پێداویستی هونەریی زاری ناوچەیی، یا شێوەزار بەکار دەبا، بەڵام عەزیزی مەلای ڕەش یا لەبەر کەمبڕشتی خەزینی زمان، یا بە مەبەستێکی سیاسی، یا قاموسی شێوەزاری ناوچەیی بەکار دەبا، ئەگەرچی ناو بەناو لە هەندێ شوێنیشدا بە ڕێککەوت هەندێ حاڵەت وا ڕوو دەدا کە بەکارهێنانی هەندێ وشە و ئیدیۆم لە هەمان کاتدا کە خزمەتی نیازی

سیاسی و، مەبەستی قامووسی دەکەن لە هەمان کاتیشدا خزمەتی لایەنی هونەریی دەقەکانیشی دەکەن، بەڵام دیار تەنیا لە دایالۆگەکاندا ئیحتیمالی ئاوا دێتە پێشەوە.

لە هەموو حاڵەتەکانیشدا لێکۆڵەرەوە لەم دیاردەیە دەبێ جیاوازیی لە نێوان شێوەزار و، زاری ناوچە و، زمانی ئەدەبی باو و، لەهەجەی عامی بکا ئەو ڕاستییەش لە بەرچاو بگرێت کە زمانی ئەدەبی کوردی هێشتا لە قۆناخی گەڵەڵابوونی بەردەوامدایە و، هەموو دیالەکتەکانیش لە یەک ئاست و وەکو یەکتر وەک سەرچاوەی ڕەسەنایەتی ئەو زمانە یەکگرتووە تەماشا بکا.

جگە لەمانیش زۆر چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی تر زاری ناوچەیی و دیالێکتی جیاوازیان لە بەرهەمەکانیاندا بەکار بردووە لەوانەش شارامی قەوامی و زەینەب یووسفی و کامەران حامیدی و، فەتاح ئەمیری لە کوردستانی ڕۆهەڵات و، حەلیم یووسف لە کوردستانی خۆرئاوا و، دەتوانم بڵێم کەم، زۆر کەم چیرۆکنووس و ڕۆماننووس هەن توانیبێتیان خۆ لە بەکارهێنانی وشەی زاری ناوچەیی بپارێزن وەک جەلیل کاکەوەیس و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و موکری و غەفوور ساڵح و حوسەێن عارف و ڕەئووف بێگەرد، بەڵام خوسرەو جاف و عەزیزی مەلای ڕەش و شارامی قەوامی بەمەبەست و بەرێژەیەکی لە هەمووان پتر.

# هەڵكشان بەرەو لووتكە.. هەڵوێستەیەك

دۆستی هێژا و، شاعیری نوێخوازی سەرەتای حەفتاكان (فەریدوون مەحموود)یش پاش نزیكەی بیست ساڵ دابڕان و شوێن كەوتنی بێدەنگانەی چالاكی ڕۆشنبیری و خوێندنەوە و خۆ پێگەیاندن، بەخوێندنەوەی ڕۆمانی (هەڵكشان بەرەو لووتكە)ی (عەبدولا سەراج) و گەشانەوەی یادگارەكانی منداڵی و لاوێتی و، بیركەوتنەوەی ڕووداو و شوێنەوار و ڕۆژانی ڕابردووی شاری كەركووك: گەڕەكەكانی (سەی سەروەر و زێویێ و ئیمام قاسم و ڕەحیمئاوا و پیریادی و چواربا خ و یادگار شۆریجە و قەڵا و حەسیرەكە و لێواری خاسە و گۆڕستانی شێخ محێدین.. هتد) هاتەوە نووسین، بەڵام ئەم جارەیان لە دەرگەیەكی ترەوە هاتەوە، لە دەرگەی ڕەخنەوە، بە گوتارێكی ڕەخنەیی كە لە ڕاستیدا لە وردەكاری و، ئاماژەی زیرەكانە خاڵی نییە و لەژێر سەرنجێكی ڕەخنەیی و ڕۆمانی هەڵكشان بەرەو لووتكە) بەدوو بەش (لە پاشكۆی عێراق)ی ژمارە (١٤٢-٢٠/٦/١٩٩٠ و ١٤٣ی-٢٧/٦/١٩٩٠)دا بڵاو كرایەوە، یەكەم هەنگاوی دووبارە تێهەڵچوونەوەی هەڵهێنایەوە، لە ڕووی بەتەنگەوەهاتن و لەپێناوی گفتوگۆی بەسوود و زانستیدا ئەم چەند سەرنجەش ئاراستەی نووسینەكەی دەكەین كە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای شارەزایانی هونەری ڕۆمان و تەنانەت بەبێ گەڕانەوەش بۆ دەقی ڕۆمانی (هەڵكشان...)یش هەر لە خودی نووسینەكەی فەریدون خۆیەوە هەڵیان دەگوێزین.

١

هەر لە نووسینەكەی فەریدوون خۆیەوە ئەوە تێ دەگەین كە پاڵەوانی سەرەكی و چیرۆكبێژی ڕۆمانی (هەڵكشان....) تۆفەی قالە هەرزانی مرۆڤێكی خاوەن پەیامی نەتەوایەتی و نیشتمانی و مرۆڤایەتیشە. لەسەرێكەوە لە دژی چەوساندنەوەی مرۆڤ و لە سەرێكی ترەوە دژی دیكتاتۆرییەتی (قاسم) بە هزر و بە كردەوەش دەجەنگێ. لە بنەڕەتیشدا لە خێزانێكی چەوساوەی دەستی ئینگلیزی داگیركەر و،

قـوربانییـەکانـی کوشـتـارە بەنێـوبانگەکـەی (گـاور بـاغی) هـەڵکەوتووە. فـەریدوون خـۆشـی ئەمــە دەزانـێ و ســەبارەت بـە کـەســایەتی (تـۆفــە) زۆر بـە ڕوونـی دەڵێ: (..کـەسـێکە داوای مـافـی چەوسـاوانـی دەکـرد و داکـۆکی لـە مـافـیـان دەکـرد و، نیشتمانپەروەری هەڵبژاردووە وەک ڕێگە لە ژیانیدا..).

ئەمە گەوهەری ڕاستەقینەی کەسایەتی خەباتگێڕانەی تۆفەی قالە هەرزانییە، بەڵام ئەوەی لەگەڵ ئەمەدا ناگونجێ یا بگرە بەپێچەوانەی دەوەستێتەوە ئەوەیە کە فەریدوون لە سـەرەتای باسەکەیدا دەڵێ: (... بێگومـان ناتوانین سـەوای ڕۆمانـی ئاسایی، لەگەڵ ئەم ڕۆمانەدا بکەین، هیچ نەبێ لەبەرئەوەی کە ململانێی تێدا نییە...).

ڕۆمـانـی (هـەڵکشـان..) نـائاسـاییـیـە، ئەوە نکووڵی لـێ ناکـرێ، بەڵام ئەگـەر ئەو نائاسـایەتیـیـە بخـرێتـە ئەسـتـۆی ئەوەی کـە (ململانێی تێـدا نیـیـە)، ئـەمـەیان پەرچدانەوەی ئەو دەستنیشانکردنەیە کە فـەریدوون بۆ کەسایەتی (تۆفەی) کردووە و مادامـێکی (داکۆکی لە چەوساوە) کـردن و (نیشـتمـانپەروەری) لە گـۆڕێدا هـەبێ، دەبێ لەبەرەکـەی تریشـەوە (چەوسـێنەر) و (داگـیـرکـەر)یش هـەبێ یا هـەبووبێ، کە لێرەدا کـۆمـپـانیـایی نەوتی مـۆنۆپۆلی و، داگیرکـەری ئینگلیـز و، دواتریش ڕێژیمی دیکتاتۆری قـاسمە و بەبوونی ئەمـانەش تەواوی لایەنەکانی ئەو (ململانێ)یە ئامادە دەبن و ئـەو زۆرانبــازییــە تەواو گــەرم دەبـێ کــە فــەرەیدوون هـەر لە ســـەرەتای گوتارەکەیدا نکووڵی لێ دەکات، ئەگەر وا نەبووایە ئەو (نیشتمانپەروەری) (بەرگری و داکــۆکــیکردنەکــەی تـۆفــە لە مــافـی چـەوســاوان) دەبووە هـەڵسـوکـەوتێکی دۆنکیشـۆتانە و لە هـەموو واتایەک بەتاڵ دەبوو.

٢

تۆفـەی قـالە هـەرزانی دەڵێ: (یەک دووانێک پـەلامـاریان دام. من خـۆم ڕاسـپکاند و دەربـازبووم..).

لە شــوێنێکی تریش وتوویـەتی: (لەوە زیـاتر نـەمــوێرا لەوێ بمـێنمــەوە نـەبادا خومەکە لەوە زیاتر بشێوێ و ئاواوئاو بچم).

فـەرەیدوون دەڵێ: (بەڵام تۆفیق وەک ڕۆماننووس پێناسـەی دەکات، ئازایە و هـەر لە منداڵییەوە شکۆمەندی خۆی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە).

ئەو لە بەراوردکـردنی ئەم پێنـاسـەیەی ڕۆمـاننووس- کە مـن لە دەقی ڕۆمـانـەکـەدا

نەمدۆزییەوە و ئەو قسانەی پێشووی تۆفەوە دەگاتە ئەوەی بڵێ: (ڕەوتی سایکۆلۆجی تۆفیقی قالە هەرزانی لە هەندێ شوێندا دەروونی شلۆقە و ترسنۆکی دەنوێنێ.) و پێی وایە ئەمەش (لە ڕۆمانەکەدا لەنگ دەکەوێتەوە.) لە شوێنێکی تری نووسینەکەی فەرەیدووندا لەبەرئەوەی (حەمەشین)ی نۆکەری بێگانە و داردەستی ئینگلیز تفێک لە ڕووی تۆفە دەکات و تۆفەش ناتوانێ ڕاستەوخۆ تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە، دەگاتە-فەرەیدوون- ئەو ڕایەی کە تۆفە (شیاوی ئەوە نییە بەرەو لووتکە هەڵکشێ.) و بۆ (حەمەشین)یش دەڵێ نەدەبوو نۆکەرێکی بێگانە زاتی کردەوەی وا بکا.

فەرەیدون لە هەموو ئەم بۆچوونانەیدا لەبارەی سروشتی پاڵەوانەوە لە گۆشە نیگایەکی کلاسیکییەوە دەڕوانێتە مەسەلەکە دەنا دەمێکە پاڵەوان، یا کەسایەتی یەک بینە، ئازا تاسەر ئازا، ترسنۆک تا سەر ترسنۆک، باش تا سەر پاش، خراپ تا سەر خراپ... هتد، لە ڕۆماندا باوی نەماوە، پاڵەوانی هاوچاخی ڕۆمان و چیرۆک و شانۆیش ئەو سوپەرمانە نەماوە کە لە حیکایەتی ئەفسانە و داستانی کۆندا هەبوو، نە بخوا و نە بخەوێ و نە بترسێ و نە بشکێ و نە حەزی هەبێ و، نە ویستی تایبەتی، نە کەس بتوانێ رووشکێنی بکا و نە کەس بتوانێ مافی بخوا و نە کەس زۆری لێ بکا.

تەنانەت لە ڕووی سایکۆلۆجی و لە ژیانی واقیعشدا مەرج نییە مرۆڤ هەموو کاتێک لەسەر مێرد خۆیی بێ و وەڵامی مشتێک بە دووان بداتەوە. نازانم فەرەیدوون بۆ پێی سەیرە (حەمە شین)ی نۆکەر بە پشتنیوانی (بەریتانیای عوزما)وە بتوانێ (تفێک) لە ڕووی کرێکارێکی بێ پەنای وەک تۆفیق بکا؟! یاخیبوونەکەی تۆفیق چ واتایەکی دەبوو ئەگەر ئەنجامی کردەوەی نامرۆڤانەی ئاوا نەبووایە؟!. جگە لەوەش خۆ تۆفیق کابرایەکی ئاسایی نییە بە شەڕەدەست، یا بە شەڕی حیساب بۆ نەکراو کێشەی گەورەی وەک نیشتمانپەروەری چارەسەر بکا و بە تاکە سوارە بچێت بە گژ داگیرکەر و داروودەستەکانیدا.

فەرەیدوون هەر لەو ڕوانگەیەوە ئامۆژگاری ڕۆماننووس دەکا و دەڵێ: (ڕۆماننووس دەتوانێ گەش بە پاڵەوانێک بدا لە ئاستێکی نزمەوە هەڵی بگرێ بۆ ئاستێکی بڵند، لە باری دەرونێکی گەن و شلۆقەوە ئالشتی بکا بۆ بارێکی دەروونی پوخت و پتەو..).

ئەمە ڕاستە، بەڵام حاڵەتێکە لەو حاڵەتانەی کە ڕۆماننووس دەتوانێ هەڵیان

بژێرێ. پاڵەوانی درامی گرینگ ئەوەیە لە بزووتنەوەدا بێ و هیچ مەرجیش نییە ئەو بزووتنەوەیە- وەک فەرەیدوون دەڵێت- هەموو جارێک لە نزمەوە بێ بۆ بڵندی، یا لە شلۆقییەوە بێ بەرەو پتەوی، ئەوە ڕەوتی دەقە دەستنیشانی ئەوە دەکات.

(فۆلۆبیر) لە ڕۆمانی (مەدام بۆڤاری)دا بەپێچەوانەی ئامۆژگارییەکەی (فەرەیدوون)ەوە، پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە (ئیما بۆڤاری) لە ئاستێکی بەرزەوە بەرەو ئاستێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئەخلاقی نزمتر دەبا و سەرئەنجام دەیگەیەنێتە بڕیار و ئەنجامدانی خۆکوشتن و ئەمەش هیچ لە ئاستی هونەری و سەرکەوتن و گەیشتنی پەیامی ڕۆمانەکە و ڕۆماننووسەکە کەم ناکاتەوە.

ڕۆماننووس خۆی تەواو سەربەستە لەوەی کە لەم بازنەیەی ئەم نەخشەی خوارەوەدا کە جووڵەی پاڵەوان دیاری دەکا بەتایبەتی لە ڕۆماندا، خاڵی سەرەتا و کۆتایی و ئاراستە و خێرایی پاڵەوان هەڵبژێرێ، لە هەڵکشانەوە بۆ داکشان، یا لە داشکانەوە بۆ هەڵکشان، یا لە ئاساییەوە بۆ داکشان و بۆ هەڵکشان و ئاسایی بوونەوە، یا بەپێچەوانەوە لە ئاساییەوە بۆ هەڵکشان، بۆ داکشان، دیسانەوە بۆ هەڵکشان... ئیتر ئاوا بەبێ خۆبەستنەوە بەهیچ هێڵێکی دەستنیشان کراوەوە.

هێڵی (بەیان = کێرڤ)ی جووڵەی پاڵەوانی ڕۆمان دەبێ ڕەوتی گەشەکردنی خودی دەقەکە پێویستی بکا و هۆکاری هونەری لە پشتەوە بێت و بیسەپێنێ. نەک یاسایەکی گشتی پێشوەختە داڕێژراوی وەک ئەوەی کە فەرەیدوون دەیڵێ.

بەپێی ئەو نەخشەیەی سەرەوە دەتوانین بڵێین: ڕۆماننووس تا ئەوپەڕی سنوور سەربەستە لە سوود وەرگرتن لە پێوەندییە بێ ژمارەکانی نێوان هێڵی ڕەوتی ئاسایی نادرامی (ئاسۆیی) و هێڵی ڕەوتی ئەستوونی میلۆدرامی، جووڵەی هەڵکشان و داکشانی پاڵەوان و بنیاتنانی کەسایەتییەکی درامی ئەوتۆ کە بتوانێ لە نێوان ئەو هێڵەدا ڕۆڵێکی درامی بەسەرکەوتوویی بگێڕێ.

عەبدوڵا سەراج بەر لە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی (هەڵکشان بەرەو لووتکە) چیرۆکی (گەڕانەوە -بەیان-١٤) و (ڕاچڵەکین- کاروان-٦) و (من و ڕیشۆڵە و حەمە شین- کاروان-١٣) و (گەرماوەکەی داوێن گۆڕستانەکە- نێرگز- چەپکی) بڵاو کردووەتەوە و هیچ کامێکیشیانی نەخستووەتە نێو کۆ چیرۆکەکانییەوە، بەڵام دواتر هەموویانی لەگەڵ ڕۆمانی (هەڵکشان.....)دا تێکەڵکێشکردن، هەر یەکە و بە ڕێژەیەک.

فەرەیدوون هەر بە سەلیقەی هونەری خۆی، بۆ (ڕاچڵەکین) و، (گەرماوەکەی داوێن گۆڕستانەکە) هەستی پێ کردووە کە چیرۆکی سەربەخۆن و دوایی لەگەڵ ڕۆمانەکەدا جۆش دراون و لەم بارەیەوە دەڵێ:

{... باسی سۆفی محێدین و ڕەشە دۆم و جەلالە شێت بەوە دەچێ چیرۆکی کورت بن ئاخێزابێتنە نێو ڕۆمانەکەوە و، بەسەرهات و ئەو ڕووداوانەی تایبەتن بەم پاڵەوانانەوە خۆی لە خۆیدا شێوە سەربەستییەکیان پێوە دیارە، سۆزی تایبەت و تاک دەنوێنن و پێوەستییانیش بە ڕۆمانەکەوە زۆر بەهێز نییە}.

تا ئێرە وایە و مامۆستا سەراج نەیتوانیوە ئەم کورتە چیرۆکانە بەتەنی ڕۆمانەکەیەوە وا جۆش بداتەوە کە ئیتر هەست بە سەربەخۆییان نەکرێت، بەڵام فەرەیدوون هەر دوای ئەو قسانە و پاش ئەوەی هەر خۆی پاکانەیەکی هونەری بۆ تێکەڵکێشکردنەوەی ئەو چیرۆکانە لەگەڵ ڕۆمانەکەدا دەکات و، ئەوجا هەڵدەگەڕێتەوە دەڵێ:

{.. لە ڕووی ئەم چیرۆکانەوە، دەمێنێتەوە بڵێم بە جوانی مۆنتاج کراوە لەنێو ڕۆمانەکەدا و بە ڕێکوپێکی دابەش کراون..}.

جا ئەگەر بۆچوونی یەکەم ڕاست بێ و (پێوەستی ئەو چیرۆکانە بە ڕۆمانەکەوە زۆر بەهێز نەبێ)، یا (ئاخێنرابێتنە) نێویەوە، ئیتر چۆن بە (جوانی مۆنتاج کراون) و (بە ڕێکوپێکی دابەش کراون) لەنێو ڕۆمانەکەدا؟ یا ئەگەر بە جوانی مۆنتاج کراون و بە ڕێکوپێکی دابەش کراون ئەی ئیتر بۆ پێوەستییان بە ڕۆمانەکەوە بە هێز نییە؟.

ئەگەر چۆنێک بێ ئەم سەرەنجانە لە دەقی نووسینەکەی فەرەیدوونەوە هەڵێنجراون و ئاراستەی خودی دەقەکەی خۆی کراونەتەوە و نابێ وەک بەرگرییەک لە ڕۆمانی (هەڵکشان..)ی سەراج تەماشا بکرێن.

* لە ڕۆژنامەی عێراقی کوردی ٥ی کانوونی دووەمی ١٩٩١دا بڵاو کراوەتەوە.

# گەردەلوولی کانزایی

سیناریۆی شەڕێکی پێشبینیکراو لە کەرکووکەوە هەڵدەگیرسێ

دەوڵەتی تورکیا لە دامەزرانەوە (١٩٢٣) و بەتایبەتیش لە دوای دەکەوتنی سەرەتاکانی شەڕی ساردی نێوان هەردوو بلۆکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، سوودێکی زۆری بنەڕەتی و ئیستراتیجی لە هەڵکەوتی باری جیۆپۆلۆتیکی خۆی دیوە بۆ چەسپاندنی قەوارەی سیاسی و ژیانی ئابووری و، تەنانەت لە سەرکوتکردنی گەلانی تورکیادا بە خودی تورکەکەشیەوە، پشتی بەو شوێنە جوگرافییە سیاسییەی خۆی قایم بووە و، لە بواری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشدا وەکو ئەندامێکی پەیمانی ئەتڵەسی گەمەیەکی هەلپەرستانەی، تا ئێستا سەرکەوتووی کردووە، تەنانەت لە بواری سەربازیشدا گرەوی لەسەر ئەو پێوەندییە کردووە، بەتایبەتیش بەو پێوەندییەوەی کە لەگەڵ ئەمەریکادا هەیبووە و هەیەتی، کە هەندێ جار پێیشی لێ هەڵبڕیوە و، پەلاماری سەربازیی دراوسێیەکانیشی داوە وەک ئەو سنووربەزێنیانەی کە لە هەشتاکانەوە تا ئێستا لە دژی سەروەریی خاکی کوردستانی عێراق و، وەک ئەو داگیرکاریەشی کە لە هەفتاکانەوە لە دژی سەروەری و یەکەتیی خاکی قوبرس لەسەری بەردەوامە، گیڤ و هەڕەشەکانی لەسەر ئەرمینیا و یۆنان و سووریا و بولگارستان و ئەو دراوسێکانی تریشی ئەوە هەر مەپرسە!.

زۆر چاودێری سیاسی پێیان وابوو کە لەگەڵ خاوبوونەوەی شەڕی سارد و پەیدابوونی جیهانی تاک جەمسەریدا، جیۆپۆلۆتیکای تورکیاش ئیتر ئەو بەها گرینگەی نامێنێ و ئەمەریکا و پەیمانی ئەتڵەسیش ئیتر ئەو کەڵەگاییە لە تورکیا قبوول ناکەن، کە تا داڕووخانی سۆڤیەتی جاران لە سەرەتای گرێسالی نەوەتەکاندا، لێیان قبووڵ دەکرد، لە ٢٠٠٣ لە کاتی پەلاماردانەکەی عێراقی سەردەمی دیکتاتۆریشدا لەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانیەوە، کە تورکیا ڕێگەی

نەدا سوپای ئەمەریکا و تەنانەت چەک و تەقەمەنیش لەناو خاکەکەیەوە سنووری عێراق ببەزێن، ئیتر زۆر لێکۆڵەرەوەی سیاسی بڕوایان بەوە هێنا کە ئەوە کۆتایی پێوەندییەکانی ئەمەریکا و حکوومەتی (ئەردۆگان)ی تورکی بێ، کە ئیستا بە نەفەسێکی (ئیسلامی)یەوە حوکمی ئەو وڵاتە دەکا.

هەرچەندە بەهۆی درێژەکێشانی شەڕی جیهانی دژەتیرۆر و، موزاعەفاتی شەڕەکانی ئەفغان و عێراقەوە، ئەو بۆچوونانەش- تا ڕادەیەک ڕاست دەرنەچوون، لێ پێ دەچێ دەسەڵاتی سەربازیی تورکیا، کە خاوەنی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی وڵاتەکەن، سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیرانیشیان هەست بەنزیکبوونەوەی ئەو ڕۆژە بکەن کە ئیتر ئەو جێوپۆلیتیکییەی وڵاتەکەیان هەیەتی نەک هەر بەکەڵکیان نایەت، بگرە دەبێتە هۆکاری شەڕێکی چارەنووسساز و درەنگ یا زوو بە سەریاندا دەبارێ و، ئەو ماوەی هەنگوینییەشی کە لەگەڵ ئەمەریکادا بەسەریان بردووە بگاتە (تەلاق)، ئەوەشی ئەم ترسەیان لە دڵدا گەورە و گەورەتر دەکا:

١- ڕازینەبوونی ئەمەریکایە کە خۆی، یا بە هاوکاری تورکیا لە بنکەکانیP.K.K بدات و لە سنوورەکانیانی دوور بخاتەوە، ئەگەرچی بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستیش ناوزەدی کردوون.

٢- پێداگرتنی ئەوروپا لەسەر ئەوەی کە تورکیا لە ئەندامەتی یەکەتیی ئەوروپادا وەرنەگیرێ، هەتا دان بە مافەکانی گەلی کورددا نەنێ و مافەکانی مرۆڤ بەگشتی نەسەلمێنێ.

٣- هەتا سوپاکەی لە باکوری قوبرس نەکێشێتەوە و دان بە سەروەری و یەکەتیی خاکی ئەو وڵاتەدا نەنێ.

٤- یارمەتیدانی ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپا بۆ کوردستانی باشوور و، پارێزگارییکردنی و، کۆمەک و یارمەتیدانی بۆ بنیاتنانی ئەزموونێکی دیموکراتی لە هەرێمەکەدا بە ناسنامەیەکی نەتەوەییەوە.

٥- بەربەستکردنی تورکیا لە دەستتێوەردانی کاروباری کوردستانی باشوور و، دیاریکردنی سنوورەکەی و، پێداگرتنی ئەمەریکا و دەوڵەتانی ئەوروپا لەسەر ئەوەی کێشەی (کەرکوک) کێشەیەکی ناوخۆیی عێراقە و، گەلی عێراق بە پێی دەستوور چارەسەری دەکا، تورکیا بۆی نییە بەهیچ بیانوویەکەوە دەست

لەو کارە و کاروباری تری هەرێمی کوردستان و سەرجەم عێراقەوە وەربدا.

ئەمـــانـە و، ڕەنگە زۆر هۆی تریش هـەبن بۆ ئەوەی هەردوو نـووســـەری تـورک: (ئۆرکـون ئۆگـار و بوراک تـورنا) کـە دوو ڕۆژنـامـەکـار و دوو ڕۆمـاننووسـی بە ئەزمـــوونی تورکن لەم یەک دوو ســاڵەدا لـە ڕۆمــانی (گـەردەلوولی کـانزایی)دا پێشبینی شـەڕ/ شـەڕێکی گەورەی سـتراتیـجی بکەن، کە ئەوان پێیـان وایە لە کاتژمێری (١٠ ، ١٢) پاش نیوەشەوی ٢٣/ئایاری/٢٠٠٧دا بە شێوەیەکی کتوپڕ لە نێوان هەردوو وڵاتی کۆنە دۆست، ئەمەریکا و تورکیادا دەقەومێت.

شەڕەکە ناوی (سیڤەر)ە، ئاکامەکەی وەک ڕۆژنامەکە دەیڵێ ئەوەیە کە ئەمەریکا دەست بەسەر سەرچاوەکانی کانزاکانی (بور) و (تۆریۆم) و (یۆرانیۆم)دا بگرێت لە تورکیادا، بەتایبەتیش ئەوەی یەکەمیان (بور) کە گوایە لە ٧٠-٨٠٪ ئیحتیاتەکەی لە جیهاندا دەکەوێتە نێو سنووری ئێستای تورکیایەوە و، لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا دەبێتـە جـێگرەوەی نەوت بۆ وەدەست هـێنانی وزە لە سـەرتاسـەری جیـهاندا و، ئەمـریکا بەو نیـازەی دەست بەسەر سـەرچاوەکانیـدا بگرێت و دەوڵەتانی تری لێ بێـبـەش بکا لـە پەلامــارێکی چاوەڕوان نەکـراودا لە ٢٣/٥/ی ســاڵی ٢٠٠٧دا هەڵدەکوتێتە سەر خاکی تورکیا.

هەندێک لە تورکان و چاودێرانی سیاسی و، هەندێک لە پایتەختەکانیش سەرەتا پێیـان وایە کـە ئەمـەریکا دەیەوێ تورکیـا داگیـر بکـا و حکوومـەتێکی کـارتۆنی دەسنێژی تری تێدا دابمەزرێنێ و حکوومەتی ئێستای (ئۆردۆگان) و دارودەستە و حزبە (ئیسلامی)یەکەی بەر کەنار بکا و دواتر سوپاکەی لێ بکێشێتەوە.

بەڵام پاشـان کە پرۆسـە سـەربازییـەکـە دەچێتـە پێش و، ڕاپۆرتێکی تایبـەتی لە ئامانجـەکانی پەلامارەکەوە دەست هەواڵگری تورکیا دەکەوێ، دەردەکەوێ کە نیاز لە هێرشەکەی ئەمەریکا بریتین لە:

١- دەست بەسەراگرتنی سەرچاوەی کانزاکانی بور و تۆریۆم، یۆرانیۆم.

٢- ڕووخـاندنی دەوڵەتی تورکی و دەرکـردنی یەکـجـارەکـەی تورکـان لـە تەواوی ئەنادۆڵ.

٣- پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئەرمەنی لەناو خاکی ئێستای تورکیا.

٤- دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی نەتەوەیی لە ڕۆهەڵاتی ئێستای تورکیا.

٥- دروستکردنی دەوڵەتێکی ڕۆمی/ یۆنانی لە کەناری دەریای ڕەش.

٦- گێڕانەوەی ناسنامەی بیزنەتییانە و، بوژاندنەوەی شارستانیەتی مەسیحییانەی شاری دێرین و ستراتیجیکی ئەستەمبوڵ، کە لە ڕۆمانەکەدا وەک (دڵی دنیا) باس کراوە.

٧- دابینکردنی ئاوی شرین/ ئاوی خواردنەوە بۆ وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل.

وەک دەبینین هەموو ئارمانجەکانی هێرشەکەی ئەمەریکا بۆ سەر تورکیا ئارمانجی ماقول و پاساودراون و، ڕوونیشە ئەگەر تێیدا سەرکەوێت ئەوا زۆربەی کێشە سەرەکییە هەنوکەی و داهاتووەکانی ناوچەکە، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر دەبن.

ئەم ئاکامە بۆ پێوەندیی نێوان ئەمەریکا و تورکیا، کە قوربانییەکانی تورکیا خۆیان بیری لێ ناکەنەوە و بە تەمای نین، دیارە نەک هەر لای ئەم دوو نووسەرە تورکە (ئۆرکون ئۆگار و، بوراک تورنا) و لەکن ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی تورک، بگرە لە دڵی تەواوی تورکانی تورکیادا ترسێکی ڕاستەقینەی هەمیشەییە و، ئەوان بۆ خۆیان لە هەموو نەیارانیان چاکتر دەزانن دەوڵەتێک ئاوا وەک ئەوەی تورکیای ئێستا، کە لەسەر سیاسەتی داگیرکردن و هەڕەشە و پێشێلکردنی مافی گەلانی ژێر دەستەیان و بەکارهێنانی ئاگر و ئاسنەوە بەڕێوە دەچێ، تەمەنی تا سەر نابێ و، هیچ بە دووری نازانن هەر ئەو ئەمەریکایەی کە بۆ هەموو شتێک پشتی پێ دەبەستن، لە بارودۆخی خۆیدا نەک هەر پشتیان تێ بکا، بگرە لە کردەوەیەکی کتوپڕدا قەوارە سیاسییەکەشیان تێک بشکێنێ و، مافی هەر یەک لەوانەی لە دامەزراندنی تورکیادا زەرەرمەند بوون، بداتەوە دەست خاوەنەکانیان.

بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە ئەم شەڕەی نێوان تورکیا و ئەمەریکا لە (١٥) کیلۆمەتری باکوری ڕۆژهەڵاتی کەرکووک/ ناوچەی شوانی دەوروبەری ناوچەی نەوتخیزی باوە گورگوڕەوە دەست پێ دەکا، کە (٣) بەتالیۆنی سوپای تورکیای تێدا جێگیر بوون بەو بیانووەی گوایە (تورکمان) لە مەترسییەکانی (دەوڵەتی کوردی) دەپارێزن. سێ بەتالیۆنەکەش کە هەریەکەیان (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار سەربازن و، بە فەرماندەی (جەنەراڵ ئەرکان)ی کوڕی جەنەراڵ (حیکمەت بارس)ی سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا لە دەوروبەری کەرکووک مۆڵیان

خــواردووه، بریتین له ١- بـەتالیـۆنـی پیـادەی دەریایی کـە هەڵبــژاردەی ســوپای تورکیـایه و به فـەرمـاندەی جەنەڕاڵ ئـیحسـان ئیرە. ٢- بەتالیـۆنی هێزی تایبـەتی تورکیا، ٣- بەتالیۆنی زریپۆشی (٢٠).

له ئەنجامی بـه بنبەست گەیشتنی وتووێژی هـەردوو لایەن، حکوومەتـی ئەمەریکا و، حکوومــەتی کـوردی لەلایەک (وەک لـه دەقی ڕۆمـانـەکەدا هـاتووە) و، حکوومـەتی تورکیـا لـەسـەر کێشـانەوەی هێـزەکانی له دەوروبەری کەرکووکەوە بـۆ ناو خـاکی خـۆی، شەوی ٢٠٠٧/٥/٢٣ لـە کاتژمـێری سـفردا له (١٠-١٢)ی شـەودا، هێـزێکی هـاوبـەش له تیــپی (١٠١)ی ســوپای حکوومــەتی ئەمــەریکا و، (پێــشــمــەرگــەی حکوومەتی کوردی) هێرشێکی کتوپڕ دەکەنه سەر ئەو (٣) بەتالیۆنەی تورکیا و، له مـاوەیـەکی ئەندازەیی کـورتی چەند سـەعـاتێکدا، ئەو (٦٠,٠٠٠) شــەست هەزار سـەربازە تـورکە تەفروتونـا دەکەن و، ئەو تاکوتەرایـەشیـان کە ڕزگـار دەبن بەرەو سنوورەکانی تورکیا بۆی دەردەچن و له ناوچەی (هەکاری) خۆیان حەشار دەدەن.

هەر دوای چەند سـەعاتێکی تر تیپی (١٠١) و تیپی (٨٢)ی هەوابوردی سوپای ئەمــەریکا ڕوو لـه سنوورەکــانـی ســووریا دەکــەن و، دوای ڕێککەوتنێک لەگــەڵ (ئەسەد)ی سـەرۆک کۆماردا، سووریا سوپای خۆی له سنوورەکانی باکوری نێوان سـووریا و تورکـیا دەکشـێنێـتـەوە و، هەردوو تیپی ئـەمـەریکایی دەچنه نێـو خـاکی ســـووریـاوە و لەوێـوە پەلامـــاری نـاوچەی (ئەسکەندەرۆنە)ی تـورکـــیـــا دەدەن و، لەوێشــەوە بەپێی نەخـشــەیەکی تۆکمــە و بە پشــتـیـوانـی هێـزی ئاسـمــانـی و به بەکـاربـردنی چەکی پێـشکەوتـه و تەکنەلۆژیای ئەلیکتـرۆنی بـه خـێـرایی ڕووە و (ئەنقـەرە)ی پـایتـەخـتی تورکـیـا ملدەنێن و، لـه مـاوەی یەک بۆ دوو ڕۆژێکدا بەبێ بەرگرییەکی ئەوتۆ دەیگرن.

له هەمان کاتیشدا هێزێکی دەریایی ئەمـەریکا کە بریتییه له (٥) فرۆکە هەڵگر و (٢) ژێر دەریـایی ئەتـۆمــیی و، دەیان پاپـۆڕی تری شـــەڕکــەر به دەریـایی ســپی و دەریـایی ئیـــجــــەدا، بە هـاوکــاری هـەردوو تیـــپی (١٠١) و (٨٢) کـــە تازە لـە کۆنترۆڵکردنی پایتەخت (ئەنقـەرە) بوونەتەوە، ڕوو له شـاری ئەستەمبوڵ دەکەن و پاش تەنها (١٢) ڕۆژ له دەستپێکی شەڕ ئەستەمبوڵی (دڵی دنیا)ش دەگرن.

نەخـشــەکـەش تـەواو لە نەخـشــەی (ســەرپـان کـردنـەوەی مـارەکـە) دەچێ کـە

هێـزەکانـی ئەمـەریکا بۆ گـرتنی بەغـدا و ڕووخـاندنی ڕێژیمی دیکتـاتۆری سـەدام پێشتر لە عێراقدا بەکاریان برد، بۆیە لە تورکیاشدا دوو ئامانجی سەرەکی دەدەنە چاو (ئەنقەرە و، ئەستەمبوڵ) و ئیتر خۆیان بە شارەکانی ترەوە خەریک ناکەن، بەو حیسابەی کە ئەگەر سەری مارەکە پانکرایەوە ئیتر پەلوپۆیەکانیشی ئۆتۆماتیکی لە کار دەکەون.

لەلایەن ئەمەریکاوە سەرۆکی ئەمەریکایی، فەرماندەی هێزە چەکدارەکان جۆرج بۆش و، وەزیری بەرگری ڕامسفێلد و سەرۆکی ئەرکانی سوپاکان هەوارد ستریکەوە سەرپەرشتی دەکرێ و (کۆندالیزا ڕایس)ی وەزیری دەرەوەش هاریکارییان دەکات، لەلایەن تورکیاشەوە هەر کە شەڕەکە دەست پێ دەکا، وەکو سروشتی ڕێژیمی تورکیا سەرۆکی ئەرکان (حیکمەت بارس) سەروکاری شەڕەکە دەگرێتە دەست و، ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیرانیش جاروبارە سەردانی ژووری عەمەلیات و حەشارگەکانی سەرۆکی ئەرکان دەکا و لە ڕۆڵێکی لاوەکی زیاتر بەولاوە بەدەر ناکەوێ، هەرچی وەزیری دەرەوەی ئەوسای تورکیاشە (عەبدولڵا گوڵ) لەگەڵ دەستپێکی شەڕدا بۆ وتوویژ دەچێتە ئەمەریکا، بەڵام هیچ شتێکی بەرچاوی پێ ناکرێ. بە کورتی سوپای تورک هەموو شت لە دەست دەگرێ.

ئۆردۆگانیش کە لە سوپا و هەوڵە دیپلۆماسییەکان بێ هیوا دەبێ، پەنا وەبەر کاری موخابەراتی سەودای سیاسی دەبا و ڕووسیا (بۆتین) و فرەنسا و ئەڵمانیا لە نیازی ئەمەریکا لە دەس بەسەرا گرتنی سەرچاوەکانی کانزای (بور)ی تورکیا ئاگەدار دەکاتەوە و، لەسەر ڕێژەیەکی بەرز سەودایان لەگەڵ دەکا ئەگەر بتوانن بەر لە داڕووخانی ڕێژیمەکەی سوپای ئەمەریکا بخەنە ژێر پاڵەپەستۆ و لە تورکیای وەدەرنێن، ئەم کەینوبەینەیە (بۆتین) لە ئەستۆی دەگرێ و بە ڕێککەوتنی هەر سێ دەوڵەت لەگەڵ (چین)یشدا پاڵەپەستۆ بۆ ئەمەریکا دێنن و نوێنەری هەر چواریان لە نیویۆرک لە کۆبوونەویەکی نهێنیدا بە نوێنەری ئەمەریکا ڕادەگەیێنن ئەگەر شەڕەکەیان ڕانەگرن و سوپاکەیان لە خاکی تورکیا وەدەرنەخەن ئەوا سوپای هەر چوار دەوڵەت (ڕووسیا، ئەڵمانیا، فرەنسا، چین) لە هەموو لایەکەوە بەڕێکەوتوون بۆ لێدانی هێرشبەرانی ئەمریکا و تێکشکاندنی.

هەر لەو ساتانەشدا وەزیری بەرگری ئەمەریکا (ڕامسفیلّد) و سەرۆکی (FBI) و سەرۆکی (CIA) و سەرۆکی ئەرکانی سوپا و وەزیری دەرەوە کۆندالیزا ڕایس لە جێیەک و لە غییابی سەرۆک جۆرج بۆشدا کۆ دەبنەوە و، بوش لەسەر کار لادەچێ و ڕامسفیلّد دەبێتە سەرۆکی نوێی ئەمەریکا، چونکە (دیک چینی) جێگریشی لە هێرشێکی موخابەراتی تورکیادا بۆ سەر واشنتۆنی پایتەختی ئەمەریکا پێشتر گیانی لەدەست داوە، لەو تاکە هێرشە نەزۆکەدا عەمیلێکی موخابەراتی تورکی (گوگهان) دەتوانێ دوو بۆمبی ئەتۆمی لە ڕێی سنووری مەکسیکەوە بباتە نێو ئەمەریکاوە و یەکێکیان لە واشنتۆندا بتەقێنێتەوە و ببێتە هۆی کوشتارێکی دەستەجەمعی، بوش کۆڵی بۆ نادا و، گوگهان بۆ خۆی بە یارمەتی موخابەراتی ئەڵمانی و بەزەحمەت گیان بەدەردەبات، بەڵام بۆمبا ئەتۆمییەکەی تری پێش تەقاندنەوە دەست ئەمەریکاییەکان دەکەوێ.

لە کاتی گەرمەی شەڕەکانیشدا سوپای ئەرمینیا و یۆنانیش بەخۆ دەکەون و دوو بەتالیۆنی تری سوپای تورکیا لە باکوری قوربرس دەکەونە بەر گەمارۆ، وەلێ هیچ کردەوەیەکی سەربازی ڕوو نادات. بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە کاتێک سوپای ئەمەریکا ئەستەمبوڵ بۆردومان دەکات گەلی یۆنانی بۆ نارەزایی نیشاندان دەرژێنە سەر شەقامان و لە دژی سوپای ئەمەریکا دەست بە خۆ پیشاندان دەکەن.

لەلایەکی تریشەوە لە شارەکانی تورکیادا هیچ ڕاپەڕین و بزاڤێک لە دژی ڕێژیمەکە ڕوو نادات و هیچ کۆمەڵەیەکی سیاسی و جوداخوازی و ئەتەنیش لە دەسەڵاتدارانی مەحەلی ڕاناپەڕن وەک ئەمەریکاییەکان چاوەڕوانی دەبن، تەنیا لە دیاربەکر جەماوەرێکی نارازی پەلاماری شارەوانی دەدەن، بەڵام هەر زوو لەلایەن هەندێک چەکداری تورکی غیرەنیزامییەوە بڵاوەیان پێ دەکرێ و ئیتر هیچی تری بەشوێندا نایەت.

ئەوەیشی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە لەناو هێزی ئاسمانی ئەمەریکادا ئەفسەرێکی فڕۆکەوانی کوردنەژاد (جیفان هۆکسلی) بەرچاو دەکەوێ کە باوکی کوردە و لە شەڕی یەکەمی کەنداوەوە کەوتووەتە ئەمەریکاوە و دایکیشی هەر تورکمانی عێراقە و (جیفان/شیڤان)یشی بۆ خۆی لە کاتی سەردانەوەی دایک و باوکیدا بۆ عێراق، لە ڕێگە لە (دیاربەکر) لەدایک بووە و، ماوەیەک لەوێ ژیاوە.

کاپتن هۆکسلی بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی ئاسمانی بۆ سەر نەسبی (ئەتاتورک) لە ئەنقەرە بە فڕۆکەیەکی (F–١٨)ەوە دێتە ئاسمانی شارەکە، بەڵام وەک لە دەقی ڕۆمانەکەدا هاتووە (جیفانی دیاربەکرلی لە ئامانجەکە نزیک دەبێتەوە و کە دەزانێ نەسبی ئەتاتورکە، خوێنی نیشتمانی دایک لە لەشیدا دێتە کوڵ و، ئەتاتورک بە خەیاڵ دێتە بەرچاوی و پێی دەڵێ: کوڕم تۆیش وەرە سەنگەری خۆمانەوە..!.)

ئیتر جیڤان/ شیڤان بڕیاری خۆی دەدا و گوێ بەو فەرمانانە نادات کە لە بنکەکەیەوە/ لە فڕۆکە هەڵگری نۆشەوە بەردەوام داوای لێ دەکات لە ئامانجەکە (نەسبەکەی ئەتاتورک) بدا، لە جیاتی ئەوە بەخۆی و فڕۆکە و بۆمبە یەک تەنییەکانی کە هەڵی گرتوون دەگەڕێتەوە و خۆی بە فڕۆکە هەڵگری جۆرج بوشدا دەدات و، خۆی و فڕۆکەکەی و، فڕۆکە هەڵگرەکە دەتەقێنێتەوە و، دۆزەخێک بۆ سەربازانی ئەمەریکایی دادەخات و بەم جۆرە بۆ یەکەم جار لە مێژووی سەربازیی ئەمەریکادا هەڵدەکەوێ فڕۆکە هەڵگرێکی زەبەلاحی ئەتۆمی ئاوا لە شەڕ دەربکرێت، بۆیە لە هەموو میدیاکانی ئەمەریکا و دنیاشدا دەنگدەداتەوە. هەموو ئەمانەش دیارن کە خەونی حوشترن و تورکانی ڕەگەزپەرستن دڵی خۆیانی پێ خۆش دەکەن.

تەقاندنەوەی فڕۆکەهەڵگرەکە تاکە زیانێکی گەورە و ستراتیجییە، کە لە شەڕی تورکیا– ئەمەریکادا لە سوپای ئەمەریکا بکەوێت، ئەویش گوایە بە دەستی کوردێک..!.

من ئەمە بە پەیام و پێشبینییەکی چەند دیوە دەزانم:

* بۆ ئێمەی کورد: کە لە کاتی زەبوونیی دوژمناندا هەموو زوڵم و زۆری ڕابردوو لە بیر دەکەین و، لەگەڵ چەوسێنەرانماندا تەماهی دەکەین و، بەرژەوەندی خۆمان لە بیر دەکەین.
* بۆ ئەمەریکاییەکان: کە پشت بە کورد نەبەستن و، لە بارودۆخی خۆیدا ئەوان هەر موسڵمان ڕۆهەڵاتین و، لە خزمەتی تورکدان.
* بۆ خودی تورکان: کە کورد هەر چییەک بن دڵسۆزی نیشتمان و دەسەڵاتن و چاوەڕێی کەم فرسەتی و هەلپەرستییان لێ ناکرێ، هەتا لە دژی (پەیکەری بەردینی خودی ئەتاتورکیش)، کە مەزنترین زوڵمی مێژوویی لە کورد کردووە.

ئەگەرچی لە ئەنجامیشدا دەوڵەتی تورکیا بە هۆی مساوەمە و تەنازولکردن لەسەر سەروەری و سامانی نەتەوایەتی خۆی دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم جارەیان بە دەستتێوەردانی رووسیا، رێک وەک ئەوەی لە ١٩٧٥دا بۆ حکوومەتی بەعس و لە دژی کوردیان کردن، بەڵام سیناریۆی ئەم رۆمانە لانی کەم دوو راستی دەچەسپێنێ:

١- لە رووی سەربازییەوە، دەری دەخا کە تورکیا ئەو دەوڵەتە بەهێز و تۆکمە نییە کە نەشکێت، ئەگەر بشکێتیش دیارە کە چۆن پارچە پارچە دەبێ.

٢- لە سیاسەت و دنیای داهاتوودا هیچ شتێک موستەحیل نییە و، ئەوانەشی کە مافیان زەوت کراوە نابێ بێ هیوابن.

لە رووی تەکنیکیشەوە رۆمانی (گەردەلوولی کانزایی) لەسەر شێوازی بەلاغی سەربازی نووسراوە و، سەرجەم کارەکە لە شێوەی رووداوێکی چارەنووسازی پێشبینیکراوی گریمانەییدا خۆی دەنوێنێت، رێک وەک ئەوەی کە (جۆرج ئۆریۆل) لە رۆمانی (١٩٨٤)ی پێشبینیکراودا بەکاری بردووە.

قەوارەی رۆمانەکە بریتییە لە (٣٥٥)لاپەڕەی ناوەندی و، محەمەد مەولود فاقی وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و، دەزگای (نەینەوا) بۆ لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوە، لە دیمەشق/سووریا بە تیراژی (١٠٠٠)دانە، لە ٢٠٠٦دا چاپ و بڵاو کردووەتەوە.

نووسەرەکانیشی: ئۆرکۆن ئۆگار لەدایکبووی ١٩٦٩ی ویلایەتی قۆچەعەلییە و، لە بوارەکانی راگەیاندندا کار دەکا و چیرۆکی کورت و... چیرۆکی زانستی دەنووسێ.

بوراک تورنایش لەدایکبووی ١٩٧٥ی ئەستەمبوڵە و لە راگەیاندندا کار دەکا و بابەتی فەلسەفی و سیناریۆش بە هەردوو زمانی تورکی و ئینگلیزیش دەنووسێ.

* ئەم نووسینە لە گۆواری (نووسەری نوێ)ی ژمارە (٣٧)ی (مایسی) ٢٠٠٧دا بڵاو کراوەتەوە. هەولێر ٢٠٠٧/٤/٧

## شلۆمۆ کوردی و
## من و ڕۆژگار خوێندنەوەیەکی کوردانە

گەلی کورد هەند لەمێژە تایبەتمەندیی ئاینی خۆی لەدەست داوە و، ئەوەندەش ئەم ئاین و ئەو ئاینی تری بەسەردا سەپێندراوە، کە مێژوونووس و کەمتر ڕۆشنبیری کورد بەبیریاندا دێت کە زۆرینەی کورد لە سەرەتایی ئاینە یەک خواناسەکانەوە لە پێشدا زەردەشتی بوون و لە قۆناخێکی تری پێش لە دایکبوونی مەسیحدا جوبوون (جوو وەک ئاین)، لە دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحییەتیشدا بەتایبەتی لە سەدەی سێیەمی زاینیدا زۆربەی خەڵکی کوردستان بوونەتە مەسیحی و پاشانیش لەگەڵ غەزەوات و فتوحاتی ئیسلامیدا زۆرینەی خەڵکی کوردستان نەک هەر چوونەتە سەر دینی محەمەد (د.خ)، بگرە دوای عەرەب بوون بوونەتە نەتەوەیی سەرەکی دووەمی ئاڵا هەڵگری ئیسلامەتی و زۆر لە گەلانی شام و ئێران و ئاسیایی ناوەڕاست بەگشتی لەسەر دەستی شەڕوانانی کورد شایەدمانیان بە ئاینی ئیسلامدا هێناوە.

بۆیە مرۆڤ بۆی هەیە لە کاتی شێنەییدا بپرسێت: ئەرێ خەڵکی ئەم کوردستانە دەشێ هەموو لەگەڵ پەیدابوونی هەر ئاینێکدا سەرجەم وازیان لە ئاینی پێشوو هێنابێت و بە خوایشت، یا بەزۆر چوبێتنە سەر ئاینە نوێیەکە، یا خەڵکی ناوچەیەک، یا هەندێ بنەماڵە، یا هیچ نەبێت کەسانێک ئەگەر بە تاک تاک و بە زەحمەتی زۆریش بووە دەستیان لە ئاینەکەی پێشوو بەرنەداوە و، بە هەر نرخ و شێوە و شێوازێک بووە لەسەر ئاینی پێشووتریان ماون و، پشتاوپشت لەگەڵ ئەو دوایی خەڵکی کوردستاندا هەتا ئێستا هێناویانە؟! ڕاستییە مێژووییەکان و واقیعی حاڵی گەلی کوردستان و گەلانی تری جیهانیش ئەوە دەسەلمێنن کە هیچ ئاینێکی نوێ ناتوانێ ئاین/ ئاینەکانی پێش خۆی ڕیشەکەن بکا، لێرەشەوە ئیتر سەیر نییە ئەگەر لەناو ئەم کوردستانەدا یەکێک ئیدیعای ئەوە بکا کە ئەو کوردێکی

زەردەشتی، یا جوو، یا مەسیحییە، لەگەڵ زۆرینە موسڵمانەکەی گەلەکەیدا بە هەرچ شێوەیەک بووە ژیان بەسەر دەبا.

خوا لێخۆشبوو (قەشە سلێمان سایغ) لە ڕۆمانە مێژووییە ئاینییەکەیدا (یەزداندووخت- الشریفة الاربیلیة - ١٩٣٤)دا، ئەگەرچی لەبەر هەر هۆیەک بووە ناوی کورد و کوردستان نابات، بەڵام زۆر بەوردی باسی ئەوە دەکات کە چۆن لە سەدەی سێیەمی زاینیدا خەڵکی کوردستان (لە کەرکووک و هەولێر و بەغدا و شام)یشدا، بە چ قوربانیی و باجێک چوونەتە سەر ئاینی مەسیحی، بەڵام ئەمەیان باسێکی تری سەربەخۆی دەوێ و، ڕۆمانەکەی سلێمان سایغیش (یەزداندووخت) لە ٢٠٠٣دا لەلایەن (خانەی ئەدیشر)ەوە چاپی سێیەمی چاپ و بڵاو کرایەوە و، لە بەردەستی خوێنەراندایە، بۆیە جارێ لەسەری ناوەستم.

بەڵام لە ٢٠٠٤دا پەخشانامەی (ئەلجەمەل) لە کۆڵۆنیایی ئەڵەمانیدا ڕۆمانێکی (سەمیر نەقاش)ی بە عەرەبی چاپ و بڵاو کردەوە، کە باس لە کوردە یەهوودی/ جووەکانی سابڵاغی کوردستانی ڕۆژهەڵات (مەهابادی ئێستا) دەکا.

سەمیر نەقاش جوویەکی بەڕەسەن عێراقییە و، ساڵی ١٩٣٨ لە گەڕەکی بەتاوینی بەغدا لەدایک بووە و لە ١٩٥١دا لە عێراق دەرکراوە و لەوساوە لە نێوان ئیسرائیل و هیندستان و ئێراندا دێت و دەچێت، دوا جاریش لە بەریتانیاندا جێگیر بووە، کە لە بوارەکانی ڕۆمان و شانۆدا چەندان بەرهەمی بەرچاوی هەیە لەوانەش: أنا و هؤلاء والخصام، قصصي عراقية-١٩٨٧، نزولة و خيط الشيطان، رواية عراقية-١٩٨٦، فوة يادم، نوڤیلا عراقية-١٩٨٧ الرجس، رواية-١٩٨٧، المقرورون، مسرحية-١٩٩٠، و لە ١٩٩١یشدا بڵاوکراوەکانی ئەلجەمەل ڕۆمانی (عورة الملائكة)ی بۆ بڵاو کردەوە.

ڕۆمانەکەی سەمیر نەقاشیش کە لێرەدا مەبەستمانە، ڕۆمانی (شلۆمۆ کوردی و من و ڕۆژگار)ە، کە وەک گوتم: لە ٢٠٠٤دا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

(شلۆمۆ کوردی و من ڕۆژگار) ڕۆمانێکی مێژووییە، سەربوردە، یا ڕاستتر بێژم کارەساتی ژیانی مرۆڤێکی کوردستانی (شلۆمۆ یەهوودا کەتانی کوردی) بازرگانی خەڵکی سابڵاخی جاران و (مەهاباد) دواتر و ئێستای کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، جا ئەگەر بە ملیۆنەها کەس هەر لەبەرئەوەی کە (کورد)ن و کورد بوون

چەوسێندرابێتنەوە، ئەوا شلۆمۆ هەم (کورد) بووە و هەم (یەهوود-جوو)یش بووە، لە سەردەمێکیشدا لەدایک بووە کە هەردوو سوپای ڕووسی مەسیحی لەلایەک و، سوپای هاوبەشی ئەڵمانی و عوسمانی لەلایەکی ترەوە لە ساڵانی ١٩١٤ تا ١٩١٨دا سابڵاخی ئەوسا و مەهابادی ئێستا دەکەنە گۆڕەپانی شەڕێکی بێ ئامان و، لە غییابی سوپای ئێرانی سەردەمی شاه ئەحمەدی قاجاریدا، کە لە سابڵاخ دەکشێتەوە و بەرگری لێ ناکا، کوردی شارەکە و سەرجەم دەڤەرەکە بە موسڵمان و مەسیحی و جوولەکانییەوە دەکەونە بەر گەمارۆ و شەڕوشۆڕێکی بێ بەزییانەی هەردوو سوپای ڕووسی و عوسمانییەوە و لە ماوەی ئەو ساڵانەی شەڕەکەدا (١٩١٤-١٩١٨) کە کوردەکان هیچ خواست و بەرژەوەندییەکیان تێدا نەبووە، ڕووسەکان چەندان جار عوسمانییەکان و ئەڵمانە هاوپەیمانەکانی لە مەهاباد/سابڵاخ دەردەکەن و عوسمانی و ئەڵمانییەکانیش چەندان جار ڕووسەکانی لێ وەدەردەنێن و دەیگرنەوە.

کە ڕووسە مەسیحییەکان سابڵاخ دەگرن کوردە مەسیحی و جووەکان دەلاوێنن و دۆستایەتییان دەکەن، بەڵام کوردە موسڵمانەکان کۆمەڵکوژ دەکەن و خەڵکەکەی تری پێ ئیرهاب و برسی دەکەن، کە عوسمانییەکانیش سابڵاخ داگیر دەکەنەوە وەزعی کوردە موسڵمانەکان چاکتر دەبێ، بەڵام کوردە مەسیحی و جووەکان ڕاوەدوو دەنێن و تاڵان و بڕۆیان دەکەن.

لەم تەراتێنەدا کە پتر لە سێ-چوار جار دووبارە دەبێتەوە و کوردە موسڵمانەکان تێیدا لایەنگری عوسمانییە موسڵمانەکان (!) دەکەن و، هەموو جارێک لەسەر ئەو هەڵوێستەیان دووچاری تۆڵەلێکردنەوەی ڕووسەکان دەبنەوە کە کاتێک سابڵاخ دەگرنەوە، کوردی سابڵاخ بە موسڵمان و مەسیحی و جووەوە باج و قوربانییەکی زۆری ماڵی و گیانی دەدەن، تا شلۆمۆ کوردی لە کۆتاییی کارەساتەکەدا قەناعەت بە خەڵکەکە دەکات کە لە کاتی گەڕانەوەی عوسمانییەکان بۆ سابڵاخ کوردە موسڵمانەکان برا مەسیحی و جووەکانیان حەشار بدەن و، کاتێکیش کە ڕووسەکان دێنەوە و دەیگرنەوە کوردە مەسیحی و جووەکانیان برا موسڵمانەکانیان بپارێزن، بۆ خۆیشی بە کردەوە ئەم سیاسەتە نوێیە جێبەجێ دەکا و، چەندان خێزانی کوردی موسڵمان لە ماڵی خۆیدا دەپارێزێ و دەژێنێ، بەتایبەتیش میر عەلی شەریکی کە کوردێکی موسڵمان و دەوڵەمەندێکی گەورەی

سـابلاخـە و، لە سـەرەتای شـەڕەکـەدا هـەرچی هـەیە دەیکا بە زێڕ و هـەڵی دەگـرێ، بەڵام دواتر کـە لە ئـەنجـامی شـەڕ و گـەمـارۆدا زەخـیرە و خـواردن لە شـارەکـەدا نامێنێ، خۆی ماڵ و منداڵی تووشی برسێتی دەبن تا شلۆمۆ بە هانایانەوە دەچێ، کە لە سەرەتای شەڕەکەدا بەپێچەوانەی میر عەلی شەریکییەوە هەموو سامانەکەی دەدات بە زەخیرە و خواردن و دواتر نەک هەر خۆی ئیحتیاج نابێ، بگرە خەڵکێکی زۆری تری مەسیحی و موسڵمان و جوویشی پێ دەژێنێ.

لەم دۆخـەشـدا کە شـەڕ و برسێتی وەکو دەسـتـاڕ کوردی سـابلاخ دەهـاڕن، دوو دەرەبەگی کوردی موسـڵـمـانی سابلاخی (وەلی و مـورتەزای حاجی زادە)، کە برای دایکی و باوکـیشن لەسـەر (زەعـامـەت)ی شـارەکە لێـیـان دەبێ بە ناکـۆکی و هـەر یەکەیان کۆمەڵێک دز و ڕێگر و پیاوکوژ و شـەوکوت لە خۆیان کۆ دەکـەنەوە و ئاکام هـەرچییەک سـامـان و دانەوێڵە و خواردەمەنییان پاشەکەوت کردووە بۆ ئەوەی دواتر بە گرانتری بە خەڵکەکە بفرۆشنەوە و دەسـەڵاتی خـۆیانیـان پێ بەسـەر سـابلاخـدا بسـەپێنن، هـەمووی لە دەست دەدەن و لە کـاتێکدا کـارەساتی شـارەکە گـەیشـتـووەتە ڕادەیەک کە ژن گۆشـتی جەستەی مێردەکەی، دایک لاشەی منداڵـەکەی دەخوات..! هـەردوو ئاغای بـرا(!) کۆگا و کێڵگەی یەکتر دەسـووتێنن و توانا و سـامـانی خۆیان و خـەڵکەکـە بە فـیـڕۆ دەدەن و، بۆ بۆڕدانی یەکـتـر پەنـا وەبەر دوژمـنـان دەبەن، ئاکامـیش سوپای ئێران سابلاخ دەگرێتەوە هـەردوو برای دوژمنیش مـایەپووچ لێی دەردەچن و کەسیان ناگات بە (زەعامەت).

پێش دەسـتـپێکردنی شـەڕی عوسـمـانی و ڕوس لەسـەر خـاکی سـابلاخ کە هـیـی هیچ کـامـیـان نییـە، شلۆمـۆ کـوردی بازرگـانێکی گـەورەی سـابـلاخ بووە، سـەرێکی تاران و، سـەرێکی ئەسـتـەمـبـوڵ و، سـەرێکی سـان پوترسـبـێرگ بووە، لە یەکێک لە سەفەرەکانیدا چەند پارچە چەکێک لە ڕووسیای قەیسەرییەوە بۆ فرۆشتن دێنێتەوە بۆ سـابلاخ، لەسـەر ئەمـە بەتۆمـەتی هـاندانی خـەڵکی ناوچەکە بۆ یاخـیـبوون شـای ئێران، شـا ئەحـمـەدی قاجاری بانگی دەکاتە تـاران و پاش ئەشکەنجـەدانێکی زۆر فـەرمـانی زیندانیکردنی دەدا، بەڵام شلۆمـۆ بەهۆی پارەوە و، بەیـارمـەتی پیـاوێکی دەرباری شـاهـانشـاهی تازە مـوسـڵـمـانی شـیـعـەی کۆنە جـووەوە (جـەلال رافزی) دەرباز دەبێ و دەگەڕێتـەوە سابلاخ. لەسەر ئەمـە و، لەسـەر ئەوەی کە ڕووسـەکان لە کـاتی داگـیـرکـردنی سـابلاخـدا ڕێزیان (تاڕادەیەک) لێ گـرتووە، شـای قـاجـاری

جارێکی تر غەزەب لە شلۆمۆ کوردی دەگەڕێتەوە و فەرمانی کوشتنی خۆی و هەرچی جوویەک کە لە سابڵاخدا هەن دەدا، پاش ئەوەی پێشتر زۆربەیان بەرەو قووڵاییی ئێران ڕەو دەکەن.

جەلال ڕافزی، شلۆمۆ کوردی لەم بڕیارەی شا ئاگەدار دەکاتەوە و، ئەو و ئەو مەسیحی و جووەکانی تریش بەخۆ دەکەون و پاش شکانی یەکجارەکی عوسمانییەکان و داڕووخانی دەسەڵاتی قەیسەری ڕووسی نیکۆلای دووەم و سەرکەوتنی بولشە فیکەکان و کشانەوەی سوپای هەردوو دەوڵەت و، پێش گەڕانەوەی سوپای ئێران بۆ سابڵاخ، کە پێشتر هیچ بەرگرییەک لە سابڵاخ و خەڵکەکەی ناکات، شلۆمۆ کوردی و هەرچییەک جوو و مەسیحیی کوردیش کە لە سابڵاخ ماون لە ١٩١٨دا ڕوو لە عێراق دەکەن و، لە بەغدا نیشتەجێ دەبن.

شلۆمۆ کوردی خانەدان و گەورە بازرگانی سابڵاخ و، زۆر لە جووەکانی تریش لە بەغدادا ناچار دەبن بە (گوو ڕەشێنی) ئۆردوگای سەربازە ئینگلیزەکان ماڵ و منداڵەکانیان بژێنن، بەبێ ئەوەی شلۆمۆ بە (ئەسمەر)ی ژنی بڵێ کە چی کاسبییەک دەکات، بەڵام کە ئەسمەر لای ڕوون دەبێتەوە شلۆمۆ بە گوو ڕەشێنی دەیانژێنێ زێڕەکانی خۆی دەداتێ بۆ ئەوەی بیکاتە دەستمایە و کەسابەتی پێوە بکا.

شلۆمۆی کاسب بەو پارە و بە یارمەتی جووەکانی هیندستان لە ١٩٢٤دا بازرگانییەکی گەورەی (لەنگە)فرۆشیی لە نێوان بەغدا و بۆمبایدا دادەمەزرێنێ و، سەروەت و سامانێکی زۆریش وەدەست دێنێتەوە و خۆی گوتنی دەبێتە ناوێکی گەورەی بازرگانی لە بەغدا و هەمیشەش شانازی بەکوردبوونی خۆیەوە دەکات و لە تابلۆی سەر محەلەکەی دەنووسێ (شوێنی شلۆمۆ کوردی) و، خۆی بەوە وەسف دەکا کە شلۆمۆ کوردی یەکەم کەسە کە لەنگەی بۆ هەژارانی عێراق هێناوە و هەموو کاتیش کە باس لە خۆی دەکا وەکو کوردێکی یەکلا و ڕاستگۆ و دەستپاک و ڕەسەن و.. خوێنگەرم و عیناد باس لە خۆی دەکا.

شلۆمۆ کەتانی کوردی دوو ژنی هەبووە، بچووکەکەی (ئەستێر) و ئەو کوڕ و کچەی لەوی هەبوون لە ١٩١٨دەدا لە سابڵاخ دەکوژرێن، بەڵام ژنە گەورەکەی (ئەسمەر) و هەردوو کوڕ و کچەکەی تری کە لەگەڵ خۆیدا دێنێتە بەغدا لە ١ و ٢ی

حوزەیرانی ١٩٤١دا و لە جەژنی زیارەتی جووانـدا و، لە هەراکەی ڕەشـید عـالی گەیلانیدا کە لە بەغدا دەبێتە جوو قڕان، شلۆمۆ کوردی (باوکی سەلمان) جارێکی تر کۆسی دەکەوێت و ژنە هـەرە دڵسۆز و بەتەگبیرەکەی (ئەسمەر) لە پەلامارێکی وەحشییانەی خەڵکە هەڵچووەکەدا بە چەقۆ و بەرد و دار دەکوژرێ و، بەمەش ئەو کـارەساتە بەسـەر جـووەکـانی بەغـدادا دێت، کـە مـجـێـوری مـەرقـەدی (ناحـوم) پێغەمبەر لە (ئەلقوش)، موردەخای حای کوردی پێشتر لە خەوندا دەیبینێ.

شلۆمۆ کوردی جارێکی تر لانە و بانەی لێ تێک دەچێ و، ئاکام ژنی سێیەمی (دایکی عـەزیزە) دەخـوازێ، لێ دایکی عـەزیزە هەتا بڵـێی نەگریس و ناکـڵۆکە و بەیەکجاری ژیان لە باوکی سەلمان (شلۆمۆ کوردی) تاڵ دەکات، بەڵام دیارە لەگەڵ ئەوەدا بازرگانییـەکـەشی ڕوو لە کزی دەکـات و زۆربەی سـەرمـایەکـەی لە دەست دەچێت هەتا ڕۆژێک لە ڕۆژانی ١٩٥١دا کەسانێکی سەر بە ڕێژیمی ئەو ڕۆژگارەی بـەغـــدا دەچـنە بـەر دووکـــانەکــــەی و پـێی دادەخــــەن و، بـەبێ ئـەوەی دەرفــــەتی ساغکردنەوەی سـەروەت و سامـان و قـەرزەکـانی پێ بدەن بە تاوانی (ئێرانی)بوون بە زۆر دەینێـرنەوە ئێـران و، سـەرەتای نەهامـەتییـەکی تر ڕوو لە شـلۆمـۆ کـوردی دەکاتەوە.

زەمەنی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە زەمەنی ئێستای لە (١٩٨٥)ە کە شلۆمۆ کوردی لە تەمـەنی (١٠٠)ساڵیدایە و، لە (ڕاماتکان)ی ئیسرائیلدا نیشتەجێیە و ئاوات بەوە دەخوازێ کە بتوانێ سـەرێک لە زێدی خۆی سـابڵاخی ئەوسا، مەهابادی ئێستا بداتەوە، کە تێیدا یەکە بازرگان و دەم ڕاستی جووەکان بووە، ئەو دینداری دەکا بەڵام بڕوای بـەوە نییـە ئاین و خوا لـەو کارەسـاتانـەدا بە کەڵکی مـرۆڤ دێن و لە چارەنووس دەیپارێزن، بۆیە هیچ ڕزگارییـەک لە ئاینەکەیدا نابینێ و بانگەشەی بۆ ناکـات، لـە کـۆتاییی ژیانیـشـیـدا هەر پشت ئـەسـتـووری خـۆی و توانای خـۆی و مرۆڤەکانی دەوروبەرێتی.

لە گێـڕانەوەی ڕۆمـانەکـەشـیـدا (سـەمـیـر نەقـاش) نەخـشـەیەکی سـەرکـەوتوو و تەکنیکێکی نوێی بەکار بردووە.

ڕۆمـانەکە لەسـەر شێـوازی ڕۆمـانێکی پۆلیسی لە کۆتاییـیەوە دەست پێ دەکات، واتا لـە ١٩٨٥ەوە، دەست پێ دەکـا و وردەوردە دەگـــەڕێتـــەوە بۆ ســـاڵانی ١٩٢٤ و

پاشان بۆ ١٩٤١ و لەوێشەوە بۆ ساڵانی ١٩١٤–١٩١٨ و، لە شێوەیەکی بازنەییدا دارێژراوە، کە ڕووداوەکان لە ئێرانەوە دەست پێ دەکەن و لە ئیسرائیلدا کۆتاییيان دێت، بەڵام بازنەیەک کە ڕەگەزی (شوێن) تێیدا بەپێچەوانەی ڕەگەزی (کات) دەسووڕێ.

سەرجەم پرۆسەی گێڕانەوەکەش لە یەک گۆشە نیگاوە نییە بگرە لە سێ گۆشە نیگای جیا جیاوە دەگێڕدرێتەوە: شلۆمۆ کوردی بەخۆی لایەنی زاتی و ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە دەگێڕێتەوە کە خۆی کردوونی، یا دیونی، یا بیستوونی، (من)ی گێڕەرەوەی چیرۆکبێژی ئۆڵۆمپیش کە ئاگای لە دیوی ناوەوە و دەرەوەی کەس و ڕووداوەکان و، دیاردە دوور و نزیک و ناکۆکەکانە و شتە شاراوەکان دەبینێ و پێکەوەیان گرێ دەدا.

(ڕۆژگار)ەکەش، ئەوە چاوەدێر و گێڕەرەوە و چیرۆکبێژی ڕووداوە مێژووییەکانە و ئەم سێ گێڕەرەوەیەش زۆر لە دەقەکەدا بەدەر دەکەون و، هەندێ جار دووڕدونگ و ناکۆکیش دەوەستنەوە و تەنانەت لەگەڵ یەکتردا مشتومڕیش دەکەن، بەمەش نەخشەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە تایبەتمەندییەک بەخۆیەوە دەگرێ کە دەسترەنگینی و سەمیر نەقاشی ڕۆماننووسی جووی پێوە دیارە.

بنیاتی حیکایەتەکە لە ڕووی کاتی فیزیکییەوە نزیکەی سێ چارەکە سەدە دەکێشێ، بەڵام لەسەر ئاستی بنیاتی گێڕانەوەکەیدا کە لەسەر کاغەز (٣٦٠) لاپەڕەی ناوەندی بردووە، هەر زەمەنی خوێندنەوەکەی پێ دەچێ.

ڕۆمانی (شلۆمۆ کوردی و من و ڕۆژگار–زەمەن) هەر بە تەنیا کارەساتی ژیانی شلۆمۆ کوردی و خێزانەکەی و سەرجەم موسڵمان و جوو مەسیحییەکانی سابڵاخی سەردەمی ١٩١٤–١٩١٨ی شەڕی یەکەمی جیهانی نییە و بەس، بگرە تراجیدیایی مرۆڤی کورد و نیشتمانەکەیەتی، کە نە لە سایەی ڕێژیمی شاهەنشای ئێران و نە لە سایەی ڕووسیایی بولشەفی سۆشیالیست و، نە لە سایەی دەوڵەتی عوسمانی و نە لە سایەی دەوڵەتی تورکیای نوێ و نە لە سایەی دەوڵەتی نوێی داتاشراوی عێراق و نە لە سایەی سوپای داگیرکەری ئینگلیز و، نە لە سایەی نەتەوەپەرستانی عەرەبی عێراقدا ڕێز لە ماف و تایبەتمەندییەکانی دەگیرێ.

شلۆمـۆ کوردی و من و ڕۆژگـار چیرۆکـی مـیللـەتێکە کـە لـەبەر سـامـان و، لەبەر ئینتـیمـای ئـاین و مـەزهـەبی و لـەبەر تایبـەتمـەنـدییـە نەتەوایەتـیـیـەکـەی بووە بە دوو توێی دەسـتـاڕی ناکۆکییـەکانی ناوەخـۆ و، ژێر پـێ و پۆسـتـاڵی داگیـرکارانی دوور و نزیکیـەوە، دەسـتـاڕێک و ئاشـێک کـە ئێـسـتـا و ئێـسـتـاش دەگـەڕێ و ئێـسـک و پرووسکی کوردان دەهاڕێ و دەهاڕێ.

هەولێر– ٢٠٠٧/٧/٧

* لە کۆواری (نووسـەری نوێ)ی ژمارە (٣٨)ی (ئابی) ٢٠٠٧دا بڵاو کراوەتەوە.

# بەفر

## قارس و پامووک و.. هەڵگەڕانەوەی ئەژدیها

ڕۆمانی (بەفر)ی ئۆرهان پامووک بە ڕەواڵەت چیرۆکی ئاشکراکردنی چۆنیەتی و هۆی کوشتنی شاعیر و ڕۆژنامەنووسێکی تورکیی ئەستەمبوڵییە، کە ماوەی (١٢) ساڵ لە ئەڵمانیا وەک پەناهەندەیەکی سیاسی دەژیٚ و ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتە بەدەست دێنێت و، پێش چەند ساڵێک لە کاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە بۆ پرسەی دایکی دێتەوە ئەستەمبوڵ و پاش چەند ڕۆژێکیش لەسەر خواستی ڕۆژنامەی (جمهورییەت) بۆ بەدواداچوونی هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی شارەوانی لە جێی سەرۆکە کوژراوەکەی پێشووی، بۆ بەسەرکردنەوەی دیاردەی سەرنجڕاکێشی خۆکوژی کچانی عازەبی کوردستانی باکور–تورکیا، ڕوو لە شاری (قارس)ی سەر سنوورەکانی ئەرمینیا و تورکیا دەکات، پاش سەفەرێکی دوور و درێژ لە ئەستەمبوڵەوە بۆ ئەرزەڕۆم لەوێشەوە دەچێتە قارس، لە قارس بەفر ڕێی گەڕانەوەی لیٚ دەگریٚ و ماوەی (٣) ڕۆژ لەویٚ گیر دەخوا، بەڵام لەو ماوە کورتەدا خۆشەویستییەک لەگەڵ بێوەژنێکدا (ئیپەک)دا دادەمەزرێنیٚ و، ڕادەی کارەساتی ئەو شارەی بۆ دەردەکەویٚ و، بۆ خۆیشی دەبێتە بەشێک و هۆکارێک بۆ زیادکردنی کارەساتی خەڵکە کوردەکەی ئەویٚ.

(کەریم ئەڵەقوش ئۆغڵو)، کە ئەم ناوە درێژەی لیٚ خۆشنایەت و، پیٚ لەسەر ئەوە دادەگریٚ پێی گوتریٚ (کا)، کە بریتییە لە پیتەکانی یەکەمی ناوی خۆی و خانەوادەکەی، لە تەمەنی (٤٢) ساڵیدایە و، ژنی نەهێناوە و ناشیهێنیٚ، لە خێزانێکی بۆرژوازی ئەستەمبوڵی لەدایک بووە و، هەوایەکی چەپڕەویی و خوانەناسینیشی هەیە، کە دەسەڵاتی سەربازی بە پەلەپروزیٚ لە (قارس)ی دەردەکەن و، ئیپەک وازی لیٚ دێنێت و لەگەڵیدا ناڕوا، بەنائومێدی دەچێتەوە کونجەکەی– شوقەکەی لە ئەڵمانیا، دەست بە کۆکردنەوەی شیعرەکانی دەکات

بەتایبەتی ئەوانەی ئەو چەند ڕۆژەی قارس نووسیووینی، تا شەوێک کەس نەدی و کەس نەبیست لە پاش تێپەڕبوونی (٤) ساڵ، لە فرانکفۆرت لە نزیک کونجەکەی خۆیدا بە گوللە دەیکوژن بەبێ ئەوەی بەڵگەیەک لەسەر بکوژان و هۆی کوشتنی بەجێ بمێنێ.

ڕووداوەکە (بەسەرهات-حیکایەتەکە) پێش پتر لە (٤) ساڵ ئاوا ڕووی داوە، لێ گێڕانەوەکەی پاش ئەو ماوەیە لە شێوەی (لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی)دا، کە جۆرێکە لە شێوازی ڕۆمانی پۆلیسی، لەلایەن دۆستێکی (کا)وە دەگێڕدرێتەوە کە (ئۆرهان)ی ڕۆماننوسی ئەستەمبوڵییە، کە هەرگیز مەرج نییە کەسی ئۆرهان پامووکی ڕۆماننوس خۆی بێ، کە ئەمیش هەر ئەستەمبوڵییە.

بەشێوەیەکی تر دەشێ بڵێم ڕۆمانی بەفر گێڕانەوەی بەسەرهاتی (کا)یە، بەڵام لە کۆتاییەوە بۆ سەرەتا و بۆ کۆتایی و جارێکی تر بۆ ناوەڕاست-پۆپە و دیسانەوە بۆ کۆتایی، بەم جۆرەش گێڕانەوەکەی شێوەی (شەپۆل) وەردەگرێ، نەک شێوەی ڕۆمانی پۆلیسی کلاسیکی کە وا باوە بەپێی هاوکێشەی (کۆتایی-ناوەڕاست-سەرەتا)یە.

ئۆرهانی ڕۆماننوسی ناو دەقەکە کە ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە خۆی لە لاپەڕەکانی سەرەتادا نەخشەی گێڕانەوەکە ئاشکرا دەکات کە دەڵێ: نامەوێ هەڵتان بخەڵەتێنم، من دۆستی دێرینی (کا)م و، پێش ئەوەی دەست بە گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە بکەم، دەزانم لە قارس چی لێ بەسەرهاتووە.

ئەمە سەبارەت بە بنیاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە، بۆ بنیاتی ڕوداوەکەش ڕۆماننوس وای کردووە کە بەسەرهاتی (کا) ڕووبەرێکی زۆری ڕووداوەکە داگیر بکا، واتا وەک ڕووداوی سەرەکی نیشانی داوە و ڕووداوەکانی خودی شاری قارسی وەک ڕووداوی لاوەکی لە ڕووبەرێکی تەسکتردا نیشان داوە، بەپێی پێناسەی کلاسیکی ڕووداوی سەرەکی و ڕووداوی لاوەکیش بووایە دەبوو بەسەرهاتی شاری قارس لە خزمەتی بەسەرهاتی (کا)ی بە ڕواڵەت کەسایەتی ڕۆمانەکەدا ببووایە، کەچی لە ڕۆمانی بەفردا ئەم بنەمایە ئاوەژوو-سەروبن کراوەتەوە و ئۆرهان پاموک لە پەنای بەسەرهاتە (٣) ڕۆژییەکەی (کا)وە، مێژووی پڕ لە کارەساتی نزیکەی سەدەیەک شاری قارسی بەرجەستە کردووە، کە

وەک لە ڕۆمانەکەدا هاتووە پاش ئەو هەموو شەڕ و شالاوی گۆڕینی ناسنامەیەش کە لە ماوەی (٨٠) ساڵەی حوکمی ئەتاتورکیدا بەسەر کوردستانی تورکیادا هاتووە، هێشتاش لە ٤٠٪ی دانیشتووانی قارس کوردن، ئەوەشی لە دەقی ڕۆمانەکەدا دەچەوسێندرێنەوە، بێ سەروشوێن دەکرێن، دەکوژرێن، یا خۆ دەکوژن هەر لەو ٤٠٪ کوردەی شارەکەیە، نەک ئەو ئازەرییە عەلەوی و ئەو تورکە فەرمانبەرانەی کە لە ٦٠٪ی تری شارەکە پێک دەهێنن.

پێم وایە ئەم شێوە هونەرییە نەبووایە کە دانانی ڕووداوی سەرەکییە لە خزمەتی ڕووداوی لاوەکیدا، ئەویش بە دانی ڕووبەرێکی فراوان لە بنیاتی گێڕانەوەکەدا بە بەسەرهاتە لاوەکییەکە و تەرخانکردنی ڕووبەرێکی کەمتر بۆ گێڕانەوەی ڕووداوە سەرەکییەکە، کە لە ڕاستیدا ئەمەیان مەبەستی سەرەکیی ڕۆماننووسەکە نییە، ئۆرهان پاموک لە ڕووی ئاسایشی خۆیەوە نەدەیتوانی باری کوردی شارەکە وێنا بکا و بۆ خۆیشی لە ئەستەمبوڵ دابنیشێ.

ئەم هەموو هونەرکارییەش لە کاتێکدا کراوە کە لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا ئیحای ئەوە دراوە کە ڕۆمانەکە لەسەر شێوەی (ڕێپۆرتاژ) یا (نامە)دا بێ، بەتایبەتی کاتێک (کا) مەبەستی خۆی لە سەردانەکەی خۆی بۆ قارس وا باس دەکا کە بۆ ئامادەکردنی ڕێپۆرتاژە لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانی شارەکە، یا دواتر کە ئیدعای ئەوە دەکا کە ڕێپۆرتاژێک بۆ ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی بەنێوبانگ ئامادە دەکا و بۆ خۆیشی پێی پێویستە بەدواداچوونێک لەسەر دیاردەی زیادبوونی خۆکوژی کچانی هەرزەکاری قارس ئامادە بکا کە زۆر لە ڕادەی ڕێژەی خۆکوژی پیاوانی تێ پەڕاندووە، لە هەلومەرجێکدا کە خودی ڕێژەی خۆکوژی لەنێو سەرجەم پیاواندا چوار بەرامبەری ڕێژەی ئاسایی خۆکوژیی ژنانە لە دنیادا وەک لە دەقەکەدا هاتووە، کەچی لە تورکیادا هێشتا ڕێژەی خۆکوژیی ژنان چوار بەرامبەری پیاوانە بەتایبەتیش لە کوردستانی باکور، وەک لە دەقەکەدا هاتووە. بەڵام تا ڕۆمانەکەش دێتە کۆتایی ئەو ڕێپۆرتاژانە نانووسرێت و نایەنە بلاوکردنەوە. لێرەشەوە دەشێ بڵێین پەیامی ڕاگەیەندراوی ڕۆمانەکە بەهیچ جۆرێک ئەوە نییە (کا)ی کاراکتەری سەرەکی باسی دەکا، (کا) بۆ خۆیشی ئەو سەنگەی کە لە دەقەکەدا پەیدای دەکا هینی کار و ئەرکە ڕۆژنامەنووسییەکەی نییە، بگرە لەو ڕووداوانەوە سەرچاوە دەگرێ کە (کا) بەخۆی دەبێتە هۆی

بەرپاکردنیان لە دەقەکەدا، بەمەش جارێکی تر ئەوە دەسەلمێنێتەوە کە ئۆرهان پامووک لە ڕێی ڕووداوێکی تاکەکەسییەوە کە بەسەر (کا)دا دێت کارەساتی شاری قارس، یا تەنانەت هەموو کوردستانی باکور وێنا دەکا و، سیاسەت و هەڵوێستی ڕەگەزپەرستانەی تورکیای بەناو (عیلمانی)ش ڕیسوا دەکا و لە سانسۆری توندی دەزگا سەرکوتکارەکانی تورکیاشی دەپەڕێنێتەوە.

گەمەیەکی تەکنیکی-هزریی تریش لە ڕۆمانی (بەفر)دا کراوە کە شیاوی ئاماژە پێدانە ئەویش لە هەڵبژاردنی کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکەدا بەرچاو دەکەوێ:

١- (کا-کەریم ئەڵەقوش ئۆغلۆ) کۆنە چەپ و، شاعیر و ڕۆژنامەنووسێکی گوماناویی خەڵکی ئەستەمبوڵە.

٢- سۆنای زائیم، کۆنەچەپ و شانۆکارێکی فاشیل و گەڕۆکی گوندانی خەڵکی ئەستەمبوڵە.

٣- فۆندا ئیسر، خێزانی سۆنای، سەماکەر، خەڵکی ئەستەمبوڵە.

٤- ئۆرهان، چیرۆکبێژی دەقەکە، کە لە دەقەکەدا ڕۆماننووسە ئەویش دیسان خەڵکی ئەستەمبوڵە.

٥- کۆلۆنێل عوسمان نووری چولاق، ئەمیش ئەستەمبوڵییە، کە سەرکردەی کودەتا سەربازییە وەهمییەکەیە، کە لە قارس بەرپای دەکا و، دەسەڵاتە سەربازییەکانی خۆی دەدات بە سۆنای زائیمی شانۆکاری فاشیل.

ئەگەر خودی ئۆرهان پامووکی ڕۆماننووسیشیان بچێتە سەر کە ئەمیش هەر ئەستەمبوڵییە، ئەوا ڕۆمانی بەفر لە شێوەی ئەژدیهایەکی گەورەدا خۆی نمایش دەکات کە لەوپەڕی خۆرئاوای تورکیا و، لە ئەستەمبوڵەوە سەری هەڵبڕیوەتەوە بۆ ئەوەی لەمسەری ڕۆژهەڵات کلکی خۆی لە قارس بگەزێ و بەخۆیەوە بدا و، شێوەیەکی بازنەیی دروست بکا کە ئێسکەبەند-هەیکەلی ڕۆمانەکە دیزاین دەکا.

قارس بەبێدەنگی لە کارەساتی خۆیدا، لەژێر کاریگەری کەشی سارد و برسێتی و دواکەوتوویی و بێ یاسایی و تیرۆر و لە سایەی حوکمی عورفی و دەسەڵاتی بێ سنووری سەربازیدا دەژی، بەڵام کەس پێنەزان، هەتا (کا)ی ڕۆژنامەنووس و شاعیری نەناسراو و، کۆنە چەپرەو، کە لە دەقی ڕۆمانەکەدا دەقێکی شیعریی ئەو

تۆمـــار نـەکـــراوە هەتـا ســـۆنای زائیـــمی ســـەرســـام بـە ئەتـاتورک تـا ڕادەی تەقەموسکردنی کەسایەتیی ئەو، بە جیا جیا و بێ ئاگا لە یەکتر، دەگەنە شارەکە و لەوێ لەگـەڵ کۆڵۆنێل چۆلاقی هەسـتنەکەر بـەبەرپرسـیـارەتی، کـە ئـەویش هـەر لەو چەند ڕۆژانەدا فـەرمـاندەیی سـوپای قـارس بەوەکالەت دەگرێتـە دەست و، کـە هـەر هەمـوو خـەڵکی یەک گەڕەک و قـوتابیی یەک قـوتابخـانەی شـاری ئەسـتەمـبوڵن یەک دەگرنەوە و، ئیتر شـاری قارس دەبێتە شانۆی کۆدەتایەکی وەهمی و شیرازەی تێدا تێک دەچێت و چەندان لاوی شـارەکە کە بە زۆری قـوتابیی ئامادەییی پێشنوێژان و خـوتبـە خـوێنانی ئیـسـلامی شـارەکەن، لە شـەقـام و کۆڵانان تەنـانەت لە بەرچاوی کـامیـراش بەبـێ تاوان و بەبێ لەدادگەدان دەکوژرێن و لە دۆخی نـاهەمواردا بەبێ ئاراسـتـەکردنی هیچ تاوانێک لە بەندیخـانەکـاندا زیندانی دەکرێن و دەخـرێنە بەر ئازار و ئەشکەنجەدانەوە، لە کەشێکی سروشتیی زۆر نالەباریشدا کـە بەفر هەموو ڕێگەوبانەکانی دەوروبـەری قارس و هـەمـوو پێوەندییـەکـانی تری شـارەکەی بڕیوە، ئەمە بەرەی ئەو کەسانەن کە لە دەرەوەی قارسەوە سەرەتا بۆ کاری ڕۆژنامەوانی و شـــانۆیی و هـونەری دێنە شـــارەکـــەوە، بـەڵام دیارە دەزگـــای ســـەربازی و هێـــزە ئەمنییـەکان لە پشتـەوە کاریان تێ دەکەن و سـەرئەنجـام لە سەرکوتکردنی خـەڵکە کوردەکـەدا تێوەیان دەگلێنن و دەیانکەن بە ئامـرازێکی زیاتری تر بۆ دەستـێوەردان لە کاروباری کۆمەڵایەتی بەربەست کردن و سەرکوتکردنی بیر و باوەڕی نەتەوەیی و ئاینییـان و، تـەنانەت جلوبەرگیـشیـان، تا کـار دەگاتـە مـەسـەلەی قـەدەخـەکردنی سـەرپۆشی کـچانی شـارەکـە لە قـوتابخـانەکانـدا، کـە سـۆنای زائیم وەک بـابەتی سەرەکی و پەیامی دووەمی کاری شـانۆیی تیمـەکەی کـاری لەسـەر دەکا، ئـاکام ئەو بۆ خـۆیشـی لە کـاتی نمـایشـەکـەدا دەکـوژرێ و ئـامـادەبووانی هـۆڵەکە و خـەڵکێکی زۆری تری شارەکەشی تێدا دەکوژرێن یا دەستگیـر دەکرێن، بەتایبەتیش قوتابیانی ئامادەیی پێشنوێژان و خوتبەخوێنانی قارس.

لە بەرەی کـوردەکـانی شـارەکـەش هـەرچەند کـەسـێکی سـەرەکی لە دەقـەکـەدا بەرچاو دەکـەون، کـە پـێ ناچێت هـاریکارییـەکیـان لە نێـواندا هـەبێ، یا هـێـزێکی کاریگەریی ناوەکی یا دەرکییان لە پشت بێت، یا تەنانەت ئامادەگییەکی بەرچاویان تێدا هەبێ و بۆ بـەرەنگاربوونەوەی ئەو هەمـوو هێزەی کـە دەسـەڵاتدارانی تورک لە قارس بۆ سـەرکوتکردنیان هـەیەتی و بەکاری دێنێ.

پەیامی ئەو کـوردانـەی کـە لـە دەقـــەکـــەدا وەدەردەکـــەون پەیام و پرۆژەیـەکی نەتەوایەتیی تۆکمـە و نەخـشـە بۆکـێـشـراو نیـیـە، بگرە لـە پێـشـانـدا پەیامـێکی مـارکسیـانەیە کە خـۆی لە چالاکییەکانی پەکەکە (PKK)دا ڕاگەیاندووە، بەڵام لە ئێستـای دەقەکەدا پەیامـێکی ئـاینی ڕووتە و هەمـووی لە خـاڵی دانان، یا لابردنی (ســەرپۆش)ی ژناندا چڕ کـراوەتەوە، کــە پێ دەچێت هــەر ئامــرازێک نـەبێت بۆ شاردنەوەی (پرچ)ی خانمانی کوردی شارەکە بەڵکو لە ڕاستیدا هۆیەکیش بێت بۆ پـەردەپۆشـکردنـی خـــواســـتی نـەتەوایـەتی و دژایەتـیکردنـی دەســـەڵاتی تورکی ئەتاتورکییانە کە ئیدیعای عیلمـانیەت دەکا و ئەویش لەژێر ئەم پەردەیەدا گەلانی تورکیا سـەرکوت دەکا و لە بزاڤی مـارکسـییەت و ئاین و ئاینـزانیدا هەڕەشـەیەکی گەورە لە بەرامـبەری سیـسـتـەمـە تۆتالیـتـارییـە ڕەگەزپـەرسـتـانەکـەیدا دەبینێ، کە هەردووک لـە یەک ئـاســتــدا کــاری سلبی لـە گــیــانی نـەتەوەپەرســتی دەکــەن، نەتەوەپەرستییـەک کە پاش خـەلافەتی وەسـمـانلیی ئاینی، قـەوارەی تورکیـای نوێی لەسـەر دامەزراوە.

لەو کەسـانەشی کە لەنـاو خـودی قـارسـەوە ڕۆڵ لە ڕووداوەکـاندا دەگێڕن، هـەرە کاریگەرەکانیان ئەمانەن:

١- ئیـپـەک خـان، بێوەژن و کـۆنە ژنـی کۆنـە شـارداری قـارس و کـچی تورگـێـتی خـاوەنی ئوتێلی (بەفر پەلاس)ە، لەوێ لەگەڵ (قەدیفەخان)ی خوشکیدا پێکەوە دەژین، کـە (کا) دەچێ لەوێ دادەبەزێت پێکەوە پێوەندییـەکی خـۆشـەویسـتی دادەمـەزرێنن و پەیمان بە یـەکتـر دەدەن کە پێکەوە بچنە ئەڵـمـانیـا، واتا ڕوو لە ڕۆئاوا بکەن.

(کا) لە ئـەستەمبوڵ، لە کـاتی خوێندنی زانکـۆدا سـەرسـامـی جوانی ئیپەک بووە، بەڵام یەک لایەنـە. لە ڕاسـتـیـداشـدا ئێـسـتـا بـۆ دیتنەوەی ئەوە کـە هـاتووتە قـارس کـاتێک کە کۆنە هـاوڕێیـەکی چەپڕەوی هـەردووکیـان لە ڕۆژنامـەی جمـهوریـیـەت پێی دەڵێ بچـۆ بۆ قـارس ڕێپـۆرژتاژێک بۆ ئێـمـە ئـامـادە بکە و، ئیـپـەکیش دەبینیت کە ئێستا لە (موختار)ی مێردی جیا بووەتەوە.

٢- موخـتار، کوردێکی قارسـییـە و سـەرۆکی پێشووتری شـارەوانیی شـارەکـەیە، لە ڕێکخراوێکی چەپڕەویدا لەگەڵ ئیپەکدا کاریان کردووە و دواتر خواستوویەتی.

له ئێستای دەقەکەدا ئیسلامییە و، دەروێشی شێخ ئەفەنی قارسە، لە ئیپەک جیا بووەتەوە و، هەوڵی هێناوەی ئیپەک دەدات و پاش کوژرانی سەرۆک شارەوانی دوای خۆی، لەسەر لیستی حزبی (ڕەفاه) خۆی بۆ ئەو پۆستە کاندید کردووە، بەلام لەگەڵ بەربەرەکانێکردنی حزبەکەیدا دەسەلاتی موخابەراتی قارس موختاریش ناچار دەکەن خۆی لەو کارە بکێشێتەوە.

موختار، پیاوێکی گەمەژە دیارە و لە کاتێکدا کە ئیپەکی کۆنە ژنی سەرگەرمی خۆشویستنە لەگەڵ (کا)دا، موختار داوا لە (کا) دەکا کە لەگەڵ ئیپەکدا پێکیان بێنێتەوە و ببنەوە بە ژن و مێردەکەی جاران.

٣- کوحلی (شینە)، کە لەوانەیە لە دەقە تورکییەکەدا وشەیەکی تر بێت، کوڕی فەرمانبەرێکی دارایی ئەستەمبوڵ بووە، ماوەیەک شەقاوە و ئەوجا چەپڕەو و خوانەناس (ملحد) بووە، لە تورکیاشدا باوە خەڵکی شەقاوە بەناوی (ڕەنگ)ەکانەوە ناو دەنرێن، فلانی شین، ئەوی سوور و..... بەلام کوحلی لە ئێستای دەقەکەدا ئیسلامییەکی توندڕەوی نەتەوەیی کوردە و، لەناو قارسدا بەنهێنی دەژێت و ڕابەری ئەو گرووپە ئیسلامییە لاوە توندڕەوە دەکات کە لە شارەکەدا بەربەرەکانی دەسەلاتی تۆتالیتاری تورک دەکەن بەتایبەتیش خوێندکارانی کوردی ئامادەیی پێشنوێژانە و خوتبەخوێنانی قارس، کە خەمی گەورەیان بووەتە بەرگریکردن لە خوا و ئیسلام و کێشەی دانانی سەرپۆشی ژنان.

کوحلی ماوەیەک بۆی فرێندی (ئیپەک) بووە و ئێستاش بۆی فرێندی (قەدیفە)ی خوشکی گچکەی ئیپەکە.

٤- قەدیفە، کچی تۆرکێت و، خوشکە گچکەی ئیپەکە، دایکیان نەماوە و، برایشیان نییە، قەدیفە ئیسلامییەکی سەرپۆشدارە و پێوەندییەکی خۆشەویستی و ڕێکخراوەیی لەگەڵ کوحلیدا هەیە.

٥- لەو قوتابییە کوڕ و کچە لاوە کوردە ئیسلامییانەشی کە ناویان لە دەقەکەدا دێت و کەپڵی یەکترن و لە ڕێکخراوە ئیسلامییەکەی کوحلیدا کار دەکەن، ناوی: نەجیب و خاتوو هیجران، مەسعوود و هاندا، فازیل و تەسلیمە خان، کە دواتر لە هەراکەی شوباتی قارسدا نەجیبەکەیان دەکوژرێ، هاندا خانیش

لەگەڵ کوحلیدا تیرۆر دەکرێ و، تەسلیمە خانیش خۆی دەکوژێ.

(کا) لە دیدارێکدا چاوی بە کوحلی دەکەوێ، بەڵێنی دەداتێ خواست و داوای ئەوان و کێشەی قارس بگەیەنێتە رای گشتی ئەڵمانیان و لە رۆژنامەی (فرانکفۆرتەر رۆندشاو)دا بڵاویان بکاتەوە، بەڵام ئەمە ئەسڵێکی نییە و، پاشان کوحلیش دەست دەسەڵاتدارانی تورکی قارس دەکەوێ.

کۆڵۆنێل چولاقی تازە فەرماندەی سوپای قارس و دۆستی دێرینی سۆنای زائیمی دەرهێنەر، کە چولاق چارەنووسی شارەکەی دەداتە دەست بە چارەنووسی کوحلیشەوە، لە رێی (کا)وە قەناعەت بە کوحلی دەکا ئەگەر (قەدیفە)ی دۆستی کە یەکێکە لەو کیژانەی قارس کە سەرسەختانە بەرگری لە سەرپۆش دەکا ئامادە بێت لەسەر شانۆدا سەرپۆشەکەی لە دیمەنێکی درامیدا بە بەرچاوی ئامادەبووان و خەڵکی شارەکەوە فرێ بدات و نەفرەتی لێ بکا ئەوا کوحلیش بەرامبەر بەوە لە زیندان ئازاد دەکرێ، پاش هێنان و بردێکی زۆر کوحلی و قەدیفە بەو کارە رازی دەبن، بەڵام لەسەر شانۆ کە خەڵکی شارەکەش بۆ یەکەم جارە لە رێی گواستنەوەی راستەوخۆوە لە ماڵەکان لەسەر پەردەی تەلەفزیۆن دەیبینن، قەدیفە پاش فرێدانی سەرپۆشەکەی، وەک رۆڵە شانۆییەکە دەیەوێ، رووی دەمانچە لە ئەکتەری سەرەکی بەرامبەری دەکا کە چەند جارێک دەست بە پیتکەکەیدا دەنێت ئەکتەرەکەی بەرامبەری کە خودی دەرهێنەری شانۆییەکەیە (سۆنای زائیم) بەراستی خەڵتانی خوێن دەبێ و دەکوژرێ، ئیتر مەرگ بەسەر ئامادەبووان و خەڵکی شاری قارسدا دەبارێ بەتایبەتیش خوێندکارانی ئامادەیی پێشنوێژان و خوتبەخوێنانی قارس، کە بەزۆر و بۆ چاوشکاندن ئامادەی نمایشەکە کراون، دواتریش دەردەکەوێ کە دەرهێنەر خۆی دەمانچەکەی ئاوا داوەتە دەست قەدیفە، ئیتر بەهەڵەبێت یا بە مەبەست، لێ کوشتن و گرتن بەردەوام دەبێ و قەدیفەش لە زیندان توند دەکرێ.

چەتە نافەرمییەکانی (ز- دەمیر قۆڵ-قۆڵ ئاسنین)یش کوحلی دەسگیر دەکەن و لەگەڵ هاندا خاندا دەیان کوژن، ز- دەمیر قۆڵ و چەتەکانی کۆمەڵە پیاوکوژێکی رەگەزپەرستی تورکی خۆبەختکارن کە سەربەخۆیانە گوایە (بەرگری) لە تورکیایی کەمالی دەکەن و بەبێ گەرانەوە بۆ ئەرک و فەرمان و دادگە دوژمنانی تورکیایی عیلمانی لەنێو دەبەن.

کـە ڕێگەوبان دەکــرێتــەوە، بـارودۆخــەکــە خــاو دەبـێـتــەوە (کــا)ش لـەلایەن دەسەڵاتدارانی قارسەوە بە پەلەپەل دوور دەخرێتەوە، کە لە دووی (ئیپەک) دەنێرێ لە تەکیا بڕوات، ئیپەک ناڕوات و لە قارس دەمێنێ، لە کۆتاییی لێکۆڵینەوەکەی (ئۆرهانی چیرۆکبێژی) ڕۆمانەکەشدا دەردەکەوێ (کا) کوحلی بەدەستەوە داوە، پاش ئەوەی لەوە دڵنیا بووە کە کوحلی و ئیپەک خۆشەویستی و پێوەندییەکی جەستەییان لە نێواندا بووە. لەسەر ئەو تاوانەی بەگرتدانەی کوحلیشە کە پاش (٤) ساڵە کوردە ئیسلامییەکان لە فرانکفۆرت تیرۆری دەکەن.

هەموو ئاماژەکان بەو ئاراستەیەدان:

١- کە ئیپەکی جوان و دڵگیر و نەزۆک هێمای کوردستان/ نیشتمانی بێ سەروەری و خاکی بێ پەرژین و بێ دەسەڵات بێت، کە سەرەتا شوو بە موختار دەکا و بێ ئەوەی منداڵێکی لێی ببێ لێی جیا دەبێتەوە.

٢- موختار نموونەی ئەو سیاسییە کوردە لیبراڵانەیە کە پێیان وایە دەتوانن لە ڕێی هەڵبژاردنەوە دەسەڵات (سەرۆکایەتی شارەوانی) و، لە ڕێی هێنانەوەی (ئیپەک)ەوە سەروەری نیشتمان بەدەست بهێنێتەوە.

٣- سۆنای زائیمی شانۆ کاری فاشیل کە لە هەموو تورکیادا ڕای گشتی لەسەر ئەوەیە کە لە فیلمێکی نەتەوەیی مێژووییدا ڕۆڵی (ئەتاتورک) ببینێ، چونکە کەسایەتی زۆر لەوەوە نزیکە، لەم ڕۆمانەدا لە ئەنجامی کارێکی خۆیەوە دەکوژرێ، کاتێک پێی لەسەر دژایەتیکردنی ئاین و چەسپاندنی عیلمانییەتە ڕەگەزپەرستانەکەی ئەتاتورک دا دەگەڕێ.

٤- (کا) هێمای ئەو تەیارە تورکەیە کە پێیان وایە ڕزگاری تورکیا لەوەدایە کە ڕوو لە ئەوروپا بکا.

ئیپەک سەرەتا شوو بە موختاری لیبراڵی دەکات، ئەوجا پێوەندیی جەستەیی لەگەڵ کوحلی کە هێمای تەوژمی ئیسلامی توندڕەوی ئێرانییە، پاشان ماوەیەک خۆشەویستی لەگەڵ (کا)دا دەگۆڕێتەوە کە هێمای ڕوو لە ڕۆئاواکردنی زۆرینەی گەلانی سەرکوتکراوی تورکیایە. بەڵام هیچ کام لەمانە ئیپەک ناگەیەننە کەناری ئازادی و ڕزگاری.

٥- قەدیفەش دوای کوژرانی کوحلی شوو بە قوتابییەکی کوحلی (فازیل)ی

قوتابیی ئامادەییی پێشنوێژان و خودبەخوێنان دەکا و کوڕێکیان دەبێ کە ناوی دەنێن (عومەر جان)، کە ڕەنگە ئەمیش هێمایەک بێت بۆ ململانێی نەوەکانی داهاتووی کوردانی سوننە و، عەلەوییە شیعە ئازەرییەکانی قارس.

پێم وایە پەیامی سەرەکی ئۆرهان پامووەکی ڕۆماننووس لەم بەرهەمەیدا ئەوەیە بەدەسەڵاتدارانی کەمالیزمی تورکیا بڵێ پێداگرتنتان لەسەر (عیلمانییە) ڕەگەزپەرستانەکەی مستەفا کەمال وەکو ئەوە وایە بەدەستی خۆتان (چەکی ڕەگەزپەرستی) بدەن بە دەست کوردانەوە، بۆ ئەوەی ئەوانیش بەهەمان چەک تورکیای ئەتاتورک لەنێو بەرن، وەک چۆن سۆنای زائیمی دەرهێنەر و کەمالیست بەدەستی خۆی چەکی کوشندەی دایە دەست قەدیفە خان و چووە خوێنی خۆی.

ئۆرهان دەیەوێ بەدەسەڵاتدارانی تورک بڵێ لێگەڕێن با خەڵک بە ئازادی و لەسەر بیروباوەڕی خۆیان بژین با (عیلمانییەکەی) ئێوەش نەبێت، پێیان دەڵێ مافی خەڵک زەوت مەکەن با کوردیش بن، با بەزۆر لێتان نەسەندنەوە. هەموو ڕووداو و کارەساتەکانیش لە چوارچێوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دواکەوتوو و لە کەشێکدا ڕوو دەدەن کە قارس، یا لەوانەیە هەموو کوردستانی باکوریش لە ڕووەکانی بێکاری و خزمەتگوزارییە تەندروستی و پێوەندی و هاتوچۆ و بیناسازی و خوێندنەوە لەوپەڕی دواکەوتندایە، ئەوەی ئاوەدانە تەنیا چایخانەکانە کە سیخناخە لە بێکاران، دەزگای هەرە پایە بڵندی شارەکە ئامادەییی پێشنوێژان و خوتبەخوێنانە، کەچی قوتابییەکانی، دەرچووەکانی بەردەوام لەژێر چاودێری و فشاردان و هەندێ جاریش دەستەدەستە دەگیرێن و دەکوژرێن.

دەزگایەکی ڕۆشنبیری لە شارەکەدا نییە، قوتابییەکان بە زۆری لە دوو چایخانەدا کۆ دەبنەوە لەوێش هێزە ئەمنییەکان لێیان ناگەڕێن.

هێزی ئەمنی و سیخوڕ هەند زۆرن، کە هەر شتێک لە ژمارەی خەڵکی شارەکە کەمترن: سوپا هەیە، پۆلیس، دەزگای ئەمن، دەزگای موخابەرات، هەندێ چەتەی خۆبەخش وەک ئەوەی (ز-دەمیر قۆڵ) کە بەبیانووی نەتەوەپارێزی و پاراستنی کەمالییەتەوە بۆیان هەیە بەبێ هیچ ڕەسمییاتێک کورد بکوژن، سەیر ئەوەشە هەموو ئەم دەزگا ئەمنییە سەرکوتکارانە سەربەخۆ کار دەکەن و ئەو کەسەی لە دەست یەکێکیان دەربازبێت ئەوانی تر دەیقۆزنەوە.

شەقامەکانی شارەکە، کە لە ڕاستیدا هەر بە شەقام ناچن، یەکێکیان ناوی ئەتاتورکە و، ئەویدی (ئۆردۆ-سوپا)یە و، پێنج شەقامەکەی تریش بە ناوی پێنج (پاشا-جەنەڕاڵ)ەوە ناونراون کە پێشتر بە ئاگر و ئاسن حوکمی قارسیان کردووە یەکێکیان (جەنەڕاڵ کازم قەرەبەکر)ە کە ساڵی ١٩٢٠ بە شەڕ قارسی داگیر کردووە و خستوویەتییە سەر تورکیای ئێستا.

نەک هەر ئەو دیمەنانە، بگرە پامووک ناسنامەی شوێن و مێژووی بینا کۆنە داڕزاوەکانی شاری قارسی زۆر بە سەرکەوتوویی لە دەرخستنی کارەساتی شارەکەدا بەکار بردووە، بەتەواوەتی ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو شارە هیچ پێوەندییەکی مێژوویی و ڕۆشنبیری بە تورکیاییی نوێوە نییە و ئەوەی پێوەی گرێی دەدا هەر هێزە سەربازیی و حوکمە عورفییەکەیە.

(کا) کە بەناو قارسدا دێت و دەچێ ئەوەی دەیبینێ خانووی چۆڵ و کەلاوەی بێژماری ئەرمەنییەکانە، بینای داڕزاوی تەرزی ڕووسی بەلتیقییە، کەنیسەی هەزار ساڵەی ئەرمەنییە ئەرسەدۆکسەکانە.

بینایەی ئەمن و جێی بەندینخانەکەی ئێستای قارس (١٠٠) ساڵ پێشتر نەخۆشخانەیەکی ئەرمەنیی بووە، لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا ئامادەیی بووە بەڵام ئێستا بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش و زیندانە و خەڵکی تێدا ئەشکەنجە دەدرێ.

ئوتێلی بەفر پەلاس بینایەکی کۆنی ڕووسییە کە ئێستا وەکو ئوتێلی هەرە (نێوداری) شارەکە ماوەتەوە. ئیتر ئاوا شارەکە ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو وێرانەیی دەڕوا و ئەو بینایانەشی کە کۆن دروست کراون، واتا پێش دەسەڵاتی ئێستای تورکیا هەبوون دەزگاکانی سوپا و ئاسایش داگیریان کردوون و هیچ شوێنەوارێکی ئاوەدانکردنەوەی نوێی سەردەمی کەمالیتی پێوە نابینرێ.

لایەنی هونەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری شارەکەش لە دەقەکەدا هەر ئەوەندەیە کە تیپە شانۆییە فاشیلە گەڕۆکە ئەستەمبوڵییەکەی (سۆنای زائیم) پێشکێشی دەکەن، کە بریتییە لە تەنیا دوو شانۆیی ئایدۆلۆجی ئەتاتورکی کاڵوکرچ، کە دەبنە هۆی کوشتاری خەڵکی شارەکە.

چاپ و دەزگای چاپەمەنی قارسیش هەر ڕۆژنامەی (سەرهات)ە کە تەنیا (٣٢٠) لێ چاپ دەکرێ، چاپخانەکەیشی نزیکەی (١٠٠) ساڵ پێشتر دروست کراوە و

(٢٥) ساڵ لە ئەڵمانیا و (٤٥) ساڵ لە ئەستەمبوڵ کاری پێ کراوە و لە (١٩٥٥)یشەوە هێنراوەتە قارس.

هەموو پێوەندی قارسیش بە جیهانی ڕۆژنامەوانی تورکیای (نوێ)ەوە تەنیا لە ڕێی (سەردار)ی سەرنووسەری سەرهات و تاکە پەیامنێری ڕۆژنامەی جومهورییەتەوەیە کە (زۆربەی کات پەیامەکانی بڵاو ناکرێتەوە). پاموک کاریگەری سروشت و مرۆڤ و خواناسی لەسەر یەکتر فەرامۆش ناکات و، (کا)ی چەپڕەو و خوانەناس کاتێک ڕادەی بەفربارین و سەرمای شارەکە/ قارس دەبینێ زۆر بێدەسەڵاتانە دەڵێ (بەفر خوا وەبیر دێنێتەوە)، ڕەنگە ئەمەش پاکانەیەک بێت بۆ دینداریی کوردی قارس، کە پاموک لە بیری ناکات ئەوەشمان پێ بڵێ کە (ڕۆژێک لە مێژووی نزیکدا قارس دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە)، بەڵام لە سەردەمی تورکیای (نوێ)ی کەمالیدا، کە سەربەستی و ئازادی خۆی لە دەست دەدا، ئەوە ئیتر ئاوا دەبێتە وێرانە و جێی شەڕوشۆڕ و شۆڕش یاخیبووان و، هەموو پەیامەکەیشی لە یەک خاڵدا کۆ دەکاتەوە، کە کێشەی (سەرپۆش)ە، کە پێم وایە هەموو کارەساتە نیشتمانی و نەتەوەیییەکەی خەڵکەکەی پێ پەردەپۆش دەکرێ.

* بەفر/ نووسینی ئۆرهان پاموک- لە بڵاوکراوەکانی- الجمل- وەرگێڕانی: عەبدولقادر ئەللی، ئەڵمانیا- کۆڵن- , ٢٠٠٥

* ئۆرهان پاموک، لە ٧ی حوزەیرانی ١٩٥٢ لە ئەستەمبوڵ، لە تورکیا لەدایک بووە، لە بەرهەمەکانی: جەودەت بەگ و منداڵانی، ئەستەمبوڵ، قەڵای سپی، کتێبی ڕەش، ژیانی نوێ، ماڵی بێدەنگ، ناوم سورەیە، بەفر....

* لە کۆواری (نووسەری نوێ)ی ژمارە (٣٩)ی (ت-٢)ی ٢٠٠٧دا بڵاو کراوەتەوە.

# جاین ساسۆن.. خۆشەویستی لە وڵاتێکی پەرتکراودا

بەسەرهاتی شێرەژنێکی پێشمەرگە

جاین ساسۆن کێیە؟!.. لەوانەیە تۆ بیناسیت، بەڵام من ئەمە یەکەم بەرهەمی ئەو ژنە ئێسکسووکەیە بیخوێنمەوە، وەلێ پێ دەچێ ئەو (تا ڕادەیەکی باش) ئێمەی کورد بناسێ.

لە ڕۆمانەکەیدا (خۆشەویستی لە وڵاتێکی پەرتکراودا) هەر ئەوەندەیە گوتراوە، کە جاین نووسەر و وانەبێژێکە و (٧) کتێبی هەیە کە پڕفرۆشترین کتێبی دنیان، تا ئێستا لە چەند بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی بەنێوبانگیشدا دەرکەوتووە وەک: ئۆپرا، تودەی، ٤٨ کاتژمێر، cnn و npr.

لەوەش بترازێت ئیتر نەگوتراوە کەی و لە کوێ لەدایک بووە، یا ناوی کتێبەکانی چین و یا وانەی چی و لە کام زانکۆ و کۆلێج و دەزگایەکدا وانەبێژی دەکا، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا بوێرانە ناونیشانی پۆستی ئەلیکترۆنی خۆی لەسەر کتێبەکە بۆ خوێنەران بەجێ هێشتووە کە هانیان دەدا پێوەندی پێوە بکەن.

خۆشەویستی لە وڵاتێکی پەرتکراودا، ڕۆمانێکە لە (٦٠٠) لاپەڕەی قەوارە ناوەندیدا، ساڵی ٢٠٠٧ لە نیویۆرک- ئەمەریکا بە زمانی ئینگلیزی لەژێر ناوی love in a torn landدا بڵاو کراوەتەوە، کە لەلایەن سەعید محەمەد ئەلحوسێنییەوە بەناونیشانی (مغامرة حب في بلاد ممزقة-پرکێشی خۆشەویستی لە وڵاتێکی پەرتکراوەدا) کراوەتە عەرەبی، کۆمپانیای چاپەمەنی بۆ دابەشکردن و بڵاوکردنەوە لە ٢٠٠٨دا چاپی یەکەمی لێ بڵاو کراوەتەوە و لەسەر بەرگی دەرەوەشی جگە لە ناونیشانی سەرەکی، پێناسەیەکی کورتی ڕۆمانەکەش کراوە بەوەی کە (چیرۆکی ڕاستەقینەی جوانا-جوانەیە، کە ژنێکی کوردستانی و تێکۆشەرێکە لەپێناوی ئازادیدا و لە عێراق ڕای کردووە)، لەژێر ناونیشانەکەشدا نووسراوە (یەکێکە لە پڕفرۆشترین کتێبەکانی دنیا)، بەڵام بەداخەوە هێشتا نەکراوەتە کوردی.

جگە لەم نۆتە سەرنجڕاکێشانە (لانی کەم بۆ خوێنەری کورد) لە ناوەوەی کتێبەکەدا کۆمەڵێک بابەتی تریش لە دەرەوەی دەقەکەدا واتا وەک (پارا تێکست) هەن وەک: پێشکێشی کە جوانە پێشکێشی پێشمەرگە و پلە عایشە و ژنانی پێشمەرگەی کردووە، هەروەها پەند و قسەیەکی باو کە بانگێشە بۆ تۆڵەسەندنەوە دەکا و، پێرست و پێشەکییەکەی جاین ساسۆنی نووسەری ڕۆمانەکە و شایەتییە (زیندوو)ەکەی جوانە عەسکەری کەسی سەرەکیی ڕۆمان و ڕووداوەکە و، سوپاسنامەکەی جاین بۆ ئەوانەی کە لە نووسینی دەقەکەدا یارمەتییان داوە، ئەوجا نەخشەیەکی جوگرافیای عێراق و کوردستان و وڵاتانی دراوسێ کە ڕووبەری جوڵەی کەس و ڕووداوەکان دیاری دەکا.

لە کۆتاییی ڕۆمانەکەشدا هەر بەهەمان شێوە بابەتێک لەبارەی شوێن و ژیانی کەسایەتییەکان لە دوای تەواوبوونی ڕۆمانەکە بەرچاو دەکەوێ، لەگەڵ خشتەیەکی زەمەنی بۆ ئەو ڕووداوە مێژووییانەی کە لە چاخی نوێدا بەسەر کوردا هێنراون، دوای ئەوە بیۆگرافیایەکی کورت بۆ ئەو کەسایەتییە بەنێوبانگانەی عێراق و کوردستان کە لە دەقەکەدا ناویان براوە، ئەمە وێڕای پتر لە (٣٠) وێنەی فۆتۆگرافی جوانا و باب و داک و خوشک و برا و کەسوکار و مێردی جوانا و برادەرانیان لە بەغیا و سلێمانی و لە لادێ، بە جلی سفور و پێشمەرگایەتی، بە منداڵی و بە قوتابێتی و بە گەورەی، کە لە دوو توێی دەقەکەدا وەشێنراون و، لەگەڵ بابەتەکانی تری دەسپێکدا پێکەوە واقیعییەتێکی دیکۆمێنتاری بە دەقەکە دەدا، بەتایبەتیش کە دەبینین لە سەرەتای بەشەکانی دەقەکەشدا مێژووی ڕووداوی ناو بەشەکە بە ڕۆژ و بە مانگ و بە ساڵ دیاری کراون، ناوی شار و دێهات و زۆربەی کەسایەتییەکانیش ناوی ڕاستەقینەن، بەمەش لایەنی مێژوویيبوونی دەقەکە زاڵ دەبێ و تا ڕادەیەک لە سەرگوزەشتە و ڕۆژژمێری نێزیک دەکاتەوە تا ڕۆمانێکی ڕۆمانسی و خەیاڵی ڕووتی زادەی بیر و فەنتازیاییی نووسەرێک.

ڕەنگە لە سۆنگەی ئەمەشەوەیە کە ڕۆمانەکە وەک دەقێکی یەک دیوی (موستەتەح) خۆی نمایش دەکا، یەک دیو بەو واتایەی کە ڕەهەندی فیکری و فەلسەفی لە پشتەوە نییە، یا بە واتایەکی تریش دەتوانم بڵێم گوزارە لە تەنیا یەک واتا دەکا، کە واتای خودی ڕاستەوخۆی ڕووداوەکانە، ئیتر بەها و، هێمایەکی قووڵتر و دوورتری کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئەفسانەیی و دەروونی لەوە پتر لە خۆی

ناگرێ کە لە ڕووکەشی ڕووداو و، لێکدانەوەی خودی کەسەکان و، ئاستە واتای یەکەمی ڕاستەوخۆی دەقەکەدا دەبینرێن.

جگە لەم بابەتە دەرەکییانەی دەرەوەی تێکستەکە لە لاپەڕە (٢١)یشەوە بابەتێکی تر بە ناوی (ڕێخۆشکەر-تمهید)ەوە دەست پێ دەکا و تا کۆتاییی لاپەڕە (٢٦) درێژە دەکێشێ، کە لە ڕاستیدا سەرەتا، یا دەستپێکێکی ڕێخۆشکەری تەقلیدی نییە تیشک بخاتە سەر پێشینەی بەسەرهاتەکە، یا کورتەیەک بێ بۆ ئامادەکردنی زەینی خوێنەر، یا پێناسەکردنی کەسەکان، یا بەنیازی دروستکردنی (بۆنە)یەک بۆ ڕێخۆشکردنی گێڕانەوەی ئەو دواییی بەسەرهاتەکە، وەک لە (چیرۆکی مۆباسانی)دا باوە، بەڵکو ئەم ڕێخۆشکەرییەی کە لە سەرەتای (پڕ کێشی خۆشەویستی.....)دا هاتووە لە ڕاستیدا دووبارەکردنەوەی، یا ڕاستتر بێژم دووبارە چاپکردنەوەی چەند پەرەگرافێکە کە لە بەشی (١٨)ی پاری سێیەمی ئەسڵی تێکستەکەوە لە لاپەڕەی ٣٩٨ تا لاپەرەی ٣٩٥، هەڵپچڕێنراوە کە باسی هێرشی کیمیاوی ڕێژیمی فاشی سەدامە لە پایزی ساڵی ١٩٨٧بۆ سەر (سەرگەڵو)، کە تێیدا جونا بۆ ماوەیەکی کاتی توانای بینین لە دەست دەدا، ئەم گەمە تەکنیکیەش دیارە بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر و بۆ هێنانەکایەی تەوتورێکێ دەروونییە کە خوێنەر بۆ خاوکردنەوەی ناچاربێ بە دوای دەقەکەدا بڕوات.

تێکستی ڕۆمانەکە لە سێ پاری سەرەکی پێک هاتووە: پاری یەکەم بەناوی: قۆناخی منداڵی، پاری دووەم: قۆناخی هەرزەکاری، پاری سێیەم: قۆناخی دڵداری و مەرگەسات لە کوردستان، کە تێکڕا لە (٢٤) بەش و (کۆتایی)ەکە پێک هاتوون.

لەگەڵ ئەم هەموو گرێوگۆڵەشدا کە لە دەرەوەی دەقەکەدا کراوە، کەچی گێڕانەوەی خودی تێکستەکە گێڕانەوەیەکی سادەی زنجیرەییە و لە ڕۆژی شەموو ٨ی تەمووزی ١٩٧٢ەوە دەست پێ دەکا و تا ڕۆژی ٢٠ی تەمووزی ١٩٨٩ پلە بە پلە و پێ بەپێ درێژە دەکێشێ لەگەڵ هەندێ یادکردنەوەدا کە بواری گەڕانەوە بۆ بگێڕەوەی سەرەکی دەرەخسێنی تا هەندێ یادەوەری ڕابردووی خۆی لەگەڵ ڕووداوەکانی (ئێستا)ی بەسەرهاتەکەدا تێکەڵکێش بکا، بەتایبەتیش لە بەشەکانی هەردوو پاری یەکەم و دووەمدا، وەگێڕی سەرەکی، یا دروستتر بڵێم تاکە وەگێڕی دەقەکەش خودی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە کە جوانا (جوانا-جوانە)یە، ئەو

جگە لەوەی کە وەک وەگێڕێکی زاتی هەموو ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کە بە سەرخۆیدا دێن، ڕووداو و، هەڵوێست و، دایالۆگی ئەو کەسەکانی تریش دەگێڕێتەوە، کە دیارە ئەوسا وەک وەرگێڕێکی ئۆڵۆمپی و بە شێوازی (ناڕاستەوخۆ – ئینداێرێکت).

گەورەترین شکستی هونەری تەکنیکی ئەم جۆری گێڕانەوەی زاتییەی کە تەکنیکی سەرەکی (پڕکێشی خۆشەویستی...)ە، لە دوو حاڵەتدا لە جوانای وەگێڕ وەدەردەکەوێ: کاتێک باس لە حاڵەتی دەروونی و سەردەمی منداڵی خۆی دەکا و وەک گەورەیەکی ڕۆشنبیر و شارەزای (ئێستا)ی خۆی هەڵیان دەسەنگێنێ و، بە هۆش و فامی ئێستایەوە خۆی دەبینی.

هەروەها کاتێکیش وەگێڕ باس لەدیوی دەرەوەی جوانای کارەکتەر دەکا و، پەسنی باڵا و شکڵ و شەمایل و جوانی ئەو دەکا، کە هەندێ جار ناماقوڵ و ناپەسەند دێنە بەرچاوی خوێنەر، چونکە ناتوانێ وەک پەسنێکی بێلایەن خۆی نیشان بدا و ئەو متمانەیەی پێ ناکرێ وەک ئەوەی وەگێڕێکی فرەئاگا لە حاڵەتی وەهادا بڕوای پێ دەکرێ. ئەمە لەگەڵ زانینی ئەوەشدا کە لە واقیع و لە دەرەوەی دەقەکەشدا جوانا هەر بۆ خۆی بەسەرهاتەکەی بۆ ڕۆماننووس جاین ساسۆن گێڕاوەتەوە و، پێشم وادێ کە جوانا چۆنی گێڕاوەتەوە بۆ جاین، جاینیش ئاوای لەسەر کاغەز گێڕاوەتەوە، بەڵگەش ئەو زانیارییە ڕاستی و هەڵانەیە کە بەتایبەتی لەناو ڕۆڵ و پێناسەی هەندێ کەسایەتی ناوداری سەرکردایەتی بزاڤی کوردایەتی و، لەبارەی حزبە سیاسییەکانی کوردستان و مێژووی هەندێ ڕووداوەوە لە تێکستەکەدا هاتوون و، پێم وایە ساسۆن چۆنی لە جوانا بیستوون ئاوای تۆمار کردوون و لە دوای ساغکردنەوەیان نەبووە. تەنانەت ئەو ڕستە و وەسف و وشانەشی لە دەقەکەدا دەناسرێنەوە کە ساسۆن لە دەمی جوانەوەیان دەگێڕێتەوە، لەوانی تری کە بەخۆی دایان دەڕێژێت بۆ نموونە:

لە لاپەڕەی (١٦١) تێکستەکەدا دوعایەکی جوانا دەبینین کە بەرامەیەکی غەیرە ئیسلامی تێدایە کە دەڵێ: (ناوی خوا شکۆدار بێت) لە کاتێکدا جوانا بە ئاین موسڵمانە و ئەم جۆرە دوعایانە لە کولتووری ئیسلامیدا نییە.

لە لاپەڕە (٢١٣)شدا کە لە ماڵەکەیاندا دەبێتە قیژوپاڵ و سەعد دەیەوێ لە جوانا

بدات، جـوانـا دەپرسێ: (ســەرم ســوڕمــا دواتر، چۆ دراوســێکان داوای هـاتـنی پۆلیسیـان نەکرد). ئەمـەش هەمدیسـان لە کولتووری ڕۆئاوای ساسـۆنەوە پەڕیوەتە تێکسـتـەکـەوە، دەنا لە کـولتـووری کـۆمـەڵایەتـی و یاسـایی جـوانای عـێـراقـیـدا (سەرسوڕمان) لە شتی ئاوا نایەتە کایەوە و خەڵک لە وڵاتی ڕۆهەڵاتیی ئێمەدا زۆر ئازادە لەوەی کە لە منداڵی خۆی بدات و لە ماڵی خـۆیدا هەموو ئەندامی خێزانەکە بە گـەورە و بچـووکـەوە ئازار بدات و دووچـاری هیچ لێـپـرسـینەوەیەکـیش نـەبێت، ڕەنگە غـەفـڵـەتی تری ئاوا لـە دەقـەکـەدا هـەبن کـە دەگـەڕێتـەوە بۆ جـیـاوازیی شـارسـتـانی نێـوان ڕۆمـاننووسـەکـە و ئـەو کـەسـایەتـی و بارودۆخـەی کـە هەڵسوکەوتیان لە تەکدا دەکا لە تێکستێکدا.

لە دەقی ڕۆمـانـەکـەدا ناوی زۆر لـە سـەرکـردە ناسـراوەکـانی کـورد: شـێخ مەحمـوودی حەفید و مەلا مستەفای بارزانی و مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بەڕێز و شایستەوە هاتووە، بەڵام لێرەشدا زانیاری هەڵەی مێژوویی ڕووی داوە کە پێم وایە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەم دیقـەتیی جوانای وەگێڕی بەسەرهاتەکە: لە (ل ١٠٦)دا ناوی شێخ مـحـەمەد بەهەڵە لە جێی شێخ مـەحمـوودی بەرزنجی هاتووە، لە (ل ١٠٧) دا وا نیـشـان دراوە کـە بارزانی نـەمـر لـە (١٩٥١)دا بووەتە سـەرۆکی بزاڤی کـوردایەتی نـەک لە ١٩٤٦ بە سـەرۆکی پارتی و لـە زۆر شـوێنیـشـدا ناوی پارتی دیموکـراتی کوردسـتـان و یەکێـتـیی نیـشـتـیـمـانی کوردسـتـان و، یەکـێتی قوتابییانی کوردستان و حزبی بەعس و حزبی دەعوە و، و کەسانی وەک: ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و سەدام حوسێن و عەلی حەسـەن مـەجید و خەیروڵڵا تڵفاح و، مەلیک فـەیسەڵ و، قاسم و ئەمانە هاتوون، بەڵام لە خشـتەی زەمـەنی ڕووداوەکاندا کە وەک پاشکۆ لە دوای دەقەکەوە دێت هەڵەی زۆر هـەیە ئەگەرچی ناشـبێ لەسـەر دەقی ڕۆمانەکـە حیسـاب بکرێن و ڕۆمـاننووس جیاوازی لە نێوان شـۆڕشـەکانی شێخ ئەحمەدی بارزانی و مەلا مستـەفای بارزانی و مـەسعوود بارزانیدا ناکا، لە (ل ٥٩٠ و ٥٩٨) دا دەڵێ (مــەســعــوود بارزانی لـە ١٩٤٦ دا پارتـی دیموکــراتی کوردستانی دامـەزراند). لە هەمان لاپەڕەشدا دەڵێ (لە ١٩٥١ بارزانی بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبـژێردرا لە کاتێکدا خـۆی لە یەکـەتیی سۆڤـیـەتدا پەناهەندە بوو) دیارە مـەبەسـتـیشی لە مـەلا مستـەفای بارزانـی نەمرە کە هەر لە کۆنگرەی دامـەزراندنەوە، واتا لە ١٩٤٦ەوە سەرۆکی پارتی بووە نەک لە ١٩٥١ەوە

دەربارەی عەلی حەسەن ئەلمەجید نووسیویەتی (١٩٤١-٢٠٠٧) واتا لە ٢٠٠٧دا دەبێ مردبێ، ڕاستیشە ئەو لەو ساڵەدا حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا درا بەڵام هێشتا حوکمەکەی بەسەردا جێبەجێ نەکراوە.

ئەم هەڵانە بە زۆری لە پاشکۆی زانیارییەکان، واتا لە پاراتێکستەکاندا و لە دەرەوەی دەقەکەدا کراون و ڕەنگە گرینگییان بەسەر دەقەکەوە نەبێت بەتایبەتیش بۆ خوێنەری غەیرە کوردزمان، کە خۆزگە هەر تۆمار نەدەکران، یا لە چاپی تردا ئەو پاشکۆ ناپێویستانە لادەبران.

وەک گوتم لەناو تێکستەکەشدا هەڵە کراوە لە هەندێ ناو و مێژوو جگە لەوانەی پێشووتر باسم کردن، وەک ئەوەی لە (ل ١٠٦)دا ناوی شێخ محەمەدی بەرزنجی لە جیاتی شێخ مەحمودی بەرزنجی هاتووە و لە (ل ١٠٧)دا گوتراوە بارزانی نەمر (باوک) لە ١٩٥١ بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردراوە، لە (ل ٤٥٨)یشدا کە باس لە مام جەلال و دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانی دەکا دەڵێ:

مام جەلال لە ١٩٥٩ کۆلێجی تەواو کرد و لە سەرکردایەتی پارتی جیا بووە و لە (١٩٥٩)دا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە ئەنجامی ئەو جیابوونەوەیەوە دامەزراند، لە کاتێکدا لەناو مەتنەکەدا ئاوا باسی مام جەلال و یەکێتیی نیشتمانی دەکا، کەچی لە پاشکۆکاندا لە (ل ٥٩١ و ٥٩٥) دەڵێ جەلال تاڵەبانی لە ١٩٧٥دا (ی. ن. ک)ی دامەزراندووە، کە دیارە هەندێک لەو مێژووانە ڕاست نییە کە پێشتر لە مەتن و پاشکۆکانی ڕۆمانەکەی ساسۆندا هاتوون، لە (ل ٢٣٠) مەتنەکەدا ناوی خەیروڵڵا تڵفاحی خاڵ و خەزووری سەدامی دیکتاتۆر بە (خیرالله طلبه أو طلفه) هاتووە.

لە (ل ١٥٠)دا گوتراوە: (١٤ی تەمووز) ڕۆژی یادی ئەو شۆڕشەی بەعسی هێنایە سەر حوکم، کە وا نییە و بەعس یەکەم جار لە ١٩٦٣/٢/١٨ و دووەم جاریش لە ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨دا دەسەڵاتیان داگیر کرد نەک ١٤ی تەمووز کە یادی شۆڕشی ١٩٥٨ و عەبدولکەریم قاسمە.

لە (ل ٤٩٧)دا ناوی (کەریم) لە جیاتی (کامەران) هاتووە.

لە (٤٤)یشدا وشەی (عائدین)ی وا لێکداوەتەوە کە گوایە بۆ بەعسییەکان بەکار هاتووە، چونکە لە ١٩٦٣دا گەیشتوونەتە دەسەڵات و دواتر لێیان سەنراوەتەوە،

بەڵام بەعـسـیـیـەکـان لە (١٩٦٨)دا جـارێکی تر (عـەودەیان کـردوەتـەوە) واتا گەڕانەوەتەوە سەر حوکم، بەڵام لە ڕاستیدا (عائدون) وشەیەکە لە دوای پیلانەکەی ١٩٧٥ی جـەزائیـرەوە وەک زاراوەیەک بۆ ئەو پێـشـمـەرگـانە بەکـار دەبرا کـە لە ئەنجـامی ئەو پیـلانە شـوومـەوە نـاچار بوون چەک فـڕێ بدەن و بگەڕێنـەوە ژێر دەسەڵاتی عێراقی، لە ڕاستیدا وشەی (عائدون) کورتەی پارستەی (العائدون الی الصف الوطنی)یە و بۆ مـاوەیەکی زۆر و تا سـەروبـنبـوونی ڕژێمی سـەدامی دیکتـاتۆر لە ٢٠٠٣دا، ئەم (عـائدون)ە وەک تۆمـەت و تاوانێک و بۆ سـووکـایـەتی پێکردن و چەوسـاندنەوەی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوولی گەلی کوردستان و، بۆ جیاوازیکردنیان لەگەڵ خەڵکانی تر لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بەکار دەبرا.

بەڵام بەڕای من هـەڵەی گەورە و سـتـراتیـجی جـاین سـاسـۆنی ڕۆمـاننووس لەم بەرهـەمەدا لەوەدایە کـە ئەو ناتوانێ پاسـەوایێکی مـاقوڵ بۆ خۆ بەکوردزانینی جوانا و خۆشـەویستی زگمـاکی ئەو بۆ کورد و بۆ پێشمەرگە و پێشمـەرگایەتی بهێنێتەوە، کـە تەنانـەت دەگـەڕێتـەوە بـۆ پێش ناسـین و خـۆشـەویسـتی ئـەویش لەگـەڵ (سەربەست)ی پێشمەرگە، کە بە درێژاییی دەقی ڕۆمانەکە بە هەڵە بە (شاربـاست) ناو دەبرێ، کە ناتوانم بڵێم هەڵەی ڕۆماننووسەکەیە، یا هیی وەرگێڕەکەی.

جوانا لە دێڕەکانی یەکەمی بەشی یەکەمی پاری یەکـەمدا لە (ل ٢٩)دا ئینتیمای نەتەوایەتی خۆی ساخ دەکاتەوە کـە دەڵێ: (.. بەغدا شـاری باوکە عـەرەبەکـەمە، سلێـمـانیش جـێی لەدایکبـوونی دایکە کـوردەکـەم) و، لە چەندان شـوێنـی تری دەقـەکـەدا ئەوە دووپات دەکـاتـەوە کـە بـاوکی عـەرەبە و لـە (خـێـڵـی نێـوداری عـەسکەری)ە و، باوکی برازای ئەفـسـەر و وەزیری بەرگـری پێـشـووتر، بەڵکو دامـەزرێنـەری سوپای عێراق و، پاشانیش سـەرۆک وەزیرانی پێشـووتری عـێراق (جەعفەر عەسکەری)یە، واتا جەعفەر عەسکەری مامی هەقی باوکێتی کە (حوسێن عەسکەری)ە.

بەم واتایە بێت و ئەگەر جەعفەر عەسکەری و هەموو عەسکەرییـەکانی تر عەرەب بن نەک کورد، وەکو هەندێ سـەرچاوە بۆی دەچن کە ئەوە ڕاست نییـە، ئەوا دیارە جوانا لە باوکەوە عەرەبە، بەڵام دایکی کوردی سلێمانییە.

کەچی لە (ل ٧٢)دا هەر جوانا بە خۆی ددان بەوەدا دەنێ کە باپیری لە دایکەوە

ئەو دایکە کـە پێشـتـر دەڵێ کـوردی سلێـمـانییـە، کە ناوی (حـەسـون عـەزیز) (لە بنەماڵەیەکی زۆر ناودارە و، خانەوادەکەی بریتییە لە تێکەڵەیەکی تورک و عەرەب)، کەواتـە دایکی جوانا (کـافیـە حەسـون عەزیز)یش کـورد نییـە، چونکە بـاوکی ئـەویش عـەرەبە، یا تورکە و، ئەوەشـی دەمێنێتـەوە بە کـورد حسـێب بکری تەنیـا (ئـامینە)ی دایکی دایکی جـوانـایە و، بەمـەش جـوانـا نابێـتـە کـورد و، ئەوێک ئـەگـەر مـاڵبـاتی بـاوکی (عـەسکەرییـەکان) بە عـەرەب بزانێ و بـاوکی دایکی بە عـەرەب بزانێ کـەواتە لە هـەردوو سـەرەوە، هـەر عـەرەبـە، ئاخـر نەک هـەر لە کـوردسـتـاندا، بـگرە لە هـەمـوو ڕۆهـەڵاتی موسڵماندا بۆ ساغکردنەوەی ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوایەتی و ئاینی و تەنـانـەت ئـاینـزایش مـنداڵ شــوێن (بـاوک) دەکــەوێ نـەک (دایک)، کــە لێــرەدا دایکەکەش هـەمدیسان کورد نییە.

من ئەم هەڵەیە دەگێڕمەوە بۆ ئەوەی کە جوانا بە تەواوەتی ئینتیمای نەتەوایەتی عـەسکەریان نازانێ و، لەبەر جیـاوازی کـولتـووری و شـارسـتـانیی جـاین سـاسـۆنی ڕۆمـانـنووسیش لە ڕاسـتیی ئەم وردەکارییە کۆمـەڵایەتییـانەی ناو عێراق بە هـەڵەدا چووە و، نەیتـوانیـوە دافیـعێکی بەهێـز و ڕاسـتـەقینەی ئەم هـەسـتـی کوردایەتی و خـۆشـەویسـتـییـەی جـوانا بۆ پێـشـمـەرگە، بگەیەنێـتـە خـوێنەر و قـەنـاعـەتێکی لەلا دروست بکا سەبارەت بەو هـەسـتە نەتەوایەتییـەی کە تەواوی تێکستی ڕۆژنامـەکەی لەسـەر ڕۆنراوە و، لە هـەندێ شـوێندا لەلای هـەردوو جـەمسـەری ململانێیەکە دەگاتە ڕادەی شۆڤینییەتێکی ئاشکرا.

با ئەوەش لە بیـر نەکـەین کە جـوانـا لە (شـایەتییـەکی زیندوو)دا و لە (ل ١٥)دا، واتا لە پاراتێکستەکەدا، دەڵێ:

(.. تەواوی ژیانم بۆ جـاین سـاسـۆنی نووسـەر گـێڕایەوە... ئەوەی لەم ڕۆمـانـەدا دەیگێڕمـەوە، هـەر خـەیاڵێکی ڕووت نییە، بگرە ڕۆژژمـێرێکی ترسناکە بە کردەوە بە سـەرم هـاتووە، کـە تێـیـدا سـەرگـەرمی تەنیـا مـانەوە بووم، ئەو کـات یاداشـتم نەکـردوون... بۆیـە لەوانەیـە لە دیاریکردنی مـێـژووی دروسـتـی هـەندێ ڕووداوی دیاریکراودا بە هـەڵەدا چووبم... خـوێنـەر دەتوانێ لـەوە دڵنیـا بێت کـە ئـەوەی بە نووسـەرەکەم گوتووە هـەموو بەڕاستی تێیاندا ژیاوم...).

بەمـەش دیارە جـوانا هـەمـوو ئەو هـەڵانـەی لە ڕۆمـانەکـەدا ڕوویان داوە دەیانخـاتە

ئەستۆی خۆی و، هۆیەکەشی دەگێڕێتەوە بۆ ئەو دۆخە ناهەموارەی پێیدا تێ پەڕیوە.

لە (ل ٩) و بەر لە دەستپێکردنی تێکستی ڕۆمانەکە (پەندێکی باو) تۆمار کراوە، کە دیار نییە لە کوێدا باوە، و نەگوتراوە هەڵبژاردەی ساسۆنی ڕۆمانووسە، یا هیی جوانا، پەندەکە دەڵێ:

(...کە منداڵ بووم دیوارێکی لە ڕقم بە دەوری خۆمدا کێشا، کە پرسیشیان: ئەو دیوارەت لە چی هەڵچنی؟. گوتم: لە بەردی سووکایەتی پێکردن.) پەندەکە دیارە کە لەناو کوردا باو نییە، بەڵام لەم شوێنەی بەر لە دەستپێکی ڕۆمانەکەدا، دەبێتە دروشمێک و، خوێنەر بەو ئاراستەیەدا دەبا کە لەم چوارچێوەی کاری سووکایەتی پێکردن و پەرچەکاری ڕقەدا ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە.

بە کردەوەش هەر ئاوا دەکەوێتەوە کاتێک کە خوێنەر لە دێری یەکەمی دەقەکەدا (ل ٢٩) ئەم دێرە دەبینێ: وەکو کچە کوردێک لە وڵاتێکدا ژیاوم کە ڕقی لە کوردە.

ئەم بۆچوونە لە (ل ٣٧) دا بەو دیمەنە پشتڕاست دەکرێ کە منداڵە چەقاوەسووە، پێخاوسەکانی گەڕەک (لە بەغدا) بە گاڵتە پێکردن و تەوزەوە دوای جوانا دەکەون و دەڵێن (..ماڵە کوردەکە!..ماڵە کوردەکە!..کچە کوردەکە.) تا جوانا ناچار دەبێ بە بەردەوە بکەوێتە سەریان.

ئەمە لە (ل ٥٠)شدا لەو دیمەنەدا دووپات دەکرێتەوە، کە کاتێک دایکی جوانا لەناو پاسەکەدا دەیەوێ شیرنەمەنی بەو دوو منداڵە (عەرەبە) بدات کە لەگەڵیاندا لە پاسەکەدان بەرەو کەرکووک و سلێمانی، بەڵام دایک و باوکی منداڵە عەرەبەکان زۆر بە قێزنە و بێزنەوە چاکەکەی ڕەت دەکەنەوە.

لە (ل ٥١) دا جوانا ئەو ڕق و کینەیە دەگەیەنێتە ڕادەی دژایەتی و دوژمنایەتی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب کاتێک ئاوای خەست دەکاتەوە: (بابی ئەوەندە گەورە بووم ئەو ڕاستییە لە ڕاستییەکانی ژیان تێ بگەم کە زۆرینەی عەرەبی عێراق قینیان لە کوردە).

لە زۆر شوێنی تری ڕۆمانەکەدا ئەم بۆچوونەی جوانا بەشێوەی جیا جیا وەدەردەکەوێتەوە بەتایبەتیش کە کار دەگاتە ڕادەی تۆپبارانکردن و کیمیابارانکردن و ئەنفالکردنی خەڵک و خاک و وێرانکردنی شار و گوندەکانی

کوردستان و ڕەوکردنی ڕزگاربووان.

ئەوەندەی من ئاگەداربم نەمدیوە ئەدەبی کوردی بەم زەقییە خۆی لەم بابەتە دابێ، ئەگەرچی بەشی هەرە زۆری دەقی کوردی لەم چوارچێوەیەدا، واتا لە چوارچێوەی چەوسانەوەی میللەتی کوردا دەخولێتەوە، بەڵام هەردەم وای وێنا کردووە کە چەوسێنەرەکە تەنیا چینی بالادەستی ڕژێمی بەغدایە نەک گەلی عەرەبی عێراق.

من وای دەبینم جوانا بۆ خۆی لەم جیاوازی و وردەکارییە سیاسییە زۆر ئاگەدار نییە، بەڵام پێم وایە جاین ساسۆن بە وشیارییەوە ئەم تێزە نوێیە ڕەگەزپەرستانەیە بۆ بەرجەستەکردنی ململانێی کورد و عەرەب پێشنیاز دەکا، یەکەمیان وەکو نەتەوەیەکی چەوساوە و دووەمیشیان وەکو نەتەوەی بالادەستی چەوسێنەر.

من وەک پێشتریش گوتم جاین ساسۆن ناناسم، بەڵام بەگوێرەی ناوەکەی پێ دەچێ ئەو بۆ خۆیشی لە نەتەوەیەک بێت کە لەگەڵ عەرەبدا مێژوویەکی دوور و درێژی تاڵی چەوساندنەوەی یەکتریان لە نێواندا هەبێ، لەم بەسەرهاتەی جوانا بەتایبەتی و کورد بەگشتی دەرفەتێکی بۆ لوا بێت لەسەر بنەمای دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە، هاوخەمی و هاوچارەنووسی و هاوپەژارەیی خۆی بۆ جوانای (هاو قوربانیی) خۆی دەرببڕێ و ئەوەی جوانا بە خۆیشی لە کارەساتەکەی خۆی نەگەیشتووە، ئەم، واتا جاین ساسۆن لە ئەزموونی گەلی خۆی و لە تاقیکردنەوەی شەخسیی خۆیەوە بۆی ڕاست بکاتەوە لەوانەیە ئەم بۆچوونەی من ڕاستیش نەبێ و جوانا ڕاست بێژێ، واتا ئەوەی ئەو گوتوبێتی و ساسۆنیش وەکو خۆی بۆی دارشتبێتەوە و، ئیتر بۆ خۆی لەم کارەیدا ئامانج و پەیامێکی نەبێ جگە لە تۆمارکردنی دەقاودەقی کارەساتەکەی جوانا..!، ئەمەش ئەقڵ نایگرێ بۆ نووسەرێکی بە ئەزموون و، خاوەن پڕفرۆشترین کتێبەکانی دنیا..!

بە سەرهاتی جوانا لە (١٠) ساڵانی و ڕێک لە ڕێککەوتی شەمموی ٨ی تەمووزی ١٩٧٢-و، لە بەغدای پایتەختی عێراقەوە دەگێردرێتەوە و، تا لە ٢٠ی تەمووزی ١٩٨٩دا دەگەنە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا درێژە دەکێشێ.

لەو ماوەیەشدا جوانای هەرزەکار تەنانەت پێش ئەوەی لەگەڵ (شارباست-سەربەست)ی قوتابیی شۆرشگێڕ و دواتر پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتیمانیدا

یەکتر بناسن و دڵیان لە یەکتر بچێت، کە خوارزای زاواکەیانە، ئەو (جوانا) هەر لە منداڵییەوە یەکلایەنە دڵی دەچێتە (پێشمەرگە-پێشمەرگەی نەناسراو) بەبێ ئەوەی ناوێکی دیاریکراوی دابێتە چاو، تا شوو بە سەربەست دەکا و دەچێتە سلێمانی و لەوێشەوە بۆ دۆڵی جافایەتی: مەرگە، سەرگەڵو، بەرگەڵو و، لەوێ سەرەتا دەبێتە تیزەوانی ژنانی گوندنشین و پاشان لەگەڵ ژنە پێشمەرگەکانی تردا لەو ژیانە نوێیەی لادێ ڕادێت کە لەگەڵ ژیانی بەغدادا هەرگیز لە بەراورد نایەن، بەڵام جوانا وەک هەموو پێشمەرگەیەکی خەباتکار و وەکو سەرجەم خەڵکی کوردستان بەوپەڕی شانازی و لەخۆڕازیبوونەوە بەرگەی ئەو گۆڕانە گەورەیە دەگرێ و لەگەڵ سەربەستی مێردیدا کە میدیاکارێکە لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانی یەکێتیدا، بە بەختەوەری دەژێت.

لە پایزی ١٩٨٧دا کە ڕێژیمی فاشی سەدام دۆڵی جافایەتی کیمیاباران دەکا، جوانا بە سکی پڕەوە لە بەرگەڵو بەر دەکەوێ و، بۆ ماوەیەکی کاتیی توانای بینینی نامێنێ. کە لەوێش هەڵدێن و دەچنە (مەرگە)، لەوێش بەر هێرشێکی ئاسمانی دەکەون و جوانا لە کاتێکدا لە حەمامدایە بە توندی بەر دەکەوێ، بەڵام بە برینێکی سووکەوە ڕزگاری دەکەن. ئیتر کە ڕۆشنایی و هیوا لە کوردستاندا وەدی ناکەن لەگەڵ سەربەستی مێردیدا، سەرەتا لەگەڵ ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستاندا و، دواتر لە قەندیلەوە بەرەو (سەقز)ی کوردستانی ئێران وەڕێ دەکەون، بەڵام کە دەگەنە ترۆپکی قەندیل و بە دیوی ئێراندا دەڕوانن، جوانا بەرەون دەبێ و لەوێ منداڵەکەی لەبار دەچێ. ماوەیەک لە بارودۆخێکی زۆر ناهەمواردا لەوێ لە سەقز دەمێننەوە و جوانا کوڕێکی دەبێ (کۆشا)، تا لە ٥ی تەمووزی ١٩٨٩دا بە پەناهەندەیی دەگەنە لەندەن و، لەوێ کوڕی دووەمیشی (دیلان) لەدایک دەبێ، ئێستاش لە هێڵی ئاسمانی بەریتانیادا (بریتچ ئێروەی) کارمەندە و سەربەستی مێردیشی لە نێوان کوردستان و بەرتیانیادا دێت و دەچێ، کوڕە گەورەکەی ئێستا لە ٢٠٠٨دا (١٩) ساڵانە و بچووکەکەیشی (٧) ساڵان، باوکیشی (حوسێن عەسکەری) کە هەر بە منداڵی کەڕوڵاڵ دەبێ هەر زوو لە بەغدا دەمرێ، بەڵام دایکی (کافیەخان) هێشتایش لە بەریتانیادا دەژێ، هەروەها عالیای خوشکی و هادی زاوایان و منداڵەکانیشیان هەر لەوێن.

ڕەعدی برای کە لە بەندیخانەی بەعس دەرباز دەبێ هەڵدێ بۆ ئەوروپا و ئێستا

لەگەڵ خێزانەکەیدا لە نێوان سویسرا و دوبەیدا گوزەران دەکەن، بەڵام سەعدی برایان کە لە شەڕی عێراق- ئێراندا سەقەت دەبێ لەگەڵ منداڵەکانیدا هەر لە بەغدادا دەژێن.

لە ڕاستیدا خێزانی جوانا ئەگەرچی لە بنەماڵەی بەنێوبانگی (عەسکەری)شن، بەڵام لە شۆڕشی ١٩٥٨دا کە کارگە تایبەتییەکەی باوکی تێک دەدرێ ئیتر نایەنەوە دۆخی خۆیان، ئەندامانی خێزانەکەشیان (دایک و باوک و سێ خوشک و دوو برا) هەردەم تەنانەت پێش پێوەندی جوانا و (ی. ن. ک)یش، پێوەندییان بە شۆڕشی ئەیلوولەوە هەبووە، ئەویش لەژێر کاریگەریی (عەزیز)ی خاڵیان و هاتوچۆکردنیانەوە بۆ سلێمانی، ڕەعدی براشیان ئەندام بووە لە یەکەتی قوتابیانی کوردستان و، لەسەر کوردایەتی لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە زیندانیش کراوە لەگەڵ هادی مێردی عەلیای خوشکی گەورەیدا.

جوانا بە خۆیشی پاش تەواوکردنی کۆلێج و دامەزراندنی لەسەر کار لەلایەن دەزگای موخابەراتی سەدامەوە تەنگی پێ هەڵدەچنرێت، بەڵام پێش ئەوەی کار لە کار بترازێت ڕوو لە شاخ دەکا.

ئاکام دەشێ بڵێم (خۆشەویستیی لە وڵاتێکی پەرتکراودا)ی (جاین ساسۆن) لە واقیعدا چیرۆکی کچێکی خوێنەواری دەرچووی زانکۆی شۆڕشگێڕە لەپێناو وەدەستهێنانەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی و خۆناسینەوەدا، بەسەرهاتی پڕ لە کارەساتی شێرەژنێکە کە لەپێناوی ژیان و خۆشەویستی و گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی لەگەڵ دڕندەترین ڕێژیمدا، ڕێژیمی سەدامی دیکتاتۆردا بەرەنگار دەبێتەوە، شێرەژنێک پاش قوربانییەکی لە ڕادەبەدەر ناسنامەیەک وەدەست دێنێ، بەڵام نیشتمانەکەی لە دەست دەدا و دەکەوێتە مەنفا.

* لە کۆواری (هەنار)ی ژمارە (٣٠)ی تەمووزی ٢٠٠٨ بڵاو کراوەتەوە.

# جاین ساسۆن کچە شازادەکان لە دۆژەی بنەماڵەدا

١

خوێندنەوەیەکی وردی کارەکانی (جاین ساسۆن) بە روونی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەم ژنە نووسەرە ئەمەریکاییە بە دواداچوونێکی وردی بۆ پرسی ژنی رۆهەڵاتی هەیە، وەک ئەوەی لە لاپەڕەکانی پێشوودا سەبارەت بە بارودۆخی ژیانی ئافرەتی کورد لە رۆمانی (خۆشەویستی لە وڵاتێکی پەرتکراو)ی هەمان رۆماننووسدا دیتمان.

ئاخر ساسۆن بەسەریەکەوە نزیکەی (١٢) ساڵ لە (مەملەکەتی سعوودیە)دا ژیاوە کە ناوەندی حوکمی ئیسلامی و، نموونەیەکی لەباری بەرجەستەیە بۆ سەرنجدان و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی بنەماکانی تێڕوانینی کۆمەڵگەی رۆهەڵاتی ئیسلامی لەبارەی ژن و پرسەکانی ئازادیی بەگشتی.

ئەو لە ماوەی ئەم (١٢) ساڵەی ژیانی لە سعوودیەدا پەی بە زۆر لەو نهێنییە وردانە بردووە کە لە ژێرخانی بنیاتی ئاینی و کۆمەڵایەتییەوە دەبنە کۆسپ و مایەی نەهامەتییەکانی ژن و چەوساندنەوەیەکی لە رادەبەدەری توخمی مێینەی کۆمەڵگەی رۆهەڵاتی ئیسلامی.

بەرهەمی ئەم ژیان و تێکەڵییەی ساسۆن لەگەڵ ژنی سعوودیەدا لە رێی ژنیشەوە لەگەڵ تەواوی کۆمەڵگەی سعوودیەدا هەیەتی بە نێر و مێیەوە، تا ئێستا (٢) رۆمان و کتێبێکی مێژوویی کاریگەر و پڕ دەنگدانەوەن، کە جگە لەو زمانەی ساسۆن پێی دەنووسێ (ئینگلیزی) وەرگێڕدراونەتە سەر چەندان زمانی تری جیهانی لەوانە زمانی عارەبیش بۆ ئەوەی خەڵکی عارەب و تەواوی جیهانی ئیسلامی لەو دۆژە = دۆزەخە راستەقینەیە ئاگەدار بن کە کۆمەڵگەی پیاوسالاریی عەرەبی سعوودیە لە چەقی ئیسلامەتی و لە پەنا پەردەی ئیسلامەتییەوە بۆ ژن و خێزان و منداڵی خۆیان داخستووە و رۆژ لەگەڵ رۆژیشدا پتر ئاگری دەدەن، کتێبەکانیشی ئەمانەن:

١- ڕۆمانی سوڵتانه (بەسەرهاتی کچە شازادەیەکی سعوودیە).
٢- ڕۆمانی کچانی سعوودیە (بەسەرهاتی مەها و ئەمانی کچانی شازادە سوڵتانە).
٣- بیابانی مەلەکیەت، کە بابەتێکی مێژووییە.

لەمانەیش ئەوەی کە لێرەدا لەسەری دەوەستین ڕۆمانی سوڵتانەیە، سوڵتانە ڕۆمانێکە لە (٢٦٦) لاپەڕەی قەوارە ناوەندیدا، کە (نەزیر جزماتی) وەری گێڕاوەتە عەرەبی و، خانەی (نور) لە دیمەشق ساڵی ٢٠٠٨ چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.

سوڵتانە، بەسەرهاتی ڕاستەقینەی کچە میرزادەیەکی سعوودیەیە و لە بنەماڵەی نزیکی مەلیکە یەک لە دواکانی ئەو وڵاتەیە، کە تا ئێستا برا بوون بە زۆری، لێرەشەوە دەشێ بڵێم بەرهەمەکە کارکردێکی ناڕاستەوخۆیشە لەسەر تەنگژە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەی پاشایانی سعوودیە بە نێر و مێیانەوە، ئەگەرچی لە ڕووی دەسکەوت و داهاتی داراییەوە ڕاستەوخۆ لەسەر داهاتی نەوت دەژێن، کە ڕۆژی ئەمڕۆ دەگاتە بەهای فرۆشتنی پتر لە (١٠.٥) دە ملیۆن و نیو بەرمیل نەوتی ڕۆژانە کە نرخی هەر بەرمیلێکی هەندێ جار لە (١٠٠) دۆلاری ئەمەریکی تێ دەپەڕێت.

سوڵتانە، خوێندنەوەیەکی زیرەکانەی واقیعییانەی ئەودیو پەردەکانە: پەردەی ئایینی و پەردەی نەتەوەپەرستی، کە دەسەڵاتی سعوودیە ساڵانە بە ملیار دۆلار لە پەرەپێدانیاندا بە خەرج دەدا، لە هەمان کاتیشدا خوێندنەوەیەکی ورد و زانستییانەی سایکۆلۆجی و ساسیۆلۆجیانەی ئەو هەموو گرێکوێرە دەروونی و تەنگژانانەیە کە ژنانی سعوودیە لەژێر زەبری داوونەریت و پاڵەپەستۆی خۆبەخشکارانی (لیژنەی ئەمری مەعروف و نەهی لە مونکەر)دا ناچارن لە پشتەوەی ڕووبەندە ئەستوورەکانیاندا شوێنبزریان بکەن، ژنانی سعوودیە پێش تەمەنی (بالقبوون) و بەبێ ویست و ئارەزووی خۆیان، لە ڕێی باوک، یا گەورەی ماڵەوە بەشوو دەدرێن، لەو کارەشدا جیاوازیی تەمەن ڕەچاو ناکرێ، ئەگەر بشکرێ لە بەرژەوەندیی پیاودا دەکرێ، کچێکی هەشت ساڵە بۆ پیاوێکی پەنجا ساڵە، کچێکی شازدە ساڵە بۆ پیرێکی شەست ساڵە، زۆربەی کاتیش ئەو پیاوانە پەسەندترن کە پتر لە ژنێک و دووان و سیانیان هەبێ، ژن هەتا لە ماڵە باوکیشە

کۆیلەی دەستی باوکە، مامەیە، برایە چەند بە تەمەن لە کچیش منداڵتر بێت، وەک ئەوەی لە نێوان (عەلی) و (سوڵتانە) و نۆ خوشکەکەی تریاندا دەقەومێ و دەبێتە فاکتەری ئیرەیی و دووبەرەکی و ململانێ و پیلان لە یەکتر گێڕان، ئاکام سووککردنی خێزان و دەسڕاکێشانی لایەنی دەرەکی بۆ ناو کاروباری خێزان.

کچان لە سعوودیەدا ئەو ڕۆژەی (بێنوێژی دەشۆن) دەبێ باوک یا گەورەی خێزان لەو گۆڕانە گرینگە (!) ئاگەدار بکەنەوە، ئەگەر تا ئەو ڕۆژە بە شوو نەچووبن، ئەگەر لە ماڵە بابیش بن ئەوە هەر لەو ڕۆژەوە دەبێ عەبا و پێچە بپۆشن و ئیتر دەستوپێیان وەدەرنەکەون، لە حەرەم دەرنەچن و تێکەڵ پیاوانی خێزانیش نەبن، چوونە دەرەوە قەدەخە دەبێ بۆ هەر شتێک و بۆ هەر کارێک بێت نابێ لە ماڵ دەربچن، مەگەر بۆ کاری زۆر پێویست ئەویش بە یاوەری دایک و زڕدایکان، تەنانەت لە ماڵ و ڤێلا خێزانییەکانیشدا باخچەی ژنان و باخچەی پیاوان و باخچەی تێکەڵاوبوون جیاوازن و لە هەندێ حاڵەتدا نەبێ ئیتر نابێ ژن و پیاو تێکەڵاوی یەکتر ببن.

ئەمە نەک هەر بۆ ئافرەتانی خێزانی مەلیک و ڕەشە خەڵکەکە، بگرە ئەو ژنە کارەکەرانەش پێڕەو دەکرێ کە لە مالیزیا و هیند و ئەندەنووسیا و تایلاند و کۆریا و فلیپینەوە بە ڕەو بۆ خزمەتگوزاری دەهێنرێنە سعوودیە، لە ماڵی وادا هەیە ژمارەیان دەگاتە دەیان، کە هەندێکیان بەتایبەت بۆ کاری سێکسی مێرمنداڵانی هەرزەکار ڕادەگیرێن، ئەوەی کە لە (مادلینی فلیپینی) دەقەومێ کاتێک بە باب و دوو کوڕیەوە بۆ سێکس بەکاری دەبەن.

کارەکەر، لە ماوەی گرێبەستەکەیدا نابێ لە ماڵی خانەخوێ وەدەرکەوێ، نابێ پێوەندیی تەلەفۆنی بە کەسەوە هەبێ، تەنانەت بە کەسوکاری خۆیشیەوە لە وڵاتانی تر، نابێ هاووڵاتییان و دەستە خوشکەکانی کە لە ماڵانی تردا کار دەکەن پێوەندی پێیانەوە هەبێ، نابێت شت بۆ وڵاتانی خۆیان بنێرنەوە، یا لەوێوە دیاری و شتیان بۆ بێ، پۆلیس و دادگە و کۆمپانیاکانی عەماله لە خواست و داوا و شکایەتیان ناکۆڵنەوە، هەتا ماوەی گرێبەستەکەیان لە کاردا بێت، لێیان دەدرێ، ڕووشکێن دەکرێن، کرێیان دەخۆن، هەندێ جار پیاوانی خاوەن ماڵ لە نێوان یەکتردا بۆ ڕابواردن دەیانگۆڕنەوە، کچە سعوودی دەبێ بە هەر نرخێک بووە پەردەی کچێنی

بپارێزێ، خەتەنە بکرێ، خۆی لە دڵداری بپارێزێ، ئەوەیشی لێی بقەومێ لەگەڵ کوڕێکدا بگیرێ، یا خوانەخواستە لەبەر هەر هۆیەک بێت پەردەی کچێنی بپژێ، یا بەبێ شووکردنی فەرمی سکی پڕ بکرێ، ئەوە سزای جەڵدەکردن و ئەوسا کوشتنە وەک ئەوەی لە دەقەکەدا ڕوو دەدا کاتێک (نادیە) بە هۆی پێوەندییەکی زارەکییەوە لەلایەن باوکیەوە و لە ئاهەنگێکی (!) خێزانیدا لە ئاوی حەوزی ڤێلاکەی ماڵی باوکی دەخنکێنرێ، یا وەک ئەو کچە نابالقەی کە برادەرەکانی براکەی لە ئاهەنگێکی نهێنی خواردنەوە و تلیاککێشاندا دەستیان دەیگاتێ و خراپی دەکەن، بەڵام کە سکەکەی لێ جیا دەبێتەوە ئەویش لە ئاهەنگێکی جەماوەریدا کە بە فەرمی و بە ئاگەداری دەسەڵات بە گەڵابە بەردی بۆ دەهێنرێ، سەنگباران دەکرێ!.

بەرامبەر بەم توندوتیژییەی لەگەڵ کچان و ژناندا دەکرێ، دەبینین کوڕان و پیاوان تا ئەوپەڕی سنوور ئازادن لە مومارەسەکردنی سێکسدا، ئیتر لەگەڵ ژنە کارەکەرە بیانییەکاندا بێت لەناو ماڵی خۆیان، یا لە ڕێی ئەو گەشتوگوزارەوە بێت کە لەگەڵ برادەراندا دەیکەن، یا تەنانەت لەو کاتانەشدا بێت کە لەگەڵ باوکیاندا ساڵانە دوو، سێ جاران بەتایبەت بۆ ئەو وڵاتانەی دەکەن کە بە گەشتوگوزاری سێکسییەوە ناسراون، وەک ئەو ڕیسواییەی کە (عەلی) و (هادی) لە میسر دەیکەن، لە کاتێکدا هادی لە وڵاتی سعوودیەدا لە لیژنەی ئەمر بە مەعروف و نەهیکردن لە خراپەیە، کەچی لە میسر بە پارە کچێکی (٨) ساڵانە لە دایکی دەکڕنەوە و کچێنی دەپژێن و بە خوێنوخۆڕەوە دەیدەنەوە خاوەنی، یا وەک ئەو سەفەرە وەرزییانەی (عەلی) و باوکی بۆ وڵاتانی ئاسیای ڕۆهەڵات دەیکەن و زۆر درەنگ (سوڵتانە) لە مەبەستەکەی تێ دەگات و دەزانێ بۆ برا و باوکی بە ڕێکوپێکی درێژە بەو گەشتە سێکسییانەیان دەدەن و بێشەرم پێکەوە ئەنجامی دەدەن.

لە سعوودیەدا بازرگانی سێکسی شاز، فیلمی سێکسی، کۆواری سێکسی، سێکسی بە تەلەفۆن، سێکسی بە ئەنتەرنێت، دوورینەوەی پەردەی پژاوی کچێنی و زۆر کاری پێوەنداری تر لە بەرەودایە وەک بازرگانی مەی و بیرە و ویسکی و مادە بێهۆشکەرەکانی تری وەک تلیاک و هیرۆئین و مارمایۆنا و.... کارە خزمەتگوزارییە دەرەکییەکانیش وەک چاودێری ڤیلاکان و، سایەقی و، باخەوانی و... ئەوە بە خزمەتکارە پیاوە بە ڕەگەز میسری و سوودانی و بەتایبەتیش بە

یەمەنییە توندوتیژە خەنجەر لە پشتەکان دەسپێردرێ، کە هەندێ لەمانە تەنانەت دەست لە کاروباری ژنانی بنەماڵەش وەردەدەن، وەک عومەر میسری لە ماڵی باوکی سوڵتانەدا، ئەوەی وتن هەڵدەگرێ ئەوەیە کە هەر ژن و خزمەتکارە پیاو و، ژنە کارەکەرە بیانییەکان نییە کە لە سعوودیەدا دەچەوسێنرێنەوە، بگرە لە ڕاستیدا کۆمەڵە کۆیلە عەبدێکیش لەوێدا هەن کە نەوەی ئەو حاجییە سوودانی و نایجیرییە موسڵمانن کە لە وەرزی حەجدا لە ئەفریقیاوە منداڵی کوڕ و کچی خۆیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن و، لە دوای حەج بە سعوودیەکایان دەفرۆشن بۆ ئەوەی بە پارەکانیان بتوانن بچنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، وەک (هودا) کە خۆی و چەندان کەسی وەک ئەو لە ماڵی باوکی سوڵتانەدا خەریکی کارەکەری و خزمەتکاری ماڵەکەن، کە تەنانەت پاش دەرچوونی یاسای ئازادکردنی کۆیلەکانیش لە ١٩٦٢دا لەسەر داوای خۆیان و بە تکا و پاڕانەوە (!) لەو ماڵانەدا ماونەتەوە و لەبەرئەوەی خانەوادەکانی خۆیان پێ نازانن لە وڵاتی خۆیاندا بۆیە، ناتوانن بگەڕێنەوە ناو کەسوکار و زێدی خۆیان بەمەمنونیشەوە لەسەر ئەو کۆیلەیەتییە بەردەوامن و ئیستایش کۆیلە دەخەنەوە لە ڕۆمانی سوڵتانەشەوە تێ دەگەین تا ساڵی ١٩٦٢ خوێندنیش لە قوتابخانە لە کچان قەدەخە بووە، ئەو ژنەشی کە کچ دەهێنێ دەکەوێتە بەر تانە و تەشەر، کارکردن چ لە شوێنە تایبەتییەکان و چ لە شوێنە گشتییەکاندا بێت لە ژنی سعوودیە قەدەخەیە.

کە لە ساڵی ١٩٦٥دا یەکەم ئێزگەی تەلەڤزیۆن لە سەردەمی مەلیک فەیسەڵدا دەکرێتەوە، پیاوانی ئاین لە دژی لە دەوەستن و لە خۆپێشاندانێکی گەورەدا یەکێک لە بنەماڵەی دەسەڵاتدار دەکوژرێ کە سەرکردایەتی خۆپێشاندانەکە دەکا و، لە ١٩٧٥یشدا برازایەکی ئەو کوژراوە، لە تۆڵەی مامیدا، مەلیک فەیسەڵ لەسەر ئەو میرزادەیە دەکوژێ.

لە ١٩٧٧دا مەلیک خالید دوو بڕیار دەردەکا:

یەکەم نابێ ئیتر ژن بەبێ هاوڕێتی پیاوەکەی لە ماڵ بچێتە دەرەوە. دووەم: بەهیچ شێوەیەک نابێ کچ بۆ خوێندن بچێتە دەرەوەی سعوودیە، ئەویش بەهۆی ڕووداوەکەی شازادە سەمیرەوە، لە کانوونی دووەمی ٢٠٠١یشدا ئەوجا حکوومەتی سعوودیە ڕازی دەبێ ناسمانە بۆ ژن دەربکا.

سـولّتـانـه تۆمـارگـەی پڕ لـه كـارەسـاتی ژنانی سـعـوودیه و، نهـێنیـیـەكـانی دەسـتەوەسـتانكردنی دەسەڵات و مەلیكەكانی سعوودیەیە، پانۆرامایەكە بۆ كار و كردەوە دزێو و نایاسـاییـیـەكـانی مـیرانی بنەماڵەی دەسـەڵاتدار و وەدەسـهـێنانی سامـانی ناشـەرعی و پەخشـان و تەخشانكردنی ملیارەها دۆلاری داهاتی ئەو وڵاتە لە شارەكانی پاریس و لەندەن و نیورک و ڕۆهەڵاتی ئاسیادا.

سـولّتـانـه ڕۆمـانێكە بەسـەرهـات و سـەرهـەڵدانی بنـەمـاڵەی ئالسـعـوود دەردەخـا، نزیكەی نیـو سـەدە لە ڕووداوی سـیاسـی و ئابـووری و كۆمەڵایـەتی پڕ لە ناكۆكی و ململانێی ناوەخـۆی مـیـرزادەكانی ئالسـعـوود لەسـەر دەسـەڵات و، ناكۆكی ئەوان و چینی ناوەڕاسـتی ئەو وڵاتە وێنا دەكا، كە زۆرجار لەژێر پەردەی پارێزگارییكردنی ئایندا خـۆی دەنوێنێ، ئاینپـەروەرییـەک كـە بە تـەنیـا لەناو سنووری سـعـوودیەدا بانگەشـەی بۆ دەكـرێ، بەڵام لە پشـتـی دەرگـە داخـراوەكـانـەوە و، لە دەرەوەی سنوورەكانی سعوودیەدا پیرۆزییەكانی پێشێل دەكرێ.

سوڵتانە كچە شازادەیەكی سەركێش و ڕچەشكێن و یاخییە و بوێرانە بەرگری لە مافەكانی خۆی دەكا، یارمەتی و، هانی ئافرەتانی تریش دەدا بۆ ئەوەی خۆ لەو بارودۆخـە ڕزگار بكەن كە تێیـدا دەچەوسـێنرێنەوە، بـەڵام هاوارەكەی هـاوارێكی تاساوە و، هەر بۆ خۆی و، بە خۆڕاگری خۆی لە سنووری ماڵ و خێزانەكەی خۆیدا یۆتۆبیایەكی ئێرەتی پێ دروست دەكرێ. ئەویش كاتێک كە نۆبەرەكەی كوڕ دەبێ.

سـولّتـانه بەسـەرهـاتێكی ڕاسـتـەقـینـەیە، بەڵام سـاسـۆنی ڕۆمـاننووس بۆ پارێزگـارییكردنی ژیانی نـاچار بووە ناوی كـاراكـتـەر و شـوێنەكـان و هـەندێ لە ڕووداوەكـان یا بگۆڕێ، یا بۆی زیاد بكا، یا لێی دەربكا، یا پاش و پێـشـیـان بكا، بەپێـچـەوانەی ئەوەوە كـە لـە ڕۆمـانی (خـۆشـەویسـتی لە وڵاتێكی پەرتكراو)دا كردوویەتی.

خۆشەویستی لە وڵاتێكی پەرتكراویشدا دیسانەوە ڕووداوێكی ڕاستەقینەیە و، سەركێشی و یاخیبوونی كچە كوردێک (جوانە) دەگێڕێتەوە كە شەیدای پێشمەرگە و پێشمـەرگایەتی دەبێ و لەپێناوی ئازادیی خۆی و گەلەكەیدا پەنا وەبەر چەک و چیا دەبا.

لە (خـۆشـەویسـتی لە وڵاتێكی پەرتكراودا) ناوی جـوانە و كـارەكـتـەرەكـانی تر،

ناوی چیا و گوند و دۆڵ و شوێنەکان هەموو ڕاستەقینەن، نەک هەر ئەوەندە، بگرە دەیان وێنەی دیکۆمێنتی فۆتۆگرافی جوانە و خەڵکەکانی تریشی لە پاراتێکستەکاندا تێدا بڵاو کراونەتەوە، بەناونیشان و کاری (ئێستا)ی جوانەشەوە کە لە فڕۆکەخانەی (هیسرۆ)ی بەریتانیادا کارمەندە، لێرەشەوە خوێنەر، دەتوانێ بەراوردێک لە نێوان بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی ژنانی سعوودیە و ژنانی کورددا بکا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەدا کە نەک هەر ژنی کورد، بگرە خاک و خەڵکی کورد هێشتا ژێردەستەی وڵاتانن، لە کاتێکدا سوڵتانە هاووڵاتیی وڵاتێکی بەناوە (سەربەخۆ)یە (!).

جاین ساسۆن هەردوو ڕۆمانەکەشی لە ڕێی وەرگێڕێکی زاتییەوە و، بە شێوازی کەسی یەکەمی تاک (من)ەوە گێڕاوەتەوە، ڕستەکانی، وێنەکانی، ڕووداوەکانی، کارەکتەرەکانی هەردوو ڕۆمانەکەش سادەن، گوزارە لە ڕووداوی ڕۆژانە و پەژارەی ڕۆژانە و چارەسەری ڕۆژانە دەکەن، بەو واتایەی تر دەقی یەک دیون و، دەلالەتێکی قووڵتری فەلسەفی، سایکۆلۆجی، یا ئاینی و ئەفسانەیی لەخۆ ناگرن و، ئاماژەیەکیان تێدا نییە خوێنەر بۆ جیهانێکی تر، یا چینەواتایەکی تری قووڵتری شاراوە پاڵ بدەن.

لێکچوونێکی تری شیاوی سەرنجی هەردوو ڕۆمانەکە: سوڵتانە و، خۆشەویستی لە وڵاتێکی پەرتکراودا، ئەوەیە کە هیچ کام لە کارەکتەری سەرەکی بە ئاواتی خۆیان ناگەن، نە (جوانە)ی کورد و نە (سوڵتانە)ی عەرەبیش، ڕۆمانی خۆشەویستی لە وڵاتێکی پەرتکراودا، بە کیمیابارانی کوردستان و ئەنفالی خەڵک و شکستییەکانی ١٩٨٨ و ڕەوکردنی خەڵکی کوردستان و، ئاودیوبوونی جوانە و خێزانەکەی بۆ کوردستانی ڕۆهەڵات بۆ (سەقز) کۆتایی دێت. ڕۆمانی سوڵتانەش بە ئازار و ئەشکەنجە و نەهامەتی ئەو (٧٤) ژنە سعوودیە کۆتایی دێت، کە هاتنی سوپای ئەمەریکایی و دیتنی سەرباز و ئەفسەر و فەرماندە و فڕۆکەوان و سائیقی ژن تێیاندا، کە لە ١٩٩١دا بۆ ڕزگارکردنی کوێت دەڕژێنە سعوودیە، ئاماژەیەک بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی ڕەوتی ژنانی سعوودیە وەردەگرن و، ئەمانیش وەک ئەوان دەکەونە هاژۆشتنی سەیارەی خۆیان بە شەقامەکانی ڕیاز و جەدە و شارەکانی تری سعوودیەدا، بەڵام خۆبەختکارانی لیژنەکانی ئەمر بە مەعروف و نەهی لە مونکەر و پیاوانی دەسەڵاتدارانی ئاینی لێیان دێنە دەست و، هەموویان دەسگیر

دەکەن و پاش ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر بزاوەکە کۆنترۆڵ دەکەن و سەرئەنجام یەکێکیش لەو (٧٤) ژنە گیان لە دەست دەدا.

ئەم بەراوردکردنە لە نێوان هەردوو ڕۆمانەکەدا ڕەنگە پێویست نەبووایە، بەڵام جاین ساسۆن بەخۆی لە لاپەڕە (٢٤٥)ی ڕۆمانی (سوڵتانە)دا ئاماژەی بە کۆڕەو و ڕووداوەکانی ١٩٩١ی کوردستان کردووە کە بە هاوشێوەی جموجۆڵە نەزۆکەکەی ژنانی سعوودیە، وەک ئەنجامی یەک کرداری سەربازی دەیانبینێ، ماوە ئەوەش بڵێم کە جاین ساسۆن لە هەردوو ئەم ڕۆمانەیدا: سوڵتانە و، خۆشەویستی لە وڵاتێکی پەرتکراودا، چ لە سەرەتا و چ لە پاشکۆی دەقەکەشدا کۆمەڵێک نامەی کەسی سەرەکی و، دۆکۆمێنت و، بیۆگرافیای کەسان و ڕووداوی مێژوویی لە پاراتێکستەکانیاندا بڵاو کردووەتەوە، کە لەوانەیە بۆ سەلماندنی ڕاستگۆیی و مەبەستی دیکۆمێنتی پێویست بن، یا بۆ پتر ڕێنوێنیکردنی خوێنەر لە تێگەیشتنی دەقەکان کەڵکێکیان هەبێ. با ئەوەش لە بیر نەکەم کە لە چاپە عەرەبییەکەی (سوڵتانە)، لە لاپەڕە (١٨٣)دا سوڵتانە دەڵێ (عومەری برام..) بەڵام لە ڕاستیدا عومەر سایقیانە و، سوڵتانە تەنها یەک برای هەیە کە (عەلی)یە، ئیتر نازانم هەڵەی وەرگێڕەکە، یا هیی خودی نووسەری ڕۆمانەکەیە؟.

بەهەرحاڵ وای بۆدەچم کە جاین ساسۆن لە ڕۆمانەکانیدا ئەوەندە بە پەرۆشی گەیاندنی پەیامە کۆمەڵایەتی و مرۆڤانەوەکەیەتی، ئەوەندە لە خەمی وردەکاریی هونەریی پرۆسەی گێڕانەوەی دەقدا نییە، ئەگەرچی تا ڕادەیەکی زۆریش دەقەکانی سەرکەوتووان، بەڵام دیارە ئەولەویەت لای ئەو گەیاندنی پەیامەکەیەتی، بۆیە زۆرجاریش، لە هەردوو ئەم ڕۆمانەیدا دەبینین گرینگی بە هەندێ ڕووداوی ڕاستەوخۆی ئەوتۆ دەدات کە هەستی دەسهەڵبەستییان لێ دەکرێ، وەک ئەو هەڵسوکەوتانەی منداڵانی گەڕەک، منداڵانی عەرەب لە بەغدا لەگەڵ (جوانە)ی کورد و کارەکتەری سەرەکی (خۆشەویستی لە وڵاتێکی پەرتکراو)دا دەیکەن و دەبنە بنەمای هەڵوێست و کاردانەوەکانی ژیانی پاشەڕۆژی، یا وەک هەڵسوکەوتە سادییەکانی (عەلی) لەگەڵ خوشک و، پەلەوەر و، گیانلەبەراندا لە ڕۆمانی (سوڵتانە)دا دەیکات و ئیرەیی و ڕقی سوڵتانە و خوشکەکانی تری لە خۆی دەوروژێنێ، خزمەتی ڕاستەوخۆی مەبەستەکەی خودی ساسۆنیش دەکەن کە گەیاندنی پەیامە مرۆڤانەکەیەتی، کە لە ڕۆمانی (سوڵتانە)ی بابەتی بەردەستماندا

بریتـیـیـە لەوەی بڵـێ: سـامـان و دەسـەڵاتـی بێ سنووریش نـاتوانن بەخـتـەوەری و دڵنیـایی و بـەردەوامی و ئازادی بۆ بنـەمـاڵـەی مـیـران دابـین بکەن، بەتایـبـەتیش بۆ ژنەکـانیـان، کـە لـە هـەمـوو کـات و شـوێنێکدا بۆ پارێزگـاریکردنی ئەو سـامـان و دەسەڵاتە دەکرێنە قوربانیی.

٢

کچانی سـعوودیە، یا کچە شـازادەکانی عەرشی سـعوودیـە، وەک (خانەی ئەلحوریە) لە سـاڵـی (٢٠٠٠)، لە (٢٥٢) لاپەڕەدا چاپ و بڵاوی کـردەوە، دووەم ڕۆمـانـی ژنە ڕۆمـاننووس (جـاین سـاسـۆن)، دوای (سـوڵتـانە)، کە وەکو ڕۆمـانێکی واقیـعیـیـانە لەسـەر دۆخی ژیانی ژنانی دەرباری شـانشـینی سـعوودیەی نووسـیـون، یا ڕاسـتتر بێژم (کچـانی سـعوودیە) بەسـەرهـاتی نـەوەی دوای سـوڵتـانەیە، کە ژیانی کـچـانی سـوڵتانە (مـەها و، ئەمـانی) وێنا دەکا، کە پێ ناچێت جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ژیانی دایکیان، یا تەواوی ژنانی ئەو مێژووەی سـعوودیەدا هـەبێ، کارەسات هـەمان کـارەسـاتە، پێشـێلکاری مـافی ژنان، تـەمـاشـاکـردنیـان لـەلایەن پیـاوەوە، لەلایەن یاســاوە وەک هـاووڵاتیـی پلـە دوو یا تـەنانـەت وەک ئاژەڵ نەک هـەر لە شـــەقـــام و دەرەوەی مـاڵدا، بگرە لەناو خـودی خـێـزانیـشـدا، بەکـاربردنی ئیـسـتـیـهـلاکی خـزمــەتکارانی بیـانی، بەکـاربردنی سـێکسـیـانەی ژنانی کـارەکـەری بیـانی لە مـاڵەکـانـدا، کـە هـەندێ جـار ژمـارەیان لە (٥٠)یش تێـپـەڕ دەکـا لە کـۆشکێک لە کـۆشکەکاندا، دەوڵەمـەندی و دەسـکەوتی ناشـەرعی و خـواردنـی سـامـانی نـەوت و بەفـیـڕۆدانی ئەو داهـاتە سـروشـتـیـیـە و خــەرجکردنی لە ڕابـواردن و خـواردن و خـواردنەوەدا، لە پاڵپشـتیـدا بە ناهـەق ئیـدیعـاکردنی خـواپەرسـتی و ئاینپارێزی و، زوڵمــوزۆری لە ڕادەبەدەر لـەژێر ئەو پەردە پیـرۆزەدا، هـێـشـتـا بـەگـەرمی و زیـاتر لەوەیشـی کە لە (سوڵتانە)دا تۆمار کراون، بەردەوامن.

کـاراکتـەرانـی (کـچـانی سـعوودیە) هـەمـان کـاراکتـەرانی ڕۆمـانی (سـوڵتـانە)ن، وەگێڕ-چیرۆکبێژی (کچـانی سـعوودیە)ش هـەمان وەگێڕی ڕۆمـانی (سـوڵتـانە)یە کە شـازادە سـوڵتـانەیە، لەگـەڵ جیـاوازی ئـەوەدا کە لە ڕۆمـانی (سـوڵتـانە)دا، شـازادە سـوڵتـانە بـە خـۆی کـاراکتـەری سـەرەکـیـیـە و بە خـۆیشـی وەکو وەگـێـڕێکی زاتی بەسـەرهـاتەکە دەگێڕێتەوە، زۆربەی کاتیش بەخـۆی وەکو کاراکتەرێکی سـەنتراڵ لە

چەقی بەسەرهاتەکەدایە، بەڵام لە ڕۆمانی دووەم، لە (کچانی سعوودیە)دا لەو جێگە سەنتراڵەدا نامێنێ و، دەکشێتەوە هێڵی پشتەوە و، لەوێوە وەکو کاراکتەرێکی لاوەکیتر و زۆرجار یارمەتیدەر کار لە ڕووداوەکان دەکا و، بەسەرهاتەکەش هەندێ جار لە گۆشەنیگایەکی زاتییەوە و، زۆرجارانیش لە گۆشەنیگایەکی مەوزوعی و، وەکو وەگێڕێکی ئۆلۆمپی دەگێڕێتەوە کە ئاگەداری دیوی ناوەوە و دەرەوەی کەسەکان و ڕووداوەکانیش بێ.

ڕۆمانی (کچانی سعوودیە) بە ئاشکرابوونی نهێنیی نووسین و بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی (سوڵتانە) دەس پێ دەکا کاتێک کە (عەلی) برای سوڵتانە لە هەندەران چاوی بە نووسخەیەکی وەرگێڕدراوی ڕۆمانەکە دەکەوێ و بە پەلە دەگەڕێتەوە سعوودیە و کۆبوونەوەیەکی خێزان بۆ تاوتوێکردنی بەرئەنجامەکانی ئەو کارە لە خێزانەکەیان، ڕێک دەخەن بە سەرۆکایەتی باوکە توندوتیژەکان، لێ ئەنجام دەگەنە ئەوەی کە وا چاکترە ئەو نهێنییە پەردەپۆش بکەن و، بەخۆیان لە خۆیانی نەکەن بە هەرا، لەبەر بەرژەوەندیی بنەماڵەکەیان و، بە پشتبەستن بەوەی کە میران و، خەڵکی سادەیی سعوودیە ناخوێننەوە و، بشخوێننەوە ناچنەوە سەر ناوەگۆڕاوەکان و پەی بە وردەکارییەکانی ڕووداوەکان نابەن، کارەکەی سوڵتانە دیزەبەدەرخۆنە دەکەن، پێم وایە ئەرکی ئەم مۆتیفەی سەرەتا لە ڕووی هونەرییەوە هەر ئەوەندەیە کە هەردوو ڕۆمانی (سوڵتانە) و (کچانی سعوودیە) پێکەوە بە توندی گرێ بدات، بۆیە هەر زوویش دەبڕدرێتەوە و زوویش لە بیر دەکرێ و تا کۆتاییی ڕۆمانەکەش ئیتر سەرهەڵناداتەوە، ئەمەش بەکارێکی سروشتی دەزانم، چونکە ڕۆمانی (کچانی سعوودیە) بەسەرهاتی (مەها) و (ئەمانی)ی کچانی شازادە سوڵتانەن، نەک سوڵتانە خۆی.

مەها، لە گەرمەی هەرزەکاریدا، بە ئیلهام وەرگرتن لە بوونی سەدان، بگرە هەزاران کچە ئەمەریکایی سەرباز و ڕۆژنامەنووسی کچی بیانی، کە بەهۆی شەڕی یەکەمی کەنداوەوە هاتوونەتە سعوودیە و، وەکو پەرچە کاردانەوەیەکیش بۆ داوونەریتی توندوتیژی ئاینی و کۆمەڵایەتی و، بەکاریگەری ڕاستەوخۆی هاوتەمەنێکی خۆی لە ڕەشەخەڵکەکە (عائیشە)، لە هەموو بنەما کۆمەڵایەتییەکان و، تەنانەت تا ڕادەی خوانەناسی ئیلحادیش لە ئاین یاخی دەبێ و، لەگەڵ ئەو دەستەخۆشکەیدا جگە لە سیکسی شاز (پانپانکێ-سوحاقیەت)، بە دزینی چەک

له باوکی عائیشه خۆیان لەسەر بەکارهێنانی چەکیش له دژی پیاوانی خۆبەخشی لیژانی ئەمر بیلمعروف و نەهی له مونکەریش ڕادەهێـنن، کاتێکیش حاڵـەتەکەی لێ ئاشکرا دەبێت تووشـی هیـســــتــریایەکی توند دەبێ و، دایک و باوکی بـه پەلە دەیگەیـەننه لەندەن و، پاش چارەسـەرکـردنێکی درێژخـایەن ئەوجـا دێتـەوه دۆخی خـۆی، بـەڵام تا سـەر ئێـسک لەســەر خـوانەناسـی و کـوفـر و دژایـەتیکردنـی ئاین بەردەوام دەبێ.

حاڵەتەکه له کن (ئەمـانی) خوشکه بچووکی مەها بەپێچەوانەوه دەکەوێ، ئەمانی سـەرەتا خـوو به بەخـێـوکـردنی پشـیلـەی بەرەڵڵا و، سـەگـه خـوێڕییـەکـانی سـەر شـەقـامـانەوه دەگرێ، تا وای لێ دێت ئەنـدامـانی خـێزانەکەی بێزار دەکـا، دایک و باوکیشـی بۆ ئەوەی پێداویستـییەکانی هەرزەکارییـەکەی بەخـراپتر پڕ نەکاتەوه، چاوپۆشی لێ دەکەن، تا ژمارەی سەگ و پشیلەکانی له دەیان تێ دەپەڕن و، وەکو حاڵەتێکی نەخۆشییانه لێی پیس دەکا.

کێشـەیەک کـه (ئەمانی) لەنێو مـاڵ و بنەماڵه و دەسـتـەخوشکەکانیدا دەینێتـەوه هەر پشیلەبازی و سەگبازییەکەی نییه بە تەنیا کە لەلای موسڵمانان بەگشتی وەک بوونەوەرێکی هەرگیز له پاکبوونەوە نەهاتوو (گڵاو) مـامەڵـه کراوه و دەکرێ، بگره کێـشـەی ڕاسـتـەقینـه ئەوەیه کـه لەنـاو دەوروبەرەکەیدا وەکـو (داعیـه)یەکی ئاینی توندڕەو و، ئوسوڵییەکی سەلەفی سەد دەرسەد خۆی نمایش دەکا.

دەسـتـەخـوشکەکانی لـه بنەمـاڵه و له هاوەڵەکانی لـه مـاڵی خۆیان کۆ دەکاتەوه، وەعزیان بۆ دادەدات، ڕۆڵی خۆبەشکارانی ئەمر بیلمەعروف و نەهی له مونکەریان لەگەڵ دەگێڕێ، له پشت دەرگەی داخراوی ژوورەکەیەوه دەست دەکا بە خوێندنەوەی قورئان و فـەرموودەکان، لە پێشدا بەسـەر (مەهـا)ی خـوشکە گەورەیەوه خـۆی دەکا به (سـانسـۆر) تا ڕۆژێکیـان مـەها لێی وەدەست دێت و لێدانێکی باش لێی دەدات، بـەڵام هـەر کــۆڵ نادات و بـازنەی (دەعـــوە)کـــەی وا گـــەوره دەکـــاتەوه تـەنانـەت (عەبدوڵا)ی برای و سـوڵتانەی دایکی و کەریمی باوکی و میمەکانیشی دەگرێتەوه، تا له قۆناغێکی تردا دەگاتـه ڕادەی بانگهێشتکردنی خزمەتکار و کارەکەره بیانییه غـەیره مـوسـڵـمـانـەکانیش بۆ ئەوەی واز لـه ئاینی خـۆیان بێـنن و ببنه مـوسـڵـمـان، چاوەدێری هەڵسوکەوتیان دەکا، له پێوەندییه تایبەتییەکانی نێوانیان دەکۆڵێتەوه، بێزاریان دەکا.

بەڵام هەرچی (عەبدوڵا)ی کوڕە تاقانەی سوڵتانەیە ئەوە ڕەوتێکی میانڕەوانەی نێوان هەردوو خوشکەکەی دەگرێ، نە وەک (مەها) خوانەناس، نە وەک (ئەمانی)ش سەلەفییەکی توندڕەو، ئەمەش بەتایبەتی لەو هەڵسوکەتە شارستانیەدا وەدەر دەکەوێ کە عەبدوڵا لەوە یەکتر گەیاندنەوی هەردوو ئاشقی ڕاستەقینە (جەعفەر)ی فەڵەستینی و کرێکار و، (فایزە)ی کچە سعوودی دەوڵەمەند و کچی خاوەن کار، کە بەبێ ڕەزامەندی دایک و باوک و بنەماڵەی (فوئاد)ی کارساز-ڕەجولولئەعمال هەڵدێن بۆ ئەمەریکا، بەڵام دەستی فوئادیان دەگاتێ و کچەکەی لێ دەستێنێتەوە، کەچی عەبدوڵا بە پارە و بە هەوڵی خۆی لە لبنان پێکیان دەگەیەنێتەوە و دواتر لەگەڵ باوک و دایکی کچەشدا ئاشتیان دەکاتەوە.

فوئاد خۆی لە بنەماڵەی شاهانی سعوودیە نییە، بگرە زاوایانە، بەڵام بەپێی یاسای ئەو وڵاتە کوڕی سعوودیە دەتوانن ژنی غەیرە سعودی بخوازن، کەچی کچانی سعوودیە نابێ شوو بە کوڕانی بیانی بکەن، لێرەوەیە کە شووکردنی (فایزە)ی سعوودی بە (جەعفەر)ی فەڵەستینی بە کارێکی نایاسایی دەژمێردرێ، لە هەمان کاتدا لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە بە کارێکی نەفرەت لێکراو دەژمێردرێ کچی خاوەنکارێکی دەوڵەمەند شوو بە کوڕە هەژارێکی کرێگرتەی باوکی بکا، بەتایبەتیش بەبێ پرسی ئەو باوکە و، بە (هەڵگرتن) کە ئەمە یاخیبوونێکە سزاکەی جەڵدکردن و سەنگەسار-بەردبارانکردنە.

چاوپۆشیی فوئاد و خێزانەکەی لەم تاوانەی (فایزە) و لێخۆشبوونیان لەو یارمەتییەی کە عەبدوڵا پێشکێشی کردوون بۆ ئەوەی فایزە بۆ جاری دووەم بتوانێ لە دەستی بنەماڵەکەی هەڵبێتەوە و بگاتەوە بە مێردەکەی لە لبنان، ئەمانە هەموو ئاماژەن بۆ گۆڕانکارییەکی خوازراو و چاوەڕوانکراوی یاسایی و کۆمەڵایەتی کە نەوەی نوێ بتوانێت لە سعوودیەی داخراودا بیکات.

بەڵام ئایە وەدی هاتنی ئەم ئاواتە ئاوا نزیکەدەستە؟!. ئایە تەنیا بوونی کچان و کوڕانی سەربازی ئەمەریکایی کە لە جێی خۆیدا بۆ پشتیوانیکردنی سیستەمەکانی حکووم لە کەنداو هاتوونەتە سعودیە، لەگەڵ بوونی ئێرەتی چەند ڕۆژنامەنووسێکی کوڕ و کچی بیانی، وەک فاکتەرێکی دەرەکی بەسن بۆ ئەوەی سیستەمی یاسایی و ئاینی و کۆمەڵایەتیی سعوودیە بە قازانجی ژنانی ئەو وڵاتە

بەرەو چاکسازییەکی بنەڕەتی بەرن؟.

بەڕاستی ئەمەیان جێی گومانە، ئەوەیشی ئەم گومانە پشتڕاست دەکا هەندێ ئاماژەی ترن کە لە دەرەوەی بنەماڵەی سوڵتانەدا ڕوو دەدەن، بەڵام ڕەهەندێکی گشتگیری نیشتمانی و نەتەوایەتیی مێژوویی و بەربڵاوتر و کاریگەرتر بە کارەساتە مرۆییانەکە دەدەن، کە لە ڕووداوی خەتەنەکردنی (ئەلحان)ی کچە میسریدا، کە سوڵتانەش وەک میرزادەیەک، ناتوانێ ڕای بگرێ، چونکە ڕای خودی خانەوادەکەی لەسەرە، ڕەهەندێکی نەتەوایەتیی عەرەبی وەردەگرێ، کە ڕەگوڕیشەی دەچێتەوە زەمانی فیرعەونییەکان.

ڕووداوی تەعداکردنە سێکسییە شازەکەی (سەلیم)یش هەیە، کە دەبێتە هۆی پەککەوتەیەکی هەمیشەیی (ڕیم)ی ژنی، کە خوشکی سوڵتانەیە، چەندان منداڵی لێی هەیە. بەتایبەتیش کاتێک کە باوکی و عەلیی برایی و خوشکانی بە سوڵتانەی هەردەم یاخیشەوە، کۆمەڵگە و، تەنانەت ڕیمی مودەعی و دەسەڵاتی شەرعی و یاساییش لە کردەوە شازەکەی (سەلیم) و تاوانی لە کارخستنی هەتا هەتاییی ڕیم دەبوورن، ئەوانە بە بیانووی ئەوەوە کە ژن موڵکی مێردە و، مێرد بۆی هەیە کەی و چۆن و لە کوێیەوە، سێکسی لەگەڵدا بکا، ڕیمیش لە ترسی ئەوەی نەوەک (سەلیم) تەڵاقی بدا و منداڵەکانی لێ زەوت بکا، وەکو یاسای باری کەسی لە سعوودیە ڕێ بە مێرد دەدا لەو تاوانە چاوپۆشیی دەکەن.

هەروەها ڕووداوی مردنی (سەمیرە)یش لە زیندان، یا وەک لە سعوودیە پێی دەڵێن (ئۆدەی ڕەش)، کە دیارە هەموو ماڵێک هەیەتی بۆ بەندکردنی ئافرەتە سەربزێوەکانی.

سەمیرە، لەسەر شکاندنی نەریتێکی کۆمەڵایەتی، لە سەردەمی ڕۆمانی یەکەمەوە (سوڵتانە)، بە دەستی مامێکیەوە (باوکی خۆی نەماوە) لە ئۆدەیەکی ڕەشدا زیندانی تاکەکەسی- ئینفردیدایە و پاش تێپەڕبوونی (١٥) ساڵ هەر لەو ئۆدە ڕەشەدا دەمرێ و، بەوەش کۆتایی بە ڕۆمانی دووەم (کچانی سعوودیە- کچە شازادەکانی سعوودیە)ش دێت، کە من وەک ئاماژەیەکی دەخوێنمەوە بۆ کۆتایی هاتنی ئاوات و هیواکانی (سوڵتانە) و تەواوی ژنانی سعوودیە و ڕەنگە گشت ژنانی عەرەبی دنیاش.

ڕۆمانی سوڵتانە و کچانی سعوودیە بەڕاستی چ بۆ سوڵتانەی وەگێڕی ڕووداو و بەسەرهاتە ڕاستەقینەکان و چ بۆ ساسۆنی ڕۆماننووسیش کارێکی بوێرانەی هونەری و مرۆیانەیە، هەرگیز بێ کاریگەریی پۆزەتیف نابێ، بەڵام لە گۆشە نیگای تایبەتی خۆمەوە دوو خەوش هەم لە هەڵوێستی سوڵتانە و هەم لە خوێندنەوەکانی ساسۆن بۆ کارەساتەکان دەبینم:

یەکەم: سوڵتانە و جاین ساسۆنیش هەموو کات ژن لەسەر هەق و، بە زوڵملێکراو نیشان دەدەن، کە لایەنگیرییەکەی ئەوانی هەردووک پێوە دیارە لە هاوسۆزییکردنی ژناندا.

دووەم: سوڵتانە و ساسۆنیش زۆرجاران لە دەقەکەدا وای وێنا دەکەن، کە گوایە دەسەڵاتدارانی سعوودیە و میرانی سعوودیە لەو بارودۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتی و، دەمارگرژییە ئاینیەش نارازین کە نەک هەر ژنان، بگرە پیاوانی ڕەشە خەڵکەکە و ئەو هەزاران هەزار خزمەتکارو کارەکەرە بیانیەش پێوەی دەناڵێنن، گوایە لە سەرووی ئەمانەوە (شا و شازادەکان)ەوە، دەسەڵاتێکی تری ئاینی شاراوە هەیە، کە پیاوانی شەرع و ئاین پارێزن کە، ناچاری ئەو هەڵسوکەوتانەیان دەکەن، کە دژ بە ئازادی ژنان و خەڵک دەیکەن. گوایە هەندێ جار خەڵکەکە بە ژنانیشەوە پێشێلکاریی مافەکانیان بە ڕەوا و شەرعی دەزانن و، پێیان وایە لە خوایان نزیک دەکاتەوە.

من وەک خوێنەرێک ناتوانم ئەم پاساوانە بۆ میرانی سعوودیە پەسەند بکەم، چونکە دەسەڵاتی ئەوان (موتڵەق)ە و لە سەرووی ئەوانەوە کەس و دەسەڵاتێکی تر نابینم، بۆ کارێکی خۆیان نەیانەوێ ناچاریان بکا، بەهیچ شێوەیەکیش ناتوانم باوەڕ بەوە بکەم خەڵک، چ ژن، چ پیاو هەبن پێشێلکاریی مافەکانیان بە عیبادەت و نزیکبوونەوە لە خوا بزانن.

ئەمەی سوڵتانە و ساسۆنیش لە دەقەکەدا پەرشیان کردووە، یا سیاسەت و هەلپەرستییە بۆ وەدەستهێنانی ڕەزامەندی بنەماڵەی میران و جیاکردنەوەیان لە دەزگا جێبەجێکارەکانی ئاسایش و پۆلیس و پیاوانی خۆبەخشی لیژانی ئەمر بیلمەعرووف و نەهی لە مونکەر و، شکاندنی تاوانەکان بەسەر ئەواندا بەوەی گوایە لە دەرەوەی دەسەڵاتی شای سعوودیەدا بە سەربەخۆیی و جیاوازی کار دەکەن، کە وا نییە.

یا ئەوەتا هەردووکیان لە هەڵەیەکی هونەری و هزریدا ئەم کارەیان کردووە، کە سادەترین قسە لە بارەیەوە بوتریّ هەلپەرستی و دووڕوویی و میکیاڤیلیەتە، کە لە دەقی هەردوو ڕۆمانەکەدا (سوڵتانە) و (کچانی سعوودیە)شدا بە نهێنی و ئیحاییەتێک کاری خۆیان دەکەن، کە دیارە لە خوێنەری زیرەک تێپەڕ نابن.

هۆکاری ئەم هەڵوێستەی هەردووکیشیان پێم وایە دەگەڕێتەوە بۆ ئایدۆلۆجیای سیاسی و بەرژەوەندیی تاکەکەسییان، سوڵتانە وەک کچە میرزادەیەک کە نایەویّ پلە و پایە و دەسکەوتەکانی خۆی و خێزان و بنەماڵەکەی لە دەست بدا، جاین ساسۆنیش وەکو ژنە نووسەرێکی ئەوروپایی میانڕەوی موحافیزکار، کە نەمانی بۆ دەسەڵاتێکی ڕاستڕەوی میانڕەوی وەک ئەوەی سعوودیەی ناویّ کە ڕۆڵێکی گرینگی لە هاوسەنگکردنەوەی لایەنە ناکۆکەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و، ململانێی درێژخایەنی عەرەب و ئیسرائیل و، کێشەی نەوتی جیهانی و ڕێکخراوی ئۆپیکدا هەیە، بۆیە هیچکامیان لەگەڵ شۆڕش و کودەتا و سەرنگونبوونی سیستەمی پاشایەتیی سعوودیەدا نین، بەڵام حەزیش دەکەن لە ڕێی چاکسازییەوە وێنە و لووکێکی جوانتری بۆ بنەخشێنریّ، لە سەردەمی جیهانگەراییی ئەمڕۆشدا دیارە سەرجەم ئەزموونی سعوودیە لە بەردەم تاقیکردنەوەی بنەڕەتیدایە، بابزانین واقیع و سیاسەت سەردەکەون، یا خەیاڵ و ڕۆمان.

* لە کۆواری (هەنار)ی ژمارە (٤٢)ی تەمووزی ٢٠٠٩دا بڵاو کراوەتەوە.

# ڕاز.. ڕۆمانێک لە وێرانەخاکی سۆماڵەوە

«... ئەمە کارەساتە بە بەرچاوی تەواو غافڵمانەوە وردە وردە وڵاتێک وێران بکرێ کە نەوەگەلێکی زۆر تێکۆشان بۆ پایەدارکردنی.
کوێرایم داهات، چونکە وشدارییەکانم نەخوێندەوە، چونکە گەلەکەمان بایەخ بەو ئاماژانە نادا کە پێشبینی کارەساتەکانی داهاتوو دەکەن، من وا دەڕۆم، وڵاتەکەمان وا دەڕوا- ئامۆژگاریم بۆ تۆ ئەوەیە کە ژیانی خۆت وا داڕێژی وەک ئەوەی خۆت دەتەوێ پێی بگەیت».

ئەمە دوا قسە و دوا ئامۆژگاریی سەرەمەرگی (نونو)ی تەمەن پتر لە هەشتا ساڵەی کاراکتەری ڕۆمانی (ڕاز)ی نوورەدین فارحە بۆ (کالامان)ی زڕکوڕی.

ڕاز، ڕۆمانێکە لە نووسینی (نوورەدین فارح)ی سۆماڵی، ساڵی ١٩٨٨ نووسراوە، (خالد الجبل)ی کردوویەتییە عەرەبی، ساڵی ٢٠٠٧ لە (٣٦٠) لاپەڕەی ناوەندیدا لەلایەن (خانەی جەمەل) لە ئەڵمانیا و بەغدادا بڵاو کراوەتەوە.

نوورەدین فارح ساڵی ١٩٤٥ لە شاری (بایدەوە)ی سۆماڵ لەدایک بووە، لە سۆماڵ و ئینگلتەرا و هیندستاندا ئەدەب و فەلسەفەی خوێندووە، ساڵانێک لە زانکۆی (مەقادیشۆ)ی پایتەختی سۆماڵدا وانەی گوتووەتەوە تا باری ناوەخۆ ناچاری دەکا سەری خۆی هەڵبگرێ و ئەم زانکۆ و ئەو زانکۆ بکا هەتا لە ئافریقای باشوور دەگیرسێتەوە، فارح چەندان ڕۆمان و چیرۆک و شانۆنامەی بەرهەم هێناوە، خانەی جەمەل پێشتریش ڕۆمانی (نەخشەی)ی بە عەرەبی بۆ بڵاو کردووەتەوە.

ڕاز بریتییە لە: دەسپێک، پاری یەک کە (٨) بەشە، پاری دوو کە (ناوبڕ)ێکە، پاری سێیەم کە (٤) بەشە، ئەوجا (کۆتایی)یەک.

دەسپێک و، بەشەکانی (١ و ٢ و ٣ و ٧) لە پاری یەکەم و، بەشەکانی (٩ و ١٠ و ١١) لە پارەی سێیەم (کالامان)ی کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە وەک (وەگێڕێکی

زاتی) دەیانگێـڕێتـەوە، بەشـی (٤)ی پاری یـەکـەمـیش سـەرەتـا وەگـێـڕێکی ئۆلـۆمـپی دەیگێڕێتەوە بەڵام پاش گێڕانەوەی خـەونەکەی کالامان، کە (٦) لاپەڕە دەخایەنێ و، کالامان لە خـەو ڕادەبێ ئیتر بۆ خـۆی دیسانەوە وەک وەگێڕێکی زاتی لاپەڕەکانی تری بەشەکە دەگێڕێتەوە.

بەشـەکـانـی (٥ و ٦)ی پاری یەکـەم کـەسـایەتیـیـەکی تری سـەرەکی (نـونو) دەیانگێڕێتەوە.

بەشـی (٨)ی پاری یەکـەمـیش (دامـاک)ی دایکی کـالامـان دەیگـێـڕێتـەوە کـە بەسـەرهـاتـی خـۆیەتی، سـەرجـەم پـاری دووەم کـە (ناوبڕ)ە ئەویش لـە گـێـڕانەوەی وەگێڕێکی فرە ئاگا-ئۆلۆمپییە.

بەشی (١٢)ی پاری سـێیـەمیش (شـۆلـۆنگۆ) وەک وەگێڕێکی زاتی بـەسـەرهـاتی خۆی لەگەڵ کالامان و یاقوت و نونو و ئەوانی تردا دەگێڕێتەوە.

دوای ئەمانە ئەوجا (کۆتایی) دێت، کە دیسانەوە کالامان وەگێڕانەکەی لە ئەستۆ دەگرێ.

ڕۆمانی (ڕاز) بە رستـەیەک دەست پێ دەکا کە گوتەیەکی بە بنەچە ئیسپانییە و دەڵێت:

(تەرمێک و سێ نهێنی) هـەر بەهـەمـان ڕستـەش کۆتایی دێت بـەمـەش گێڕانەوەی ڕۆمـانەکـە شـێـوەیەکی (بازنەیی) و، کـەشـێکی پۆلیـسـی لە خـۆی دەگـرێ و هـەر لە دێری یەکەمی (دەسپێک)ەوە خـوێنەر دەخاتە سـەر کەڵکەڵەی ئەوەی لە وەڵامـی ئەم پرسیارە بگەڕێ: تەرمی کێ و نهێنیی چی..؟! بۆ یەک تەرم و بۆ سێ نهێنی..؟!

وەلێ لە نێـوان ڕسـتـەی (تەرمێک و سێ نـهێنی)، کـە ڕۆمـانەکـەی پێ دەست پێ دەکات و پێی دادەخـرێ و، لە خـولیـای پەی بـردن بەنهێنـی ئەو تەرم و سێ ڕازەدا خـوێنەر ژیانێکی پڕ لە ڕووداوی سـەیروسـروتی ئیسـلامی تێکەڵ بە مـیـتـۆلۆجیـای ئەفریقی و خۆجیەتیی سۆماڵ و، دنیـایەک خەیاڵ و خەونی ئاجروباجـری کەسان و کۆمەڵگەیەک و میللەتێک و وڵاتێک دەخوێنێتەوە، کە ململانێی کەسەکان و غەریزەی سـەرەتـاییی ئاژەڵیـیـانـە و بیـروبـاوەڕی کـۆنینـە و ئاینـی و ناوچـەگـەرێتی و، کـێـشـمـەکـێـشـی عـەشـایەری و ونجـڕونجـڕی دەکـات، بەرژەوەندی بنەمـاڵە و عـەشـرەتگەریی و پەیدابوونی مـیلیـشـیـا و پـەرەسـەندنی دیاردەی چەکـداری و

دەستێوەردانی ئەم و ئەو، سۆماڵ بەخێرایی بەرەو کارەساتێکی ڕاستەقینە دەبات کە تێیدا مرۆڤ دەهاڕدرێتەوە و گەل پەرتەوازە دەبێ و وڵات وێران دەکرێ.

ڕاز، لە سەردەمی ئێستای گێڕانەوەیدا هەر چەند ڕۆژێک دەخایەنێ، بەڵام ڕەگوڕیشەی سەرەتای بەسەرهاتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە چارەکە سەدەیەک، کە لە یەکەیەکی گێڕانەوەی خەستدا لە بەشی (دەسپێک)دا و لە پتر لە (٢٠) لاپەڕەدا چڕ کراوەتەوە و، پاشخانی ڕووداوە نوێیەکانی سەردەمی گێڕانەوەکە و، ئەو نهێنییانە و، ئەو گومانانە پێک دەهێنێ کە پاش نزیکەی (٢٥) ساڵ و، لەگەڵ گەڕانەوەی (شۆلۆنگۆ) لە ئەمەریکاوە، لە زەمنی ئێستای گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا ئاشکرا دەکرێن.

ڕاز، لە ڕاستیدا بریتییە لە بەسەرهاتی سێ پشتی بنەماڵەی (نونو) لەگەڵ (شۆلۆنگۆ)ی کچە دراوسێیاندا، شۆلۆنگۆیەک کە دانیشتوانی شارەدێی (ئەفگوای)ی (٢٠کم)ی مەگادیشۆی پایتەختی سۆماڵە و بە کچێکی (نائاسایی) و (ئەفسانەیی) و (جادووکار) یا بە زمانی خۆیان بە (شامان)ی دەزانن، شامان بە واتای ئەو جادوکارەی کە دەتوانێ شێوە و سروشتی خۆی لە مرۆڤەوە بۆ ئاژەڵ و بەپێچەوانەشەوە بگۆڕی و، بە سیحر نەخۆشی چارەسەر بکا و، وەک کاهینێک پەی بە (نهێنی)ەکان بەرێت و کۆنترۆڵیشیان بکا.

ئەم تێڕوانینە لەدایکبوونەوە بە دوای شۆلۆنگۆوەیە، چونکە لە حاڵەتێکدا لەدایک بووە کە گوایە ئەستێران لە پایەیەکی زۆر توندی بەدیۆمیدا بوون و دەبووایە (دۆگان) بکرایە، دۆگان واتا زیندەبەچاڵکردنی بە کۆرپەیی ئەوانەی کە بە شوومی لەدایک دەبن.

دایکی شۆلۆنگۆ هەر کە شۆلۆنگۆی لە داوێن دەکەوێتە خوار دەیبات کەسنەزان لە دارستانێک لەنێو هەندێ پۆشوپەڵاشدا فڕێی دەدات و بۆ خۆی دەگەڕێتەوە ماڵ.

بەڵام شۆلۆنگۆی شامان بەختی یار دەبێ و دەست دەڵەشێرێک دەکەوێ کە لەگەڵ بێچووەکانی خۆیدا بە شیری خۆی گەورەی دەکا و دەیپارێزێ تا کۆتەڵ دەبێ، ئەوجا دەیهێنێت لەسەر دوو ڕێیانێکی نزیک لە ئەفگوای فڕێی دەدا، هەندێ ڕێبواریش دەیدۆزنەوە و بە ڕێککەوت دەیبەنەوە، گوندەکەی خۆیان، دایکی شۆلۆنگۆ کە بەمە دەزانێ لە داخاندا خۆی دەکوژێ، لەبەرئەوەیشی کە خۆکوشتن

له ئیسلامدا حەرامە و خۆکوژ بە کافر حیسابە، خەڵک تەرمەکەی لەو ناوە فڕێ دەدەن، دەڵێ تەنانەت قەل و داڵیش ئامادە نین لەبەر ئەو تاوان لە خۆکردنە گۆشتەکەی بخۆن.

باوکی شۆلۆنگۆ (مادۆبی) کە دەریاوانە، لە سەفەر دێتەوە و کەس باسی ئەو ڕووداوانەی بۆ ناکات، ئەویش دەست کچەکەی (شۆلۆنگۆ) دەگرێ و دەچێتە شارێکی نزیک، لەوێ ژنێکی گەنج دەخوازێ و کوڕێکیشی لێ دەبێ کە (تیمیر)ە، بەڵام زۆری پێ ناچێت ژنە شێت دەبێ و خەڵک و خزمانی ئەمە دەخەنە ئەستۆی شۆلۆنگۆ گوایە سیحری لە باوەژنەکەی کردبێ.

ڕاز، وەکو لە زۆربەی ڕۆمانەکانی جیهانی سێیەم چاوەڕوان دەکرێ، دەبووایە ڕۆمانێکی ڕۆمانسی بووایە، بەڵام تەواو (ئیرۆتیک)ییە و پتر لە پێوەندییەکی سێکسی و جەستەی یاسایی و نایاسایی و ئاسایی و نائاسایی و شازی ناشەرعی و ناباوی تێدایە: پێوەندیی جنسی نێوان کالامانی (٨) ساڵان و شۆلۆنگۆی (١٢) ساڵان و سکپڕبوون و لە باربردنی سکەکەی لەو تەمەنەدا لە کالامان، ئەوجا دووبارە سکپڕبوونەوەی شۆلۆنگۆی هەرزەکار لە (یاقوت)ی باوکی کالامان و لەباربردنی سکەکەی لەویش، کاتێک لە خەودا خۆی دەکا بە باخەڵی یاقوتی کامڵە پیاودا و کە دایکی کالامانیان دێت بەسەردا، یاقوت هەزار پاکانە دەکات کە گوایە نەیزانیوە شلۆنگۆیە و، هەر بە (داماک)ی خێزانی و دایکی کالامانی زانیوە، هەروەها وەک ئەوەی جارێک شۆلۆنگۆ لە دەمەو بەیاندا و لە ئاوی ڕووباری (شابیل)دا پەلاماری گەڵوگونی (نونو) دەدا و دەیبا بە دەمدا.

پێوەندی جەستەیی نێوان کالامان و ژنە سکرتێرەکەی (کالین)، پێوەندیی سێکسی نێوان کالامانی مێردمنداڵ و سکپڕکردنی (ئارباکۆ)ی هاوتەمەن و دەستەخوشکی دایکی بە (والیا) کە لە ئێستای (ڕاز)دا هەر (٩) ساڵێک لە کالامانی باوکی ناشەرعیی (کالامان) منداڵترە و لە ئیتالیا بە نمایشکردنی جلوبەرگەوە خەریکە، پێوەندیی جەستەییی کالامان و خاتوو ئالادۆی تازە دۆستی.

پێوەندیی سێکسیانەی (نونو) و ژنە ڕەشپێستی ئەمەریکایی (کاسی) کە بۆ کاری خێرخوازیی (!) هاتووەتە سۆماڵ و بە کرێچێتی لە خانوو و ماڵی نونودا دەژێت.

پێوەندیی سێکسیانەی شۆلۆنگۆ و تیمیری زڕبرا گچکەی، پێوەندیی شازی جەستەیی (مادۆیی) باوکی شۆلۆنگۆ و تیمیر، لەگەڵ مانگاکەیاندا، کە گوایە تەقسێکی ڕوحییە بۆ ئەوەی پیاو بتوانێ ژنێکی تر بهێنێ، سواری دەبێ! کە ئاکامیش ماکەرێک بۆ بەرگری لە شەرەفی خۆی (!) بە جووتکەیەک دەیکوژێ، پێوەندیی هۆمۆسۆکشۆلانەی دووسەرەی نێوان فیدۆ و تیمیر، کە ئەمەی دووەمیان لە ئەمەریکایش لە (ڕێکخراوی لۆتی)یەکاندا وەک ئەندامێکی کارا کار دەکا و لەگەڵ (وین)دا ڕۆڵی ژن دەبینێ، ئیغتیسابکردنی (داماک)ی دایکی کالامان بە کچی لەلایەن دەستەیەکەوە و سکپڕبوونی.

حەز و ئارەزووەکانی (بارنی) بۆ (مادۆبی) باوکی شۆلۆنگۆ، کارە خزمەتگوزارییە سێکسییەکانی (ئارباکۆ)ی دایکی (والیا) لە دابینکردنی شوێن و بە یەکتر گەیاندنی ژنان و پیاوانی هەوەسباز و، لەباربردنی منداڵە زۆڵەکان.. پێکەوە دەسپەڕکردنی هەردوو هەرزەکار (تیمیر) و (کالامان) وەکو کێبڕکێ، خۆداگرتنی کالامان لە دایک و باوکی، لە نونوی باپیری و کاسی، لە فیدۆ و تیمیر و... دوا شتیش ژوانی پۆپەی جەستەیی و سێکسیانەی نونوی (٨٠) ساڵە و شۆلۆنگۆی لە ئەمەریکا گەڕاوە بۆ ئەوەی بە ئاگەداری مێردە مەغریبییەکەی سکی خۆی لە کالامان پڕ بکا، بەڵام کە کالامان ڕازی نابێ، ئیتر خۆی بە جێی نووستنی نونوی باپیری کالاماندا دەکا و بەر لەوەی نونو بە یەکجاری کوێرایی دابێ و پاشان بمرێت، چەند جارێک لە خۆی دەنێ.

ئەم ڕووداوانە و زۆری تریش لە پاری (دەسپێک)دا باس کراون و هەندێکی تریش لە دەقەکەدا تۆو کراون، بەڵام وەک دەردەکەوێ شۆلۆنگۆ کرۆکی زۆربەیانە و، لە هەندێک پێوەندیی تریشدا لایەنی ڕاستەوخۆی بەرامبەری ململانێکەیە بەتایبەتیش لە ململانێی داماکی دایکی کالامان، کە وەک (ترس)ێک و دوژمنێکی ڕاستەقینە لە شۆلۆنگۆ دەڕوانێ و بەوەی تاوانبار دەکات کە دیکۆمێنتێکی گرینگی لێ دزیوە و، بە دەستی خزمێکی پۆلیسی دەیگەیەنێتە ڕادەی وەرگرتنی پەنجەمۆری دەستی، کەچی لە ڕاستیدا ترسی گەورەی لەوەیە شۆلۆنگۆ کالامانی کوڕی، یاخۆ یاقوتی مێردی لە دەست بکاتەوە، ئەگەرچی دواتر دەردەکەوێ شۆلۆنگۆ لە هەڵێکدا وێنەیەکی کۆپی گرێبەستی زەواجی داماکی دەسکەوتووە، بەڵام هەر زوویش لە پاشماوەی کەلاکێکدا شاردویەتییەوە و بەڕێکەوت دەست

نونوی خەزووری داماک کەوتووەتەوە، ئەم گرێبەستی زەواجەش چیرۆکێکی هەیە و ساختەکارییە و بەبێ ئاگەداری و ڕەزامەندی، داماک تێیدا مارەی لە کەسێک براوە کە بە پیتەکانی (ی.م.أ) واتا (یووسف مەحموود ئیسحاق) لە دەقەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە و یەکێک بووە لەوانەی کە بە دەستەجەمعی بە کچێنی (داماک)یان ئیغتیساب کردووە و، بە نوسخەی ئەسڵی ئەو گرێبەستە سالآنێک داماک و یاقوتی مێردی ئیبتیزاز دەکەن.

ئەمانە پاشخانی ڕووداوەکانی ئێستای ڕۆمانەکەن و هەندێکیان پتر لە دوو گرێسالّیان بەسەردا تێپەڕیون، بەڵام دیارە وەکو پشکۆی بن خۆڵەمێش هەر بە هەڵایساوی ماونەتەوە و چاوەڕوانی هاتنەوەی هەلی لەباری سەرهەڵدانەوەن.

ڕووداوی زیندووی سەردەمی ئێستای ڕۆمانەکە لە ڕاستیدا لەوێوە دەست پێ دەکا کە پاش نزیکەی (٢٥) ساڵ لە بەجێهێشتنی سۆماڵ و سەرخۆهەڵگرتن، لە پڕێکدا شۆلۆنگۆ و تیمیری زڕبرای لە ئەمەریکاوە بۆ پرسەی باوکیان دێنەوە سۆماڵ و هەمان شارەدێی ئەفگوای و، هەمان کۆمەڵ و، هەر یەکەیان بەتایبەتیش شۆلۆنگۆ ئاگر بە ئاگرەسۆی ئەو کۆنە پێوەندی و نهێنییە بە ڕواڵەت لە بیرکراوانەوە دەنێتەوە و، فوو لەو ژیلەمۆیانە دەکات و دەیانگەشێنێتەوە.

لە دەقەکەدا دیار نییە شۆلۆنگۆ و تیمیر چەند بایەخ و گرینگی بە مەسەلەی مردنی باوکیان و ناشتنی دەدەن، بەڵام شۆلۆنگۆ دەچێتە کن (ئارباکۆ)ی جێکێش و، لە ڕێی ئەویشەوە دەچێتە دووکانی میروفرۆشییەکەی داماکی دایکی کالامان، بەڵام داماکی خوێنەخۆری ناینناسێتەوە و، دواتر دەچێتە لای نونوی پیرەمێردی گەورەی خانەوادە و بیرمەند و گەنجینەی بیرەوەی و یادگارییەکانی بنەماڵەکەیان، ئەویش ناونیشان و کلیلی کونجەکەی (شوقە) کالامانی دەداتێ کە لە ماگادیشۆی پایتەخت لە (٢٠) کیلۆمەتری ئەفگوای گرتوویەتی.

نونو تەمەنی لە (٨٠) ساڵی تێپەڕاندووە، ڕۆژانی شەڕی یەکەمی جیهانی لە یادە کاتێک ئیتالیا و بەریتانیا سۆماڵ داگیر دەکەن، بە بنەچە خەڵکی ناوچەی (بەربەرا)یە و دواتر بەرەو خوار هاتووە بۆ مەگادیشۆ، چەندان جاریش ناوی خۆی گۆڕیوە، لە مصباحەوە بۆ مفتاح و، ئەوجا بۆ (نونو)، سالآنێکیش (٧ ساڵ) لای مەلا ئاینیی ئیسلامی خوێندووە، بەڵام ئێستا لەناو خەڵکەکەدا بە (ما-تۆکادە)،

واتا (نوێژنەکەر-تارکە سەلات) ناسراوە و بۆ خۆیشی ئەو نازناوەی لێ خۆش دێ، ئەگەرچی لە ڕۆژانی کۆتاییی تەمەنیدا و، پاش ئەوەی چاوی تەواو کز و لێڵ دەبێ بڕیاری نوێژکردنەوە و تەرککردنی جگەرەکێشانیش دەدا، لێ لەگەڵ ئەوەشدا بڕوای بە خەون و ئەفسانە و بیروباوەڕی کۆنینەی سۆماڵی زۆرە و لەگەڵ ئایندا جیاوازییان ناکات، بگرە بڕوای بە کەلەپوور و کولتووری خۆماڵییان پترە و زیاتر بە کردەوە کاریان پێ دەکات، بەتایبەتیش هەردوو چەمکی (نوورو) و (نابسی).

سۆماڵییەکان پێیان وایە ئاژەڵ و باڵدار و، مرۆڤی خوردساڵ و نەخۆش و شێت و کەم ئەقڵیش بە هێزی (نوورو) دەتوانن بچنەوە شوێن و ماڵ و خانەی خۆیان و بیاندۆزنەوە، نابسییش بە بۆچوونی سۆماڵیان چەمکێکە بۆ وەسفی ئەو حاڵەتەی کە کەسێک پاش دابڕان و دڵئێشاندن و پەشیمانبوونەوە بچێتەوە لای کەسی دڵشکا بۆ ئاشتکردنەوەی، لایەنی بەرامبەریش دەبێ ئەو ڕابردووە لە بیر بکا و بە ئیجابیانە بە دەنگێوە بچێ، ئەگینا دووچاری زیانی زۆر دێت و لەناو خەڵکیشدا بە سووک تەماشا دەکرێ، لەم بۆچوونەشەوەیە نونو ناونیشان و کلیلی یەدەگی کونجەکەی کالامان دەداتە شۆلۆنگۆ و ڕەوانەی لای ئەوی دەکا، هەر لەبەر (نایسی)شە کاتێک کە کالامان سکپڕکردنی شۆلۆنگۆ ڕەت دەکاتەوە، نونو گوایە بۆ دوورخستنەوەی (نایسی) لە ماڵباتەکەی، نونو بۆ خۆی لە جیاتی کالامان لەگەڵ شۆلۆنگۆدا جووت دەبێ، کەچی لە دوادواییی ڕۆمانەکەدا نونو لە سەرەمەرگدا ددان بەوەدا دەنێ کە ئەو بەری (٢٥) ساڵ و پێش چوونی شۆلۆنگۆیش بۆ ئەمەریکا وەها بەڵێنێکی پێ داوە.

نونو هەر بە تەنیا چەتری سەر خێزانەکەی نییە، بگرە زاکیرەی وڵاتێک و ناسنامەی وڵاتێکە، لە دەقەکەدا کە یەکەم جار ئینگلیزە داگیرکارەکانی سۆماڵ ناسنامە بۆ خەڵکەکەی پڕ دەکەنەوە، ئەو ڕازی نابێ ناوی عەشرەتەکەی وەک نازناو لە ناسنامەکەیدا بۆ تۆمار بکەن، بگرەی ناوی سیانەیی خۆی و باوکی و باپیری لە ناسنامەکەدا بۆ دەنووسرێ، بۆ ئەوەیشی بزانرێ لەو بەشەی سۆماڵ دەژێت کە ئینگلیز داگیری کردووە نەک ئەوەی دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی ئیتالیا، ڕازی دەبێ نازناوی (بریتانیکۆ)ی لێ بنرێ نەک (ئینگلیز)، پاکانەی نونو بۆ ئەم ڕازیبوونەشی ئەوەیە دەڵێ: چونکە (بەریتانیا) چەمکێکی سیاسییە، ئاماژەیە بۆ دەوڵەت.. بۆ تاج و شتی لەو بابەتانە، بەلام ئەوەی کە تۆ ئینگلیز، یا وێلزی، یا

ئێرلەندی و ئۆسکوتلەندی بێت، ئەوە ئاماژەن بۆ سەرچاوەی (عەشایەری)یت، بەڵام بەوەی کە بڵێی (سۆماڵی) و بەوە مرۆڤ خۆی بناسێنێ، نەک بەوەی کە سەر بە عەشیرەتێکی دیاریکراوە، ئەوە کیانێکی سیاسی دیاری دەکا، عەشرەت قەوارەیەکی نا سیاسییە و دەگەڕێتەوە بۆ ناسنامەی سەرەتاییی خوێن).

بەڵام بەپێچەوانەی ویستی نونووەوە، پاش نزیکەی سێ چارەکە سەدە و لە کاتێکدا نونو لە سەرەمەرگدایە، سیاسەتی خێڵەکی و شەڕی عەشایەری باڵ بسەر سۆماڵدا دەکێشن، لەسەر خواستی خاوەن بەرژەوەندییەکان و بازرگانانی شەڕ، بە هەزاران سۆماڵی ڕەشوڕووت و تینوو و برسیی دەستیان دەچێتە خوێنی یەک و وڵات، دەبێتە کۆمەڵێک کانتۆن و ئیدارەی عەشیاری، ڕێگەکان بە سەیتەرەی (کڵاو سووران)ی گاردی تایبەتی پاراستنی سەرۆک سیاد بەڕی و، نەیارانی دەچێنرێ، شۆستە و لاڕێیەکان پڕ دەبن لە تەرمی نەناسراو، تەقەقە خەڵک هەراسان دەکا، یاساشکێنی و مافبەزێنیی خەڵکە سادەکە، دەبنە دیاردەی ئاساییی ڕۆژانە.

پاش پتر لە سێ چارەکە سەدە و، لەسەرەمەرگیشدا، کە شەڕی دەسەڵاتی عەشرەتگەریی دەگاتە پۆپە، هێشتاش نونو بە دەم ورینەی گیاندانەوە بە کالامانی زڕ کوڕی دەڵێ: (ناتوانم بەرگەی بیرۆکەی عمومیەت بگرم، ئاخر من کەسێکم، بەڵام عەشیرەت کۆمەڵێک ئاژاوەگێڕە، من مرۆیەکی (پیاوێکی) ئاقاڵم، بەڵام عەشیرەت نەء..).

بەهەرحاڵ لە یەکەم دیداری کتوپڕ و، پڕ لە سەرسامیدا لە کونجەکەی کالاماندا شۆلۆنگۆ پێی دەڵێ کە نەهاتووەتەوە لەوێ بمێنێ و، ئێستاش ئەگەر بە هاتنەکەی نارەحەتە، یا هەر کاتێک دەیەوێ کونجەکەی بۆ بەجێ دەهێڵێ و نایەوێ لای دایکی و (تالادۆ)ی گێرلفرێندی تەنگەناوی بکا، پاشانیش پێی دەڵێ: من و تیمیری زڕبرام جگە لە مەسەلەی ناشتنی باوکمان کاری تریشمان هەیە، من دەمەوێ منداڵێکم ببێ و، دەمەوێ تۆیش باوکی ئەو منداڵەم بیت و، مێردە ئاگر خۆرە مەغریبییەکشم لەم مەبەست و هاتنەم بۆ لات ئاگەدارە.

تیمیری زڕبراشم هاتووە ژنێک (بکرێ)، ژنێکی (تەڕەزەن-تازە زاو) کە منداڵێکی (٣) مانگەشی هەبێ بۆ ئەوەی بیباتەوە بۆ ئەمەریکا و، لەوێ خۆی و (وین)ی پیاوە نێربازەکەی هاوڕێی، سێکسی سێ قۆڵی بکەن.

کالامان دەڵێ: ئینجا شتی وا دەبێ؟.

شۆلۆنگۆیش بە خوێنساردییەکەوە دەڵێ: جا بۆ نابێ.. تیمیر پارەشی هەیە و، پاسپۆرتی ئەمەریکاییشی هەیە! دواتریش کە تیمیر بۆ شایەتیی زەواج دەچێتە نووسینگەکەی کالامان لە کۆمپانیاکەیدا، ئەو قسانەی شۆلۆنگۆ بۆ کالامان پشتڕاست دەکات، بەڵام ئەوەشی بۆ دەدرکێنێ کە ئەوان هەر بەو نیازانە نەگەڕاونەتەوە بۆ سۆماڵ، بگرە پارەشیان بۆ عشیرەتەکەیان (عەشیرەتی فاسیز) هێناوە بۆ ئەوەی خۆیانی پێ پڕچەک بکەن..! ئەمەش لەوێ بوەستێ، کاتێک کە کالامان و ئاریاکۆیش لە ماڵی ئەمەی دووەمدا یەکتر دەبینن، ئاریاکۆیش دەڵێ: کچە نمایشکارەکەی (والیا) و عەلی واردهیلی لە ئیتاڵیادا (جابهادا) بەرەیەکیان دامەزراندووە و هەموو جارێک (والیا)ی نمایشکاری جلوبەرگ کە لە ڕۆماوە دێتەوە پارەوپولێکی زۆر دێنێتەوە بۆ ئەوەی عەشیرەتەکەیان بتوانن چەک و تەقەمەنی و جبەخانەی پێ بکڕن، بۆیە هەرچەند (والیا) بێتەوە ماڵەکەیان پڕ دەبێ لە سیاسەتمەداران و سەرکردە و بازرگانان و فەرماندەکانی شەڕ.

هەر لەو دیدارەشەوەیە ئاریاکۆی جێکێش و کۆنە دۆستی کالامان، نهێنی ئەوەی بۆ ئاشکرا دەکا کە داماکی دایکی (دایکی کالامان) بە تەزویر لە کابرایەک مارە کراوە کە پیتەکانی یەکەمی ناوەکەی (ی.م.أ)ەو، کە داماک مل بۆ ئەو واقیعە ساختەکاریە نادات ئەوسا ئەو یووسف مەحمود ئیسحاقە لەگەڵ دەستەیەک سەرسەری و شارلاتیدا دەچن و بە دەستەجەمعی داماکی (١٩) ساڵان ئیغتیساب دەکەن، کە لە کن پلکێکی دەژێ، یوسفیش لە قوماردا گرێبەستی زەواجە ساختەکە بە یەکێک لەو هاوەڵانەی دەدۆڕێنی کە ناوی (گام-ئیکسیم) و لە ئیغتیسابکردنەکەی داماکدا لەگەڵ بووە. گام- ئیکسیمیش ئیتر بەو گرێبەستە ساختەیە داماک ئیبتیزاز دەکا، کە دووکانۆکەیەک بۆ فرۆشتنی ئەنتیکە و متوموورو بەڕێوە دەبات.

بەڵام پوورەکەی باوەڕ بە داماک ناکات و لە ماڵێی وەدەر دەنێ، تا دەکەوێتە دەست ئاریاکۆ کە کارئاسانی بۆ پیاوان و ژنانی شەواڵ پلیت و، لەباربردنی بیژییان و بەرەونکردنی ژنانی لێقەوماو دەکا.

سەرەتا هەر بە وێکچوونی پیتەکانی یەکەمی ناوەکانی یووسف مەحموود

ئیسحاق و یاقوتی مفتاحی کوڕی نونو، ئارباکۆ گومانی بۆ یاقوتی نونو دەچێ، بەڵام کە لەگەڵ داماکدا بەڕووی یەکیانەوە دەنێ، داماک دەڵێ ئەم، واتا، یاقوت نەبووە، بەڵام یاقوت کە لە کێشەکەی داماک دەگات و سۆزی دەجوڵێ دەیخوازێت، ئیتر زگەکەی داماکیش کە لە ئیغتیسابە دەستە جەماعییەکەوە کەوتووەتە زگی لەبار نابەن و پاشانیش کە لەدایک دەبێ نونو ئەو ناوە غەریبەی لێ دەنێ کالامان- تەڕاویلکە- سەراب، ئیتر کەس بەو کەینە و بەینەکە نازانێ تەنانەت نونو و کالامانیش، کە هەردەم سەری لەو ناوەی خۆی سڕ دەمێنێ و، بەردەوام لە واتا و هۆی ناونانەکەی لە باپیرەی دەپرسێ، تا ڕۆژێک باپیری لە وەڵامدا دەڵێ: ناوم نای کالامان، چونکە ناوێکی (داخراوە)، داخراوە بەو واتایەی کە هەر ناوەکە بەخۆی و بەتەنیا بەسە بۆ ناسینەوە و ئیتر پێویست بەوە ناکات ناوی باوک و باپیرەت، یا نازناوی تری بخرێتە سەر، بەڵام ناوی کراوە وا نییە بۆ نموونە ئەگەر ناوی یەکێک بنرێ (محەمەد) دەبێ ناوی باوک و باپیر و نازناوێکیشی بۆ بڵێی ئەوجا دەزانرێ کامە محەمەدت مەبەستە، چونکە محەمەد ناو زۆرن.

پاش ئاشکراکردنی ئەم نهێنییانە، بەبێ ئەوەی پێی بڵێ ئارباکۆ کالامان بە ئۆتۆمۆبێلەکەی خۆی دەباتە گەڕەکێکی ڕۆهەڵاتی ئەفگوای، لەوێ بۆ خۆی دادەبەزێ و خۆی دەکا بە کۆڵان و ماڵێکدا و لەوسەرەوە پیاوێکی دەست و پەنجە (دووپشکی) دەهێنێ بۆ لای ئۆتۆمۆبێلەکەی کالامان و پاش هەندێ وتووێژ کابرا دەڕوا و ئارباکۆ دێتەوە نیو ئۆتۆمۆبێلەکە و بە کالامان دەڵێ: ئەوە گام ئێکسیمە و، ئێستاش بۆ دانەوەی نوسخەی ئەسڵی گرێبەستە ساختەکەی زەواجی داماکی دایکت بە (ی. م. أ)، داوای (٢) ملیۆن شلن دەکا، ئەوجا کەیفی خۆتە.

هەرچی چۆنێک بێ کالامان بۆ پەیداکردنی ئەو بڕە پارەیە دەچێتە لای نونو، کە دەرکەوت ئیتر باپیرەی ئەو نییە و ناچار دەبێ هەگبەی پڕ لە نهێنیی خۆی و دایکی و باوکی و گام -ئێکسیمی بۆ هەڵبڕێژێ، بەڵام دیارە نونو بۆ خۆی چارەسەرێکی تر بە لەباتر دەزانێ و پارەکە بە کالامان نادات و لە جێی ئەو دەنێرێتە دووی دوو دۆستی خۆی، بۆ بەیانیش کە هەر بۆ فزوڵ کالامان دەچێتەوە دەوروبەری ماڵی گام-ئێکسیم لەوێ تێ دەگا هەر ئەو شەوە گام-ئێکسیم بە دەستی خزمانی خۆی کوژراوە و، بە چاوی خۆیشی دەبینێ براکەی و کوڕەکەی گام-ئێکسیم لەسەر پارەی کوشتنەکەی شەڕیانە..!.

لەو دۆخـەدا ئەوە ئاشكرا دەكرێ كە دامـاكی دایكی كـالامـان و یاقـوتی زڕبـاوكی لە مـاوەی ئەو (٣٠) سـاڵەی ڕابردوودا كە وەك ژن و مـێـردێكی یاسـایی و شـەرعی خـۆیان نیـشـان داوە و پێكەوە ژیاون، لە ڕاسـتـیـدا هەرگـیـز هیچ بەڵگەنامـەیەكی فـەرمی و شـەرعـیـان لـە نێـواندا نەبووە، واتا بـەبێ مـارەكردن وەك گـێـڵـفـرێند و بۆیفـرێند ژیـاون، بەڵام لـە ترسـی تانـە و نەفـرەتی خـەڵك و پـیـاوانـی ئاین ئەو ڕاستییەیان لای كەس نـەدركاندووە، تەنانەت لای نونو و كالامانیش. لێرەوە ئەوەش ڕوون دەبێتەوە كە نە یاقوت باوكی كالامانە و نە نونویش باپیری ئەوە.

هـەر لەو سـەروبەندەشدا دەردەكەوێ كە شـۆلۆنگۆ بۆ دەیەوێ سكی لە كالامان پڕ بكا؟!.دەقەكە لە چەند شوێنێكدا ئەوە دەردەخـا كە كالامـانی تاقانە هەردەم داوا لە دایكی و یـاقـوت دەكـا كـە برا، یا خـوشـكێكی بۆ بهـێـنن، بەڵام ئەوان ناتوانن ئەو حـەزەی بۆ وەدی بهێنن، شـۆلۆنگۆ كە پێـوەندی لەگـەڵ كـالامـاندا پەیدا دەكـا بەو حەزەی دەزانـێ و بەڵێنی ئەوەی دەداتێ كە برایەكی بۆ بهێنێت، بۆ ئەم مەبەسـتەش لە سـوتێكی ئـەفـریـقـانـەدا هـەردووك پەنجـەی خـۆیـان بریـندار دەكـەن و بە تێكەڵكردنی خـوێنەكـەیان پـەیمانێكی دڵسـۆزانە مـۆر دەكـەن، ڕەنگە هەر لـەبۆ بەجێهێنانی ئەم خـواست و پەیمانەش بێت هەر بە لاوێتی پەلامـاری (تەڕكی) نونو دەدات و، جـارێكیش خـۆی دەداتە بەر یاقـوت كە ئەو بە باوكی كـالامـانی دەزانـێ و سكی خۆی لێ پڕ دەكا ئەگەرچی دواتر ئاربـاكۆ پێی لەبار دەبا.

شۆلۆنگۆ بۆ بەجێهێنانـی ئەو پەیمانەیە سوڕسوڕ و دەوری كالامان دەدات، بەڵام دیارە كـالامـان دەمـێكە ئەو پەیمانە و ئەو سـروتەی واز لـێ هێناوە، كە شـۆلۆنگۆ لە كالامـان بێ ئومـێد دەبێ ئەوجـا ڕوو لە نونو دەكا، تا جـارێكیان لەسـەر ئەو نوێنە و لەناو ئەو ژوورەدا لە خەودا وەگیری دێنـێ و خۆی دەخاتە ژێری و چەندان جار وەك خـۆی ناوی لێ دەنـێ (هـۆرگـۆر)ی لەگەڵدا دەكـا، كە پێچـەوانەی (داباگـۆر)ی باوی نێـو سـۆمـاڵـیـانـە، هۆرگـۆر واتا گـرتنـی پیـاو لە پێـشـەوە لەلایەن ژنەوە بۆ ئیـغـتیـسـابكردن، داباگـۆریش ئیـغـتیـسـابكردنـی ژنە لە پشـتـەوە لـەلایەن پیـاوەوە، بەتایبـەتیش كە لە تاریكیدا پیـاو خۆی لە جێی خـەوی دەكوتێ و ژنیش لەبەر حـەیا نەچوونی خـۆی و بۆ ئەوەی كوشتوكوشتـاری لێ نەكـەوێتـەوە (بەناچاری) دەنگ لە خـۆی دەبڕی و بە یەكـێك–دووان كـارەكە بەڕێ دەكـا، دیارە سـۆمـاڵـیـان زۆریان لەم گـەمـەیـەدا شـارەزان و ناویـان لـێ ناوە (داباگـۆر)، بەڵام ئەوەی شـۆلـۆنگۆ لەگـەڵ

نونودا دەیکا تەواو پێچەوانەی داباگۆرە و لەبەر ئەوەی پێشینەی نەبووە ژن ڕووبەڕوو پیاو داگیر بکا، شۆلۆنگۆ ناوێکی بۆ دادەهێنێ و پێی دەڵێ (هۆرگۆر).

پاکانەی شۆلۆنگۆ بۆ ئەم گۆڕینەوەی کالامانە بەنونو ئەوەیە کە ئەم کارە لەو ئۆدەیە و، لەناو ئەو پێخەوەدا دەکا کە کالامان کاتێک دێتەوە بۆ ماڵی نونوی باپیری لە ئەفگوای تێیدا دەنوێ، گوایە پێغەمبەر (د.خ) لە حەدیسێکدا فەرموویەتی (منداڵ هیی پێخەفە - الابن للفراش) کەواتە هەرچییەکی لەناو پێخەفی کالاماندا نونو بیخاتە منداڵدانییەوە هیی کالامانی خاوەن پێخەوەکەیە نەک نونو، گوایە بەمەش بەڵێنی خۆی بۆ کالامان بەجێ دێنێ.

نونو زۆر دەکا و دەکۆشێ و دەڵێ بۆ ئەوەی شۆلۆنگۆ لەو کارە سارد بکاتەوە و، پێی دەڵێ کە تۆمی ئەو ئالوودەی ئەنتی میکرۆب بووە و پڕ مەترسییە، بەڵام شۆلۆنگۆ دەستی لێ هەڵناگرێ هەتا کاری خۆی لەگەڵ دەکا و دواتر بە لاقرتێ و گاڵتەپێکردنەوە، بەدەم ئازاری چاو ئێشەوە بەجێی دەهێڵێ و خۆی دەگەیەنێتە ماڵی کالامان، بەڵام لەوێ تووشی ئاڵۆشی و خورشتێک دێت و هەرچییەک نونو لە مناڵدانیندا بەجێی هێشتووە دادەچۆڕێتە خوارەوە.. لەو سەروبەندەشدا نونویش پاش ئەوەی سەروەت و سامانی خۆی بەزڕکوڕەزاکەی (کالامان) دەدا بە ئامادەبوونی کالامان دەمرێ.

بەم شێوەیەش تەرمێک دەکەوێ و سێ نهێنی ئاشکرا دەبن، نهێنی ئەوەی یاقوت و داماک ژن و مێردی یاسایی و شەرعی نین، نهێنیی ئەوەی کە کالامان کوڕی ناشەرعی ئیغتیسابێکی دەستەجەمعییە، نە کوڕی یاقوتە و نە کوڕەزای نونو، نهێنی ئەوەی کە شۆلۆنگۆ بۆ بەجێهێنانی تەقسێکی ئەفریقی لەگەڵ سێ پشتی نونودا سێکس دەکا بۆ ئەوەی برایەک بۆ کالامان بهێنێ.

ئیتر کۆتای بەو جیهانە پڕ لە خەون و خەیاڵ و واقیع و سیحرەی (ڕاز)یش دێت کە ئاوێنەی باڵانمای خاکی سۆماڵی جەنگزەدەی عەشایەری و شەڕی ناوەخۆیە.

* لە کۆواری (نووسەری نوێ)ی ژمارە (٤١)ی (نیسان)ی ٢٠٠٨دا بڵاو کراوەتەوە.

## وی هیوی

# داوایه بۆ دەرچوون لە قۆزاخە داخوازییەک بۆ تێکەڵکێشکردنی شارستانییەکان

١

شەنگەهای بەیبی

چین، ئەو وڵاتە لەمێژینە و فراوانەی کە نزیکەی چواریەکی ژمارەی مرۆڤی دنیای لەخۆ گرتووە، لە مێژووی رۆشنبیری و کولتووری مرۆڤایەتیدا بە لانکەی حیکمەت و ئەفسانە دەناسرێ.

بەڵام لە چاو ئەم رابردووە بەپێزە و، بە بەراورد لەگەڵ گەلانی رووس و فرەنسا و ئیسپانیا و، ئینگلۆ ساکسۆنییەکان و، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ ژاپۆنییەکنیشدا بەراوردی بکەی لە بواری داهێنانی چیرۆکی هونەریدا و بەتایبەتیش لە بواری بەرهەمهێنانی رۆماندا، دەبینین چینی نوێ (هاوچارخ) زۆر بێ برشتە.

هۆکاری تریش لەوانەیە هەبن: دەربڕین و نووسین بە زمانی چینی گرانن، زمانەکەیان لای گەلانی تر زانراو نییە و وەرگێڕانی بۆ زمانانی تر قورسە، چینییەکان چ وەک داهێنەر و چ وەک خوێنەریش رەنگە زۆریان خۆشی لە بەرهەمی ئەدەبی درێژ نەیەت، رەنگە سەختی بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانەی هاوچاخیشیان ئەو بوارەیان نەدات، بەڵام بەڕای من خودی سیستەمی سیاسی وڵاتەکە و، هۆگری رژێمەکەش لەگەڵ خۆدابڕین و سیاسەتی داخستنی دەرگەکان و رووخاندنی پردەکان لەگەڵ (ئەوانی تر)دا و، سەپاندنی ئایدۆلۆجیایەکی هاوردە، کە مێژوو بێفەڕییەکەی سەلماند، ئەمانەش هۆ و هۆکاری راستەوخۆی بەجێمان و بڵاوەنەکردن و نەناسینی رۆمانی هاوچارخی چینی پێک

دێن، بەڵگەشمان بۆ ئەم بۆچوونە بەرهەمەکانی ئەو ڕۆماننووسە چینییانەن، کە لەبەر هەر هۆیەک بووە توانیویانە لە سایەی ڕێژیمی شمولی وڵاتەکە دەربچن و، لە دەرەوەی ئەو سیستەمە تۆتالیتارییەی ئێستای چیندا بنووسن و بڵاو بکەنەوە و، بیسەلمێنن کە نەزۆکی ئەدەبی چینی هاوچاخ دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئازادی، نەک بۆ خودی گەلە داهێنەرەکەی، لەو شاکارانەش دەتوانین ئاماژە بە کارە داهێنراوەکانی کەسانی وەک: زانگ کزیلیانگ و ڕۆمانی (نیوەی پیاو ژنە) و، گاو کسینجیان و شاکارەکەی (چیای ڕوح) بدەین کە ساڵی ۲۰۰۰ خەڵاتی نۆبڵی لەسەر وەرگرت، هەروەها بەرهەمەکانی کچە ڕۆماننووس (وی هیوی) و شاکارە ورووژێنەرەکەی (شەنگەهای بەیبی)ش کە حکوومەتی شیوعی چینی هەژاند لە ۱۹۹۹–۲۰۰۰دا، تا کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی دەسەڵاتدارانی چین پەردەی شەرم بدڕێنن و بە بەرچاوی گەلانی جیهانەوە لە نیسانی ۲۰۰۰دا چل هەزار دانەیان لەو ڕۆمانەی ئەو خاتوونە ڕۆماننووسە لاوە سووتاند کە تەمەنی لە ۲٥ ساڵ تێپەڕی دەکرد و نەدەکرد و، تا بڵاوکردنەوەی (شەنگەهای بەیبی)یش دەسەڵاتدارانی کۆمۆنیستی وڵاتەکە وەک (ئەستێرەی گەش و مژدەدەری ئاسمانی ئەدەبی هاوچاخی چینی) چاویان تێ بریبوو و، لە ڕاگەیاندنی حزبی و ڕەسمیدا وەک (هیوای نەوەکانی پاشەڕۆژ) باسی لێوە دەکرا کەچی ئێستا هەموو دەرگەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی لە ڕوو داخراوە و، هەر ئەو میدیا شیوعیە فەرمییەی پێشوویشە کە ئێستا وەک: (نەفرەت لێکراو) و (بەدڕەوشت) و (کۆیلەی کولتووری بیانی) باسی دەکەن و ئەو سیفەتانەی دەدەنە پاڵ کە حزبی شیوعی لە هەموو کات و شوێنێکدا نووسەرانی نەیاری خۆیانی پێ ئیرهاب دەکەن.

دەبێ ئەوەش بڵێم کە (وی هیوی) لە ڕۆمانی (شەنگەهای بەیبی)دا، کە مەبەستمە لێرەدا لەسەری بوەستم، بەهیچ شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناوی حزبی شیوعی و ڕێژیمی حکوومی چینی نە بە چاک و نە بە خراپ نابات.

بەڵام ڕێژیم چۆن و بۆ ئاوا لە ڕۆمانەکە و لە نووسەرەکەی وەردەگەڕێن و حوکمی ئیعدام لەسەر ڕۆمانەکە دەردەکەن؟.

ڕۆمانەکە (شەنگەهای بەیبی) چۆن نووسراوە و چۆن گوزارە لە بۆچوونی نووسەرەکەی دەکا، کە بە دانپێدانانی خودی ڕێژیمەکە (ئەستێرەی گەشی

ڕێنیشاندەری نەوەی خۆیەتی) و، چ هونەرکارییەک وای کردووە ئەم ڕۆمانە لە دوو توێی مشتی نووقاوی سانسۆری توندی ڕێژیمەکەوە دەربازبێت و بگاتە خوێنەرانی چین و جیهان کە دوای سوتاندنی ڕۆمانەکە ئەوەندەی تر هەڵوەدای بوون.؟!.

شەنگەهای بەیبی (٢٨٦) لاپەڕەی ناوەندییە، ساڵی ١٩٩٩ نووسراوە و بڵاو کراوەتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٠دا لە چین قەدەخە کراوە، ئەو چاپەی لە بەردەستی مندایە (بروس هومز) کردوویەتییە ئینگلیزی و، خاتوو (زەبیە خەمیس) ڕۆشنبیری ناسراوی ئیماراتی عەرەبی بە بوێری و لێوەشاوەییەوە وەری گێڕاوەتە عەرەبی، ساڵی ٢٠٠٥ خانەی ئەلجەمەل لە ئەڵمانیا چاپ و بڵاوی کردووەتەوە، ڕۆمانووسیش کارەکەی پێشکێش بە (باوکی و خۆشەویستەکەی و زانکۆی فۆدان-شەنگەهای) کردووە.

وی هیوی، کچی ئەفسەرێکی گەورەیە، کە لە سەردەمی بێ سەروبەری (شۆڕشی ڕۆشنبیری چین)دا پەرستگایەک داگیر دەکا و بە ماڵ و منداڵەوە بە (وی هیوی)شەوە کە ئەو کاتە منداڵ بووە، ماوەی (٣) ساڵ تێیدا دادەنیشێ.

ڕۆماننووس لە خێزانێکی موحافەزکار و توندا گەورە دەبێ و، لە زانکۆی پایە بەرزی فۆدان لە شەنگەهای ئەدەب دەخوێنێ، ئەگەرچی ساڵی یەکەمی زانکۆی، وەک هەموو قوتابییەکی دانیشتگاکانی چین، لە مەشقی سەربازیدا بەسەر دەبا، ئێستاش لە شەنگەهای دەژێت و پێش شەنگەهای بەیبی (٤) چوار بەرهەمی تریشی بڵاو کردوونەتەوە.

وی هیوی خۆی دەڵێ (دوای ئەوە ڕاپەڕیم و یاخی بووم، هەرچییەکم کردووە کاردانەوەی زۆر سروشتی ئەو بارودۆخە بووە، تا گەیشتمە ڕادەی سەرکێشی. شەنگەهای بەیبیش جۆرێکە لە سەربوردە..).

لێرەشەوە دەشێ بڵێم شەنگەهای بەیبی (جۆرێکە) لە سەرگوزشتەی کەسی، بەڵام سەرگوزشتەی تەواو نییە، بگرە سەربوردەیەکە، کە لە شێوە و شێوازێکی هونەریی باڵای ڕۆماندا داڕێژراوە.

ڕۆمانەکە وەکو سەرگوزەشتە لە گۆشەنیگای تاکەکەسیی بە ڕاناوی کەسی یەکەم (من)ی سەربەخۆ یا لکاو و لەلایەن چیرۆکبێژێکی زاتییەوە دەگێڕدرێتەوە، کە بەخۆی کەسی سەرەکی ڕۆمان و ڕووداوەکانە، ئەگەرچی ناوە ناوە هەر

بەخۆیشی ڕۆڵی چیرۆکبێژێکی مەوزوعی فرەئاگای (ئۆڵۆمپی)ش دەگێڕێ کاتێک کە دێتە سەر گێڕانەوەی ڕووداوی ئەوانی تر و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی باری دەروونی و هەست و بیر و بۆچونیان.

لەوەشدا کە ڕووداوەکان لە ڕابردوا ڕوویان داوە و بەپێی زنجیرەی سروشتی کاتی ڕابردوو دەگیڕدرێنەوە، دیسانەوە ڕۆمانەکە شێوازی سەرگوزشتە لە خۆی دەگرێتەوە، بەڵام لە دارشتن و زمان و بۆچوونە دەروونی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکاندا، بەتایبەتیش کاتێک کە ڕووداوەکان و کاریگەرییەکانیان لە سنووری تاکەکەسی دەپەڕێتەوە و هەموو شارەکە (شەنگەهای) و بگرە هەموو چینیش دەگرێتەوە ئیتر سروشتی ڕۆمانی هونەریی خۆی بەسەر فەزای بەرهەمەکەدا دەبرێ، وا تێ دەگەم دۆزینەوەی ئەم ڕاستییەیە کە تا ئەو ڕادەیە دەسەڵاتدارانی چینی لە (وی هیوی) و ڕۆمانەکەی تووڕە و ئاڵۆز کردووە، ئەگەرچی سەرەتا ئەم گەمە هونەرییەیان بەسەردا تێ پەڕیوە و ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەیان داوە، بەڵام دوای بڵاوبوونەوە بۆیان ساغ بووەتەوە کە (شەنگەهای بەیبی) سەرگوزشتەی تاکە کەسیی ڕۆمانووس نییە، بگرە سەربوردەی تەواوی کۆمەڵگە و گەلانی چینە کە لەم سەردەمی عەولەمە و پێشکەوتنەدا گیرۆدەی حیکمەتی کۆن و، ئایدۆلۆجیای نەزۆکی شیوعیەت و دۆگما بوون.

شەنگەهای بەیبی چیرۆکی کیژێکی (٢٥) ساڵەی چوستوچالاک و تژی لە حەز و ئارەزووی ناوبانگ و داهێنان و خۆشەویستی ڕوحیی و جەستەییە، دەرچووی زانکۆی بە نێوبانگی (فۆدان)ی شەنگەهایە، تا دوو مانگی پێش دەسپێکی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە میدیاکار (ڕۆژنامەنووس) دەبێ، بەڵام ئێستا (لنگی لێ ڕووت کردووە) و لە کافێییەکدا کار دەکا، کۆمەڵە چیرۆکێکی ئیرۆتیکیشی بڵاو کردووەتەوە کە سەرنجی خەڵکی ڕاکێشاوە، بەتایبەتیش (پیاوان کە نامە و وێنەی سێکسی) بۆ دەنێرن، ئەگەرچی دەسکەوتێکی دارایی ئەوتۆیشی لە دوو نایەت، ئێستاش لە ئارەزووی نووسینی ڕۆمانێکدا گینگڵ دەخوا و تا دوا دوایی ڕۆمانەکەش پێوەی خەریکە.

(نیکی) تا ئەوپەڕی ڕادە خۆشیی لە (هینری میللەر)ی ڕۆمانووسی ئەمەریکایی

دێت، کە خودانی سیانەی بەنێوبانگی (الصلب الوردی-سکسۆس، بلیکۆسس، نکسۆس)ی ئیرۆتیکییە، دوای ئەویش ئەوجا (کوکو شانیل)ی ژنە فرەنسی بە نێوبانگ لە بواری جوانکاری و ئارایشت و بۆن و میکیاج بە نموونەی بالآی خۆی دەزانێ، بۆیە هاوەڵەکانی پێی دەبێژن (کوکو).

کوکو ژنێکی گەرموگوڕ و لە هەڕەتی لاویدایە و (دنیا) وەک (میوەیەکی بۆنخۆش) دەبینێ کە چاوەڕێی ئەوەیە بخورێ.

ئەم کچە پڕ لە ژیان و نیازە (هێمای نەوەی نوێ و گەلی چینی سەردەمی نوێخوازی و جیهانگەراییە) لە کافێیەکەدا، کە کاری تێدا دەکا، لەگەڵ کوڕێکدا ئاشنایەتی پەیدا دەکا (تیان تیان)، کە کوڕێکی باریک و درێژە ساڵێکیش لە (کوکو) منداڵترە، تیان تیان لە هاتوچۆکارانی بەردەوامی (گرین ستالک کافێ)یە و، لەوێ بە سەعاتان دادەنیشێ و دەخوێنێتەوە و قاوە نۆش دەکا، بەڵام بەپێچەوانەی کوکووەوە، تیان تیان مرۆڤێکی باتینی و نقنەکەر و ئینتیوائی و کەمدوو و ڕۆمانسییە (هێمای ڕێژیمی سیاسی و کۆمەڵی تەقلیدی چینە) و، لە کاتێکدا کوکوخان دنیا بە (میوەیەکی بۆنخۆش)ی پێگەیشتوو دەزانێ، تیان تیان ژیان وەک (کێکێک دەبینێ کە لە ژەهر گیرابێ).

بەڵام وەکو کوکوخان دەڵێ ئەم جیاوازیی ژیانبینییە نەک هەر لە یەکیان دوور ناخاتەوە، بگرە وەک (دوو جەمسەری نەگەتیڤی خوار و، پۆزەتیڤی ژوور بۆ یەکتریان کێش دەکا)، تا ڕۆژێکیان تیان تیان لە پارچە کاغەزێکدا بۆ کوکو دەنووسێ (خۆشم دەوێی) ئیتر دەکەونە ئەشقی یەکەوە و، هەر خێرا کوکو ماڵە باوان بەجێ دەهێڵێ و دەچێت لە کونجەکەی- شوقەکەی تیان تیاندا لە تەکیدا وەک گێرڵفرێند پێکەوە دەژێن.

تیان تیان لە کن نەنکی (دایکی باوکی) گەورە بووە، دایکی لە ئیسپانیا دەژێت و لەوێ چێشتخانەیەکی خواردنی چینی هەیە، باوکی تیان تیان جارێک بۆ سەردانی دەچێتە لای دایکی و لەوێ لە ئیسپانیا دەمرێ و خۆڵەمێشەکەی دەهێننەوە چین، دایکی شوو بە کابرایەکی ئیسپانی دەکا، نەنکی پێی وایە دایکی تیان تیان باوکی ئەوی کوشتووە بۆ ئەوەی شوو بە پیاوە ئیسپانییەکە بکا، تیان تیان لەو دوودڵییەدا دەژێ.

تیان تیان هیچ کار و بەرهەمێکی نییە، ژیان بە خەو و خواردن و خواردنەوە و خوێندنەوەوە بە خەرج دەدا، تاکە بەهرەی لە بواری وێنەکێشاندایە ئەگەرچی ناشگاتە ڕادەی کاری مەزن و پیشەگەریی، دەسکەوت و داهاتی دارایشی ئەوەیە کە دایکی لە ئیسپانیاوە بۆی دەنێرێ و ژیانێکی ناوەندیی پێی دەژێت.

خۆشەویستی نێوان تیان تیان و کوکو هەر لە ڕۆژانی سەرەتایەوە دووچاری نەهامەتی دەبێ و کوکو چی توانای جەستەیی و زانیاریی دەروونی خۆی هەیە لە خرۆشاندنی (نێرینەیی) تیان تیاندا بەخەرجی دەدا، بەڵام بێ سوود دەبێ تا دەگاتە دۆزینەوەی ئەو ڕاستییەی کە تیان تیان (پیاوەتی) نییە.

وەلێ ئەم نەهامەتییە ناگاتە ئاستی شکست پێهێنانی خۆشەویستییەکەیان، بگرە دەبێتە هۆی گۆڕینی خۆشەویستییەکەیان لە خۆشەویستییەکی جەستەیییەوە بۆ خۆشەویستییەکی ئەفلاتونی و هۆگرییەکی ڕوحیی ئەوتۆ کە بەبێ یەکتر هەڵنەکەن، کە پێم وایە دەشێ ئەم پێوەندییەیان هێمای وەک ڕێز و خۆشەویستی و پابەندیی ڕوحی نێوان کوکو و تەنانەت خودی (وی هیوی) ڕۆماننووسیش بۆ ژیانی ڕوحی و شارستانیەتی چین تەماشا بکەین، بەڵام ئاخۆ هەستی ئینتیمای ڕوحی و شارستانی و ئەخلاقی دەتوانێ پێداویستییە جەستەیی و ژیارییەکانی مرۆڤ تا سەر خەفە و سەرکوت بکا، بەتایبەتیش غەریزەی جنسی لای لاوانی نەوەی نوێ، کە لەم ڕۆمانەدا سومبلی بەردەوامی ژیان و پێشکەوتنی مرۆڤی تاک و کۆ و، هێمای کارلێک/تەفاعول و تێکەڵی و تەزاوجی جەمسەرە دژەکان و، شارستانییە جیاوازەکانە؟.

وی هیوی، کوکوخانی لاو و پڕ لە حەز و ئارەزووی سێکسی چوستوچالاک دەخاتە هەڵویستێکی دژواری ئاواوە، کوکو تا ئەوپەڕی دڵسۆزی و هۆگری شەیدای تیان تیانە، بەڵام تیان تیان (پیاوەتی) نییە و، توانای تێرکردنی حەزە جەستەیییەکان و زەواجی ئەوی نییە، کە ئارەزووی سێکسیش تینی بۆ دێنێت ئینتیما ڕوحییەکەی بۆ تیان تیان (بۆ ڕەسەنایەتی چینی) تەواو سست دەبێ، بەڵام کوکو لەم هەڵوێستەدا دۆش دانامێنێ، بگرە چارەسەرێکی گونجاو لە پرەنسیپی لە یەکتر جیاکردنەوەی (سێکس) و (خۆشەویستیی)دا دەبینێتەوە، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ بۆچوونێکی (میلان کۆندیرا)ی نووسەر و ڕۆمانوسی چیکی و دژە کۆمۆنیستی بەنێوبانگ، کە پێی وایە پیاو دەتوانێ لە تەنیشت تەنیا یەک ئافرەتدا

به دڵنیایی بنوێ، بەڵام دەتوانێ لەگەڵ هەزاران ژندا سێکس بکا، کوکو ئەم ڕوانگە (پیاوانەیەی) کۆندیرا بۆ بەرژەوەندیی ژنانە وەردەگێڕێ و، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ژنیش دەتوانێ تەنیا یەک پیاوی بەڕاستی خۆش بوێ، بەڵام بۆی هەیە لەگەڵ یەکێکی تر، یا چەندانی تردا جنس بکا.

لێرەشەوە ئیتر بڕیاری ئەوە دەدات کە لەگەڵ خۆشەویستە ڕاستەقینەکەیدا کە تیان تیانە بژێت و بەردەوام بێ، بەڵام بۆ دامرکاندنەوەی پێداویستییە بایەلۆجی و سێکسییەکەی بۆیفرێندێک بگرێت، پێم وایە ئەمەش کینایەتێکە بۆ گوزارەکردن لەو ڕاستییەی کە گەلان دەتوانن دەست بە ڕەسەنایەتی خۆیانەوە بگرن و لەپێناوی بەردەوامی و بە زیندوویی مانەوە و پێشکەوتنی خۆیشیاندا زەواجی شارستانی لەگەڵ ئەو، یا ئەوانی تردا بکەن، بەتایبەتی لەو دۆخە مێژووییەدا کە گەل بە هەموو دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی و بە سیستەمی حوکمیشەوە وەکو ئەوەی ئێستای چین، بگاتە بنبەست و خۆجوینەوە، واشی تێ دەگەم ڕێژیمی چینیش هەر وەکو من لە ڕاستیی پەیامی (وی هیوی) و ڕۆمانەکەی (شەنگەهای بەیبی) تێگەیشتون بۆیە بڕیاری ئیعدامکردنی ڕۆمانەکە و گەمارۆدان و پەراوێزکردنی ڕۆماننووسەکەیان دا، ئەگەرچی بە درەنگ وەختیشەوە بە دەست هاتن.

شانۆی ڕووداوی ڕۆمانەکەش شاری جەنجاڵی شەنگەهایە، شەنگەهای کە بە (سەری ئەژدیهای چین) ناسراوە و دەکەوێتە ڕۆهەڵاتی چین لەسەر دەریای زەرد/ دەریای باکوری ڕۆهەڵاتی چین، شاری هەرە گەورەی پیشەسازی و بازرگانی چینە، کە ڕووبەرەکەی پتر لە (٨٠٠کم٢) دەبێ و، ژمارەی دانیشتوانیشی پتر لە (١٣) ملیۆن کەسە، شارێکی پڕ لە ژیان و پێوەندیی و هاتوچۆی بیانیان و تێکەڵبوونی خەڵک و هاوولاتییانی ولاتانی جیهان و ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندیی جۆراوجۆرە.

لە هەمان کاتیشدا پڕە لە بینای فرەنۆم و شەقام و گۆڕەپان و باخچە و پارک و باڕ و چێشتخانە و نایت کلاب و جێی یاری و گەمە و شەوانی پڕ لە نهێنی و پێوەندیی.

کوکو لە چوار دێری سەرەتای ڕۆمانەکەدا دەڵێ (هەموو بەیانییەک کە لە خەو ڕادەبم لە خۆم دەپرسم دەبێ چ بکەم بۆ ئەوەی (لەم شارەدا) نێوبانگێک بۆ خۆم

پەیدا بکەم، نێوبانگ دەرکردن بووەتە ئامانج و تا ڕادەیەکیش هۆی بوونم، دەمەوێ وەک ئەو گوڵە ئەستێرانەی لە شەوانی خۆشیدا دەچن بە ئاسماندا، ئاوا لە ئاسمانی شارەکەدا پرشنگ بدەمەوە).

لە نێوان ئەم ئارەزووە سەرکێشە و، ئەو ساردی و (بێ پیاوەتییە)ی تیان تیاندا، کوکو لە ئاهەنگێکی شەوانەدا لەگەڵ کارسازێکی (ڕەجول ئەعمال) ئەڵمانیدا بەناوی (مارک) ئاشنایەتی پەیدا دەکا، مارک نوێنەری کۆمپانیایەکی ئەڵمانییە و دوور لە ژن و منداڵی خۆی کە لە ئەڵمانیای بەجێ هێشتوون، لە شاری شەنگەهای کار دەکا و دەژێت.

لە ڕووداوەکانی پاش ئەم ئاشنایەتی پەیداکردنەوە دەردەکەوێ کە مارک ڕێک ئەو (نێرینە)یەیە کە کوکو لێی دەگەڕێ و بۆ دامرکاندنەوەی حەزە سێکسییەکانی خۆی وەکو (ئامێرێک) بە کاری دەبا، ئەگەرچی دوای هەر شەوێک و دیدارێکی سووریش بێزی لە خۆی دەبێتەوە و ڕقی لە مارک هەڵدەستێ، بەڵام ئەم حاڵەتە هەر هەتا سەرهەڵدانەوەی حەزێکی تری کوکو درێژە دەکێشێ و، هەم جارێکی تر تێهەڵدەچنەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا خۆشەویستی ڕوحی کوکو بۆ تیان تیان و پێوەندییەکەیان و پێکەوەژیانیان پتر پەرە دەستێنێ.

کوکو وەک ئاوات و، بە هاندانی بەردەوامیی تیان تیان لەسەر نووسینی ڕۆمانەکەی بەردەوام دەبێ، تیان تیانیش سەرگەرمی وێنەکێشان دەبێ و، ئاکام بە هاندانی کوکو پیشانگەیەکیش دەکاتەوە، کە هەندێک دەسکەوتی دارایشی بەدواوە دەبێ.

بەڵام تیان تیان بەهۆی هەندێ برادەری خراپەوە خوو دەداتە بەنگکێشیی، هەرچەندە کوکویش یارمەتی چاکبوونەوەی دەدا، بەڵام سەرئەنجام دووبارە تێهەڵدەچێتەوە و، بە نهێنی و بە ئاشکرا دەگەڕێتەوە سەر بەنگکێشانەکەی تا تەندروستی و داراییەکەشی لەسەر دادەنێت، پێوەندییە جەستەیییەکەی کوکو و مارکیش هەر بەردەوام دەبێ ئەگەرچی خاتوو کوکو هەندێ جار هەستی خیانەت و ئازاری ویژدانی پێوە دەکێشێ، بەڵام هەر بۆ ماوەیەکی کاتی.

من مارک وەک هێمای ئەورووپا دەبینم لەم دەقەدا، پێوەندییە (جەستەیییەکەی) ئەو و کوکویش بە بانگهێشتێک تێ دەگەم بۆ دامەزراندنی پێوەندییەکی (مادی) لە نێوان چین و ئەورووپادا، کە لێرەدا خۆی لە ئەڵمانیادا نیشان دەدات.

وی هیـوی لە هـەڵبـژاردنی ئەڵمـانیـدا بـۆ دروسـتکردنی پردێک لـە نێـوان چین و ئەوروپادا (مـەبەسـت زەواجی شـارسـتانیـەتی ڕۆهـەڵات و ڕۆئاوایـە) وردەکارییـەکی نەک هـەر تەکنیکێکی هونەریی، بگرە تەکتیکێکی سیاسی بەکار بردووە، ئەویش بۆ پێـشکێـشکردنی نموونەیەکی پەسـەند بـۆ چاولێکردن، کـە ئەڵمـانیـای بەهێـزی ئابووری و سـیـاسـی و فـیکر و فـەلسـەفـە و ئەدەب و هـونەر و مـۆسـیـقـا و گـەلی ناسراوی مولتەزیمی کار و بەرهەمهێنان و بیناکردنی پاش یەکگرتنەوەی هەردوو پارچەکەیەتی.

کـە نموونـەی بەریتـانیـا و ئەمـەریکاشی بۆ چاولێکەری و شـەریکی ئـەو پردە شارستانیـە پێشنیاز نەکردووە، لەبەرئەوەی بووە کە گەلانی چین لـەگەڵ بەریتانیای سـەردەمی کـۆلۆنیـالی و داگـیـرکـردنی چیندا ڕابردوویەکی تاڵیـان دیوە و، ئەمەریکاش ئەوە دیارە پۆپەی ئەو ئیمپریالیـەتەیە کە ئەوە پتر لە نیو سەدەیە حزبی شیوعی گوێی خەڵکی چینی لە دژ پڕ دەکا، بەم شێوەیەش، واتا بە پێنشیـازکردنی ئەڵمـانیـا بۆ دۆسـتایەتی و زەواجـی شارسـتانیـەت، وی هیوی ویسـتویەتی خـۆی لە تووڕەبوونی گەلانی چین، لە ئینگلیز و، لە قـەڵسبـوونی ڕێژیمی چین بپارێزی کە بە بڕیاری پێـشـوەخت و بە بـەرنامـەی نەخـشــە بۆ داڕێژراو دوژمنایەتیی ئەمــەریکا دەکا.. نەخـشـەکەشـی هەتا تێپـەڕبوونی دەقی ڕۆمـانەکە لە سـانسـۆر و مـاوەیەک دوای بڵاوبوونـەوەکـەی سـەرکـەوتوو بوو، وەلێ هـەتا سـەر بڕی نـەکـرد، دەسـەڵاتی کۆمۆنیستی، وەکو حـەساسیـەتێکی ئایدۆلۆجی، ئەڵمانیا پێشنیـاز کراوەکەیشی وەکو باڵێک، یا دیوێکی تری ئیمـپریالیـەتە جـیـهانییـەکـە ڕەت کردەوە و، بڕیاری سووتاندنی ڕۆمانەکەی دا و بە بەرچاوی دنیاوە جێبەجێشی کرد.

ئەوەیشی کـە ناتەقلیدی و نامـەئلوف و سەرنجڕاکیشـیشـە لەم ڕۆمانەدا هیـچێک لەوانە نییـە، بەڵکو ئەوەیـە کـە ئەم ڕۆمـانی (شـەنگەهای بـەیبی)یە، بەپێـچـەوانەی هـەموو ڕۆمانە ناودارەکانی ترەوە، ململانێی تێدا نییـە و، پاڵەوانەکانی لە ناوەوە لە ئاشـتییـەکی بەرقەراردا دەژین، گرفتێکی کۆمـەڵایەتی، یا ئابووری، یا سیـاسی، یا تەنانەت دەروونی و، چارەسەرکردنیان بەرجەسـتە و وێنا و، پێشنیـاز ناکات، وەکو لە ئوسوڵی ڕۆمانی جیهانیدا بووەتە باو و داوونەریتێکی نەگۆڕ.

کـوکـو تا ئەوپـەڕی سنوور تیـان تیـانی بـێ پیـاوەتی خـۆش دەوێ، بـەڵام بۆ دابینکردنـی پێداویسـتییـە جـەسـتـەییـەکەی، لەگـەڵ مـارکی ئەڵمـانیـدا پێوەندیی

سێکسی توندوتۆڵی هەیە، مارک ژنە ئەڵمانییەکەی خۆی- دایکی منداڵەکانی تا سەر ئێسک خۆش دەوێ، دەشزانێ و دڵنیاشە لە خۆشەویستی نەگۆڕی کوکو بۆ تیان تیان، بەڵام لەبەرئەوەی لە ژنەکەی دوورە پێویستییە سێکسییەکەی خۆی وەکو مەنفەعتێکی دوو لایەنە لای کوکوخان دابین دەکا.

دەوروبەری هەردووکیشیان لە دایک و باوک و خزم و کەس و دۆست و برادەران و کۆنە بۆیفرێند و گێرڵفرێند هەموو بەم پێوەندییە مەنفەعیەی کوکو و مارک دەزانن، بەڵام کەس غیرەیان لێ ناکات و کەس و کۆسپیان بۆ نانێتەوە، تەنانەت (مادۆنا)ی کۆنە گێرڵفرێندی تیان تیانیش کە نەک هەر ڕێگریان لێ ناکات بگرە دۆستایەتییان دەکا و یارمەتیشیان دەدا، کە ئەمەش بۆخۆی دەرچوونێکی ترە لە ڕێسای باوی ڕووداوی چیرۆک کە پاڵەوان لە گەیشتن بە ئاوات و دڵخوازی خۆی هەردەم دووچاری تەگەر دەکرێ و پاشان یارمەتیدەرێک لێی دەپەڕێنێتەوە.

نەک هەر کەسانی پلەی دووی هاوکێشەکە، بگرە خودی تیان تیانیش بە پێوەندییە جەستەیییەکەی کوکو و مارک دەزانێ، بەڵام ڕێیان لێ ناگرێ.

هاوکێشە ڕوحی و جەستەیییەکانی هەرسێ لایەنی پێوەندییەکانیش ئاکام ئاوا هاوسەنگ دەبنەوە: تیان تیان دەست لە (جەستە)ی کوکو هەڵدەگرێ بۆ مارک و بە وەدەست هێنانی (دڵ)ی دڵی دادەکەوێ، مارک بەپێچەوانەوە (جەستە)ی کوکو وەدەست دێنێ و واز لە (دڵ)ی دێنێ بۆ تیان تیان.

کوکویش بە خواستی خۆی (دڵ) دەدا بە تیانتیان و، (جەستە)یشی بە مارک بەم شێوەیەش ئاشتییەکی گشتگیر فەزای دەقەکە دادەگرێ، کە ململانێیەکی نهێنی لەگەڵ سیستەمی نەزۆکی تۆتالیتاری داخراوی چیندا ڕادەگەیەنێ کە لە دەرەوەی دەقەکەدا و، لە شێوەی بنیاتێکی دیماگۆگیدا کار دەکا، بەبێ ئەوەی هیچ حوزوورێکی لە دەقەکەدا هەبێ، لە کۆتایشدا مارک بە دوای کاری خۆیدا سەفەر دەکا و چین و کوکو بەجێ دەهێڵێ و، تیان تیان لە ئەنجامی نەخۆشی و بەنگکێشانەوە دەمرێ و، کوکویش بەو هەموو حەز و ئارەزوو و هیواو ئاوات و چالاکی و پێداویستییە ڕوحی و مادیەوە بە تەنیا دەمێنێتەوە، بەڵام پرۆژەی داهێنانەکەی دەباتە سەر و ڕۆمانە چاوەڕوان کراوەکەی تەواو دەکا.

* لە کۆواری (نووسەری نوێ)ی ژمارە (٤٠)ی (ک-٢)ی ٢٠٠٨دا بڵاو کراوەتەوە.

٢

## شووکردن بە بودا

دوای ئەو ساڵانەی نەفرەت لێکردنە فەرمییەی حزبی شیوعی و حکوومەتی چینی لە (وی هیوی)ی ڕۆماننووس و، ڕۆمانە بەنێوبانگەکەی (شەنگەهای بەیبی)یان کرد و، بەوە نووسەرەکەیان تۆمەتبار کرد کە (کۆیلەی کولتووری بیانییە) و، بە بەرچاوی ڕای گشتی چینی و جیهانییەوە بە دەیان هەزار دانەیان لە ڕۆمانەکە لە کەرنەڤاڵێکی (!) ناشارستانیدا سووتاند، شەنگەهای بەیبی و نووسەرەکەی (وی هیوی) لە جیهاندا دەنگی دایەوە و لە ماوەیەکی کورتدا وەرگێڕدرایە سەر پتر لە (٢٠) زمانی زیندووی جیهانی و بە سەدان بابەت و لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسرا و (بە کوردیش من لەسەرم نووسی)، چەندان خەڵاتی جیهانیی بە نووسەرەکەی بەخشرا و بانگهێشتی زۆر وڵات کرا، وەک: ئەمەریکا و ئیسپانیا و ئەرجەنتین و... لەوێش لەلایەن زۆر داوودەزگا و خانەی بڵاوکردنەوە و دامەزراوەی ڕۆشنبیریی و ئەدەبییەوە و، تەنانەت لەلایەن نووسەران و جەماوەری خوێنەرانیشییەوە پێشوازیی شایستەی لێ کرا.

لەم کەشە پڕ لە کێشەیەدا وی هیوی ڕۆمانی (شووکردن بە بودا)ی نووسی و بڵاو کردەوە، شووکردن بە بودا لە ٢٠٠٢دا نووسراوە و لەلایەن (خالد الجبیلی)یەوە کراوە بە عەرەبی و (خانەی جەمەل لە ئەڵمانیا لە ٢٠٠٨دا، بە (٣٠٤) لاپەڕەی قەوارە ناوەندیی چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.

بە بۆچوونی من (شووکردن بە بودا) دیوێکی تر، یا (تەنویعە)یەکی تر، یا دەتوانین بێژین درێژەپێدانی ڕۆمانی (شەنگەهای بەیبی)یە.

شووکردن بە بودایش وەک شەنگەهای بەیبی ڕۆمانێکی ئیرۆتێکی بوێرانەیە و قسە لە پێوەندییە سێکسی و جەستەییەکان دەکا، زۆربەی ڕووداوەکانیشی لە ئۆتێل و چێشتخانە و باڕ و نایت کلاب و خەڵوەتخانە و کونج-شوققە تایبەتییەکان و لە فەزای خواردنەوە و سەرمەستیدا ڕوو دەدەن، پێوەندییە ناشەرعی و، نایاسایی و، شازەکانی نێر و مێ وێنا دەکەن.

لەمانەش گرینگتر ئەوەیە کە کارەکتەری سەرەکی هەردوو ڕۆمانەکەش هەر یەک کەسە کە (کوکو)ی ڕۆژنامەکار و ڕۆماننووسە و، بەهەمان شێوە و شێوازی

خۆیەوە لە هەردوو ڕۆمانەکەدا دەژێت و دەنووسێ، هەردوو ڕۆمانەکەش بە کەسی یەکەمی تاک (من) دەگێڕێتەوە ئیتر سەربەخۆ بێ، یا لکاو.

لە رووی پەیامیشەوە (شووکردن بە بودا) بەرگرییەکە لە (شەنگەهای بەیبی) و وەڵامدانەوە و بەگژداچوونەوەی ئەو تاوان و تۆمەت و گومانانەیە کە دەسەڵاتی فەرمیی چین لە دژی شەنگەهای بەیبیان بەرپا کرد، ئاخر ئەوان بۆ ئەوەی جەماری بەرفراوانی چینی بە گژدا بکەن، وی هیویان بەوە تاوانبار کرد کە (کۆیلەی کولتووری بیانییە).

وەکو وەڵامێک بۆ ئەم تاوانبارکردنە هیوی لە (شووکردن بە بودا)دا چەندان ستراتیجی بەکار بردووە، یەکەمیان، کە هەر لە ناونیشانی ڕۆمانەکەوە دیارە، گەڕانەوەیە بۆ کولتووری ئاینی بودایی، دووەمیشیان گەڕانەوەی (کوکو)ە بۆ چین، بۆ شەنگەهای و لەوێشەوە بۆ زێدی لەدایکبوونی، کە دوورگەی (بۆتوو) و، ئەو پێوەندییە روحییەیە کە لەگەڵ کاهینی ئەو پەرستگەیەدا دەیبەستێت، کە (٢٩) ساڵ پێشتر بەشێوەیەکی ناوادە تێیدا لەدایک بووە.

سێیەمیشیان ئاماژەدانە بە هەندێک پەند و ئەفسانە و، جیڤانۆکی ڕەسەنی چینی و بایەخدانە بە هەندێ خواردن (جاتوو..) و، یاری باوی وەک (دامەی چینی، گۆ و، ماهگونگ و..) کە یاریگەلێکی کەلەپووری ئاماڵپێرۆزی بودایین، لەگەڵ لەبەرکردن و ستایشی جلوبەرگی تەقلیدیی ژنانە (کیباو)ی چینی، کە هەموو ئەمانە پێکەوە سروشتێکی میللی و، کەشێکی کەلەپووری لە دەقەکەدا دەرەخسێنن و، پێکەوە وەڵامێک و ڕەتکردنەوەیەکە بۆ ئەو کەس و لایەنە فەرمییانەی کە (وی هیوی)یان بە کۆیلەیەتی بۆ کەلەپووری بێگانە تۆمەتبار دەکرد.

لەمانەش بترازێ (کوکو) تەنانەت لە گەشتەکانی و لە ناوەوە و لە هەندەرانیشدا بە زۆری پۆشاکی ئاورێشم-هەریر لەبەر دەکا و شانازیی پێوە دەکا وەک ئەوەی کە هێمای چین و نیشانەی وردەکاری و دەسرەنگینی خەڵکی ئەو وڵاتەیە و چینی پێوە ناسراوە و لە هەموو شوێنێکدا بۆ (کوکو) دەبێتە شوناسنامە نیشتمانی، ئەگەرچی لە دەنگی دادڕینی (شیرە)ی ئاوریشمدا لەزەتێکی جنسی و، هۆیەکی لە ڕادەبەدەری وورووژاندنی جەستەی ژنانە و ئارەزووەکانی خۆی دەبینێ و، لە پۆپەی کاری سێکسیدا جارێک داوا لە (موجو)ی یابانی و، جارێک داوا لە (نیک)ی

ئەمەریکی دەکا کە جلە ئاوریشمینەکانی لەبەردا داتلیشێنن، موجو و نیک دوو دۆست– عەشیق– بۆیڤرێندی ئەون.

من بۆ خۆم ئەم خووە سێکسییە نائاساییەی کوکو وەک هێمایەک دەخوێنمەوە، هێمایەک بۆ پێویستی ڕزگاربوونی مرۆڤی چینی لەو هەموو بیرۆکە تەقلیدییە وردانەی کەلەپوور و کولتووری چین، کە بواری جوڵانەوە و ئازادییەکان لە مرۆڤی تاکی چینی دەگرن، ئەم ئارەزووەی کوکو بۆ لەبەر دادڕینی جلوبەرگە تەنگە (کیباو)ە ئاوریشمینەکەی بەری وەک ئارەزووی ئەو (کرمە ئاوریشمە) دەبینم، کە بۆ خۆڕزگاکرن لەو قۆزاخە–تۆپەڵە دەزووە لە ئاوریشمەی دەدا کە بەخۆی لە دەوری خۆی دەئاڵێنێ و خۆی تێدا پەلبەست دەکا و یا دەبێ بیپسێنێ یا دەبێ تێیدا بتۆپێ.

وی هیوی بەم ستراتیجانەوە نەک هەر بەرگری لە نیشتمانپەروەریی خۆی و، ئەو واقیعبینیەی ڕۆمانی پێشووی (شەنگەهای بەیبی) دەکا، بگرە لە ڕۆمانی (شووکردن بە بودا)دا بە سووربوونیشەوە بەردەوامە لەسەری، لەگەڵ گۆڕانکارییەکی گرینگ لەو نموونەیەی کە لە ڕۆمانی یەکەمدا بۆ دەربازکردنی چین لە قۆزاخەی ئایدۆلۆجی دۆگمایی و پەڕینەوە لە تەنگژە شارستانی و ئابووری و سیاسییەکانی پێشنیازی دەکا.

ئەمەش لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییەدا دێت کە بەسەر پێوەندییە ڕوحی و جەستەییەکانی (کوکو)ی کاراکتەری سەرەکی هەردوو ڕۆمانەکەدا دێتە کایەوە، کوکو لە شەنگەهای بەیبیدا بۆ دابینکردنی پێداویستییە ڕوحییەکانی، خولیای (تیان تیان)ی تلیاککێش و لە پیاوەتی کەوتووی هاووڵاتیی چینی خۆی دەبێ، بەڵام پێداویستییە مادی و جەستەیی و سێکسییەکانی بە (مارک)ی ئەڵمانی تێر دەکا.

(تیان تیان) لە شەنگەهای بەیبیدا هێمای وڵاتی چینی قۆزاخە کردووی شیوعی و گیرخواردووی ناو ئایدۆلۆجیای دۆگمای تۆتالیتاریایە و، (مارک)یش هێمای ئەڵمانیا و ئەو نموونەیەیە کە بۆ چاولێکردن وی هیوی لە شەنگەهای بەیبیدا پێشنیازی دەکا.

بەڵام لە (شووکردن بە بودا)دا کوکو دوو دۆست– بۆیفرێندیی هەیە: (موجو)ی بەڕەگەز ژاپۆنی کە لە نیویۆرک دەژێت و کوکو خۆی دڵی چووە و بە دوایدا وێڵە،

دووەمیشیان (نیک)ی ئەمەریکایی ڕەگەزە کە ئەو بۆ خۆی خولیای کوکو لەسەری داوە و شـوێن بەشـوێن و وڵات بە وڵات بـە دوای کـوکـوەوەیە، تا لـە شـەنگەهای تاسەی سێکسی لێی دەشکێنێ و، هەر پاش چەند کاتژمێرکێش ئەوجا (موجو) لە ژاپۆنەوە دێتـە شـەنگەهـای و، ئەویش بەبێ ئەوەی ئاگـای لـە (نیک) بێت، لەگـەڵ کوکودا جووت دەبن و، پاشان نیک و موجویش، چین و کوکویش بە سکی پڕەوە بەجێ دەهێڵن، کە بەخۆیشی نازانێ سکەکەی لە کامیانە و، بەلایشێوە گرینگ نییە ساغی بکاتەوە منداڵەکەی هیی کامیانە، کارەکەش لە شاری پیشەسازیی شـەنگەهایدا دەکرێ کـە چینییـەکان وەک (سـەری ئەژدیهـای چینی) تـەماشـای دەکەن.

من بوونی (موجو)ی ژاپۆنی و، (نیک)ی ئەمەریکایی لە ڕووداوکانی (شووکردن بە بودا) و، سکپڕبوونی (کوکو)یش لە شەنگەهایی پایتەختی پیشەسازیی چیندا، بە ڕێککەوت نازانم، بگرە لە پشتی ئەم کەس و ڕووداوانەوە بانگهێشتێکم گوێ لێیە بۆ ئەوەی چین خۆی دیوارە مادی و مەعنەوییەکانی دەرباز بکا و، ڕێچکەی ئەزموونی لیبراڵی و پیشەسازیی ئەمەریکا بگرێ کە لەم دەقەدا (نیک) هیمایەتی، یا بەدوای ئەزموونی ژاپۆندا بکەوێ کە (موجو) سومبولێتی.

ئەو دەنگە ئاسمانییەشی کە لە خەوندا بانگ لە کوکو دەکا (شـوو بە بودا) بکە تەنیا ئاماژەیەکە بۆ کەلەپوور و کولتووری هاوبەش، یا لێکتر نزیکی ئاینی گەلانی چین و ژاپۆن و، لە کاتی لە دەستچووشدا دێت، کە کوکو ئیتر سکی پڕە، ئەگەرچی نە دەشـزانێ و نە بەلایشـیـەوە گـرینگە بزانێ لە (نیک)ی ئەمـەریکاییـیـە، یا لە (موجو)ی ژاپۆنی، لە کاتێکدا خۆی ئاشقی موجویە و هەر بۆ پڕکردنەوەی غیابی موجو و لـە سەر پێداگیری نیکە بۆ نیک دەوەستێت، گەڕانەوە بۆ بوزا لە کاتی کار لەکارترازاندا ڕەنگە هەر بۆ ڕەواندنەوەی دوڕدۆنگی مێژوویی چینییـەکـان بێ بەرامبەر بە ژاپۆنییەکان، کە لە دەقەکەدا پتر لە جارێک ئاماژەی پێ دراوە، بودا ئەو خاڵە هاوبەشەیە کە دەشێ ببێتە مایەی پێکگەیشتن و بنیاتنانی ئاشتەواییەک کە چین تێیدا زۆرتر سوودمەند دەبێ بۆ دەربازبوون لە تەنگژە جۆراوجۆرەکانی و گەیشتن بە کـاروانی شـارسـتـانیـەتی نوێدا، ئەگـەر نا ئەوە ئەمـەریکا بەوپەڕی ئارەزووەوە لە دوای چینە بۆ ئەوەی بەرەو ئەزموونێکی لیبـراڵی و سـەرمـایەداری پاڵی بنێت.

وی هیوی خاوەنی شێوازێکی شەفافی روونە، هەموو شتەکان لە ئەزموون و ژیانی ڕۆژانەی کارەکتەرەکەیەوە هەڵدەکوێزێ، زۆر بە کەمی ئاماژەی فەلسەفی و سایکۆلۆجی و ڕووداوی مێژوویی لە ڕابردووی دوورەوە، لە دەقی ئەودا دەبینرێن، ڕستەی وی هیوی بە زۆری کورت و سادەن، وەسف لای ئەو زۆربەی کات کورت و خێران، بۆیە نەک هەر (گێڕانەوە) ڕاناگرن، ڕووداوەکان لە ڕابردووی نزیک، یا ڕاستتر بێژم لە ڕووداوی هاوچاخی کاراکتەر خۆیەوە وەردەگیرێن، بیری ڕاگوزاری بێ مەبەست و بەخۆدا چوونەوەی درێژ و هێنان و بردی فەلسەفی و سایکۆلۆجی زۆر دەگمەنن لای کەسایەتییەکانی، ئەگەر هەشبن لە سنووری ئاماژە تێپەڕ نابن، ئاماژەگەلێک کە بۆ ڕوونکردنەوە بەسن، دیالۆگیش لای وی لە ڕێی ڕێکخستنی دیمەن= مەشهەدەوە نییە، بگرە بەزۆری لە ڕێی گێڕانەوەی ناڕاستەوخۆی قسەکانەوەیە، کە هەموو کات لەنێو جووتکەوانەدا دایان دەنێ، بەمەش کاتێکی زۆر بۆ خۆی دەهێڵێتەوە کە لەوانەیە شێوازی دیمەن- مەشهەد لە دەستی بەرێت، گوتیشم ڕۆمانی (شووکردن بە بودا) تەواوکەری ڕۆمانی (شەنگەهای بەیبی)یە، بەڵام لە ڕاستیدا دوو ڕۆمانی سەربەخۆن و هەر یەکەیان تام و چێژی خۆی پاراستووە و وەکو ڕۆمانگەلێکی جیاوازیش دەتوانن کەسایەتی خۆیان لە قەوارەی تایبەتیی خۆیاندا بپارێزن و بەجوانیی خۆیانەوە بژین و خۆیشیان نمایش بکەن.

تێبینی: بۆ بەسەرکردنەوەی ڕۆمانی (شەنگەهای بەیبی) بروانە نووسینێکی تری نووسەری ئەم دێرانە، کە لە کۆواری نووسەری نوێ/ژمارە-٤٠ی ساڵی ٢٠٠٨دا بڵاو کراوەتەوە.

هەولێر-نیسانی ٢٠٠٩

* لە کۆواری (نووسەری نوێ)ی ژمارە (٤٦)ی تەمووزی ٢٠٠٩دا بڵاو کراوەتەوە

## فرەنۆمی یاکۆبیان
## رۆمانێکی سەرنجڕاکێش بەبێ یەکەتیی ڕووداو

فرەنۆمی یاکۆبیان، ڕۆمانێکی میسری سەرنجڕاکێشە، لە نووسینی پزیشکێکی ددان (عەلا ئەسوانی)، کە ئەمە یەکەم جارە ڕۆمان دەنووسێ و پێشتر تەنیا دوو کۆچیرۆکی کورتی بلاو کردووەتەوە: کۆمەڵەی ئەوەی نزیک کەوتەوە و دیتی و، کۆمەڵەی چاوەڕێکارانی پێشەوا. کە بریتین لە (١٧) کورتە چیرۆک و لە ٢٠٠٨دا بە ناوی (ئاگری دۆستان)ەوە لە یەک بەرگدا چاپی کردنەوە.

فرەنۆمی یاکۆبیان لە پێشدا بەشێوەی بەش بەش لە ڕۆژنامەی (ئەخباری ئەدەبی)دا بلاو کراوەتەوە و، لە ٢٠٠٢یشدا کتێبخانەی مەدبولی لە قاهیرە لە (٣٤٨) لاپەڕەی ناوەندیی چاپی یەکەمی لە شێوەی کتێبدا لێ بلاو کردەوە، دوای ئەوەش لە ماوەی (٤) ساڵدا، واتا تا ٢٠٠٦ نۆ جاری تر چاپ کراوەتەوە، ئەمەش شتێکی کەم وێنەیە بۆ ڕۆمانێکی عارەبی و، نۆبەرەی ڕۆماننووسێک.

ڕۆمانەکە تا ئێستا کراوەتە فرەنسی، ئەڵمانی و، ڕووسی و.. هتد و، بە عەرەبی و بەو زمانانەش پتر لە (٢٠٠) بابەتی ڕەخنەیی و ڕۆژنامەوانی و هەواڵی لەسەر بلاو کراوەتەوە و، ڕۆماننووس هەندێکیانی خستووەتە پاشکۆی کتێبەکەوە کە هەندێکیان هیی نووسەری خاوەن ناون وەک: جەمال غیتانی، فەریدە نەقاش، جەلال ئەمین، ئەحمەد ئەلخەمیسی و هیی تریش.

فرەنۆم (لە شیعرێکی دۆستی هەردەم ئەزموونگەرم عەباس عەبدولا یووسف)م خواستووە و لێرەدا لە جیاتی ئەپارتمان-عیمارە بەکاری دەبەم، فرەنۆمی یاکۆبیانیش بیانەیەکی ڕاستەقینەی دە نهۆمییە و، دەکەوێتە چوارڕییانی تەڵعەت حرب، لە شەقامی سلێمان پاشا لە (نێوەندی شار)ی قاهیرەی پایتەخت، کە لە ئەدەبی میسریدا هێمای شارستانی و کۆمەلایەتی و ئابووری زۆری هەیە.

فرەنۆمی یاکۆبیان ئەپارتمانێکی گەورەی (١٠) قاتە و بریتییە لە (٥٠) کونج-

شـوقـەی (٨ تـا ١٠) ئۆدەیی و، لە سـەرەوەیشـی (٥٠) ژووری بچکۆلـەی یەک، دوو مـەتری چوارگـۆشـەیی تێدایە کـە سـەرەتا وەک کۆگا بۆ مـاڵەکـانی خـوارەوە و، بۆ هەڵگرتنی شـتومـەک و، دواتر بۆ بەخێوکردنی سـەگ و ئاژەڵ بەکار براوە و، ئینجا بۆ جـێی خـەوتن و حـەوانەوەی کـارەکـەر و خـزمـەتکارەکـانیـان و، لـە سـەردەمی ڕوودانی ڕۆمـانەکەشـدا بووەتە جـێی حـەوانەوە و نیشـتـەجێبـوونی خێزانە هەژار و کەمدەرامەتەکان ئەگەر بە پاڕانەوە و ڕیشوەت یەکێکیان لەو ژوورانە دەست بکەوێ کە زۆرتر لە (گۆڕ) دەچن و دەرگە و پەنجەرەیان خڕ لە ئاسن و لەوحن.

بینایـەکـەیش بینـایەیەکی کۆنـە و، دەمـچـەرمـووی ئەرمـەنیـانی مـیسـر ملیۆنێر (هاکوب یاکۆبیان) لە سـاڵی ١٩٣٤دا لەسـەر دەسـتی چەند وەسـتا و هونەرمـەند و ئەندازیـارێکی ئیـتـاڵی بە مـاوەی دوو سـاڵ بـە پێـوەیان ناوە و، ڕووەکـەشـیـان بە پەیکەری چەند دەموچاوێکی گریک ئاسا نەخشـاندووە، لە دیوی ناوەوەیش لەسـەر بەردێک ناوی خاوەن فرەنۆمەکەیان هەڵکەندووە: هاکوب یاکۆبیان.

دانیـشـتـوانی فـرەنۆمـەکـەیش سـەرەتا هەنـدێ مـاڵە وەزیر و پاشـا و خـێـزانی پایـەداری کـۆمـەڵایەتی و ئـابووری بوون، پـاش شـۆڕشـەکـەی ١٩٥٢یش گـەورە ئەفسـەران و دەسـەڵاتدارانی سـەر بە ڕێژیمە نوێیـەکەی جـەمـال عـەبدولناسـر وردە وردە کونجە- شوقە گەورەکانی ئەپارتمانەکە داگیر دەکەن و ژوورە گۆڕ ئاساکانی سەربانەکەیشی بۆ خزمەتکار و گزیر و پاسەوانایان بەکار دەبەن.

بەڵام ئـێـسـتـا- ئێـسـتـای دەسـپـێکی ڕۆمـانەکـە فـرەنۆمـەکـە بووەتە جـێی نیشتەجێبوونی خەڵکێکی هەمەچیزەی کۆمەڵایەتی و خێزانی پلە و پایە نزم و سەر بە ئاین و چینی جـیـاواز و، هـەمـەڕەنگ و هـەمـەکـارە، کـە ئەوەی پێکەوەیان کـۆ دەکاتەوە تەنیـا هەر فرەنۆمەکەی یاکۆبیانە، بەمەش شێوە و سروشتی (میسرێکی بچـووک) لە خـۆی دەگـرێ کـە عـەلا ئەسـوانـی دەیکاتـە شـانۆی ڕووداوەکـانی ڕۆمانەکەی.

لە ڕاستیشدا لە هونەری چیرۆکی جیهانی و تەنانەت لە ئەدەبی عەرەبیشدا عەلا ئەسـوانی یەکـەم کـەس نییـە (شـوێنی گـچـکـە-مـینی شـوێن)ی کـردبێـتـە گـۆڕەپانی ڕووداوی ڕۆمان.

مـایکرۆشـوێن وەکـو: خـان، ئۆتێل، ئەشکەوت، دوورگـە (وەک ئەوەی ڕۆبـنسـۆن کرۆسـۆ-ی دیفـۆ)، کـەشـتـیی ئاسـمـانی (وەک ئەوانەی ڕۆمـانی خـەیاڵی زانسـتی)،

کەشتیی دەریایی (وەک لە مۆبی دیک-ی ملمڤیل دەبینرێ)، ی کڵێسە (وەک ئەوەی هۆگـۆ لە کـووڕەی نۆتردام کـردوویەتی)، لـە زۆر ڕۆمـان و چیـرۆکـدا تەنانـەت لە ئەدەبی میسری خۆیشیدا ئەم جۆرە شـوێنە بەکار براون لەوانە نەجیب مەحفوزی میسری کە لە (أولاد حارتنا)، (خان الخليلي) و (ثرثرة فوق النيل)یشدا سوودی لەم مینی شـوێنە دیوە، کـە یەکـەمـیان گـەڕەکێکە و، دووەمـیان بازاڕێکی بەنێـوبانگی لەمێژینەی قاهیرەیە و، سێیەمیشیان، واتا (ثرثرة فوق النيل-چەقەچەقێک بەسەر نیلەوە) لەسەر بەلەمێک لە ئاوی نیل لە قاهیرە ڕوو دەدات.

ئەم مـینی شـوێنـە بۆ ڕۆمـاننووسـێک تەرکـیز لەسـەر شـوێنێک، یا کـەسـێک، یا کـێـشـەیـەک، یا بابەتێکی دیاری کـراو بکا زۆرجـار سـوودی فـرەی دەبێ، چـونکە دەبێتـە چێوەیەک و هـەمـوو ڕەگەزەکانی ڕۆمانەکە لە کەسـەکان و لە ململانێیـەکە و تەنانەت لە پەسن و کۆنترۆڵکردنی ڕووداوەکان و بەدوادا چوونیشیان بۆ نووسەر و تەنـانەت بۆ خـوێنەریـش ئاسـان دەکـا، وەلێ جـوولانەوە و کـارکـردن لـە شـوێنی چێـوەدار و مـایکرۆشـوێندا ئەویش کـارێکی ئـاسـان نـیـیـە وەک لە ڕواڵەتدا خـۆی نیشان دەدات.

شـوێنی داخـراو ڕێگەی پەلهاوێشتن لە نووسـەر دەگرێ، ڕادە و ڕێژەی وەسـفی دەوروبەر و دیوی دەرەوەی کـەسـەکـان و ژمـارەیان بەرتەسـک دەکـاتەوە، بـەلام لە هەمـان کـاتیـشـدا هـەلی دەروونشـیـکاری پاڵەوانـەکـان و، وەسـتـانـی زۆر لەسـەر وردەکـاری ڕووداوەکـان و ڕۆڵی کـەسـە سـەرەکی و تـەنانـەت لاوەکی و، ئـەو کارەکتەرانەش ئاسان دەکا کە بەشێوەیەکی کتوپڕ و بۆ ماوەیەکی درێژ، یا کورت دێنە ناو ڕووداوەکانەوە و کاری ئەرێنی، یا نەرێنی لە ڕەوتی بەسەرهاتەکە دەکەن.

عـەلا ئەسـوانی تا ڕادەیەکی باش سـوودی لـەم مـینی شـوێنەی (فـرەنـۆمی یاکۆبیـان) دیوە، یـەکـەم: لەبەرئەوەی فرەنۆمـەکە لە هـەمـوو خـاوەن پێشـە و چین و توێژ و تەمـەن و ئاین و سروشـتـە دەروونیـیـەکان خـەڵکێکی زۆر لە خـۆی دەگرێ، دووەم: لەبەرئـەوەی کـەسـانی سـەرەکی ڕۆمـانەکـەی چ بۆ کـار و فـەرمـان و نان پەیداکـردن، چ بۆ ڕابواردن و کـات بەسـەربردن، چ بۆ ئەرکی تر و لەبەر هـۆی تر ئازادیی دەرچوون و دوورکەوتنەوەی کاتی و، گەڕانەوەیان هەیە بۆ ئەپارتمانەکەی کـە بۆیان بووەتە نیـشـتـمـان، بەمـە ڕەهەند و ڕووبەرێکی تر دەچێتـە سـەر مـینی شوێنەکە بۆ ئەوەی ڕۆمـاننووس و کـارەکتـەرەکانیش بتوانن، ئەوەندەی کە ژیانی

ڕۆژانە و، گۆڕانکاریی پێـویست دەکـەن، لـە ڕەهەندێکی فـراوانتـردا بێن و بچن، بەمـەش هەم بواری پەلوپۆ هاوێشـتنی نووسـەرەکە و، هەم پاڵەوانـەکانیش سـاناتر دەبێ، هەم خـوێنەریش لە بازنەیەکی دیـاریدا هەست بە گۆڕانکاری دەکـا و، بێزار نابێ و لەسـەر خـوێندنەوە بەردەوام دەبێ، وەک سـەردانی هەندێ لە دانیـشـتـوانی ئاپارتمانەکە بۆ باڕی شینۆ، مەکسیم، یانەی ئۆتۆمۆبێل، چێشتخانەی ڕۆهەلات لە ئوتێل شـیـراتۆن و، دەرچوونی (بوسـەینـە) بۆ کـارکـردن لە پـیـشـانگەی شنین و، هاتوچۆی تەها شـازلی بۆ کۆلێج و دواتر سـەفـەرکردنی بـۆ حەلوان بۆ مـەشـقکردن لەسەر کاری تیرۆریستی و، شوێنی تریش.

لە هەمـان کـاتیـشـدا کـەسـانی وەک مـحـەمـەد عـەزام و زەکی دسـوقی و هاشم ڕەشـیـدیش هەن کە لە دەرەوەی فرەنۆمی یاکۆبیـان دەژین، بەلام نـووسـینگەیان لە عیـمارەکەدا هەیە، یا بۆ کاری تایبـەتیی خـۆیان هاتوچۆی دەکـەن، بـەم شـێـوەیەش ژیانێکی گـەرمـوگـوڕی ڕۆژانە و تێکەلاوییـەک لە بینایەی یاکۆبیـاندا دروست دەبێ، کە ڕاستگۆیی و واقیـعییـەتێک بە پێوەندیی کەسـەکان و تێکچـڕژانی ڕووداوەکان و پەرەسەندنیان دەدات.

لە ڕاسـتیـدا کاریگەریی نەجیب مەحـفـوز لەسـەر عەلا ئەسوانی هەر هەڵبـژاردنی (مـینی شـوێن) نیـیـە بەتـەنیـا، بگرە لە (تـەیمە)ی ڕۆمـانەکـەشـدا کـاریگەریی زۆری بەسـەرەوە هەیە، کە نیشاندان و وێناکردنی کاریگەریی شۆڕشی ١٩٥٢ و، ڕێژیمی حـوکمی ناسـریە لەسـەر کۆمەڵگەی میـسـری و ژیانی خـەلکەکەی کاتێک کە هەمـوو یاسا و ڕێساکانی ولات سـەروبن دەبن و، چین و توێژی سـەرمایەدار و ڕۆشنبیر و برژوای ولات تێک دەشکێن و، زۆر کـەسـی بیـانی و جـووەکـان و زۆر لە خـاوەن تواناکـان مـیـسـر بـەجێ دەهێـلن و، ئیـدارە و دەسـەلات دەست کـەسـانی ناشـی و هەلپـەرست دەکـەون، کـە لـە ڕێی حـزبایەتیـیـەوە دەست لـە کـاروباری خـەلک و چارەنووسـی ولات وەردەدەن و لـووت لـە بـواری دارایی و بـازرگـــانی دەژەنن و، ئیدارەی جەمـاوەر داگیر دەکەن وەک (حاجی مـحەمـەد عەزام) کە لە بۆیاخـچێتی پێلاو و بازرگانی بەنگ و حـەشیشـەوە دەگاتە ئەندامـەتی پەرلەمـان و بە شـەریکی لەگـەل (پیـاوی گـەورەی ولات) دەست بەسـەر بازرگـانی کـڕین و فـرۆشـتنی ئۆتۆمۆبێلی یابانی لە میسردا دەگرێ. یا کەسایەتی وەک (کەمالی ئەلفولی) کە لە خێزانێکی هەژارەوە سـەرهەلدەدا، بـەلام لە ڕێی ئەم حزب و ئەو حزب و (سـەنگەر

گۆڕینەوە) لەمیانەوە بۆ ئەوەی تر بەپێی بارودۆخیان، سەرەتا لە دەستەی ڕزگاری و، ئەوجا بۆ یەکەتیی نەتەوەیی و، لەوێشەوە یەکەتیی سۆشیالیستی عەرەبی (اتحاد الاشتراك العربي) و دواتر بۆ ڕێکخستنی پێشەنگ و، بۆ مینبەری ناوەند و، دوای ئەویش بۆ حزبی میسر و، تا دوا جار لە حزبی نەتەوەییدا خۆی دەگرێتەوە، ئەمبەر و ئەوبەر دەکا، تا دەبێتە بەرپرسی بەشی ڕێکخستن لە حزبی ناوبراو و ئیتر کەس ناتوانێ لە پەرلەمانی میسردا ببێتە ئەندام ئەگەر ئەو نەیپاڵێوێ و ئەو پشتیوانی نەکات، ئەویش کەس ناپاڵێوێت و پشتیوانی لە کەسیش ناکات بەبێ ڕیشوەت و وەرگرتنی ملیۆنەها جونەیهی پێشەکی، وەک ئەو سەودایەی کە لە دوا هەڵبژاردندا بۆ بەرژەوەندی محەمەد عەزام دەیکا لە دژی (ئەبوحمێدە)، کە پێ دەچێ لای جەماوەرەکە لە محەمەد عەزام لە پێشتریش بێت، بەڵام چونکە عەزام پارەی بە گەرەنتی داوەتە کەمال ئەلفولی لێی دەباتەوە.

بەرامبەر بەم کەسە هەلپەرستە گەندەڵانەش کە دەرهاویشتەی شۆڕش و ڕێژیمی ناسرین کەسانی تری وەک ئەندازیار زەکی عەبدول عال پاشای دسوقی کوڕە وەزیری سەردەمی پێش شۆڕش و، دەرچووی ئەورووپاش هەن کە بەر شەقی شۆڕش دەکەون و ماڵ و موڵک و زەوییان لێ داگیر دەکەن و دەبنە پاشکۆی کۆمەڵگە و خوو دەدەنە مێبازی و فشەگەمە و لاقرتێ و خواردنەوە، هەتا ژیانی تێکوپێک دەچێ و ناتوانێ تا تەمەنی ٦٥ ساڵی خێزان پێکەوە بنێ، لە کاتێکدا پێش شۆڕش لەلایەن خێزانەکەیەوە بۆ لە ئەستۆگرتنی پلە و پایە و، بۆ وەزیری ئامادە دەکرا.

لێرەشەوە دەشێ بڵێم زەکی دسوقی پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانی یاکۆبیانی عەلا ئەسوانیش وێنەیەکی تری عیسا دەباغی کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانی (ئەلسەمان وەلخەریف)ی نەجیب مەحفوزە کە لە ١٩٧٢ بڵاو کراوەتەوە، بەهەمان شێوە دەکرێ بێژم کەمال ئەلفولییەکەی عەلا ئەسوانیش لە ڕۆمانی فرەنۆمی یاکۆبیاندا، شێوەیەکی تری (سەرحان بوحەیری)، کەسایەتییە هەلپەرست و چاوچنۆکەکەی ڕۆمانی (چەقەچەقێک بەسەر نیلەوە)ی نەجیب مەحفوزە، کە بە ڕواڵەت خۆی بە شۆڕشی ١٩٥٢ی ناسریەوە هەڵواسیوە، بەڵام لەبنەوە سەرگەرمی نەخشەکێشانە بۆ تاڵانکردنی ئەو فابریکەیەی کە کاری تێدا دەکا.

مامە عەبدەکەی (چەقەچەقێک بەسەر نیلەوە)یش، کە ئەرکی سەرەکی

ڕێکخستنی شەوانی سووری سەر بەلەمەکەیە ئەمیش هەمدیس تا ڕادەی یەکسانی لە (ئەبسرخون)ە شەلەکەی ڕۆمانی فرەنۆمی یاکۆبیان دەچێ، کە فەڕاشی زەکی دسوقی و، ڕێکخەر و دەرهێنەری سەرکێشییە سێکسییەکانێتی لە نووسینگەکەیدا.

حاتەم ڕەشیدی سەرنووسەری ڕۆژنامەی لوکیریش لە ڕۆمانەکەی عەلادا دیسانەوە شێوەیەکی ترە لە کەسایەتی ڕۆژنامەنووس (ڕەئووف عەلوان) کە لە ڕۆمانی (دز و سەگەکان-١٩٦١)ی نەجیب مەحفوزدا واز لە بنەما فیکریە ڕادیکاڵییەکانی بەرامبەر بە کۆمەڵ و مافی خوێنەران دێنێ لەپێناوی ئەوەی کە خۆی بە خۆشگوزەرانی بژێت، بەڵام ئەمیان لە مێبازیدا و، حاتەمەکەی ئەسوانیش لە سێکسی شازی دوودەکێتیدا تا ڕادەیەک دوای نێرینەیی عەبدڕەبە دەکەوێ کە بۆ کاروباری پێویست نەبێت سەر بەو ڕۆژنامەیەدا ناکات کە سەرنووسەرێتی هەتا شەوێکیان عەبدە لە ماڵەکەی خۆی (حاتەم)دا لە کاتی هەڵچوونێکی توندا سەری بە دیوارێکدا دەتەقێنێ و دەیکوژێ.

لە شێوازیشدا عەلا ئەسوانی زۆر لە شێوازی نەجیب مەحفوز دەچێ بەتایبەتی لەوەیدا کە کەمتر بایەخ بە وەسفکردنی شوێن دەدا و پتر بە دیوی ناوەوەی کاراکتەرەکاندا شۆڕ دەبێتەوە. بەڵام لە بەکاربردنی زماندا عەلا تەواو پێچەوانەی نەجیب مەحفوز کار دەکا و لە دایالۆگدا دیالێکتی میللی میسری بەکار دەبا، کەچی مەحفوز بە توندی دژی ئەمە بووە و داوای بەکارهێنانی زمانی عەرەبی فوسحا (جاهیلی) دەکرد.

بەرامبەر بە ئاین و سیاسەت و سێکس و شۆڕش و زۆر شتی تریش هەڵوێست و بۆچوونی مەحفوز و ئەسوانی زۆر لەیەکەوە نزیکن و دەگاتە ڕادەیەک مرۆ بتوانی بڵێ ئەسوانی نەک هەر لە بواری هونەری نووسینی ڕۆماندا، بگرە لە بیر و هزریشدا قوتابییەکی ئەمەکداری مەحفوزە، بەڵام درێژە پێدەری قوتابخانەی ئەوە نەک لاساییکەرەوەی.

واشی بۆ دەچم کە کاریگەریی مەحفوز لەسەر ڕۆماننووسانی میسر و ڕۆهەڵات و جیهانی ئیسلامیش تا ماوەیەکی تریش بەردەوام دەبێ بەرامبەر بە ئیسلامی توندڕەو و، ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان و، خەفەکردنی غەریزەی سێکس و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تریش، مەحفوز بۆ خۆیشی هەستی بەم ڕۆڵەی خۆی کردووە،

بۆیە کە جارێکیان لەبارەی ڕۆمانی ئایەتە شەیتانییەکانی سەلمان ڕوشدی پرسیاری لێ دەکەن لە وەڵامدا دەڵێ: کوڕی ناشەرعیمە.

بۆیە پێم وایە (کوڕی ناشەرعی) تریشی لەم دۆخ و ناوچەیەدا (لەوانەیە) لێ بکەوێتەوە، کە هەرە نزیکەکەیان ڕەنگە فرەنۆمی یاکۆبیانی عەلا ئەسوانی بێت.

بەڵام کە دێینە سەر ئێسکبەند و نەخشەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەبینین ئەسوانی لەمەیاندا موغامەرەیەکی داهێنەرانەی کردووە کە ڕەنگە لە ڕۆمانی کلاسیکیدا تاقینەکراوە و، ڕەنگە پەسەندیش نەبێ.

لە ڕۆمان و ڕەخنەی باودا هەردەم پاڵەوان، یا کەسانی سەنتراڵی هەن کە هەموو کات لە ناوەندی دیمەن و ڕووداوەکاندان و کەسە لاوەکییەکان یا یارمەتیدەریانن، یا لە دژیان دەجوڵێنەوە. لە نێوان هەموو کەس و کار و کاردانەوە و ڕووداوەکان و گۆشەنیگاکانیشدا تاڵە دەزوویەکی وەهمی لە بیر و بۆچوون و دیدی هاوبەش هەیە کە هەموو ڕەگەزەکانی ڕووداوەکان و کەسەکان و تەیمە و جیهانبینی ڕۆماننووسەکەش پێکەوە گرێ دەدا بۆ ئەوەی یەکەتیی کار و کاردانەوە و یەکەتیی کاریگەریی و ئاراستەی پەیامی دەقەکە بپارێزێ.

ئەسوانی ئەم یەکەتیی کار و کاریگەرییەی دەقی تێک شاکاندووە و، لە فرەنۆمی یاکۆبیاندا پتر لە چوار ڕووداوی سەرەکی و، زیاتر لەو ژمارەیەش کارەکتەری سەرەکی پێکەوە هەڵدەسوڕێنێ کە بەهای هونەریی و فیکری هیچ کامیان بایی هێندە لەوانی تر پتر نییە کە حیسابی ڕووداوی سەرەکی بۆ بکرێ، ئەمە جگە لە چەندان ڕووداو و کەسایەتیی ترە کە بۆ کار و مەبەستێکی تایبەت و بۆ ماوەیەکی کاتی دێنە ناو دەقەکەوە و دوایی لێی دەردەچنەوە بەبێ ئەوەی خۆیان، یا نووسەر، یا خوێنەر پەرۆشی چارەنووسیان بێت وەک: مەلاک تەرزی چاوچنۆک برای ئەبسەخرون کە بە پارە ژوورێکی سەربان و دەوروبەرەکەی لە بینایەکە داگیر دەکا و، لەگەڵیا کار بۆ زەوتکردنی کونج- شوقەکەی زەکی دسوقیش دەکا بەوەی کە (بوسەینە)ی لەلا دابمزرێنێ و بەرامبەر چەند هەزار جونەیهێک لە غەفڵەتێکدا سەنەدێکی مزەوەری لەو بارەیەوە پێ مۆر بکا.

ئەبسەرخرونی مەسیحی قبتی بۆ خۆیشی بۆ پارە دەرگەوانی شەوە سوورەکانی زەکی دەکا و، پارە و دەسکەوتەکانیشی دەبا لە پشت وێنەکەی مەریەمی پاکیزەوە تەقەتیان دەکا.

یا وەکو ئیدریس سـفرەچی کە بـڕوای خـانەوادەی حـاتم ڕەشـیدی یاسـاناسی هەرە بەناوبانگ و ژنە فەرەنسییەکەی بە هەل دەقۆزێتەوە و، لە کاتی غیابی ئەواندا حـاتەمی کوڕیان بە منداڵی فێری خووی خـراپ دەکا کە بە گەورەیش ناتوانێ لێی بگەڕێتـــەوە تـا ســـەری لەســـەر دادەنـێ، ئەگـــەرچی دەبێـــتـــە ســـەرنووســـەری ڕۆژنامەیەکیش.

یا وەک خـالد عـەبدولڕەحیـمی ئەسـیوتی قـوتابی لە کۆلیـجی ئابووری و زانسـتـە سیاسییەکان و، شێخ شاکری مزگەوتی ئەنەس بن مالیک و، شێخ بیلال لە حەلوان و، ڕەزەوی خـــاتوونـی بێـــوەژن، کـــە هـەمـــوو دەسـت بەدەسـت بـاری دەروونی تـەها شازلی لاو دەقۆزنەوە و بەرەو ڕێکخستنێکی توندڕەوی ئیسلامی پەلەکێشی دەکەن تا لە کارێکی تیرۆریستی نێو شەقاماندا سەری تێدا دەچێ.

هـەروەها بێتـەوە وەکو ئەبوحـمێدە کە بۆ مـونافـەسـەی مـحەمـەد عـەزام خـۆی بۆ پەرلەمـان هەڵدەبژێرێت و دەرناچێ، یا وەک تەلاڵی کـوڕە تاقـانەی حـاجی شنینی بەرەگەز سووری کە کچان لە پێشانگەکەیاندا دادەمەزرێنێ و بەرامـبەر بە (١٠) جونەی بۆ هەر جارێک، شازانە شەرەفیان لەکەدار دەکا.

فکری عەبدولشەهیدی پارێزەر، وەکیلی خاوەن ئەپارتمانەکەش بە ڕیشـوەتێکی زۆر نەبێ کونجەکان بە کرێ نادات، کەمال ئەلفولیش بۆ پارە دەست لە کاروباری هەڵبـژاردن وەردەدا و کورسـیـیەکـانی بەسـەرقـفـلانەی مـسـۆگـەری پێشـوەختـە دەفرۆشێ.

ڕەبابی لەشـفرۆش بۆ یەک شـەو دێتە لای زەکی دسوقی، بێ هۆشی دەکا و پارە و سامـانێکی زۆری لێ دەدزێ و بەجێی دەهێڵێ. دەوڵەت خـانمی خوشکی گەورەی زەکی بە فێڵێکی یاسـایی زەکی لە خـانووەکەی باوکیـان دەردەپەڕێنێ و بۆ خـۆی داگیری دەکا، سوعاد جابری لاوی بێوەژن بە منداڵێکەوە، بە دەستی فەوزی برای و، بۆ پارە، بە دزی ماڵ و منداڵ و بە چەند مەرجێکی نووسراو کە یەکێکیان ئەوەیە نەهێڵێ زگی پڕ ببێ، شوو بە حاجی محەمەد عەزامی تەمەن (٦٠) ساڵە دەکا، کە مـەرجـەکەیش دەشکێنێ و زگی لە حـاجی پڕ دەبێ، حـاجی داوای لە باربردنی لێ دەکا، کە سوعاد داواکەی ڕەت دەکاتەوە، شەوێک حاجی پیاوەکانی دەنرێتە سەر و بە زۆر و ئازاردان زگەکەی لەبار دەبەن، بۆ ئەوەی شـەریکە موڵک بۆ کوڕانی عەزام پەیدا نـەبێ، دواتریش فـەوزی برای بە پارە لـەگـەڵ حـاجی مـحـەمـەدا پێک دێن و

چیرۆکەکیان دێتە کۆتایی.

بەڵام ئەو ڕووداوانەی کە لە ڕووی ڕووبەر و گرینگییەوە حونوورێکی یەکسانیان لە دەقی فرەنۆمی پاکۆبیاندا هەیە ئەمانەن:

١- چیرۆکی قوتابیی زیرەک تەها شازلی لاوی سەلار و لە خواترس و ڕەوشتبەرز، کوڕی محەمەد شازلی دەرکەوانی بینایەکە کە لەگەڵ بوسەینەی کچی محەمەد سەیدی دانشتوی هەمان بینایەدا دڵیان لە یەک دەچێ.

تەها دەخوێنێ بۆ ئەوەی بە نمرەی باشەوە ئامادەیی ببڕێ و ببێتە ئەفسەری پۆلیس و پیاوی یاسا، بەڵام لیژنەی قبوولْ ئەگەرچی مەرجەکانیشی تێدایە، داواکەی ڕەفز دەکاتەوە، چونکە کوڕی دەرگەوانێکی هەژارە و شایستەی ئەو پلەیە نییە، لە جیاتی ئەوە لە کۆلێجی ئابووری و زانستە سیاسییەکان وەردەگیرێ، ئەم نەهامەتییە بەلانسی کەسایەتی تەها سەنگەلا دەکا و ئیتر دەست ڕەوتێکی توندڕۆی ئیسلامی دەکەوێ.

بوسینەش هێشتا ساڵێکی ماوە دبلۆمی بازرگانی ببڕێ باوکی دەمرێ و دایکی بەبێ ئەوەی بیدرکێنێ بە کارەکەریی ماڵە دەسرۆکان بە هەرچ کوللەمەرگییەک بووە ئەو ساڵەشی پێ تەواو دەکا، بەڵام کە دەردەچێ ئەوجا کە لە دایەرەکانی دەوڵەت کاری نادرێتێ ناچار دەبێ لە شوێنە ئەهلییەکاندا ئەم شوێن و ئەو شوێن بکا تا ماوەیەک لە کۆگاکانی شنین لای تەلاڵی داوێنپیس کارێکی دەس دەکەوێ بەلام بە نرخێکی زۆر زۆر گران لەسەری دەوەستێ کە لەکەدارکردنی شەرەفێتی، تا مەلاک بۆ مەرامی خۆی لای زەکی دەسوقی جێی دەکاتەوە و لەوێش ئیتر شارەزاییەکی تەواو لە نهێنییەکانی ژیان و سروشتی پیاو پەیدا دەکا و بڕوای بە خۆشەویستی و پاکیزەیی خەڵک نامێنێ و لە دوا دیداردا تەهای دڵداری بە یەکجاری لە ژیانی دەردەکا.

تەهایش لە ئەنجامی ئەو شکستییانە و، لەبەر کاریگەریی ئەو ڕەوتەیدا کە کاری تێدا دەکا و، دوای ئەوەی لە خۆپێشاندانێکدا کە ئیسلامییەکان دژی شەڕی دووەمی کەنداو و بۆ پشتیوانیکردن لە ڕێژیمی سەدام لە عێراق دەیکەن، دەست پیاوانی پۆلیس و ئاسایشی میسری دەکەوێ و پاش ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر کە دەگاتە ڕادەی تەعەدای جنسی و دارتێبڕین، بەڵام ناچێتە ژێر هیچ نهێنییەک، بۆیە ئازاد دەکرێ، بەڵام ئەو لێ دەبڕێ لەسەر مافی خۆی بڕوا و تۆڵەی شەرەفی

ڕووشاوی لەوانە بکاتەوە کە لە زیندان کەرامەتی دەشکێن، بەم جۆرەش لاوێکی زیرەک و بە توانا لە جیاتی ئەوەی ببێتە پۆلیس و یاساپارێزی بکا، دەبێتە پرۆژەی کەسایەتییەکی ئامادەی توندوتیژی، کە ئیسلامییە توندڕەوەکان دوای مەشق پێکردن و لە پاش ئەوەی ژنە شەهیدێکی ئیسلامی (ڕەزەوی خان)ی لێ مارە دەکەن و، لە کردارێکی تیرۆریستی نێو شەقاماندا لەگەڵ دووی تردا، عەقیدێکی پۆلیس (ساڵح ڕەشوانی) دەکوژن کە تەها پێی وایە ئەو سەرپەرشتی ئەشکەنجەدانەکەی کردووە، هەر لەوێدا تەها بۆ خۆیشی دەکوژرێ و جارێکی تر و پاش ماوەیەکی کەم دیسانەوە ڕەزەوی بێوەژن دەکەوێتەوە.

بەم جۆرەش ئیتر پێویست بە قسەی من نامێنێ بڵێم ئەسوانی دەرکەوتن و پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی بە توندڕەوەکەشیەوە دەگێڕێتەوە بۆ نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

٢- چیرۆکی پێوەندیی جەستەیی حاتم ڕەشیدی ڕۆژنامەنووس و عەبدرەبەی کارمەندی ئەمنی مەرکەزیی، کە حاتم ڕەشید ڕۆڵی (ژنێکی سۆزانی گڕدار)ی تێدا دەبینێ و بە پارە و پارانەوە هەردەم لە دووی دادۆشینی نێرینەیی عەبدە، هەتا جارێکیان عەبد لە ماڵەکەی خۆیدا دەیکوژێ بەس بۆ ئەوەی لەو پێوەندییە شەرماوەر و ویژدان پرۆکێنە ڕزگاری بێت.

حاتم نموونەی قوربانیانی ئەو خێزانە ئەرستوکراتیانەیە کە لە ئەورووپا دەگەڕێنەوە و لەبەر سەرقاڵی خۆیان و، پێڕەویکردنی پەروەردەی ڕۆئاوایی منداڵی خۆیان بە کەسان و کۆمەڵگەی نێرینەیی ڕۆهەڵاتی دەسپێرن، کە ئاکامەکەی بەخراپە بەسەریاندا دەشکێتەوە وەک ئەوەی کە لە حاتم دەقەومێ.

لە سەرێکی تریشەوە دەشێ پێوەندیی نائاسایی و نایاسایی نێوان عەبدی پیاوی ئاسایشی مەرکەزیی نێوان حاتەمی ڕۆژنامەنووسی وە پێوەندیی نێوان دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ڕێژیمی ناسری و دەسەڵاتی چوارەم (ڕۆژنامەوانی) و ئازادیی ڕادەربڕین تەماشا بکەین، کە پێوەندییەکی پڕ شورەییە و، هەموو کات لە ژێرەوەی دەسەڵاتی کەسی یەکەمی ڕێژیمەوەیە، ئامرازی (ئیغتیسابەکەش) دیارە هەموو کات دەزگا ئەمنییەکانە، کە لەم دەقەدا عەبدرەبە بەڕاشکاوی نوێنەرایەتی دەکا، مردنەکەی حاتەمیش ئاماژەیە بۆ مەرگی ڕۆژنامەوانیی لەژێر حوکمی دیکتاتۆریەتدا.

٣- چیرۆکی سێیەم چیرۆکی حاجی محەمەد عەزام و کەمال ئەلفولییە، کە لە سەفەرەوە دەست پێ دەکەن و لە ڕێی کڕین و فرۆشتنی کورسییەکانی پەرلەمانەوە گەمە بە چارەنووسی گەل و، سەرجەم پرۆسەی دیموکراتی وڵاتەوە دەکەن و لەو ڕێیەوە جگە لە سوکایەتیکردن بە سیستەمی دیموکراتییەت و بنەمای هەڵبژاردن، خواست و ئیرادەی گەلیش بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و (پیاوە گەورەکە) زەوت دەکەن کە ڕەنگە ئاماژە بێت بە کەسی یەکەمی ڕێژیمەکە، کە لەم دەقەدا هەر لە ڕێی دەنگەوە حوزووری خۆی ڕادەگەیەنێ و بە ڕەنگ خۆی نیشان نادات.

٤- چیرۆکی زەکی دسوقی کە کوڕە وەزیر و ئەندازیاری دەرچووی فەرەنسایە و پێش ئینقیلاب بۆ پاشەڕۆژێکی پرشنگدار ئامادە دەکرا، دوای شۆڕشی ١٩٥٢ی ناسر حکوومەتی ئینقیلاب ماڵ و موڵکی باوکی زەوت دەکا و لە ڕووی یاسای شۆڕشەوە لە هەموو شتێک مەحروم دەکرێ و هیچی بۆ ناکرێ بۆ گێڕانەوەیان، لە پیریشدا دەوڵەت خانمی خوشکە گەورەی لە ڕێی فێڵێکی یاساییەوە بە گەمژە و هەردەم مەستی تاوانبار دەکا و لەو خانووەی وەدەر دەنێ کە وەرەسەی باوکیانە و بۆ خۆی داگیری دەکا.

من ئەم هەڵسوکەوتەی دەوڵەت بە هێمایەک دەبینم بۆ داڕووخانی پێوەندییە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان و، داهزرانی سۆزی خزمایەتی و هاوخوێنی ئەندامانی ناو خێزان، لە سەردەمی پاش شۆڕشی سەربازیی ١٩٥٢ی ناسرییەکان و ئەو شەڕوشۆڕ و گەمارۆ ئابووری و ئەو خەرجە بێ سەرووبەرەی کە ڕێژیمی ناسری لە عەسکەر و کڕینی تەقەمەنی و عارەبچێتیدا دەیکرد و، بەهۆی سیستەمێکی شۆشیالیستییەوە کە ناونرابوو (سۆشیالیستی عەرەبی) بوونە هۆی بەرپابوونی گرانی و هەژارییەک کە خەڵک هەموو بنەما ڕەوشتییەکان و داوونەریتە ڕۆهەڵاتییە ڕەسەنەکان ژێر پێ بنێن و هەر کەسە و هەر فریای خۆی و ماڵ و منداڵی بکەوێ، ئەمەش دۆخێکە کە ڕۆماننووس بەم کارەساتانە ڕیسوای دەکا و وای نیشان دەدا کە بارێکی ئێرەتییە و نابێ هەتا سەر بەردەوام بێ.

وای بۆ دەچم چارەسەرەکەیشی لە زەواجی زەکی دەسوقی (٦٥) ساڵە و بوسەینەی جوان و لاو و خوێنەواردا پێشنیاز دەکا، کە بەلای منەوە بانگهێشتێکە بۆ تەجاوزکردنی کارەساتەکانی سەردەمی شۆڕشی ١٩٥٢ و، دەرهاویشتەکانی

ڕێژیمە شمولییەکانی دوای ئەوە، ئەویش بە ڕاگەیاندنی ئاشتەواییی نێوان نەوەی پێش شۆڕش (زەکی دسوقی) و نەوەی نوێی پاش ناسریەت کە لێرەدا لە کەسایەتی بوسەینەدا خۆی دەنوێنێ.

لە ڕووی قەبارە و، ڕووبەرەوە هەر یەکێک لەم بەسەرهاتانە تا ڕادەیەک یەک ڕێژەی گێڕانەوە دەبەن و لە ڕووی کۆمەڵایەتی و بەهای هونەریشەوە هاوکێش و یەکسانن، یەکتریش نابڕن، بگرە بەشێوەیەکی هاوتەریب لە دەقەکەدا کار دەکەن، بەڵام عەلا ئەسوانی بەشێوەیەکی هونەریی وایان مۆنتاج دەکا کە هیچ یەکێکیان لەوانی تر سەرنجڕاکێشتر، یا کەم بایەختر نەبێ، بەڵام هەرچوار ڕووداو کە دەچنە پاڵ یەکتر وێنەیەکی گشتی پەنجا ساڵەی ڕابردووی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و دەروونی کۆمەڵگەی میسری دەنەخشێنن، کە ئەو وێنەیەیە ڕۆڵی پاڵەوانی سەرەکی دەگێڕی و یەکەتیی کردار و بیر و ئامانج و جوانی و یەک نەسەقی دەقەکە دەپارێزێ، ئەمیش تەکنیکێکی هونەری شیعرە کە بە زۆری سوود لە دراوسێتی چوونە پاڵ یەکتری وێنەی جیاواز و، هەندێ جار لە دژە وێنەیش دەبینێ بۆ گوزارەکردن و دەربڕین.

ئەم لە تەنیشت یەکەوە دانانەی وێنە یەکتر تەواوکارەکانە و، تەنانەت دژە وێنەکانیشە کە دەچنە سەر یەکتر و وێنە گشتییەکە دروست دەکەن و ئیتر گێڕانەوەی زنجیرەیی و، ئەو هۆ و هۆکار و کار و کاردانەوە و (عیللە و مەعلولە) لە نێوان ڕووداوەکاندا پێویست نامێنێ بۆ ئەوەی خوێنەر هەڵسوکەوت لەگەڵ دەقەکەدا بکا، وەک لە ڕۆمانی کلاسیکیدا پێویست بووە.

بەم شێوەیەش دەتوانم بڵێم ڕۆمانی فرەنۆمی یاکۆبیانی عەلا ئەسوانی گۆڕانکارییەکی نەوعییە لە ڕۆمانی میسری و عەرەبی و شایانی خوێندنەوە و لەسەر وەستانە.

هەولێر–٢٠/١٠/٢٠٠٧

* لە کۆواری (کاروان)ی ژمارە (٢٢٢)ی ٢٠٠٧دا بڵاو کراوەتەوە.

# نامەیەک

## لەبارەی ڕۆمانێکی "کلۆد سایمۆن"ەوە

بۆ برای خۆشەویستم کاک ئەحمەد ئیسماعیل.

سڵاو و ڕێز و خۆشەویستیم بۆت هەیە، داوای سەرکەوتنی هەمیشەیی و بەختیاریت بۆ دەکەم، پیرۆزبایی خانەنشینی و کارکردنی ڕۆژنامەنووسیت لێ دەکەم، داوای لێبووردنت لێ دەکەم کە چەند جارێکە دێیت و بەڕێککەوت لە ماڵ نابم.

بە پەرۆشەوە قسە دڵسۆزانە لە ڕووەکانی گۆشەی (بەکورتی) دەخوێنمەوە هیوای بەردەوامی بۆ گۆشەکە دەخوازم، کاغەزەکەی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٥تم بەدەست گەیشت کە لە ماڵ بۆت بەجێ هێشتبووم، هەوڵ دەدەم پەیڕەوی بکەم. سوپاسی هەستی دڵسۆزانەت دەکەم. لێتی ناشارمەوە من خۆم تۆزێ تەمەڵم. هێشتا نووسینەکانم پاکنووس نەکردووە، وا بزانم ئێستا ئامادە بووایە بواری چاپکردنی بۆ خۆش دەبوو. زۆر زۆر حەز بەو گۆشەی– دەق و ڕەخنەیە– دەکەم، وەک دەزانی من لە بوارەکانی ڕەخنەدا زۆرتر حەز بە ڕەخنەی پراکتیکی–تطبیقی–دەکەم. لەسەر چیرۆکەکەی–جەلیل کاکە وەیسم نووسی، لەوانەیە نەختێ زۆر بێ ئەگەر وا بوو ئەوا دەتوانین ئەو بەشەی لێ دەربکەی کە لەژێر ناونیشانی– چەند سەرنجێکی خێرادا نووسیوومە، نووسینەکەم وا داڕشتووە دەرکردنی ئەو بەشە کاری لێ نەکات. سێ بابەتی تریشم بە جیا جیا نووسیوە لە گۆشەی "بە کورتی" بێت، یا وەکو باسێکی سەربەخۆبێت لە (بەیان) بێ، لە (هاوکاری) بێ بۆ من جیاوازی نییە و تۆش بەپێی هەل و هەڵکەوت بکە. ئەگەر پەسەند بوون ئەوا دەتوانم وردە وردە شتی ڕۆژانەی ئاوا بنووسم. بەڵام حەز دەکەم بە بەردەوامی– دەق و ڕەخنە– بنووسم. تا سەری ئەم مانگە لەسەر (بۆشایی) دەنووسم تەکنیکی ئەو چیرۆکەم زۆر پێ پەسەندە حەز دەکەم خەڵکی تر شارەزای ببن، (لە ڕۆژژمێری دێیەکی ئەم خوارەدا)ش زۆر سەرەنجی ڕاکێشاوم، نووسینێکیش لەسەر ئەو چیرۆکە ئامادە

دەکەم، گرینگ بڵاوکردنەوەیانە.

کاکە.. مانگی پێشوو بە زۆری سەرگەرمی خوێندنەوەی ڕۆمانی (با– الریح)ی (کلۆد سایمۆن)بووم. سێ جارم خوێندەوە. ناوەڕۆکەکەی ناوەڕۆکێکی ئاساییە، بەڵام تەکنیکەکەیم زۆر پێ جوان بوو، سەرەتا وام زانی لە داهێنانی خۆیەتی بەڵام لە خوێندنەوەی دووەم و سێیەم دا بۆم دەرکەوت کە تەکنیکێکی زۆر واقیعییانەیە، کەسێک چۆن چیرۆکێک بۆ خەڵک دەگێڕێتەوە بە دەم ئاوایە. ڕووداوەکە بە زنجیرە ناگێڕێتەوە. ڕستەکانی یەکجار درێژن، تێکەڵکێشن، پڕ لە ڕستەی ئیعتیرازی. وشەی وەک: لەوانەیە، ئەشێ، ئەبێ، ڕەنگە و هی لەم بابەتە زۆر بەکار دەبات، واتا شت ساغ ناکاتەوە. هەندێ جار کە پاڵەوانەکان خۆیان چیرۆکەکە دەگێڕنەوە، چیرۆکبێژەکە قسەکەیان پێ دەبڕێ و، دەڵێ: وانییە لە بیری نەماوە شتەکە ئاوا و ئاوا بوو. هەندێ جاریش پاڵەوانێک لەبارەی کەسێک یا ڕووداوێکەوە دەدوێ چیرۆکبێژەکە سەر باسەکەی لێ وەردەگرێ و خۆی چۆن پاشماوەکەی دێتە پێش چاو ئاوای دەگێڕێتەوە، دەڵێ: ئا ئێستا لە بەرچاوما چۆن دانیشتووە، یا چۆن قسەی کردووە، ئیتر لەسەری دەڕوا.

لە بەکاربردنی تەکنیکی (شەپۆلی هۆش) و (بیرکەوتنەوەی سەربەست)دا جیاوازیی زۆرم لە نێوان ئەم و فەرجینیا وولف و جیمس جۆیزدا هەست پێ کرد. کلۆد سایمۆن باوەڕی وایە کە خەڵکی شتی ڕابردوویان بە دەقاودەقی و کتومت بیر ناکەوێتەوە. بیرکەوتنەوەکە وەک لێکدانەوەی ئاوێنەیەکی شکاو دادەنێ دەڵێ: هەرچی چۆنێک دای بنێیتەوە هەر وەک خۆی لێ نایاتەوە. تەکنیکی ڕۆمانەکەشی هەر وایە، وەک لێکدانەوی ئاوێنە شکاوەکەیە، هەرچی چەنێک بە دیقەت ڕێکی بخەیتەوە هێشتا کەلەبەری تیا بەجێ دەمێنێ. لە چیرۆکی ئاساییدا وا باوە لە پێشا شت ڕوون دەکرێتەوە ئەوجا لە دواییدا وردە ئاماژەی بۆ دەکرێ ئیتر خوێنەر خۆی لە مەبەستی نووسەرەکە تێ دەگا باسی چ دەکا و مەبەستی لە کێیە، بەڵام کلۆد سایمۆن لەم ڕۆمانەدا بەپێچەوانەوە کار دەکا سەرەتا هەندێ وردە شت پێشکێش دەکا ئەوجا پاش چەندان لاپەڕە ڕووداوەکەت بۆ ڕوون دەکاتەوە یا کەسەکەت پێ دەناسێنێ. بۆیە تا دوو جار، سێ جار ڕۆمانەکە نەخوێنییەوە لێی تێ ناگەی. بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو ڕایەی کە دەڵێ ڕەخنەگرە کوردەکان ناتوانن لەسەر ئەدەبی بیانی بنووسن ویستم شتێکی لەبارە بنووسم بەڵام دوایی بۆم

دەرکەوت کە لە ئەنجامدا هەر ماندووبوونەکەم پێ دەبرێت، چونکە دەبێ کتێبێکی یەک دوو کەرەت لە ڕۆمانەکە گەورەتری لەسەر بنووسم. ئەوجاش ڕەنگە هەقی نەدەمە دەست. چونکە ئەم کابرایە هەرگیز شتێک نانووسێ پێوەندی بە تیۆرێکی ئابووری یا ڕامیاری یا دەروونی یا کۆمەڵایەتی یا ئەفسانەیەک یا بۆچوونێکی ئاینی یا شتێکی لەم بابەتەوە نەبێ. قسە لە خۆڕایی ناکات. با ئەوەشم لە بیر نەچێ کە زۆر پشت بە هونەری شێوەکاری دەبەستێ، خۆی ئارەزووی لە وێنەکێشان بووە پێش ئەوەی دەست بداتە ڕۆماننووسین، بۆیە ڕۆمانەکەی پڕە لە وێنە و تابلۆی ڕوونی جوان جوانی ڕەنگاوڕەنگ.

(ئەمیل هنریۆ) ڕەخنەگرێکی فرەنسییە لە بارەی ئەم ڕۆمانی (با)یەوە وتوویەتی: (هەرچەندە چەند جارێک هەوڵم دا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر نەشازی شێوازەکەی نەمتوانی تاسەر بیخوێنمەوە.. کتێبێکی دەگمەن و بەهێز و قووڵە) تەماشای گەورەیی ئەم ڕەخنەگرە بکە کتێبەکەی بۆ تەواو نەکراوە کەچی هێشتا هەست بە مەزنییەکەی دەکا و ددان بە کەم دەسەڵاتی خۆیدا دەنێ، ئەوە لای خۆمان بووایە دەیانوت: کارەکە کارێکی بێ سەروبەرە و ئاڵۆزە و مادام منی ڕەخنەگری خاوەن هەستی هونەری و شارەزای ئەدەب (!) نەتوانم بیخوێنمەوە ئەدی کێ دەیخوێنێتەوە، بۆ کێ نووسراوە؟!. من وای بۆ دەچم کە (هنریۆ) بەم قسە زیرەکانەیە خۆی کردووەتە شەریکی برابەشی مەزنی کلود سایمۆن و ڕۆمانەکەشی.

هەر بەم بۆنەیەوە وا بزانم ڕۆمانێکی تری کلۆد سایمۆن بەناوی (ڕێگەی فلاندەر)ەوە کراوە بە عەرەبی ئەگەر لە بەغدا دەست کەوت بۆم بکڕە، لێرە لە کەرکووک دەس ناکەوێ. کتێبێکی تریش لەبارەی ڕۆمانی نوێی فرەنسییەوە دەرچووە ئەویشم بۆ پەیدا بکەی ئیتر زۆر سوپاست دەکەم.

ئیتر با لەوە پتر کاتت لێ نەگرم. هیوای سەرکەوتن بۆ دەخوازم

براتت زاهیری عەلی ڕۆژبەیانی

کەرکووک ١٩٨٨/٨/٨

## ئەزموون..

سازدانی ڕابەر فاریق

زاهیر ڕۆژبەیانی یەکێکە لەو ڕەخنەگر و نووسەرانەی ئێمە، کە شوێنی تایبەت بە خۆی هەیە لە نێوەندی ڕەخنەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردیدا، ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گوتارگەلی نووسیون، گوتارەکانیش تایبەتمەندیی خۆیان هەبووە و بوونەتە هۆکاری گوتوبێژگەلێک هەم لەلایەن نووسەرانی تر، لەگەڵ خودی ڕۆژبەیانی، هەم لەگەڵ ڕەخنەکارانی تریشدا، لەم گوتوبێژەی خوارەوە، نووسەر بە وردیی لەبارەی قۆناخی منداڵیی خۆی، هاوکاتیش لەبارەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیی، لە هەر یەکێک لە قۆناخەکانی سالآنی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و ئێستە، دەدوێ، دواتریش دێتە سەر کۆمەڵێک پرسی تر، کە پێوەندییان بە ئەدەب و ڕۆشنبیری و سیاسەتی حزبە کوردەکانەوە هەیە،

* یەکەم جار خوێندتەوە یان نووسیت؟

– یەکەم جار بە خوێندنەوە دەستم پێ کرد، دوای ١٠ ساڵ خوێندنەوە، ئینجا نووسینی سیاسیم نووسی، دوای تێپەڕینی ١٦ ساڵیش بەسەر ئەزموونی خوێندنەوەمدا، ئینجا یەکەم نووسینی ئەدەبیم بڵاو کردەوە.

* یەکەم نووسین کە خوێندتەوە، کەی و چۆن بوو؟ ئەی یەکەم نووسین لە کام ساڵدا نووسیت، لە کوێدا بڵاوت کردەوە؟

– یەکەم نووسین کە خوێندوومەتەوە، ئەو چیرۆکە ڕۆمانسییە شیعرییانە بوون، کە محەمەد ئەمین عەسری لە سالآنی پەنجاکان، لە شاری کەرکووکدا چاپ و بڵاوی دەکردنەوە، وەک: شیرین و فەرهاد، یووسف و زوڵەیخا، شێخی سەنعان، شیرین و خوسرەو، لەیلا و مەجنوون، گوڵستانی شێخی سەعدی و ئەوای تریش کە نزیکەی (٣٠) کتێبن، چونکە ئەودەم کۆوار و ڕۆژنامەی کوردیی زۆر کەم بوون،

ئەوانەیش کە هەبوون نەدەگەیشتنە کەرکووک، قوتابییە کوردەکانیش لە کەرکووک لەو ڕۆژگارەدا و لە کۆتاییی پەنجاکاندا تەنیا یەک ساڵ وانەکانیان بە زمانی کوردی خوێندبوو، منیش یەکێک بووم لەوان.

یەکەم نووسینیشم، وەک پێشتر باسم کرد، سیاسی بوو، ئەو کات لە کۆواری (خەباتی قوتابییان)ی ژمارە ١١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٣دا بڵاو بووەوە، بە ناوی (کەرکووک لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ)، لەو گوتارەمدا پێشبینیی تەعریب و تەرحیل و تەبعیسی کەرکووکم کردبوو، بۆیە ناوی هەموو قەزا و ناحیە و هۆزە کوردییەکانی شارەکەم لەو نووسینەدا تۆمار کردووە، دۆستان و خەمخۆرانی پاشەڕۆژی کەرکووک، ئەوسا و ئێستەیش بە ڕێزەوە باس لەو نووسینەم دەکەن... بڕوانە (ئەدەبی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی بەغدا)، نامەی دوکتۆرای ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، یەکەم نووسینی ئەدەبیشم، کە بابەتێکی ڕەخنەییە بە نێونیشانی (حوسێن بەفرین لە "ڕێگا")یە، لە پاشکۆی (عێراق)ی ژمارە ٢٤ی بەرواری ١٩٧٩/٢/٢١دا بڵاو بووەوە، ڕێگا، کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵانە بوو، کە لە ساڵی ١٩٧٨دا بڵاو کرایەوە.

* باست لەوە کرد کە سەرەتا خوێندتەوە، ئەوسا نووسیت، ئەو هۆکارانە کامانە بوون کە بە کێشیان کردی بۆ نێو پرۆسەکانی خوێندنەوە و نووسین، لە کاتێکدا لەنێو کۆمەڵگەیەکی داخراودا لە دایک بوویت؟

– هۆکارەکان زۆرن، بۆ پاڵدانی مرۆڤ بۆ پرۆسەکانی خوێندنەوە و نووسین، هەندێکیشان سایکۆلۆجی و خودین، هەندێکی تریشیان بابەتین، ڕەنگە لە کات و شوێنی جیاواز، لە کەسێکیشەوە بۆ کەسێکی تر، گرینگیی هەر یەکێک لەم فاکتەرانە بگۆڕێن، لە پرسیارەکەتدا وەها دەردەکەوێ کە "کۆمەڵگەی داخراو" بە کۆسپ بزانیت لە بەردەم خوێندنەوە و نووسیندا، بەڵام ئەمە بۆ ئەزموونی من تەواو پێچەوانەیە، من خوێندنەوە بە بازدان دەزانم بەسەر کۆمەڵگەی داخراودا، خوێندنەوە شکاندنی دەرگە داخراوەکان و ڕووخاندنی دیوار و شوار جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسییەکانی دەوروبەری مرۆڤ و دۆزینەوەی ژیانی کولتووری ئەوانی ترە، نووسینیش تەواوکاری ئەم ئەزموونەیە، بەڵام ئەمە لە

نێـوەوەدا کـاری خـۆی دەکـات، تەواو وەک جـوجـەڵە، کـە لـە نێـوەوە، بە دەنـووکـە چکۆلانـەکـەی توێکڵی هێلکە دەشکێنـێ و دێتـە دنیـایەکی بەرفـراوانتـر، هەڵبـەتە هەندێک هۆکاری گرینگی کۆمەککاریی ڕاستەوخۆیش هەن، کە دەستی مرۆڤ بۆ پرۆسـەکانی خـوێندنەوە و نووسین ڕادەکێشن، لەوانەیش: خـێزان و قـوتابخـانە و مـامۆسـتای چاک، هەبوونی کتێبخانە و چاپەمەنیی، هەندێک جاریش هاوڕێگەلی هاوتەمەن، بەشێک لەو کۆمەکەمانە پێشکێش دەکەن.

من بەشـبـەحـاڵی خـۆم، لە هەردوو قـۆناخی خـوێندنـی ناوەندی و ئامـادەییم دا، هەندێک مـامـۆسـتـای بەڕێز و داهێنـەرم ناسـیـون، تەنانەت لـە دەرەوەی سنووری فەرمی و قوتابخانە و قوتابییبوونم دا، ڕێنیشاندەرییان کردووم، وەک مامۆستایان: عابدین ڕەشـید لە سـەرەتای شـەسـتـەکاندا لە قـۆناخی ناوەندی، لە قـوتـابخـانەی (ئیمـام قـاسـم)، خـوالێخـۆشـبـوان: ئەحـمـەد وەهبی قـوتب، لەتیف حـامـد هەروەها سـەدرەدین عارفی چیرۆکنووس (تەمـەنی درێژبێت) لە ئامادەییی کەرکووک، کە لە کۆتاییی سـاڵانی شـەسـتـەکاندا مامـۆسـتـام بوون. هەردوو ئەو قوتابخـانەیەش لە هەردوو قۆناخـەکەدا، لە نێویاندا خوێندوومن، کتێبی باشیان تێدا بـووە، بەتایبەت کتێبخـانەی ئامادەییی کەرکووک، کە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو زۆرینەی ئەو کتێب و کۆوار و ڕۆژنامـە کوردییانەی تێدا بـوو، کە تا سـاڵی ١٩٦٨، چاپ و بڵاو کـرابـوونەوە. من وەک ئەوەی گـەنجـینـەیەکم دەست کـەوتبێ، ئیـتـر ڕووم لەو کتێبخـانەیە کرد. قـوتابیـانی ئامادەییی کەرکووک، هەموویان خـوێندکاری بەشی زانست بوون، دەوامـمان وەهـابوو: بەیـانی تا کـاتژمـێـر ٤ی ئێـوارە. پێنـج وانەی بەیانیـان، پشـوویەک، دوو وانەی ئێوارانیش. من لە زۆربەی وانەکـان نەدەچوومـە پۆلەکـەمـانەوە، بگرە لـە کـتـێـبخـانـەکـەدا خـۆمم بە خـوێندنەوەوە خـەریک دەکـرد، خـوێندنـەوەیشم لە تاکـە ڕەهـەندێکدا چەقی نەبەسـتـبـوو، بگرە لەبارەی ئەدەب، مـێـژوو، جـوگـرافـیـا، ئاین، بـە زمـانـەکـانـی کـوردی و عـەرەبی دەمـخـوێندەوە، مـامـۆسـتـاکـانیـشم گـەلێک ڕێزیان لێم دەگـرت و ناومـیـان بە نەهـاتوو (غـائیب) نەدەنووسی لە وانەکـانیـاندا، ئەو کـات هـەمـوو سـەری مـانگێک، ئەمـیـنداری کـتـێـبـخـانەکـەش ئامـاری بە پۆلەکـاندا دەگـێـڕا، بۆ ئەو خـوێندکـارانەی زۆرترین کتێبیان خواستووە، لەمەدا من هەردەم یەکەم کەس دەبووم.

مـامۆسـتـای زمـانی عەرەبی، ئەحـمـەد وەهبی قـوتب-یش هەمـوو حەفـتـەیەک، ئەو

دارشتن (ئینشــا)انەی دەمنووسـین، لە هـەمــوو پـۆلەکــاندا دەیخــوێندنـەوە، ئەم مـامـۆسـتـایە دەفـتـەرێکی ٥٠ لاپەڕەیی بـە قـەبارەی فـولسکاب چاپ کـردبوو بۆ قوتابییان، هەر خوێندکارێکیش کتێبێکی خوێندبایەوە، دەبوو ناوی کتێبەکە، ناوی نووسـەرەکـە، سـاڵی چاپ، چەند ڕسـتـە و کـۆپلەیـەکی هەڵبـژاردەی کـتـێـبـەکـە، هاوکـاتیش ڕوانینی خـۆی لە بارەیەوە بنووسێ، لە دەفـتـەرەکـەیدان گـەلێک جـار نمرەی وانـەی (دارشتن)یشـی لەســەر ئەوە دادەنا، هـەر کـەسـێکیش سـەرکـەتوو بووایە، دەبوو لـە بەرامبـەر قـوتابییـەکـانی پۆلەکـەیدا گوتوبێـژی لەگەڵ کـرابا، لە بارەی نووسـراوەکەیەوە، من لەمـەیشدا بەرچاو بووم، هەندێک جاریش نەک هەر لە پۆلی خـۆمـاندا، بگرە دەیبـردمـە پۆلەکانی تریشـەوە، لەتیف حـامـدی چیرۆکنووسی جوانەمەرگ، ئەوسا بـوو کە منی ناسی، جارێک (موحازەرەکانی گۆرانی شاعیر)ی بە من دا، بۆ ئەوەی دوو نـووسـخـەی لەبەر بگرمـەوە یەکێک بۆ وی، ئـەوی تریش بۆ من، گۆران ئەو موحازەرانەی لە دوای شـۆڕشـی سـاڵی ١٩٥٨ەوە، لە بەشـی کوردیی زانکۆی بەغـدا، پێـشکێش کـردوون، ئەم مـوحـازەرانە بۆ من دەروازەگـەلی گـرینگ بوون، تا لێیانەوە وردتر بڕوانمە ئەدەبی کوردی.

ئەوسا، لە کتێبخانەکانی کـەرکووکیشدا کتێبگەلی بەرچاو هەبوون، زۆربەیان بە دەسـتم کـەوتن، هەندێک لەوانـە: کۆمـەڵێک ڕۆمـانی هەمـەنگوای، کۆمـەڵێک ڕۆمـانی هۆگـۆ، کـۆمـەڵە چیرۆکێکی چیخـۆف، کـۆمـاری ئەفلاتوون، ڕۆمـانەکـانی جورجی زێدان و نەجـیب مـەحفوز، ڕۆمـانی "دایک"ی مـەکسـیم گـۆرگی، ڕۆمـانی "سـوور و ڕەش"ی سـەتەندال و نووسـینەکـانی مـەنفـەڵوتی، عەقـاد، تەها حـوسـێن، بێـجگە لەمــانەیش، هـەر نـووسـینێکی تریشـم وەدەست کـەوتبـا، دەمـخـوێندەوە. تـەنانەت خوێندنەوەم گـەیشتە ئەو ئاستەی هاوڕێ مـەسیحییەکانی قوتابخانـەم "ئینجیل" و "تەورات"یان بۆ هێنام، بۆ خۆیشم تەفسیری جەلالین و نووسینەکانی سەید قوتب و نەهجی بـەلاغـەی ئیـمـامـی عـەلی و سـەحـیـحی بوخـاری، هاوکـاتیش کـتـێـبـەکـانی محەمەد باقر ئەلسەدر: ئابووریمان/ کۆمەڵگەمان/ فەلسەفەمان و.. خوێندبووەوە.

وەختـێک هـات، هـەسـتم بەوە کـرد: کـاتێکی زۆرم بە فـیـڕۆ داوە، ئەمـەیش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کـە من بە پەرش و بڵاوی دەمخوێندەوە، ئیتر هـاتمە سـەر ئەو رایەی کە دەبێ بە وردی لەسـەر یەکێک لە بابـەتەکان بووەستم، بەڵام ئەم پەرش و بڵاوییـە لە ئەزمـوونی ڕۆژنامـەنووسی و کارە ڕەخنەیییـەکانم دا، تا ئەوپەڕی سنوور بە کـەڵکم

هات، بەتایبەت، کاتێک لە قۆناخێکی تردا، هەندێک سەرچاوەی گرینگی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی و فەلسەفیی گەیشتنە کتێبخانەکانی کەرکووک، وەک نووسینەکانی: کارڵ مارکس، ئەلبێر کامو، ژان پۆل سارتر، سیگمۆند فرۆید، بەڵام لەگەڵ خوێندنەوەی شیعردا پێوەندییەکی توندوتۆڵم نەبوو، بەتایبەت شیعری عەرەبیی، شیعری نوێی کوردی ئەوساکەیش، نە تا ئاستێکی باش هەبوون، نە بەشێوەیەکی بەربڵاویش چاپ و بڵاو دەکرانەوە. ئەوسا پێوەندییەکی تۆکمەم هەبوو لەگەڵ ژانری چیرۆکی کوردیدا، بەسەرنجیشەوە دەمخوێندەوە، وەک چیرۆکەکانی: ئەمینی میرزا کەریم، لە کۆمەڵەی (لێوی ئاگرین– ١٩٦٧) و کۆمەڵە چیرۆکی (بومەلەرزە لە گۆمی مەندا– ١٩٦٩)ی کاکە مەم بۆتانی و کۆ چیرۆکی محەمەد ڕەشید فەتاح (ژیان و ئەشکەنجە– ١٩٦٩)، هاوکاتیش کۆ چیرۆکی (ئەڵەمان کوردی– ١٩٦٩)ی د. مارف خەزنەدار و کۆ چیرۆکی (دە چیرۆک– ١٩٦٩)ی د. کاوز قەفتان و چیرۆکەکانی شێرکۆ بێکەس: (ئاهەنگی ئەشکەوتەکە– برایی، ژ/ ١٦) و (لە شەوێکی پایزدا– برایی، ژ/ ٢٣) و چیرۆکەکانی سەدرەدین عارف: (کوێرە ڕێیەکی ژیان– برایی، ژ/ ١٠ی بەرواری ١٩٦٧/٧/٢٢) و (ڕازێک– برایی، ژ/ ٢٤٦، بەرواری ١٩٦٨/٥/٢٦، کە بۆخۆیشی لە ئامادەییی کەرکووکدا وانەی ئینگلیزی پێ دەگوتینەوە و زیاتر وەک هاوڕێ هەڵسوکەوت و ڕەوتارەکانی دەنواندن لە بەرامبەر مندا، تا مامۆستا. گەلێک چیرۆکی تریشم خوێندوونەتەوە لێرە و لەوێ، بەڵام ناکرێ لەم دەرفەتەدا ناوی هامووویان بێنم کە پێم وایە، هەموو ئەمان و ئەوانی تریش لە نوێکردنەوەی چیرۆکی هونەری کوردیدا لە پێش تەوژمی (ڕوانگە)ییەکانەوەیشن.

لەلایەکی تریشەوە، لە هاوینی ساڵی ١٩٦٧، لە بارودۆخێکی گەلێک ناسکدا لەگەڵ هاوڕێ و هاوپۆلدا عەبدولئیلاه محەمەد ئەمین، (کە دواتر لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا بە ملازم شوانی پاسۆک ناسرا)، هاوکات لەگەڵ حەوێز ڕۆستەم گلی، کە هەرسێکمان ئەو ساڵە پۆلی ٣ی قۆناخی ناوەندیمان تەواو کردبوو و لە قوتابخانەی ئامادەییی کەرکووکدا وەرگیرابووین، لە بەرواری ٧ی ٧ی ١٩٦٧دا ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری نهێنیمان دامەزراند، بەناوی (کۆمەڵەی پرشنگ)ەوە، هەر ئەو کاتیش هەرسێکمان پەیماننامەیەکمان لەنێو خۆماندا ئیمزا کرد، کە نهێنی و کەسایەتی سەربەخۆی ڕێکخراوەکە بپارێزین و ئەرکەکانی

قۆناخی یەکەمی کارەکەشمان دیاری کرد، کە بریتی بوو لە:

١- ئامادەکردنی فەرهەنگ، قامووسێکی کوردی- کوردی، بۆ پارێزگاریکردن لە وشەی ڕەسەنی کوردی و بڵاوکردنەوەی بەکارهێنانی کوردی پەتی.

٢- دامەزراندنی کتێبخانەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردی، بۆ ئەوەی قوتابییانی کوردی کەرکووک بتوانن سوودی لێ وەربگرن هاوکاتیش ئەو بۆشایییە پڕ بکەنەوە، کە لە بواری خوێندن و ڕۆشنبیریی کوردی، لە کەرکووکدا هەبوو، لە بەرامبەر ئاستی مەعریفیی کەسانی هەولێر و سلێمانی دا.

دواتر دەستمان بە پەیداکردنی دیوانی شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد کرد، بۆ نموونە: نالی و مەولەوی و تاهیر بەگ و... کتێبە مێژووییەکانی محەمەد ئەمین زەکی بەگ و... ئەو کتێبانەیش کە دەست نەدەکەوتن. من بە دەست دەمنووسییەوە چونکە ئەو کات کۆپیکردن نەبوو، هەڵگرتن و پارێزگاریکردنی کتێبخانەکەیش لە ئەستۆی سکرتێری کۆمەڵەکەدا بوو کە من بووم، ڕێکخراوەکەمان سەرۆکی نەبوو بۆیە لە ماڵی ئێمە هەڵدەگیران، تا ساڵی ١٩٧٤، کە لە پشکنینێکی گشتیدا، دەست ڕێژیمی بەعس کەوتن، منیش لە سەروەختی دەست بەسەرداگرتنی کتێبەکاندا، لەنێو شۆڕش بووم، بۆیە نەیانتوانی دەستگیرم بکەن. ئیتر باوکی ڕەحمەتیم لەسەر ئەو کتێب و کەرەستانە، لە بری من گیرا و حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرکرا، بەڵام دواتر بە بڕیارێکی لێخۆشبوونی گشتی، ئازادیان کرد، کە لە دوای هەرەسی ساڵی ١٩٧٥دا، ڕێژیم دەری کرد. کە ئەمانە بە وردی دەگێڕمەوە، دەمەوێ ئێستا لەسەر دوو فاکتەری گرینگ بکەم، کە لە سەردەمی منداڵی و هەرزەکاریم، هەروەتریش لە قوتابخانەدا، کاریگەری گەورەیان لەسەر پێگەیاندنی قوتابی- پیاوانی دوا ڕۆژ هەیە، ئەوانیش:

١- بوونی مامۆستای ڕۆشنبیری و دڵسۆز و لێبووردە، هاوکاتیش ڕێنیشاندەری خوێندکاران و خاوەن پەیام.

٢- بوونی کتێبخانە لە قوتابخانەکاندا.

پێم وایە، هەردوو فاکتەرەکانی سەرەوەیش، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە بەرنامەکانی خوێندنەوە نییە، کە هەندێک مامۆستا تا ئاستی بە کۆسپکردن دەستیان پێوە دەگرن و بۆ قوتابییان دەیکەن بە گرفت، بەڵام من و گەلێک کەسی

تریش لە قۆناخی ناوەندی "ئیمام قاسم" و "ئامادەیی کەرکووک"دا دووچاری گرفتی وەها نەبووین، هەڵبەت هۆکارەکەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مامۆستاکانمان باش بوون.

* کەسانێک هەن زۆر حەز بە داخراوەیی و سانایی پێکهاتە و لایەنە مەجازییەکانی دەق هەڵدەسەنگێنن، بە واتایەکی تر دەڵێن: (ئەم دەقە جوانە)، (ئەم دەقە ناشرینە)، بەبێ وەی بپرسن: بۆچی جوان، یا ناشرینە؟ هۆکاری ئەم جۆرانەی هەڵسەنگاندن بۆچی دەگەڕێتەوە؟

– بە گشتی ڕەنگە کاری ئەدەبی و هونەری داهێنان، لە بەهرە، یا توانا و خەیاڵی تاکەکەسییەوە سەرچاوە بگرن. بە دڵنیاییەوە ئەوە دەڵێم کە (هەڵسەنگاندن)، یا سەرجەم پرۆسەکانی ڕەخنە، دیارەی شارستانین و لە کات و شوێن و کۆمەڵگە و دۆخی مەعریفی هەمەلایەنانە و هەماهەنگی لە باردا سەر هەڵدەدەن. ئەوانەی بەبێ کەرەستەی شارستانی، بەبێ مەعریفەی پێشوەخت و پێویست، دەقەکان هەڵدەسەنگێنن، یا هەر قسەیەکی خراپ و باشی لەسەر دەکەن، تەنیا گوزارە لە ئینتیباعی کەسیی خودی خۆیان دەکەن، وەک موستەهلکێک بۆ دەق.

* کەنگێ دەتوانین بڵێین: ئەو ئەدەبە (زارەکی)ییە، ئەمەیش (نووسراو)ە، هاوکات ئەو ڕەخنەیە (بنیاتنەر)ە، ئەمەیش (ڕووخێنەر)ە؟ ئەم پۆلێنکردن و هەڵسەنگاندنانە لە چییەوە سەرچاوەیان گرتووە، لە هەمان کاتدا کەنگێ و چۆن دەتوانین ئەم پێودانگ و پرسیارانە دەرببڕین، ئەگەر پێویستیش ناکات باسیان لێوە بکەین، هۆکارەکان کامانەن؟

– بەبۆچوونی من ئەدەبی (زارەکی) و (نووسراو) دوو دیوی یەک پرۆسەی داهێنانن، بەڵام هەر یەکێکیان زادەی قۆناخێکی مێژووی مرۆڤایەتین. پێم وایە ئەدەبی زارەکی، بەو سروشت و شێوە و شێوازە میلییەشەوە کە هەیەتی، بەو عەفەوییەت و ئیرتیجالییەتەیشەوە کە بەرهەم دەهێنرێ؛ لەگەڵ پەرەسەندنی پرۆسەی خوێندەواری و داهێنانی تەکنیکی نوێی چاپ و بڵاوکردنەوەدا، وردەوردە لە کورتی دەدا و لە پرۆسەی درێژخایەنی پلە بەپلەدا، لەلایەن ئەدەبی نووسراوەوە

هەڵدەمژرێ، ئەگەر بوارێکیشی بمێنێتەوە بۆ ژیان و بەرهەمهێنان، ئەوە لەلایەن کەسانی نێو کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا زەوینەیەکی لەبار بۆ خۆی دەدۆزێتەوە. بەپێچەوانەی ئەدەبی نووسراوەوە، کە دیاردەیەکی کۆمەلایەتی و زادەی شارستانیەتە، هەروەها لەگەڵ پەرەسەندنی ئابووری و پێشکەوتنی هەمەلایەنەدا دەگۆڕێ و پێش دەکەوێ، لەگەڵ ئەمەیشدا هەموو خۆی نوێ دەکاتەوە و ئامانج و تەکنیک و شێوە و شێوازەکانی لەگەڵ پێویستییە مرۆڤایەتییەکاندا دەسازێنێ و درێژە بە ژیان و بەردەوامبوونی خۆی دەدا.

لەبارەی (ڕەخنەی بنیاتنەر) و (ڕەخنەی ڕووخێنەر)یشەوە، پێم وایە تەنیا یەک (ڕەخنە) هەیە، ئەویش کار لەسەر دەقێک دەکات، کە شێوە و قەوارە و شێوازی خۆی لە شکڵێکی کۆنکرێتیی نەگۆڕدا بەرجەستە کردووە، کە ئیتر نە بەرهەمهێنەرەکەی، نە ڕەخنەی بنیاتنەر و ڕووخێنەریش، هیچیان ناتوانن لە بنیاتی بگۆڕن، یان لێی زیاد بکەن، یان بیڕووخێنن. دەق لە دوای بڵاوبوونەوەیدا، چەندایەتی و چۆنایەتیی خۆی دەپارێزێ و دەبێتە بوونەوەرێکی جاویدان.

لە ئێستەدا ئەو تیۆرە ئۆرگانیکە ڕووخاوە، کە دەقی وەک (گیانلەبەر) دەدیت و وەهای بۆ خوێنەران وێنا دەکرد کە (دەق لەدایک دەبێ)، مادام وەهایشە، پێویستە (بشمرێت)، ئیتر ئەگەر ئەو مردنە سروشتی بێ، یان بە دەستی (ڕەخنەگرێکی ڕووخێنەر)ەوە؛ ئەو ڕوانینە پوچ بووەتەوە، چونکە (دەق) لە ئەزەلەوە نییە، بگرە لە بارودۆخی گونجاودا (پەیدا) دەبێ، وەک چۆن دەنکێک مرواریی، دەنکێک ئەڵماس، بەردێکی پیرۆزە، لە ئەزەلەوە نییە، بەڵام لە زەمەندا لەژێر کاریگەریی و پاڵەپەستۆ و پلەی گەرما و... هتد، بە شکڵ و ڕەنگ و بەهایەکی نەگۆڕەوە پەیدا دەبێ، دواتریش هەر لەو شکڵ و قەوارەیەدا، بە بەهای ڕۆژەوە دەژێت و بەردەوام دەبێ؛ نە داهێنەرەکەی، نە ڕەخنەگرە ڕووخێنەرەکانیش، هیچیان ناتوانن لەو دۆخە دووری بکەنەوە کە تێیدا دەژێت دەقی ئەدەبی و هونەریش ڕێک ئاوهان، لە ئەزەلەوە نین، بەڵام کە لە بارودۆخی لەباردا (پەیدا) دەبن، ئیتر تا ئەزەل دەمێنن ئەمە ئەگەر مەبەست لە (ڕەخنەی پراکتیک) بێ، کە هەردەم لە دوای پەیدابوونی دەقەوە دێ؛ ئەگەر مەبەستیش لە (ڕەخنەی تیۆری)یە، ئەوا من (ڕەخنەی تیۆری) بە (سیاسەتی ئەدەبی) دەزانم، نەک بە (ڕەخنەی ئەدەبی). ڕەخنەی تیۆری کار (بۆ بەزۆر پەیداکردنی) دەقێک دەکات، کە (دەبێ) لە کاتی ئێستەدا، یان لە داهاتوودا بەرهەم

بهێنرێت، پرسیارەکەشی لەسەر شێوازی زەمەنی حازر، یان داهاتووە و لە خودی داهێنەری دەق و خوێنەر/ موستەهلیکی دەق دەپێچێتەوە (بۆ کێ دەنووسیت؟). لێرەشەوەیە ڕەخنەی تیۆری دەچێتە خزمەتی دەسەڵات و سیاسەتمەدارەکانەوە، ئیتر بوار بۆ دەستێوەردانیان لە کاروباری داهێنان بۆ دەڕەخسێنێ، بەڵام هەرچی (ڕەخنەی پراکتیک)ە، کار (لەسەر دەقێکی پەیدابوو دەکات)، کە لە زەمەنی ڕابردوودا تەواو کراوە و بواری دەستێوەردان و دەستکاریکردنی بە داهێنەرەکەیشی نادات و وەک بەهایەکی نەگۆڕ، خۆی نمایش دەکات. بۆیە پرسیاری ڕەخنەی پراکتیکیش لەسەر شێوازی زەمەنی ڕابردووە، ئەم دەقە (چۆن پەیدا بووە؟!.).

هەڵبەتە (پەیدابوون) کارێکی ئاسایی و خۆڕسکانەیە، بەڵام (پەیداکردن) زۆری زۆردارانی دەوێ، دەسکردییەکی ناپەسەندی پێوە دیارە. لەودا ئەگەر بەرهەمی خۆڕسک بە ئەڵماس و مرواری و هەنگوینی بێ خەوش بچوێنین، ئەوا لەمدا بەهای بەرهەمی (بەزۆر پەیداکراو)، هەر ئەوەندەی بەهای ئەو ئەڵماس و مرواری و هەنگوینە ساختانە دەبێ، کە لە کارگەکاندا بەرهەم دەهێنرێن. بۆیە دەگەڕێمەوە بۆ سەرەتا و دەڵێم: ڕەخنە (بەبێ وەسف) سەر بە دنیای ئەدەبە بەڵام ڕەخنەی وەسفکراو بە (بنیاتنەر)، یان (ڕووخێنەر) دوو زاراوەی فەرهەنگی سیاسین و بۆ بواری ئەدەب ناشێن، بەبۆچوونی خۆیشم، پێم وایە هەردوو زاراوەکە (ڕەخنەی ڕوخوێنەر و، ڕەخنەی بنیاتنەر)، لە داهێنانی ئەو سیاسەتمەدارە تیۆرکارانەیە، کە بۆ بەرگریکردن لە ڕێژیمە شمولییەکان دایان هێناون، تەنانەت ئەو ڕێژیمانەیش کە هەموو ڕەخنەیەکیان پێ هەرس ناکرێ، ئەو سیاسییە تیۆرکارانە، ئەمەشیان بەهەمان شێوە و بۆ هەمان مەبەست پێشان، لەگەڵ چەمکی (دیموکراتییەت)یشدا کرد، کاتێک وەسفیان کرد و (دیموکراتییەت) بوو بە (دیموکراتیی مەرکەزی و میللی و عەرەبی و سۆشیالیستی و مەسیحی و...).

پەیداکردنی زاراوەکانی (بنیاتنەر و ڕووخێنەر)، بۆ چەواشەکردنی گەل و هێشتنەوەی دەسەڵاتە لەسەر حوکم بەهەموو لادان و هەڵەکانیانەوە، دەنا لە دنیای سیاسەتیشدا ڕەخنە نییە، بنیاتنەر، یان ڕووخێنەر بێ، لە حوکم و سیاسەتیشدا تەنیا ئۆپۆزسیۆن و گۆڕانکاریی هەن، ئەو سیاسەتمەدار و دەسەڵات و حکومەت و حزبانەی هەڵە دەکەن، دەبێ ئیستیقالە بکەن، با ئەو هەڵەیە، یان ئەو بۆچوونە

گەلێک بچووکیش بێ، دیگۆلی مەزن لەسەر ڕەتکردنەوەی پێشنیازێکی ئیستیقالەی کـرد، حکوومـەتێکی نەمـسـاویی جـارێک لەسـەر برینـەوەی تەنیـا یـەک دار، لە شەقامێکی ڤیەننادا، ناچاربوو ئیستیقالە بکا، چەندان حکوومەتی دێموکراتیی تر لە بەریتانیا و ئیتاڵیا و ژاپۆن، چەندان وەزیر و سەرۆک حزب لەسەر فەشەلهێنانی تاکە کردەوەیەکی نادەستووریی، یان تەنیا پێشنیازێکی پەسەندنەکراو، دەستیان لە کار کێشاوەتەوە، یان بروایان لێ سەندراوەتەوە و لە کار لابراون، ئەوە ڕێژیمە تۆتالیتـار و دیکتـاتۆرەکانە کـە هەڵە دەکەن و دەیانەوێ بـە خێری خـۆیان ڕێگەی (ڕەخنەی بنیـاتنەر) بە هاوولاتییـان بدەن، کـە چەمکێکی لاسـتـیکیی هـەیە و بە گوێرەی دۆخ ڕای دەکێشن بۆ ئەوەی بەو پاساوەوە لەسەر دەسەلات بمێنن و درێژە بە هەڵە و تاوانەکانیان بدەن، دەنا لە سیاسەتیشدا ئەوەی یاساشکێنیی دەکات، دەسـتـوور پێـشـێل دەکـات، دەبێ واز لە حـوکم بێنێ و سـزا بدرێت تەواو وەک هاوولاتییەک کە یاسا شکێنی دەکا.

* شیعری ئێستە، بەشێوەیەکی بەرفراوان، ڕووی لە خەمە بچووکە خودییەکان، یان شاعیر کردووە، بەپێچەوانەی شیعری پێشوو، کە گرینگیی دەدا بە خەمە کۆکان، ئەم گۆڕانکارییەی ئێستە لە بنیاتی دەقـە (هـاوچەرخ)ەکـانەوە هەسـتی پێ دەکـرێت، هۆکـارەکـەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

– من بڕوام بـە (خـەمی گـەورە) و (خـەمی بچـووک) نییـە، ئەگـەر خـەم خـەمی ڕاسـتـەقینـە بێ، نەک ئەوەی پەروەردە ڕێکلامـی بۆ دەکا، یا، ئاین و سیاسـەت لە دەروونی تاکدا دەیورووژێنن؛ خەمە ڕاستەقینەکانی مرۆڤیش لە یەکتر بە دوور نین، هەر خەمێکی تاک، بەشێکە لە خەمی کۆیش، ئەوە سیاسەتی ڕۆژ و دەسەلاتە، ئیتر ئاینیی بێ، یان سیـاسی، بەگـوێرەی بەرژەوەندیی خـۆی خـەمـەکـان لە یەکـتریی جوایەز دەکاتەوە و بەپێی ئەولەویەتی خۆی دەیانکا بە (خەمی بچووک) یا (خـەمی کۆ)، هەر لێرەشەوەیە کە لەژێر پەردەی (بەرژەوەندیی بالا) و (ئاسایشی گشتی)دا خواستەکانی مرۆڤ و تایبەتمەندییەکانی تاکەکان دەسڕێتەوە و مافەکانیان نادیدە دەگیرێن، دەقی کوری کاری باش دەکات کە ڕوو لە خەمی تاکەکان و پشتیش لە خەمە کۆکان دەکات، کە زۆرجار بوونی ڕاستەقینەیان نییە و لە دەستـهەڵبەستی

دەسەڵاتەکانەوەن، ئاخر دەسەڵات بۆ هەل/ پاساو دەگەڕێ، کە ئیرادە و مافەکانی تاک لە پەنایانەوە زەوت بکا و خواستەکانی خۆی تێ بپەڕێنێ، ئەمەیش فێڵێکی میکاڤیلییانەی کۆنە، کە مامۆستای هەموو سیاسی و هەموو دەسەڵاتەکانە. تۆ بڕوانە کارەکانی ستالین و سەدام حوسێن و هیتلەر و تیرۆرکاران، ببینە بە ناوی نیشتمان و نەتەوە و خواوە چ تاوانگەلێکیان دەرهەق بە تاکەکان کرد؛ کردووە و دەکەن.

بەبڕوای تەواوەوە دەڵێم: ململانێی داهاتوو، هیی مرۆڤی تاک دەبێ، لەگەڵ دەسەڵاتی کۆدا، ململانێیەک دەبێ لە نێوان (من)ی تاک و (ئێوە) و (ئەوان)ی کۆدا، بەڵام بە (دیالۆگ) و دەنگی بەرز، نەک بە (مۆنۆلۆگ)، وەک لە قۆناخەکانی ڕابردوودا، لە ئەدەب، بەتایبەت لە چیرۆکی کوردیدا (باو)بوو و ڕووی سەرجەم دەقی کوردی گرتبووەوە.

دەسەڵات، هەموو دەسەڵاتێک، لە ڕێگەی، یان لەژێر پەردەی خەمە کۆکانەوە خۆی تەسویق دەکات، هەر بەو بیانوویەشەوە تاکەکان دەهاڕێ و دەیانچەوسێنێتەوە و برسی و تینویان دەکات، خۆ ڕەنگە بوونی فیزیکیشیان بسڕێتەوە، لەو حاڵەتەیشدا تێ ناگەم جیاوازی نێوان ستەمی خودی نێوەکی و مەترسی بییانیی دەرەکی، چییە؟! ئەگەر هەردووکیان هەڕەشە لە ژیان و بوون و مافەکانی تاک بکەن، با سەرچاوە و ناوەکانیشیان جیاواز بن، پێم وایە ئەدەب و هونەر لە تەنگانەترین ساتەوەختەکاندا بۆ مرۆڤی تاک دەبن بە یەکەم پەناگەی ڕاستەقینە، لە هەمان کاتیشدا زۆنی ئارام و ئاسایشی فیزیکی و دەروونیی بۆ مسۆگەر دەکەن، ئەدەب و هونەرە ئەگەر بەشێوەیەکی ڕەمزییش بووە، سزای ڕۆحی و مەعنەوەیی ئەو دەسەڵاتانە دەدەن، کە بە ناوی (کۆ)وە مرۆڤی تاک دەچەوسێنێتەوە.

ئەدەب و هونەری کوردی، پێشتر گەلێک ئیشیان بۆ ئەو (کۆ)یە کرد، بۆیە بە زۆری و ڕاستەوخۆیی، ئەو کارە هونەری و نووسینانە تارماییی سیاسەتیان کەوتووەتە سەر، زۆربەشیان لەگەڵ بەسەرچوونی خەمە سیاسییەکاندا هۆکارەکانی بوون و بەردەوامیی خۆیان لەدەست داوە و دەدەن، ئەمەش ئاکامێکی نەخوازراوە بۆ دەقی ئیبداعیی، هەڵبەتیشە پێچەوانەی ئەمە، واتا کارکردن لەسەر خەمە خودییەکان، لە خزمەت دەقی ئیبداعی دایە، چونکە خەمی تاکەکانی کۆمەڵ

لەیەکترییەوە نزیکترن، باسکردنیشیان لە ئەزموونی تاکەکەسدا هاوکێشەیی و هاوسۆزی و هاوچارەنووسییەک لەنێو خۆیاندا هەڵدەگرن، لە کاتێکدا خەمە گشتییەکان، هەرگیز ناکەنە کۆی ماتماتیکی خەمە فەردییەکان، بگرە خەمە گشتییەکان زاراوەیەکە وەکو ئەلتەرناتیڤ بۆ کێشە سیاسییەکانی دەسەڵات بەکار دەبردرێ.

* ئەگەر خوێنەر هاوشانی دەقنووس بێ لە خوڵقاندنی مانادا، ئەدی دەقنووس چۆن هاوشانیی لەگەڵ پێکهاتەکانی دەقدا فەراهەم دەکات، بەدەر لەسەر وەختی لەدایکبوونی دەقێکی ئیبداعی؟

– لە خوڵقاندنی واتادا، هەرگیز بەکردەوە خوێنەر و دەقنووس هاوشان نابن. گەلێک جار خوڵقاندنی واتا دەکەوێتە دەرەوەی دەسەڵاتی خوێنەری ئاسایی و ڕەخنەگر، تەنانەت خودی دەقنووسیشەوە، بەتایبەت کاتێک کات و شوێن و فەرهەنگی جودا دێنە ئاراوە، بۆیە هەر دەقێک بەگوێرەی ژمارەی خوێنەران و ڕەخنەگران، واتاگۆڕکێ دەکات، هەندێک جار لەو واتایەش تێ دەپەڕێ، کە خودی دەقنووس مەبەستییەتی، لەبەر ئەمە ڕەخنە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی جیاواز پێویست دەبن، لێرەیشەوەیە دەبێ بڵێم: تەنیا ئەو واتایە بەس نییە کە دەقنووس بۆ کارەکەی خۆی دیاری دەکات. هۆگارت دەڵێت: باوەڕ بە چیرۆکەکە– دەقەکە– بکە، باوەڕ بە چیرۆکنووسەکە مەکە.

* پێت وایە هۆی داتەپینی بناخەی هەر دەقێک بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بنیاتی دەق لە (مانا داخراوەکان)ەوە سەرچاوە بگرێت؟

– دەقی داتەپیو (وەک تۆ دەڵێی)، لە دیدی منەوە: ئەو دەقەیە کە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا کەمترین ڕێژەی هاوسۆزی لەکن کەمترین ژمارەی خوێنەر دەوروژێنێ. من بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بەخۆم نادەم مەرجی پێش وەخت بۆ دەقی ئیبداعی دیاری بکەم، بەڵام ئەگەر دەقی ئیبداعی تەواوکراو بەرهەم هاتوو ببینم، دەیناسمەوە.

* کەنگێ زمان و گوتن بەرەو ڕووی بەریەک کەوتنی قووڵ و ئێستێتیک و بابەتییانە دەبنەوە؟

– ڕاستیت دەوێ؟ من نامەوێ لە گوتوبێژێکی ڕۆژنامەوانیدا بە دوو کێشەی ئاڵۆزی وەک زمان و خیتابدا ڕۆبچم، کە لە کولتووری کوردیدا بایەخی خۆیان نەدراوەتێ. نامەوێ پێناسە و سروشت و ئەرکی زمان و خیتاب دیاری بکەم، بەڵام دەشزانم زمان لە فەرهەنگ و یادەوەری تاکەکاندا، وەکو و کەرەستە، بوونی تایبەتی هەیە، خیتابیش، وەک تۆ پێی ئێژی- گوتن- و من پێم باشە بڵێم: گفتار (بۆ ئەوەی لە وشە و چەمکی گوتار- مەقالە جوودای بکەینەوە) چونکە کورد دەڵێ: (کردار و گفتار)، یان (قسە) و (خیتاب)، کە دەکاتە چۆنیەتی و چەندیەتی و بۆچی بەکاربردنی ئەو (زمان)ە مەوزوعییە، هاوکاتیش پێدانی سیفەتی زاتی بەو، لە پرۆسەیەکدا کە بە بوونی:

١- نێرەر/ مورسیل+ وەرگر/ مورسیل ئیلەیهی/+ سیاق+ گفتار/ خیتاب، بەرهەم دەهێنرێ. گفتار؛ گەیاندن و کارتێکردن و ئاراستەکردنی مەبەستە، سروشت و باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و مەبەست و پێوەندیی نێوان (نێرەر) و (وەرگر) و کات و شوێن کاریگەری لەسەر دادەنێن، لەژێر ئەو کار تێکردنەیەشدا گفتار بەسەر دوو جۆردا دابەش دەبێ: (گفتاری ڕاستەوخۆ)، کە پتر بۆ ئاراستەکردنی سیاسی و ئاینیی بەکار دێت، پتر سروشتی فەرمان/ ئەمر و خۆ بەگەورە نیشاندانی نێرەر و بەکەم دیتنی وەرگری پێوە دیارە، هەروەها بۆ پێگەیاندنی زانیاری وردیش بەکار دەهێنرێ، وەک: بابەتی زانستی و هەواڵ، کە ئەمەیان وێڕای بەهەند هەڵنەگرتنی (وەرگر)، هەوڵی شرۆڤەکردن و بەڵگە هێنانەوە و قەناعەت پێکردنی، بەتەواوی پێوە دیارە.

٢- بەرامبەر بەمە (گفتاری ناڕاستەوخۆ)یش هەیە، کە زمانی ئیحائیی تێدا بەکار دەبردرێت و پشت بەخوازە و کینایە و ئاماژە دەبەستێ، کە سیمای سەرەکی هەست پێکراویشی ئەوەیە: هاوشانیی نێرەر و وەرگری تێدا ڕەچاو دەکرێ. گەلێک نووسەر و داهێنەری گەورەیش گلەییان لە (کەمبڕشتی)ی زمان کردووە، یەکێک لەوانەیش گۆتێ-یە، کە لە زمانی ڤێرتەرەوە دەنووسێ "ئاە، چۆن ئەمەت بۆ دەردەبڕدرێ، چۆن ئەوەی لە ناختدا دەژێت بە پڕی و گەرمیی دەیخەیتە سەر کاغەز. تا ئاوێنەی ڕوحی خۆت بخوڵقێنی، کە ئاوێنەی خوای بێ کۆتایە". لە ئەدەبی کوردیشدا گەلێک نووسەری کورد ئاماژەیان بە (بێ پێز)یی زمان کردووە، لەوانەیش (عەبدوڵا سەراج)ی چیرۆکنووس، کە پتر لە

چیرۆکێکدا ئەم بابەتەی کوتاوەتەوە، بەڵام من بۆ خۆم پێم وایە ئەم گرفتە دەگەڕێتەوە بۆ (ناڕون)یی بیر و بۆچوون و هەستی خودی نووسەرەکە، لەبارەی ئەو کەیسەوە، کە بەنیازە دەربیبڕێ. ئەوەندەی من بیستوومە: زمانی ئاڵمانیی ئاڵۆزترین زمانی جیهانە (لە ڕووی بەلاغەتەوە)، کەچی نیچە شاکارێکی وەک (وەهای گوت زەردەشت)ی لێ بەرهەم هێناوە، ئەوەتا هەر خودی گۆتێ (فاوست)ی پێ نووسیوەتەوە. زمانی فارسییش، هەر وا کە زمانێکی تێکەڵەیە، بەڵام حافیز و سەعدی و خەیام و فیردەوسی، شاکارگەلێکیان لێ بەرهەم هێناوە. دوا جاریش پێم وایە کە: (زمان) وەکو وشە و ڕێزمانیش کەرەستەگەلێکی موشاعن، نووسەرە ڕاهەندی واتا و مەبەست و ئێستێتیکای دەخاتە سەر.

* ئەگەر خودی نووسەر سەرەکیترین کەرەستەی خاو بێ بۆ بنیاتنانی تەلاری بەرز بە وشە، خەیاڵی نووسەر لە کوێی تەلارەکەدا بەرجەستە دەبێ؟

– ئێستا و پێشتریش، بە هزر و کردەوەیش، زۆرم لە خۆم کردووە و دەکەم، تا قەناعەت بە خۆم بکەم کە (نووسەر کەرەستەی خاو)ە، یا هەر کەش و دۆخ و پانتاییەک، یا ئەوپەڕی (هۆکارێکی یارمەتیدەرە) لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەقدا، بەڵام لە ئاکامدا گەیشتمە ئەوەی: وەک چۆن ئافرێنەری مەزن سەرچاوەی هەموو چاکە و خراپە و جوانی و دزێوییە شاراوە و ئاشکراکانی سەر زەوی و ژێر زەوییە؛ ئافرێنەری دەقیش سەرچاوەی هەموو کەرەستە و ڕەگەز و پێکهاتە و کارەکتەر و چارەنووس و واتا و مەبەست و ئامانجە پەسەند و ناپەسند و جوان و ناشرینەکانە، ئەگەرچی هەردەم خۆی لە پشت دەمامکەکانەوە دەشارێتەوە، بەڵام هەرگیز لە خوێنەری زیرەک ون نابێ، بەتایبەت لەو کاتانەدا کە (وەسف) دەکات. من نووسەر بە (کەرەستەی خاو) مەزەندە ناکەم یا نایبینم، بگرە نەک هەر نووسەر، پێم وایە: هەموو مرۆکان بە پرۆسەیەکی چڕ و پڕی پەروەردە و تاقیکاری و زنجیرەیەک ئەزموونـدا تێ دەپەڕن، کە ئیتر ناتوانین بە (خاو)، یان (بێ لایەن) وەسفیان بکەین، لە هەموو جێگەیەکی دەقیشدا ئاماژەیەک بۆ خۆیان بەجێ دەهێڵن، تا بەهۆیانەوە بناسرێنەوە.

* دیکارت ڕوانینێکی وەهای هەیە: "من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم"، بەڵام ئەوەی شاراوە ماوەتەوە ئەمەیە: کام (بیرکردنەوە) دەتوانێ (بوون)ێکی جووڵەدار و ئیبداعکاری بەردەوام بەرهەم بهێنێ؟ هاوکاتیش، ئایە بیرکردنەوە لە کن تاکی وشیار تا چەند پێوەستە بە (ئاگایی) و (ئەوانیدیکە)وە؟

– دیکارت کە دەڵێ: "من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم"، مەبەستی تەنیا لە کردار/ فیعلی بیرکردنەوەیە، کە (بوون)ی خۆی و زیندوویی خۆی پێ بسەلمێنێ. پێم وا نییە مەبەستی لە (بابەت)ی بیرکردنەوەکە بێت، بگرە تەنیا پرۆسەیەکی هەبووە، بۆ دڵنیابوون لە بوونی خۆی ئەگەرچی گەوهەری بیرکردنەوەی (گومان)ە، گومان تەنانەت لە بوونی خۆیشی هەموو (بوون)ێکی جووڵەدار و بەردەوام، داهێنانی مەزنی لە (گومان)ەوە دەست پێ دەکات، گومان لە شتە شمولی و نەگۆڕەکان لە باوەڕ و بڕاوەکان، لە داوونەریتەکان، هەڵبەتە ئاشکراشە کە نەک گومانی (بکوژ)، بگرە گومانێک کە (گەڕان) بە دوای خۆیدا بهێنێ.

* ڕۆشنبیرانی کورد توانیویانە بەکەرەستە مۆدێرن و چەمکە جیهانییەکان، دۆخی گشتیی ئێستەی کوردستان بخوێننەوە و بە پاڵپشتی گوتارەکانیان، قەیرانەکان بەرەو چارەسەر بەکێش بکەن؟

– ڕۆشنبیرانی کورد هێشتا لە پاشکۆی سیاسەتدا بیر دەکەنەوە و دەنووسن، سیاسەتیش بۆ هەردەم ڕۆشنبیران وەکو کەرەستە تەماشا دەکات و لە پەڕاوێزەوە سەرنج لە گوتار و ڕوانینەکانیان دەدات، بۆیە ئەوانیش ناتوانن قەیرانگەلە ئاڵۆزەکانی ئێستە بەرەو چارەسەر بەکێش بکەن.

* ڕۆشنبیرانی کورد دەزانن بیر لە چی دەکەنەوە و لە پشت بیرکردنەوەکانیاندا چ مەبەست، یان ئامانجگەلێک خۆیان نواندووە و کاریان بۆ دەکەن؟

– دوای ڕاپەڕین و دیتنی شەڕی نێوخۆ و دەرهاویشتەکانی، ئەزموونی دەسەڵاتی سیاسیی کوردی و ئەو ئاسۆ فراوان و هەمەلایەنەی تەکنەلۆجیای گەیاندن فەراهەمی کردووە، وای کرد، کە ئێستە بواری (بیرکردنەوە) لە بەردەم

ڕۆشنبیرانی کوردیدا گەلێک فراوانتر ببێ، هاوکاتیش ڕۆشنبیریی کوردی لە دۆخی ئێستەیدا، بە قۆناخی گواستنەوەی ئەوسادا تێ دەپەڕێ، بۆ قۆناخێکی جیاوازتر.

* لەنێو (ڕۆشنبیر)انی ئێستەی کوردستاندا کۆمەڵێک گرووپ ئامادەیییان هەیە، دەتوانین بڵێین ئەم گرووپانە بنەماگەلی تەندروستییان هەیە، بۆ درێژەدان بە کار و پرۆژەکانیان؟ بۆچی ئەم گرووپانە هەر دەمێک و کەسێک وەک (ڕۆشنبیری گەورەی کورد) دەناسێنن؟

– مرۆڤی کورد، چ وەک تاک لەنێو خێزاندا، چ وەک (کۆ) لەنێو کۆمەڵگەدا، بە قۆناخی چەند هەزار ساڵەی باوکسالاری و ژێردەستەیی و ژێر چەپۆکیی درێژخایەندا تێ پەڕیوە و تێ دەپەڕێ، تا ئاستێکیش لەگەڵیدا ڕاهاتووە، لە هەندێک کاتیشدا وابەستەییی پێوە دیارە بەم حاڵەت و شێوەژیان و تێپەڕینەدا، تەنانەت بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ، ئەگەر ئەو باوک و داگیرکارە دەسەڵاتی بە سەریەوە نەمێنێ، هەست بە نەبوونی دەکەن، ئەگەر نەشگەڕێتەوە، ئەوا بۆ خۆیان (ئەگەر بە وەهمیش بێ، بە خەیاڵیش بێ) باوک و دەسەڵاتی سیمبۆلیی پەیدا دەکەن، ئیتر لە شێوەی باوکی ڕوحیدا بێ، یان سەرەک عەشیرەت، یان ئاغا و کوێخا و شێخ، بە باش یان خراپیش، ئینتیمای بۆ دروست دەکەن و لە بەرامبەریدا واز لە هەموو ئازادی و ماف و دەسەڵاتەکانی خۆیان دێنن، هەندێک جاریش دەگاتە ئاستی خودسڕینەوە و دروستکردنی ئەفسانە لە دەوری ئەو دەسەڵاتە خێڵەکییانەدا.

ئێمە هێشتا لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم و هەزارەی سێیەمی زاینیدا دەژێین، ئەوە چەند ساڵێکیشە نیمچە ئازادییەکی ئێرەتی باڵی بە سەر کوردستاندا کێشاوە و ژمارەی بەرچاوی خوێندەوارانیش لەنێو شارە گەورەکاندا ڕوو لە پەیدابوونن، ئەم خوێندەوارانە، هەندێکیان هەست بە داتەپینی سیمبولە خێڵەکییەکان دەکەن و دەیانەوێ ئازادیی تاکەکەس، ئازادیی خۆیان وەدەست بێنن، بەڵام هێشتا ژمارەیەکی زۆر لەمانە ماون، کە لە ئازادیی ڕەها دەترسێن، ئەمە وێڕای ئاگەدارییان لە بودەڵەییی دەسەڵاتە خێڵەکییەکان، کە بە دوای بەدیلی

هاوچارخدا دەگەڕێن، بۆ ئەوەی ئینتیمای بۆ بکەن، کە زۆرجار لەنێو حزبەکاندا ئەم ونبووەی خۆیان دەدۆزنەوە، بەتایبەتیش لە کەسی یەکەمی ئەم حزبە یان ئەو کەس و ڕۆشنبیرانەی ئەو سەرۆک حزبە متمانەی داونەتێ، ئیتر لە بری شێخ و کوێخا و... متمانەیان پێ دەکەن و ئینتیمای خۆیان بۆ ساغ دەکەنەوە، هاوکاییش چارەنووسی کەسی و هەموو هیوا و ئامانجەکانیان بەوان دەسپێرن و بۆ خۆیان ئەرخەیان پاڵ بەو کۆڵەکە بەتاڵانەوە دەدەن و هەوڵ و تواناکانیان سڕ دەکەن، ئەمەیش لە سروشتی قۆناخی گواستنەوە دەوەشێتەوە، لای ئەوانەی لە شۆڕش و کودەتا دەترسێن، هاوکاتیش متمانەیان بە گۆڕانکاریی پلە بەپلە هەیە و بە ژیانی بەر سێبەری خەڵکانی تر ڕازیی دەبن.

پەیدابوونی گرووپ و کەسپەرستی و عیبادەتی کەسانی تریش، کە لەم ساڵانەی دواییدا دەرکەوتوون لەنێو ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیریی کوردیدا، بۆ هۆکارگەلەکانی سەرەوە دەگەڕێنمەوە، ئەم دیاردەیە پێشتر لەنێو ئەدەبی عەرەبی و کولتووری عەرەبیشدا هەبوو، ئێستەیش بەردەوامە، عەرەب (ئەمیر ئەلشوعەرا) و (عەمیدی ئەدەبی عەرەبی) و (شاعیر و عەرەبولئەکبەر) و لەم دواییەیشدا نازناوی (عیملاقی ڕۆمانی عەرەبی)یشیان بە (ئەلتەیب سالح) بەخشی لە بواری موزیک و گۆرانیشدا ئەوە (کەوکەب ئەلشەرق) و (مۆسیقاری ئەجیال) و (عەندەلیب و لئەسمەر) و (شەحروره) و (بولبولو خەلیج) و (موتریبولعەرەب) و (سولتانولتەرەب) و... چی و چیی تریشیان هەیە.

گرووپ، کە هەرگیز ئەدیب و هونەرمەندی نەمری نەهێناوەتە کایەوە، هۆگردی ئەوەیە کە فەردییەت لە مرۆڤ زەوت دەکات، سەرەڕای پێدانەوەی لەقەبی گەورە گەورەی بۆش بە هەندێک نووسەر و شاعیری دەربارى کانتۆنە دەرهاویشتەکانی شەڕی نێوخۆ، کە سیاسەت و سیاسەتمەداران لە پشتییەوەن، ساڵانێکە لەنێو نووسەرانی کورددا دیاردەیەکی تریش زۆر بووە، کە دیاردەی (من یەکەم کەس بووم... ئەمەم کردووە و ئەوەم کردووە)، ئەمەی دواییش دڵدانەوەیەکی خودییە، کە تەنیا بۆ بازاڕ گەرمکردن دەیکەن، کە لە کاتێکدا سەرهەڵدەدات، لە داهێنان مایەپووچ بووبن.

نووسەرانی وەها، هەر بە (ئەسبەقییەت) دادەمرکێنەوە، لە کاتێکدا (ئەسبەقیەت)ەوە دەست هێنان– ئەگەر– لە کولتووری ڕۆژنامەوانیشدا بەهایەکی

هەیە، بەڵام لە دنیای ئەدەب و هونەردا نرخی ئەوتۆی نییە، تا شانازیی پێوە بکردرێت، بەتایبەتیش لە دوای کارکردن بە چەمکی تێکهەڵکێش– تەناسەوە، ئەم دیاردەی (یەکەم کەسم)ە.

نەخۆشییەکی تری نەزۆکی کولتووری عەرەبییە و پەڕیوەتەوە بۆ نێو کولتووری کوردی، ئاخر ئەوە عەرەبەکانن پێیان وایە ئەوان (یەکەم کەس)انێکن کە (ناتیحاتی سەحاب و ئەستەرلاب و... دروست کردووە) و (سووڕی خوێن و دەرمانی تاعون و...) دۆزیوەتەوە، ڕەنگە وەهایش بێ، کە ئەوان دەیڵێن، بەڵام هەرگیز ئەو شتانەیان نەبردووەتە سەر و (ئەوانیدیکە) هاتوون، ئەم دۆزینەوانەیان تا ئەوپەڕی مەودا بردووە، تا وەهای لێ هاتووە، کە ئیتر بۆ عەرەب هیچی تێدا نەمێنێتەوە. سەرجەمی ئەم پرۆسەیەیش، بەشێکە لەو ڕاستییەی کە دەڵێ: قوربانییان، هەردەم لاسایی جەللادەکان دەکەنەوە.

* ئەگەر بە وردیی لە چیرۆکەکانی ساڵانی حەفتاکان بڕوانین، دەبینین گەورەترین کێشەیان تەکنیک بووە، هاوکاتیش لە گوتارەکانیاندا بەکارهێنەری زۆرترین دەستەواژەی (داهێنان) و (نوێخوازی)ن و خۆشیان بە کۆکەرەوەی حەقیقەت هاتووەتە پێش چاو، ئەمەیش لە کاتێکدایە کە وەها نین، ئەو گوتارانەی ئێستەی چیرۆکنووسان دەری دەبڕن، تا چەند نزیکن لە حەقیقەت و کامانەیشن چیرۆکنووسە داهێنەرەکان؟

– تەکانی ڕاستەقینەی چیرۆکی هونەریی (دەڵێم هونەریی) کوردی، لە سەرەتای حەفتاکانەوە بەرچاو بوو، ئەگەرچی لە کۆتاییی شەستەکانیشدا سەرەتاکانی دەرکەوتن، لەوانەیش، کارەکانی حوسێن عارف، کاکەمەم بۆتانی، ئەمینی میرزا کەریم، سەدرەدین عارف، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، کە پێش ۱۹۷۰یش بە کردەوە و بەرهەم دەقەوە لە گۆڕەپانەکەدا بوون، بەڵام ڕێککەوتنەکەی ۱۱ی ئاداری ۱۹۷۰ تەکانێکی مەزنی بە زمان دا، تەنانەت بوو بە هۆکار تا قەڵەمگەلێکی تر بێنە پێشەوە، چونکە لەو مێژووە بە دواوە ڕووبەری ئازادیی پتر بوو، ژمارەی کۆوار و ڕۆژنامە و چاپەمەنی و بواری بڵاوکردنەوەش زۆرتر بوون. یەکیەتیی نووسەرانی کورد دامەزرا، خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکاندا لە ڕووی چەندیەتی و

چۆنیەتییەوە پەرەی سەند؛ کوڕ و کۆبوونەوە و سیمینار زۆر بوون؛ میهرەجانی یەکەمی شیعر لە کەرکووک گیرا؛ ڕوانگە پەیدا بوو؛ سەرچاوەی مەعریفی لە کتێبی لێکۆڵینەوە و دەقی عەرەبی و وەرگێڕدراوی ئەوروپا و جیهانی، زۆر بوون و... هتد، لەو سەرەتایەوە، لەو دۆخەوە کۆمەڵێک چیرۆکنووسی تازە دەرکەوتن، وەک: لەتیف حامید ڕەئووف بێگەرد، ڕەئووف حەسەن، سەلاح شوان، عەبدوڵا سەراج، تاهیر ساڵح سەعید، جەلیل کاکەوەیس، محەمەد موکری، کە تا ئێستە زۆربەیان ڕۆڵیان هەیە، ئەمە بێجگە لەوەی دەیان کەسی تر بە بڵاوکردنەوەی چەند دەقێک وازیان هێنا.

بەهەرحاڵ، من کتێبێکم هەیە لەبارەی چیرۆکی کوردییەوە، کە ٤٢٠ لاپەڕەیە و ناویشی (چیرۆکی هونەریی کوردی/ شێوە و شێواز و بنیات)ە، چاپی یەکەمی ١٩٩٧ە، چاپی دووەمیشی لەم ماوانەدا (کۆتاییی مانگی ٦ی ٢٠٠٩) بڵاو بووەوە، بۆیە بە پێویستی نازانم لێرەدا زیاتر لەم بارەیەوە بڵێم، ئەوە نەبێ کە حەفتاکان سەردەمی تەقینەوەیەکی گەورە بوو لە بواری چیرۆکی کوردیدا، پێشم وایە ئەم شوێنەوار و کاریگەرییانە تا ئێستە بە سەر چیرۆک و ڕۆمانی کوردییەوە ماون، من نەمزانوە چیرۆکنووسانی حەفتاکان ڕێکلامی ئەوەیان کردبێ کە "کۆکەرەوەی حەقیقەت"بن، زۆربەی هەرە زۆری ئەزموونەکان بە بەخشش دەزانم، ئەوانیش بڕوایان بە "ڕاستیی ڕەها" نییە، پێم وایە کە نابێ چیرۆکنووسانی داهاتووش کات و وزە و توانای خۆیان لە بەدەستهێنانی "حەقیقەت ڕەها"دا خەرج بکەن، چونکە بێهوودەییی ئەم کارە لە ڕۆشنبیریی جیهانیشدا ساغ بووەتەوە.

* کاتێک بمانەوێ بگەڕێینەوە بۆ حەفتاکانی چیرۆکی کوردی دەبینین وەکو هەبوون چیرۆکمان هەبووە، بەڵام دیدی بیۆگۆافییانەی نووسەرەکان هەردەم هەوڵی سەلماندنەوەی بوونی دەقەکانیان دەدەن، نەک پرسیار، بۆ ئەوەی چیرۆکیش ببێ بە پرسیار لە بەردەم مرۆڤدا، پێویستە ڕەوتەکە چۆن وەربچەرخێت؟

– لەبارەی چیرۆکی حەفتاکانەوە قسەمان کرد، بۆ ئەوەی لە (داهاتوو)یشدا چی بکرێت ببێت بە پرسیار، دەبێ بڵێم: چیرۆکی حەفتاکان لە ڕووی دۆزینەوە و بەکاربردنی تەکنیکە باوەکانی گێڕانەوەی جیهانییەوە، ئەزموونگەلی مەزن و

دەوڵەمەندی خستووەتەوە، کە تا ئێمەیش کاریگەریی بەردەوامی لەسەر داهێنانی دەقی چیرۆکدا هەیە، لە ڕووی (بابەت)یشەوە، ئەگەرچی دروست نییە بابەت و تەکنیک بە جیاواز باس بکرێن، بەڵام هەر لەبەر ئاسانکاریی باس، دەڵێم: لە سەرەتای حەفتاوە، لە دەستهێنانی ئۆتۆنۆمییە کارتۆنییەکەوە، تا ساڵی ١٩٩١ و ڕاپەڕین، کە کورد وەکو (گەل = کۆ) لەژێر مەترسیی بەرنامەیەکی ڕاستەقینەی (پاکتاوی ڕەگەزی)دا بوو، بۆیە چیرۆکی حەفتاکان (چیرۆکی بەرگری) بوو، بەرگری لە نەتەوە و نیشتمان، ئەمەیش تا ٢٠٠٣ بەردەوام بوو، کە ڕێژیمی دیکتاتۆری ڕووخا، ئەو مەترسییە ڕەوایەوە لەلای هەندێک چیرۆکنووس، لە هەندێک شوێن و کات و لەگەڵ هەندێک کەیسدا وەکو خۆی مایەوە و لای هەندێک چیرۆکنووسی دەق پێوەگرتوو، تا ئێستەیش بابەتی هەڵبژاردەیە، بەڵام چیرۆکنووس و شاعیرانی هەستزیندوو، ئەوانەی لە خوێندنەوەی داهاتوودا بەهرە و توانای بەدەستهێنراویان هەیە، هەر زوو، لە دوای ڕاپەڕینەوە پەیان بەوە برد کە پاکتاوی ڕەگەزی لەسەر گەل= کۆ-دا نەماوە و ئیتر ئەدەبی بەرگری لە (کۆ)، ئەو ئەولەویەتەی حەفتا و هەشتاکانی نەماوە، وەکو بابەتی هەڵبژاردەی سەرەکیی، بگرە مەترسییەک لەسەر هەمان ئەو ئاستە کەوتووەتە سەر مرۆڤی (تاک)، تاکێک بەرامبەر بە (کۆ)یەکی خەمسارد لە ئازار و خواستەکانی، لێرەشەوە ئەرکی ئەدەبی کوردی (شیعر و چیرۆک و شانۆ) گۆڕا، واتا لە بەرگریکردن لە (کۆ)وە بوو بە بەرگریکردن لە (تاک). نووسەرانی دێرین، ئەوانەی دوای ڕاپەڕینیش هەستیان بەم گۆڕانکارییە گرینگ و بنەڕەتییە کردووە، ئێستەش لە جێگەی دروستی خۆیاندا کارەکەن، هەندێک لە نووسەرانی ئەو قۆناخەی پێش ڕاپەڕین، هەر بە سروشت (موحافیزکارن) و نەیانتوانی لەو بازنە سیاسییە حزبییە دەربچن، هەندێک لە نووسەرانی نوێیش، هێشتا هەر لە دوای ئەوانەوە دەڕۆن و ناتوانن لە جیهانی سیاسەت، کە بابەتی سەرەکیی دەقی حەفتا و هەشتاکانە، بێنە دەرەوە، هاوکاتیش لە بواری داهێنانی دەقی ئەدەبیی ئینسانییەوە.

بە کورتی و بە کوردی، لە دوای ڕاپەڕینەوە، کە شەڕی نێوخۆ و کردەوەکانی دەسەڵاتی کوردیمان دیت و شاڵاوی پاکتا و ڕاوەستا، بابەتی سیاسی ئەو پرشنگ و شەوقەی لەلای زۆربەی خوێنەرانییەوە کاڵبووەوە و بابەتی مرۆڤیش هێشتا لە ئەدەبی کوردیدا تەواو نەبووەتە جێگەی بایەخی هەندێک لە نووسەران، ئەو

دەقنووسانەی، کە هێشتا بابەتی سیاسیی ڕۆژانە، لە شێوە و شێوازی گوتاری چیرۆک و شیعردا دادەڕێژن، پێش ڕاپەڕین لەبەر نەبوونیی ڕۆژنامە و گۆواری سیاسی پاساویان هەبوو، بەڵام بۆ دۆخی ئێستەی کوردستان ڕێک وەکو ئەوە وایە یەکێک بێ بە کۆتری زاجیلدا نامە بنێرێ.

* ڕوحی مرۆڤ ئاوێنەی خۆیەتی، یان لەنێو مرۆڤدا هەموو ئەو بەشە بچووک بچووکانە هەن، کە بەشی تایبەتی ئەو نین و هیی هەموو مرۆڤایەتین؟ ئاخۆ مرۆڤ بێجگە لە خۆی، نیشتەجێی هەزاران دیاردە و دەنگی کپکراو و بێدەنگی تر نییە، کە سەرچاوەکانیان دەکەونە دەرەوەی خودەوە؟

– مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمپلێکسە، ئەوەی دەری دەخا ڕێژەیەکی ئێجگار کەمە لەوەی کە پێیەتی، کورد گوتەنی: (کەس مرۆی تاقی نەکردووەتەوە).

* ئاخۆ مرۆڤ ئەو کتێبە نییە، کە کۆی مێژووی پێشووی مرۆڤایەتی لەنێویدا نووسراون؟ هەر ئەو جەستەیەی کە ئێمە لەنێو دیوارەکانیدا بەندین بۆ خۆی ئەو جەمسەری لێکچوونە نییە، کە ئێمە بە هەموو ئەوانی ترەوە گرێ دەدا؟

– بەدڵنیاییەوە مرۆڤ کۆی مێژووی مرۆڤایەتییە، بەڵام دیارە کەسانێک هەن، کە لە دەرخستن و شاردنەوەی ڕەگەزەکانی پێکهاتەی خۆیاندا هونەرمەندن.

* کە چیرۆک دەدوێت، چی دەدوێت؟ ئاخۆ خودێکی ناوازە و تایبەتمەند دەدوێت، یان ڕوحی گشتی؟ ئەوە منی مرۆڤەکانە کە قسە دەکات، یان منێکە دەلالەت لە دەنگێک دەکات، کە لەنێو خودی چیرۆکنووسدا نیشتەجێیە و چیرۆکنووسی کردووەتە ناخود؟

– گەمەی (منی چیرۆکنووس) و (منی ئەو و ئەوان)، بە یارییەکی سوودمەند دەزانم، بۆ دەربازبوون لە سانسۆرە یاسایی و ئاینی و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت بۆ پاساوی بەزاندنی سنووری خودیش، نەک لە هەندێک حاڵەتدا داهێنەر شەرم لە گەوهەری ڕاستەقینەی خۆی بکا، داهێنانی ئەم منی چیرۆکنووس و ئەو و ئەوانەش، میکانیزمێکی ترە، کە دەچێتە پاڵ میکانیزمەکانی تری وەک

(بەرگریکردنی زاتی لەخۆکردن)، کە یارمەتیی مرۆڤ دەدا، بۆ ئەوەی ململانێی نێوان (من) و (منی باڵا)ی خۆی پێ تەرازوو بکرێتەوە و لەگەڵ خۆیدا ئاشتی بکاتەوە.

* ئەگەر کەمێک ورد ببینەوە، هەست بەوە دەکەین چیرۆکی حەفتاکانی کورد، بەردەوام تەمێکی بەسەرەوە بووە، بۆ نموونە: لە گەلێک لایەنەوە بارگاوی کراوە بە ئایدیۆلۆجیا، یان فیکری پێشوەخت، دەتوانم بڵێم ئەو (تەم)ەی ئەوسا تا ئێستە لەگەڵ ڕەوتی چیرۆکدایە، بەلام لە هەندێک حاڵەتدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و زمانی شیعریی بە سەر زۆربەی چیرۆکەکاندا زاڵە، ئەمەش بەشێوەیەک لە شێوەکان وەکو (سیحری زمان) خوێنەر فریو دەدا، ئەم ڕوانینە لە بەرامبەر ئەزموونی کام چیرۆکنووسدا کورت دەهێنێ، هاوکاتیش جەز دەکەم بزانم: کامانەن ئەو چیرۆکنووسانەی گۆڕانکاریی بنیاتییان لەنێو پێکهاتەی چیرۆکدا کردووە؟

– پێشتر گوتم کە چیرۆکەکانی حەفتاکان، چیرۆکگەلی سیاسی بوون، چیرۆکی بەرگریکردن بوون (ئەمە بەشێوەیەکی گشتی)، بەرگریی لە مان و بوونی میللەتێک، لە بەرامبەر دڕندەترین و بەهێزترین دیکتاتۆری سەردەم دا، هەڵبەتە لە دۆخێکی وەهاشدا دەقنووس بە زەروورەت پەنا بۆ ڕەمز و ئاماژەی تەنانەت ئێمەی ڕەخنەگریش، پەنامان لە ڕەمز دەخواست، ماوەی نزیکەی ٢٠ ساڵی تەواو لەبارەی تەکنیکی چیرۆکەوە نووسیومە، بەبێ ئەوەی خۆم لە (بابەت)ەکانیان بدەم، ئاخر ئاشکراکردنی بابەتی هەندێک لە چیرۆکەکان، وەکو ئەوە وابوو (ڕاپۆرت)ێک لەسەر هاوڕێ چیرۆکنووسەکان بنووسم، یان بەڵگەنامەیان لەسەر بدەمە دەست دەزگا ئەمنییە بە ناو ڕۆشنبیرییەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆرەوە، بۆیە خۆم لە باسکردنی نێوەڕۆک دەبوارد، کەچی هەندێک نووسەری دۆگما، لەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە نەدەگەیشتن، یان خۆیان لێ هەڵدەکرد و لەنێو کۆڕ و کۆبوونەوە و ئامادەبوون و لە غیابی خۆشم دا بە (بنیاتگەری و لایەنگریی (هونەر بۆ هونەر) تاوانباریان دەکردم، منیش ئەوەم پێ باشتر بوو لەوەی مەبەستم ئاشکرا بکەم: لە کن هەندێک دۆستی جێی متمانە نەبێ جارێک لە جارەکان (عەباس عەسکەر)ی شاعیر، لە

دانیشـتنێکدا بە یەکێک لەوانەی گـوت: زاهیـر بنیـەویە، بەڵام بەبێ ویسـتی خۆی وەکو گوتیشم، زمانی ئەدەبی دەبێ زمانێکی چڕوپڕی شیعریـیان بەکار هێناوە، بگرە هەندێکیـان زیادەنووسـیش دەکـەن لەو کـارەدا، بەتایبـەت ئەو نووسـەرانەی سـەردەمی ڕوانگە و هەندێک لە نووسـەرانی دواتریش، نووسـەرگـەلی وەها لە ئێستەشدا هەن، کە ڕووداو بە قوربانی زمان و وەسفی شیعری دەکەن.

* لە ئێستەدا چیرۆکی کوردی، بەدەر لە گوتنی حەرام و حەڵاڵەکان دەیەوێ چیمان پێ بڵێت؟

– دوای ئەوەی بابەتی سیاسی و ئایدیۆلۆجیی لە سەردەمی نیمچە ئازادیدا، سەرنجێکیشی خۆیان لە دەست دا، چیرۆک و ڕۆمانی کوردیش هێشتا وێڵی دوای بابەتی نوێی سەرنجڕاکێشن، کە من پێم وایە لە کێشەکانی مرۆڤی تاکدا خۆیان دەنوێنن، بەڵام هەڵبەتە هەندێک داهێنەریش هەن، کە قۆناخبڕکێیان پێ ناکرێ.

* داهێنەرانی ئەدەب چۆن خەون لەنێو دەقدا تەوزیف دەکەن؟ پرۆسەی داهێنان تا چ ئاستێک پێویستی بە کۆمەکی خەون هەیە؟

– خەونیش ڕەگەزێکی ئەدەبیی تێدایە، هەرگیز لە خەیاڵ و داڵغەوە دوور نییە، هەر بە کۆمەکی ئەو شێوازەوەیە کە ئەمانەی پێ تەوزیف دەکرێ، خەونیش وەکو خەیاڵ تەوزیف دەکرێ لە دەقدا، بەڵام ئەمیان چەند لە واقیعەوە دوور بێ، ئەوەندە پەسەندترە، دەنا دەست هەڵبەستنی پێوە دیار دەبێت، هاوکات خەونی درێژ و تۆکمە و بە مەنتیق پەسەند نییە، چونکە خەون لە واقیعی خۆیدا کورت و پچڕ پچڕ و برووسکەییە، هەرچەندە ساتێک دەیاخەنێ، کە یەکیەتیی شوێن و زەمەنی تێدا نییە، بەبۆچوونی منیش، ئەو خەونە بۆ بابەتی ئەدەبیی لەبارە کە کار لەسەر ڕەوتی ڕووداوی ڕۆژ دەکات و کارئەکتەر هەڵسوکەتی لەسەر بنیات دەنێت و ڕەوتی بەسەرهات دەگۆڕێ و بەرەو پێشەوەی دەبات، نەک خەونی نوقڵانە و پێشبینیی داهاتوو، وەک لە (لێکدانەوەی خەون)ی پێش فرۆید و پەیدابوونی زانستی دەروونشیکاریدا باو بوو.

* لەو نەوە نوێیەی ئێستەدا، نووسراوەکانی کام لە نووسەران لەلایەن تۆوە سەرنجکێشن؟

– بە حوکمی ئەوەی ئیشی من ئەدەبییە، بۆیە هەموو چیرۆک و ڕۆمانەکانی هەموو نووسەرەکان دەخوێنمەوە، لە وەچەی نوێشدا نووسراوەکانی کاروان عومەر کاکەسوور، عەتا محەمەد، مەریەمی قازی، سەمەد ئەحمەد، یووسف عیزەدین، دانا فایەق، زەینەب یووسفی ماریا ئەحمەد، سالار ئیسماعیل، د. موحسین ئەحمەد عومەر، ڕەحمان مەحموود، محەمەد سەعید زەنگەنە، بەکر دەروێش، سیامەند هادی، هاوکات نووسەرگەلێکی تر دەخوێنمەوە، کە تازە دەستیان بە نووسین کردووە و جیاوازیی بە نووسراوەکانیانەوە دیارە.

* ئەدی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی لە چ ئاستێکدا دەبینیت؟

– لە ئاست ڕەخنەی گەلانی دراوسێدا، ڕەخنەی کوردی ئاستێکی بەرزی هەیە، بەتایبەت لە ڕووی چۆنەتییەوە، بەڵام لە ڕووی چەندیەتییەوە، بەدڵنیاییەوە پێت دەڵێم: لە ئاست ئەو هەموو دەقە داهێنراوانەدا نییە و ناتوانێ هەموویان بەسەر بکاتەوە، ئەگەرچی ڕەخنەگر و لێکۆڵیاری بەرچاویشمان هەن، وەک: عەتا قەرەداغی، ئازاد عەبدولواحید، عومەر مارف بەرزنجی، عەبدوڵا تاهیر بەرزنجەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، محەمەد سەعید حەسەن، د. شاهۆ سەعید، د. عەلی تاهیر حوسێن، د. محەمەد بەکر، د. ئازاد عەبدولواحید کەریم، د. عادل گەرمیانی، نەجم ئەڵوەنی، حوسێن غازی کاکئەمین، جەبار ئەحمەد حوسێن، د. بەڕێز سابیر، سابیر ڕەشید، د. محەمەد ئەحمەد سەعید (کەساس جەباری)، ئیدریس عەبدوڵا مستەفا، سەمەد ئەحمەد خورشید ڕەشید، بوشرا کەسنەزانی، کە پێم وایە بوشرا توانایەکی بە پێزی پێیە، لەگەڵ داوای لێبووردنیشم دا، ئەگەر هاتوو لە زنجیرەی ناوەکاندا هەندێک شتم ڕەچاو نەکردبێ، یان لەبەر پەلە پەلیی هەنێکیانم لە بیر کردبێ، بەڵام دیارە ئەم ژمارە کەمەی ڕەخنەگران فریای هەموو دەقە داهێنراوەکان ناکەون، کە بە لێشاو دەڕژێنە زەریای ئەدەبی کوردییەوە.

* (لێسینگ) ڕوانینی وەهایە: (هەندێک کەس بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ڕەخنە ڕەسەنایەتیی لە مرۆڤدا کاڵ دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر من ڕەسەنایەتی و داهێنانم هەبن، ئەوا لە ڕێگەی ڕەخنەوە بە دەستم هێناون)، ئەم ڕستەیەی لێسینگ لە کوێوە ناکۆک، یان تەبا دەکەوێتەوە لەگەڵ (داهێنەر) و (داهێنان)ی ئەدەبی؟

– لێسینگ ڕاستی گوتووە کە (ڕەسەنایەتی)ی و (داهێنان)ی خۆی لە ڕێگەی ڕەخنەوە بە دەست هێناون.

ئەگەر مەبەستی لێسینگ لە ڕەسەنایەتیی واتا کلاسیکییە باوەکە بێ، کە دەکاتە خۆگونجاندنی (تاکی مرۆڤ) و تواندنەوەی لە فەزای (مرۆگەل)دا، کە لە دنیای سیاسەتدا بە ئینتیمای نەتەوایەتیی، یاخۆ حزبیی، یانیش نیشتمانی تەواو دەبێ، ئەوا گوزارشت لە خۆی دەکا، ڕەسەنایەتی لەم ئاستەیدا خۆبەراوردکردنی (مرۆڤ)ە لەگەڵ (مرۆگەل)دا، یاخۆ وەکی تر بێژم: خۆدیتنەوەی تاکە لە ئاوێنەی کۆمەڵ و سەرئەنجامیش خۆڕاستکردنەوەی تاکە لە چاو دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەیدا بە هەموو دیاردە جیاوازەکانییەوە. دیارە ئەمڕۆ ئەگەر مرۆی تاک ئەمە بکا، ئەوا لەژێر زەبر و دەسەڵاتی (ڕەخنە)دا دەیکات، ئاخر ڕەخنەیش لێرەدا گوزارشت لە دەسەڵات و تینی کۆمەڵ (مرۆگەل) دەکات، یاخۆ ڕاستر بڵێم: ڕۆڵی ویژدان، یا منی باڵای دەستەجەمعی دەگێڕێ بۆ گەمارۆدان و هێنانەوە سەر خەتی (من)ی تاکە داهێنەرەکەی، کە هەموو کات لە هەوڵ و سەرەتاتکێی خۆ ڕزگارکردنە لە بنەما باوەکانی داوونەریت، کە کۆڵەکەی (ڕەسەنایەتی)یە تەقلیدییەکە پێک دەهێنێ.

بەرانبەر بە بۆچوونەکەی لێسینگ، ئەوانەیش هەر ڕاست دەکەن کە پێیان وەهایە: (ڕەخنە ڕەسەنایەتیی داهێنەر کاڵ دەکاتەوە). ئاخر (ڕەسەنایەتی)یەک ئەمان مەبەستیانە کە ڕەسەنایەتییە کلاسیکەکە نییە، بە واتا ئینتیما بۆ کۆمەڵ/مرۆگەل، بگرە مەبەستیان لە (ڕەسەنایەتی مرۆڤە تاکە داهێنەرەکەیە لە ئاست خودی خۆیدا)، واتا لە سەر ئاستی ئینتیما و ڕاستگۆیی خودی مرۆڤی تاک لەگەڵ خۆیدا، نەک لەسەر ئاستیی کۆمەڵایەتیی و ئینتیمای ئەو بۆ نەتەوە و نیشتمان و حیزب و ئایدیۆلۆجیا و، تەنانەت بارە مەوزوعیی و میژووییە باوەکەیش. ئەو داهێنەرانەی کە وەها بیر دەکەنەوە لەگەڵ خودی ڕەخنەدا ناکۆک دەکەنەوە، چونکە ڕەخنە بەردەوام هەوڵی پەلکێشکردنیان دەدا بۆ تەبایی و ئاشتکردنەوەیان لەگەڵ (مرۆگەل–واقیع)دا، ئەویش لەسەر بنەمای خۆ سڕینەوە و، تواندنەوەی تایبەتمەندییەکانی تاک لەنێو (بەرژەوەندییە باڵاکان) و داوونەریت و ڕێورەسمە سوننەتییەکاندا، ڕوونیشە داهێنەرێک کە لە (ڕەسەنایەتیی خودیی) بگەڕێن لەم داخوازییە هەمیشەیییەی ڕەخنە یاخی دەبن.

بۆیە دەڵێم: هەم لێسینگ ڕاست ئێژێ، هەم نەیارانی ڕەخنەیش، بەڵام دیارە هەر لایەنێکیشیان لە سەر دیدی تایبەتییان بۆ چەمکی (ڕەسەنایەتیی) هەڵوێستی تایبەت وەردەگرن. هەر لەم ڕستەیەدا جیاکردنەوەی (ڕەخنەی پراکتیکی) و (ڕەخنەی تیۆری)یش خۆی دەسەپێنێ. ڕەخنەی پراتیک، ڕەخنەیەکە هەڵگری پەیامێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ داهێنەر و دەقە نائامادە و چاوەڕوانکراوەکانی دوور و نزیک، ئەگەرچی لەکاتی ئێستەیدا هەموو کات لە دوای دەقی داهێنراو، دەقی ئامادەی تەواو بووە و دێت و لەنێو بابەتێکی قاڵبگرتووی نەگۆڕدا کاردا، کە هەموو شێوە و شێواز و بنیاتێکی خۆی وەرگرتووە، ئیتر نە داهێنەرەکەی و نە ڕەخنەیش دەسەڵاتی کارکردن و گۆڕینیان هەیە، بۆیە داهێنەرانیش ئەو پەرچەکار، یاخۆ ئەو مەناعەتیان لە دژی ڕەخنەی پراکتیکی لە کن دروست نابێ، کە لەسەر ئاستی دەربڕین و دەسەڵاتی داهێنەر و ڕەسەنایەیی تاکە کەسیی خۆیان بە هەڕەشەی ڕاستەوخۆ تەماشا بکەن. بەپێچەوانەشەوە (ڕەخنەی تیۆری) دەقی تەواوکراوی داهێنراوی کاتی ئێستە پەراوێز دەکات و لەنێو دەقگەلێکدا، کە لە زەمەنی ئێستەدا ئامادە نین، یاخۆ هێشتا دانەهێنراون، موغامەرەیەکی وەهمیی دەکا، کە هیچ دڵنیاییەک نییە لەوەی کە لە پاشەڕۆژێکی دوور، یاخۆ نزیکدا بەرهەم دەهێنرێن. ڕەخنەی تیۆریی، هەردەم خۆی لە شێوەی وەعز و ئامۆژگاریدا دەنوێنێ، بۆیە لە کن داهێنەران جۆرە بەرگری و پەرچەکرداری گەلێکی سلبیی لە دژ دێتەکایەوە و، وەک هەڕەشەیەک لە ئازادی دەربڕین و وەک دەستوەردان تەماشا دەکرێ.

لە دارشتنیشدا هەردەم بە فەرمانەکانی ئەمری وەک: (دەبێت) و (نابێت) و (بکە) و (پێویستە) و... شتگەلێکی تری وەها هەوڵی خۆسەپاندن دەدا، کە بەدڵنیاییەوە دەڵێم: داهێنەری ڕەسەن پێی قبووڵ ناکرێ. ڕەخنەی تیۆری، هەوڵێکە بۆئەوەی داهێنان بخرێتە ژێر نێلەی واقیعی مێژوویی زەمەنی ئایدۆلۆجیایی باو سیاسەتی ڕۆژانەی ئەمڕۆ و، کە بێگومان هیچ داهێنان و داهێنەرێکی ڕەسەن ملی بۆ نادا. من ڕەخنەی پراکتیکی بە (ڕەخنەی ئەدەبی)ی دەزانم و ڕەخنەی تیۆرییش بە (سیاسەتی ئەدەب) دەبینم کە بەنیازی ئاراستەکردن و لە قالبدانی داهێنان و ئافراندن بەرهەم دەهێنرێ، بۆیە هەردەم ڕەخنەی پراکتیکیی دەنووسم و خۆم لە ڕەخنەی تیۆریی بە دوور دەگرم.

لێرەیشەوە دەگەڕێمەوە بۆ سەرەتا و دەڵێم: لێسینگ لەو ڕەخنەیەی کە ڕەسەنایەتی و داهێنانی لە کن دروست کردووە، مەبەستی لە ڕەخنەی پراکتیکی/ ڕەخنەی ئەدەبییە، بەڵام نەیارانی ڕەخنەیش کە دەڵێن ڕەخنە ڕەسەنایەتیی کاڵ دەکاتەوە، مەبەستیان لە ڕەخنەی تیۆرییەکە لە ڕاستیدا سیاسەتی ئەدەبییە، نەک خودی ڕەخنەی ئەدەبی، بۆیە سەرەتایش گوتم: هەردوو لایەنیان ڕاست دەکەن.

* یەکێک لە ڕوانینەکانی (دێرک والکۆت) وەهایە: (ئەدەب دەمی زامێک هەڵدەداتەوە، قووڵتر لەو زامەی مێژوو هەڵدەداتەوە)، ئێمە دەتوانین بەم شێوەیەیش بڵێین: لێکۆڵەر و ڕەخنەگری کوردیی قووڵتر دەچنە نێو پێکهاتەی دەقەکان؟

– من بۆ خۆم وەک ڕاستییەکی ڕەهای مەزوعی لە مێژوو بڕوانم، بگرە وەک (ڕۆمان)ی چینی دەسەڵاتدار دەیخوێنمەوە، چینێک کە ناتوانێ مرۆڤی تاک ببینێ و ڕۆمانێک کە مێگەلە مرۆڤ ڕۆڵی تێدا دەگێڕن. بەپێچەوانەشەوە، ڕۆمان وەک مێژووی تاکەکەسیی تەماشا دەکەم، مێژوویەک کە مێژووی فەرمیی نایخوێنێتەوە و، ڕۆمانی تاکە کەسێک کە ئەو مێژووە فەرامۆشی دەکا. کار ئەکتەرانی مێژوو هەموو کات بەختەوەر و سەرکەوتوون، چونکە مێژوو هەر لەسەر (فس فسپاڵەوان)ەکان دەوەستێ، تەنانەت ئەگەر هەموویان مودەعییش بن، بەڵام کار ئەکتەرانی ڕۆمان ئەو مرۆڤە(تاک)انەن کە مێژوو لە بزاڤی خۆیدا دەیانهاڕێ و لە بیریان دەکا، ئیتر ئەو (تاک)ە سەر بەچی چینێک بێ، گرینگ نییە، گرینگیی تەنیا لە تاکبوونەکەیدا سەرهەڵدەدا، واتا کاتێک بە تەنها لەگەڵ خودی خۆی، یاخود لەگەڵ دەوروبەرە مرۆڤانەکە، یاخۆ لەگەڵ دەوروبەرە سرووشتییەکە، یانیش لەگەڵ هەردوو دەوروبەرەکەدا بە تەنیا ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

لێرەشەوە دەشێت بڵێین مێژوو لەسەر ئاستی ئاوتلاینەکاندا کار دەکات و وردەکارییەکان لە بیر دەکات، یان لە بیریان دەباتەوە، بەڵام ئەدەب و هونەر کار لەسەر ئەو کەرەستە لە بیر کراوانە دەکەن و دەیانبووژێننەوە. پێم وەهایە هەر ئەمەیشە کە بووەتە پاڵنەر تا دێرک و والکۆت بڵێت: "ئەدەب دەمی زامێک هەڵدەداتەوە، قووڵتر لەو زامەی مێژوو هەڵی دەداتەوە". بەڵام من پێم وەهایە کە تەنانەت ئەدەب و هونەر ئاستی (دیاردە)کاندا دەوەستن و لە سنووری (تەوەقوع) و

(ئیحتیمال) پتر ڕۆناچن، بەم شێوەیەش بوارێک بۆ کارکردنی ڕەخنەی ئەدەبیی بەجێ دەهێڵن کە لە (دیاردە)کان تێبپەڕێنێ و بگاتە ئاستی (ڕەگەکان) و دۆزینەوە و پێکەوە دانانی هەموو پارچە ئاشکراو نهێنییەکانی ئەزموونەکە و وێناکردنەوەی لەسەر بنەماگەلێکی ڕاستەقینە، یاخۆ ئەو فەنتازیایەی کە خوێنەر پێی سەرسام و پەسەندیش بێ.

* پێوەندیی نێوان (دەق و چێژ) لەنێو ئەدەبی کوردیدا تا دێ کاڵ و کاڵتر دەبێتەوە تا ئێستەش ئێستگەلێک بۆ ئەم دوو زاراوانە نەکراون لەلایەن ڕەخنەگرانمان- ئەگەر بڕیارە ڕەخنەگرمان هەبێ، بۆ ئەوەی تێکەڵاو ڕەگئاژۆی بخوڵقێنین پێویستە لە کوێوە دەست پێ بکەین؟

– بەپێی ئەزمـوونی خـوێندنەوە و چێـژ وەرگـرتنی خـۆم لە دەق دەتوانم بێـژم: بەتەنیـا ڕەخنە بەس نییـە بۆ پەروەردەکـردنی چێـژ لە کن وەرگـر، بگرە کـارەکـە پێوەندی لەسەر پرۆسـە شارستـانییـەکانەوە هەیـە و، پێم وایە شارسـتانی جیاواز، چێژی جیاوازیشی لێ دەکەوێتەوە. تۆ تـەماشایی ئـەو نوکتانە بـکە کە ئەوروپییەک دەهەژێنن و دەیهـێننە پێکەنین، هاوکات لەگـەڵ ئەو نوکـتـانەدا بەراوردیان بکە کە کـەسـێکی ڕۆهـەڵاتیی پێیـان دەوروژێ، دەبین لە ڕووی شـێـوازی بابەت و زەقیی و کـاڵییـەوە تا چ ئاست و مـەودایەک لە یەکتری جیـاوازن. ئەم ڕوانینەی سـەرەوە بۆ مــوزیک و ئەدەب و هونـەری تەشکیلیش هـەر ڕاســتــە. تۆ بـەراوردێک لە نـێــوان (قـەتار)ێک و ئـەو سیـمـفـۆنیـایـەی ٩ی بتـهـۆڤن بکە، دەبین نـە ئەورووپیـیـەکـە بە قەتارەکە سەرسام دەبێ و، نە ڕۆهـەڵاتییەکەش لە بتهۆڤن تێ دەگا.

* بۆچی ڕەخنەی بەراوردکاریی کاری لەسـەر نەکراوە بەشێوەیەک کە سـەرچاوەمـان لەو بارەیـەوە هـەبێ، لە کاتێکدا دەبوو ئێسـتـا زیاتر لە جـاران بایەخـی پێ درابا، چونکە نا ئامـادەیی لە ڕۆژگـارێکی وەکـو ئەمـڕۆدا هەم (بۆشـایی) و هـەم (قـەیران) و هـەم دەرگەی (داخـسـتنی سـەردەمێک)یشمان بەڕوودا دەکاتەوە.

– ئەدەبی بەراوردکاریش دیسـانەوە پێوەندیی بە تێکەڵیی شارسـتـانییـەوە هـەیە، کورد هێشتا لە قاوغی خۆیدا نەچووەتـە دەرەوە، بەتەواوی بە کولتووری میللەتانی تر ئاشنا نەبووە و دەرگەکانی بەڕوویاندا نەکردوونەتەوە، هەندێکیشـیان هێشتا

نەکراونەتەوە. زمان زانمان کەمن ئەوانەیش کە هەن کەمیان شارەزاییان هەیە، لە بارەی دنیای داهێنانەوە، ئەوانیش بەدەگمەن نەبێ، دەنا نانووسن. لە ڕاستیشدا، ئەدەبی بەراوردکاری کار و ئەرکی زانکۆکانە، بەڵام بەداخەوە زانکۆکانی کوردستان دەرگەیان لەسەر خۆیان داخستووە و نەک لەگەڵ ئەدەب و هونەری جیهاندا، بگرە لەگەڵ کۆمەڵگەی ڕاچەنیوی کوردەوارییشدا پێوەندییەکی ئۆرگانیکییان نەبووە و نییە، بەتایبەت کۆلێجە ئینسانییەکان مەبەستی منن، کە پێم وەهایە لە نێوان کۆمەڵگەی کوردەواریی و ئەوروپاییدا لە مۆڵەقدا کار دەکەن، کارێک کە ژاوەژاوەکەی دەبیستین، بەڵام بەرهەمەکەی ناگاتە چاپ و کتێبخانە و بەر دیدەی خوێنەران.

* شیعر و چیرۆک و ڕۆمان کوردیی، تا چ ئاستێک توانیویانە سوودێکی تەندروست لە ئەدەبیاتی جیهانی وەربگرن و لە بەرژەوەندیی (ئەدەب) و (داهێنان)ی کولتووری کوردییدا بەکاری بهێنن؟

– شیعر و چیرۆک و ڕۆمانی کوردیی، هەردەم لە دوای شیعر و چیرۆک و ڕۆمانی جیهانییەوە بەردەوامیی بە ڕەوتەکانی خۆیان دەدەن، ئەمەیش لەبەر نەبوونی بزاڤێکی ئاکتیڤی وەرگێڕانە، کە بەبێ دوودڵیی دەڵێم خەتای وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستانە، چونکە دەبووایە بە حەقیقەت وەزارەتی ڕۆشنبیریی بووایە نەک وەزارەتی ڕاگەیاندن (وەک لە یاسای وەزارەتەکەدا هاتووە)، کەچی وەزارەت زۆربەی توانای خۆی بۆ ڕاگەیاندن تەرخان کردووە، ئەگەر وەهای نەکردبا، دەیتوانی چەندان لیژنەی وەرگێڕان پێک بهێنێ بۆ وەرگێڕانی گەرماوگەرمی شارەکانی جیهان و بەدواداچوونی ئەدەبی نوێی جیهانی بۆ ئەوەی ڕۆشنبیر و نووسەر و خوێنەرانی کورد چاوەڕوانی وەرگێڕانی ئەو کارانە نەکا، تا بەشێوەیەکی هەڕەمەکیی و لە ڕێگەی زمانەکانی (بۆ نموونە) عەرەبی و فارسی و تورکییەوە بیانگاتێ، هەروەها دەیتوانی لە هەمان ڕێگەوە ئەدەبی کوردییش بناسێنێ، بەڵام هیچ کامێک لەمانەی کە لە سەرەوە تیشکم خستووەتە سەریان، نەیکردن، چونکە لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەودا نەگونجاون.

* لە ئەمڕۆدا شیعر و قسەی ئاسایی تێکچڕژانێکی ڕیشەییان لەخۆ گرتووە، ئەگەرچی ئەم جۆرەی دەقنووسین لە ئەوروپادا ئەزموون

کراوە، بەڵام شاعیرانی ئێمەیش سوودیان لێی وەرگرتووە، ئەم تێکەڵاوبوون و سوودوەرگرتنە تا چ ئاستێک لە خزمەتی ئەدەبی کوردیدا بووە؟

– شیعر بۆ ئەوەی بەردەوام بێ، لە ماوەی پتر لە سەد ساڵی ڕابردوودا زۆر لە شێوە و شێواز و کەرەستە باوەکانی چەند هەزار ساڵەی خۆی لە دەست دا، یاخۆ بەرەو ئاسانکردنەوە لێـژی کردنەوە، بۆیە هیچ بە دووری نازانم کە شیعر لە قۆناخێکدا واز لە (زمانە شیعرییە)کەی خۆی بێنێ و ڕوو لەو (زمانە ڕۆژانە)ییە بکا کە خەڵک دەتوانن چێژی لێ ببینن، ئاخر خوێنەری ئێستە ناچار نییە، هاوکات کاتیش نییە تا بێ هەموو هێما و تەلیسم و ڕازەکانی هزربازیی، بەلاغە مەجاز و ئیستیعارە و چی و چیی تر بکاتەوە، تۆ تەماشای شیعر بکە لە فرەنسا، کە وڵاتی مالارمێ و ڤالێری و بۆدلێر و ڕامبۆ و.. کێ و کێی تریشە، دەبینی پتر لە ٦٠ ملیۆن دانیشتووی هەیە و نزیکەی ٢٠٠ ملیۆن خەڵکی تری فرانکفۆرتیش، زۆربەیشیان خوێندەوارن، هاوکایش خوێنەر، کەچی تیراژی چاپ و ئاستی فرۆشتنی دیوانێکی شیعر لە ١٠٠٠ دانە تێپەڕ ناکات. شاعیرانی تاراوگەنشین، پێویستە پێش شاعیرانی نێو کوردستان هەست بەم ڕاستییانە بکەن و یارمەتیی ئەوانەی نێوەوەیش بدەن لەوەی کە شیعر لەگەڵ ڕەوتی ئەم گۆڕانکارییانەی دنیادا بگونجێن، ئەمەیش دیارە کە بە چەندان ڕێگە دەکرێ، بۆ نموونە وەکو: وەرگێڕانی دەقی نوێ، وەرگێڕانی بابەتی ڕەخنەییی نوێ و، پێشکێشکردنی دەقی نوێی بەرهەمەکانی خۆیان.

* چی لەو واقیعە تاڵە بکەین کە خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن بیگۆڕن؟

– واقیع بەپێی فاکتەر و یاسای خۆی و، ئیقاعی خۆی دەگۆڕێ، بەڵام مرۆڤ/ کەسی تاک دەتوانێ بە خەیاڵ/ فەنتازیا، لێی هەڵبێ، یاخۆ پرۆژەی گۆڕینیشی پێشنیاز بکا، وەک ڕۆشنبیر و داهێنەرانی ڕێنیسانس دەمگەلێک پێش ئێستە کردیان.

* لە ئێستەدا، داهێنان و ڕێکلام هاوئاستن لە خستنەڕووی ئاستی دەق لە کوردستاندا، بەڵام ئەو ڕیکلامەی لێرەدا مەبەستمە دابەش بووە بە سەر خوێنەر و ڕاگەیاندن و دەسەڵاتی سیاسیی حزبەکان،

نووســـەری ئیـــبـداعکار بۆ ئەوەی پردێک دروست بکا بۆ بە یەکـتـر گەیشتنی داهێنان– ڕیکلام، چیی دەبێ بە کۆمەککارێکی تەندروست؟

– دەســـەڵات، هەردەم توانـا و هەلی زۆری هەبووە بۆ کـۆنتـــرۆڵکردنی هێـــزە کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەکان.

تۆ تەماشا بکە؛ چینی کرێکار لە جیهاندا چۆن لە خشـتـە بردرا، ئەوجا وەرە سەر سەندیکا و داوودەزگا ڕۆشنبیریی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و ببینە و بزانە چۆن دەسـەڵات بەشـێوازی تایبەتیی خـۆی نەبێ نـاهێڵێ پەلبـهـاوێژن. بەداخـەوە ڕاگـــەیاندنیش یەکـــێکە لەو بوارانـەی کـــە دەســـەڵات هەمـــوو کـــات لە هەوڵی چەواشـــەکـردن و زەوتکردنی دا لە بۆســـەدا بووە و دەبێ، هاوکـات زۆربەی زۆری کـاتیش لەو هەوڵانەیدا سـەرکـەوتوو بـووە. لێـرەشـەوە دەشێ بڵـێم: ڕاگـەیاندن لە کوردستاندا ڕاگەیاندنێکی نەخۆشە، نەخۆشیی بەو واتایەی کە ئازاد نییە، یاخۆ ئەگـــەر ئازادیشـــە، بـەڵام ئەرکی خـــۆی نەزانیـــوە و نازانێ، یاخـۆ زانیـویەتی و جێبەجێی نەکردووە، ئەمەیش هۆکاری ئەوەیە کە دەست بەسەرە و تەنیا ئەرکی (ڕێکلام)ی پێ سـپێردراوە، ئیـتر ناوێرێ خۆی لە ئیـبداع بدا، ئەو ڕیێکلامـەیش ئاینی بێ، مـەزهـەبیی بێ، یان ئایدیۆلۆجی و حزبیی، هەموویان بۆ دەرخـستنیان ڕێگەیان پێ دراوە، بەڵام ئاشکرایە کە داهێنان/ ئیبداع، لە وەها دۆخێکدا هیچ بوارێکی گەشەکردن و تەنانەت هاوسەنگکردنەوەی تایی ڕێکلامەکەی نابێ.

* ڕەخنەگـرانمان بەدەر لە کـاری خـۆیان (ڕەخنەگـر)یی، هـاوکـات (بەدیلدۆزەرەوە)یشن، پێت وایە ئەم دووانە گـەرەکـیـان بە کـەسی تایبەتمەند و ئەکادیمیست هەبێ؟ کەنگێ دەقی ئەدەبیی (ئەلتەرناتیڤ) دەخوازێ؟

– پێم وایە ڕەخنەگر لە دەرەوەی کاری ڕەخنەییدا کـارێکی تر ناکـا، دەنا دەبێ بەلایەن، کـە بوویش بـەلایەن، ئیـتر مـتـمـانەی لەسـەر نامـێنێ. لە هەمـوو دنیـایی ڕەخنەییـشدا ڕەخنەی ئەکادیمیی پەســەند نییـە، چونکە زۆر لە دوای داهێنانەوە بەدەردەکەوێ.

* ئەو ڕێگایانە کـامـانەن کـە دەبن بە پردی پێـوەندیی قـووڵی نێـوان نووســەر و وەرگر؟ بۆ ئەوەی سـیحرێکی ئاگاییـیانە بچەسـپێنین لە

فیکری خوێنەر، تا تێکەڵبوون هاومەستییەکی ڕەگئاژیی بخوڵقێ، ئەو خاڵە سەرەکییانە چین کە لە وەها کاتێک کۆمەکمان دەکەن؟

– ئەگەر تەنیا ئامۆژگارییەکم بۆ داهێنەران هەبێ، هاوکات ئەگەر ئەوانیش بە دڵێکی فراوان لێم وەربگرن، ئەمەیە: لە کاتی نووسینی دەقێکی ئیبداعیدا هیچ حیسابێک بۆ وەرگر نەکەن. بەواتایەکی تر بێژم: با متمانەیان بە توانای خودی وەرگر هەبێ و ڕێزی خوێنەرانیان بگرن و کارئاسانییان بۆ نەکەن لەسەر حیسابی داهێنان و لاوازکردنی دەق. خوێنەران/ وەرگران هەردەم توانای ئەوەیان هەیە بگەن بە ئاستی چێژوەرگرتن لە دەقێک کە داهێنانی مرۆڤێکی تری وەک خۆیانە، با ئەمڕۆ لەوانیش هەڵکەوتووتربێ لە بوارێکدا.

* (سوهراب) بە هەموو دەقە شیعرییەکانییەوە یەک ڕستەی پێ گوتین: (ئەی مرۆڤ ستایشی ژیان بکە و تا دەتوانی ڕێز لە شتەکان بگرە هەروەها (مەحوی)ش بە هەموو بەیتەکانییەوە ئەو هاوارەی لە دەرونماندا بەجێ هێشت: (بتوێنەوە لە عەشقدا) ئەم ڕستە شیعرییانە چۆن دروست دەبن؟ شیعر لە داهاتوودا دەتوانێ چ ڕستەیەکی تایبەت بە ئێمە بڵێ؟

– مەحوی و سوهراب و گەلێک شاعیری تری خۆمان و بیانییش لە ئەزموونێکی ڕاستەقینەوە و، لە ڕاستگۆیییەکی بێ سنوورەوە گەیشتوونەتە ئەم ڕاستییە شیعرییانەی کە باسیان دەکەی، ئەم مەرجانەیش زۆر گرانین و، خاوەن ئەزمووی ڕەسەن و ڕاستگۆ دەتوانن ڕستەی وەها، تەنانەت مەزنتریش بەرهەم بهێنن، بەمەرجێک بۆ خۆیشیان متمانەی تەواویان پێیان هەبێ، هاوکاتیش لە ڕاستی مومارەسەی واتا قوڵەکانیان بکەن.

* زمان لە گفتوگۆدا کاری گواستنەوەی مەرام و ڕازونیازەکانە، بەڵام لە شیعردا هەندێک ئەرکی ئێستێتیکیی دەقەیشی لە ئەستۆ دەگرێ، تا ئەو ئاستەی بەژداری لە دارشتنی سیستەم و شێوازی (قسەکردن)ی تایبەتییش دەکا لە یادەوری خوێنەردا. ئەم زمانە ڕوون و تۆکمە و قوڵە چۆن دروست دەبێ و بە شێوەیەکیش پەرش دەکرێ بەسەر پانتاییی دەقدا؟

– وەڵامی ئەم پرسیارە هەر بۆخۆی دیدارێکی تری دەوێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێم: زمانی شیعرییش هەر بۆ گواستنەوە و گەیاندنی ڕاز و نیاز و مەرامەکانە، ئەمە وەکو لایەنی ئەرک، بەڵام وەکو لایەنی شێواز، ئەو زمانە توانایەکی شاراوەی زۆر پتری لە خۆدا هەڵگرتووە و بە بەریەوە ماوە.

هاوکات دەتوانین ئەمەیش بڵێین کە مرۆڤ شاعیر بێ یان نەء هێشتا پەی پێ نەبردووە، لە بارەی ئەو پێنەبردنەیش، پێم وایە ئەرکی داهێنەرە کە بەسەر کۆسپەکانی وەکو: شەرم، ترس، ڕاستەوخۆیدا زاڵ ببێ و ئازایەتیی ڕێزمان شکاندن و توانای دووبارە بەکاربردنەوەی کەرەستە باوەکانی هەبێ، ئەمە لە کاتێکدایە کە تێکیان دەشکێنێ.

* تەمومژ و ناڕوونیی لە دەقدا بۆ پێنەگەشتنی زمان و ژیان بینیی شاعیر دەگەڕێتەوە، یاخۆ بۆ قورسیی نێوەڕۆک و بابەت و مانا و ڕەمزەکانی دەقەکە؟

– تەمومژ و ناڕوونی لە دەقدا، لەسەر ئاستی کەس، کات و شوێنیشدا ڕێژەییە، هۆکارەکان زۆرن، هەروەها جۆرەکانیش. ولیەم جۆمبسۆن لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا ٧ جۆری دەستنیشان کردووە، بەپێویستی نازانم دووبارەیان بکەمەوە، بەڵام من بۆ خۆم لە هەر دەقێک تێ نەگەم، ئەوە گومان لە توانای تێگەیشتنی خۆم دەکەم، نەک دەق و داهێنەرەکەی، ئەمەیش هانی خوێندنەوەی پتر و بەردەوامم دەدات، زۆرجاریش دەبێت بەمایەی نووسینە ڕەخنەییەکانم.

* یادەوەری مرۆڤایەتی، بەتایبەت هیی شاعیر، چ پەنجەرەیەک بە ڕووی دەقدا دەکاتەوە؟

– دەق دیاردەیەکی مرۆڤانەیە، هەرچییەکیش لە دەقدا بەرهەمدەهێنرێت، لە یادەوەریی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێ و لە یادەوەری مرۆڤەکانی تریشدا واتایەک بۆ خۆی پەیدا دەکا.

* شیعر، وشیارکەرەوە و ڕۆشنکەرەوە حەسێنەرەوەی دڵ و دەروون و بیر و هۆش و ڕوحیانەتی ئەوی ترە یان ناساندنی بەهرە و توانست و خۆزگە و خەون و مەرامە مرۆڤایەتییەکانی (من)ە بە ئەوانی تر؟

– شیـعر، هەردوو ئەم ئـەرکانە لە پرۆسـەیەکدا جـێبـەجـێ دەکات. لێرەیشـەوە پردێک لە نـێوان (من)ی داهێنەر و ئەو، یـاخـۆ ئەوانی وەرگـردا دروسـت دەبێ بۆ لە یەکتری تێگەیشتن و هاوچێژیی.

* (ناز الملائیکة) لە عـەرەب و (فروخ)یش لە فـارس، توانیـان شـیـعری عەرەبی و فـارسی نشـونمە پـێ بکەن و لە قۆناخـێکەوە بۆ قۆناخـێکی درەوشاوەتر بیانگوازنەوە. بۆچی لەنێو کورددا ئافرەتی شاعیری وەها هەڵنەکـەوت، تا سـەرمەشـقی بزاڤێکی شیـعری گـەورە بکا و ڕەوتی شیعری کوردیی بەرەو لایەکی تری جودا ببا؟

– داخی گرانم، ئافرەت/ ژنانی کورد سـەربەست نین، دەنا هـەمـوو داهێـنانێکی ڕاسـتـەقـینـەی قـووڵ و تۆکـمـە هیی ژنانە، یـاخـۆ لەبـارەی ژنانـەوەیە، یانیش سەرچاوەکەی بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە.

* دوای بڵاوبوونـەوەی کـتـێـبی (شـیـعـرییـەت لە دەرەوەی شـیـعـر) و (چیرۆکی هونەری کورد/ شێوە و شێواز و بنیات)، چ پرۆژەیەکی ترت لە بەردەستدایە؟

– خەریکی نووسینەوەی دوالاپەڕەکانی کتێبێکم لەبارەی ڕۆمانەوە.

* نووسـەر کـاتێک دێت بۆ دنیـا، لەسـەر فـەرگـەلێکدایە، ئاخـۆ تۆ لەو سەفەرەتدا بەکوێ گەیشتووی؟

– هێشتا وام بەڕێوە.

پێڕست

چاخی سەرهەڵدانی نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا ........ 5
لەبارەی دەرباری خوسرەو جاف ........ 12
ڕۆمانی سەرگوزشتەی مێژوویی لە ئەزموونی محەمەد ئوزوندا ........ 75
خوێندنەوەیەک بۆ ئەزموونی ڕۆماننووسیی فەتاح ئەمیری ........ 110
سۆبارتۆ.. لە یادەوەریی حەلیم یووسف– دا ........ 139
ڕۆمانە شیعرییی.. "ئەڤین ئاوی ژیانە"ی مەهاباد قەرەداغی ........ 165
پێشەکی بۆ ڕۆمانی بەهاری ڕەش ........ 182
زمانی لۆکاڵی لە ڕۆمانی کوردیدا ........ 187
هەڵکشان بەرەو لووتکە.. هەڵوێستەیەک ........ 191
گەردەلوولی کانزایی سیناریۆی شەڕێکی پێشبینیکراو لە کەرکووکەوە... ........ 196
شلۆمۆ کوردی و من و ڕۆژگار خوێندنەوەیەکی کوردانە ........ 205
بەفر قارس و پامووک و.. هەڵگەڕانەوەی ئەژدیها ........ 213
جاین ساسۆن.. خۆشەویستی لە وڵاتێکی پەرتکراودا بەسەرهاتی... ........ 225
جاین ساسۆن کچە شازادەکان لە دۆژەی بنەماڵەدا ........ 237
ڕاز.. ڕۆمانێک لە وێرانەخاکی سۆماڵەوە ........ 252
وی هیوی داوایە بۆ دەرچوون لە قۆزاخە داخوازییەک بۆ تێکەڵکێشکردنی... ........ 264
فرەنۆمی یاکۆبیان ڕۆمانێکی سەرنجڕاکێش بەبێ یەکەتیی ڕووداو ........ 279
نامەیەک لەبارەی ڕۆمانێکی "کلۆد سایمۆن"ەوە ........ 291
ئەزموون.... ........ 294